ناصری سوبحانی

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب ( كوردي - عربي - فارسي )
www.iqra.ahlamontada.com

# بەندایەتی

پوختەی ١٣ شریتی بەندایەتی

چاپی دووەم

زنجیرەی بەرهەمەکانی شەهید ناصری سوبحانی ٢

تصوير أبو عبد الرحمن الكردي

# بەندایەتی

## پوختەی ١٣ شریتی بەندایەتی

زنجیرە باسێکە دەربارەی

✿چۆنیەتی بەندایەتیکردن بۆخوا

✿حەقیقەتی یەکتا پەرستی ✿حیکمەتی پەرستشەکان

✿ چەمکێك لە ڕەوشتە سەرەکیەکانی موسوڵمان

مامۆستا

ناصری سوبحانی

چاپی دووەم

١٤٢٧ك - ٢٠٠٦ز

دەزگای (بەرهەم) بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی سوبحانی

dazgayberham@yahoo.com

بسم الله الرحمن الرحيم


- ناوی کتێب: بەندایەتی
- نوسینی: م. ناصری سوبحانی
- ژ. سپاردن: (٤٩٥) ی ٢٠٠٦ ی دراوەتێ
- ساڵی چاپ: ئابی ٢٠٠٦
- نۆبەی چاپ:دووەم
- نرخی کتێب: (٣٠٠٠) دینار


مافی لەچاپدانەوەی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ دەزگای بەرهەم

## پێشەکی چاپی دووەم

پاش سوپاسی بێپایان بۆ خواو درووود بۆ گیانی پێغەمبەری خواو یارانی و شوێن کەوتوانیان:

کاتێ ئەم بەرهەمە کەوتە بەردەستی خوێنەران لە بڕوای کەسدا نەبوو بە دوو مانگ نوسخەی لە بازاڕدا نەمێنێ و هەزار دانەی لەو ماوە کەمەدا ببێتە میوانی خوێنەران.

بەوە دڵنیابووینەوە کە لاوانمان تینووی ئەم بابەتە ئیمانیانەن.. بۆیە یەکسەر چاپی دووەممان کردەوە تا نوسخە بگاتە دەستی تامەزرۆیانی خواناسی و ڕەوشت بەرزی.

ئێستە جێی‌خۆیەتی کە بڵێین: ئەم بەرهەمە لەو بەرهەمانەن کە دەبێ بخوێنرێنەوە. دەبێ ئەوەی نوێمان لەسەر ئەم چەمك و تێگەیشتنانە گۆش بکەین، تا بێ‌ڕەوی بن لە شالاوی بڕوا کزبوون و بیرو بیرۆکە لەدەرەوە هێنراوە چەوتەکان.

ئامۆژگاریمان بۆ خوێنەران ئەوەیە ئەم بەرهەمە لە کەش و هەوایەکی هێمن و ئارامدا بخوێننەوە. ئەگەر بکرێ بە شێوەی خێزانی و دوور لە جەنجاڵ، یا بەشێوەی دەستە جەمی چەند هاوەڵێك، چونکە کاریگەری و بەرەکەتی تایبەتی خۆی دەبێ.

بەهەرحاڵ ئەمە کتێبی موتاڵای سادە نییە. ئەم بەرهەمە پوختەی ئیمان و ئیسلامە، پیاوێکیش وازۆی‌کردووە کە ژیانی هەموو بۆ

خواناسی و خوا ویستی تەرخانکرد. پوختـەی ئـەزموون و تێگەیشـتنی ماموستا ناصری سوبحانی‌یە لە قورئان و ژیاننامەی پێغەمبـەری پێشـەواو یارانی پێشەنگی ..

هیوادارین خوشك و برایانی خوێنەر بە نیازی سوودمەندی بیگـرن بە دەستەوەو، بە گوێی دڵ بەهرە لە گەوهەرەکانی بەرن.

خوێنەرانیش دڵنیا دەکەینەوە کـە ئـەم بەرهەمـە بـۆ چـاپی دووەم بەوردی سەیر کراوەتەوە و هەندێ هەڵەی چاپی و زمانەوانی تێدا چاك کراوە و، هەندێ دەستەواژەو ڕستەی تۆخ کراونەتەوە لەبـەر بایـەخ و گرنگی‌یان.

هەروەها بۆ ئاسانکاریی خوێنـەران و سـوود بینین لـە نـاوەرۆکی کتێـبەکە، بەش بەش کراوەو لە شەش بەشدا پۆلێنی بابەتەکان کـراوەو پێرستی بۆ دانراوە.

خوای گەورە لە خێرو پاداشتی نەبڕاوەی خۆی بێ بەشمان نەکات.

دەزگای بەرهەم

ئابی ٢٠٠٦

## پێشەکی چاپی یەکەم

مامۆستا ناصری سوبحانی یەکێکە لەو زانا و بیریارە هاوچەرخانەی کوردستانی ئێران، کە زۆر دەخایەنێ تا وەك خۆی بناسرێ و، هەلکەوتوویی‌و، ئاستی زانستی‌و، رادەی ئیمانداری و، دلسۆزی ولێبڕانی بۆ ئاین وگەل و ولاتەکەی، وەك پێویست بۆ هەموولا روون بێتەوە.

شەهید سوبحانی هاوشانی زانا هەلکەوتووەکانی سەدە زێڕینەکانی دونیای ئیسلام بوو.لەتێگەیشتنی قورئان و واتاکردنی و سوود لێ وەرگرتنیدا، کەم وێنەبوو. دەتوانین بێ دوو دڵی بلێین لە بواری چوونە ناوەرۆکی چەمکە قورئانیەکان و وەرگرتنی دیلالەتە گەورەکانیدا ــ بەلای کەمەوە لەم سەردەمەدا ــ وێنەی نەبوو.

لە دونیای تێگەیشتن لەزانستە ئیسلامیەکانی ( علوم القران ) و( علوم الحديث )و (اصول الفقه ) دا چەندین داهێنانی گەورەی کرد.

ڕەنگە خوێنەرانێ کە نەیناسن یەکسەر پرسیاری ئەم کەسایەتیە گەورە گومناوە بکەن. بەلام زۆر ئابا باش دەیناسن و بەرهەمە ئایابەکانی دەبینن. ئاخر ئەویش قوربانیەکی تری دونیای بێ‌تازی و بێ ڕەحمی ولاتەکەی خۆی بوو..زۆری تر هەبوون هەروەك ئەو لەهاوچەرخانی، بزرکران، بەلام زۆری ئەبرد تیشکی توانا و

بەھرەکانیان دڕیدا بەتاریکی ناھەقی‌و، باسیان کەوتەوە ناو کۆڕ و کۆمەلاْنو، وەك خۆیان ناسرانەوە.

مامۆستا ناصر ناکریێ لەم پێشەکی‌یە کورتەدا بناسریێ.لێرەدا ئەوەندە بەسە کە بلێین یەکێکە لە سەرکردە کوردەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران دژی ڕژێمی ستەم شاھی، دواتریش یەکێ بووە لە ڕابەر و پێشەنگە ناودارەکانی ڕابوونی ئیسلامی ھاوچەرخ لە کوردستانی ئێران و ئێران بەگشتی.

لەساڵی ١٩٥١ ی زاینیدا لە گوندی (دوریسان) ی نزیك شارۆچکەی (پاوە) ی ھەورامانی ئێران، لەدایك بووە. پاش تەواو کردنی قۆناغی ناوەندی چۆتە خوێندنی فەقێیەتی‌و، لای گەورە زانایانی ئێران خوێندویەتی‌و، ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە.

لەچەند ساڵێکی پێش شۆڕشی ئێرانەوە دەستی داوەتە خەباتی ئیسلامی و بایەخ دان بەقورئانی پیرۆز و زانستە ئیسلامیەکان. لە شۆڕشی گەلانی ئێراندا ــ لەناوچەکەی خۆیدا ــ ڕۆڵی سەرکردەیی‌و پێشڕەویی بینیوە. لە سەرەتای شۆڕشی ئێراندا چەندین جار سەردانی سەرکردەکانی ئێرانی کردووەو، داواوگلەیی و گازەندەی خەلکی کوردستانی ئێرانی گەیاندووە پێیان. ھاوکارێکی دڵسۆزی مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە ــ کەسایەتی ناوداری ئێران ــ بووە.

چەند جارێك سەردانی دەرەوەی ئێرانی كردووەو، دیدارو ڕاگۆڕینەوەی لەگەڵ گەورە ناودارانی ڕابوونی ئیسلامیی هاوچەرخ هەبووە. چەندین بەرهەمی زانستی نوسراوی هەیە، بە سەدان كاسێتی بە هەر سێ زمانی كوردیو فارسیو عەرەبی، لەدوای خۆی بەجێ هێشتووە. لەچەندین گۆڤاری ئیسلامیدا بەناوی خوازراوەوە بابەتی بڵاو كردۆتەوە. بابەتە زانستیەكانی لە ئاستێكی ئەكادیمیی زۆر بەرزدان. لەبەر هەلومەرجی سیاسی تایبەتی ناوخۆی ئێران، نەتوانراوە تا ئێستە بەرەمی بەرهەمەكانی بڵاوبینەوە، بەلام لە زۆربەی ماڵ و مەدرەسەو ناوەندە ئیسلامیەكاندا، سوودیان لێ دەبینرێ.

## پوختەیەك لەكەسێتی مامۆستا ناصری سوبحانی

مامۆستا ناصر مرۆڤێكی هیممەت بەرزو گەورە بوو. لەسەر خۆو ئارام و بێ دەنگ بوو. بێدەنگیەكەی گوزارشتی لەدەرون بەرزیوەدەوڵەمەندی فكری دەكرد. وردبوونەوەی زۆر بوو. هێزی عیبرەت وەرگرتن وهەڵهێنجانی لەدەق و ڕووداوەكان كەم وێنە بوو.. زۆر سوور بوو لەسەر ڕێز گرتن لە كاتی‌خۆی وكاتی دۆستانی..نوێژەكانی زۆر بە (خشوع) و ملكەچی‌یەوە دەكرد.لە نزاو پاڕانەوەكانیدا نمونەی بڕوادارێكی بەمتمانە بوو. لە گەشت‌و سەیران‌و سەفەرەكانیدا لە هەموو دیمەن و دیاردەو حاڵەتێك پەندو عیبرەتی دەردەهێنا.. زۆر حەزی لەئەدەب وشیعری بەهێزی شاعیران بوو. لەقورئان خوێندندا زۆر ملكەچی و تێڕامانی هەبوو، بە مەبەستی بیر كردنەوە لەئایەتەكان زۆر دەوەستا. لە شەوو ڕۆژدا چەندین جار دەچووە خزمەتی قورئان. دەفتەرێكی لەلا بوو سەرنج وتێبینی و (خواطر) ی خۆی تۆمار دەكرد..

لەڕووی جەستەییەوە لاواز بوو، ٤٨ تا ٥٠ كیلۆ كێشی هەبوو، زۆر كەمی دەخوارد وحەزی لەخواردەمەنی‌یە كوردەواری‌یەكان بوو، هەمیشە جل وبەرگی كوردی لەبەر دەكرد، هەرگیز جل وبەرگی گرانبەهای لەبەر نەدەكرد.زستانان پەستەكێكی بێ قۆڵی لەبەر دەكرد..

زۆرکەم دەنووست. قەناعەتی وابوو کە مرۆڤی بانگخوازو زاناو بەرپرسان نابێ بەزۆر خەو بە خۆیان بێنن. کاتی رۆژانەو هەفتانەی بە بەرنامە بوو. زۆر دژی کات بەفیرۆدان بوو.پرۆژەی نوسین وتوێژینەوەی زۆری لە زیهندا بوو. نوسین و یاداشتەکانی زۆر وردو ئەکادیمی و زانستی بوون. خەتێکی زۆر جوان و نایابی هەبوو. بە بەڵگەوە راو بۆچوونی خۆی دەردەبری. زۆر پشتی بە قورئان دەبەست بۆ بەڵگە هێنانەوە، هێزو توانایەکی کەم وێنەی هەبوو لەدەرهێنانی بەڵگەو ئەحکام دیاری کردندا.

لە کاتەکانی پێش بانگدا لەحالەتەکانی (فجر) و (زوال) و (غروب) و (شفق) ورد دەبۆوە.بڕوای وا بوو حیکمەتی دیاری کردنی نوێژەکان لەو کاتانەدا دەبێ رەچاوبکرێ بە وردبوونەوە لە لەحزەی یەکەمی کاتی نوێژ، قەناعەتی وابوو کە بۆ یاد کەوتنەوەی (تحول) و گۆڕانکاریی گەورەی بوونەوەر (واتە هاتنی رۆژی دوایی) یە.

بەڕێزمامۆستا ناصر زەوقێکی جەمالیی کەم وێنەی هەبوو. حەزی لـە ئـاوازی خـۆش بـوو.بۆخـۆی شـیعر و(تواشـیح)ی بـەئاوازەوە تۆمـارکردووە و لـەکاسێتدا پارێزراون. هەروەها زۆر حەزی لـە گـوڵ و زینەتی سادەی بێ مسرەفی ناو ماڵ بوو. پاك وخاوێنی زۆر مەبەست بوو. لە خوێندنەوەی کتێب و بابەتە زانستیەکاندا زۆر خێرا بـوو، لـە

ساتێکی زۆر کورتدا چەند لاپەڕەیەکی دەخوێندەوە، لەگەڵ ئەوەش دا هەموو ناوەڕۆکی ئەو بابەتەی لەبەر نەکرد.

مامۆستا زۆر سەر قاڵ بوو لەگەڵ قورئانـدا. زۆربـەی چـەمك و تێگەیشتنەکانی لەوەوە وەردەگـرت. فـەرموودەکانی پێغەمبـەری (ﷺ) بەروونکـەرەوەی قورئـان دەزانـی، زۆربـەی کتێبـی (امهـات) وسەرچـاوەکانی خوێنـدبووەوە. خـۆی بـە (مُجتهـد) و خـاوەن (رأي) دەزانی. زۆر بە متمانە بەخۆ و بە جورئەتـەوە بۆچـوون و ڕەئیـەکانی خۆی ئاراستە دەکرد.

مامۆستای ڕەحمەتی زۆر لە سەرخۆ قسەی دەکرد، دەنگی نزم بوو، زۆر بە ئارامی دەچووە ڕێوە، بەڕاستی میصداقی ئایەتی﴿الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْنًا﴾ بوو، بەچوار مشقی دادەنیشت، زۆرجار بەسەر خوێندنەوەی کتێبەوە خەوی لێ دەکەوت، هەرگیز توڕە نەدەبوو، مەگەر کاتێ نافەرمانی‌یەکی ڕەچاوبکردایە. توڕەیی دەخواردەوە.

لە ڕووی مەسەلەی نەتەوەیی‌یەوە هەڵوێستێکی جوانی دەکرد لە نێوان کێشەی نەتەوەیی وچەمکە ئیسلامی‌یەکاندا، زۆر بەپەرۆش بوو بۆ کێشەی کوردی ئێران. ستەمەکانی هەڵەبجەو ئەنفال و ئاوارەیی زۆر هەژاندی، بابەتی زۆر کاریگەریی نووسی سەبارەت بە کیمیابارانی هەڵەبجە. نامەیەکی ئاراستەی پێغەمبەران (علیهم السلام) کردووە بە عەرەبی بە ناونیشانی (رسالة آلام من أرض بلايا الى معشر الانبياء) کە

تێیدا سکالاَی گەلی کورد بۆ گرۆی پێغەمبەران و سەرقافڵەیان پێغەمبەری ئیسلام محمد ﷺ بەرز دەکاتەوە.

لەژیانیدا کەسایەتی گەورەو ناوداری ئیسلامیی زۆری دیوە، لەوانە: (شەهید عبداللە عزام، عمر تلمسانی، حامد ابو النصر، عدنان التمیمی، کمال السنانیری، اسامة تکریتی، عادل شویخ، نعمان السامرائی، د.علی قەرەداغی، مامۆستا صلاح الدین محمد بهاءالدین ومحمد احمد الراشد) و زۆرێکی تر لە سەرکردەکانی ڕەوتی ئیسلامی لە کوردستان.

مامۆستای ڕەحمەتی هەرگیز سوێندی نەدەخوارد، زۆر بڕواشی بە کەسێك نەدەکرد کە سوێندی زۆر بخوا. بە موبالەغە کردن و قسەی زۆری بێ سوودو کات بە فیڕۆدان بێزار دەبوو. زۆر حەزی لە ڕێکخستنی کات و بەرنامەڕێژیی هەبوو.

مامۆستا ڕێزی بەرامبەرەکانی زۆر دەگرت، حەزی نەدەکرد تەنانەت نەیارەکانیشی تەریق بکاتەوە. هەندێ گفتوگۆ و حیوار و موناقەشەی لەگەڵ چەپەکانی ئێران دا هەیە کەنمونەی (منطق) داری وبەهێزیی بەڵگە و جوانی شێوازی مامەڵە کردن و بەرامبەر خوێندنەوە و دایەلۆگە.. لەگەڵ هاوسەری ومناڵەکانیدا زۆر نەرم و نیان و میهرەبان بوو. لەکاروباری ماڵەوەدا یارمەتیەکی زۆری خێزانی دەدا.لەگەڵ مناڵان یاری دەکرد.لەکاتی وانە وتنەوەدا مناڵە

بچکولەکەی لە کۆشی یا لەسەر ڕانی دادەنا.لەگەڵ خزمانی هاوسەریدا زۆر بەڕێز بوو. لەگەڵ هاوەڵانی زۆر (متواضع) و ڕەوشت بەرز بوو، ڕێزی دەگرتن، گوێی لێ دەگرتن، بەنەرمی پێشنیاری خۆی و ئامۆژگاریەکانی ئاراستە دەکرد. هەر ڕاو بۆچوونێکی بەرامبەری بەدڵ نەبوایە بەنەرمی وەڵامی دەدایەوە.

لەژیانیدا سێ جار سەفەری کردووە بۆ دەرەوەی ئێران، دووجار بۆ پاکستان و نزیکەی ساڵێك ماوەتەوە.جارێکیش بۆ تورکیا بۆ بەشداریی کۆنگرەیەك کە تایبەت کرا بەکێشەی کورد و تیایدا لەلایەن چەند کەسایەتیەکی ئیسلامخوازی کوردستانەوە، بڕیاری دامەزراندنی ڕێکخراوی (رابیطە ی ئیسلامی کورد) درا، کە لە ساڵی ١٩٨٨ی زایینی لە ئەستەمبوڵ بەسترا.

ئەوە گۆشەیەك بوو لە پێناسەی کەسێتی مامۆستا سوبحانی. دیارە باشترین ڕێگەو هۆکار بۆ زیاتر ناسینی ئەو کەسایەتیە لەڕووی فکری یەوە، یا لە ڕووی بەرزی پلەی ئیمانی و دەرخستنی ڕادەی دەوڵەمەندی هزر و بیریەوە، یا لە ڕووی خەستیو فراوانی بۆچونەکانی یەوە، ئەو بەرهەمانەن کە هەندێکیان دەست نووسن و هەندێکی تریان لە کاسێتی تۆمارکراودان..[1]

---

[1] ئەم پوختەیە لە کتێبی ژیاننامەی (ئەحمەدی ئازادی بیورا ، مامۆستا ناصری سوبحانی) وەرگیراوە . لە ئامادەکردنی دەزگای بەرهەم .

## سەبارەت بەم بەرهەمە

ئەم بەرهەمەی لەبەر دەستی خوێنەری بەڕێزدایە لە ئەسڵدا بابەتێکی فکری و پەروەردەیی‌یە کە مامۆستا ناصر لە سێزدە کاسێتدا تۆماری‌کردوون و بە (شریتەکانی بەندایەتی ) ناسراون.

ڕاستی‌یەك هەیە زۆر پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێ بکرێ،کە ئەم بەرهەمە پاش هەوڵ و ماندوبونێکی زۆر لەلایەن چەند براو دۆستێکی مامۆستای شەهیدەوە دوای چەندین قۆناغ کەوتە ئەم قاڵبە کۆتایی‌یەی:

- سەرەتا کاسێتەکان نوسرانەوە.
- پاشان نوسراوەکە بەراورد کرا لەگەڵ کاسێتەکە.
- دواتر لەلایەن کەسێکی دۆست و نزیکی مامۆستاوە کاری داڕشتن و شەن و کەوکردنی وشەو دەستەواژەکانی تێدا کرا.
- پاشان چەند جارێك خوێنرایەوە و بەراورد کرا لەگەڵ ئەسڵەکە.
- ناونیشان بۆ تەوەرەو بابەتەکان دانران .

لەگەڵ هەموو ئەو کارە ، هەوڵ دراوە کە بەهیچ جۆرێك دەسکاری ناوەڕۆك و، تەنانەت زۆربەی ڕستەکان نەکرێ، بەڵکو تەنها ڕستەی دوبارە و، زۆرجار وشەی (مترادفات) و هەندێ وشەی زیاد لابرێ .

بۆیە لەوە زیاتر دەستکاریی نەکراوە تا تایبەتمەندی خۆی لەدەست نەدات .

## لەکۆتاییدا

داوا لە هەموو خوێنەرێکی بەرێز دەکەین کە ئەم نوسراوە بسپێریّ بە کەسانی ترو، بانگەشەی خوێندنەوەی یا گوێگرتن لە ئەسڵی شریتەکان بکات ، چونکە بابەتێکی پەروەردەیی و فکریی گرنگە و، بە دڵنیایی کاریگەری خۆی لەسەر هەموو خوێنەر و بیسەرێك هەیەو ، بۆ دارشتنەوەی کەسیەتی (فکری) و(سلوکی) هەر بڕوادارێك پێویستە.

بە هیوای بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی تری مامۆستای شەهید .

**دەزگای بەرهەم**

**بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی سوبحانی**

dazgayberham@yahoo.com

## سەبارەت بەم بەرهەمە

ئەم بەرهەمەی لەبەر دەستی خوێنەری بەڕێزدایە لە ئەسڵدا بابەتێکی فکری و پەروەردەیی‌یە کە مامۆستا ناصر لە سێزدە کاسێتدا تۆماری‌کردوون و بە (شریتەکانی بەندایەتی ) ناسراون.

ڕاستی‌یەك هەیە زۆر پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێ بکرێ،کە ئەم بەرهەمە پاش هەوڵ و ماندوبونێکی زۆر لەلایەن چەند براو دۆستێکی مامۆستای شەهیدەوە دوای چەندین قۆناغ کەوتە ئەم قاڵبە کۆتایی‌یەی:

- سەرەتا کاسێتەکان نوسرانەوە.
- پاشان نوسراوەکە بەراورد کرا لەگەڵ کاسێتەکە.
- دواتر لەلایەن کەسێکی دۆست و نزیکی مامۆستاوە کاری داڕشتن و شەن و کەوکردنی وشەو دەستەواژەکانی تێدا کرا.
- پاشان چەند جارێك خوێنرایەوە و بەراورد کرا لەگەڵ ئەسڵەکە.
- ناونیشان بۆ تەوەرەو بابەتەکان دانران .

لەگەڵ هەموو ئەو کارە ، هەوڵ دراوە کە بەهیچ جۆرێك دەسکاری ناوەڕۆك و، تەنانەت زۆربەی ڕستەکان نەکرێ، بەڵکو تەنها ڕستەی دوبارە و، زۆرجار وشەی (مترادفات) و هەندێ وشەی زیاد لابرێ .

بۆیە لەوە زیاتر دەستکاریی نەکراوە تا تایبەتمەندی خۆی لەدەست نەدات .

## لەکۆتاییدا

داوا لە هەموو خوێنەرێکی بەڕێز دەکەین کە ئەم نوسراوە بسپێرێ بە کەسانی ترو، بانگەشەی خوێندنەوەی یا گوێگرتن لە ئەسڵی شریتەکان بکات ، چونکە بابەتێکی پەروەردەیی و فکریی گرنگە و، بە دڵنیایی کاریگەری خۆی لەسەر هەموو خوێنەر و بیسەرێك هەیە ، بۆ دارشتنەوەی کەسێتی (فکری) و(سلوکی) هەر بڕوادارێك پێویستە.

بە هیوای بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی تری مامۆستای شەهید .

دەزگای بەرهەم

بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی سوبحانی

dazgayberham@yahoo.com

# پێشەکی

الحمد لله رب العالمين ، وصلوات الله وبركاته على عبده ەلوسـرو محمد وعلى آله أجمعين. رَبِ أدْخلْنِي مُدخَلَ صِدقٍ وأخْـرِجْنِي مُخـرَج صدقٍ واجْعَلْ لِي مِنْ لدُنْكَ سُلْطانا نَصيرا.

هەموومان دەزانین خوای (متعال) بۆ بەنـدەیی و عیـادەت خـەلقی کردووین . بەندەییش بەوە ئەکرێ ئینسان پەیڕەوی بەرنامەیەك بێت کە خوای (متعال) بۆی داناوە، ئەو بەرنامەیەی لە کتێبەکەیدا ناردوویەتی . دیارە کتێبەکەی خوا ـ یانی قورئان ـ بە زمانی عەرەبی‌یەو هەموو کەس ناتوانێ عەرەبی فێربێ ، تاخۆی بتوانێ لەو کتێبە حالّی بێ و سـوودی لێ وەرگرێ .. لەبەرئەوە واجبە لەسەر ئەوانـەی توانایـان هەیـە فێـری زمانی عەرەبی ببن ، دوای ئـەوە وایـان لـێ هـات کـە لـە بەرنامـەی کتێبەکە حالّی بوون، وەری گێـڕن و بیگەیـەنن بەخـەلکی تـر ، بـەو کەسانەی ناتوانن خۆیان بۆ خۆیان لە قورئان ئیستفادە بکەن .

جا بەم بۆنەوە خۆمان بەمەسئول دەزانین ـ لە حەدێکا کـە توانامـان هەیە ـ ئەوەی پێویستە بۆ هەر ئینسانێ بیەوێ ڕێگـەی بەنـدەیی خـوا بگرێ ، ڕوونی بکەینەوە ، بۆ ئەوکەسانەی بڕوایان هەیە کە ئەم قسانە لەڕووی دڵسۆزی‌یەوە ئەکەین، ڕێگای خـۆش بـەختی‌یان بـۆ ڕۆشـن ئەکەینەوە . ئەوەی لازمە لەڕێگەی بەندەییا بیزانن ، تا بتوانن بەوجۆرە

کە پێویستەو لای خوا قبوڵە، ڕێگەی بەندەیی بگرن . تا بەئیزنی خوا ئێمەش وئەوانیش بەهرەمەندو خۆشبەختی دنیاو ئاخیرەت ببین .

هەوڵیش ئەدەین – بەئیزنی خوا– ئەم باسانە بە زمانێکی سادەبن، بۆ ئەوەی کە نەخوێندەواران لێی حاڵی بن . بۆ زۆرێکیش لە خوێندەواران هەر لازمە ئاگایان لێ بێ، کەسانێك کە بۆیان نەکراوە ڕێیان بکەوێت لە ئاوەها شتانێك .

هەر لەئێستاشەوە داوا ئەکەین لە هەرموسڵمانێك بڕوای بە دڵسۆزی ئێمە هەیە، بڕوای بەوە هەیە کە قەسدمان خۆشبەختیوسەربەرزی ئەو کەسانەیە کە ئەم قسانمیان بۆ ئەکەین ، ئەوانیش بەپێی توانای خۆیان هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی بە خەڵکی ڕاگەیەنن . ئەگەر هەر موسڵمانێك توانای ببێ بەلای کەمەوە (١٠) نەفەر تێ بگەیەنێت لەم باسانەی لێرە ئەکرێن، کارێکی زۆر گەورە ئەکرێت و خزمەتێك ئەکرێ بەخەڵك کە جەزای گەورەی ئەبێ .

# بەشی یەکەم

## چۆنیەتی بەندایەتی بۆ خواو مانای ڕاستەقینەی ئیسلام

- بەندەیی ، یا بەندایەتی بۆ خوا یانی چی؟
- واتای ئیسلام
- واتای تەواوی بەندایەتی
- هۆی گومڕایی ئینسان
- خۆشبەختی و بەدبەختی ڕاستە قینە
- ژیانی بەرزەخ
- واتای( پەروەردەکردن) و چۆنیەتیەکەی
- واتای ڕەحمەت و پەروەرشیاریی خوا

**بەندەیی ، یا بەندایەتی بۆ خوا یانی چی ؟**

بەندەیی بۆ خوا ئەوەیە لەژیانتا بە جۆرێك بیت خوای (متعال) لێت داوا ئەکات . ئەو ئەفەرموێت : ئەبێ بڕوات بەچی بێ ؟ بڕوات بەوە بێ . ئەبێ بزانی کەچی هەیە؟ چی نیە؟ ئەوەبزانی . ئەبێ چی بکەی ؟ ئاوا بکەی . ئەبێ چی نەکەی؟ ئاوانەکەی...

ئەگەر ئینسان لەژیانیا ئاوابووکە خوا ئەفەرموێ، ئەوەی ئەو لێی داوا دەکات لەژیانا، ئەوەی کرد، ئەوە بەندەیی خوای کردووە . ئەگەر خیلافی ئەوەی کرد، یالە هەموو ژیانیا ئاوا نەبوو کە خوا لێی داوا دەکات، یالە بەعزێکیا وا بوو، لە بەعزێکیا وا نەبوو، ئەوە ئەوە نیە کە خوا لێی داوا دەکاتو بەندەیی خوای نەکردووە ولێی قبوڵ ناکرێ . ئەگەرکەسێك پێش ئەوە هەل وفرسەتی لە دەست دەرچێ لەمە ئاگادار بوو، ئەبێ چارەی خۆی بکاو بگەڕێتەوەو تۆبە بکا ، بڕیار بدا لەسەر ئەوەی لەهەموو ژیانیدا گوێ بەفەرمانی خوا بێ ، بزانێ چی لێ داوا دەکا بەو جۆرە بێتو ئاوا بکا .

بەندەیی خوا وایە ئینسان پێش هەموو شت ئەوە بزانێ کە لە ژیانیا هەمیشە نیازمەندە بەخوایەك کە خاوەنیەتی . بۆ هەر هەنگاوێ لەژیانیدا هەڵێ دەگرێ، نیازی بەو هەیەو دەبێ شتانێك لەلایەن خواوە بۆی ئامادە بکرێنو لە بەردەستیا قەرار بدرێن .. هەروەها لەهەر

هەنگاوێکدا هەڵی دەگرێ ، کۆسپوگرفتێکی زۆر سەر ڕێگەی گرتووە، ئەگەر خوا لەسەر ڕێی لایان نەبا ناتوانێ هەنگاوێ بنێ.

کەوا بوو هەم لە ئامادەکردنی ئەو شتانەی پێویستێ بۆی، نیازی هەیە بەخوا، هەم لەلابردنی ئەو کۆسپو مانعانەی لەسەر ڕێگەیدان نیازی هەیە بەو.. جا کاتێ خۆی ئاوەها دەناسێ، دەزانێ ئاوەها مەخلوقێکە هەمیشە نیازی هەیە خوا شتانێکی بۆ ئامادە بکاو کۆسپ لەسەر ڕێی لابا، ئیتر خوای خۆیشی بەو جۆرە دەناسێ .. ئەمە لەبارەی خواوە یەکەم شتێکە دەبێ بیزانێ . وەختێ ئەمانەی زانی نەتیجە ئەوە دەبێ هەموو گیانی پڕبێ لە ئومێدو مەیلو ڕەغبەت بۆلای خوای (متعال)و هەر ئومێدی بەو بێت ..

دوای ئەوە دەبێ ئینسان بیری ئەوەش بکاتەوە کە خوا هیچ شتێك بەبێ حیکمەت ئەنجام نادات، کارێکی بێ هوودە ناکات، هەرشتێك دەیکات لەبەر حیکمەتێکەو فائیدەیەکی تیایە، بە تایبەت لەگەڵ ئینسانا ، هەرکارێك بۆ ئینسانی دەکا، هەرشتێك لە ئینسان داوای دەکا کە بیکا، یاهەر شتێ بۆی ئەنجام دەدا، حەتمەن یا بۆ ئەوەیە سوودێك بەئینسان بگەیەنێت، یا زیانو زەرەرێکی لێ دوورخاتەوە .

دەی لەبەرئەوەی خوا کاری بێ هوودە و نابەجێ ناکا، هەرشتێ بکا بەجێیەو حیکمەتی تیایە، ناکرێ ئەو هەموو شتانەی ئینسان نیازی پێی هەیە بۆی ئامادە بکا و ئەو هەموو کۆسپە لەسەر ڕێگەی لابات، بێ

ئەوەی هیچ حیکمەتێك لەمەدا بینێت ، بێ ئەوەی قەرار بێ ئینسان وەزیفەیەك ئەدا بكا، مەسئولیەتێك بگرێتە ئەستۆی خۆی . شتی وا نابێت ، حەتمەن شتێکیشی لێ داوا ئەکا . لێی داوا دەکا ڕێیەك بگرێتە بەر کە خۆی بۆی دیاری دەکا، بۆ ئەوەی بگا بەسەرئەنجامێك کە ئەویش هەرخۆی بۆی دیاری کردووە .

ئەگەر بیەوێ لەو شتانە کەڵك وەرگرێ، بەڵام وا نەبێ خوا دەیەوێ ، وابزانێ لە دەستی دەردەچێتەو، خوا لەدواییدا موحاکەمەی ناکاو لێی ناپرسێتەوە کە چیت کردو چیت نەکرد؟ ئەمە وا نیە . خوا هەر وەك ئەو شتانەی بۆ ڕێك خستووە و ئەو موشکیلاتو کۆسپانەی لەسەر ڕێ لابردووە، هەروایش دەسەڵاتی تەواوی بەسەریەوە هەیە ، ئینسان لەدەستی دەرناچێ وحەتمەن لەدوا ڕۆژا لێی دەپرسێ کە من ئەو هەموو نیعمەتەم لە ئیختیاری تۆدا قەراردا، ئەو هەموو گرفت وکۆسپانەم لەسەر ڕێت لابرد، بۆ شتێك بوو، وەرە بزانم ئەوەی من لێم داواکردی ئەنجامت دا؟ کردت یان نا؟؟

دەی کاتێ ئینسان بیری لە ئەمە دەکاتەوە کە خوا بێ هوودە هیچ شتێك ناکات، کەوا بوو حەتمەن لێی دەپرسێتەوەو موحاکەمەی دەکات لەسەر ئەوەی بۆی کردووە .

لێرەدا شتێکی تریش ئەزانێ، ئەویش ئەوەیە خوای گەورە مالیکو ساحێبی ڕۆژێکە کە تیایدا لە ئینسان ئەپرسێ، موحاکەمەی دەکا،

ئەیکێشێتە دادگا، لێی داوا دەکات کە جوابی ئەوە بداتەوە چی کردووەو چی نەکردووە لەژیانیا؟ ئەوهەموو نیعمەتونیمکاناتەی بۆئامادە کردووە . ئەو هەمووکۆسپومانعانەی لەسەر ڕێی لابردووە .. ئەبێ جواب بداتەوە کە ئەمانەی بۆ کراوە، کەڵکی دروستی لێ وەرگرتوون یان نا ؟ دیارە بەپێی ئەوەی وا کردوویەتی جەزاو پاداشتی ئەدانەوەو ئەیگەیەنێ بەسەرەنجامو عاقیبەتێ کە حەتمەن تووشی ئەبێت و لێی ڕزگاری نابێ .

ئەگەر ئاوا ژیانی بەسەر بردبێت کە خوا لێی داوا کردووە، پاداشتێکی ئەدرێتەوە گونجاو بێت لەگەڵ ئەو ژیانەی بەسەری بردوە .. ئەگەر بەجۆرێکی تر ژیانی بەسەر بردبێ، نە بەو جۆرەیخوا لێی داوا کردووە، ئەویش سزایەکی وای پێ ئەدرێتەوە گونجاو بێت لەگەڵ ئەو ژیانەی کە بردوویەتە سەر.

جا، کاتێ ئینسان زانی کە سەرەنجامو دوارۆژی لەدەست خوادایەو لەدەستی دەرناچێ، ئیز هەموو گیانی ، هەموو وجوودی، ئەبێ پڕبێ لە ترسو ئیحساسی مەسئولیەت .. یانی ئەوەی بۆ دروست ببێ کە لەبەردەم خوادا لێپرسراویی هەیە، حەتمەن ئەبێ جوابی ئەوە بداتەوە کە چۆن ژیانی بەسەر بردووە، چۆن ئیستفادەی کردووە لەو ئیمکاناتەو نیعمەتانە، چیکردووە وچی نەکردووە؟ وەختێك ئەزانێ ڕۆژێك دێتە پێشەوە ئەکەوێتە بەر ئەو موحاکەمەو لێپرسینەوانە ، زۆر ڕۆشنە ئینسان

ئەگەر کەمێك بۆ خۆی دڵی بسوتێ ، بەتەواوی لە غەفڵەتا نەبێت، کەمێك هۆشی بەخۆیەوە بێ، ترس‌ولەرز هەموو گیانی داگیر دەکا، بەجۆرێك ئیتر حازر نابێت کاریێ بکا لەورۆژەداو لەو مەحکەمەیەدا بەسەرشۆڕیو ڕووڕەشی دەربێت‌و، تووشی بەدبەختی‌و عەزابی ئەبەدی ببێ . بۆیە کاریێ ئەکاو هەوڵ ئەدا بۆئەوەی بەڕووی سووروو بەسەربەرزی لە موحاکەمەو لێپرسینەوەکە دەربێت و، خۆشبەختی ئەبەدیی دەست کەوێت ..

کاتێ ئینسان خوای گەورەی ناوا ناسی، هەموو گیانی پڕبوو لە (ئومێد)و (ترس)، ئالێرەدا ئینسان هیچ ڕێیەك لەبەر پێی خۆیا نابینێ ، مەگەر ئەوەی لەگەڵ خوای خۆی پەیمانی بەندەیی ببەستێ، بڕیاربداو بڵێ : خوایە، من نیازم بە هەرچی هەیە، بۆت ئامادەکردووم، هەر کۆسپ‌وگرفتێك کە بێتە سەر ڕێم، دەتوانی لای ببەی‌وکارێکت کردووە لابچێ ، وا ڕێکت خستووە لەسەر ڕێم لاچێ، ئەیشزانم لەدوایدا لێپرسینەوە هەیە، دادگاو مەحکەمەیەك هەیەو لەدەست دەرناچم ، دەی ئەوا من بەڵێن‌و پەیمان ئەدەم بەتۆ کە تۆ چۆن ئەفەرمووی ئاوابم . دیارە خوای گەورەش هەر فەرمانێکی پێ ئەدا بۆ ئەوە پێی ئەدا لەو ئیمکانات‌و نیعمەتانە چاك ودروست کەڵك وەرگرێت ، بەو جۆرە خوا لێی داوا ئەکا ئاوا کەلکیان لێ وەرگری، دیارە سوودەکەشی هەر بۆ خۆی ئەگەڕێتەوە، ئەگەر نا، خۆ خوا

نەسودێکی دەست نەکەوێ بەوەی ئینسان بەندەیی بکا، نەتووشی زیانو زەرەرێك نەبێت بەوەی ئینسان لەرێی بەندەیی لابدا.. خوا فەرمانی پێ ئەدا ئاوا کەلَك وەرگرە لەو نیعمەتو ئیمکاناتە. ئاوا مەکە. ئاوابکە .وا بەوئاوامەبە .

بەندەیی‌و عیبادەت ئەمەیە ئینسان پەیمان ببەستێ لەگەڵ خاوەنەکەی خۆی : هەرچی تۆ ئەفەرمووی من ئاوا دەکەم. ئەفەرمووی عەقیدەو بروات ئاوا بێ ،وا ئەبم، بزانە ئەوە هەیە، ئەزانم. بزانە ئەوە نیە، ئەزانم کە نیە . ئەفەرموی: ئەوە بکە، ئەیکەم . ئەفەرموی: ئەوە مەکە، ئەوە ناکەم . ئاوەها عەهد و پەیمانی بەندەیی‌ئەبەستێ ..

جالێرەدا موسڵمان ئەوەیش ئەزانێ کە بەندەیی و عیبادەت کردن بۆ خوا، هەروەك هەرئیش‌و کارێکی تر، هەر تەنها بەکۆمەکی خوا رێك ئەکەوێ، ئینسان ناتوانێ یەك هەنگاویش هەڵگرێ بەبێ ئەوەی خوا کۆمەکی بکا .

دەی لەبەرئەوەی ئەمە ئەزانێ ، ئەزانێ ئەگەر خوا کۆمەکی نەکا یەك هەنگاویش ناتوانێ هەڵگرێ، هەر لەوکاتەدا پەیمانی بەندەیی ئەدا بەخوا، لێشی داوا ئەکا کۆمەکی بکا، بۆ ئەوەی بتوانێ لەرێگەی بەندایەتیدا هەنگاو هەڵگرێ .کە عەرزی خاوەنەکەی خۆی ئەکا خوایە من ئەوە لەمەولا حازرم تۆچی ئەفەرمووی ئاوابکەم؟! بەلاَم ئەشزانم کە ناتوانم یەك هەنگاویش هەڵگرم بەبێ کۆمەکی خۆت، جا ئەمەوێ

خۆت کۆمەکم بکەیت و هەرچییەك کە پێویستە بۆ ئەوەی بەندەیی بکەم، بۆم ئامادەبکە . هەر کۆسپ‌و مانعێکیش دێتە سەرە ڕێم و ناهێڵێ بەندەیی بکەم، لەسەر ڕێم لای بە . ئەوا من ئەوەی لە دەستمایە ئەوەیە پەیمان بدەم و عەزم بکەم لەسەرئەوە ، جا دوای ئەوە ئیتر هیچ نازانم و بەدەستی تۆیە، ئەگەر کۆمەکم بکەیت ئەتوانم، ئەگەر کۆمەکم نەکەیت ناتوانم. جاداوات لێ ئەکەم کۆمەکم بکەیت ... ئا ئەمە ئەبێتە کورتەیەك لەوەی ئینسان لەژیانیا لەو ڕۆژەوە بالغ ئەبێ، بەعەقڵەوە لەگەڵیایەتی تا ڕۆژێ لە دنیا ئەڕوا . پوختەوکورتەی ژیانی ئینسان – ئینسانێ ئەیەوێ بەندەی خوابێ – ئائەمەیە کە وتمان . خوای وا بناسێ کە وتمان، دەروونی پڕبێ لە ئومێدو ترس . دوای ئەوە (پەیمانی بەندەیی) لەگەڵ خوای خۆی ببەستێ ، بیکاتە پشت‌و پەنای خۆی، (داوای کۆمەك)ی لێ بکا، بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو ڕێی بەندەیی یە بگرێتە بەرو پیایا بچێ .

جا ئەگەر ئینسان ئاوای لێ هات ئیتر ئەو ئافەت‌و دەردانەی ڕوونەکەنە ئینسان، ئەو خەتەرو بەلایانەی کە گرفتاریان ئەبێت و پێیان لەبەین ئەچێت، هەموو تیا ئەچن‌و لێی دوور ئەکەونەوەو، سەلامەتی بۆ پەیدا ئەبێت . هەر لەبەرئەوەیشە بەو بەرنامەیەی ئینسان بۆ بەندەیی کردنی خوا قبوولی ئەکات‌و، ئەو ڕێگەیەی کە ئەیگرێتە بەر بۆ لای خوای گەورە، ئەوترێت (ئیسلام).

## واتای ڕاستەقینەی ئیسلام

ئیسلام یانی ئەوەی ئینسان خۆی لەو نافەت و بەلایانە ـ کە ئەگەر بێنە سەر ڕێی لەبەینی ئەبەن ـ سالم کات و ڕزگار کات . نافەتەکانیش بەم جۆرەن :

ئینسان ئەگەر وای زانی کەسێکی تریش – هەروەك خوا – ئەتوانێت شتێك لەوانەی ئینسان نیازی پێەتی ئامادەی بکات بۆی و، سودێکی پێ بگەیەنێت ، یا ئەتوانێ کۆسپێك لەسەر ڕێیدا لابات و زیان و زەرەرێکی لێ دوور خاتەوە، ئەگەر وای زانی ، ئەوە تووشی نافەتێك بووە نابوودی ئەکات . ئەگەر وای زانی غەیری خوا کەسێکی تریش دەسەڵاتی بەسەریەوە هەیە و، ئەتوانێ تەئسیر بکا، ئەتوانێ سەرەنجام عاقیبەتی بەجۆرێك بگرێتە ژێر دەستی خۆی وبیگۆڕێ بەلایەکا، ئەگەر وای زانی و ترسی ئەو کەسە کەوتە دڵی، ئەوە تووشی نافەتێك بووە کە لەبەینی دەبا.

بەشوێن ئەم نافەتانەدا نافەتی تریش دێن، چونکە کاتێك ئینسان وای زانی کەسێکی تر غەیری خوا ئەتوانێ سودێکی پێ بگەیەنێ، یا زەرەرێکی لێ دوور خاتەوە، پاشان ئومێدی پێ پەیدا کرد، یا وایزانی دەتوانێ لە عاقیبەت و سەرەنجامی ئینسانا دەخالەت بکا، نافەتێکی تریش ـ هەروەك ئەمانە گەورە ـ ڕووی تێ ئەکا، ئەویش ئەوەیە کە حازر ئەبێ (فەرمانی غەیری خوا)ش لە ژیانەدا قبوڵ بکا، هەروەك

لەبەعزێك لەژیانیا، یا لە گۆشەیەك ، یالە چەند گۆشەیەك لەژیانیا، بەندەیی بۆخوا نەکا، هەروایش مەجبوور نەبێت بۆ غەیری خوایش بەندەیی بکا و، لەهەندێ شتا فەرمانی غەیری خوایش وەرگرێ .

دەی ئەمەیش ئافەتێکی ترە کە ئینسانی پێ نابورد نەبێت و بەدبەختی دونیاو ئاخیرەت نەبێت، دیارە کاتێ وای زانی غەیری خوا کەسی تریش نەتوانێ نەفعێکی پێ بگەیەنێ و، بەشێك لەوانەی نیازی پێیەتی بۆی ئامادەبکا، یا ئەتوانێ کۆسپو مانعێك لەسەر رێی لابباو، زیانو زەرەرێکی لێ دوورخاتەوە، زۆر رۆشنە لەناوا وەزعێکا، (داوای کۆمەك لەغەیری خوا) ئەکا وغەیری خوا ئەکات بەفەریادرەسی خۆی . ئەمەیش ئافەتێکی ترە هەر وەك ئافەتەکانی تر، ئینسانی پێ لەبەین ئەچێت و، بەدبەختی ئەکا .

ئەمانە هەندێ لەو ئافەتانەن کە لە ژیانـدا روو ئەکەنە ئینسان . ئەڵبەتە ئافەتی زاهیری هەن روونەکەنە لاشەی ئینسان ـ ئەو جۆرە ئەخۆشیانەی ئەیان ناسین ـ ئەوانە لەچاو ئەم ئافەتانەی کە وتمان هیچ نین و چارەسەرکردنیان زۆر ئاسانە .

کەواتە ئیسلام ئەوەیە ئینسان خۆی سالم بکا، خۆی رزگار بکا لەو ئافەتانە . موسڵمانێتی ئابەمە ئەوترێ .کەسێك پێی ئەوترێ موسڵمانو (مُسْلِم) ناوای کردبێ لەخۆی، یانی: ئەمەی زانیبێ هەر خوا ئەتوانێ سرود بگەیەنێ بەبەندەی خۆی و، ئەوەی پێویستیەتی بۆی ئامادەبکا ،

هەر خواش ئەتوانێ کۆسپو گرفت لەسەر ڕێی لابیا ، هەروەکو دەسەڵاتی بەسەریەوە هەیەو ئەتوانێ بەهەر لایەکا بیەوێ بیبا . ئەوکاتە هەر ئومێدی بەو بێ، هەر ترسی لەو بێ، پەیمانی بەندەیی لەگەڵ ئەو ببەستێ ، قەولی پێ بدا ئەوەی ئەو داوای ئەکا لە ژیانیا ئەوە بکا . بۆ ئەوەش بتوانێ ئەمە بکا، داوای یارمەتی لێ بکا ، بۆ ئەوەی بتوانێ بەو ڕێگەیەدا بڕوا.

ئەگەر کەسێك ناوا بوو ئەوە پێی ئەوترێ (موسڵمان)، ئەو ڕێو ڕەوشتەش گرتوویەتە بەر پێی ئەوترێ (ئیسلام) و موسڵمانی . بەڵام ئەگەر یەکێك لەو ئافەتانە کە باسمان کردن تووشی هات، ئەوە ئەگەر چی ناویشی موسڵمان بێتو بوترێ ئەمە ئەهلی ئیسلامەو موسڵمانە ، هیچ نیە . چونکە هیچ کەڵکێکی پێ ناگەیەنێ، نەلە دونیا ، نەلە ئاخیرەتدا .

**بەندایەتی بۆخوا مەسەلەیەکی چارەنوس سازە:**

هەرکات ئینسان ڕووی کردە بەرنامەی خواو کتێبەکەی خواو ڕێگای بەندەیی خۆی ناسی، ئەوە شتێکی سادەو چکۆلە نیە تا هەروا بە ئاسانی بڵێ ئەتوانم خۆمی لێ لادەم و خەریکی نەبم ، قابیلە چی ئەبێ؟! وەك شتێکی دنیایی، لەو جۆرانەی ئینسان ئەتوانێ دەستبەرداریان بێ و چاویان لێ بپۆشێ ، یا ئەگەر زیان و زەرەرێکی پێ نەگا ئەڵێ ئەتوانم تەحەمولی بکەم و نایەوێ خۆم تووشی دەردەسەری

بکەم . ئەگەر شتێك ئاوا بوایە، ئەگرا کەسێك زۆرموبالاتی پـێ نـەکاو گوێی پێ نەداو ڕێگای بەندەیی نەگرێتە بەر. بەڵام (خۆشـبەختی دنیـاو ئاخیرەت) و (بەدبەختی دنیا و ئـاخیرەت) لەسـەر ڕێـی ئیمـاندا بـەم مەسەلەیەوە بەستراوە . ئەگەر ڕێگای بەنـدەیی نەگرێتـە بـەرو بەنـدەی خوا نەبێ، لەدنیا و ئاخیرەتا خۆشبـەخت نەبێ . ئەگـەر ئـەوە نـەکات لەدنیاو ئاخیرەتا بەدبەخت نەبێ.. دەی کاتێك ئاوایە ئیتر وەك ئەو شـتە دونیاییانە نیـە ، ئینسـان سـادە بتـوانێ ڕووبـەڕوویان بێتـەوە، بتوانـێ لەسوودەکانی چاوپۆشـی بکـا وگـەرەکی نـەبێ، یـا وابزانـێ نـەتوانێ تەحەمولی زیانو زەرەرێك کە لـەو ڕێگایـەوە تووشـی ئـەبێت بیکـا . ئەگەر وەك تیجارەتێـك ، وەك صـەنعەتێك ، وەك جوتیارییـەك، وەك یـەکێك لـەو کـارە دونیاییانـە بوایـە ، بەهـەر حـاڵ ئـەگرا ئینسـان ئەهەمیەتی پێ نـەدا ، خـەریکی شـتێکی تربێـت ، پـەیڕەوی هـەوەس و ئارەزووی خۆی بێت، هەرچی پێی خۆشە بیکاو بڵێ من ئێسـتا خـۆش ڕائەبوێرم ، ئەوەی هەوەسـم لـێم داوا ئـەکا ئـەوە ئەکـەم ،ئـەوەی وا لەدەستم دەرئەچێ یـا دەرچـێ زۆر گـرنگ نیـە، یـا ئـەو ئەخۆشـی و دەردەسەرییە کە دێتەسەر ڕێم، بابێت بۆم، زۆر قورس وگـەورە نیـەو ئەتوانم خۆمی لێ ڕزگار کەم، یاهەرچی بێت زۆر دەوامـی نابێـت هـەر ڕزگار ئەبم لێی...

وەختێ مەسەلەکە پەیوەندی بە خۆشبەختی دنیا و ئاخیرەتەوە یا بەدبەختی دونیاو ئاخیرەتەوە هەیە، ئیتر ئینسانێك ئەگەر کەمێك دڵسۆزی خۆی بێ، تۆزێ هۆشی بەخۆیەوە بێ، هەرگیز ئیجازە بەخۆی نادات هەروا سادەبێ، بێ موبالات ڕووبەڕووی ئەم مەسەلەیە بێتەوە، وەك مەسەلەیەکی دونیایی وکارو ئیشێکی دونیایی لەگەڵی بەرخورد بکا.

کە وابوو ئینسان چارەیەکی نیە غەیری ئەوەی ڕووبکاتە (کتیبەکەی خوا)، بەرنامەی ژیانی خۆی لێ وەرگرێ ، بۆ ئەوەی لەژیانیا بەندە بێت . هەڵبەتە بەندەیش بەو مانایە نیە کە لە ناو خەڵکا مەشهورە، وا ئەزانن نوێژێك بکاو ڕۆژوویەك بگرێ وحەجێك بکا، شتانێك لەم جۆرە ئیشانە بکا ئیتر کافیەو، لەباقی ژیانیداو،کارەکانی تری ژیانیدا، هەرچۆنێ کە خۆی پێی خۆشە، یا فەرمانبەردارو پەیڕەوی هەر قانوونێ بەرنامەیەکی تری غەیری بەرنامەی خوا بێ، ئیتر لێی وەرنەگیرێ .

## واتای تەواوی بەندایەتی

بەندایەتی ئەوەیە ئینسان لە هەموو ژیانیدا، چ لە ژیانی شەخسی خۆی، یا لەژیانی خێزانیدا، چ لەناو کۆمەڵدا، چ لە مەجالی سیاسەتدا، چ لەمەیدانی ئابوری وکەسبو کاردا، لە هەر شتێکا ، وا بجوڵێ خوا لێی داوا ئەکا .

وەختێك بەڕاستی بەندەی خوا ئەبێ ، کە لەهەموو ژیانیا فەرمانبەردارو گوێڕایەڵی خوا بێ، ئەگەر نا، لە بەشێك لەژیانیا گوێڕایەڵی فەرمانی خوا بوو، لەبەشێکی تردا بەمەیلی خۆی، یا بەپێی قانوونو بەرنامەی غەیری خوا جووڵا، ئەوە لێی قبووڵ ناکرێت ، بەبەندەی خوا حیساب ناکرێ ..

ئینسان لەگەڵ خوادا ئەبێ پەیوەندی بەم جۆرە بێ : لەگەڵ خۆی هەندێ مەسئولیەت وئەرك هەن، لەگەڵ خانەوادەی، لەگەڵ خەڵك، لەگەڵ رژێمێك کە حکومەت ئەکا، لەگەڵ ئەو نیعمەتو ئیمکاناتەی خوا لەبەردەستیا قەراری داون .. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئینسان سەرو کاری هەیە، بۆ هەرکام لەمانە هەندێك دەستورو فەرمانی لە لایەن خواوە بۆ هاتووە ، ئەبێ لە هەموویاندا پەیڕەوەی خوا بێت، تەنها لەو کاتەدا ئەبێتە بەندەی خوا.. ئەگەر نا ، بەبەندەی خوا حسێب ناکرێ، خۆشبەختی دنیاو ئاخیرەتی دەست ناکەوێ . بە پێچەوانەوە تووشی بەدبەختی دونیاوئاخیرەت ئەبێ ..

لەبەرئەوە کاتێ بۆ نمونە خەریکی تیجارەت نەبێ . تەنها هەدەفی ئەوە نیە سەروەت‌و مالی زۆر بێ ، هەمیشە لەبیری ئەوەدا ئەبێ خوا چی پێ خۆشە ئاوا بکاو چی پێ ناخۆشە ئاوا نەکا .

دەی ئائەوە تیجارەتێکە لەعەینی ئەوەدا مالی پێ کەسب ئەکرێ ، سوودی پێ دەست ئەخرێ، لە هەمان کاتدا بەندەیی خوای گەورەشە ، خوای گەورە وا لە ئینسان ڕازی ئەبێ‌و لێی خوش ئەبێ .

ئەوەش پێویستە بزانرێت عیبادەت کردن بۆ خوا بەو مانایە نیە ئینسان دەست لە ژیان‌و لە کەلك وەرگرتن لەم نیعمەت‌و نیمکاناتە بکێشێ‌و، تەرکی ژیان بکاو، بڕوا لەگوشەیەکا هەر خەریکی نوێژ کردن و ڕۆژووگرتن‌و ئەو جۆرە شتانە بێت، هەروەك لەپێشا وتمان، بەڵکو بەندەیی ئەوەیە ئینسان لەو ئیمکانات‌و نیعمەتانەی خوا بۆی داناوە ئیستفادە بکا، بەڵام نەك بەو جورە هەوەس و ئارەزوی خۆی پێی ئەڵێت، بەڵکو بەو جۆرەی خوا بۆی دیاری کردووە، سود وەرگرێ لەو نیعمەت‌و ئیمکاناتە .. ئەوە ئەبێ بەبەندەیی وعیبادەت ..

بۆنمونە : بازرگانێك ئەتوانێ تیجارەت بکاو بەندەی خوایش بێ . هەروەك ئەتوانێ تیجارەت بکا و پێچەوانەیی بەندەیی خواش بکا، بەندەیی بۆ هەوەس‌و ئارەزوی خۆی بکا ، بۆ شەیتانی‌بکا ، ئەگەر ئەو تاجرە لەتیجارەتەکەیا ، لە کڕین‌و فرۆشتن‌و مامەڵەکانیا ، هەمیشە لەبیری ئەوەدا بوو‌خوا چی پێ خۆشە ئەوە بکا ، چی پێ ناخۆشە ئەوە

نەکات ، ئەگەر ئاوا بوو ئەوە بەندەی خوایە، لەهەمان کاتـدا خەریکـە تیجارەتیش ئەکاتو سوودیشی دەسـت ئەکـەوێت و ماڵەکەشـی زۆر ئەبێت .. بەو مەبەستەوە تیجارەت ئەکا کە وەزیفەیەکە و مەسـئولەتێك جێ بەجێ ئەکا، کـە هـەر کەسـێك لـەژیانیا بـەپێی توانایـەك هەیـەتی خەریکی ئیشو کاریکە.

ئەکرێ ئەو تاجیرەگوێی لەوە ئەبێ کە چی دروستە؟ چی نادروستە؟ خوا چی پێ خۆشە، چی پێ ناخۆشە؟ ئەکرێ هۆشـی بـەلای ئەمانـەوە ئەبێ و گـوێی لەمانـە نـەبێ و، هـەر بـیری بـەلای ئـەوەدا بـێ لـەچ ڕێگایەکەوە زۆرتری دەسـت ئەکـەوێ، چـی بکـا سـەروەتی زیـاتری دەست ئەکەوێ؟ ئەگەر لەدزی کردندا، لەسوو و ڕیبا خواردندا ، لـە خیانەت کردن لەماڵی ئـەم و ئـەودا ، لـە هـەزاران شـتی تـری وەك ئەمانەیشـەوە دەستی کەوێت، ئەو ئامادەیە ئەوانە بکا بۆئەوەی سەروەت و ماڵەکەی زۆر بێت، چونکە ئامانجی ئەو تەنها ئەوەیە سەروەتو ماڵی زۆر بێت .

دەی خۆ ئەمیش هەروەك ئەو تیجارەت ئەکا، بەڵام چونکە هـەدەفی تەنها سەروەتو ماڵەو، هەدەفی ئەوە نیـە کـە مەسـئولیەتێ جێـەجێ بکا، ئەمەیان هەر هەنگاوێ لـە تیجارەتەکـەیا هـەڵی ئـەگرێت، ئەبێتـە سـەبەبی ئەوەی زیـاتر خـوا لێـی بڕەنجـێو، غـەزەبی لێ بگـرێ، هـەر هەنگاوێ هەڵی ئەگرێ لە خوا دوورترو دوور تری ئەخاتەوەو، ئەبێتـە

سەبەبی ئەوەی لەدنیاو ئاخیرەتا تووشی بەدبەختی ببێ .. دەی ئەوەتا هەردووکیشیان خەریکی تیجارەتن، یەکێکیان بەتیجارەتەکە بەندەیی بۆ خوا ئەکا، یەکێکیان گوناه ئەکاو خیلافی رێگای بەندەیی ئەڕوات . یەکەمیان کە بەندەیی ئەکا، کەسبی ماڵو سەروەتەکە نابێتە هەدەف بۆی، بە جۆرێك ئەرکو مەسئولیەتێك ئەدا ئەکا، جا لەبەر ئەوە کە مەسئولیەت ئەدا ئەکا ئیتر هەمیشە لەبیری ئەوەدایە خوا چی پێ خۆشە لەتیجارەتەکەیدا ئەوە بکا ، چی پێ خۆش نیە نەیکا . دووەمیشیان هەدەفی تەنیاو تەنیا ماڵو سەروەتەکەیە، ئیتر بیری بەلای ئەوەوە نیە چی دروستەو چی نادروستە، خوا چی پێ خۆشەو چی پێ ناخۆشە . بۆیە تیجارەتەکەی ئەبێتە خیلافی بەندەیی‌و ئەبێتە گوناهو نافەرمانی .

هەموو شتێکی تریش هەر وایە . لە کیشاوەرزی (کشت وکاڵ) دا، لەپیشەسازیدا، لەحەیوانداریدا، لەهەر شتێکا، ئەکرێ ئینسان بەو ئیش‌و کارەی بەندەیی بکا بۆ خوا، ئەشکرێ خیلافی بەندەییش بکا. دکتۆرێك (پزیشکێك) خەریکە پزیشکی ئەکا، ئەگەر هەدەفی ئەوە بێت بە موعالەجەکردنی نەخۆشان، پوڵو پارەی زیاتری دەست بکەوێت ، ئیتر چاوی لەمەنەبێ و بیری بەلای ئەوەوە نەبێت ، ئەیێ چی بکا خوا پێی خۆشە، لەچی دووری بکا کە خوا پێی ناخۆشە، ئەوە بە پزیشکیەکەی گوناه ئەکاو لەخوا دوورئەکەوێتەوە، ئەو ئیش‌و کارەی ئەبێتە سەبەبی ئەوەی تووشی بەدبەختی دنیاو ئاخیرەت ببێت .

بـەلام ئەگـەر پزیشـكێك لـە ئـیش‌و كارەكـەیا هـەدەفی ئـەوە بـوو مەسئولیەت‌و وەزیفە جێبەجێ بكا، هەدەفی ئەوە بوو ئەویش وەك هـەر ئینسـانێكی تـری بەنـدەی خـوا مەسـئولیەتێك ئـەدا بكـا، خزمـەتێك بەخەڵك بكا، لەبەر ئەوە ئیتر بیری بەلای بەرنامەی خـواوە بـوو، چـی خوا پێی خۆشە ئەوەی ئەكرد، چی پێ ناخۆشە لەوە دووریی ئـەكرد، ئەوە ئەو پزیشكە بەو پزیشكیەی كە ئەیكا خەریكی بەندەیی كردنە .

هەروەك چۆن نوێژەكەی ئەكا خەریكـە بەنـدەیی وعیبـادەت ئـەكا، هەرواش وەختێك خەریكی موعالـەجەی ئەخۆشێكە، خەریكە بەنـدەیی خوا ئەكا . هەروەها هەر ئیش‌وكارێكی تر لە ژیانـدا، ئـەكرێ ئینسـان بەندەیی پێ بكا و، ئەشكرێ خیلافی بەندەیی پێ بكا .

بەم جۆرە ڕۆشن ئەبێتەوە بەندەیی شتێك نیـە تایبـەتی بـەعزێك لـە ئـیش‌و كارەكـانی ژیـانی ئینسـان بـێ‌و، تـەنها گۆشـەیەك یـان چـەند گۆشەیەك لەژیانی ئینسان پڕكاتەوەو، ئیتر لایەنەكانی‌تر فەرامۆش بكا .

## هۆی گومڕایی ئینسان

**بۆ چی ئینسان لە ڕێی بەندەیی لادەدات؟**

لێرەدا جێی ئەوەیە ئینسان لە خۆی بپرسێ یالە کەسێکیتر: کاتێ سەرئەنجامی بەندەیی کردنو بەندەیی نەکردن ئاوایە ( یا بەدبەختی دونیاو ئاخیرەت، یا خۆشبەختی هەردووکیان)، ئیتر بۆچی ئینسان ئەبێ بێ موبالاتی بکاو گوێ بەمە نەداو، ئاوەها خۆی تووشی بەدبەختی دونیاو ئاخیرەت بکاو، لەخۆشبەختی دونیا خۆی مەحروم بکات؟!

چی ئەبێتە هۆی ئەوەی ئینسان وا بکا؟ بەڕاستی جێی سەرسوڕمانە کاتێ ئینسان ئەمە ئەزانێ ، لەگەڵ ئەوەیشا ئەو ڕێیە ناگرێتە بەر، بەپێی هەوەس و ئارەزووی خۆی و بەپێی ئەوە ئەڕۆی کە شەیتان پێی ئەڵێ، بەو ڕێگایەدا ئەڕوا شەیتان بۆی دیار ئەکات .. وەڵامی ئەم پرسیارە بەکورتی ئەمەیە :

خۆشویستنی ژیانی دونیاو هەڵبژاردنی ژیانی دونیا، ئەبێتە هۆی هەرچی گومڕاییەو لە ڕێگەی خوا لادانو هەرچی بەدبەختییە .

ئەگەر ئینسان ژیانی دونیای کرد بەهەدەف بۆ خۆی، هەوڵی هەر بۆ ئەوە بوو ژیانی دونیای دەست کەوێ، ئەوە ئیتر حەتمەن تەنها بەرەوعەزابەو بەدبەختی ئەبەدیی ئەڕوا. تەنها لە کاتێکا ئینسان تووشی بەدبەختی دونیاو ئاخیرەت نابێ، کە ژیانی دونیای ئەبێتە هەدەفو

نەبێتە مەبەستی، لە جیاتی ئەوەی هەوڵی بۆ دەست خستنی ژیانی دونیای بێت، تێکۆشێ بۆ ئەوەی خوایێ خۆشە .

جا ئەمەی کەئەیلێین ، مانای ئەوە نیە ئینسان ئەگەر بیەوێ بەدبەخت نەبێ وخۆش بەخت بێ ،نەبێ ژیانی دونیا تەرك کاو لەو ئیمکانات‌و نیعمەتانەی خوا خەلقی کردوون ئیستفادە نەکا، نەخێر. لەبەرابەری ژیانی دونیاوە تەرکی ژیان نیە، ئەوە کاتێکە ئەو نیعمەت‌و ئیمکاناتەی خوا لە ئیختیاری ئینسانا قەراری داون، خۆیان بێ بەهەدەف بۆ ئینسان . خۆ ئەگەر نیعمەت‌و ئیمکاناتێ خوا لە ئیختیاری ئینسانا قەراری داون نەبوون بەهەدەف ، بەڵکو هەروەك خوا خۆی بڕیاری داوە ئینسان بۆ ئەوە ئیستفادەی لێ کردن کە بەندایەتی خوا بکا، وا ئیستفادەی کرد کە خوا فەرمانی داوە، ئەوە لەهەمان کاتدا کە ئیستفادە نەکا، ناشوترێ ئەو کەسە ژیانی دونیای بۆ خۆی هەڵبژاردووە .

جا بۆئەوەی ئەمە باش ڕۆشن بێتەوە یەك دوو وێنەیەك، یەك دوومیسالێك باس ئەکەین :

فەرز ئەکەین فەرمانڕەوای وڵاتێك دەستورئەدات بەرەعیەتەکەی لەغەیری ئەو پایتەختەدا کە خۆی تیایەتی، واتە لەشارەکانی ترەوە ، هەموو لە یەك ڕۆژا بکەونە ڕێو بڕۆن بۆ لای ئەو. کاتێ خەڵکەکە هەموو کۆئەبنەوەو ئەگەنە لای ، ئەویش بێت لەگەڵیان دیدارێك

بکاتو ببینن‌و کەلکێ وەرگرن لەبینینەکەی‌و شانازیەکیان دەست کەوێ .. جا خەلکەکە هەموو ئەکەونە رێ، ئەرۆن بۆ لای فەرمانڕەواکەیان، بەرەو پایتەختەکەیان . هەرکەس خواردەمەنیەك لەحەدێکا کە دەستی ئەکەوێ لەگەڵ خۆی ئەبا . لەو سەرە رێیەشدا کە لێیەوە ئەرۆن لەهەر چەند کیلۆمەترێکا جێگایەك هەیە بۆ ئەوەی موسافیرەکان دابەزن، ئیسراحەتێ بکەن‌و نان‌و ئاوێ بخۆن‌و دووبارە هێزیان تێدەکەوێتەوە بۆ ئەوەی بتوانن پاشماوەی رێگاکە ببڕن، وەختێك لەشوێنێ لەو شوێنانە دائەبەزن‌و دەست ئەکەن بەپشوودان، تەماشا ئەکەن لەملاو لەولای رێگاکەوە باخ‌و بێستان‌و شتی‌تر هەن، زۆرێکیان ئەچنە ناو باخ‌و بێستانەکەو دەست ئەکەن بەخواردنی ئەو شتانەی کە هەن . وەختێك لەزەتی ئەو شتانەی کە ئەیخۆن ئەچەژن ، زیاتر حەز ئەکەن بمێننەوە، زیاتر لەو باخانەدا ئەرۆن‌و دوور ئەکەونەوە لەو رێگایەی قەرارە پیایدا برۆن ، ئەرۆنە ناو باخەکەو سەیری ئەم درەخت‌و ئەو درەخت دەکەن، بەجۆرێك زۆرێکیان لەبیریان ئەچێتەوە بۆچی هاتوون؟ لەبیریان ئەچێتەوە ئەمانە هاتوون برۆن بۆ ئەو پایتەختەی فەرمانڕەواکەیانی تێدایە، لێرەدا کە دابەزیون بۆ ئەوە بووە ئیسراحەتێ بکەن‌و خواردنێك بخۆن و هەڵسن بکەونەوە رێ .. کەچی ئەرۆن خەریکی خواردن‌و لەزەت بردن ئەبن ، بەجۆرێك لەبیریان

نەچـیتەوە کـە ڕەفیقـەکانیان دوای ئـەوە ئیسـراحەتی خۆیـان کـرد، نەکەونەوە ڕێو ڕێگەکەیان درێژە پێ نەدەن و ئەمان بەجێ دەمێنن .

دوای ئەوەی کـە زۆرێـك نـەخۆنو زۆرێـك ئەملاونـەولا نەکـەن، ماندوو نەبنو لەوێدا نەکەون، خـەویان لـێ دەکـەوێ، سـەرەنجام لـە کاروانەکە جێ ئەمێنن، لەحاڵێکا ئەوانەی وا هۆشیار بوونو هۆشـیان بەخۆیانـەوە بـووەو زانیویانەکـە بۆچـی هـاتوون، دوایـی هەڵسـاون و کەوتونەتەوە ڕێ، ڕۆیشتونو، زۆریـش دوورکەوتونەتـەوەو ئـەمانیان جێ هێشتووە لەناو ئەو باخەدا .. بـەڵام ئەوانـەی کـەوا نەخەڵـەتان و غافڵ نەبوون، لەگەڵ ئەوەی کە چوونە ناو باخەکـە، بـەڵام هۆشـیان بەخۆیانەوە بوو، ئەیانزانی بۆچی هاتوون . ئەیانزانی کـە نـەهاتوون بـۆ ئەوەی لەناوئەو باخەدا بێننەوە . بەڵکو هـاتوون بـۆ ئـەوەی بـڕۆنو بگەنە پایتەختی حاکمو فەرمان ڕەواکەیان، ئەو ببینن‌و، دابەزینیان لـەو مەنزڵەداو چوونە ناو باخەکە، تەنها بۆ ئەوە بوو کە پشـوویەك بـدەنو پاشان بکەونە ڕێ . لەبەرئەوەی ئەمانەیان زانیویانە هەدەف چیە، کـاتێ ئیستفادەشیان کردووە لەپشوودانەکە هەدەفەکەشیان بیر نەچـۆتەوە ، بەڵکو وا کەڵکو سـوودیان لێ وەرگرتـووە کەکۆمـەکیان بکـات بـۆ ئەوەی بتوانن بگەن بەهەدەفیان

ئەم دوو دەستە موسافیرە لەیەك شتا وەك یەك وان ، هـەردوولا لـە بەرهەمی باخەکەیان خواردووە، بەڵام یەکەمیان هەر خواردنیان لەبیرە،

دوورەیان هەدەفەکەشیان لەبیر نەچۆتەوە . عەیب لەوەدا نەبووە خواردنی باخەکە بخۆن، لەوەدا بووە ئەوە بووبێ بەهەدەف‌و، ئەو پایتەختەو ئەو فەرمان ڕەوایەی قەراربووە بڕۆن بۆ ئەوێ‌و ببینن، ئەوەیان لەبیر بچێتەوە

بەندەیی کردن‌و بەندەیی نەکردنیش بۆ خوا(بێ تەشبیە) ناوایە .

کەوا بوو موسڵمانێتی و بەندەیی بەو مانایە نیە ئینسان بێ بەش‌و مەحروم بێ لە خۆشی .. موسڵمان‌و ناموسڵمان بەوەنیە کە ناموسڵمان لەم نیعمەت‌و ئیمکاناتە ئیستفادە بکاو، موسڵمان نەیکا . نەخێر، هەردوو سوود وەرئەگرن، بەڵام موسڵمان ئەیەوێ بەندەی خوا بێ پێش لەوەی کە ئیستفادە بکا، بەڵام ناموسڵمان، یا ئەوکەسەی بەندەی هەوەس‌و ئارەزووی خۆیەتی‌و بەندەی شەیتانە، گوێی لەمە نیە خوا ئەفەرموێ چی بکەو چی مەکە؟ چۆن ئیستفادە بکە لەئیمکانات ونیعمەتەکان‌و چۆن مەیکە؟ پێی خۆشە ئیستفادەیان لێ بکا ، ئەیکات‌و تەواو.

ئەمەیە فەرقی بەینی بەندەیی‌و موسڵمانی لەلایەکەوە، ناموسڵمانیش لەلایەکی ترەوە

## خۆشبەختی و بەدبەختی ڕاستەقینە

ئەگـەر کەسـێك وەك پـەیامنێرێك بکەوێتـە سـەر ئـەم زەوی‌یـە، لەتەواوی ئەم خەڵکە بپرسێ : ئێوە چیتان ئەوێ ؟ بۆچی هەوڵ ئـەدەن ؟ ئەتانەوێ بەچی بگەن ؟ چیتان پێ خۆشـە ؟ لەچـی بێـزارن ؟ لەچـی ئەترسن کە تووشتان بیـت؟ ڕەنگە لەوەڵامەکاندا وشەکانیان جۆرجـۆر بن، بەڵام هەموویان لەوەدا یەك ئەگرن کە ئەڵێن :

خۆشبەختیمان ئەوێت، لەبەدبەختی بێزارین، ئەمانەوێ بەدبـەختیمان تووش نەبێت ..

هیچ ئینسانێك نیە هەدەفی لەمە زیاتر بێت .

بەڵام ئایا خۆشـبەختی و بەدبـەختی چـیە ؟، چـۆن ئینسـان دەسـتی دەکەوێ؟ ئالێرەدا خەڵکان دەستە دەستەبوون و، زۆرێك ڕێگایـان ون کردووە و نەیان زانیوە چۆن بەرەو خۆشبەختی بڕۆن؟ یـا خۆشـبەختی چیەو چۆن ئەتوانن دەستی بخەن؟!

زۆرێك وایان زانیوە خۆشبەختی بەوەیـە سـەروەت و مـاڵ زۆربـێ و لەدەستا بێ! زۆرێك وایان زانیوە خۆشبەختی لەوەدایە ئینسـان مەقام و شۆرەت و دەسەڵاتی بێ! زۆرێك لەپیاوان وایـان زانیـوە خۆشـبەختی لەوایە ژنیان بێ! ژن وای زانیوە مێردی بێ! شتانی تری لـەم جـۆرە بابەتانە .

جا دوای ئەوە کە ئەوەی ویستوویانە دەستیان خستووە، دیویانە نەخێر، خۆشبەختی لەوەدا نیە .. ئەوەی وای زانیوە خۆشبەختی لە سەروەتایە، سەروەتی دەست کەوتووە، بەڵام دوایی بۆی ڕۆشن بۆتەوە خۆشبەخت نیە ، بگرە زۆرجار زیاتر دوورکەوتۆتەوە لەوەی بەشوێنیدا گەڕاوە . ئەوەی وای زانیوە خۆشبەختی لەمەقامو پلەوپایەدایە، دوای ئەوە کە دەستی کەوتووە سەیری کردووە لەوەی وابە شوێنیا گەڕاوە، زۆرتر دوورکەوتۆتەوە . هەروەها لە شتەکانی تریشدا، عالەم هەمووی هەوڵ بۆ خۆشبەختی ئەداو، بێزارە لە بەدبەختی .. بەڵام خۆشبەختی چیە، چۆن ئینسان خۆشبەخت ئەبێ، چۆن بەدبەخت ئەبێ؟ ئەمەیە زۆرتری ئەفرادی ئەم نەوعی بەشەرەی بەهەڵەولاڕێدا بردووە .

بۆ ئەوەی زیاتر ڕوون ببێتەوە کە ئەوشتانە ئینسان ناگەیەنن بە خۆشبەختی، یەك دوو وێنە و نمونە باس ئەکەین :

وا دائێین ئینسانێك لە شارێکدایە، هیچ مەقامو پۆستێکی نیە ، ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەم ئارەزووە ئەکەوێتە سەری کە ببێ بە شەهردار (بەڕێوەبەری ناحیە)ی شارێك‌و ئەبێ بە ئاوات بۆی! وا ئەزانێ ئەگەر بوو بە بەڕێوەبەری ناحیە، ئیتر خۆشبەختی تەواوی دەست کەوتووە؟! وەختێك بوو بەوە، دوای بەینێك سەیر ئەکا ئارەزوویەکی گەورەتر لەدڵیا پەیدا بووە ، ئیتر زۆرتر ڕەنج ئەدا، لەوەوپێش ئارەزووی هەر ئەوەبوو ببێتە(بەڕێوەبەری ناحیە)، بەڵام ئێستە بیر ئەکاتەوە ئەوە کەمەو

نارەزووەکەش کەمە ، ئێستا سەیر ئەکا لەسەروو خۆیەوە فەرماندار (قائمقام)ێك هەیە ، ئیتر ئەو ئاواتە ئەکەوێتە دڵی کە بگاتە ئەو مەقامە .. جا کە بوو بە فەرماندار ئیتر سەیر ئەکا لەسەری ئەویشەوە نوستاندار (پارێزگار)ێك هەیە، بۆیە ئاواتی زلتر ئەبێ ، چونکە پارێزگاری زیاترە، ئاواتەکەی زل ترە، دیارە زەحمەتیش زیاترە بۆ دەست خستنی .. بەوەشەوە ناوەستێ، کە بوو بە پارێزگار سەیر ئەکا لەسەروو ئەویشەوە کەسی‌تر هەیە، بۆ نمونە (وەزیری ناوخۆ) هەیە، بۆیە ئاواتێکی گەورەتر ئەکەوێتە دڵی‌و ئەڵێ : خۆزگە ببوایەم بە وەزیری ناوخۆ.. ئەگەر فەرزەن بوو بەوەش، لەسەرترەوە (سەرۆك وەزیران) هەیە، (سەرۆك کۆمار) هەیە، ئەگەر بوو بەوەش سەرەك کۆماری گەورەتر هەیە، بەلامانەوە سەیر نەبێ ئاواتی ئەوەش بخوازێ کە دەسەڵاتی بەسەر ئاسمانیشا بێت ..

بە کورتی ئینسان تا زیاتر مەقامی دەست کەوێ ئاواتی گەورەترو بەربڵاوتر ئەبێ، لەبەرئەوەی وەختێ شتێ بووە ئاواتی‌و دەستی نەکەوت خەفەتی پێ ئەخوا، بۆیە تا مەقامی زیاتر بێ ، خەفەتی زیاتر ئەبێ . بە پێچەوانەوە کەسێك کە ئاواتی کەمترە، خەفەتی کەمترە .

لەلایەکی تریشەوە ئەوەی وا پلەوپایەی نیە ترسی ئەوەی نیە شتێکی لەدەست دەرچێ، بۆیە ناترسێ . بەڵام لەو رۆژەوە کە ئەبێ بە شتێ، ترسی ئەوەی هەیە کەسێکی تر بێت‌و ئەو شتەی لەدەست دەرکا،

چونکە هەروەك ئەم ئەو شتەی پێ خۆشە خەڵکی تریش پێیان خۆشە، هەر ئێستا کەسانی تریش هەن هەوڵ ئەدەن بۆ ئەوەی جێگاکەی بگرن . ئەگەر بوو بەشتێکی گەورەتر ترسی بەقەدەر ئەو شتە زیاتر ئەبێ .. وە هەروەها .

کەواتە مەقامی زۆرتر خەفەتی زۆرتر ساز ئەکا بۆ ئینسان، هەروەها مەقامی زۆرتر ترسی زۆرتریش ئەگەیەنێ بە ئینسان .

سەروەت و سامانیش بە هەمان جۆرە . فەرز ئەکەین کابرایەك لەدێیەکا دوکانێکی بچوکی هەیە، قەراری وایە هەر ڕۆژێ (١٠٠) تمەن یا سەد دینار سوودی دەست کەوێ، سەرمایەیەك کە هەیەتیو دووکانەکەی پێ داناوە، مەسەلەن ١٠ هەزار تمەنە ، ئەو کەسە بەقەدەر ئەو سەرمایەیە ئاواتی هەیە .

ئەگەر ١٠ هەزارەکەی بوو بە ١٠٠ هەزارو، لەشارێکا دوکانی دانا ئاواتی بەقەدەر ئەوە زۆرتر ئەبێتو چاوەڕوانی ئەوە ئەبێت لەڕۆژێکا چەند بەرانبەری ئەوەی وا لەدێیەکەدا ئاواتی بۆ ئەخواست دەست کەوێ .. ئاخر سەروەت زۆربووە ئاواتیش زۆر بووە، پێش لەوە ئەوەی ئاواتی بۆ ئەخوازێ دەستی کەوێ خەفەتی بۆ ئەخوا، کەوابوو بەپێی زۆربوونی سەروەتەکەی خەفەتیشی زۆر بوو.

هەروەها لەولایشەوە ئەوەی کە ١٠ هەزار تمەنی هەیە، ئەگەر بترسێ ١٠ هەزار تمەنەکەی لەدەست دەرکەن، بەقەدەرئەوە ئەترسێ .

بەقەد ١٠ هەزار تمەنەکە نەترسێ، ئەوەی کە (ملیۆنێك)ی هەیە بەقەد (ملیۆنێك) نەترسێ، هەروەها ئەوەی کە (ملیارد)و زیاتری هەیە .

دەی ئەوە (پلەو مەقام)، ئەوەش (سامانو سەروەت)، کە هەرکات کامیان تا زیاتر ئەبێ خەفەتی زیاترو، ترسی زیاتر ئەدا بە ئینسان، هەرکەسیش ترسو خەفەتی ببێت، ئیتر لەو شتەی وا هەیەتی کەلکێ وەرناگرێو ئیستفادە ناکا.

حەقیقەت ئەوەیە ئەو خۆشبەختی یەی وا خەلك بۆی ئەگەڕێن، بەلاّم دەستیان ناکەوێ ، ئەوەیە ئینسان حالەتێکی ببێ کەلەو حالەتەدا خەفەتی ئەبێ وترسی ئەبێ، ئەگەر ئینسان ئاوا حالەتێکی بوو ئەوا خۆشبەختە، بەلاّم هەروەك روون بووەوە ئە سەروەت ڕێگەی ئەوەیە ئینسان بگا بەو حالەتە، ئە مەقام و ئەهیچ شتێکیتر لەوانەی ئەهلی دونیا ئەیانەوێ .

ئەیچۆنوبەچی ئینسان ئەگا بەخۆشبەختی، بەچی وای لێ دێت ئە خەفەتی ببێو ئەترسی ببێ ؟!

ئینسانێك کە ڕێگای بەندەیی خوا ئەگرێتە بەر ، بەکورتی تەنها بیری لەسەر ئەوەیە کە خوا چی لێ داوا ئەکا ئەوە بکا، ئەفەرموێ چی مەکە ئەوە ئەکا؟ بیری بەلای ئەوەوە نیە کە چیبووەو چی ئەبێ؟ لەمەوپێش چی بووەو لەمەولا چی ئەبێ .. بۆ ؟ چونکە ئەزانێ هەر چی‌یەك ئەبێ خوا ئەیکا، هیچ شتێك بەبێ ئیرادەو بەبێ ویستی خوا

نابێ ، هەرچی‌یەکیش ئەو بیکا خێرەو حیکمەتە ، هەر ئەوکارە دروستو بەجێ‌یە وغەیری ئەوە نابەجێیە !

کەواتە ئینسانێك بەندەی خوا بێتو ئەمە بزانێ، نەبیری ئەوە ئەکا کە چی‌بووە؟ نە بیری ئەوەش ئەکا کە لەمەولا چی ئەبێ؟ ئەوانە ئەسپێرێ بەخاوەنی خۆی، ئەیسپێرێ بەخوا . بەندەی خوا تەنها بیری لای ئەوەیە ئەبێ چی بکاو چی نەکا؟

وەزیفەو مەسئولیەتی چیە ، ئەوە جێبەجێ ئەکا . بڕواو قەناعەتی وایە لەمەوپێش هەرچیەك بووە ئەوە خوا خۆی کردویەتی‌و هەمووی حیکمەتەو بەجێ‌یە، شتێك نیە نابەجێ‌و نادروست بوو بێت ، تا ئینسان خەفەتی بۆ بخواو بڵێ خۆزگە وا نەبوایە . شتێکیش لەوانەی کە خێرو حیکمەتی تیابووە لەدەست دەرنەچووە ، تا بڵێ : ئاخ ! ئەو شتەم لەدەست دەرچوو، نەبوایە ببوایەو نەبوو. پێی وایە هەرچی‌یەك وا خێرو حیکمەت بووە خوای گەورە کردوویەتی‌و، هەرچی‌یەك شەڕو نابەجێ بووە، نەیکردووە . نیز هیچ جێگای ئەوە نیە کە ئینسان خەفەت بخواو نارەحەت بێ‌و، بڵێ خۆزگە ئەوە ببوایەو ئەوە نەبوایە ..

لەمەولاش هەر شتێك ئەبێ ئەوەیە کە خوا ئەیکا، هەر خێرە و حیکمەتەو بەجێ‌یە، ئەوەی نادروستە خوا نایکا . کەوابوو لەمەودواش ترسی ئەوەی نیە شتی نابەجێ‌و نادروست بێتە دی. هەروەکو خەفەتی نەبوو بۆ لەمەوپێشوویش .

ئـەوەی خـەڵکیش ئیکـەن هەروایـە . هەرچـی‌یەك لەمـەوپێش کردوویانە ئەگەر ئیش‌وکاری باشیان کردووە، خۆ ئەوە جێی خەفـەت نیە، ئەگـەر شـتی نابـەجێ‌و نادروسـت کـراوەو گوناهو سەرپێچی‌و نافەرمانیان کردووە، خۆ ئەوە رۆشتووە، ئەم تەنها ئەوەی لەسـەرە کـە پێی ناخۆش بێت ئەو شتانە کراون و لێیان پەشیمان بێ، غـەیری ئـەوە شتێکی تری لەدەست نایەت .

ئەوانەش وا نافـەرمانی و سەرپێچـی‌یان کـردووە لەفـەرمانی خـوا، ئەگەر دەسـەڵاتی بوو لێیان داوا ئەکا لەمەولا ئاوا نەکەن، بەوە ئـەرکی خۆی ئەدا ئەکا .. بۆ لەمەولاش بڕیاری لەسەر ئەوەیە ئەگەر کەسێکی دی نافـەرمانی کـرد، یـا گونـاهێکی ئـەنجام دا ، یـا مەسـئولیەت‌و وەزیفەیەکی تەرك کرد، ئەمری پێ بکا بەچاکەو مەنعی بکا لە خراپە .. ئەمە بۆ لەمەولای خۆیشی ، هەروەك قەرارە ئـەرك بـەجێ بێنـێ، ئـیتر ترسی ئەوەشی نیە لـەداهاتوودا خـەڵك نافـەرمانی بکـەن‌و سەرپێچی لەفەرمانی خوا بکەن ، چونکە ئـەوەی لەدەسـتیایە قـەرارە لەئاینـدەدا بیکا، ئیتر غەیری ئەوە شتێکی تر لە گەردنیا نیەو ئەم مەسئول نیە لێی .

ئیتر باسی ئێسـتای(ئەو کاتەی کە تیایەتی) ئەوەیە بزانێ ئـەمێ چـی بکاو چی نەکا؟ ئەوەی خوا داوای لێ ئەکا ، بیکا .. ئەوەی لێـی داوا ئەکا ئەیکا، ئەیکاوتەواوبوو. ئەو ئەوەی لەسەرە لەوسـاتەی کـە تیایـا ئەژی بیری لای ئەوەبێ کە خوا ئەیەوێ، وەختێك ئاوا بوو ئیتر ترسـی

نیە بۆ داهاتوو، هەروا کە خەفەتی نیە بۆ رابووردوو . بەنیسبەتی خۆشیەوە لەمەوپێش ئەگەر نافەرمانییەکی کردووەو گوناهێکی تووش بووەو، ئێستا بیری لێ ئەکاتەوەو خەفەتی پێ ئەخوا، ئەتوانێ بەیەك شت لەکۆڵی خۆی بکاتەوە، بە تەوبەیەکی ڕاست و بە ئیخلاسەوە خەت ئەکێشێ بەسەر هەموو گوناهەکان و هەموو نافەرمانیەکانیا، خۆی نەجات ئەدا لەدەست ئەو شتانەی لەمەوپێش کردوونی .. کاتێ تەوبەی کرد، خەت ئەکێشێ بەسەر گوناهەکانیا وەك ئەوە کە نەیکردبێ ، ئیتر جێگای خەفەت نیە ، بۆچی ئەوەم کردو بۆچی ئەوەم نەکرد؟ بۆ لەمەولاش ، بڕیارو عەزمی لەسەر ئەوە ئەبێ ،هەرچی خوا پێی خۆشە ئەوە بکا، هەرچی ئەو پێی ناخۆشە لەوە دووری بکا . هەر ئەوەی لەسەرە .. دەی وەختێ ئاوا ڕەتی خۆی کۆکردووە ، ئیتر لەڕەت بڵاوی دەرئەچێو رزگاری ئەبێ . خەفەتی لەمەوپێشی ئەما، ترسی لەمەودواشی نیە مەسئولیەتی خۆی ئەدا کردووە ، ئیتر ئەشتێکی لە دەست دەرچووە تا خەفەتی بۆ بخوا، ئەشتێك لەسەرمەرێیابەتی کە خەتەر یێ بۆیو ترسی لێی بێت . تەنها هۆشی بەئێستاوەیە ،(بەو ساتە وەختەوە کە تیایدایە).

بەم جۆرە ئەم بڕیارو تەصمیمە وا لە دڵیدا، دڵیشی وا لە دەست خوای گەورەدا و زەمانەتی ئەکا، هەم بۆ ئێستا زەمانەتی ئەکا – مادام ئەم عەزمی کردووەو بڕیاری داوە لەسەر ئەوەی خوا چی لێ داوا ئەکا

ئاوا بێت، خواش کۆمەکی ئەکات - هەم بۆ داهاتوویش، کە بڕیاری لەسەر ئەوەیە بەندەی خوای خۆی بێت، خواش کۆمەکو زەمانەتی ئەکا کە بۆ لەمەولاش بەو ڕێیەدا بڕوا خوا پێی خۆشە .

واتە هەرچی لێی داوا ئەکرێ وا لە دلّیا، دلّیشی وا لەدەستی خاوەنەکەیاو ئەو زەمانەتی ئەکا. زۆر وەخت ئاوات ئەخوازێ بۆ شتێکو دەستی ناکەوێ . ئەوەی وا ویستویەتی دەستی‌کەوتوە. چونکە ئەوەی ئەم ئەیەوێ ئەوەیە بەندەی خوابێ . ئەوەش وا دەستی کەوتووە ترسی نیە کە لەدەستی دەرچێ . بۆ؟ چونکە ئەو شتە وا لەدلّیا، دلّیشی وا لەدەستی خوادایە . ئەشتێکی لەدەست دەرچووە، نە ئاواتێکی هەیە ئەیەتە دیو خەفەتی بۆ بخوا، ئەترسی هەیە لەوەی ئەو شتەیش وا هەیەتی لەدەستی دەرچێ .. خۆشبەختیش ئەوەیە وا وتمان ، خەلّك هەموو بەشوێن ئەوەدا ئەگەڕێن، بەلاّم نازانن چۆن دەستی بخەن .

ئەمە جەزاو پاداشتێ کە هەر لەدونیادا دەستی ئینسانی موسلّمان ئەکەوێ . ئائەمەش خۆی ئەوەندە گەورەیە، کە ئەگەر بە ڕاستی ئینسان غەیری ئەمە جەزایەکی تریشی نەبێت ئەمەی بەسە .

چونکە هەروەك وتمان هەر کەس لێی بپرسی لە دونیایەدا هەولّی چی ئەدا؟ بۆچی خەریکە؟ وەلاّمی ئەمەیە کە ئێمە باسی لێ ئەکەین، ئەیەوێ خۆشبەخت بێ . دەی ئەو هەموو تێکۆشانە خەلّك هەیانە بۆ

ئەوەی خۆشبەخت بن، دەستیان ناکەوێ، بەلاّم لەم ڕێیەوە ئینسان دەستی ئەکەوێ، لەڕێگەی بەندەیی خواوە، لەڕێگەی ئیمانو عەمەلی صالحەوە.

خوا بۆ ئەوە ئەفەرموێ : ﴿ لَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً ﴾ : ژیانێکی خۆشی پێئەدەین لەدونیادا. ئەوەیە ئەو ژیانە خۆشە کە نە خەفەتی ببێ، نەترسی ببێت .

جگە لەوە کاتێ ئینسان لە حالەتێکدا بوو نە خەفەتی بوو نەترس، لەبەر ئەوە کە ڕووی دڵی لەخاوەنەکەی خۆیەتی، ئیتر لەوپەڕی سەربەرزیشا ئەژی . هەر لەوکاتەدا کە زۆرێك لەخەڵك سەریان بۆ ئەمونەو دانەواندووە، زەلیلی دەستی ئەمو ئەون، موسڵمان بەرانبەری هەرچی دەسەلاّتدارو زۆرداره سەربەرزو سەرفرازه، ئامادە نیە سەر بۆ هیچ کەسێك، بۆ هیچ قودرەتو دەسەلاّتێك دانەوێنێ . ئەمەش خۆی بەهەشتێکە ئینسان تیایدا ئەژی .

دوای ئەوە کە ژیانی دونیاییش دوایی پێ هات، ئینجا نیعمەتی گەورەتر دەست پێ ئەکەن، کە ئێستا دێینە سەر باسی هەندێکیان .

## ژیانی بەرزەخ

**بەشێ لە ژیانی بەرزەخ و چۆنیەتی پاداشت و سزا تیایدا:**

موسڵمان تۆزێك بەرلەوەی گیانی دەرچێت، لەسەرە مەرگدا فریشتەکان پێشوازی دەکەن، کە دێن بۆ گیان کێشانی بە رێزلێنانوئیحترامەوە گیانەکەی ئەکێشنو، ئەیبەن بۆ جێگای خۆی .

لەوەختی گیان کێشانەوە تا رۆژی قیامەت - کە پێی ئەوترێ (بەرزەخ)- ئینسانی مونمین یەکێك لەم دوو حاڵەتەی هەیە :

ئەگەر لە موسڵمانی پلە یەکەمە - ئەوانەی قورئان ناوی ناون ( سابقين )یا (مقرّبين)- ئەوە لە هەرئافەت و بەڵایەك، لەهەر شتێك ناخۆش بێ ، لەو دەورەداو لەو بەینەدا رزگارە . ئەوەش کە خۆشحاڵیەو موناسیبی حاڵیەتی، گونجاوە لەگەڵ دەرەجەو مەقامێ کە هەیەتی، دەستی ئەکەوێ. باخێك کە پڕە لەنازو نیعمەت، لە وێنەی بەهەشت لەئیختیاریدایە، هەروەك ئەفەرموێ :

﴿ فَأَمَّا إِنْ كَانَ مِنَ الْمُقَرَّبِينَ ، فَرَوْحٌ وَرَيْحَانٌ وَجَنَّةُ نَعِيمٍ ﴾ سورەی (الواقعە).

بەڵام ئەگەر لە موسڵمانانی دەرەجە دووەم بوو، ئەوانەی قورئان ناوی ناون :(أصحاب اليمين)یا (أصحاب الميمنه) یا ( مقتصدين)، ئەوە ئەگەر چی دەرەجەی لەخوارەوەیەو جەزاو پاداشتی لەخواری موسڵمانانی دەرەجە یەکەوەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا لای کەمی پاداشتی

ئەوەیە کە لە هەر ئافەتو بەڵاو ڕەنجێك لەو دەورەدا ڕزگارەو تووشی هیچ بەڵاو دەردەسەرییەك نابێت :

﴿ وَأَمَّا إِنْ كَانَ مِنْ أَصْحَابِ الْيَمِينِ ، فَسَلَامٌ لَكَ مِنْ أَصْحَابِ الْيَمِينِ ﴾ .

ئەمەش بەرزەخ ، لەکاتی مردنەوە تا ڕۆژی قیامەت . لەقیامەتیشا لەوکاتەوە زیندوو ئەبێتەوەو لە قەبرەکەی دەردێت، ئیتر هەر نیعمەتو ڕێزلێنانو ئیحترامە و یەك لەدوای یەك پێی ئەدرێ .

هەرکە زیندوو ئەبێتەوە ئەزانێ چ خەبەرەو بۆچی هەڵساوەتەوەو بۆ کوێ ئەچێ . ئەو وەختە بەسەرفرازی و بەرووسووریەوە ئەکەوێتە ڕێ بەرەو مەحکەمەو دادگای خوا.. کاتێ ئەوانەی خۆیان ئامادە نەکردووە بۆ ئەو ڕۆژە هەموو وان لەترسو لەرزدا، ئەو سەربەرزو سەرفراز، دوور لەترسو خەفەت ، ئەڕوا بۆ حزووری خاوەنەکەی، نامەی عەمەلی ئەدرێ بەدەستی ڕاستییەوەو بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە بانگ ئەکاتە ئەوانەی کە لەدەوروبەریدان : وەرن سەیر کەن، تەماشای ئەم نامەی عەمەلی منە بکەن، بزانن چی تیایە؟ لەبەرئەوەی کە شتی خراپی تیا نییە، هاوار ئەکا : بێن تا نامەی عەمەلەکەم بخوێنمەوە بۆتان، کە پڕە لەکردەوەی چاكو پڕە لەئیمانو عەمەلی صالح .

دوای ئەوە لێپرسینەوەی ئاسانی بۆ جۆر ئەکرێ لەدادگای خوادا، بەرەحمەتی ئەجاتی ئەبێتو کاری تەواو ئەبێ،و،کاری دادگاو

مەحکەمەیشی دوایی دێت‌و، دوای ئەوە ئەکەوێتە رێ بۆ بەهەشت کە وەصفی ئەو مەگەر خوا هەر خۆی بیکا .

کەمو زۆر هەر کەسێك شتێك لە بەهەشت نەزانێ . بە کورتی ئەو دوو عەیبە کە وا لەژیانی دونیایدا، لەوێ نییە، یەکێکیان ئەوەیە ئینسان لەژیانی دونیا خەفەت لەکۆڵی ناکەوێ . ئەوی تریشیان ئەوەیە بێ ترس نابێ، ژیانی پڕە لە خەفەت‌و لەترس . بەهەشت لەو دوو عەیبە دوورە، نە خەفەتی تیایەو نەترس .

چونکە ئینسان هەر ئاواتێکی بێ بۆی دێتە دی ﴿ لَهُمْ فِيهَا مَا يَشَاءُونَ ﴾ هەرچیان ئەوێت بۆیان هەیە . ئیتر ئینسان بەو هەموو تەماع‌و چاوەڕوانییەوە کە هەیەتی، هەرچی لەوێ داوای ئەکاو خۆزگەی بۆ ئەخوازێ لەوێ دەست ئەکەوێ .

هەرچی‌یەکیش پێی ئەدرێ بۆ هەمیشە پێی ئەدرێ و لێی ناسەندرێتەوە ﴿ خالدين ﴾ بەردەوامو هەمیشەن لە نازو نیعمەتدا.

خەفەت نیە چونکە هەموو ئاواتەکانی دێتە دی . ترسیش نیە چونکە هیچی لەدەست دەرناچێ. لەخۆراك، لەخواردنەوە، لەپۆشاك، لەمەسکەن، لەنیعمەتی مەعنەوی، لەبینینی خوای موتەعال لە شتانی ترکە مەگەر هەر خوا بزانێ چین . هەرچی‌یەك ئینسان بیەوێت دەستی ئەکەوێت و پێی‌ئەدرێ‌و لێی ناسەنرێتەوە . ئەوەش بەهەشت .

دوای ئەوە خوا ئەفەرموێ : ﴿ وَرِضْوَانٌ مِنَ اللّهِ أَكْبَرُ ﴾ : ڕەزامەندیەك، لێخۆش بوونێك لەلایەن خواوە، لەو شتانە هەموو گەورەترە، لەو هەموو نیعمەتەی لەبەهەشتدایە . جا ئیتر مەگەرخوا خۆی بزانێ ئەو ڕەزامەندی و لێخۆش بوونە چۆنە کە لەهەموو نیعمەتەکانی بەهەشت گەورەترە .. مەگەر ئینسان لەوکاتەدا ئەچێتە ئەوێو ئەگا بەو (رضوان)و لێخۆش بوونە، بزانێ کە چیە

ئەمە جەزاو پاداشتی کەسێك کە ڕێگای بەندەیی خوا بگرێتە بەر لەدونیادا، ئەو ژیانە خۆشە بگرێتە بەر لە دونیادا کە قورئان ناوی ناوە ﴿ حياة طيبة ﴾ کە نە خەفەتی تیایە و نەترس .

لەم لاشەوە ئەوەی واتوشی ئەوانە ئەبێ کە ڕێگای بەندەیی نەفس و شەیتان ئەگرنە بەرو فەرمانبەرداری لە فەرمانی نەفس و شەیتان ئەکەن ، ئەوەی ئەبێ بە تابعی هەوەس و نارەزووی خۆی و، ئەکەوێتە شوێن فرمانی شەیتان، (لەبەرئەوەی ژیانی دونیا ئەبێ بەهەدەف بۆی) تا زیاتری دەست کەوێ خەفەتی زیاتر ئەبێت، ترسی زیاتر ئەبێ . نمونەشی هەمیشە ئەبینین ، هەروەك نموونەی ئەولا ئەبینین . ئەبینین ئەوانەی وا دەسەلاتیان زۆرترە، ترسیان لەحەدێکایە کە وەك بنیادەم ناتوانن بگەڕێن، خەلك نازادن بێ ئەوەی ئیحتیاجیان بێت بە پاسەوان و پارێزەرێك، بێ ئەوەی نیازیان بێ بە بەکارهێنانی مەسائیلی جۆرجۆر

لەگەڵ ئەمەشدا سەرشۆڕیو زەلیل بوون هەیە، ئینسان زەلیلی دەستی نەفسو شەیتان نەبێت، ئەبێتە بەندەی نەفسی خۆی .

دوای ئەوە کە ژیانیشی تەواو بوو، تۆزێك بەر لەوەی گیانی دەرچێ، پێشوازیی پڕ لەئیهانەتو ناخۆشی ئەو مەلائیکانەی کە دێن بۆ گیان کێشانی دەست پێ ئەکا . وەك قورئان ئەفەرمووێ :

﴿ يَضْرِبُونَ وُجُوهَهُمْ وَأَدْبَارَهُمْ ﴾ : دەست ئەکەن بەتێهەڵدانیان، تێ هەڵدان لەدەمو چاویانو لە پشتەوەش، بەوپەڕی سەرشۆڕیو زیللەتەوە گیانیان دەرئەچێت . ئیتر لەوەولا عەزاب بەشێوەیەکی تر دەست پێ ئەکا لەمردنەوە تا ڕۆژی قیامەت ئاگر هاوڕێیانە، وەك لە سورەی واقیعەدا ئەفەرمووێ : ﴿وَأَمَّا إِنْ كَانَ مِنَ الْمُكَذِّبِينَ الضَّالِّينَ، فَنُزُلٌ مِنْ حَمِيمٍ وَتَصْلِيَةُ جَحِيمٍ ﴾ : ئەگەر ئەوکەسەی گیانی دەرئەچێ لەوانە بێ کە باوەڕیان نەبوو بە زیندووبوونەوەی دوای مردن و بەدادگای خواو مەحکەمە و بەهەشت و جەهەننەم، بەدرۆیان ئەزانی، ڕێیان گووم کرد و ڕێگای بەندەیی نەفسو شەیتانیان گرتەبەر، ئەوە ئاوێکی زۆر داغو کولاویان بۆ ئامادەکراوە کە بەوە میوانداریان لێ ئەکرێتو، ئەبن بەمیوانی ئاوەها جێگایەك . هەروەها گرفتار ئەبن بە ئاگرێکی زۆر سەختو هەڵگیرساوەوە کە مەگەر خوا بزانێ چۆنە . هەروەکو لەبارەی فیرعەون و داروودەستەی فیرعەونەوە ئەفەرموێ: هەرلەو لەحزەیەوە کەوتنە ناو ئاوەکەو خنکان، هەر لەوکاتەوە تا

ڕۆژی قیامەت بەیانیو ئێوارە ئەدرێنە بەر ئاگرو ئەخرێنە سەر ئاگر. تا لەڕۆژی قیامەتا ئەفەرموێ : ئەمە هیچ نەبووە، جا ئێستا بیانخەنە ناو سەختترین عەزابەو، تووشی سەختترین سزایان بکەن .

ئەوەش بەرزەخو بەینی مردن تا قیامەت ، بۆ ئەوانەی ڕێگای بەندەیێ نەفسو شەیتان هەڵئەبژێرن بۆ خۆیان . لەقیامەتیشا هەر لەو لەحزەیەوە کە زیندوو ئەبنەوە ئیتر سەرشۆڕیەو زیللەتەو بەدبەختیە، بەڕووی ڕەشو تۆزگرتووەوە، بە سەرشۆڕیو زیللەتەوە، بەجۆرەها ئیهانەتو ئەزیەتو ئازاردانەوە ئەیەن بۆ دادگای خواو، بەوپەڕی سەختیو ناخۆشیەوە پرسیاری لێ ئەکرێت، موحاکەمەو موحاسەبەی ئەکرێ . دوای ئەوەیش فەرمانی زیندانی ئەبەدیی لەگەڵ هەموو ناخۆشیەکا لەجەهەننەما دەرئەچێ بۆی، ئەکەوێتە ناو جەهەننەمێك هەرچی ناخۆشە تیایدا هەیەو لەهەر خۆشیەك بەدوورە . جەهەننەمێك کە شوێنی ئەو کەسەی تێی ئەکەوێ ژوورێکی چکۆلەیە لە ئاگر ﴿ إِنَّهَا عَلَيْهِمْ مُؤْصَدَةٌ ، فِي عَمَدٍ مُمَدَّدَةٍ ﴾ : بۆ هەر فەردێك ژوورێکی بچکۆلە دروست ئەکرێ لە ئاگر، ئەویش بە ستونوکۆلەکە لەملاولەولاوە مەحکەم ئەکرێت بۆ ئەوەی ڕێگای دەرچونی نەبێت. ئەوە مەسکەن و شوێنیەتی ..

پۆشاکیشی : لیباسێکە لە (قەتران)، کە مادەیەکە هەم ڕەشە و ڕەنگەکەی ئەزیەت ئەکا، هەم بۆگەنە، هەم چەورە کە گڕ ئەگرێو لەبەرکردنەکەی زیاتر ئەبێتە مایەی ڕەنجو زەحمەتو دەردیسەر..

خۆراکیشی : قورئان ئەفەرموێ خواردنێکە ئەکەلکی ئەوەی هەیە ئینسان تێربکا، ئەسودێکی پێ ئەگەیەنێ ، غەیری دەردیسەرێو ئەزیەت زیاتر هیچی‌تیانیە.ئەو شتە (زقّوم) یا،(ضریع)ە، کە ئەبێ تێریشی لێ بخوا.

دوای ئەوەی تینووی ئەبێ، داوای ئاو ئەکا، ئاوی پێ ئەدرێ، بەلاَم ئاوێ کە زۆر زۆر گەرمە، وەختێ ئەیخواتەوە هەموو ناو سکی لەت‌وپەت ئەبێو ئەڕژێ . هەروەها هەر جارێك کە پێستی لاشەی ئەبرژێ و، تەواو ئەبێ، دوبارە پێستێکی تری بۆ دروست ئەکرێتەوە بۆ ئەوەی زیاترو باشتر عەزابەکە بچەژێ .. ئاوا حاڵەتێك تووش ئەبێت لە جەهەننەما . لە هەمووی زیاتر تووڕەیی سەختو غەزەبی خوای موتەعالە کە لەحەدێکی زۆردایە ، ئەو خوایەی ڕەحمەتی هەموو شتی داگیر کردووە، وەختێ کە هاواریان بەرز ئەبێتەوە و ئەڵێن: خوایە ئیجازەمان بدە با بێینە دەرەوە، بڕۆین ئەمجارە جۆرێکی تر بژین. ڕێگای بەندەیی تۆ بگرینەبەر. ئیتاعەت لەفەرمانەکانی تۆ بکەین. بەڵکو ئیتر نەیەینەوە ئێرەو ڕزگار بین ئالەم عەزابو بەڵایە.. وەختێك ئاوەها

هاواریان لێ هەڵنەسێ، لەوەلاَمدا شتێك نەفەرموێ کە خەڵکی بو دەرکردنی سەگ بەکاری نەبەن:

﴿ قَالَ اخْسَئُوا فِيهَا وَلَا تُكَلِّمُونِ ﴾ بە چەفە! جوابیان نەداتەوە . بەئیهانەوەو بە نائومێدکردنیان لەوەی کە هیچ جورە رەحمیکیان پێ بکرێ ، پێیان نەفەرموێ : ﴿ فَذُوقُوا فَلَنْ نَزِيدَكُمْ إِلَّا عَذَابًا ﴾: بچەژن، هیچێك غەیری عەزابو شکەنجەتان بو زیاد ناکەین . ئەگەر قەرار بێ شتێکتان بۆ زیاد بکەین عەزابو شکەنجەیەو هیچێکی تر نیە. ئەمەش سەرەنجامی ئەوانەی رێی بەندەیی نەفسو شەیتان ئەگرنە بەر و، لەرێگای بەندەیی لانەدەن.

جا دوای ئەوە کە زانیمان عیبادەتو بەندەیی خوا چی بەدوادا دێت، عیبادەتو بەندەیی نەفسو شەیتانیش چی لەشوێن دێت.. دوای ئەوە کە زانیمان هەڵبژاردنی ژیانی دونیاو کردنی ژیانی دونیا بەهەدەف چ ئەتیجەیەکی هەیەو، بەپێی فەرمانی خوا ژیان بەسەربردن چ ئەتیجەیەکی هەیە، زۆر ئاسان ئەبێ بۆمان کە بزانین کام لەم دووانە ئەبێ هەڵبژێرین بۆ خۆمان..؟

دیارە تەنها پێویستی بەعەزمو ئیرادەیەك هەیە بو ئەوەی کام لەو دووانە هەڵبژێرێ. نیازی بەوە هەیە ئینسان لە لەزەتوخۆشی و شوێنی نەفسو شەیتان کەوتن بتوانێ دەست بەردار بێت، ئەگەر بتوانێ عەزم بکا لەسەرئەوە . تەنها ئەوەی سەختە ئینسان بتوانێ ئەو

هەڵبژاردنە بکات ، بەعەزمو ئیرادەوە ڕێگای بەندەیی خوا بگرێتەبەر. تەنها ئەم هەنگاوی یەکەمە زەحمەتە .

ئەگەر ئینسان تەصمیمی گرتو بڕیاری دا ئەو ڕێگەیە بگرێ، ئیتر باقی هەنگاوەکانی تری ئاسان ئەتوانێ بنێ . دوای ئەوە ئیتر لەزەتی چوون بەو ڕێگایەدا ئەوەندە زۆرە کە هەزاران دەردیسەرو ناڕەحەتیش تووشی ئینسان بێ ، ئەتوانێ تەحەمولی بکاو پێی خۆشە ..

تا ئێرە بەکورتی باسی ئەوە کرا کە بەندەیی خوا چی‌یە؟ موسڵمانیی‌و ئیسلام بوون چی‌یە؟ چۆن ئینسان ئەتوانێ بەندەی خوا بێت وموسڵمان بێ؟ چ شتێك ئەبێتە مانعی ئەوەی ئینسان بەندەی خوا بێت‌و موسڵمان بێ؟ چۆن ئینسان ئەتوانێ ئەم مانعەو ئەم کۆسپە لەسەر ڕێگای لاببا؟ ئەگەر ڕێگای بەندەیی خوا بگرێتە بەر بەرەو کوێ ئەچێ؟ چی دەست ئەکەوێ ؟ ئەگەر لەو ڕێگایە لابدا تووشی چی ئەبێ؟

دیارە تەنها لەکاتێکا ئینسان ئەتوانێ بەندەیی خوا بکاو ڕێگەی بەندەیی بگرێتە بەر، کە ئیمانی بەقیامەت بێ، ئەگەر ئیمانی بەقیامەت نەبوو، یا زەعیف بوو ئەوە یا ناتوانێ بەندەیی خوا بکات یا بەندەیی‌یەکەی ناوا نابێ کە بە کەڵکی بێت‌و دەردی بخوا..

بۆیە لەقورئانا زۆر زۆر باسی قیامەت‌و ئەو ڕووداوانەی پەیوەندی‌یان بەقیامەتەوە هەیە کراوە، زۆر ئەهمیەتی پێ دراوە،

بەجۆرێك ڕەنگە لاپەڕەیەك لەقورئاندا نەبێت (بەشێوەیەك لە شێوەكان) باسی قیامەتی تێدا نەبێ ..

## واتای (پـەروەردەكردن) و چۆنیەتیەكەی

جا بۆ ئەوەی باش دەركەوێ كە (ئیمان بەقیامەت) چۆن ئینسـان وا لێ دەكات كە ڕێگای بەندەیی خوا بگرێ، ئەبێ لەپێشـا شـتێك ڕوون بكەینەوە . ئـەویش ئەوەیـە كـە ئینسـان لەسـەرەتاوە دروسـتكراوێكە ئامادەیی هەیە بۆ ئەوەی زیاد بكا، بۆ ئەوەی وەك دانەی گیایـەك، وەك تۆوێك، وەك ئەمامی درەختێك، ئەگەر بێتو زەمینەیەكی بـۆ فەراهـەم بكرێتو بۆی ڕێك كەوێ، زیاد بكاو كامڵ ببێت، جا بۆ ئەوەی ئینسان بتوانـێ زیـاد بكـا خـوای بەخشـندە هەرچـیەك لازمـە لـەئیمكانات لەدەست ڕەسیا قەراری داوە، ئەگەر دروست كەڵكیان لێ وەرگـرێ، بەو ڕێیەدا ئەچێ، زیاد ئەكاو ئەگا بە حاڵەتی كامڵو تەواو بوونی، بـەو جۆرەی كە خوا ئەیەوێ ..

هەروەها ئەگەر دروسـت كـەڵكی لێ وەرنـەگرتنو ئیسـتفادەی لێ نەكردن، ئەبێ بەسـەبەبی ئەوەی ئەو ئامادەیی یەی هەیەتی لە بەین بچـێ، لە جیاتی ئەوەی زیاد بكا . هەروەك تۆوێك كە فاسد ئەبێو زایە ئەبێ، ئاوەها لە بەین ئەچـێ . ڕێگـای دروسـتی ئیسـتفادەش لـەئیمكاناتو نیعمەتەكان هەر خۆی دیاری كردووە بۆ ئینسـان .. خوا خۆی دیـاری

کردووە کە چۆن کەڵك وەرگرێ‌و ببێتە هۆی خێر بۆی‌و، ببیا بەرەو کەماڵ . دیاریشی کردووە کە ئەگەر چۆن بکا بەرەو کاملی ناچێ‌و زیاد ناکاو زایە نەبێ.. خوای گەورە هەروا بێ هوودە ئەم هەموو نیعمەت‌و ئیمکاناتەی خەلق نەکردووە . بۆ ئەوە خەلقی کردووە لەبەر دەستی ئینسانا بێ ، تا بەو شێوە دروستە سوودیان لێ ببینێ، تا زیاد بکاو بەرەو کامڵ بوون بڕوا ..

جا هەرلەبەر ئەوەشە کە ڕۆژێکی داناوە بۆ ئەوەی ئینسان بانگ بکاو لێی بپرسێتەوەو موحاکەمەی بکا کە چۆن ئیستفادەت کرد لەو نیعمەتانە و چۆن نەت کرد؟

ئایا بەوجۆرە من پێم وتی کەلکت وەرگرت لێیان، یا بە مەیل و، ئارەزووی خۆت بوو؟

جا ئەمە پێویستە کەمێك زیاتر ڕۆشن بکرێتەوە تا باشتر ئینسان مەسئولیەتی خۆی بزانێ، باشتر دەرکەوێ چۆن ئیمان بەقیامەت پێویستە بۆ ئەوەی ئینسان ڕێگەی بەندەیی خوا بگرێ .

ئەگەر ئێمە دانەی گەنمێك لەمەزەرا بگرین، ئەگەر دیقەت بدەین ئەبینین ئەو دانە گەنمە لەڕاستیدا گیایەکی تەواوە، یانی ئەو گیایەی دوایی ئەڕوێ‌ت‌و سەوز ئەبێ ،کە ڕیشووی هەیەو ساقی هەیەو گەڵای هەیەو گوڵەگەنمی هەیەو گوڵەکە پارچەی هەیە.. ئەو گیایە کە بەوجۆرە لەدواییدا کامڵ ئەبێ‌و تەواو ئەبێ، هەمووی لەو دانە گەنمەدا

دەردێت کە وتمان، ئەو دانە گەنمیە کە لەناخرا ئەبێ بەو گیا تەواوە .. دەی ئەوە مانای ئەوەیە ئەو گیا کامڵە لەناو ئەو دانەگەنمەدا بووە.. بەجۆرێکی تر بڵێین : ئەو دانە گەنمە هەر لەڕۆژی یەکەمیەوە ئامادەیی بووە بۆ ئەوەی گیایەکی کاملی لێ دروست بێ، بەهەموو بەشەکانیەوە. جا ئەگەر بۆی ڕێك کەوێ، ئەگەر زەمینەی بۆ فەراهەم بکرێ، ئەگەر ئیمکاناتی بۆ ڕێك بخرێت، ئەوەی سەوز ئەبێ ئەبێتە گیایەکی کامڵ . هەروەها ئەگەر بۆی ڕێك نەکەوێ هەر بە دانەگەنمی ئەمێنێتەوە، بگرە دوای ماوەیەك زایە ئەبێو لەبەین ئەچێ .

جا ئێستا ئەو دانە گەنمە نیازی بەوە هەیە جێگایەکی گونجاو بێت بۆ ئەوەی تیایا بڕوێو سەوز بێ .. خاکێك بێ مەوادی غەزایی تیا بێ، ئاوی بێ، هەوایەکی موناسیب بێ، ئەزۆر گەرمو ئەزۆر سارد، هەروەها تیشکی خۆری پێ بگاو هتد. ئەبێ ئەوانە هەموو ئامادەبن، ڕێك کەون، تا ئەو دانە گەنمە بتوانێ دەست بکا بەڕووانو سەوز بوونو بچێ بەرەو تەواو بوونو کامڵ بوون. هەروەها لەلایەکی تریشەوە ئەبێ ئافەتو کۆسپو مانع نەیەتە ڕێگای، ئەگەر هاتوو سەرمایەکی زۆر سەخت، یا گەرمایەکی زۆر سەخت، یاکرمێك، یا هەر ئافەتێکی تر، هاتە ڕێگای ، نیتر ناهێڵێ بچێ بەرەو ئەو تەواو بوونو کامڵ بوونە.

کەواتە هەم پێویستە خاکو تیشکو ئاوو ئەو شتانەی بۆ ئامادە بکرێ، هەم ئەبێ مانعو کۆسپو ئافەتو بەلایش لەسەر رێی لابرێ، تا بتوانێ بەرەو ئەوکامڵ بوونە بچێ .

ئەم ئینسانەش ئاوا حالەتێکی هەیە . لەسەرەتاوە ئینسان مەخلوقێکە دارای بیروبڕوا نیە، لە دەورانی منالیدا کەسێك نیە بتوانێ کردەوەی چاك ئەنجام بدا، کەسێك نیە بتوانێ رێگایەك بۆ ژیانی خۆی هەڵبژێرێو بەرێگایەکی چاك یا خراپدا بڕوا، بەلاّم ئامادەیە بۆ ئەوە . خوا توانای ئەوەی پێ داوە لەدوایدا- واتە دوای بەینێك - بتوانێ دروست و نادروست لەیەك جیا بکاتەوە. بزانێ چی دروستە ، چی نادروستە . بزانێ چی خێرەو چی شەڕە. بزانێ ئەبێ بڕوای بەچی بێ و چی قبوڵ نەکا. ئەتوانێ بزانێ چ شتێك ئەبێ بکا، چ شتێك ئەبێ نەکا . توانای ئەوانەی هەیە . ئامادەیە بۆ ئەوەی دوای بەینێك ئەو شتانە بزانێ ، هەروەك ئامادەیە بۆ ئەوەی وەختێ دوو رێگای لەیەك جیاکردەوەو زانی ئەمە چاکەو ئەمە خراپە، بتوانێ یەکێکیان هەڵبژێرێو ئەوەکەی تریان دەست لێ بەردا .. لە منالیدا ئەوانە ناتوانێ بکا بەلاّم ئامادەیە لەدوایدا بیان کات، هەروەك گەنمەکە، لەوەختێکا کە دانە گەنمێکە گیا نیە ، بەلاّم ئامادەیە بۆ ئەوەی ببێ بەو گیایە ..

ئەم ئینسانەش لە منالیەوە ئامادەیی هەیە بۆ ئەوەی بچێ بەرەوکەماڵو تەواو بوونو زیاد بکا. ئامادەیی هەیە بۆ ئەوە رۆژێك

وای لیّ بێت سەیری ئەم مەخلوقاتەی خوا بکا، ئاسمانو زەویو دارو بەردو خاك و ئاووگیاندارو بێ گیانو ئەمانە، سەیری ئەمانە بکا، خوایان پێ بناسێ ..

سەیری ئاسمانو زەوی بکا بەو هەموو گەورەییەوە، بەوە خاوەنەکەی خۆی باشتر بناسێ، هەروەك کەسێك تەماشای ئەم دەزگای (مسجّل)ە ئەکا، کاتێ ئەبینێ زۆر جوان دروست کراوە، ئەزانێ ئەو کەسەی دروستی کردووە وەستایەکی باش بووە، چاکی لێ زانیوە، مەهارەتی بووە لەدروست کردنیدا. بەڵام ئەگەر بینی ئەو دەزگایە زۆر ناجۆر دروست بووە، ئەزانێ وەستاکەی ناشی بووە .. بەهەمان جۆر کاتێ ئینسان سەیری مەخلوقێك لەم مەخلوقانەی خوا ئەکا، ئاسمانو زەویو ئەوانەی تیایاندایە، تا زیاتر سەیریان بکا، تا زیاتر ورد بیتەوە، زیاتر خوا ئەناسێو زیاتر پەی ئەبا بە کەماڵی خواو ئەزانێ خوای گەورە لەهەر ناتەواوییەك دوورە.

هەر یەکێك ئامادەیی هەیە بۆ ئەوەی رۆژێك لە رۆژان بتوانێ سەیری ئەم مەخلوقانەی خوا بکا، بە سەیرکردنی ئەمانەو دیققەت کردن لەمانە، کەم کەم بگا بەناسینی خوای گەورە .

جا پاش ئەوەی ئینسان خاوەنی مەخلوقات (خوای گەورە)ی ناسی، ئەتوانێ بەرنامەو قانونێك کە لە لایەن خواوە بێت بۆ هیدایەت و

ڕێبەری کردنی ئینسان، وەرگرێ .. خوای گەورە ئاوا توانایەکی داوە بەئینسان کە بتوانێ ئەو قانونو بەرنامەیە وەربگرێ . بۆیە خوا یەك نەفەر لە ئینسانەکاندا هەڵئەبژێرێو ئەیکا بە پێغەمبەرو ئەو بەرنامەو قانونە ئەدا بەو، ئەویش وەری ئەگرێ لەلایەن خواوەو ئەیگەیێنێ بەخەڵکو خەڵکیش لەوی وەرئەگرن، بەم جۆرە هەموو ئەتوانن بەرنامەیەك کە لەلایەن خواوە دێت وەر بگرن، بەرنامەیەك کە دروستو نادروستو خێرو شەڕیان بۆ لەیەك جیا دەکاتەوە، بۆیان ڕۆشن ئەکاتەوە ئەبێ بە چ ڕێگایەکا بڕۆنو بەچ ڕێگایەکا نەڕۆن .

وەك وتمان لەسەرەتاوە مناڵ ناتوانێ دیققەت بکا لە مەخلوقاتی خواو خوای پێ بناسێ، یا ئەگەر ئەیناسێ باشتر بیناسێ . هەروەها دەرکو فەهمو عەقڵی لە ئاستێکدا نیە بتوانێ بەرنامەو قانونێك کە لەلایەن خواوە هاتووە وەرگرێو لێیشی تێبگا، بەو جۆرە ناشتوانێ لەدوو ڕێگا یا لەچەند ڕێگایەك یەکێکیان هەڵبژێرێو لەوانی تر دەستبەردار بێ . ئەوە دیارەو هەموو کەس ئەیزانێ، بەڵام ئەوەش ئەزانین کە لەدوایێدا ئەگەر بێتو کەسێك پێ بەدەمیەوە،کەسێك بێ پەروەردەی بکاو بێت بەسەر وەختیەوە، ئەتوانێ وای لێ بێت هەم باش سەیری مەخلوقاتی خوا بکاو خۆیان بناسێ، هەم بەرنامەی هیدایەتو ڕێنمایی لە خوا وەرگرێ، هەم لەو ڕێگایانەی لەیەك جیا

نەكرێنـەوە، یـەكێكیان هەڵبـژێرێ و لـەوانی تـر دەسـتبەردار بـێ .. هەردوو شـەكە ڕۆشـە، بەڵام هەروەك وتمان لەخۆیـەوە ناتوانـێ نـاوای لێ بێ، ئەبێ زەمینـەیەكی بۆ فەراهەم بكـرێ، هـەروەك دانـە گەغەكـە، لازمە خاكێكو ئاوێـك و تیشـكی خۆرێـكو گەرمایـەكو هەوایـەك و شتێكی تر و شتێكی تری بێ تا بتوانێ بـڕوێو سـەوز بـێ، هـەروەها ئەبێ ئافەتو بەڵایش لەسەر ڕێی لابرێت وتوشی ئافەتو بـەڵا نـەبێ . ئینسـانیش بەهەمان جۆرە .

جا بەشێك لەو ئیمكاناتو نیعمەتانە كە لە دەسترەسی ئینسـانا قەرار دراوە ئەو (بەرنامە) یە لەلایەن خـواوە هـاتووە . هـەر ئـەو بەرنامەیـە خۆی ئەوەی تیایە كە ئینسان چۆن سـەیری ئەم مەخلوقاتـە بكـا، چـۆن خوا بناسێ؟ ئەوەی تیایە كە غەیری ئەم ئاسمانو زەوی و ئەوانـەی كـە تیایەتی- كـە ئێمـە نـەیانبینین - شـتی تـر هـەن، وەك مەلائیكـە، وەك جنۆكەو غەیری ئەوانە، ئەوەی تیایە كە غەیری ئەم ژیانە ژیـانی تـریش هەیە، جیهانی ترو عالەمی تریش هەیە . هەروەها هەر شتێ پێویستە بـۆ ئەوەی ئینسـان بەندەیی خوا بكا، هەمووی لەو بەرنامەیەدا باس كراوە، هەر ئەوە ئەمێنێ كە ئینسـان گوێی بۆ ڕاگرێو بەدڵ قبوڵی بكـاو وەری بگـرێ . هـەر ئـەوە ئەمێنێتـەوە كاتـێ خێـر لەشـەڕ جیـابوەوە، خێـر هەڵبژێرێ و ڕێگای چاكە هەڵبژێرێو، لەخراپە دەستبەردار بێ .

ئەمە بەشێکە لەو ئیمکاناتەو لەو نیعمەتانە کە لە ئیختیاری ئینساندا قەرار دراون . غەیری ئەوەیش خوا خۆی بۆ کەسانێك بیانەوێ ڕێگای خوا بگرن، تەوفیقی هەیە بۆیانو بۆیان ڕێك ئەخا . زیاد لەوەی کە بەرنامەکەی ناردووە ، کۆمەکیان ئەکا بۆ ئەوەی بەو ڕێگایەدا بڕۆن . هەورەها ئەگەر کەسێك نەیویست بەو ڕێیە دا بڕوا، ئەویش کۆمەکی ناکاو دەستی لێ بەرئەدا کە بەرەو بەدبەختی بڕوا .

## ئافەتو گرفتەکانی سەر ڕێی هیدایەت

لە ڕێی هیدایەتدا هەندێ ئافەتو بەڵا دێنە سەر ڕێی ئینسان ئەبێ لابرێن تا ئینسان بەرەو تەواو بوون بڕواو بگا بەو حاڵەتەی ئەبێ پێی بگا.

یەکێ لەو ئافەتانە (نەزانین)ە . ئەوەی کە ئینسان نەزانێ سەیری ئاسمانو زەوی بکا، سەیری ڕواڵەتە زاهیرییەکەیان بکا، لێیان ورد نەبێتەوەو دیققەتیان تیا نەکا، وەك زۆرێك لەو خەڵکە کە هەمیشە خەریکن سەیری ئەم مەخلوقاتە ئەکەن ، بەڵام هەر خوایان ناکەوێتەوە بیر، خالقی مەخلوقاتیان ناکەوێتەوە بیر . یا ئەگەر کەمێك ناسینیان بەسەیرکردنی ئەم مەخلوقاتە ناسینەکەیان زیاد ناکا .. یا ئینسان غافڵ بێ لەو بەرنامەیە کە خوا ناردویەتیو ڕووی تێ نەکاو نەیەوێ، هەروا بەغافڵی بمێنێتەوەو نەزانێ خوا چی فەرمووە، نەزانێ حەق چیەو باتڵ

چیە، چاکە چیەو خراپە چیە؟! ئەم جەهلو نەزانینە ئافەتێکە تووشی ئینسان ئەبێ، ئەگەر بێتو هەوڵێ بۆ نەداو خۆی لەدەستی رزگار نەکا، ئابڕوودی کردووەو لەبەین چووە .. ئەگەر هەزار ئیمکاناتو نیعمەتی تر لەبەر دەستیا بێ، وەختێ نەزان بوو، خوای نەناسی، ڕێگای دروستی ژیانی نەناسی، نەیزانی چۆن بەندەیی بکا، ئەوە لەبەین چووە . تەنانەت لەوکاتەدا وەك حەیوانەکانی تریش نیە، بگرە لەهەرچی خوارە خوارترە، چونکە هەر مەخلوقێکیتر لەو سنورە دا کە بۆی دیاری کراوە ئەمێنێتەوەو، مەسئولیەتو وەزیفەی خۆی ئەنجام ئەدا، ئەو ئەرکەی پێی سپێراوە هەڵی ئەگرێ، بەڵام ئینسان وەختێك نەزان بوو، نەیزانی چۆن سەیری مەخلوقاتی خوا بکا، نەیزانی چۆن بەرنامەی هیدایەتو ڕێنمایی لەخوای خۆی وەرگرێ، بە جۆرێك ئەکەوێ کە لەهەر مەخلوقێك زیاتر دێتە خوارەوە .

یەکێکی تر لەو ئافەتانەی دێنەسەر ڕێی ئینسان و لەبەینی ئەبەن، ئافەتی (هەوەسو ئارەزوو)ە . هەوەس پەرستیو، شوێن هەوەسی خۆکەوتنو، دەست بەردان لەبەرنامەی هیدایەتی خواو لەشەریعەتی خوا.. هەوەس ئەوەیە ئینسان بەعزە شتێکی خۆش بوێو، بەرەو ئەوانە بچێ، لە بەعزە شتێکیش بێزار بێ ولێیان دووری بکا، ئەویش بەپێی ئەو ئەزانییەی هەیەتی، نایەوێ بەرنامەی خوا بێ بەڕێنمای، بەمەیلی خۆی چی بەچاك ئەزانێ بۆ خۆی بەرەو ئەوە ئەچێ، چی بەخراپ

نەزانێ لەوە دووری نەکا؟! ئالەو وەختەدا ئەوترێ : ئەم ئینسانە شوێن هەوەس و ئارەزووی خۆی کەوتووە .

لە بەرنامەی خوادا باس کراوە کە ئینسان بۆ ئەوەی خۆشبەختی و سەعادەتی دونیاو ئاخیرەتی دەست کەوێ، ئەبێ تابعی فەرمانی خوا بێ، گوێڕایەڵی ئەمری خوا بێ .

جا ئەگەر ئەو گوێڕایەڵی‌یە بوو بەسەبەبی ئەوەی ماڵو سەروەتی لەدەست دەرچێ، مەقامو دەسەلاتی نەمێنێ، توشی دەردی سەری و چەرمەسەری بێت، هەر ئەبێ فەرمانەکەی خوا ببات بەڕێوەونیتاعەتی بکا .

کەواتە ئینسان ئەبێ وای لێ بێت ئەگەر بەرەو سەختی و دەردی سەرو چەرمەسەری و ناڕەحەتی ڕۆشت، ئەوەی پێ خۆش بێ مادام خوشبەختی هەردوو دنیای تێدایە.. هەروەها لەخۆشگوزەرانی و سەروەت و ماڵ و دەسەلات و مەقام دوورکەوێتەوە، مادام لەخوا دووری دەخاتەوە .. ئەگەر ئینسان ئاوابوو ئەوە شوێن شەریعەتی خوا کەوتووە .

بەڵام ئەگەر حەزی کرد لەخۆشگوزەرانی و ئیسراحەت و ئاسایش و ڕابواردن، بێزار بوو لە زەحمەتکێشان و هەوڵدان بۆ ئەوەی خوا لێی ڕازی بێ، بێزار بوو لەوەی شتێ بکا مەقامو دەسەلات و سەروەت و ماڵی لەدەست دەرکا، ئەوکەسە پێی ئەوترێ شوێن هەوەس و

ئارەزووی خۆی کەوتووە، کەسی وا ناتوانێ بەندەی خوا بێ .. بگـرە بەندەی هەوەس و ئارەزووی خۆی ئەبێ ..

جا ئەگەر ئینسان وای لێ هات ئیتر ئەوە تووشی ئافەتێك بـووە کـە لەبەینی ئەبا.. مەگەر زوو پێش لـەوەی ئافەتەکـە جـێگیر بـێ، تـەواو دەست بگرێ بەسەریا، زووڵەریای خۆی کەویت و خوی رزگـار کـات بە کۆمەکی خوا.

ئائەمە دوو ئافەتی گەورەن ، هەر ئافەتێکی تر تووشی ئینسان ئـەبێ، پەیوەندی هەر بەم دووەرە ئەبێت و لەم دوانەیە . هەر ئافـەتێك لـەژیانا تووشی بەندەیەك بێ یا لە (نـەزانین و جـەهل)ە وەیـە. یـا لـە (شـوێن هەوەس کەوتن)ەو هەوەس پەرستیەوەیە .

## واتای ڕەحمەت و پەروەرشیاریی خوا

ئێستە ڕوون بوەوە کە ئەم ئینسانە لەسەرەتاوە تەنها ئامادەیی هەیە بۆ ئەوەی‌حەق‌و باتڵ‌و خێرو شەڕو دروست‌و نادروست بزانێ ، ڕێگای خێروحەق هەڵبژێرێ‌و لەڕێگای شەڕو باتڵ دەست بەردار بێ، ئەڵبەتە ئەگەر زەمینەی بۆ فەراهەم بێ، ئەگەر بەرنامەی خوای پێ بگا. ئەوە وەك ئەوەیە کە دانە گەنمەکە لەناو خاکێکی باش‌و حاصڵخێزو پڕ لەمەوادی غەزایی‌دا دانرابێ، هەوای مناسب بێ‌و، ئاوی بێ، تیشکی خۆری بێ. گەرماو هەموو شتێکی تەئمین بێ، سەرماو گەرمای سەخت‌و کرم‌و هەر جۆرە ئافەتێکی تر لەسەر ڕێی لابرابێ، دیارە ئەو گەنمە بەتەواوی ئەڕوێت‌وسەوز ئەبێ‌و ئەگا بەکەماڵ‌و تەواوئەبێ .

تائێرە ئینسان ئەزانێ کە خاوەنەکەی بەڕەحم‌و میهرەبانە، یاوەك قورئان ئەفەرموێ ﴿ رحمن ، رحیم ﴾. ڕەحمانە : هەموو زاتی هەر ڕەحمەتە، هەر بەزەیی‌یە . ڕەحیمیشە : هەمیشە هەر خەریکی ڕەحمکردن و میهرەبانیکردنە لەگەڵ خەڵك، هەمیشە خەریکە بەزەیی دێتەوە بەخەڵکا . ڕەحمەت‌و بەزەییش بەیەکێ لەم دوو شتە ئەبێ :

١- ئیمکانات‌و پێویستی یەکان ئامادە بکرێن .

٢- کۆسپ‌و گرفت‌و موشکیلەکان لەسەر ڕێ لابرێن .

لە نمونەی دانەگەنمەکەدا ئامادەبوونی خاك‌و ئاوو تیشکی خۆرو گەرماو شتەکە، ئەوە بەشێکە لە رەحمەت . هەر کۆسپ‌و گرفتێ بێتە سەرە ڕێی خوا لای بەرێ ، ئەوەیش بەشێکی ترە لە رەحمەت .

ئەوەی کە خوا ئەفەرموێ ﴿ الرحمن الرحیم ﴾ ئەمە مەعنایەتی : هەموو زاتی هەر رەحمەتە، هەمیشەش هەر خەریکی میهرەبانی‌و رەحمەت کردنە بە مەخلوقاتەکانی‌و بەندەکانی خۆی .

تائێرە خوای گەورەمان ئاوا ناسیوە، جا وەختێ ئینسان بیری لەمانە کردەوە کە خۆی وەك دانە گەنمێکە، ئامادەیە بۆ ئەوەی بڕوێ‌و بەرەو تەواو بوون‌و کەماڵ بڕوا، خاوەنەکەیشی هەرچی کە پێویستە بۆی ئامادەکردووە، هەر ئافەت‌و کۆسپێکیش -کە لەوانەیە بێنە سەر ڕێی- لەسەر ڕێی لای بردووە، وەختێ ئینسان بیری لەمە کردەوە، دڵی پڕدەبێ لەئومێد بە خاوەنەکەی کە کۆمەکی بکاو تەوفیقی بدا بۆ ئەوەی ئیستفادە بکا لەو ئیمکانات و نیعمەتانەو، بڕوا بەرەو کامڵ‌و تەواو بوون.

# بەشی دووەم

برِوا بەرِۆژی دوایی و، چەمکیَ لە بەلَگەی بونیو رِوداوەکانی

- پرسینەوەی دوارِۆژ
- پلەکانی برِوا بە دوارِۆژ
- پوختەیەك لە تەفسیری سورەتی ( التكاثر)
- پوختەیەك لە تەفسیری سورەتی ( الزلزلة)
- پوختەیەك لە تەفسیری سورەتی ( القارعة)
- پوختەیەك لە تەفسیری سورەتی ( الانفطار)
- قۆناغەکانی هاتنی قیامەت و شەپورەکان
- گۆشەیەك لە بەلَگەکانی زیندوبونەوە
- هەندیَ لە بەلَگەو نیشانەکانی رِۆژی دوایی
- پوختەیەك لە تەفسیری سورەتی ( قاف)
- بەشیَك لە تەفسیری سورەتی (الحاقة)
- بەشیَك لە تەفسیری سورەتی (الواقعة)
- تەفسیری سورەتی (الماعون)

**پرسینەوەی دواڕۆژ:**

ئەزانین کە خوای گـەورە ـ هـەروەك لەمـەوپێش وتمـان ـ کـاری نابەجێ ناکا، حەکیمە، هەر کارێ ئەیکا بەجێ ئەیکا، کاری بێ هوودە ناکا. کەوابوو ناکرێ ئینسانی خەلق کردبێ بـۆ ئـەوەی بەرەوکـەماڵو تەواو بوون بچێو، ئەو هەموو ئیمکاناتو نیعمەتانەشی لەبـەر دەسـتیا دانا بێ، دوایش لێی نەپرسێتەوە: ئەرێ چیت کـرد، چیت نـەکرد؟! ئەبێ ڕۆژێك بێت خوای خاوەنی ئینسان، بانگ بکاتـە ئینسـانو لێـی بپرسێتەوە کە : چۆن ئیستفادەت کرد لەم ئیمکاناتە؟! چـۆن کـەڵکت وەرگرت لـەم نیعمەتانـە؟! خـۆ مـن هـەروا بـە هەوانتـە ئەوانـەم پـێ نەدابووی، هەر چۆن کە خۆت گەرەکت بێ کـەڵکیان لێ وەرگـری؟! ئەو نیعمەت وئیمکاناتە، بۆ ئەوە پێم دای بەرەو کـەماڵ بـڕۆی ، پێـان بگەی بەوەی حەقو باتڵو خێرو شەڕ لەیـەك جیـا بکەیتـەوە، ڕێگـای حەق بگریو بەرێگای حەقا بـڕۆی، ڕێگـای خێـر بگـریو لـەڕێگای شەڕو باتڵ دەستبەردار بی، وات کرد یا نەتکرد؟

دیـارە خـاوەنی ئینسـان دەسـەڵاتی هەیـە بەسـەر ئـەم ئینسـانەدا، سەرەنجامو عاقیبەتی ئینسان لەدەسـتایەتی، لەدەسـتی دەرناچـێ، ئـەبێ بڕواتەوە بەردەستی و، موحاکەمەی بکا، لێـی بپرسـێ، چـۆنیش وەڵام ئەداتەوە ئاوا جەزاو پاداشتی بداتەوە . ئالێرەوە لەوەش تێدەگـەین کـە خوا دەسەڵاتدارەو سەرەنجامو عاقیبەتی ئینسان لە دەستیایەتی، هەروەك

خەڵك ئەڵێن كۆنترۆڵی ئینسان و چارەنوسی لە دەستیایەتی ولەدەستی دەرناچێ . هەروەك لەسوورەی فاتیحەدا دوای ئەوەی ئەفەرموێ: ﴿الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ﴾ ئەفەرموێ: ﴿مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ﴾ ساحێبی ئەو رۆژەیە كە جەزاو پاداشت ئەداتەوە بەئینسان، بەپێی ژیانی دونیای، جا وەختێك ئاوا خوامان ناسی، دیارە هەموو گیانمان پڕئەبێ لە ترس .. ئەبێ ئینسان وای لێ بێ لە هەموو ژیانیا، لە ئیستفادەكردنی لەهەر كام لەم نیعمەت‌و ئیمكاناتە بترسێ، نەبادا جۆرێك كەڵكیان لێ وەرگرێ كە خوا پێی خۆش نەبێ، ئەبێ لەبیری بێ لەدوایدا لێی ئەپرسنەوە كە چۆن ئیستفادەت لێ كردووە؟!

كەوابوو ئەبێ هەر لەئێستاوە جواب حازركا بۆ ئەو رۆژە . ئەبێ هەر لەئێستاوە وەختێ خەریكە ئیستفادە ئەكا لەئیمكانات‌و نعمەتەكان، لەبیری بێ دوایی سوئاڵی لێ ئەكەن . ئەبێ جوابێكی دروستی بێ . ئەبێ جوابی ئەوە بێ : بەو جۆرە كەڵكم لێ وەرگرتن كە خۆت فەرمووت، بەپێی ئەو بەرنامەیەی خۆت ناردت . لەچاوم، لەگوێم، لە زبانم، لە قەلبم، لە دەستم، لە پێم، لە زاهیرم، لە باتینم، لە هەرچییەك كە پێت دابووم، ئاوا كەخۆت فەرمووت ئیستفادەم كرد. لە چاوم بۆ ئەوە ئیستفادەم كردكە سەیری مەخلوقاتی تۆی پێ بكەم، كە تۆی باشتر پێ‌بناسم . لەگوێم بۆ ئەوە ئیستفادەم كرد خێری پێ ببیستم، بەرنامەی هیدایەتی تۆی پێ ببیستم، رێی خێرو شەڕ لەیەك جیا

بکەمەوە . لە زبانم بۆ ئەوە ئیستفادەم کرد یا بپرسم بۆ ئەوەی کە نایزانم تا فێری بم، یا ئەوەی ئەیزانم بیلێیم بەخەڵك . لە دڵم بۆ ئەوە ئیستفادەم کردکە عەقیدەو بیروبڕوا بەتۆی تیا بێ، بیروبڕوا بەغەیری تۆ تێیدا جێی نەبێتەوەو دەری کەم . لە دەست و پێشم، یا هەر ئەندامێك لەئەندامەکانی تری بەدەنم، بۆ ئەوە ئیستفادەم کرد کارێکی پێ بکەم کە تۆ فەرمووتە، هەروەها لە نیعمەت و ئیمکاناتێکیش کەلەم جیهانەدا لە دەسرەسما قەرارت دابوون، هەر بۆ ئەوە ئیستفادەم کرد .. وەختێ سواری ماشێن و سەیارە ئەبورم، وەختێ جلێکم ئەکردە بەر، وەختێ خۆراکێکم ئەخوارد، وەختێ لەدەواو دەرمانێ ئیستفادەم ئەکرد، وەختێ لە هەرئیمکاناتێ سوودم ئەبینی، بۆ ئەوە بوو ساغ و سەلامەت بم، توانای ئەوەم هەبێ بتوانم لە ڕێگای بەندەیی تۆدا هەنگاو هەڵگرم، زیاتربەرەو پێش برۆم، باشتر ئەدای مەسئولیەت بکەم .

بەراستی ئینسان ڕۆژێك دێتە پێشی کە تیایدا ئەکێشرێتە مەحکەمەو دادگای خوا، لێی پرسیار ئەکرێ : چیت کردو چیت ئەکرد؟ ئەبێ هەر لەئێستاوە ئاوا بژی کە خوا ئەیەوێ تا لەو ڕۆژەدا جوابی بێ .

بەجۆرێکی‌تر بڵێین : ئەبێ ئیمانی بە (قیامەت) بێ . ئیمان نە تەنها بە و مانایە کە بزانێ قیامەت هەیە .. ئەوە نابێتە ئیمان، ئەگەر ئینسان دەنگ و باسەکانی قیامەت و بەهەشت و جەهەننەم ئاگادار بێ و بزانێ قیامەت چۆن دەست پێ ئەکاو چی تیا ڕوو ئەدا، بەهەشت و جەهەننەم

چۆنن‌و لەهەر کامیانا چی هەیەو چی نیە؟ هەموو ئەوانە بزانێ، یەقینیشی بێ، ئەوە هیچ دەردی ناخواو، پێی ناوترێ ئیمان، مەگەر شتێکی‌تر کە ئێستا بەیانی ئەکەین لەگەڵی بێ ، ئەویش بریتی‌یە لە هەست بە لێپرسراویتی (ئیحساسی مەسئولیەت)، ئەمێ ئەوە لە دەروونیا دامەزرێ . هەروەك لەپێشا وتمان، وای لێ بێت کە لە هەر یەك لەو ئیمکاناتەو نیعمەتانە ئیستفادە ئەکا، لە بیری بێ کە خوا سوئالی لێ ئەکا، وەختێ ئاوا بوو بەوجۆرەی لێ دێ کە خۆی فەرموویەتی .

## پلەکانی بڕوا بە دواڕۆژ

بۆ ئەوەی باشتر باسی پاشەڕۆژ ڕوون بێتەوە پێویستە ئەوە بڵێین ئیمان بە ئاخیرەت سێ دەرەجەی هەیە ، لای کەمی ئەمێ دەرەجە خوارووەکەیانی بێ . ئینسان ئەگەر ئەوەی نەبوو ئیتر ئیمانی بە ئاخیرەت نیە، ئەگەر چی هەموو باسەکانی قیامەتیش بزانێ! خۆ جولەکەو گاورو ، زۆرێکی تر لە ناموسڵمانەکان ئەو شتانە هەموو ئەزانن ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا بەکەڵکیان نایەت ..پلەکانیش ئەمانەن

پلەی یەکەم : ئەوەیە ئینسان وا قیامەتی لەبەر چاو بێ کە کاتێك گوناهێك تووش بوو، کاتێ تووشی نافەرمانیەك بوو، تۆزێ دوای ئەوە بیری دادگای قیامەت بکاتەوەو بیری ئەوەی کەوێتەوە کەلە حزووری

خوادا ئەوەستیٚ‌و سوئالی لیٚ ئەکریٚ، بۆچی ئەو کارەت کرد؟ ئەگەر تەوبەی نەکردبیٚ لەو کارە، تووشی سزاو جەزای ئەو کارەی ئەبیٚ. وەختیٚ بیری ئەوەی کردەوە، بۆ ئەوەی گرفتاری ئەو موحاکەمە سەختە نەبیٚ، گرفتاری ئەو جەزاو سزایە نەبیٚ! زوو، بیٚ ئەوەی ماتڵ بیٚ‌و هەڵوفرسەت لەدەست بدا ، تەوبە ئەکاو پەشیمان ئەبیتەوەو دەستبەردار ئەبیٚ لەگوناهەکە، تەصمیم ئەگریٚ‌و بڕیار ئەدا جاریٚکی‌تر ئەو گوناهەی تووش نەبیتەوە . ئەمە خوارترین پلەی ئیمان بە قیامەتە . کە ئینسان خۆی لێرە دادگایەك بۆ خۆی بەرپا بکا، موحاکەمەی خۆی بکا، تەوبە بکا، دەست بکیٚشیٚ لەگوناهەکە .

پلەیەکی تر لەسەرووی ئەوەوە، ئەوەیە ئیمانەکەی هێندە بەهێز بیٚ‌کەڵەو وەختەدا وا خەریکە گوناهەکە ئەکا هێشتا تەواوی نەکردووە، هەر لەو کاتەدا بکەویٚتە بیری قیامەت، یەکسەر بیٚ ئەوەی گوناهەکە ئەنجام بدا دەستی لیٚ بکیٚشیٚ‌و تەوبە بکاو بگەڕیٚتەوە .

پلەی سیٚیەم کە بەرزترە لەمانە : ئەوەیە ئینسان بە جۆریٚ قیامەتی لەبەرچاو بیٚ‌و خۆی بەمەسئول بزانیٚ لەبەرانبەری خاوەنەکەیەوە، کە هەرکات ئارەزووی گوناهێك ئەکەویٚتە دڵی پێش لەوەی بڕیار بدا ئەو گوناهە بکا ، دادگایەك بۆ خۆی تەشکیل بداو، خۆی موحاکەمە بکاو بیٚ بەهۆی ئەوەی تووشی گوناهەکە نەبێت .

ئەبێ ئینسان یەکێك لەم سێ حاڵەتەی بێ، جا ئیمانی بەقیامەت نەبێ، ئەگەر نا هەر ئەوەی کە بزانێ قیامەت هەیەو بەهەشت‌وجەهەنەم هەیە دەردی ناخوا.

جا ئەگەر ئینسان وای لێ هات ئیمانی بەقیامەت پەیدا کرد ئەو وەختە ئیتر زۆر ئاسان ئەتوانێ رێگای بەندەیی خوا بگرێ . وەختێ وای لێهات هەموو وجوودی پڕ بوو لەهەست بە مەسئولیەت‌و خۆی لەبەرانبەر خواوە بەمەسئول زانیو، لێی رۆشن بووکە رۆژێك لە دادگای خوادا ئامادە دەکرێ، دەبێ جوابی ئەو سوئالانە بداتەوە، ئەو کاتە ئیمانی بەدوارۆژ تەواوە.

ئەوەیە لە سورەتی فاتحەدا دوای ئەوە کە بەیانی ئەوە ئەکرێ ئەبێ ئینسان ئیمانی بێ بە رۆژی قیامەت لە﴿مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ﴾ دا، دوای ئەوە دەفەرموێ : ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾. وەختێ بەندەی خوا گەیشتە ئێرە بڕیار ئەدا بەڕاستی بەندەی خوا بێ، ئەوانەی وا تا ئێرە دەگەن هەموو بەیەك زمان دەڵێن: خوایە! بۆ تۆ بەندەیی دەکەین، تەنها رێگای بەندەیی تۆ دەگرینە بەر، ئێمە کاتێ ئیمانمان هێنا بەوەی کە تۆ (رحمن)و(رحيم)ی، بەوەی تۆ(ساحێبی رۆژی جەزای)، رێگای بەندەیی تۆ دەگرینە بەر، ئەوە بڕیارە، تەصمیمە، عەزمە لەسەر ئەوەی رێگای بەندەیی تۆ بگرینە بەر، بۆیە لەژیاندا هەرچی تۆ ئەفەرمووی ئاوا

نەکەین، (بەئیزنی خوا لەدوایدا هەندێ لەو شتانەی پێویستە لەڕێگای بەندەییدا ئینسان ئەنجامیان بدا باس دەکەین).

جا لەبەرئەوەی ئەگەر خوا کۆمەکی ئینسان نەکاو تەوفیقی نەدا ناتوانێ یەك هەنگاویش هەڵگرێ، بەندەی خوا عەرزی خوا دەکا : دیارە ئەم بەندەیی‌یە بەخۆم ناکرێ، بەندە موخلیسەکانی عەرزی دەکەن : خوایە! ئەم بەندەیی‌یە بە خۆمان ناکرێ . ئەگەر تۆ کۆمەکمان نەکەی، ناتوانین هەنگاوێکیش هەڵگرین . لەبەرئەوە ﴿وإيَّاكَ نَستَعِينُ﴾ واتە : داوای کۆمەکیش هەرلە تۆ دەکەین . داوات لێ دەکەین ئەوەی پێویستە ئامادەی بکەی بۆمان تا بتوانین بەندایەتیت بکەین .. هەر کۆسپو گرفتێك دێتە سەر ڕێمان لای بەی، ئەگەر تۆ ئەوە نەکەی ناتوانین یەك هەنگاویش هەڵگرین ..

تا ئێرە ڕوون بووەوە کە ئیمان بەقیامەت ئەبێ بەیەکێك لەپایەو ئەساسە مەحکەمەکان بۆ بەندەیی، ئینسان بەبێ ئیمان بە قیامەت ناتوانێ ڕێگای بەندەیی خوا بگرێ . وتمان هەر لەبەرئەوەیە قورئان زۆر ئەهەمیەتی پێ داوەو زۆر باسی قیامەتی کردووە، چونکە ئینسان ئەگەر ئیمانی بە قیامەت بوو ئیتر دیارە تەنها ڕێگای بەندەیی خوا ئەگرێ، ئەگەر ئیمانی بەقیامەت نەبوو ناتوانێ ئەو ڕێگایە بگرێ، ئەگەر هەزار هەوڵی بۆ بدرێ، ئەگەریش جارجارێ بڕواتە سەر ڕێگای بەندەیی هەر لێی لائەدا.. ئەوەش بزانین هەر ئینسانێك چەندە تووشی گوناه دەبێ،

حەتمەن بەقەدەر ئـەوە ئیمـان بـە دواڕۆژی لاوازە . کەسـێك تووشـی گوناهێك دەبێت لەو وەختەدا ئیمان بەقیامەتەکەی لاواز بووە، چونکە ناکرێ لەوکاتەدا دادگای خـوای لەبەرچـاو بـێو بزانـێ مەحکەمـەی دەکرێ، خەریکی گوناهکردن بێ .

بێگومان لەو وەختـەدا قیامـەتی لـەبیر چـۆتەوە بۆیـە خەریکـە ئـەو گوناهە ئەکا. جا ئیتر هەر بەم جۆرە کەسێك زۆر تووشی گونـاه ئـەبێ ئەوە زۆر ئیمان بەقیامەتی لاوازە، کەسێك کەمتر تووشی گوناه دەبێ ، ئەوە زەعیفی ئیمـانی کـەمترە، کەسـێك زۆر زۆر ئیمـانی بەقیامـەت بەهێز بوو تووشی ئەو گوناهانە نابێت .

## پوختەیەك لە تەفسیری سورەتی (التكاثر)

خوای گەورە ئینسـان ڕاتەچڵەکێنێ لە خەوی غەفڵـەت، ئاگـاداری ئەکا : وا مەزانە ئەم وەزعیەتە کە ئێستا هەیە، ئەم ژیـانی دونیایـە وئـەم بەرنامانەی ئێسـتا هـەن هـەروا تـا سـەر ئـەبن‌و، ئاڵوگۆڕێـك نابـێ . هەرئەوەنە بزانە لەناکاو ئاڵوگۆڕێکی وا ڕوویدا کە ئەم هەموو عالـەمـە تێکچوو بەسەر یەکدا، ئاخرئینسـان تەبیعەتی وایە ئەگەر ماوەیەك لەگەڵ شتێکا بوو، خووی پێوە دەگرێو وادەزانێ ئەو شتە هەر لەبەین ناچێ، وا دەزانێ ئیتر وەزعیەت تاسەر هەروا دەبێ . ئینسـانێك دڵ‌خۆش دەکا بەم دونیاو ماڵوسەروەت‌ونیعمەت‌وئیمکاناتەی لە دونیادا هەیـە . کـەم

کەم وای لێدێت لەبیری دەچێتەوە ڕۆژێک دێتە پێشەوەکە ئەمە تەواوئەبێو لەبەین ئەچێو، ئینسان ئەبێ بڕوا جوابی ئەو سوئالانە بداتەوە لەپێشا باس کران . ئینسان غافڵ دەبێ لەوەی ڕۆژێکی ئاوا لەسەرە ڕێبایەتی .

بۆیە پێویستە بێدار بکرێتەوەو لەم خەوی غەفلەتە دەربێ ، ئاگادار بکرێ کە وا ئیمو هەروا تاسەر نابێ، ئەم بەرنامەیە تێکدەچێ بەیەکاوئەم عالەمە نامێنێ و وەزعیەتێکی‌ترو عالەم و زروفێکی‌تر دێتە پێشەوە کە وەك ئەمە نیە . زۆرێك لەئایەتەکانی قورئان باسی ئەوە دەکەن بەینێکی‌تر لەناکاو ئەم دونیایە تێك دەچێ بەسەر یەکدا، ئەوەی ئێستا ئەیبینین ئەڕوخێ ولەبەین ئەچێ .. دوای بەینێك ئینسان زیندوو دەکرێتەوە بۆ ئەوەی موحاکەمەی بکرێ .

لەسوورەی (التکاثر)دا ڕوو دەکاتە ئەو خەڵکەی وا غافڵ بوون لەمەسئولیەتیانو، قیامەتیان لەبیرچۆتەوە و، پێیان ئەڵێ : قیامەتێك هەیە و ڕۆژێك دێتە پێشەوە کە ئینسان ئامادە دەکرێ لەدادگای خواداو سوئالی لێ دەکرێ : چۆن ئیستفادەت کرد لەو نیعمەتانەو چۆن ئەت کرد؟ ئەوانەی وایان لێ هاتووە کە ئیمکاناتو نیعمەتەکە خۆی بووە بە هەدەف بۆیان! لەبیریان چۆتەوە ئەم نیعمەتانە بۆ ئەوە دراون ڕێی خوایان پێ‌بناسن و ڕێی خوایان پێ هەڵبژێرن، کەچی خۆیان بوونەتە هەدەف بۆیان . ڕوویان تێ دەکاو دەفەرموێ :

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

﴿ أَلْهَاكُمُ التَّكَاثُرُ (١) حَتَّى زُرْتُمُ الْمَقَابِرَ (٢) كَلاَّ سَوْفَ تَعْلَمُونَ (٣) ثُمَّ كَلاَّ سَوْفَ تَعْلَمُونَ (٤) كَلاَّ لَوْ تَعْلَمُونَ عِلْمَ الْيَقِينِ (٥) لَتَرَوُنَّ الْجَحِيمَ (٦) ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا عَيْنَ الْيَقِينِ (٧) ثُمَّ لَتُسْأَلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ النَّعِيمِ (٨) ﴾

واتان لیٚ هاتووە هەرکەس هەوڵ دەدا بۆ ئەوەی لەوی تر زۆرتری دەست کەویٚ، خەریکن کیٚبەرکیٚ دەکەن . ئەم هەوڵ ئەدا بۆ ئەوەی پلەوپایەی بەرزتریٚ لەو، ئەو هەوڵ دەدا بۆ ئەوەی سەروەتی زیاتر بیٚ لەم . تووشی ئەم دەردە بوونو هەر کەس هەوڵ دەدا لەوی تر زیاتری بیٚ؟

ئایا لەبیرتان چۆتەوە کە : تا نیعمەتو ئیمکانات زیاتر بیٚ مەسئولیەت زیاترە؟

ئائەمە ئیوەی سەرگەرم کردووەو غافلّی کردوون لە مەسئولیەتیٚك کە هەیە، لەسەرەنجامیٚك کە لە سەرەریٚتاندایە . تووشی غەفلەت بوونو لە مەسئولیەت غافڵ بوون، هەروا چوونەتە پیٚشەوە تا کاتی مەرگ، تا وەختیٚ دیدەنتان کردووە لە قەبرەکانتان، ئەمە غافلّی کردن وسەرگەرمی کردن تا چوونە ناو قەبرەکانتانو دیدەنتان لیٚ کردن (یانی تا کاتیٚ کە مردن).

﴿ أَلْهَاكُمُ التَّكَاثُرُ حَتَّى زُرْتُــمُ الْمَقَــابِرَ ﴾ یانی : ئـەی ئەوانـەی واخەریکی زۆرتـر بەدەســت هێـانی مـاڵو سـەروەتی دونیـاو مـەقامو ئاوازەو شۆرەتی دونیان! ئەوە بۆ واتان لیّ هاتووەو مەسئولیەتتان لـەبیر چۆتەوە؟ بۆ واتان لیّ هاتووە هەر خەریکی زیاتر بەدەسـت هێـانن؟ بـۆ لـەبیری ئـەوەدا نـین هـەر کـەس نیعمـەتونیمکاناتی زیـاتر بـوو مەسئولیەتی زیاترە؟ ئەوەتان کردووە بەهەموو بەرنامـەی خۆتـان کـە زیاترتان دەست کەویّو، هەر ئاوا ژیانتان بەسەر برد تا مردنو چـوون بۆ ناو قەبرەکانتان .

﴿كَلاَّ سَوْفَ تَعْلَمُونَ . ثُمَّ كَلاَّ سَــوْفَ تَعْلَمُــونَ ﴾ سەرزەنشـت دەکا، تەوبیخ دەکا، دەفەرموێ : نـــا، نـــــا، وامەکەن، بەسـیەتی . دەست بکێشن لە غەفلەت . بەسە ئیتر کەم کارو پیشەتان هەر ئەوەبێ لەیەکەو زیاترتان دەست کەویّ . بەیێکی تر دەزانن دەنگ‌وباس چیـە؟ بەیێکی‌تر بۆتان ڕۆشن دەبێتەوە کە چ خەبەرە؟

﴿ كَلاَّ ﴾ نەخێر، مەکەن . دەست بکێشن لەم کـارە ﴿ لَوْ تَعْلَمُونَ عِلْمَ الْيَقِينِ ﴾ ئەگەر بتان زانیبایە – زانینـیّ کـە بەڕاسـتی زانـین بـێ– ئەگەر لێتان ڕۆشن بوایە کە چ سەرەنجامێك لەسـەر ڕێتانایـە، ئاواتـان نەدەکرد. یانی : ئەوە بۆ غافلن؟ بۆ لەبیری ئەوەدا نـین ڕۆژێـك دێتـە پێشەوە و پرسیارتان لیّ دەکریّ چیتان کردوچیتان نەکرد؟ بۆ هـەروان لەبیری ئەوەدا زیاترتان دەست کەویّ؟!

﴿ لَتَرَوُنَّ الْجَحِيمَ ﴾ قەسەم بەخوا ئەو ئاگرە بەتاوە –کە بەســەختی هەڵگیرساوە– ئەبینن . سەرەتا لەدوورەوە ئەبیــنن .

جـا دوای ئـەوە ﴿ ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا عَيْنَ الْيَقِينِ ﴾ : دوای ئـەوە نزیکـی دەکەونەوەو وا دەبینن کە هیچ دوودڵیەکی تیا نەبێ، بە چـاوی یـەقین ئەیبینن، بەتەواوی لاتان ڕۆشن دەبێتەوە کە ئـەوە ئـاگری جەهەنەمـەو ئامادەکراوە بۆ کەسانێکو لێی دەرناچن .

﴿ ثُمَّ لَتُسْأَلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ النَّعِيمِ ﴾ جا لـە ئـاوا ڕۆژێکـداو لـە ئـاوا وەزعیەتێکدا پرسیارتان لێ دەکرێ لـەبارەی نیعمەتەکانـەوە، کـە ئـەو هەموو نیعمەتـو ئیمکاناتە لەبەردەستاندا بوو چۆن سوودتان لێ بینی؟

(کەی ئەم پرسیارانە دەکرێن ؟ ئەو کاتەی کـە سورەی (ـزلزلا ) باسی ئەکا ، بۆیە پێویستە باسێکی ئەو سورەیەش بکەین) .

## پوختەیەك لە تەفسیری سورەتی (الزلزلة)

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

﴿ إِذَا زُلْزِلَتِ الأَرْضُ زِلْزَالَهَا (١) وَأَخْرَجَتِ الأَرْضُ أَثْقَالَهَا (٢) وَقَالَ الإِنسَانُ مَا لَهَا (٣) يَوْمَئِذٍ تُحَدِّثُ أَخْبَارَهَا (٤) بِأَنَّ رَبَّكَ أَوْحَى لَهَا (٥) ﴾ :

کاتێك زەوی هێنرایە لەرزە، ئەویش چ لەرزەیەك، نەك وەك ئەو زەوی لەرزانەی ئێستا ڕوودەدەن ، هەر کام لەگۆشەیەکو لەلایەك، وەختێك زەوی بەهەموو وجودیەوە هێنرایە لەرزە و، هەرچی باری سەنگینی هەیە کە لەناویایەتی هەمووی دەردایە دەرەوە- وەك چۆن گەنمێك لە بێژەنگ دەدرێو ئەگەر شتێکی گەورەتر لەگەنمەکان وەك زیخ و بەرد تیایدا بوو دەکەوێتە سەرەوە، تا ئەو شتانەی لەزەویدان کەونە سەرەوە – کاتێك وەزعەیەتێکی ناوا ڕوویدا کە ئینسان چاوەڕێی نیە، سەرسام ئەبێ و ئەپرسێ : ئەرێ ئەو زەوییە چیەتی؟ ئەوە بۆ وای لێ هاتووە؟

ئاخر بۆیە ئەو پرسیارە ئەکا چونکە لەوەو پێش ئەگەر زەلزەلەیەك ڕووی بدایە، شتێکی سادە و بچکۆلە بوو.. لەوانە بوو دەزگاکانیان دەیانتوانی پێشبینی بکەن . دەیانزانی کە دەساڵی تر بیست ساڵی تر سی ساڵی تر، لەفلان شوێنا زەمین لەرزە ڕوو دەدا. بەلام ئەمە لەوانە نیە . لەگەڵ ئەو هەموو ئیمکانات و دەسەلاتەی ئینسان لەدەستیدایە بۆ

پێشبینی ئەو ڕووداوانە کە لە دوایـا ڕوو دەدەن، نـەیتوانیوە پێشـبینی ئەمە بکا، چونکە ئەمە لەو ڕووداوانـە نیـەو شـتێك نیـە وەك ئەوانـەی لـەوەوپێش، ئەوەیـە ئینسـان سەرسـام وحـەیران وسـەرگەردان دەبـێ ودەترسـێ ودەپرسێ : ئەرێ ئەوە چیەتی؟ ئەوە چی لێ قەوماوە؟

﴿ يَوْمَئِذٍ يَصْدُرُ النَّاسُ أَشْتَاتًا لِيُرَوْا أَعْمَالَهُمْ (٦)﴾ : ڕۆژێك ناوا بوو خـەڵکی دەسـتە دەسـتەو لەملاولـەولا دەردێـن لـە قـەبرەکانیان بـۆ ئەوەی کردەوەکانیان پیشـانیان بـدرێن وبخرێنـە بەرچـاویان، هەرکـەس شریتی ژیانی خۆی بۆ لێ دەرێتەوەو سەیری فلیمـی ژیـانی خـۆی بکـا، سەیر دەکا بەتەواوی فلیمی ژیانی خۆی تۆمار کـراوە، بەهـەموو بیرو عەقیدەو قسەوکردەوەیەوە، هەرچییەك کە بوویەتی لە زەمانێکـا تـاقی کراوەتەوە، هەمووی بۆ لـێ دەدرێتـەوە تـا سـەیری بکـا بزانێ چـی کردووەو چی نەکردووە؟ جا نەتیجە ئەمە دەبێ :

﴿ فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَه (٧) وَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَـرًّا يَرَه (٨)﴾ : هەرکەسێ بەقەد تۆزێك کاری چـاکە بکـات ئەیبینێتـەوە، هەرکەسێکیش بەقەدەر تۆزێ کاری خراپە بکات ئەیبینێتەوە..

هەرکەسـێك بیکـات نـەك کردبێتـی؟! ئەگـەر ئینسـانێك لـەکاتی نەزانیو نەزان کاریدا گوناهێك تووش بوو بێـت، بـەڵام زوو تەوبـەی کردبـێو گەڕابێتـەوە، ئـەوە خـەتی بەسـەرا کێشـراوەوئیتر نیشـانی نادرێتەوەو سەرکوت ناکرێت بەوەی کە ئـەوەت کـردو وات کـردا!

چونکە تەوبەی کردووەو تەواو بووەو لێی قبوڵ کراوە . نەك ئەوەی کە هەرکەس شتێکی کردبێ نیشانی دەدرێتەوەو دەیبینێتەوە . ئەخێر، لەفەرموێ : (هەرکەس شتێك بکا) یانی: (هەرکەس کردبێتی بەبەرنامە بۆ خۆیەو، کردبێتی بەکارو پیشەی خۆی کە کاری خێر بکات) نەك لەدەستی دەرچێ! ئاخر کاتی وایش هەیە کافرێك، ناموسڵمانێك ،کارێکی خێر دەکات، بەڵام لە دەستی دەردەچێت، وەك چۆن کاتی وا هەیە ئینسانێ کە خوێندەواری نیە کەسێك پارەتی دەدات دووخەت، سێ خەت لەکتێبێك دەخوێنێتەوە، بەڵام لە دەستی دەرچووە، ئەوەی خوێندۆتەوە، ئەوە بۆی هەڵکەوتوە . ئەگەر ئا خوێندەواری نیە، یا ئەو ناموسڵمانە کە کارێکی خێری کردووە، لەدەستی دەرچووە کردوویەتی‌و تەواو بووە، بەڵام نەبووە بەکارو پیشەو بەرنامە بۆی .. ئەوەی کە بەرنامەیەتی کارە خراپەکانیەتی . ئەوەیە کە دەیبینێتەوە!! هەروەها ئینسانی موئمینیش ئەگەر کارێکی خراپ بکات، لەدەستی دەردەچێ، چونکە دڵی دامەزراوەوئیمانی دامەزراوە، بڕیاری لەسەر ئەوەیە بە ڕێی خوادا بڕوا، ئەگەر کارێکی خراپی کرد لەدەستی دەرچووە، بۆیە زوو تەوبەی لێ دەکاو دەگەڕێتەوەو نایێ بەبەرنامە بۆیی‌و نایێ بەکارو پیشەی هەمیشە بۆی .

کەوابوو کارە خراپەکەی خەتی بەسەردا دەکێشرێ‌و نایبینێتەوە، ئەوانەی کە بوون بە بەرنامە بۆی تەنها ئەوانەیان ئەبینێتەوە .

دیـارە هەر کـەس هەرچـی‌یەك نەبینێتـەوە جـەزاو پاداشتەکەشـی وەردەگری. جا لێرەدا شتێك ڕۆشن دەکەینەوە کە زۆر گرنگەو دەبێ زۆر لەبەرچاو بگیرێو دیقەتی تیا بکرێت:

ئیمان کاتێك ئیمانەو لای خوا نرخی هەیە کـە دامـەزراییو لـەدڵا جێگیر بووبـێ. ئەگـەر ئینسـان لـە ڕۆژێـك لـە ڕۆژانـا ئیمـانی بـوو بەئاخیرەت، یا ئیمانی بوو بە خوا بۆ چەند سەعاتێك ئەوە لەدڵیا بـوو، برێ کاری باشی ئەنجام دا، بەڵام دوایی ئیمانەکـە لـە دڵیـا دەرچـوو، پاش بەینێکی‌تر دووبارە هاتوو هەم لەدڵی دەرچوو، ئەوە نایێتە ئیمـانەو بەهیچ بۆی حساب ناکرێت! کاتێك بە ئیمان بۆی حیسـاب دەکـرێ جێگیر بووبێ لەدڵیا، جا بۆ ئەوە غونەو وێنەیەك بێنینەوە تا باش ڕۆشن بێتەوە:

منداڵێك دەچێتە قوتابخانـە، یەکـەم ڕۆژ وا دانـێن ئـەلف‌و بێـی پـێ دەوترێ. (ئەلف، بێ، تـێ ) ئەوانـەی پـێ دەڵـێنو ئـەویش فێریـان دەبێت. بەڵام ئەگەر چەند جارێك هەر لەوکاتەدا تیکـراری نەکەنـەوە بۆیو پێی نەڵێنەوە، لەبیری دەچێتەوە، دوایش کە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە ئەگەر لەو شەوەو لە ڕۆژی دوایداکە دەگەڕێتەوە بۆ قوتابخانـە چـەند جارێکی‌تر نەیخوێنێتەوە، لەبیری دەچـێتەوە، هـەروەها ڕۆژی دواتـریش ئەبێ هەم دەوری بکاتەوە، دوای ئەوەش هەرچـەند ڕۆژ جارێـك ئـەبێ دوبارەی بکاتەوە.. لە سـەرەتاوە دوو ڕۆژ جارێـك، دوایـی سـێ ڕۆژ

جارێك، دوای بەینێك چوار ڕۆژ جارێك، دوایی هەفتەی جارێك، دوای بەینێ مانگی جارێك، ئەگەر دەوری نەكاتەوە لەبیری دەچێتەوە، بەڵام دوای بەینێك وای لێ دێت لەدڵیا جێگیر دەبێ، بەشێوەیەك هەرگیز لەبیری ناچێتەوە. وەك ئێمە ئێستا (ئەلفەو بێ) دەزانین وهەرگیز لەبیرمان ناچێتەوە.

جا كاتێك وای لێ هات كە هەر لەبیری نەچێتەوە، ئەو وەختە دەڵێن ئەمە (ئەلفەو بێ) دەزانێت، ئەگەر وانەبوونەوە ڕۆژانی یەكەم شتەكە جێگیر نەبووە لە دڵیاو ڕەنگە لەبیری بچێتەوە. ئەوە پێی ناوترێ (ئەلفەو بێ) دەزانێ .

/ نموونەیەكی تر: كەسێ دەچێتە لای خەیاتێك (بەرگ درووێك) شاگردی دەكا، لەدوای بەینێك وای لێ دێت لە ژێرچاودێری خەیاتەكەدا دەتوانێ بەعزێ شت بدورێ، بەڵام نەك بە جۆرێ كە ئیتر بیری نەچێتەوە، تا وەستاكەی بە ڕاسەریەوە بێ، یا لە چەند سەعاتێكا لە بیرپایەتی و دەتوانێ شتێ بدورێ، بەڵام ئەگەر سێ چوار ڕۆژ بەینی‌كەوتەو خەریكی خەیاتی نەبوو، لەو بەینەدا لە بیری چۆتەوەوئیتر نازانێ جارێكی ترئەو لیباسە بدورێتەوە . ئائەوە پێی ناوترێ خەیات . بەكەسێك دەوترێ خەیات بەجۆرێك فێربووبێت كە لەبیری نەچێتەوە، ئەگەر دەساڵیش خەیاتی نەكات، دوایی هەركات ویستی خەیاتی بكا، بزانێو بتوانێ .. ئائەوە پێی ئەوترێ خەیات، هەروەها ئەگەر ئینسانێك

کە خوێندەواری نیە ئەگەر داینێ کتێبێکی بۆ بخوێنێتەوە، پێی نـاوترێ خوێندەوار. لەوکاتەدا کە پێی دەڵێی، دەیخوێنێتـەوە، بـەڵام خـۆ دوای ئەوە ئەگەر داوای لێ بکەیت دووبارەی بکاتـەوە ناتوانـێ . دەی ئـەوە پێی ناوترێ (خوێندەوار)، ئەگەر یـەك کتێـبیش بخوێنێتـەوە. مەسـەلەی ئیمانیش بەم جۆرەیە .

ئیمان ئەوەیە بە رادەیەك جێگیر بووبێ لەدڵدا کـە ئەگـەر خـاوەنی لەت و پەتیش بکرێ لەسەری، ئەو ئیمانە لە دڵیا دەرنەچێ، جا ئەگـەر ئینسان ئیمان لە دڵیا ناوا جێگیر بوو، ئیتر با هەرکاری خراپ ناکا، یا ئەگەر کردی لـە بەرئـەوەی ئیمـان لـە دڵیایـەتی دوای چـەند سـاڵێ پەشیمان دەبێتەوەو تەوبە دەکـار دەسـت دەکێشـێ، هـەروەك خـوای گەورە دەفـەرمووێ : ﴿يَتُوبُونَ مِن قَرِيبٍ﴾ زوو، تـاهێڵن زۆری پـێ بچێ تەوبە دەکەن و دەگەڕێنەوە.

## پوختەیەك لە تەفسیری سورەتی (القارعة)

بەڵێ، هەروا نابێ، وەزعیەت هـەروا درێـژەی نابـێ، رۆژێـك دێتـە پێشەوە کە هەموونەم جیهانە بڕوخێ بەسەر یەکا ..

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

﴿ الْقَارِعَةُ . مَا الْقَارِعَةُ ﴾ ئەوشتەی وا دەکوتـێ بەسـەر یـەکا، جـا چوزانی! چی بە تۆی نیشان داوە،؟ چـی تـۆی فێـر کـردووەو وای لێ

کردووی کە بزانی چیە ئەوشتەی وا دەکوتێ بەسەر یەکا؟!! هیچێك نەبووە!

﴿ وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْقَارِعَةُ ﴾ چ شتێك وای لێ کردووی بزانی ئەوە چی‌یە؟ هیچ! تا ئێستا لە هیچ لایەکەوە ئەو ئاگاداریەت بۆ نەهاتووە. نەتزانیوە چیە ئەوەی وا دەکوتێ بەسەریەکاو شتەکان وێران دەکا بەسەر یەکا. جا مادام نازانی گوێ ڕاگرە باخۆمان بۆتی بەیان بکەین:

ئەوە ڕووداوێکە لەسەرەتای قیامەتا ڕوو دەدا، ئەو کورەی زەمینە ئەکوتێ بەسەریەکاو وێرانی دەکاو تێکی دەدا بەسەریەکا.

﴿ يَوْمَ يَكُونُ النَّاسُ كَالْفَرَاشِ الْمَبْثُوثِ. وَتَكُونُ الْجِبَالُ كَالْعِهْنِ الْمَنفُوشِ ﴾ ڕۆژێك کە خەڵکی وەك پەپوولەی پژێنراو وان. (کاتێ هەندێ پەپولە بەسەر درەختێکەوە دەنیشنەوە، ئەگەر کەسێك بڕوا هەڵیان فڕێنێ، چۆن دەچن بەناو یەکاو ئەپژێن و بەملاوبەولادا دێن و دەڕۆن).

کاتێ فەرمان لەخواوە دەردەچێ بۆ ئەوەی ئەم عالەمە تێك بچێ، ئەم زەوی‌یە وا لێی دەدرێ کە ئینسانەکان ئەپژێن و بە ئاسمانەوە دەچن بەناو یەکا، هەروەك ئەو پەپوولانە کە چۆن دەڕۆن بەناویەکا. ئەو کێوانە- کە ئاوەها توندو مەحکەم داچەقێنراونو زەویان مەحکەم کردووە، بەوگەورەیی و مەحکەمی‌یە- لەو ڕۆژەدا وەك خوری‌یەك کە ڕەنگین بێ و تێك ئاڵابێ و بە یەکا شێوابێ، ئاوایان لێ دێ .. ئەو

کێوانە هەیانە خاکەکەی سوورە، هەیانە ڕەشە، هەیانە سپییە، لەو ڕۆژەدا تێکەڵ دەبن بەیەکا، وەك خوریەکی ڕەنگاوڕەنگ پێ تێك ئالاَ پێ بەیەکا . ئەو ڕوداوەیە کە ئاوا دەکا.

ئەوکاتە چی دەبێ؟!

﴿فَأَمَّا مَنْ ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُ فَهُوَ فِي عِيشَةٍ رَاضِيَةٍ﴾: جا کەسێك کەکردەوەکانی دەکێشرێن ، ئەگەر سەنگین بوون ئەوە لەژیانێکایە ئەوەندە پەسەندو باشە، کە ژیانەکە خۆی لەخۆی ڕازییە!! وەك چۆن کەسێك ببێت بە خزمەتگوزاری کەسێك، ئەگەر گەورەکەی لێی ڕازی بوو خۆیشی لەخۆی ڕازییە، خۆیشی دڵی بە خۆی خۆشە، وەك چۆن مەسەلەن ژنێك ئەگەر مێردەکەی لێی ڕازی بوو خۆیشی دڵی بەخۆی خۆش دەکا، زۆری پێ خۆشە خۆیشی لەخۆی ڕازی دەبێ چونکە مێردەکەی لێی ڕازییە، ئەو ژیانەش ئاوایە کە خۆیشی لەخۆی ڕازی دەبێ!! لەبەرئەوەی هیچ کەمو کوڕیەکی تیانیە . ئەخەفەتی تیایەو ئەترس. چونکە ئینسان هەرئاواتێکی ببێ پێی دەگا، هەرچیەکیشی دەست دەکەوێ لەدەستی دەرناچێ . خەفەتی نیە، چونکە هەموو ئاواتەکانی دێنە جێ، ترسیشی نیە، چونکە هیچێك لەوانەی پێی دراون لەدەستی دەرناچێ.

بەلاَم کێن ئەوانەی‌کردەوەکانیان سەنگینن لەتەرازووی خوادا؟ ئەوانەن وا ئیمانەکەیان جێگیر بووبێ، بەوجۆرەی لەمەوپێش ڕوونمان

کردەوە . ئەوانەن دڵیان دامەزراوە. هەرروەك وتمان ئەگەر کەسێك ئیمانی دانەمەزرابێ، جارێك کردەوەیەکی چاکیش ئەنجام بدا، لەبەرئەوەی دانەمەزراوە سوودی نیە بۆی، هەروەك دەفەرموێ: ﴿وَقَدِمْنَا إِلَى مَا عَمِلُوا مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَاهُ هَبَاء مَّنثُوراً﴾ : زۆرێك لەو ناموسڵمانانە کردەوەی باشیشیان هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی کردەوەکانیان هاوکات لەگەڵ ئیمانی دامەزراو نەبووە، خوا دەفەرموێ : دەرۆینە پێشەوە بۆ کردەوەکانیان، وردوخاشیان دەکەین بەسەریەکدا، وەك تۆزی پەڕاو.. چونکە ئیمانی لەگەڵ نەبووە. ئاخر کردەوە خۆ زاهیرو ڕواڵەتەکەی حساب نیە . ئەگەر ئینسانێك هەزار نوێژ بکا، لەبەر خوا نەبێ، بە ئیمانەوە نەبێ، دەردی ناخوا. هەر کردەوەیەك دەبێ ڕوحێکی ببێ ، ڕوحەکەشی بریتیە لەو ئیمانە دامەزراوەو لەو ئیخلاسەو لەبەر خوا کارکردن.. کەسێك ئیمانی دامەزراو بوو، کردەوەکانی لەمیزانی خوادا سەنگینیان هەیە، ئەوە لە ژیانێکدایە کە ئەوەندە لە ژیانەکەی ڕازییە، ژیانەکەش لە خۆی ڕازییە ..

﴿ وَأَمَّا مَنْ خَفَّتْ مَوَازِينُهُ فَأُمُّهُ هَاوِيَةٌ ﴾: بەڵام کەسێك کردەوەکانی سووك بوون، ئەوە دایکی بریتییە لە شتێکی داکەوتوو، شتێکە وا لەخواری خوارەوە، ئەو دایکەی وا ئەیگرێتە باوەشو هەڵی دەگرێ، چاڵێکی قووڵو جێگایەکی داکەوتووە ونزمە و لەخوارەوەیە . ﴿ وَمَا أَدْرَاكَ مَاهِيَهْ ﴾ جا چ شتێك تۆی وا لێ کردوە کە بزانیو پەی بەری

بەوەی ئەو (هاوية)يە، ئەو قوولاییيە، ئەو شتە داكەوتووە لەخوارەوە، چییه؟ ﴿ نَارٌ حَامِيَةٌ ﴾ ئەوە ئاگرێکی زۆر زۆر داغە . ئەوە دایکەتی، ئەوە ئەیگرێتە باوەش و ناهێڵێ لە باوەشی بێتە دەرەوەو ڕزگاری بێ !!

## پوختەیەك لە تەفسیری سورەتی (الانفطار)

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ ﴿إِذَا السَّمَاءُ انفَطَرَتْ (١) وَإِذَا الْكَوَاكِبُ انتَثَرَتْ (٢) وَإِذَا الْبِحَارُ فُجِّرَتْ (٣) وَإِذَا الْقُبُورُ بُعْثِرَتْ (٤) عَلِمَتْ نَفْسٌ مَا قَدَّمَتْ وَأَخَّرَتْ (٥)﴾:

کاتێك ئاسمان لەت بوو، ئەو ئاسمانە بەو هەموو مەحکەمییەوە . دیارە ڕووداوەکە زۆر سەنگینەو زۆرقورسە کە ئاسمانی پێ لەت دەبێ ( کاتی هاتنی قیامەت).. کاتێك ئەستێرەکان پرژوبڵاو بوونەو لەجێگای خۆیان هەڵکەنران. کاتێك کە بەحرەکان، دەریاکان، تێك دران بەیەکداو ئەو زەوییانەی لەبەینیاندان لەت کران بەجۆرێك ئاوی بەحرەکان هەموو تێکەڵاوی یەك بوون.. کاتێك قەبرەکان هەڵوەشێنرانەوە بەجۆرێك هەرچییەك لەیاندایە خرایە دەرەوە.. لە ناوەها کاتێکدا هەرکەسێك دەزانێ چ شتێکی لەژیانی خۆیا ئەنجام داو، چ شتێکیشی خستە شوێن خۆی.. دەزانێ تاکاتێ خۆی زیندوو بوو چی کردو چی نەکرد؟ دوای خۆیشی چ ڕەوشت و بەرنامەیەکی

جێهێشت بۆ خەڵکی‌ترکە لەسەری بڕۆن؟ جا دەیزانی، تەنها هەر زانین نی‌یە؟!

بەڵێ (عَلِمَتْ): دەیزانێ بۆ ئەوەی جەزاکەی وەربگرێتەوە، ئەگەر لەژیانیا کاری باشی کردبێ بەئیمانی دامەزراوەوە، لەشوێنی خۆی ڕەوشتی جوانی جێ هێشتبێ ، جەزای باشی دەست دەکەوێ . هەروەها ئەگەر لەژیانیا کاری خراپی کردبێ ، یا کاری باشی کردبێ، بەڵام نەك بە ئیمانی دامەزراوەوەو ڕەوشتی خراپی جێ هێشتبێ لە شوێن خۆی، ئەویش جەزای خراپی خۆی وەردەگرێتەوە.

﴿ يَاأَيُّهَا الإِنسَانُ مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ الْكَرِيمِ (٦) الَّذِي خَلَقَكَ فَسَوَّاكَ فَعَدَلَكَ (٧) فِي أَيِّ صُورَةٍ مَا شَاءَ رَكَّبَكَ (٨) ﴾ ئەی ئینسان!! زۆر سەرزەنشتو تەوبیخی تیایە . تۆ ئینسانی!! دەبوایە ئینسانیەتی خۆتت بپاراستایە . دەبوایە ئینسانیەتی خۆتت لە دەست نەدایە ..

ئاخر ئینسان بۆ ئەوە بوو بە ئینسان ڕێگای بەندەیی خوا بگرێ . خۆی نەخەڵەتێنێ . شتێك نەیخەڵەتێنێو لەڕێی خوا لای بدا.. ئەی ئینسان! (وەك كەسێك بەناو عالمی دینە بەڵام بە عیلمەکەی کار ناکا ، پێی ئەوترێ : ئەی عالمی دین!! ئەوە چی دەکەی؟! سەرزەنشتی دەکرێ)..

ئەی ئینسان! ئەوە چی تۆی هەڵ خەڵەتاندووەو وای لێ کردووی لەبیرت چۆتەوە تۆ لەبەرانبەری خاوەنەکەتەوە، (ئەو خاوەنە بەڕێزەی

ئەو هەموو چاکەیەی لەگەڵ تۆ کردووە کە باسیان دەکرێ) قەرارت گرتووە، چی لەبیری بردویتەوەو هەڵی خەڵەتاندووی؟ لەبیرت نەماوە کە تۆ لەگەڵ خاوەنەکەت مامەڵە دەکەی؟ ئەو خاوەنە بەرێزەی هەر وەصفێك شایان بێ ، هەیەتی؟ ئەوەی تۆ بتەوێ لە نیعمەتو ئیمکانات بۆی ئامادە کردووی؟ ئەوەی کۆسپو گرفت بێت لەسەر رێت لای داوە..

رۆژێکی داناوە بۆ ئەوەی ئەگەر کاری باش بکەی جەزاو پاداشتی باشت پێ بداتەوە، ئەگەر کاری خراپ بکەی پاداشتی ئەوەشت پێ بداتەوە. ئەو خاوەنەی بەرنامەی ژیانت بۆ دەنێرێو بۆت رۆشن دەکاتەوە دەبێ چی بکەیتو چی نەکەیت؟ ئەو خاوەنەی ئەگەر رێگای بەندەییت گرت کۆمەکت دەکاو بۆت فەراهەم دەکاو بۆت رێك دەخا.. ئەو خاوەنەی دروستی کردیت . پاشان رێکوپێکی کردی ، بەپێی ئەو نەخشەیەی لای خۆی رژاندبووی بۆت . چ نەخشەیەکی رژاند بۆت کە چۆن دروستت بکات، ئاوا رێك دروستی کردی .. وا دروستی کردی هیچ لایەکت زیانی بۆ ئەو لاکەی ترت نەبێ . تەوازونی بۆ دروست کردی . (ئەمە پێویستی بە روونکردنەوە هەیە): بەم مەعنایە:

واتە: وای خەلق نەکردی رۆحت زەرەر بگەیەنێت بە لاشەت، وای خەلق نەکردی لاشەت زەرەر بگەیەنێت بەرۆحت .. وای خەلق

نەکردی چاوت کاتێك خەریکی سەیرکردنی مەخلوقاتی خوابێ زیانی بگەیەنێ بەدڵت، یا بەگوێت. وای خەلق نەکردی کاتێك گوێت پەیوێ بەرنامەی خوا وەرگرێ زەرەرێ بگەیەنێت بەچاوت، یا بەدڵت. وای خەلق نەکردی دڵت زەرەرێك بگەیەنێ بەئەندامانیتر، بەجۆرێك خەلقی کردی هەموو ئەو شتانەی پێی داوی هاوکاری یەك بن‌و کۆمەکی یەکتر بکەن.. خوای گەورە وا دروستی کردی، تەوازونی پێ دای، وای خەلق کردی هەرچی‌یەکی پێ داوی ئەرکی خۆی ئەنجام بداو نەبێتە کۆسپ لە ڕێی ئەوانی تردا..

لە ڕواڵەتێکدا کە خۆی ویستی بەوجۆرە پێکی هێنای، ئاوا ڕێکی خستی .. ئەگەر بیویستایە بەجۆرێکی تریش خەلقت بکا وای لێ ئەکردی، هەموو شتێکت لەدەست ئەودایە، بەویست‌و بە ئیرادەی ئەوە، ئەوەیە (أحسن تقويم).

دەی تۆیەك کە ئاوا خاوەنێکت هەیە، ئاوای لێ کردووی، چۆن دەبێ بخەڵەتێی؟ چۆن دەبێ گوێ ڕاگری بۆ دوژمنی خواو بۆ شەیتان کە مەسئولیەتەکەت لەبیر ببەنەوەو لە ڕێگای بەندەیی لات بدەن ؟ .

جا تەنها وردبوونەوە لەمە، ئەبێ بەس بێ بۆ ئەوەی ئینسان داچڵەکێ‌و ڕێگای خوا بگرێ . ئەو خاوەنەی ئاوا بەرێزو کەریمە . ئەو خاوەنەی بەو جۆرە خەلقی کردووە، ئەشتوانێ ڕۆژێ لەرۆژان زیندووی بکاتەوەو پرسیاری لێ بکا، دەی زۆر بەجێیە ئینسان هەرکات

ئەمەی بیست (ئیحساسی مەسئولیەت‌و ئەرك ناسین) هەموو گیانی داگیر بکاو، ڕێگای بەندەیی بگرێ، بەلام ئایا خەلکی ئاوان؟ ئایا ئینسان ئاوایە؟!

﴿ كَلاَّ بَلْ تُكَذِّبُونَ بِالدِّينِ (٩) ﴾ نەخێر، زۆر گومڕاترو خەلەتاوترن لەوەو بیر ناکەنەوە . (ڕوو دەکاتە ئەوانەی غافل بوونەو خەلەتاون). ئەو باسە بە درۆ ئەژمێرن، دەلێن : درۆیە کە ڕۆژێك بێت‌و ئینسان لەو ڕۆژەدا جەزای کردەوەکانی خۆی ببینێتەوە، بەلام دلنیا بن جەزای ئائەو بەدرۆخستەوەو باوەڕ پێ نەکردنە دەبیننەوە .

﴿ وَإِنَّ عَلَيْكُمْ لَحَافِظِينَ (١٠) كِرَامًا كَاتِبِينَ (١١) يَعْلَمُونَ مَا تَفْعَلُونَ (١٢) ﴾: باش بزانن هەندێ مەئمور مەسئول کراون بەسەرتانەوە، بەباشی مەئموریەتی خۆیان ئەنجام دەدەن، بەباشی پارێزگاریتان لێ دەکەن‌و چاودێریتان دەکەن . هەرچییەك ئێوە ئەیکەن پێی دەزانن‌و، هەرچییەك پێی دەزانن دەینووسن، جا دوایی ئێمەیش لەسەر ئەو ئەسابەو بەپێی ئەوە، پاداشت‌و جەزاتان دەدەینەوە . کە بەم جۆرە دەبێت :

﴿ إِنَّ الأَبْرَارَ لَفِي نَعِيمٍ (١٣) وَإِنَّ الْفُجَّارَ لَفِي جَحِيمٍ (١٤) يَصْلَوْنَهَا يَوْمَ الدِّينِ (١٥) وَمَا هُمْ عَنْهَا بِغَائِبِينَ (١٦) ﴾ : بەڕاستی ئەوانەی چاکە کارن، ئەوانەی وا ئیمانیان دامەزراوە، کارو پیشەیان کاری چاك ئەنجام دانە، ئەوانە لە نیعمەت‌و خۆشبەختیەکدان کە وەسفو سەنای

هەر ناکرێ، مەگەر لەو وەختەدا ئینسان لێی حالی بێت کە چی‌یە؟
ئەوانەش کە (فاجر)ن، ئەوانەی لە سنووری بەندەیی دەرچوون (وەك ئەوەی بەندایەتی حەوشە وحەسارێك بێت‌و تێکیان دابێ‌و کەلەبەریان تێ‌خستبێ‌و لەو کەلەبەرەوە چووبنە دەرەوە)، (ئەوە مانای فجورە) ئەوانەی وا لەسنووری بەندایەتی دەرچوون‌و لەرێی خوا چوونەتە دەرەوە، ئەوانە لە ئاگرێکی سەختی داگیرساودان هەر وەسف ناکرێ، مەگەر هەر لەو رۆژەدا بزانن چیە، دەکەونە ناوی‌و، ئیتر هەرگیز لێی جیا نابنەوەو هەرگیز لەناویا غایب نابن.

جا وا فکر نەکەن کاری دادگای خواو زیندانی خوایش وەك کاری دادگای فەرمان ڕەواکانی دونیایە، وەك کاری زیندانەکانی ئەوانە کە (وەکیل)و (مدافع)و (واسیتە) هەبێت‌و دل خۆش کەن ئەگەر چوونە ناو جەهەننەم دوایی رێی هاتنە دەریان هەیە.

﴿وَمَا أَدْرَاكَ مَا يَوْمُ الدِّينِ (١٧) ثُمَّ مَا أَدْرَاكَ مَا يَوْمُ الدِّينِ (١٨)﴾ :جا، چی تۆی وا لێ کردووە ئەوە بزانی‌و پەی بەری بەوەی ئەو رۆژە کەیە؟ تۆ چوزانی ئەو ڕۆژە کەیەو چۆنە؟!

﴿يَوْمَ لَا تَمْلِكُ نَفْسٌ لِّنَفْسٍ شَيْئًا وَالْأَمْرُ يَوْمَئِذٍ لِّلَّهِ (١٩)﴾: ئەو رۆژە رۆژێکە کەس بۆ کەس دەسەلاتی نیە، فەرمان لەو رۆژەدا بۆ خوایە. دەی فەرمانی خوایش لەسەرئەوە بوونەوەی وا چاکەکارە لەو خۆشبەختیەدا بێ کە وەصف‌و سەنای ناکرێ. ئەوەش کە فاجرە و

لەرێی بەندەیی دەرچووە لەو ئاگرە هەلگیرسێنراوەدا بێ ،کە ئەویش وەصف ناکرێ. ئەبێ ئەم عالەمە بڕوخێنرێ بەسەر یەکاو عالەمێکیتر خۆش بکرێ، زروفێکیتر بێتە ڕوو.. ئەم عالەمەی بۆ ئەوە دروست کردووە ئینسان تیایدا تاقی بکرێتەوە. دەبێ عالەمێکیتر دروست کا بۆ ئەوەی ئینسان جەزای کردەوەکانی تیا ببینێتەوە. ئەو عالەمەش جۆرێکیتردەبێ ، جیاواز لەم عالەمە .

## قۆناغەکانی هاتنی قیامەت و شەپۆرەکان

لەبارەی قیامەتەوە ئایەتی زۆر هەن لەقورئاندا ، هەر کام گۆشەیەکی لێ دیاری دەکەن . وەك ئەو ئایەتانەی باس لەوە دەکەن ئاسمان لەتوپەت دەبێ و دەڕوخێ بەیەکدا، زەویش وای لێ دێت، کەژو کێوەکانیش وایان لێدێت . ئەستێرەکان ئەکوژێنەوەو دەڕژێن بەسەریەکدا. مانگەو ڕۆژ ئەکوژێنەوەو دەدرێن لەیەك . شتی تری زۆرکە کورتەی ئەوانە ئەوەیە پێنج قۆناغ هەیە تا دواهاتنی ڕۆژی قیامەتو تا جێگیر بوونی ئەهلی بەهەشتو جێگیر بوونی ئەهلی دۆزەخ لە دۆزەخدا، قۆناغەکانیش بەم جۆرەن :

**شەیپورەکان:**

هەروەك چۆن لەناو هەندێ سوپاو نیزامی سەربازی دونیادا باوە،کاتێ ئەیانەوێ فەرمانێك بدەن بەسەربازەکان، بۆ ئەوەی زوو بگا پێیان و هەموو سەربازەکان بە یەکجار فەرمانەکە بەدن بەرێوەو ئیتاعەت بکەن، لەباتی ئەوەی یەکە یەکە بەو سەربازانە بڵێن : ئاوا بکەن، بخەون، هەڵسن، وەرن بۆ ریز.. لەباتی ئەوە، بڕیاریان داوە کە سێ جار شەیپوور لێ دەن. جارێکیان شەو کاتێ ئەیانەوێ سەربازەکان هەموو بخەون، یەکجار شەیپور لێ ئەدەن‌وئەبێ هەر کەس هەربەوە فەرمانەکەی بیست بخەوێ. بەیانیش بۆ ئەوەی هەڵسن هەروا شەیپورێکی تر لێ ئەدرێ بۆ ئەوەی هەموو بە خەبەر بێن‌و هەڵسن. دوای ئەوەی کە هەڵسان‌و خۆیان ئامادە کرد شەیپوری سێهەم لێ ئەدرێ، (شەیپووری ئامادەبە)، بۆ ئەوەی هەموو بچن بو مەیدانی تەکلیف‌وئەرك . هەروەك لەناو ئەم سوپاو نیزامی‌یانەی دونیایەدا باوە، خوای گەورەش بڕیاری داوە سێ دانە شەیپوور لێ بدرێ:

شەیپووری یەکەم  کە قۆناغی یەکەمی سەرەتای قیامەتە: کاتێ کە عومری ئینسان لەسەر زەویدا کۆتایی دێت‌و دەورانی تاقیکردنەوە تەواو دەبێ، ئیتر قەرار نیە ئینسان بمێنێتەوە لەسەر زەویدا. شەیپوورێك لێ دەدرێ‌و فەرمانێك دەردەچێ کە هەموو شتێکی پێ دەگۆڕێ، ئاسمان‌و زەوی پێ دەڕوخێ و، کەژوکێوی پێ ئەشێوێ‌و ئەستێرەو

مانگ‌و رۆژی پێ تێك دەچێ‌و، ئینسانی پێ دەمرێ‌و، گیاندارەکانی هەموو پێ دەمرن. بەکورتی هەموو شت دەگۆڕێ‌و تێك دەچێ ..

ئەڵبەتە لەسەرەتاوە ئینسان دەمێنێ تا بەعزێ لەو شتانە ببینێ. وەختێ شەیپوورەکە لێ دەدرێ زەوی تەکان دەخوار دەکەوێتە لەرزە. کەژو کێوەکان لەجێی خۆیان هەڵدەکەنرێن‌و، دەبن بەتۆزو دەپژێن. لەو وەختەدا ئینسان چەند لەحزەیەك دەمێنێ بۆ ئەوەی ئەوانە ببینێ. بۆیە ئەم پرسیارە دەکا، هەروەك لە سورەتی( لزلزە) باس کرا: ﴿ وَقَالَ الإِنسَانُ مَا لَهَا ﴾: ئینسان سەرسام‌و سەرگەردان ئەمێنێ ئەڵێ : ئەمە چی‌یە؟ زەوی چی‌یەتی؟ بۆ ئاوای لێ هاتووە؟

ئەوە شەیپوری یەکەم، کە هەموو شت تێك دەچێ، خوا دەفەرموێ : ئاسمان وەك ڕۆنێکی لێ دێ کە دێتە قوڵ و قوڵپ ئەدا. یا وەك گوڵەباخ سوور دەبێتەوە . کەژو کێوەکانیش وەك خوریەکی رەنگاورەنگی ئاڵۆسکاویان لێ دێت، زەوی ساف‌و سارا دەبێتەوەو، بەرزی‌و نزمی تیا نامێنێ، ئەستێرەکان هەموو ئەرژێن بەسەر یەکاو، رۆشنایی‌و تیشکیان نامێنێ‌و مانگ‌و رۆژو هتد هەموو تیادەچن.

شەیپووری دووەم : جا ئیتر دوای ئەوە کە خوا خۆی ئەزانێ چەندە درێژە دەکێشێ . چەندێك زەمان ئەبا.. کاتێ عالەمی‌تر ئامادە دەبێت‌و وەزعیەت ئامادە دەبێ بۆ ئەوەی ئینسان زیندوو بکرێتەوە تا موحاکەمەی بکرێ، فەرمان دەدا شەیپوری دووەم لێ دەدرێ، ئەوەش

قۆناغی دووەمی قیامەتە، هەر شەیپور لێ درا هەموو ئینسانەکانو هەموو بەندەکانی خوا زیندوو دەبنەوە، لەجێگاکەیان (لەقەبرەکانیان) هەڵئەسنەوەو دێنە دەرەوە. جا تۆزێك ماوەیان پێ دەدرێ. ئەوانەی موسڵمانن هەرکە بە خەبەر هاتن و زیندووبوونەوە دەزانن چ خەبەرەو بۆ کوێ دەڕۆن و قەرار لەسەر چی‌یە؟ بەڵام ئەوانەی ناموسڵمان بوونوگوێیان نەداوە بەو ڕۆژە، دەست دەکەن بەباسکردنی ترس‌و لەرزیانو، بەدەربڕینی خەمو حەسرەتیانو دەڵێن: ئا ئەمە چی بوو؟ ئاگمات لێیە چۆن زیندووکراینەوە دوای مردن!؟ ئەوەتا هەمی‌تر دووبارە چووینەوە سەر ژیان، ئاگات لێیە چۆن ڕووبەڕوو بووین لەگەڵ ئەم خەتەرەو چیمان لێ هاتو چیمان کرد بەخومان؟ تۆزێك ماوەیان پێ دەدرێ تا ئەم قسانە بکەن.

شەیپووری سێیەم : دوایی قۆناغی سێیەمی قیامەت دەست پێ دەکاو، فەرمانی شەیپوری سێیەم دەردەچێ! تا هەموو ڕاکەنو بڕۆن بۆ ئەو جێگەیەی کە بڕیارە دادگا ئامادەکرابێ. وەك لەسورەی (یس)دا ئەم سێ شەیپورە باس دەکاو دەفەرمووێ:

﴿ وَيَقُولُونَ مَتَى هَذَا الْوَعْدُ إِنْ كُنتُمْ صَادِقِينَ ﴾ ئەوانەی کە باوەڕیان نی‌یە بەقیامەتو ئیحساسی مەسئولیەت ناکەنو ڕێگای بەندەیی خوا ناگرن، دەڵێن : ئائەمە کە وەعدەی دەدەن کەیە؟ ئەگەر

ئێوە ڕاستگۆن؟ ئەگەر ڕاست ئەکەن ڕۆژێك دێتە پێشەوە، دەی پێمان بڵێن کەیە؟

﴿ مَا يَنظُرُونَ إِلاَّ صَيْحَةً وَاحِدَةً تَأْخُذُهُمْ وَهُمْ يَخِصِّمُونَ ﴾، دەفەرمووێ : باهەر ئاوا بڵێن. با بڕوایان نەبێ. تا کاتەکەی دێتە پێشەوە، مەگەر چاوەڕوانی چی دەکەن؟ چی لەسەر ڕێیانە جگە لە یەك شریخە(یەك نرکەی گەورە) کە داگیریان دەکاو دەنیشێتە ملیان، لەحاڵێکا خەریکی کێشمەکێشو جەنگو داواو شەڕو شۆڕن لەسەر دنیاو لەسەر مەتاعی دونیا؟! ئالەو حاڵەدا داگیریان دەکا ، بەجۆرێك داگیریان دەکا کە ﴿ فَلاَ يَسْتَطِيعُونَ تَوْصِيَةً وَلاَ إِلَى أَهْلِهِمْ يَرْجِعُونَ ﴾ کە نە دەتوانن وەسیەت بکەن - ئاخر کێ بۆ کێ وەسیەت بکا؟ هەموو کەس تووش هاتووە! وانیە کە کەسێك گرفتار بوو بێو کەسێکی تر گرفتار نەبێ ، تا ئەم وەسیەتێك بکا بەلای ئەوەوە. نە دەتوانن وەسیەتێ بکەن- نە دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ لای خێزانو کەسوکاریان (ئەمە شەیپوری یەکەم).

﴿ وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَإِذَا هُمْ مِنَ الأَجْدَاثِ إِلَى رَبِّهِمْ يَنسِلُونَ ﴾ فوو دەکرێ بەشەیپورا بۆ جاری دووەم، هەر ئەوەندەت زانی لەقەبرەکانیان دەردێنو بەپەلە ڕادەکەن بەرەو لای خاوەنەکەیان ﴿ قَالُوا يَاوَيْلَنَا مَنْ بَعَثَنَا مِنْ مَرْقَدِنَا هَذَا مَا وَعَدَ الرَّحْمَانُ وَصَدَقَ الْمُرْسَلُونَ ﴾ ئەڵێن :

ئەی وای! ئەی هاوار! کێ لەجێ خەوەکەمان ڕای پەراندین‌و زیندووی کردینەوە؟!

ئەگەر چی ئینسانی نامسوڵمان‌و کافر لەقەبرا لەبەینی مردن تا قیامەتا عەزابی هەیە، بەڵام ئاتەو مەترسی‌یە نی‌یە کەوا لەکاتی زیندووبونەوەدا دەکەویتە بەرچاوی‌و دەزانێ کە لەسەر ڕێیە. ئەوەندە کارەساتەکە گەورەیە کە ئەمەی تر بەخەوی شیرین دەزانێ..

بەڵێ، هاوار دەکەن : کێ لەو خەوە خۆشە ڕای پەراندین؟ زۆری پێ ناچێ کە خۆیان بیر دەکەنەوەو لەخەوی غەفڵەت بەخەبەر دێن‌و، دەڵێن : ﴿هَذَا مَا وَعَدَ الرَّحْمَانُ وَصَدَقَ الْمُرْسَلُونَ﴾ : ئەمە ئەوەیە کە خوای ڕەحمان وەعدەی دا، نێرراوەکانی خواو پێغەمبەرەکانی- کەناردنی بۆ گەیاندنی ئەمە- ڕاستیان فەرموو. (ئەوەش شەیپووری دووەم). تۆزێ مۆڵەتیان دەدرێ کە ئەم قسانە بکەن.

جادوایی شەیپوری سێیەم دێت: ﴿إِنْ كَانَتْ إِلَّا صَيْحَةً وَاحِدَةً فَإِذَا هُمْ جَمِيعٌ لَدَيْنَا مُحْضَرُونَ﴾ هەریەك شریخەی تره. دوای ئەوە هەر ئەوەندەت زانی هەمووی کۆکراونەتەوە لەلای ئێمە (خوا دەفەرمووێ)، ئامادە کراون بۆ ئەوەی پرسیاریان لێ بکرێت‌و موحاکەمە بکرێن. ئەوەش قوناغی چوارەمە کە دەست پێ دەکا.

جا موحاکەمەکە چۆن دەکرێ ؟ : ﴿فَالْيَوْمَ لَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْئًا وَلَا تُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ پێیان ئەوترێ : ئەمڕۆ هیچ کەس

کەمترین ستەمی دەرهەق ناکری، یانی هەرکەس چەندە کردەوەی باشی هەیە ئەوەندە پاداشتی دەدریتەوەو یەك زەررە لەپاداشتی کەم ناکریتەوە. هەروەها هیچ کامیشیان بیجگە ئەوەی خوی ئەنجامی داوە پاداشتی پی نادریتەوە، خوی چی کردووە هەر ئەوەندە پاداشتی هەیەو هەرکەس پاداشتی کرداری خوی وەردەگری.

ئانەوەش بەرنامەی دادگایە.. پاش ئەوە قوناغی پینجەم و کوتاییە، لەسەر ئەو ئەساسە خەلك ئەبن بەدوو بەشەوە ﴿ إِنَّ أَصْحَابَ الْجَنَّةِ الْيَوْمَ فِي شُغُلٍ فَاكِهُونَ ﴾: جا ئەوانەی کە ئەهلی بەهەشتن ئا لەورۆژەدا خەریکی شتیکن، سەرگەرمی کاریکن، بو خویان خەریکن رائەبویرن، کەیف خوشن.

﴿ هُمْ وَأَزْوَاجُهُمْ فِي ظِلَالٍ عَلَى الْأَرَائِكِ مُتَّكِئُونَ ﴾ : خویانو هاوسەرەکانیان لەسیبەرەکانا، لەسیبەری باخەکانی بەهەشتا، لەسەر ئەو سیستەمانە کە کەژاوەیان بەسەرەوەیە- کە بو بووکی ئەرازیننەوە- پالیان داوەتەوەو خەریکی ئیسراحەت کردنو رابواردنن.

﴿ لَهُمْ فِيهَا فَاكِهَةٌ وَلَهُمْ مَا يَدَّعُونَ ﴾ : لەویدا میوەی زوریان بو هەیە.. هەروەها هەرچییەك کە داوای بکەن.

﴿ سَلَامٌ قَوْلًا مِنْ رَبٍّ رَحِيمٍ ﴾ : هەروەها سەلامیشان لی دەکری، سەلامەتییان پی دەدری، رزگار دەکرین، ئەوەش بریاریکە لەلایەن خاوەنیکەوە کە بە بەزەییەو رەحمەتی هەیە. یانی هەروا کە هەموو شتە

خۆشەکانیان هەیە، بەهەمان جۆر ساڵم و ڕزگارن لەهەر شتێك کە ناخۆش بێ.

جا کاتێ کافرەکان نەکەونە شوێن موسڵمانان تا بەشوێنیانا بڕۆن، خوا دەفەرمووێ: ﴿ وَامْتَازُوا الْيَوْمَ أَيُّهَا الْمُجْرِمُونَ ﴾ : ئێوە ئەی موجریمەکان! ئەی ئەوانەی وا لەژیانتانا بەرچاکتان هەڵکردبوو، هەر سەممەری گوناهوگوناهکاریتان دەچنی ئەوە واتای (جُرْم)ە! ئەی ئەوانەی وا کارتان هەر ئەوە بوو نافەرمانی بکەن و لەرێگای بەندەیی خوا دەرچن! جیا بنەوە، دەی! تێکەڵیان مەبن، مەکەونە شوێنیان، ئیمڕۆکاتی جیابوونەوەتانە!!

﴿ أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَابَنِي آدَمَ أَنْ لَا تَعْبُدُوا الشَّيْطَانَ ﴾ : ئەی ئەوەکانی ئادەم! مەگەر پەیمانم لەگەڵ نەبەستن بەندەیی نەکەن بۆ شەیتان؟ ئیتاعەت و فەرمانبەرداری نەکەن و بەپێی فەرمانی ئەو نەڕۆن؟!

جا دەفەرموێ ﴿ يَابَنِي آدَمَ ﴾ (زۆر سەر زەنشتی تیایە). ئەیخاتەوە بیریان: ئاخر مەگەر ئێوە کوڕی ئەوئادەمەنین کە شەیتان ئەو بەڵایەی بەسەریا هێنا؟ دەی بۆ پەندتان وەرنەگرت؟! بۆ بیرتان نەکردەوە کە شەیتانێ وای کرد لە باوکتان دیارە بۆ ئێوەش خێر نالێ، بۆکەوتنە شوێنی؟! ﴿ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُبِينٌ ﴾ : بەڕاستی ئەو بۆ ئێوە دوژمنێکی زۆر زۆر ئاشکرایە.

﴿وَأَنْ اعْبُدُونِي﴾ : مەگەر پەیمانم لەگەڵ نەبەستن کە بەندەیی بۆ من بکەن؟! لەژیانا من چ فەرمانێ دەدەم لەوە ئیتاعەت بکەن، من چ ڕێگایەکم بۆ داناون بەو ڕێگایەدا بڕۆن؟! ﴿ هَذَا صِرَاطٌ مُسْتَقِيمٌ ﴾ : ئائەمە ڕێگایەکە ، هەم بەرەحەت ئینسانی پیا ئەچێ، هەم ڕاست و موستەقیمەو ئەیگەیەنێ بەجێگا ومەقسەدی خۆی.

﴿ وَلَقَدْ أَضَلَّ مِنكُمْ جِبِلًّا كَثِيرًا ﴾ : شتێ‌تریش بوو دەبوایە تەجروبەتان لێ وەربگرتایە، پەندتان لێ وەرگرتایە، شەیتان چەند گەلو جەماعەتی زۆری لەنێوە گومڕا کردو سەری لێ شێواندن؟! دەی بۆ؟! بۆ بیرتان نەکردەوە ئەو شەیتانەی ئەو هەموو جەماعەت‌و دەستەو تاقمەی گومڕا کردووە حەتمەن ئێوەش هەر گومڕا دەکا، ئەگەر بەقسەی بکەن! بۆ تەجروبەتان وەرنەگرت کە ئێوەش شوێنی نەکەون؟

﴿ أَفَلَمْ تَكُونُوا تَعْقِلُونَ ﴾: ئەوە نەتانئەتوانی بیر بکەنەوەو عەقڵ بخەنە کارو تێ‌فکرن کە شەیتانێك ئاوا دوژمنی باوکتان بوو، ئاوای کرد لەگەڵ دەستە پێشووەکان، بۆ ئێوەش خێر ناڵێ‌و بۆ بەختیاریی ڕێنمایی‌تان ناکا! .

﴿ هَذِهِ جَهَنَّمُ الَّتِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ ﴾ دەی کەواتە : ئائەمە ئەو جەهەنەمەیە وا وەعدەتان پێ دەدرا، پێتان ئەوترا کە دەچن‌و تووشی دەبن.

﴿ إصْلَوْهَا الْيَوْمَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ ﴾ : جا ئیمرۆ لەبەرئەوەی حەقتان قبوڵ نەنەکردو نەکەوتنە شوێن بەرنامەی خوا- دوای ئەوە کە بۆتان ڕۆشن کرایەوە- وختتانە پشتگوێ، دەی تووشی بن و بکەونە ناوی. (ئایەتەکە هەمووی بەیەکەوە دەنووسری، ئینجا تەفسیر بەدوایا دەکرێ ).

﴿ الْيَوْمَ نَخْتِمُ عَلَى أَفْوَاهِهِمْ ﴾ : ئیمڕۆ مۆر ئەنێین بەسەر دەمیانا بۆ ئەوەی قسە نەکەن و چەنەبازی نەکەن. بۆ ئەوەی قسەی زیادە نەکەن، چونکە ئەو کات و جێیە جێی قسەی زیادکردن نیە، مۆر دەنێین بەسەر دەمیانا. ﴿ وَتُكَلِّمُنَا أَيْدِيهِمْ وَتَشْهَدُ أَرْجُلُهُمْ بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ ﴾ : دەستەکانیان لەگەڵمان قسە دەکەن و خەبەر دەدەن ئەو کەسە چی کردووە و چی نەکردووە. پێیەکانیان شایەتی دەدەن لەسەرخۆیان کە ئەوەیان کردووە و ئەوەیان نەکردووە..

(کەواتە پێنج قۆناغەکەی قیامەت بەم جۆرەن):

یەکەم: شەیپووری یەکەم کە هەموو عالەم تێك دەچی بەسەریەکاو خەڵکی دەمرن.

دووەم: شەیپووری دووەم کە هەموو زیندوو دەبنەوە.

سێیەم: شەیپووری سێیەم کە هەموو کەس ئامادە دەکرێ بۆ دادگای خوا.

چـوارەم: قۆنـاغی موحاكەمەكـە كـردن بـوو.. هەركـەس بـەپێی كردەوەو عەمەلی خۆی، موحاكەمەی دەكرێو وجەزاو پاداشتی بـۆ دیار دەكرێ.

پێنجـەم: كاتێكـە دەدرێـە بـەرو دەكەونـە رێ، دەسـتەیەك بـۆ بەهەشتو، دەستەیەك بـۆ جەهـەنەم. بەمـەش كـار دوایـی دێـتو هەركەس لەجێگای خۆی جێگیر دەبێ.

جا ئیتر باسی ئەم پێنج قۆناغەو باسی ئەوەی كە بەهەشت چی تیایەو جەهەنەم چی‌تیایە، لەقورئانا زۆرە، هەروەك وتمان رەنگە لاپەڕەی نـەبێ باسێكی تێدا نەبێ، لەبەرئەوە زۆر لەسەر ئەوە ناچین.

## گۆشەیەك لە بەڵگەكانی زیندووبوونەوە

هەندێكەس ئەوەیان بەلاوە غەریبە ئینسان دوای مردن زیندوو ببێتەوە، زۆرێك هەن - تەنانەت هەندێ لەوانەش كە ناویان موسڵمانە- ئەمە لەدڵیانا بەتەواوی دانەمەزراوە كە ئینسان زیندوو دەبێتەوەو، لەدوای مردنی دەكێشرێتە دادگای خواو موحاكەمە دەكرێ. بۆیە قورئان پڕە لەبەیانی بەڵگەو نیشانە بۆ ئەوەی ئینسان هەر تەواو ڕەحەتو ئاسان زیندوو دەكرێتەوە دوای مەرگی، زۆر سادەیە كە خوا بیكێشێتەوە دادگای خۆی و پرسیاری لیَ بكا.

ئەو بەڵگەو نیشانانە لەدووبەشدا لە قورئاندا بەیان كراون : بەشێكیان باسی ئەوە دەكەن ئەمە ئیمكانی هەیەو دەكرێ خوای گەورە ئینسان زیندوو بكاتەوە. بەشێكیشی باسی ئەوەیە نە تەنها دەكرێ خوا زیندووی بكاتەوە، بەڵكو هەر دەبێ زیندووشی بكاتەوە. ئاخر هەندێ شت هەن دەكرێ ببن بەلاَم نابن، وەك ئەوە كە ئێستا دەكرێ ئەم زەویەیە تووشی زەوی لەرزەیەكی زۆر قورس بێ ئالەم دەقیقەیەدا، بەلاَم نابێ! وەنەبێ هەر شتێ بكرێ و بگونجێ ببێ، حەتمەن بشبێ.

لەو بەڵگەو نیشانانەی كە باسی ئەوە دەكەن خوای گەورە دەتوانێ ئینسان زیندوو بكاتەوە ئەمانەن :

یەكەم/ ئەوە كە دەفەرموێ : خوایەك كە ئاسمانەكانو زەوی دروست كردووە بەو هەموو گەورەییەوە، دەتوانێ ئینسانیش

جارێکیتر کۆ بکاتەوە! مەگەر ئینسـان گرنگترە لە ئاسمانـەکانو زەوی؟ کە ئەوە بکا بۆ ناتوانێ جارێکیتر ئینسـان خەلق بکاتەوە؟!.

دووەم/ خوایەك کە توانیویەتی ژیان بدات بەگیاو بە دارو درەخت، دەتوانێ جارێکیتریش ژیان بداتەوە بە ئینسـان! مەگەر ئەویش هەر ژیان نییە؟! وەختێ توانیویەتی ئاڵەو خاکە شتێکی زینـدوو خـەلق بکـا کـە گیایەو دارو درەختە، دەتوانێ ئینسـانیش زیندوو بکاتەوە جارێکیتر.

سێیەم/ ئەوەیە کە دەفەرموێ : ئەو خوایەی توانیویەتی یەکجار ئێـوە دروست بکا، جارێکیتریش دەتوانێ دروستتان بکاتەوە! مەگەر ئەمجارە چیکەمە لەو جارەی تر؟

چوارەم/ یەکێکیتریش لەو نیشانەوبەڵگانە ئەوەیـە کـە دەفـەرموێ ئەگەر سـەیری ڕابردوو بکەن دەزانن زۆرجـار خـوای گـەورە زۆرێـك قەومو هۆزی لە بەین بردووە، دوای ئەوە کـە گـومڕا بـوونو لـەڕێی بەندەیی لایان داوە، پێغەمبەرێکی ناردووە ڕێگەیان بۆ ڕۆشـن کاتـەوە، بەڵام گوێیان بەقسـەکانی نەداوەو نەهاتونەتەوە سەر ڕێ. دوای ئەوە کە بە ڕەحمەتی خۆی ئەوەی کە پێویست بووە لەهیدایەت بۆی نـاردوون، بـەڵام هـەر نەگەڕاونەتـەوە. بۆیـە تۆڵـەی لێ سـەندونەتەوەو لەبـەینی بردوون. دەی کەسێ کە بتوانێ گەلێك، یا نەتەوەو تایەفەیەك، یا چینو نەوەو نەسلێك، بـەجارێ لەبـەین ببـا؟! بـۆ نـەتوانێ ئینسـان زینـدوو بکاتەوە؟! کەسێ مـردن لـەدەسـتیا بـێ، نەشـتوانێ زینـدوو بکاتـەوە!

هەروەها کەسێ بتوانێ لێرە ـ لە دونیادا ـ تۆڵە بسێنێتەوە، دەتوانێ جارێکیتریش ئینسان زیندوو بکاتەوەو تۆڵەی لێ بسێنێ

پێنجەم/ بەڵگەو نیشانەیەکیتر ئەوەیە ئەوانەی وا سەحلی بەندایەتی خوا بوون، بەندەی موخلیسی خوا بوون، خوای گەورە رزگاری کردوون، وەك : کاتێك تۆفان هەڵئەسێنێ، پێغەمبەرەکەی نوح (علیه الصلاة والسلام)و بەندە بڕوادارەکان کەلەگەڵیا بوون، تووبان ربێك ئەخا کەشتییەك دروست کەدو رزگاریان دەکا. یاکاتێ دەیەوێ تایەفەی (عاد) لەبەین بیا، خەبەر ئەدا بە پێغەمبەرەکەی خۆی هود (علیه الصلاة والسلام)و بە پەیڕەوەکانی : ئەوێ بەجێ بێڵن. بۆئەوەی تووشی بەڵاکە نەبن.. هەروەها بۆ پێغەمبەرەکانیتریش (علیهم السلام) هەرکات ویستویەتی ئەو خەڵکە ستەمکارە لەبەین بیا ، یەکەمجار ئەوانی رزگار کردووەو دووری خستوونەتەوە لەبەڵاکە، پاشان ئەوانیتری لەبەین بردووە.

دەی کەسێ توانی جارێك رێز بگرێ لەئینسانێکی باش لەبەندەکانی خۆی، جارێك پاداشتی بداتەوە، جارێکی تریش دەتوانێ زیندووی بکاتەوەو هەموو پاداشتەکەی پێ بداتەوە. چونکە ئەو پاداشتەی کە لەوێ ـ لە دونیا ـ پێی داوەتەوە زۆر کەم بووە لەچاو ئەو پاداشتەی بڕیاری داوە بیداتەوە، ئەوەی دونیا هەموو پاداشتەکەی

نەبووە. کەوابوو دەبێ ڕۆژێکیتر ببێ لەو ڕۆژەدا هەموو پاداشتە شایستەکەی خۆی پێ بداتەوە.

شەشەم/ بەڵگەیەکیتر ئەوەیە کە دەفەرموێ : بڕوانن، سەیری ئاسمانو زەویو هەرچییەك کە تیایاندایە بکەن، هەر مەخلوقێ ئەیبینین بەجووت جووت دروست کراون. هەردوو شت لە بەرانبەری یەکەوە دانراون، ئاسمانو زەوی، شەوو ڕۆژ، خۆرو مانگ، (خۆر ڕۆشنایی هەیە دەیدا بەمانگو مانگ ئیەتیو لەو ئەیگرێ) خۆر بەڕۆژا دێتو ئەو بەشەودا دێت. ئاسمان بەرزەو بینا کراوە، زەوی نزمەو تەخت کراوە، شەو دیارە تاریکە، ڕۆژ ڕوشنە، شەو هەموو شتێ دادەپۆشێ، ڕۆژ شتەکان دەردەخا.. دەفەرموێ :تەماشای نێرو مێ بکەن، لەبەرانبەری یەکەوەن، هەروەها دەفەرمووێ : چ لەوانەی ئێوە پێی دەزانن، چ لەوانەی ئێوە پێی نازانن هەموو جووت جووتن، جا دەفەرموێ : چۆن دەکرێ هەموو شتێ ئاوا دروست کرابێ، بەڵام سەرەنجامی ئینسان یەك جۆر بێ؟ ئاسمانو زەوی لەبەرانبەری یەکەوەن، هەروا نێرو مێ، هەروەها هەر مەخلوقێك بیگری جووتی تیایەو یەك جۆر نین، دوو جۆرن، دەبێ سەرەنجامیش دوو جۆر بێ یەك جۆر نەبێ.ئایێ کاتێ خەڵکی مردن ئیتر زیندوو نەکرێنەوە، ئاکرێ هەموو سەرەنجامی یەکجۆر بێو لێیان نەپرسرێتەوە، ئایێ هەمووی خۆشبەخت بێ یا هەمووی بەدبەخت بێ، دەبێ دووجۆر بێ. هەروا کە هەموو شتێ

دوو جۆرە، دەبێ سەرەنجامی ئینسانەکانیش دووجۆر بێت.ئەبێ هەندێ خۆشبەخت بن، هەندێکیتر بەدبەخت، بەپێی ئەو ژیانەی بوویانە لەدنیادا..

بەڵگەو نیشانەی زۆری تریش هەن ،بەلام ئەمانە بەسن بۆ ئەوەی ئینسان بزانێ زیندووبونەوەی دوای مردنو، موحاکەمەو لێپرسینەوە هەیە، ئەکرێ ببێتو خوای گەورە قودرەتی لەسەریەتی. جا چۆن توانیویەتی ئەمانە دروست بکا،ئەو شتە جۆراو جۆرانە : نێرو مێ، شەوو ڕۆژ، ئاسمانو زەوی، مانگو ڕۆژ، غەیری ئەوانە.. هەرواش دەتوانێ کارێ بکا کە دووجۆر سەرەنجام ببێ. سەرەنجامی خۆشبەختیو سەرەنجامی بەدبەختی..

## هەندێ لە بەڵگەو نیشانەکانی ڕۆژی دوایی

لە بەشەکەی تردا، (ئەوەی حەقەن دەبێ ڕۆژێ بێتە پێشەوەکە ئینسان پاداشتی کردەوەکانی خۆی ببینێتەوە.) بۆ ئەوەیش بەڵگەو نیشانەی زۆر هەن، هەروەکو لەسورەی فاتیحەدا باسمان کرد. ئەگەر بێتو ڕۆژێك نەبێ خوای گەورە لەئینسان بپرسێتەوە، مانای ئەوەیە کارەکانی - پەنا بەخوا - نابەجێ بووە، ئەو هەموو ئیمکاناتو نیعمەتەی لە ئیختیاری ئینساندا قەرار داوە. خودی ئینسانیشی بۆ ئەوە

دروست کردووە زیاد بکاو بەرەو کەماڵو تەواو بوون بچێ، بەڵام ئینسان ئیستفادەی نەکردووە لە ئیمکاناتو نیعمەتەکان..

ئەگەر بهاتایەوناوا ڕۆژێك نەبوایە ، مانای وایە خوا- پەنا بە خوا- کاری بێهودە دەکا، دەی خۆ خوای گەورە دوورە لەوە، دوورە لەوەی یەك کاری نابەجێش بکا چ جای بگا بەم کارە گەورەیە، کەوابوو حەتمەن دەبێ ڕۆژێك بێ ئینسان پرسیاری لێبکرێ کە چی کردووەو چی نەکردووە؟ بۆیە لەسورەی فاتیحەدا دوای ﴿الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ﴾ دەفەرموێ ﴿مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ﴾.

جا ئەم مەسەلەیە لە زۆرێك لەئایەتەکانی قورئاندا ڕوون کراوەتە. بەڵێ، ناکرێ ڕۆژێك نەبێ ئینسان تیایدا پرسیاری لێ بکرێت و موحاکەمەی بکرێت لەسەر ئەوەی کردویەتی و ئەوەی نەیکردووە.

جا هەندێ لەو دەلیلو نیشانانە ئانەمەن، دەفەرموێ : سەیرکەن بزانن خوا چ بەرنامەیەکی ڕێك خستووە بۆ (با)، بۆ ئەو (با)یانە هەڵم هەڵدەگرن لەدەریاکان و بوخار هەڵدەمژن، دەیبەن بەملاونەولادا تا سارد دەبێتەوەو دەبێتەوە بە ئاوو بارانو دەڕژێتەوە سەر زەویو دەبێ بەهۆی ئەوەی زەوی زیندوو بێتەوەو گیاو دارو درەختی تیا بڕوێو سەوز بێ.. بۆ ئەوەی ببێتە ڕزقو ڕۆزیو لەدەستی ئێوەدا بێ بۆ ئەوەی بتوانن پێی بژینو، بە ئەرکی خۆتان هەستن.

ئەوکەسەی ئەوهەموو بەرنامەیەی رێك خستووە، حەتمەن دەبێ زیندووتان بکاتەوەولێتان بپرسێ : چۆن سوودتان بینیوە لەو مایەی ژیانە..

جا ئیتر ئەمە بەشێوەی جۆرجۆر بەیان کراوە. لەهەر جێیەکا بەشێك لەوحاڵەتانەی بەسەر (با)دا دێن باس کردووە، ڕۆشنی کردۆتەوە ئەوکەسەی ئەو نەزمو بەرنامەیەی ڕێکخستووە بۆ ئەوەی ئەو بایانە ئەو هەڵمانە ببەنو، ئەو هەورانە بەملاوئەولادا بگێڕن، تا باران ببارێو، ئاو بڕژێتە سەر زەویو، زەوی زیندوو ببێتەوەو، ئینسان بتوانێ زیندەگی بکا لەسەر زەویدا، ئەو کەسە ئەو کارانەی کردووە، بۆئەوەی کردووە ئینسان ئیمکانات و نیعمەتەکان لەدەستیا بن، حەتمەن دەبێ ڕۆژێ ئینسان زیندوو بکاتەوەو لێی بپرسێتەوە..

هەروەها وەك لەوەو پێش باسمان کرد باسی کردووە هەروەك چۆن هەرشتێك جووت جووت درووست بووە، هەر دووشت لەبەرابەری یەکەوە قەرار دراون، هەروا دەبێ سەرەنجامیش دووجۆر بێ، نابێ هەمووی یەك جۆر بێ، نابێ هەمووخەڵکی بەدبەخت بێ، یا هەمووی خۆشبەخت بێ. دەبێ زیندوو بکرێنەوەو پرسیارومحاکەمە بێ، سەرەنجامەکانیش دووجۆر دەبن ، هەروەك هەرشتێك دووجۆرە.

دەلیلو نیشانەی زۆری تریش هەن لەقورئانا، ئەگەر یەکە یەکە بەیان بکرێن درێژە دەکێشێ، ئەم ئەندازەیە بەسە ئەگەر ئینسان خێری بوێو، بیەوێ لە ڕێی ئیحساسی مەسئولیەتدا هەنگاو هەڵگرێ.

## پوختەیەك لە تەفسیری سورەتی (قاف)

ئێستا بۆ ڕوون بوونەوەی زیاتری ئەمانەو هەندێ شتیتر، با سورەیەکی تر لە قورئان بخوێنینەوەو ماناکەی بەیان کەین، بەو هیوایەی خوا بیکاتە سەبەبی ئەوەی کەسانێ وا خێریان ئەوێ زیاتر ئیمان لەدڵیانا جێگیر بێ..

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ ق والْقُرْآن الْمجيد ﴾ ق : سوێند بەو قورئانەی‌کە چەند کەلامو چەند قسەیەکە لەگەڵ یەکدا یەکیان گرتووەو پێکەوە موناسیبنو بەیەکەوە پەیوەندی‌یان هەیە، پڕ لەخێرو بەرەکەتن، ئەوە بۆ ئینسان ڕوون دەکەنەوە کە خوای گەورە دەتوانێ زیندووی بکاتەوەو بیکێشێتە دادگا. حەتمەنیش زیندووی دەکاتەوەو دەیکێشێتە دادگا. هەروەها ڕۆشنی دەکەنەوە بۆ ئینسان کە لە دونیادا وا لەبەر تاقیکردنەوەی خوادا، تەکلیفو بەرنامەی بۆ نێرراوە، هەروا بێ تەکلیفو بێ بەرنامە نەهێلراوەتەوە، بەپێی چۆنیەتی ژیانی لەدونیادا پاداشتو سزاو سەرەنجامی دەست دەکەوێ..

بەڵێ، ئەم قورئانە ـ کە ئەم سورەتە بەشێکیەتی ـ ئەوانەی هەموو تێدایە، کە ئەگەر کەسێك ئەهلی حەق بێتو خێری بوێ دەبێ ئیمان بەوە بێنێ، دەبێ ئەوەی بەس بێ، بەڵام ئایا خەلکی وان؟ ئایا ئەمەیان بەسە؟ ئایا ئەگەر ئەم قورئانەو ئەم سورەتەیان بیست ئیمان دەهێننو تەسلیم دەبنو ڕێی بەندەیی دەگرن؟ نەخێر..

﴿ بَلْ عَجِبُوا أَنْ جَاءَهُمْ مُنْذِرٌ مِنْهُمْ ﴾ : بەڵکو سەریان سوڕما کە یەك نەفەر لەخۆیان بێتو ئیعلانی مەترسی بکا، دایانچڵەکێنێو پێیان بڵێ: مەسئولیەتێك هەیە، قیامەتێك هەیە، ڕۆژێك دەبێ پرسیارتان لێبکرێ، بکێشرێنە دادگای خوا.. سەریان سوڕما کە یەکێك بێت بیان ترسێنێ لە سەرەنجامێك کە لەسەر ڕێیاندایە.

سەریان سوڕما کە یەکێ لەخۆیان لەگەڵ خوا پەیوەندی ببێتو، ئاوەها خەبەرێکیان بۆ بێنێ، چونکە خۆیان ئەوەیان نەبووەو وا دادەنێن کە کەسی تریش نەتوانێ، کەسی تریش شایستەیی ئەوەی نیە کە لەگەڵ خوا پەیوەندی هەبێ، هەموو کەس وەك خۆیان دەزانن. ئەوەیە کاتێ ئەو شەخسە دێتو خەبەریان پێ دەدات کە ئاوا خەتەرێك لەسەر ڕێیانا هەیە ، باوەڕی پێ ناکەنو دەڵێن تۆ بەشەرێکی وەك ئێمە، ئێمە شتی وامان دەست نەکەوتووە ، بۆیە باوەڕ ناکەین تۆش دەستت کەوتبێو لێتی وەرناگرینو قبوڵی ناکەین..

﴿ فَقَالَ الْكَافِرُونَ هَذَا شَيْءٌ عَجِيبٌ ﴾ : (کافرەکان)- ئەوانەی وا حەقیان بۆ ڕۆشن بووەوە، بەڵام خستیانە پشت گوێ، نەیانویست، قبوڵیان نەکرد، نەیانهێشت لەژیاناندا ئەو حەقە دەرکەوێ و دایان پۆشی، ئەوانە- وتیان : ئائەمە شتێکی سەرسوڕهێنەرە.

﴿ أَئِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا ﴾ : ئایا کاتێ مردین و بووین بەخاك، زیندوو دەبینەوە؟ چۆن دەکرێ شتی وا؟ ئایا جارێکیتر ژیان دەست پێ دەکاتەوە؟ ئاخر کە مردین چۆن زیندوو دەبینەوە؟ کە بووین بەخاك و تێکەڵ بووین لەگەڵ خۆڵ و خاکیتر، چۆن جیا نەکرێینەوە، پارچەکانی لاشەی ئێمە چۆن دووبارە دروست دەکرێنەوە؟

﴿ ذَلِكَ رَجْعٌ بَعِيدٌ ﴾ دەڵێن : ئائەوە دوورە، هەرشتێك کە ناکرێ بێ ، دوورە لەوەی کە ڕووبدا. دوورە دووبارە بمانگێڕنەوە و زیندوو بکرێینەوە و ببرێین بۆ موحاکەمەو دادگا.

جا خوای گەورە ڕەدیان دەداتەوەو بەیان دەکا کە ئائەوە عەقیدەیەکی نادروستە، ئەو باوەڕو عەقیدەیە کە هەیانە -گوایە زیندوو ناکرێنەوەو نابرێنەوە بۆ دادگای خواو موحاکەمەو موحاسەبەیان ناکرێ- شتێکی نابەجێ و باتڵە.

بە نیسبەت ئەوەوەکە دەڵێن : کاتێ بووین بەخاك و خۆڵ چۆن جیا دەبینەوە؟ دەفەرموێ :

﴿ قَد عَلِمْنا ماتَنْقصُ الأَرضُ منهُمْ ﴾ : بە دلنیایی زانیومانە زەوی چەندێکیان لێ کەم دەکاتەوە. وەختێ لاشەکانیان لەقەبردا دادەنرێ، کەم کەم دەرزێو دەبێ بەخۆڵو خاك. هەربەشێك لە لاشەیان کە جیا دەبێتەوە، دەزانین چی جیا دەبێتەوەودەبێ بەخاك، دەیناسینو دەزانین کامەیە لەبەشەکانی لاشەیو لێمان تێك ناچێت و لێمان ون نابێت.

﴿ وَعِنْدنا كِتابٌ حَفيظ ﴾ : کتێبێکیشمان لایە ئەو شتانە دەپارێزێ، هەرچییەك دەیزانین لەوێش دەپارێزرێ، بۆ ئەوەی گومان نەکەن شتێك لەبیر دەچێتەوەو ڕەنگە هەڵەیەك لەوکارەدا ڕوو بدا.

بەڵام ئەوەی بووە بە ئیشکال بۆیان ئەوەیە کە دەڵێن : چۆن دوای مردن زیندوو دەبینەوە؟ دەفەرموێ :

﴿ بَل كَذّبوا بالحَقّ لَما جاءَهُم فَهم في أمرٍ مَريج ﴾ : ئەمانە ڕاست ناکەن کە ئەمە شتێکی مەحاڵەو بە زەحمەت دەکرێ ئینسان قبوڵی بکا. نەخێر شتەکە وانیە کە ئەکرێ، ئینسان زۆر سادەوناسان دەرکی ئەکاو ئەیزانێ.. نەخێر، ئەوان هەر لەوکاتەدا ئەوەی وا ڕاستو دروستە هاتە لایان، پێیان گەیشت، بەلام بێ ئەوەی تۆزێك لێی ورد ببنەوەو سەرنجی بدەن، ڕەدیان کردەوەو خستیانە پشت گوێ. کافر بوون پێیو وەریان نەگرت. یانی شتەکە زۆر ڕوونە، بەڵام ئەوان نایانەوێ بڕوای پێ بهێنن. لەبەرئەوەیە، نەك لەبەرئەوەی باتڵەو، لەوشتانەیە کە دەبێ قبوڵ نەکرێ و بڕوای پێ نەهێنرێ.

جا ئیتر دوای ئەوە ناتوانن دروست حوکم بدەن لەبارەی شتێکەوەو لێیان تێك چووەو، وا دەزانن ئەگەر لاشەیان بوو بەخاكو تێکەڵی خاكو خۆڵ بوو، ئیتر ناکرێ زیندوو بکرێنەوەو، لەبیریان چۆتەوە کە زیندوکردنەوەی مردوو شتێکی زۆر سادەیەو بۆ خوا ئاسانەو جێی گومان ودوودڵی نیە.

﴿أَفَلَمْ يَنظُرُوا إِلَى السَّمَاءِ فَوْقَهُمْ كَيْفَ بَنَيْنَاهَا وَزَيَّنَّاهَا وَمَا لَهَا مِن فُرُوجٍ﴾ : مەگەر ئەیان ڕوانی بۆ ئاسمان؟ ئەو ئاسمانەی کەوا بەراسەریانەوەیە؟ خۆ ئەیبینن. خۆ دەتوانن سەیری بکەن. ئایا سەیر ناکەن چۆن بینامان کردووە، چۆن درووستمان کردووە، چۆن زینەتو جوانیمان پێداوەو، ڕازاندومانەتەوەو، هیچ نارێکیو هیچ لارو گێڕیەکی تیا نیە؟ با بڕوانن بۆی بزانن چۆن ئەو ئاسمانەمان بینا کردووەو چۆنمان ڕازاندۆتەوە بەو ئەستێرانەو چۆن مەحکەم دروستمان کردووە؟ دەی کەسێ بتوانێ ئاوەها شتێ بکا چۆن ناتوانێ ئینسان زیندوو بکاتەوە؟

﴿وَالْأَرْضَ مَدَدْنَاهَا وَأَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ وَأَنبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوْجٍ بَهِيجٍ﴾ : زەوی بەو هەموو گەورەییەوە ، کێشمان پێ داوە، سافو سارا دروستمان کردووە، بۆ ئەوەی جێی دامەزرانو ئیسراحەتو ژیان بێ. هەندێ کەژوکێوی جێگیرو مەحکەممان خستۆتە سەری تا ڕای بگرن. هەروەها لە هەر داروردەختو گیاو دروستکراوێك

(جووت)مان دروست کردووە کە زۆر شادو بەزەوقە.. دەی کەسێك بتوانێ ئەوانە بکا، بۆ ناتوانێ ئینسان زیندوو بکاتەوە؟! چۆن ناتوانێ؟!

﴿تَبْصِرَةً وَذِكْرَى لِكُلِّ عَبْدٍ مُّنِيبٍ﴾ : ئەوانەمان کردووە بۆ ئەوەی بەرچاو ڕۆشنکەرەوە بن بۆ هەر بەندەیەك کە هەر جارە دەگەڕێتەوە بۆلای خاوەنەکەی خۆی. هەروەها بۆ کەسێکیش کە زانیویەتی ، بەلاّم غەفلەت هاتووە بەسەریاو لەبیری چۆتەوە، تا بیخەنەوە بیری کە خوا دەتوانێ جارێکیتر ئینسان دروست بکاتەوە.

﴿وَنَزَّلْنَا مِنَ السَّمَاء مَاءً مُّبَارَكاً فَأَنبَتْنَا بِهِ جَنَّاتٍ وَحَبَّ الْحَصِيدِ. وَالنَّخْلَ بَاسِقَاتٍ لَّهَا طَلْعٌ نَّضِيدٌ. رِزْقاً لِّلْعِبَادِ﴾ : بەڵگەیەکی تر ئەوەیە کە لە ئاسمانەوە ئاوێکی پڕ خێرو بەرەکەتمان باراند، جا بەهۆی ئەو ئاوەوە چەند باخێکمان ڕواندو سەوزمان کردن. هەروەها دانەو تۆوی ئەو گیاو زەرعانەی درەویان دەکرێ، دوای ئەوە کە دەگەنو ئامادەی ئەوە دەبن سوودیان لێ ببینرێ. هەروەها درەختانی خورمای بەرز بەرز، کە شکۆفەکانیان وەختێ دەردێن چین لەسەر چینن.. ئەو هەموو شتەمان بەو ئاوە ڕواند بۆ ئەوەی ڕۆزییەك بن بۆ بەندەکانو سوودیان لێ ببینن.

﴿وَأَحْيَيْنَا بِهِ بَلْدَةً مَّيْتاً﴾ : هەر بەو ئاوە ولاّتێکی مردوومان زیندوو کردەوە. زەوییەك کە مردوو بوو، زیندوومان کردەوە. ئەوەتا ئێستا گیاو دارودرەختی زۆری تیایە. ﴿كَذَلِكَ الْخُرُوجُ﴾: دەرهاتنی

لەقەبرەکانیش هەروایە. کەسێ توانی ئاو بارێنێ، باران بارێنێ، ئەو هەموو شتەی پێ برِوێنێو ژیانیان پێ بدا.. کەسێك توانی بەناو وڵاتێکی مردوو زیندوو بکاتەوە، هەروایش دەتوانێ ئینسان زیندوو بکاتەوەو لەقەبرەکەی دەری بێنێتەوە..

لەسەرێکیترەوە کەسێك ئەو هەموو ئیمکاناتو نیعمەتانەی خەلق کردووە بۆ ئینسان، چۆن دەکرێ لە دوایدا نەیکێشێتە دادگای خۆیو پرسیاری لێنەکاو موحاکەمەی نەکا لەسەر ئەو نیعمەتانە ؟

﴿كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ وَأَصْحَابُ الرَّسِّ وَثَمُودُ. وَعَادٌ وَفِرْعَوْنُ وَإِخْوَانُ لُوطٍ. وَأَصْحَابُ الْأَيْكَةِ وَقَوْمُ تُبَّعٍ كُلٌّ كَذَّبَ الرُّسُلَ فَحَقَّ وَعِيدِ﴾ : قەومی نوحو ئەوانەی ناونران (اصحاب الرس)، هەروەها تایەفەی سەمود و، تایەفەی عادو فیرعەونو براکانی لووط ( واتە تایەفەکەی)، ئەوانەی لە جەنگەڵەکەدا بوون (اصحاب الأیکة)، هەروەها قەومی (تُبّع). هەموونەوانە پێغەمبەرانیان بە درۆزن زانی ، وتیان : زیندوو بوونەوەی دوای مەرگو، موحاکەمەو، حیسابو کیتاب، درۆیە. جا ئەو هەرەشەیەی کردبوومان ڕووی دا.. ئەوەی وتبومان : ئەگەر پێغەمبەرمان ناردو، بۆی ڕۆشن کردنەوەو قبوڵتان نەکرد، نەهاتە سەر ڕێ، ئەوە لەبەینتان دەبەین.. ئەو هەرەشەیەمان هاتە دیو دامەنگیریان بوو..

﴿أَفَعَيِينَا بِالْخَلْقِ الْأَوَّلِ﴾ : دەی ئەوە بۆ هەر باوەڕ ناکەن؟ بۆ باوەڕ ناکەن کە دەتوانین جارێکیتر زیندووتان بکەینەوە؟ مەگەر دامایین و دەستەوسان بووین بە دەست دروست کردنی یەکەم جارتانەوە؟!

مەگەر نەمانتوانی یەکەم جار دروستتان بکەین؟ ئەوە نەبوو جاری یەکەم بە تەواوی دروستمان کردن؟! بۆ توانیمان جارێك خەلقتان کەین؟ بۆچی ناتوانین جارێکیتر خەلقتان کەینەوە؟!

﴿بَلْ هُمْ فِي لَبْسٍ مِّنْ خَلْقٍ جَدِيدٍ﴾ : بەلاَم ئەوانە لەوەدا کەوتوونەتە گومان کە جارێکیتر سەر لەنوێ دروست بکرێنەوەو زیندوو بکرێنەوە. سەریان لەوە سوڕ دەمێنێ کە دوای مردن دوبارە خەلق بکرێنەوە، لەبەرئەوە نەیان دیوە و بەلایانەوە شتێکە نابێ بێ، نە لەبەرئەوەی خوا ناتوانێ، لەبەرئەوەیە شتێکی تازەیەو نەمان خوویان گرتووە بەو شتانەوە کە هەن. ئەوەش حالەتی ئینسانێکە کە تەنها چاوی لەدەوروبەری خۆی بێ، هەر خەریکی ئەو شتانە بێت وان بەدەورو بەریا. خوویان پێوە دەگرێ و وا دەزانێ غەیری ئەوانە شتیتر نیە. بۆیە هەر شتێ تازەیە یەکەمجار بەنینکارییەوە مامەڵەی دەکات و، لەگەڵی ڕووبەڕوو دەبێ. شتێك کە حەقیقەتەو هەیە بەلاَم وەری ناگرێ.

جا دوای ڕۆشن بونەوەی ئەوە، ئێستا بزانین وەزعی ئینسان لەو ژیانەیدا چۆنە ؟ بزانین چۆن تاقی دەکرێتەوەو چۆن ئازمایش دەکرێ ، چۆن مەسئولە لە بەردەم خوادا، چۆن دەبێ ئەدای وەزیفە بکا؟

﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ وَنَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِ نَفْسُهُ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ﴾ : بەڕاستی ئینسانمان دروست کرد، دەزانین نەفسی چی پێدا دەگوزەرێ، چ خەیاڵێ، چ فکرێ بەدەروونیا دەڕوا ؟ئاخر ئێمە نزیکترین لێیەوە لە ڕەگی بنا ملی. ئەوەش بۆ ئەوەیە ئینسان مەسەلەکە دەرك بکا، مەبەست ئەوەیە تێ بگا هیچ شتێك لە ئەحواڵی ئینسان نیە لە خوا شاراوە بێ‌و پێی نەزانێ. لەهەر نزیکێك نزیکترە بە ئینسان.

﴿إِذْ يَتَلَقَّى الْمُتَلَقِّيَانِ عَنِ الْيَمِينِ وَعَنِ الشِّمَالِ قَعِيدٌ﴾ : کاتێك دوو نەفەر وا شت وەردەگرن، یەکێ لەلای ڕاستەوە دانیشتووە، یەکێ لەلای چەپەوە دانیشتووە، دوو هاونشین کە لەلای ڕاست‌و چەپی ئنسانەوە دانیشتوون، وەردەگرن. هەرچی‌یەك لەوکەسە دەردەچێ، هەرچی‌یەك ئەو ئەنجامی دەدا، وەری دەگرن، تۆماری دەکەن‌و دەینوسن. یانی زیاد لەوەی خوای گەورە خۆی بە هەموو شت دەزانێ، بۆ ئەوەی مەلەفەکە تەواو بێ، بۆ ئەوەی ئینسان دوایی قسەی نەبێ، بۆ هەر نەفەرێك دوو مەئمووری داناوە لەلای ڕاست‌و لەلای چەپی‌یەوە، هەمیشە هاونشینن بۆی، دوایی بەپێی ئەوەی وا نووسراوەو ئامادەکراوە، موحاکەمەی دەکرێ.

﴿مَا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ﴾: یەك وتە لەدەمی دەرنایە. مەگەر چاودێرێك، کەسێك کە خەریکی چاودێری کردنە، ئامادەیە و لەپاڵیایەتی، بۆ ئەوەی بینووسی. جا ئیتر هەر ئائەمە بەسە بۆ ئەوەی ئینسان لەخەوی غەفڵەت دەربێ، داچڵەکێ، هۆشی بەخۆیەوە بێ.

﴿وَجَاءَتْ سَكْرَةُ الْمَوْتِ بِالْحَقِّ ذَلِكَ مَا كُنتَ مِنْهُ تَحِيدُ﴾ : ئەوە ژیانی بوو، کە ئاوا لەژێر چاودێری خوای گەورەداو لەنێوان دوو دانە مەلائیکەدایە – کە مەسئولن و هاونشینن بۆی و هەمیشە وان لە گەڵیا– دوای ئەوەش ئەوا سەختیی مەرگ هات بەسەر وەختیەوە! ئەو سەختییەو ئەو رەنجەی لەهۆشی دەبا، لەسەرخۆی نایهێڵێتەوە، ئەوا هات.. هات تا ئەو راستییە بێنێ لەگەڵ خۆی، ئەوەی وا لە پێشدا باس کرا. ئەوە کە ئەم مردنە بۆ ئەوەیە بڕوا بۆ قیامەتێك، تا لەوێ موحاسەبەو موحاکەمەی بکرێ. ئەمە شتێك نیە هەڕەمە بێ.

﴿ذَلِكَ مَا كُنتَ مِنْهُ تَحِيدُ﴾ پێی ئەوترێ : ئەمە ئەو شتەیە خۆتت لێ لا ئەدا. پێت خۆش نەبوو بێتە پێشەوەو بێتە سەرڕێت. خۆتت بۆ ئامادە نەکرد. ئیحساسی مەسئولیەتت نەدەکرد، لەبیری ئەوەدا نەبووی ئەمە دێتە پێشەوەو سەرەتا دەبێ بۆئەوەی سوئالت لێ بکرێو بکێشرێتە دادگا.

﴿وَنُفِخَ فِي الصُّورِ، وَنُفِخَ فِي الصُّورِ ذَلِكَ يَوْمُ الْوَعِيدِ﴾ : ئەوا فوو کرا بە شەیپوردا بۆ جاری دووەم( جاری یەکەم لێرە باس نەکراوە،

پێشتر باسمان لێ کرد) ئەوا جاری دووەم فووکرا بەشەیپورا بۆ ئەوەی زیندووبینەوە. یانی دوای ئەوە ئینسان دەمرێ ، لەو بەینە دا نیتر چی دەبێ ؟ ئەوەی باس نەکردووە. باسی ئەوە دەکا کە جاری دووەم شەیپور لێ دەدرێ بۆ ئەوەی هەموو زیندوو بنەوەولە قەبرەکان دەربێن، ئەو ڕۆژە ڕۆژی هەڕەشەکەیە، ڕۆژی ئەو هەڕەشەیەیە وا کردمان کە : هەرکەس دەبێ بگا بە سزای خۆی.

جا با بزانین دوای ئەوە کە زیندووبونەوە چی دەکەن؟!

﴿وَجَاءَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّعَهَا سَائِقٌ وَشَهِيدٌ. لَقَدْ كُنتَ فِي غَفْلَةٍ مِّنْ هَذَا فَكَشَفْنَا عَنكَ غِطَاءَكَ فَبَصَرُكَ الْيَوْمَ حَدِيدٌ﴾ : هەر کەسێك هات، لەگەڵیا دوومەئمور هەن، یەکێکیان لێی دەخوڕێ‌و داویەتە بەر، ئەوی تریشیان شاهیدێکە لەگەڵی هاتووە تا شەهادەتی لەسەر بدا کەچی کردووەو چی نەکردووە. وەك چۆن لە دونیادا کاتێ تۆمەتبارێك لە زیندانەوە دەبرێ بۆ دادگا، پاسەوانێك مەلەفو ئەوراقەکەی هەڵدەگرێ لەگەڵ خۆی، یەکێکیش دەستی دەبەستێ بەدەستی خۆیەوەو دەیبات لەگەڵ خۆی، لەوێش ئاوایە. دوو نەفەر لە مەلائیکە، یەکێکیان دەچێ بۆ شایەتی دان، یەکێکیشیان دەیداتە بەرو مەئمورە کە بیگەیەنێتە دادگا.. کاتێ دەگاتە ئەوێ پێی ئەوترێ : هـا! بەڕاستی بیرت نەبوو بەلای ئەمەوە؟ لەبیری ئەوەدا نەبووی ئاوەها ڕۆژێك دێتە پێشەوە؟ لەغەفڵەتا بووی، پەردە بەسەر بینایتەوە بوو، ئەتەدی؟ جا

ئەوا پەردەکەمان لابرد بەسەر چاوتەوە، جا بڕوانە ، ئیمڕۆ چاوت تیژە، ئیمڕۆ دیدەت وردبینەو باش دەبینێ. بڕوانە بزانە چی لەسەر ڕێتایە، چی چاوەڕوانت دەکات؟!

جا ئێستا دەردەکەوێ ئەم تاوانبارە خۆی تەنها نیە، یەکێکی تریشی لەگەڵدایە. ئاخرکاتێ ئینسان لەڕێگەی بەندەیی لایدا، خوای گەورە بڕیاری داوە یەکێك لە شەیتانەکان، لە سوپای ئیبلیس (شەیتانی گەورە) لە ڕێدا بکات بەڕەفیقی و هەمیشە لەگەڵی بێت بۆ ئەوەی زیاتر گومڕای بکات. هەروا ئەگەرکەسێك کەوتە سەر ڕێگەی بەندەیی و ئیمان، مەلائیکەی داناوە بۆ ئەوەی پشتگیری بکەن، تەنیدی بکەن، بەهێزی بکەن. جا کە دەگەنە ئەوێ، ڕەفیقەکەی، هاوملەکەی، ئەو شەیتانە بێ حەیاو بێ شەرمە ، دەست دەکات بەقسەکردن :

﴿وَقَالَ قَرِينُهُ هَذَا مَا لَدَيَّ عَتِيدٌ﴾ : ئەو هاوەڵە شەیتانەی دەڵێ : من ئەم کەسەم ئامادەکردووە، بۆ ئەوەی بیخەیتە جەهەنەم. لەبیری نیە خۆشی دەبێ تێی چێ. بەڕووداری‌و بێ حەیایەوە دەڵێ: من هەوڵم زۆر داوە تا ئەم کەسەم ئامادەکردووە بۆ جەهەنەم، فەرموو بیخەنە ناوی. نازانێ ئێستا فەرمان دەردەچێ بۆ خۆیشی، خوا دەفەرموێ :

﴿أَلْقِيَا فِي جَهَنَّمَ كُلَّ كَفَّارٍ عَنِيدٍ. مَّنَّاعٍ لِّلْخَيْرِ مُعْتَدٍ مُّرِيبٍ. الَّذِي جَعَلَ مَعَ اللَّهِ إِلَهاً آخَرَ فَأَلْقِيَاهُ فِي الْعَذَابِ الشَّدِيدِ﴾: ڕوو دەکاتە دوومەلائیکەکەو دەفەرموێ : ئادەی بیخەنە ناو جەهەنەمەوە،

هەرکەسێ کەوا زۆر حەقی دەخستە پشتگوێو، نەی دەڕوانی بۆ ئەو هەموو دەلیلو نیشانانەی لەئاسمانو زەوی و لەبەینی ئەوانەدا هەن، ئەو هەموو بەڵگەو نیشانانەی هەبوون ئەومیان ئەسەلماند ئینسان پاش مردن زیندوو ئەبێتەوە ، دادگایی ئەکرێ ، پرسیاری لێ ئەکرێ.. ئەوانەی وا ئەو نیشانەو بەڵگانەیان ئەخستە پشتگوێ، حەقیان قبوڵ نەئەکرد، ئەیان ئەویست حەق لە ژیانیانا دەرکەوێ، عادەتیان گرتبوو بە شتێکەوە و هەر ئەومیان قبوڵ بوو، ئامادە نەبوون شتیتر- کە پێیان ئەگەیەنرێ- وەرگرن ، ئەوانەی وا خێرو بەرەکەتی زۆریان لەلابوو، رزقو رۆزیو نیعمەتو ئیمکانیاتی زۆریان لەدەستدابوو، بەڵام ئەیان ئەهێشت بگاتە دەستی موستەحەقەکان و لای خۆیان گیریان ئەدا ـ ئەگەر چی زیاتر بوو لەوەش کە خۆیان ئیستیفادەی لێ بکەن ـ ئەوانەی لە سنوری بەندەیی و مەسئولیەت تێپەڕی بوون، ئەوانەی دڵیان دائەمەزرابوو، لە دوو دڵیا بوون، ئەگەر جارجارێك بۆ چەند لەحزەیەك باوەڕیان ئەکرد قیامەتێك هەیەو زیندووبوونەوە و موحاسەبە و موحاکەمەیەك هەیە، ئەو حاڵەتەیان زوو لەدەست ئەداو تووشی دوو دڵی ئەبوون.. ئەوانەی وا لەگەڵ ئەوەی خوایان هەبوو، فەرمانڕەوای تریان بۆخۆیان بڕیار ئەدا، فریادرەسی تریان بۆخۆیان دائەنا.. ئائەو جەریمە گەورەیە، ئەو گوناهە گەورەیە کە ئینسان خوای ببێ، (اللّٰه)ی ببێ، بەڵام فەرمانڕەوای تروکۆمەککاری تریش قبوڵ بکا، لەبەرئەوەی ئیمانیان بە قیامەت

نەبوو، لە قیامەت نە ئەترسان، ئیحساسی مەسئولیەتیان نەبوو، شەریکیان بۆ خوا قەراردا، فەرمانی فەرمانڕەواکانی تریشیان قبوڵ کرد، فەریادڕەسەکانی تریان کردە پشتو پەنای خۆیان، فەریادڕەسە درۆییەکانو فەرمانڕەوا ناڕەواکان.. ئادەی لەبەر ئەوشتانە ئەوانە بخەنە جەهەننەمەوە.. ﴿فَأَلْقِيَاهُ فِي الْعَذَابِ الشَّدِيدِ﴾ : بیانخەنە ناو جەهەنەم کە سزای سەختی تیایە ، هەم ئینسانەکەو هەم شەیتانەکەی هاوەڵی.

لەوێدا هاوەڵە شەیتانەکە تەکان ئەخواو بیرئەکاتەوە کە خۆیشی موجریمە، دەست دەکات بە عوزر خواستنو پاڕانەوە :

﴿قَالَ قَرِينُهُ : رَبَّنَا مَا أَطْغَيْتُهُ وَلَكِنْ كَانَ فِي ضَلَالٍ بَعِيدٍ﴾ ئەڵێ : خاوەنەکەم! ـ خوایە! ـ من نەبووم کە وا لەم ئینسانە بکەم، کە لە ڕێگەی بەندەیی دەرچێ، من نەبوومە هۆی ئەوەی ئەو ئاوا بکا، خەتای خۆی بوو، من چی بکەم؟ خۆی بوو گومڕا بوو بوو، دوور کەوتبووەوە لەڕێگەی هیدایەتو بەندەیی.. ئەگەر ئەو خۆی دوور نەکەوتایەتەوە من ئەمتوانی چی بکەم؟ چۆن ئەمتوانی لەڕێ دەری بکەم؟ دەی بۆ فەرمان ئەدەی منیش بکەومە ناو جەهەنەم؟ کەی خەتای من بوو؟ بەڵکو خەتای خۆی بوو..

دیارە درۆ ئەکا، ئەویش خەتای بووە، ئەوەتا خوا ئەفەرمووێ :

﴿قَالَ: لاَتَخْتَصِمُوا لَدَيَّ وَقَدْ قَدَّمْتُ إِلَيْكُم بِالْوَعِيدِ﴾ خوا ئەفەرموێ : لای من کێشمەکێش مەکەن. لای من وت وویژ مەکەن.

شەڕ مەکەن ، لەسەر ئەوە ئەم بڵێ خەتای تۆ بوو، ئەو بڵێ خەتای تۆ بوو.. ئێستا جێی ئەوە نیەو کاتی ئەوە نەماوە، لە حاڵێکا پێشتر هەڕەشەم کرد، وتم : خەتەرێك لەڕێدایە، ئەگەر لە دونیادا کاری خۆتان دروست نەکەن، لەدوایىدا گرفتاری عەزاب دەبن! ئیتر مەعزەرەت و بەهانەیەك نەماوە و تەواو بوو.. فەرمانەو دەرچووەو ئەبێ ئیجرا بکرێ..

﴿مَا يُبَدَّلُ الْقَوْلُ لَدَيَّ وَمَا أَنَا بِظَلَّامٍ لِّلْعَبِيدِ﴾ : بڕیارێکەو لای من ناگۆڕێ. من وانیم زوڵم و زۆر بکەم لە بەندەکان. ئەگەر کەسێ ئەکەوێتە دۆزەخ خۆی ستەمی لەخۆی کردووە، ئەگەربەناهەق و بێ‌گوناه کەسێ بخەمە دۆزەخ ئەوە زوڵمو زۆرێکی تەواو زۆر ئەبوو.. ئەوکاتە ئەو وەصفە بۆ من پەیدا ئەبوو کە (ظَلَّام) بم، واتە زۆر ستەمکار.. بەڵام من ئاوا نیم..

﴿ يَوْمَ نَقُولُ لِجَهَنَّمَ هَلِ امْتَلَأْتِ وَتَقُولُ هَلْ مِنْ مَزِيدٍ ﴾ : ئەوەش لە ڕۆژێکا ئەبێ ئێمە بە جەهەننەم دەڵێین : ئەرێ پڕ بووی؟ یانی بڕیارمان لەسەر ئەوەیە پڕی کەین. ئەویش ئەڵێ : ئەرێ هی تر ماوە؟ ئەگەر هی‌تر ماوە بابێ. ئەویش تووڕە بووە و قەراری لەسەر ئەوەیە تا جێی دانەیەکی تریشی تیا بێتەوە هەر داوا بکا، ئەوەندەی تێبکەن تا پڕ ئەبێ.

ئەوە سەرەنجامی ئەوانەیە کە ئیمانیان بە ڕۆژی قیامەت نیەو لەمرنی بەندەیی خوا لایان داوە..

بەڵام لەولاوە ئەوانەی باوەڕیان بە ڕۆژی قیامەت هەیە، ئەزانن خوای گەورە ئەتوانێ ئینسان زیندوو بکاتەوە، حەتمەنیش زیندووی دەکاتەوەو، دەیکێشێتە دادگا، موحاکەمەی دەکا، بە پێی کردەوەی دونیای پاداشتو سزای دەداتەوە.. بزانین ئەوان حاڵیان چۆنە؟!

﴿ وَأُزْلِفَتْ الْجَنَّةُ لِلْمُتَّقِينَ غَيْرَ بَعِيدٍ ﴾ : ئەوا بەهەشت ئیفتیخاری پێ دراوە، بەوەی نزیك کراوەتەوە لە (موتتەقییەکان)، لە پارێزکارەکان، ئەوانەی کارو پیشەیان هەمیشە ئەوە بوو خۆیان بپارێزن لەوەی خوا پێی ناخۆشە.. بەجۆرێك نزیك کراوەتەوە کە هیچ دوور نیە، بەتەواوی نزیکە. ئەوە فەخرو شانازییە بۆ بەهەشت کە نزیك کراوەتەوە لە تەقوادارەکان.

﴿ هَذَا مَا تُوعَدُونَ لِكُلِّ أَوَّابٍ حَفِيظٍ ﴾ پێیان ئەوترێ : ئەمە ئائەوەیە وا وەعدتان پێئەدرێ، بڕیارە تاوێکیتر بڕۆنە ناوی. بۆ کێ؟ بۆ (أواب) بۆ هەرکەسێ هەمیشە کاری ئەوە بێ بگەڕێتەوە بۆلای خاوەنەکەی. ئەگەر غەفلەتێ، گوناهێ، خەتایەکی لێ ڕوو ئەدا، زوو بگەڕێتەوە بۆلای خاوەنەکەیو ئەمێنێتەوە لەسەر غەفلەتو گوناه، (حفیظ) کەسێك وا هەمیشە خۆی ئەپارێزێ لەوەی بەرێگای ترا بڕواو گومڕا بێتو هاوڕێی شەیتانو شەیتانەکان بێ..

﴿ مَنْ خَشِيَ الرَّحْمَانَ بِالْغَيْبِ وَجَاءَ بِقَلْبٍ مُنِيبٍ ﴾ : کەسێ وا پێش لەوەی عەزاب ببینێ لەخوای بەڕەحم ترساو ئیحساسی مەسئولیەتی کرد. ﴿وَجَاءَ بِقَلْبٍ مُنِيبٍ ﴾ : بەدڵێکەوە هات بۆلای خوا کە هەمیشە گەڕاوەیە بۆلای ئەو، دڵێك وا هەر جار تووشی غەفڵەتو ئینحرافو لەرێ لادانێ بوو بێ، کاری ئەوە بووە زوو بگەڕێتەوە بۆ لای خوا..

﴿ ادْخُلُوهَا بِسَلَامٍ ﴾ پێیان دەوترێ : ئادەی بڕۆنە ناوی، بڕۆنە ناو بەهەشت بە سەلامەتیەوە. دڵنیا بن ڕزگارن لەهەر شتێ ناخۆش بێ، لەهەر بەڵاو ئافەتو موصیبەتێ.

﴿ ذَلِكَ يَوْمُ الْخُلُودِ ﴾ : ئائەوە ڕۆژی هەمیشە مانەوەیە، ڕۆژێکە کە چوونە ناو بەهەشت ئیتر لێی نایەنە دەرەوە.

﴿ لَهُمْ مَا يَشَاءُونَ فِيهَا وَلَدَيْنَا مَزِيدٌ ﴾ : هەرچییەك بیانەوێ لەناو بەهەشتا هەیە. چی داوا بکەن لەبەهەشتا بۆیان ئامادە دەکرێ. لای خۆمانەوە زیادەیەکیشیان بۆ هەیە، شتێك زیاد لەوەی خۆیان داوای ئەکەن، یانی هەندێ لە پاداشتەکەیان ئەوەندە گرنگو گەورەیە کە خۆیان ڕێیان لێی ناکەوێ و بیریان نیە داوای بکەن.. ئەوەش وەك لێخۆش بوونو ڕێزێکی تایبەتی خوای گەورە کە لە هەموو نیعمەتەکانی بەهەشت گەورەترە.. ﴿ وَرِضْوَانٌ مِنَ اللَّهِ أَكْبَرُ ﴾.

کەواتە ڕوون بووەوە ئینسان دوای مردنی زیندوو دەبێتە، ڕوون بووەوە ئینسان لە ژیانی دونیادا وا لە حاڵەتی تاقیکردنەوەداو پاشان

تووشی دادگایەك ئەبێ و سەرەنجامی یا جەهەننەم دەبێت یا بەهەشت..
پاشان دەفەرموێ : تەنها ئەمە نیە بۆ ئەوانەی کە لە ڕێی بەندەیی لایان دا، یا ڕێی بەندەیی‌یان گرت، تەنها پاداشتو جەزای قیامەت نیە، لەدونیاشدا شتانێك هەن! ئەفەرموێ :
﴿ وَكَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُمْ مِنْ قَرْنٍ هُمْ أَشَدُّ مِنْهُمْ بَطْشًا فَنَقَّبُوا فِي الْبِلَادِ هَلْ مِنْ مَحِيصٍ ﴾ : پێش ئەوان چەندین گەلو نەتەوەی هاوزەمانمان لەناوبرد، خەڵكانێك كە لەزەمەنێكا بەیەكەوە ئەژیان، ئەوانە لەدەسەڵاتیانا بەهێزتر بوون، بۆیە بە بەڵاو موصیبەت لەبەینمان بردن.. نەخێر، لەمان بەدەسەڵات تر بوون، ئەوانە ڕوویان كردە ئەملاوئەولاو ئەم كونو ئەو كون، بە نیازی دەرباز بوون، وتیان : خۆزگە جێگایەك هەبێ لێیەوە فیرار كەین‌و دەرچین لەدەست ئەم عەزابە.. كەوتنە هەوڵ‌و تەقەلای ئەوە لەدەست عەزابەكە و لەدەست نابودیەكە دەرچن.. بەڵام پێیان نەكراو گرفتار بوونو لە بەین چوون، كەوابوو لەدونیاشدا تۆڵەسەندنەوەیەك هەیە لەو كسانەی لەڕێی بەندەیی لادەدەن..

﴿ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَذِكْرَى لِمَنْ كَانَ لَهُ قَلْبٌ أَوْ أَلْقَى السَّمْعَ وَهُوَ شَهِيدٌ ﴾ : بەراستی ئالەوەدا كە تا ئێستا باس كرا ـ هەرلەسەرەتای سوورەتەكەوە تا ئێستا ـ بیرخستنەوەیەك هەیە بۆ كەسێك كە دڵێكی

بووبێ، یا کەسێك گوێی دابێ بەم باسە، لەحاڵێکا کە حەواسی بووبێ، هۆشی بەلای قسەکانەوە بووبێ.

ئەو بەشەی سوورەتەکە -کە دەلیلو نیشانە بوو- ئەوە کاری بە دڵەوە هەیە، تا ئەوێ کە فەرمووی: ﴿ بَلْ هُمْ فِي لَبْسٍ مِنْ خَلْقٍ جَدِيدٍ ﴾ چەند نیشانەو بەڵگەیەك باس کران بۆ ئەوە کە خوا ئەتوانێ ئینسان زیندوو بکاتەوە. ئائەوە شتێکە دڵی ئینسان وەری دەگرێو ئیمانی پێئەهێنێ. لەوەولای سوورەتەکە باسی ئەوەی کرد ئینسانی خەلق کرد، جا ئیتر ئەزانێ چی بە دڵیا گوزەر ئەکا، ئینسان چاودێری ئەکرێ لەلایەن خوای گەورەوە، لەلایەن دوو مەئمورلەمەلائیکەوە، کەسێك کە گوێ بدات بەم قسانەو هۆشی بەلایانەوە بێت، هۆشی لەلای تر نەبێ، حەواسی جەم بێ، ئائەوانە بەمن بۆی، بیخەنەوە بیری کە مەسئولەو، قیامەتێك هەیەو، ئەبێ خۆی ئامادە بکا بۆ ئەو ڕۆژە..

بەم جۆرە روون بووەوە زیندووبوونەوەی دوای مردن ڕاستو دروستە، ئەوانەی ئیمانیان پێی بێ سەرەنجامیان خۆشبەختییە، ئەوانەش باوەڕیان پێی نەبێ سەرەنجامیان بەدبەختییە..

﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَمَا مَسَّنَا مِن لُّغُوبٍ﴾ جا ئێستا وەڵامی ئەوانە ئەداتەوە دوای ئەوهەموو روونکردنەوەیە هەر باوەڕیان ئیمو ئینکاری ئەکەن. ئەفەرموێ : ئێمە ئاسمانەکانو زەویو هەرچییەك لەبەینیاندایە، لەشەش ڕۆژگارا

دروستمان کردن، له شەش زەمانا، کە زۆر تولانی بوون، جا هەرکامیان خوای گەورە ناوی ئەنێ رۆژێك (رۆژی خوا وەك رۆژی ئێمە نیە)، ئەفەرموێ : ئەمانەمان دروست کردن لەشەش رۆژگارا، هیچ ماندووبوونێك تووشمان نەهات.. دەی کەسێ ناوەها دەسەلاتیکی بێ، ئاسمانەکانو زەوی‌و نێوانیان دروست بکاو تووشی کەمترین ماندووبونیش نەبێ، دیارە زۆرسادە ئەتوانێ ئینسان جاریکیتر زیندوو بکاتەوە. کەوابوو بڕوبیانوەکانیان بێ جێیە، دەی کەواتە ﴿فاصْبِرْ علىٰ ما يَقُولُونَ﴾ : صەبر بکە - ئەی محمد- لەسەر ئەو قسانەی کە دەیکەن. صەبر بکەو نارەحەت مەبە. خۆت خەریك مەکە بە بیرکردنەوە لەو مەسەلەیە. خەریکی شتی تر بە. خەریکی جێبەجێکردنی ئەرکی خۆت بە.. دوای ئەوە ئەمەت بەیان کرد، حەقت رۆشن کردەوە، ئیتر مەسئولیەت لەسەر شانی تۆ نەماوە، تۆ ئیتر لێپرسراو نیت.دوای ئەوە خەریکی کاری خۆت بە.

﴿وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ الْغُرُوبِ. وَمِنَ اللَّيْلِ فَسَبِّحْهُ وَأَدْبَارَ السُّجُودِ﴾ : لەوکاتانە ئێستا بەیان ئەکرێن تۆ (تەسبیح)و (حەمد) بکە، تەسبیح بکە یانی : ئەو شتانەی نابەجێن‌و نادروستن‌و خراپن لەوانە دەرچۆ (لە بیری خراپ، لە قسەی خراپ، لە کردەوەی خراپ). (حەمد)یش بکە یانی : ئەو شتانەی باشن (لە بیری چاك، لە قسەی چاك، لە کردەوەی چاك) ئەنجام بدە.. بەمە بە زمانی

حاڵ بەيانت كردووە كە خاوەنەكەت پاكو بێ‌عەيبە. بۆيە تۆ لەبەرانبەر ئەوەوە ئاوەها حاڵەتێكت نيە كە قسەى خراپ يا بيرى خراپ يا كردەوەى خراپت بێ.. تۆيەك كە مەخلوقى ئەوى ئەتوانى باش بى، بەجۆرێ دروستى كردووى ئەتوانى باش بى، بۆيە بەرەو باشە ئەڕۆى..كاتێ كردەوەى باش، يا قسەى باش، يا فيكرێكى باش ئەنجام ئەدەى، ئەوە قەدرزانى لەخاوەنەكەى خۆت ئەكەيت، چونكە خاوەنەكەت باشە كە تۆى موەفەق كردووە بۆ ئەوەى بەو جۆرە بى.

تەسبيحو حەمدى خاوەنەكەت بكە لەم كاتانەدا : پێش لەوە خۆر هەڵبێ، لەنوێژى بەيانيدا. هەروەها پێش لە ڕۆژئاوا بوون ، لەنوێژى نيوەڕۆو عەسردا. هەروەها بەشێك يا چەند كاتێك لەشەويش، تەسبيحى بكە، لەو شتە ناڵەبارانە دوور بكەوەرەوە، لە نوێژى مەغريب، لە نوێژى عيشادا، لەغەيرى ئەو كاتەشا. (كەسانێ بيانەوێ جگە لەو نوێژانە بكەن ، ئەتوانن نوێژى تر بكەن كە پێى ئەوترێ شەو نوێژ، يا نوێژى وەتر، يا تەهەجوود، ناوى زۆرى هەن بەلام يەك شتن كەلەيەك ڕكات تا يازدە ڕكات ئەبێ، ئەكرێ پێش خەوتن بكرێ، ئەكرێ لەنيوەشەوا بێ، ئەكرێ لەئاخرى شەوەوە بێ، لەوەختى سەحەرو پارشێو كردن)دا. ﴿وَمِنَ اللَّيْلِ فَسَبِّحْهُ وَأَدْبَارَ السُّجُودِ﴾ هەروەها دواى سەجدە بردن بۆ خواى گەورە، ئاخر نوێژو سەجدە بردن لە نيوەڕۆوە دەست پێ دەكات.. نوێژى نيوەڕۆ، نوێژى عەسر،

نوێژی مەغریب، نوێژی عیشا، نوێژی وەتر، ئەوە پێنج دانەیە.. نوێـژی بەیانی ئەوە شەش، كە خۆر هەڵات ئیتر وەختی سجود نەماوە، وەختـی كەســبوكارە.. ﴿أَدْبَارَ السُّجُودِ﴾ بـە دوای نوێژەكانـدا كـە وەختـی كەسـبو كارە، وەختێ خۆر هەڵدێ، لەوێش هـەر تەسـبیح بكـە، بـە فیكرێك، بە قـسەیەك، بە كردەوەیەك، بكـەوە بـیری ئـەوەی ئـەبێ تـۆ لەوەی وا نادروسەو ناڵەبارە هەڵبێیو ڕابكـەی، بچـی بـەرەو ئـەوەی چاكەو، وەزعی خۆت بگۆڕی، ئەگـەر وای لـەوەزعێكا كـە پەسـەند نیە.. خۆ ئەگەر بە زمانیش تەعبیری لێ بكەیتـەوەو بڵێـی (سـبحان الله) باشترە.

﴿ وَاسْتَمِعْ يَوْمَ يُنَادِ الْمُنَادِي مِنْ مَكَانٍ قَرِيبٍ. يَوْمَ يَسْمَعُونَ الصَّيْحَةَ بِالْحَقِّ ذَلِكَ يَوْمُ الْخُرُوجِ. إِنَّا نَحْنُ نُحْيِي وَنُمِيتُ وَإِلَيْنَا الْمَصِيرُ. يَـوْمَ تَشَقَّقُ الأَرْضُ عَنْهُمْ سِرَاعًا ذَلِكَ حَشْرٌ عَلَيْنَا يَسِيرٌ. نَحْـنُ أَعْلَـمُ بِمَـا يَقُولُونَ وَمَا أَنْتَ عَلَيْهِمْ بِجَبَّارٍ. فَذَكِّرْ بِالْقُرْآنِ مَنْ يَخَافُ وَعِيدِ ﴾[1].

[1] - واتە: چاك گوێ بگرە لەو ڕۆژەدا جاڕدەر لە شوێنێكی نزیكەوە هاوار دەكا. ئەو ڕۆژەی نالە گەورەكە بەڕاستی دەبیستن ئەوە ڕۆژی هاتنە دەرەوەیە. بەڕاستی ئێمە زیندوو دەكەینەوە و دەمرێنین و چارەنوس بۆلای ئێمەیە. ڕۆژێ زەوی بەپەلە بۆیان شەق و پەق دەبێ. ئەو گردكردنەوەیە بۆ ئێمە ئاسانە. ئێمە بەئاگاترین دەرهەق بەوەی كە دەیڵێن. تۆ بەسەریاندا زۆر زاڵ نیت تۆ بە قورئان یادی ئەوانە بخەرەوە كە لە هەڕەشەی من دەترسن.

(واتای ئەم چەند ئایەتەی پەرەگرافی لەلایەن ئامادەكارەوە كراوەو لەشریتەكانی مامۆستادا واتا نەكرابوون). (دەرگای بەرەحمە).

## بەشێك لە تەفسیری سورەتی (الحاقة)

شتێکی‌تریش ماوە باسی بکرێ لەوانەی کە لە قیامەتا ڕوو دەدەن، هەندێکی لەکاتی بانگ کردنی خەڵك بۆ دادگا ئەبێ، هەندێکیشی ئەو شتانەن کە لە بەهەشت‌و جەهەنەما ڕوو ئەدەن.

لە سورەتی (الحاقە)دا دوای باسی ئەوە کە فوو دەکرێ بە شەیپورا ئەفەرموێ: کەژو کێوەکان لەگەڵ زەویدا هەڵئەگیرێن‌و، بەتوندی ئەکوترێن بەسەر یەکدا، بەجۆرێك لەت‌وپەت ئەبن زەوی ساف‌و سارا ئەبێتەوە، ئاسمان لەت‌وپەت ئەبێ‌و، لەو مەحکەمی‌یە کە هەیەتی دەرئەچێ‌و شل‌و ست ئەبێ، بەجۆرێك فریشتەکان نیز وەك لەوەو پێش نین کەلەو جێگایەی خۆیانا هەیان بوو بوەستن، لەو کاتەوە مەجبورن لە گۆشەوکەناری ئاسمانا ڕاوەستن.. دوایی باسی ئەوە ئەکا کە لە دادگای خوادا- لە دوارۆژدا- نمایش (ئیستیعراز)ی عەسکەری ئەنجام ئەدرێ لە حزووری خوای گەورەدا، بەندەکانی ڕیز ئەدەن ونەیان بینێ، چاك‌و خراپ ئەکەوێتە بەرچاوی، هیچ شتێك لێی شاراوە نابێت. هەروەك چۆن باوە لە سەربازگەکاندا فەرماندەی گەورە ئەچێتە سەر جێگایەکی بەرز(لە ئێراندا پێی دەڵێن (جایگاه)، سەربازەکان دەستە دەستە بە بەردەمیا ئەڕۆن، سەیری جوجوڵیان ئەکا، ئەگەر دەستەیەکیش باش تێ پەڕی ئافەرینیان ئەکات، دەستەیەك خراپ ڕۆیشت سەرزەنشتیان ئەکا، لە قیامەتیشدا (جێگایەکی بەرز) بۆ خوای

گەورە هەیە کە عەرش وتەختی فەرمانڕەوایی خۆیەتی، لەو ڕۆژەدا جەلالو گەورەیی خوای (متعال) دەرنەکەوێ. ئەو تەخت وعەرشە وەك تەختی تر نیە.. ئاخر تەختی عادی چوار پێ هەڵی ئەگرێ، چوار پێ بەسە بۆ ئەوەی تەختی فەرمانڕەوایی هەڵگرێو، فەرمانڕەوا بەسەریەوە دانیشێ.. بەڵام وەختێ فەرمانڕەوا کە زۆر بەهەیبەت و سەنگین بوو ئیتر چوار پێچکە بەس نی‌یە، ئەبێ دوو بەرانبەر بێتەوە، ئەبێ هەشت پایە هەڵیبگرێ. جا خوای گەورە زۆرێك لە دەسەڵاتو (عەزەمەتو قودرەت)ی خۆی تا ئێستا نیشان نەداوەو نەی نواندووە، ئەو ڕۆژە نیشانی ئەدا. ﴿وَالْمَلَكُ عَلَى أَرْجَائِهَا وَيَحْمِلُ عَرْشَ رَبِّكَ فَوْقَهُمْ يَوْمَئِذٍ ثَمَانِيَةٌ﴾ : عەرشی خاوەنەکەت بەسەریانەوە هەشت هەڵی ئەگرن. جا ئیتر خۆی ئەزانێ هەشت چی هەڵی ئەگرن، ئەو بەشەی کارمان پێوەی نی‌یە، ئەوەندە بزانین کە لەو ڕۆژەدا جۆرێکی‌تر خوای موتەعال خۆی دەرئەخا، عەزەمەتو گەورەیی خوا جۆرێکی تر دەرئەکەوێ.

دیارە مەبەست ئەوە نیە کە خوا وەك فەرمانڕەوایەکی بەشەری، یا وەك هەر مەخلوقێك لاشەی ئاوای هەبێت. مەبەست ئەوە نیە سەنگینیەکەی سەنگینیەکی مادی بێت، وەك سەنگینی لاشەی بەشەرێك بێت.. مەبەست ئەوەیە گەورەییەکەی وا دەرئەکەوێ، لەو ڕۆژەدا وا ئەنوێنێ وەك ئەوەی کە شتێکی گەورە بنرێ بەسەر تەختێکەوە و، چوار پێ ئەتوانێ هەڵی بگرێ ، ئەبێ دوو بەرابەر

بێتــەوە، جــەلالو گــەورەیی ئــەویش لــەو ڕۆژەدا دوو بەرانبــەر دەرئەکەوێ، تا فەرمانڕەوایی‌و خاوەن بوونەکەی زۆرتر دەرکەوێ..

﴿يَوْمَئِذٍ تُعْرَضُونَ لَا تَخْفَى مِنكُمْ خَافِيَةٌ﴾ : ئـەو ڕۆژە لـە حـزووری خوای گەورەدا ئیستیعرازتان پێ‌دەکرێ‌و نمایش ئەکرێن. جا ئیتر هەموو شتێك لەوانەی شاراوەن لەو ڕۆژەدا لاتان ئاشکرا ئەبن.. بەپێچەوانەی ئەو نمایشانەی کە لە دونیادا بۆ فەرمانڕەوایانی بەشەری ئەنجام ئـەدرێن، کـە هـەر دیمـەنی دەرەوە و ڕواڵەتـەکان ئـەبینن. خـاوەنی عەرشـی فەرمانڕەوایی جیهان (خوای گەورە) هەموو شاراوەکان ئەبینێ، هیچێك لێی ون نابێ. جا کە خەڵکەکە لە خۆنواندنەکە بوونەوە بـە پێـی ئـەو سەیرکردنەی کە کردوویەتی ئەیانکات بە دوو دەستەوە :

﴿فَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ بِيَمِينِهِ فَيَقُولُ هَاؤُمُ اقْرَؤُوا كِتَابِيَهْ. إِنِّي ظَنَنتُ أَنِّي مُلَاقٍ حِسَابِيَهْ﴾ : ئەو کەسـەی کتێبەکەی، (نامـەی کردەوەکـانی)، مەلەفەکەی، بەدەسـتی ڕاسـتی‌یەوە بـدرێ، ئـەوە لەوپـەڕی خۆشـیدا بەدەنگی بەرز بانگ ئەکاتە ئەملاونـەولای‌و ڕوو ئەکاتـە هاوڕێکـانی و موسوڵمانەکانی‌ترو ئەڵێ : ها! بگرن، نامەکەم (مەلەفەکەم) بخوێننەوە. ئەمە ئەڵێ، لەبەرئەوە کە شتێکی تیا نیە پێی خـۆش نـەبێ خـەڵك پێـی بزانێ.. چونکە یا لە موسـوڵمانانی دەستە یەکەمە ـ لە (سابقین)ە‌ـ کـە گوناهی گەورەو کرداری ناپەسـەندو خراپـی ئـەنجام نـەداوە.. یـا لـە موسوڵمانانی دەستەی دووەمـە ـ لـە (أصـحاب الـیمین)ە ـ لەوانـەی

ئەگـەر جارجـار شـتێك لـەو گوناهانـەی ئـەنجام داوە، زوو تەوبـەی کردووەو گەڕاوەتەوە، چونکە ئیمانی دامەزراولە دڵیدا بووە، هەروەك لـە پێشـەوە بـەیانمان کـرد. جـا لەبەرئـەوە بـەو پـەڕی شـانازیو سەربەرزییەوە، بێئەوەی تۆزێك ترس لە دڵیا بێ کە شـتێکی نەشـیاو لەناو کارنامەکەیدا ببینێتو خەڵك پێی بـزانن‌و ئـابڕوی بچـێ، دەنـگ بەرز ئەکاتەوەو بـانگ ئەکاتـە هاوڕێکـانیو دەورووبەرەکـەی : وەرن، نامەی کردەوەکانم بخوێننەوە، ئاخر من حاڵی بوو بووم، ئەو ئەتیجەیـەم گرتبووکە بەم جۆرە ئەگەم بە حـسابو کتابی خۆم.. ئەوەم زانـی بـوو رۆژێ دێتە پێشەوە کە حسابم لەگـەڵ ئـەکرێت، موحاکەمـە ئـەکرێم، هەر لەسەر ئەساسی کردەوەی خۆم پاداشتم پێئەدرێتەوە، بۆیە خـۆمم ئامادە کردبوو بۆ ئەم رۆژە، بۆیە ئێـستا ڕووم هەیـە کـە پەروەندەکـەم (ملفەکەم) پیشانی ئەمو‌ئەو بدەم.

﴿فَهُوَ فِي عِيشَةٍ رَّاضِيَةٍ. فِي جَنَّةٍ عَالِيَةٍ. قُطُوفُهَا دَانِيَــةٌ﴾ : جـا ئـیتر ئەوەی کە ئاوایە لـە ژیانێکدایـە ئەوەنـدە لـە ژیانەکـەی ڕازیـیە کـە ژیانەکەیش لە خـۆی ڕازییـە!! ژیانەکـەش لـەخۆی ڕازییـە چـونکە ساحێبەکەی زۆر لێی ڕازییـە. لـەباخێکی پڕ گـەڵاو لـقو پەلـدا، لـە جێیەکی بڵندا، لە باخێکی بەرزا، کە لـە عـەینی ئـەوەدا درەختـەکانی بەرزن‌و جێگاکەی بەرزە، میوەو بەرهەمـەکانی -کـە وەختـی چـنینیان

گەیشتووە- زۆر نەرمن‌و لەبەردەستدان، بە جۆرێك ئینسان هیچ تووشی ماندویەتی نابێت بۆ لێکردنەوەی بەرهەمەو میوەکان..

﴿كُلُوا وَاشْرَبُوا هَنِيئاً بِمَا أَسْلَفْتُمْ فِي الْأَيَّامِ الْخَالِيَةِ﴾ : جا پێیان ئەوترێ : بخۆن‌و بخۆنەوە، لەبەری ئەو کردارە باشانەی‌لەوەو پێش، لە رۆژانی رابردوودا ئەنجامتان داوە.

﴿وَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ بِشِمَالِهِ فَيَقُولُ يَا لَيْتَنِي لَمْ أُوتَ كِتَابِيهْ. وَلَمْ أَدْرِ مَا حِسَابِيهْ. يَا لَيْتَهَا كَانَتِ الْقَاضِيَةَ. مَا أَغْنَى عَنِّي مَالِيهْ. هَلَكَ عَنِّي سُلْطَانِيهْ﴾ : بەلاّم ئەوەی ئەلەفەکەی ئەدرێ بەدەستی چەپیەوە ئەلێ : ئای! خۆزگە کتابەکەم (کارنامەکەم) نەئەدرا پێم.. بەدەنگێکی پڕ لە حەسرەت‌و ماندوویەتی، بەهەناسە هەلکێشانەوە، ئەلێ: ئاخ! خۆزگە هەر ئەم ئەزانی حیسابم چیەو موحاکەمەم چیەو چۆن حسابم لەگەلّ ئەکرێ وکردارەکانم چۆن هەلئەژمێررێن. ئاخ خۆزگە ئەو مردنەی وا تووشم هات کاری منی یەك سەرە بکردایەتەوە، ئیتر هەر زیندوو نەئەبومەوە، یا ئائەم رۆژەم نەدیایە. خۆ سامانو مالّەکەم هیچ کەلکێکی پێ‌نەدام، لەکەمترین سزاو دەردی سەری رزگاری نەکردم. خۆ دەسەلاّتەکەم هەر لێم ون بووەو لەناوچووە، هیچی نەگەیشتوەتە فریام.

جا لەلایەن خوای گەورەوە فەرمان دەرئەچێ‌و ئەفەرموێ :

﴿خُذُوهُ فَغُلُّوهُ. ثُمَّ الْجَحِيمَ صَلُّوهُ. ثُمَّ فِي سِلْسِلَةٍ ذَرْعُهَا سَبْعُونَ ذِرَاعاً فَاسْلُكُوهُ﴾ : بە فەرمانێکی پڕ لە هەیبەتو تورەیی، فەرمان ئەدا کە : (بیگرن، پاشان کۆتو زنجیر بکەنە ملی، دەستی لەگەڵ ملی بەیەکەوە ببەستن. جا بەو ئاگرە تیژو زۆر سەختە کە هەڵگیرساوە بیسوتێنن، بیخەنە ناوی با گرفتاری بێ. جا لە نێو زنجیرێکا-کە حەفتا زیراع درێژە - بیبەستنەوە، بالەکاتی سزاداندا نەتوانێ بجولێتەوە). بۆ؟! چی کردووە؟! ئاخر لەبەرئەوەی کە :

﴿إِنَّهُ كَانَ لَا يُؤْمِنُ بِاللَّهِ الْعَظِيمِ. وَلَا يَحُضُّ عَلَى طَعَامِ الْمِسْكِينِ﴾ : لەبەرئەوە ئیمانی بەخوای گەورەو بە عەزەمەت نەبووە، تەسلیمی ئەوە نەبووبوو کە خوا فەرمانڕەوایەتیو تاکە فەریادڕەسیەتی و ئەبێ لە ژیانا هەرئەو پشتو پەنای بێ. گوناهی دووەمی ئەوەبوو ئەك خۆی خواردەمەنیەکی ئەئەدا بەگەدایەك، بە فەقیرێك، تەشویقی خەڵکیشی ئەئەکرد، خەڵکیشی هان ئەئەدا لەسەر ئەوکارە، تەنانەت پێی خۆش ئەبووخەڵکیش ئەو کارە بکەن، ئەوە ڕەفتی بوو لەگەڵ خوا، ئەوەش کاری بوو لەگەڵ بەندەکانی خوا، کەوابوونەبێ‌لە سزای ئەوانەدا هەروەك ئائەوانە بچەژێنەوە، سزاکە چی‌یە؟!

﴿فَلَيْسَ لَهُ الْيَوْمَ هَاهُنَا حَمِيمٌ﴾ : ئیتر ئیمڕۆ لێرە دۆست ومودافیعێکی نیە، کە بۆی گەرم بێتو دیفاعی لێ بکا.

﴿وَلَا طَعَامٌ إِلَّا مِنْ غِسْلِينٍ. لَا يَأْكُلُهُ إِلَّا الْخَاطِؤُونَ﴾ : ئیمڕۆ هیچ خۆراکێکی نیە مەگەر شتێك لە (غسلین)، ئەو خۆراکەی کە لەو درەختەیە وا لە جێی ترا قورئان ناوی ئەنێ (ضریع) یان (زقوم)، چونکە لە جێیانی‌تر فەرمویەتی غەیری (زقوم)و (ضریع) خۆراکی تری نیە.. لێرەش ئەفەرموێ : غەیری (غسلین)ی نیە. ئەوە دەری ئەخا هەموویان یەك شتن، درەختەکە ناوی (زقوم)ە، (ضریع)یشە چونکە درکی تیژی پێوەیە، کاتێ بدات لە گوانی وشترو شتی‌وا لە کاتی لەوەڕیانا لەت‌و پەتی ئەکا بەیەکا، خۆراکەکەش کە لێی ئەکرێتەوەو ئەخورێ (غسلین)ە ، رەنگە لەبەرئەوە ئەو ناوەی لێ نرابێ کە کاتێ ئەیخۆن هەموو دەروونیان دائەشۆرێ‌و دایئەمالێ بەیەکا!! تەنها ئەو کەسانە ئەیخۆن کە بە عەمدی لە رێگەی بەندایەتی خوای گەورە لایان داوەو ئیمانیان پێی نەبووەو، بیریان بەلای فەقیرو هەژارەوە نەبووە.

بە کورتی ئەهلی بەهەشت لە دوو عەیب کە لە ژیانی دونیایدا هەن دوورن، یەکەم : ئەوەی کە هیچ خەفەتیان نیە.. دووەم : ئەوەی کە هیچ ترسیان نیە. خەفەتیان نیە چونکە هەر ئاواتێ بخوازن دێتە دی ، خەفەتیش لەبەرئەوە ئەخورێت کە ئینسان ئاواتێکی بێ ئەهاتبێتە دی.

﴿لَهُمْ فِيهَا مَا يَشَاؤُونَ﴾ :هەرچی‌یان دەوێ لەو جێیەدا هەیە، هەرچیەکیشیان پێ‌ئەدرێ بۆ هەمیشە لە دەستیانا ئەمێنێتەوەو لێیان ناسەندرێتەوە، کەوابوو (ترس)یشیان نیە چونکە ترس لەبەرئەوەیە کە

ئینسان ئەو خوورپەیە بکەوێتە دەروونیەوە، کە شتێك لەوانەی هەیەتی لە دەستی بچێ. ﴿خالدین﴾ : ئەوان بۆ هەمیشە لەوێ ئەمێننەوە، ئەترسو ئەخەفەت ـ ئەو دوور عەیبەی کە ژیانی دونیایی کەسێ تاڵ ئەکەن کە (مؤمن) نەبێ ـ لەوێ باسی نیە.

بەلاَم جەهەننەمی مەسکەن دیارە کە جەهەننەمەو، هەر ئەفەریکیش زۆریکی بۆ دروست ئەکرێ لە ئاگر، وەك ئەو جێگە تەلەفونانە کەلەسەر جادە هەن. ﴿إِنَّهَا عَلَيْهِم مُّؤْصَدَةٌ﴾ : دۆزەخ لەسەریان داخراوەو دەرگایشی نیە. لەهەموولاوە مەحکەم کراوە تا ڕێی دەرچوون نەبێت. بۆ ئەوەش کە ڕێی دەرچوون بە هیچ جۆر نەبێ، لە سوچەکانیا بە ستوونو کۆڵەکەی مەحکەم توندوتۆڵ کراوە، تا هەرگیز کەلێنێکی تێ نەکەوێو جێگای دەرچوونو هەلاَتن نەبێ. ئەوە مەسکەنو جێ‌نیشتەنی.

بۆ پۆشاکیش ئەفەرموێ ﴿سَرَابِيلُهُم مِّن قَطِرَانٍ﴾ : کراسێ ئەیکەنە بەریان لە (قطران)ە، کە مادەیەکی ڕەشە بۆنەزیەت کردنیان، ڕەنگی ڕەش ئەعصابی ئینسان تێك ئەدات، ئەگەر زۆر چاوی لێ بێت. ئەو کراسە، بۆگەنە. چەورە. ئاگرنەکێشێ. دیارە وەك قیریش ئەتوێتەوە بەدەنیاندا. ئەوەش پۆشاك!! خۆراکیش ئەوە بووکە باسمان کرد: (غسلین ، ضریع ، زقوم).

بۆ ئاوو هەر جۆرە خواردنەوەیەکی تریش ئەفەرموێ : ئاوێکی زۆر داخی گەرم کە کاتێ ئەیخۆنەوە ڕیخۆڵەو هەموو ناوسکیان لەتو پەت ئەبێ ﴿فَقَطَّعَ أَمْعَاءهُمْ﴾ : ناوسکیان هەموو پارچە پارچە ئەکات. دوای ئەوەش ئەفەرموێ : بەتەمای ئەوە مەبن ڕۆژێ ئازارتان سوك کرێ، ڕۆژێ لەسەرتان هەلگیرێ، ئەگەر قەرار بێ شتێکتان بۆ زیاد کەین عەزابەو هیچیتر: ﴿فَذُوقُوا فَلَن نَّزِيدَكُمْ إِلَّا عَذَاباً﴾.

## بەشێك لە تەفسیری سورەی (الواقعة)

لە سورەی (واقعە)دا باسی ئەو کەسانە دەکات کە دەعوەتی دینیان پێگەیشتووەو، دینیان بۆ ڕۆشن بۆتەوە، ئەیان کات بە سێ بەشەوە، هەر بەشێکیان باسی جەزایەکی تایبەتیان بۆ ئەکات.. لەسەرەتاوە باسیئەوە ئەکا : ڕووداوی قیامەت ئەوەندە سەنگینو قورسە کە زەوی و کەژوکێوەکانی پێ تێك ئەچێو وردوخاش ئەبن بەیەکا.. وەك لە جێگای تردا ئەفەرموێ : ﴿ثَقُلَتْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ﴾ : ئەوەندە سەنگینە، ئاسمانەکانو زەوی هەمووی تێك ئەدا بەسەریەکدا..

لە سەرەتای سورەی واقیعەدا ئەفەرموێ:

﴿إِذَا وَقَعَتِ الْوَاقِعَةُ. لَيْسَ لِوَقْعَتِهَا كَاذِبَةٌ. خَافِضَةٌ رَّافِعَةٌ. إِذَا رُجَّتِ الْأَرْضُ رَجّاً. وَبُسَّتِ الْجِبَالُ بَسّاً. فَكَانَتْ هَبَاء مُّنبَثّاً﴾ : ئینسان تەنها ئەوەی ئەکەوێتە بیر، چ ڕوداوێ لەوە گەورەترە کە هەموو جیهانی پێ

تێك ئەچێ‌و ئەشێوێ بەسەریەکا؟ کاتێ کە ڕووداوەکە ڕووی دا، ئیتر کەس ناتوانێ بڵێ ڕووی نەداوە. ئەو ڕۆژە وەك ئەمڕۆ نیە کە خەڵکی دەمیان هەراش بێت‌و بتوانن بڵێن : نا، ڕووی نەداوە. وا ڕوو ئەدا کە جێگەی ئینکار نیە. ڕووداوێك کە سەری هەندێ ئەوی ئەکاو هەندێکیتر بلند، ئەوانەی وا ملکەچییان هەبوو بۆ خاوەنەکەی خۆیان‌و، سەری بەندەیی‌یان بۆی دانەواندبوو، ئەو ڕووداوە بەرزیان ئەکاتەوە، ئەوانەش وا سەرکەشی‌و نافەرمانیان ئەکرد، سەریان هەڵدابوو، خۆیان بانێ گرتبوو لەوەی کە فەرمانبەرداریی بکەن، ئەو ڕووداوە نزمیان ئەکاتەوە.

کاتێ ئەو ڕووداوە ڕووی داو، زەوی تەکانی پێدرا، کاتێ کەژوکێوەکان وردوخاش کران بەیەکاو وەك تۆزی پژاویان لێ هات، وەك ئەوەی ئەسڵەن کەژوکێوێك وجودی نەبووە، ئالەو ڕۆژەدا ـ ئێوە ئەی ئەوانەی کە حەقتان بۆ ڕوون کراوەتەوەو ڕێگای بەندەییتان بۆ ڕوون کراوەتەوە! ـ بەش بەش ئەبن‌و دەستە دەستە ئەکرێنەوە.. چۆن؟

﴿وَكُنتُمْ أَزْوَاجاً ثَلَاثَةً﴾ ئەو ڕۆژە ئەبن بە سێ دەستەوە :

﴿وَأَصْحَابُ الْيَمِينِ. مَا أَصْحَابُ الْيَمِينِ﴾ : ئەوانەی ئەهلی یومن‌و خۆشبەختی‌و سەعادەت‌و بەختیارین، چین ئەوانە؟ وەسفیان ناکرێ! مەگەر هەر لەو کاتەداو مەگەر خوا بزانێ کە چین‌و چۆنن؟!

﴿وَأَصْحَابُ الشِّمَالِ. مَا أَصْحَابُ الشِّمَالِ﴾ : ئەوانەش وا ئەهلی شومو بەدبەختیو دوور لە بەختیارین، ئەوانەی کە بەدبەختی داگیری کردوون، ئەوانەش چین؟ وەصفیان ناکریٚ؟ مەگەر لەو کاتەدا ئینسان بزانێ کە چۆنن و چ وەزعیەت وحاڵێکیان هەیە. ئەوە دوو دەستە. دەستەی سێیەمیش ئەمانەن:

﴿وَالسَّابِقُونَ السَّابِقُونَ﴾ : ئەوانەش کە پێشکەوتوون لەوێ، پێش کەسانیترکەوتوون بۆ جەزاو پاداشت، ئەوانەن وا لە دونیادا پێش ئەوانیترکەوتبوون، لەهەستان بە مەسئولیەتو ئەرکی بەندەییدا. هەرکەس لە دونیادا پێش کەسانیترکەوتبوو، لەوێش هەروایە، پێش ئەکەوێ و ئەڕوا بۆ ئاستە بەرزەکان، بۆ جەزای باشترو گەورەتر.

﴿أُولَئِكَ الْمُقَرَّبُونَ﴾ : ئائەوانە ـ دەستەی سێیەم ـ نزیك کراوەکانن، ئەوانەن لەبارەگای خاوەنەکەیان نزیك خراونەتەوە.

﴿فِي جَنَّاتِ النَّعِيمِ﴾ : لەو باخە پڕژە پڕ درەختو پڕ گەڵاو پەلانەدان کە پڕن لە نیعمەتو خۆشیو خۆش بەختی.

﴿ثُلَّةٌ مِّنَ الْأَوَّلِينَ. وَقَلِيلٌ مِّنَ الْآخِرِينَ﴾ : ئەوانە زۆریان لە ئوممەتە پێشووەکانن ـ پێش لەوکاتەی کە قورئان دەستی کردووە بە هاتنە خوارەوە ـ کەمێکیشیان لەو نەتەوە وگەلانەن کە لە دوای ئەو ئوممەتە پێشینانە هاتوون. ئەوانەی لەکاتی هاتنە خواری قورئانەوە تا قیامەت ئەبن. (سابق): کەسێکە ئیمان لە دڵیا وا دامەزرابێ کە جارجاریش

سستی ڕووی تێ‌نەکاو تووشی گوناهێکی گەورەو کردارێکی زشت و ناپەسەند نەبێ. ئەوانەی وا ئەوەندە چونەتە پێشەوە لەبەندەیدا، ئەوەندە ئیمان دامەزراون، ئیتر جێی ئەوە نیە کە جارێکیش هەوەس وئارەزوویان زاڵبێ و شەیتان زاڵ بێ بەسەریاندا و، وایان لێ بکا تووشی گوناهێکی گەورە وکردارێکی ناپەسەند بین، ئەوانە پێشکەوتوونو ڕۆیشتوون.. ئەوانە کەسانێکن کاتێ کە دەعوەت کردن بۆ دین دەس پێ‌نەکا، یەکەم کەسێکن دێنە پێشەوە، پێش لە خەلکی تر دەس پێ‌نەکەن‌و، ڕێ ڕۆشن ئەکەنەوە بۆ خەلکی ترو، ڕچە شکێنن.

ئەوانەش لەوەودوا دێن، بەڵام ئیمانیان نەگاتە ئەو پلەیەو، بەجۆرێ دائەمەزرێ کە تووشی ئەو گوناه وکردارە ناپەسەندانە نابن ، وەك ئەوان وان. بەڵام ئەو دەستەکەی تر لە (مؤمنین)، دەستەی (وأصْحابُ الْيَمِين)، یا بە تەعبیرێکی تری قورئان (مقتصدين) میانڕەوەکان : ئەوانە کەسانێکن ئیمانەکەیان تا رادەیەك سستی‌و لاوازی تێدایە، کە جارجارێ هەوەس زاڵ ئەبێ بەسەریاناو شەیتان توشی ئەنجامدانی گوناهێك لەو گوناهە گەورانەو کردارێك لەو کردارە ناپەسەندانەیان ئەکا، بەڵام بەدوایدا زوو تەوبە ئەکەن‌و ئەگەڕێنەوە.

(سابقين) ئەوانەن دەروونیان دڵنیایە، دامەزراون، ئارامیان گرتووە، لە ڕێگای بەندایەتیدا مەحکەم و جێگیرن. بەڵام (أصحابیەمیـــنا ) ـ

دەستەی دووەمی موسوڵمانەکان ـ کەسانێکن نەفسیان لە جۆری (لوامة)یە. نەفسێ کە زۆر سەرزەنشتی خۆی ئەکا. چونکە جارجار تووشی گوناه ئەبێ. جا زوو ئەگەڕێتەوەو لۆمەی خۆی ئەکاو، لە ئاکامدا تەوبە ئەکاو ئەچێتەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی بەندایەتی خۆی.

جا ئەوەی کە ئەفەرموێ :(سابقين)، زۆرێکیان لە ئوممەتە پێشووەکانوکەمێکیان لە دواییەکانیانن، لەبەرئەوەیە کە ئوممەتە پێشووەکان جەمعیەتیان کەم بووە . بۆ نموونە ئوممەتی قەومی نوح (ﷺ) ئەگەر ـ فەرز کەین ـ دوو هەزار نەفەر بووبن، دە نەفەر برواداریان تیابووبێ، دیارە دە نەفەر لەناو دوو هەزاردا زۆرن.. بەڵام لەم سەردەمەدا کە ئێمە هەین بۆ نموونە ئەگەر خەڵکی چوار هەزار ملیۆن نەفەر بن،و، لەم ژمارەیە ئەگەر دە هەزاریش (سابق) بن هەر کەمن بە نیسبەت ئەو ژمارەیەوە، بۆیە (سابق)لە ئوممەتە دواییەکان کەمن.

جا بچینەوە سەرباسی پاداشتی ئەم دەستەیە ، دەستەی یەکەم لە بڕواداران :

﴿عَلَى سُرُرٍ مَّوْضُونَةٍ﴾ : ئیمانداران لەبەهەشتا – لەگەڵ ئەوە کە هەرکەس بۆ خۆی ماڵو جێگاو باخی تایبەتی هەیە- پارکی گشتیشیان هەیە بۆ ڕابواردن کە تیایدا کۆ ئەبنەوە. لێرەدا باسی ئەو حاڵەتە ئەکا کە بەیەکەوە کۆ ئەبنەوە. ﴿عَلَى سُرُرٍ مَّوْضُونَةٍ﴾ : دانیشتوون بەسەر

هەندێ سیستەمەوە کە بە جۆرێك چنراون لەهەر بەشێکیا برێك دوڕو مرواری دانراوە، لەزیو و شتانیتر تەل دروستکراوە. جارجاریش یاقوتومرواریوئەو شتانەی تێخراوە کە جوانی کردووە، جا بەسەر ئەو تەختانەوە دانیشتوون و پاڵیان داوەتەوە.

﴿مُتَّكِئِينَ عَلَيْهَا مُتَقَابِلِينَ﴾ : پاڵیان داوەتەوە بەسەریانەوە و ڕوویان کردۆتە یەکتر. نەك وەك ئەهلی ڕابواردنی دونیا کە لە بەرئەوەی دڵیان پڕە لە کینە نیسبەت بە یەکتر، کاتێ لە مەجلیسی ڕابواردنا دائەنیشن بەتەواوی پێیان خۆش نیە ڕوویان لەیەکتر بێو خۆشیان لەیەکتر نایە ت. لەوێ کینەو ڕقو دوژمنایەتیەك لەبەینا نیەو هەموو یەکتریان خۆش ئەوێ. لەبەرئەوە کاتێ لەو مەجلیسانە دائەنیشن ڕوویان لەیەکترە. جا ئەوان دانیشتوون، خۆیان زەحمەت نادەن، خزمەتکار هەیە لەبەردەستیانا ئەگەرێ :

﴿يَطُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَانٌ مُخَلَّدُونَ. بِأَكْوَابٍ وَأَبَارِيقَ وَكَأْسٍ مِنْ مَعِينٍ﴾ : منالانێ کە هەمیشە هەر منالن، خوای (متعال) وای بریار داوە هەمیشە منالٌ بنو هەروا بمێننەوە، بۆ ئەوەی ئەو برادارانە کەیف خۆش بن لە بینینیان. جا ئەگەرێن بەسەریانداو خواردنەوەیان بۆ ئەهێنن بە پەرداخو کوپو سوراحیو پیاڵەی پڕ ، لەشەرابێك کە هەمیشە هەر ڕەوانەو هەرگیز دوایی نایەت.

﴿لَا يُصَدَّعُونَ عَنْهَا وَلَا يُنزِفُونَ﴾ : ئەوانە نە بلاوەیان پێنەکرێ – کە پێیان بلێن : دەی بەسە هەلسن، بڕۆن، نیز نەما- نەخواردنەوەو شەرابەکەشیان تەواو نەبێ، تا کاتێ خۆیان دڵیان پێوەی بێ لەوێ دائەنیشن.

﴿وَفَاكِهَةٍ مِّمَّا يَتَخَيَّرُونَ﴾ : لەگەڵ ئەوەش میوەیان بۆ هەیە، میوەیەك لەکاتی خۆشیو ڕابواردنا ئەخورێ ، لەو جۆرانەی خۆیان هەلیبژێرنو پێیان خۆش بێ، ئەیهێنن ئەیگێڕن بەسەریانا. جا هەرکەس هەرچی پێ خۆش بوو هەلی ئەبژێرێو هەلی ئەگرێ بۆ خۆی.

﴿وَلَحْمِ طَيْرٍ مِّمَّا يَشْتَهُونَ﴾ : گۆشتی پەلەوەرانیش ئامادەیە بۆیان، لەهەر کامەی خۆیان حەزیان لێ بێ، هەرچی حەزی لێ بکەن داوای ئەکەنو بۆیان حازر ئەکرێ.

﴿وَحُورٌ عِينٌ. كَأَمْثَالِ اللُّؤْلُؤِ الْمَكْنُونِ﴾ : هاوسەرانی چاوخڕی چاوجوان، کە هەروەك مرواریو دوڕێك لە جێگایەکا پارێزراو بێت بۆ ئەوەی تۆزو گەردو چلکی پێوە نەنیشێ، ئاوەها پڕ لە صەفاوپاکین و، ئەوپەڕی خاوێنیو جوانییان هەیە.

﴿جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ : ئەوانە پاداشتی ئەوکردەوانەن لە دونیادا ئەنجامیان ئەدا. جا لەبەرئەوەی لەو جۆرە مەجلیسانەدا کەلە دونیادا ڕێك ئەخرێن ـ مەجلیسەکانی سەفاو ڕابواردن ـ، قسەو کردەوەی بێهودەی زۆر ڕوو ئەدا، قسەوتن بەیەکو، لەیەك

هەڵچوون زۆر نەبێ، ڕەنگە لێرەدا گومانی ئەوە بکرێ، کەلەوێش هەروا نەبێ، هەر قسەی بێهودە نەکرێو، کرداری ناپەسەند ئەنجام نەدرێو، لەگەڵ یەکتر شەڕو داوایان نەبێ! بۆیە ئەفەرموێ :

﴿لَا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْواً وَلَا تَأْثِيماً. إِلَّا قِيلاً سَلَاماً سَلَاماً﴾ : لەوێ ـ نە وتەیەکی بێهودەو بێ سەمەر، نە قسەی خراپ بەیەکتر وتنو یەکتر بە گوناهکار ژماردن ـ هیچێك لەوانە نابیسن، کەس قسەیەکی ناخۆش لەوێتر نابیسێ. جا ئەگەر سەرت سوڕماوە لەمە، ئەگەر ناتوانی قبوڵی بکەی لەناوا دانیشتنێکا کە پڕە لەو ڕابواردنانە، قسەیەك لەو قسانە ڕوونەدا هەر زۆر زۆر بەلاتەوە جێی سەرسوڕمانە ونەتەوێ حەتمەن بڵێین کە شتێك لەوێ ڕوو ئەدا، ئەوە تەنها یەك شت هەیە ناوی بنێین (لغو وەتأثیمە)، ناوی بنێین قسەی بێهودە، ناوی بنێین جوێن بەیەکتردان، تەنها ئەوە هەیە ئەگەر حازری قبوڵی بکەی ئەوە ناو بنێین قسە بەیەك وتنو جوێن بەیەکدانو قسەی بێهودە کردن، بەڵێ ئەوەش سەلام لەیەکترکردنە! دوعای سەلامەت بۆ یەکتر کردن. تەنها ئا ئەوەیە کە لەیەکتری ئەبیسن. ئەوە حاڵی (سابقین). با بچینە باسی دەستەی دووەم :

﴿وَأَصْحَابُ الْيَمِينِ مَا أَصْحَابُ الْيَمِينِ﴾ : ئەوانەی ئەهلی (یومن )و بەختیاری و سەعادەتو خۆش بەختین. چین ئەوانە؟ چوزانی چ سەرئەنجامو جەزایەکیان هەیە! جا ئێستا کە باسی سەرئەنجامەکەیان ئەکا،

دەرئەکەوێ پاداشتی ئەمان جۆرە ژیانێکە لـە چەشـنی ژیـانی ئـەهلی دەشت و (بادیە)یە. ئەوەکەی تر ژیانی شارستانی بوو. بەوجۆرەی بـاس کرا. بەڵام ئەمان :

﴿فِي سِدْرٍ مَّخْضُودٍ. وَطَلْحٍ مَّنضُودٍ. وَظِلٍّ مَّمْدُودٍ. وَفَاكِهَةٍ كَثِيرَةٍ. لَّا مَقْطُوعَةٍ وَلَا مَمْنُوعَةٍ. وَفُرُشٍ مَّرْفُوعَةٍ﴾ : ئەوان (اصحاب اليمين) لەناو ئەم شتانەدان : درەختی (سدر) ـ ئەو درِکەی کە لای خۆمان پـەرژینی لێ دروست دەکرێ ـ ئەگەر بهێڵدرێتەوە تا گەورە ئەبێت، بەرهەمێکی هەیە وەك گوێز، ئەوە (سدر)ە. جـا ئەگـەر هـەروابێ ـ وەك درەختـی دونیا ـ ئینسان ناتوانێ بروا بەقەدیاو بەرهەمەکەی لێ کاتەوەو بیخـوات ، چونکە پڕە لە درِك، مەگەر لە خوارەوە بەدارێ، بەبـەردێ، بەشـتێ، بەرهەمەکـەی دابخـا. بـەڵام ئـەو( سـدر) انـەی لـە بەهەشـتا هـەن درِکەکانیان لابراوە، بۆ ئەوەی بتوانن بە رِەحەتی برِۆنە قەدیانو لێـیـان بخۆن. هەروەها درەختێکی تریش هەیە نـاوی (طَلْـح)ە، ئـەویش چـین لەسەر چـین میوەکـەی دانـراوە، بـۆ ئـەوەی بیخـۆن. درەختێکـە لـە عەرەبستانا ئەروێو سەمەرێکی تایبەتی هەیە. جگە لەوە ئەوان وان لە سێبەرێکا کە کێشی پێ دراوەو درێژکراوەتـەوە، بەمـەعنای ئـەوە وەك سێبەری درەختی دنیا نیە کە لە دەشتێکا بێ، خـۆی تـەنها جێگایـەکی کەم داگیرکاو، ئەگەر ئینسـان لـەژێریا چـووە ئـەولاوە ئـیتر سـێبەری نـەمێنێ.. لـەوێ ـ لەبەهەشـتا ـ هـەتا بـرِۆنو بیانـەوێ بگـەرِێن

بەناوباخەکەیانا هەر سێبەرە، چونکە خۆری تیا نیە کە ئەزیەتیان بکات. وان لە جێگایەکداکە ئاو لە بەرزی یەوە نەرژێتریئو، بەتاف دێتە خوارەوە، جا ئیتر یا هەر وەك ئەو تاف و تافگانەیکە لە کەژوکێوانی دونیادا هەن، یا بەجۆرێکیتر کە خوا خۆی ئەزانێ چۆنە. جا میوەی زۆری وایان هەیە کە لێی بخۆنو، ئیستیفادەی لێبکەن. هەروەها وان لەسەر دۆشەکەی بەرز کە لە جێگای بەرزدا دانراون، بۆخۆیان ئیسراحەت ئەکەنو رائەبوێرن. جا کەناوی سێتەمو دۆشەك برا، هاوسەر ئەکەوێتە بیر، باسی حاڵی ئەوانیش ئەکاو رۆشنی ئەکاتەوە کە هاوسەران لەوێ ئەو حاڵەیان نیە کە ئێستا لە دونیادا هەیانە، ئاڵوگۆڕێك بەسەریانا هاتووە:

﴿إِنَّا أَنشَأْنَاهُنَّ إِنشَاء. فَجَعَلْنَاهُنَّ أَبْكَاراً. عُرُباً أَتْرَاباً﴾ : ئەفەرموێ : بەراستی سەرلەنوێ جارێکیتر دروستمان کردونەتەوە، غەیری ئەو دروست بوونە کە یەکەم جار بوویانە. هەمیشە زیندوونوکردومانەتەوە بە کچ، حاڵەتێکمان پێداون کە کەمتر ژنی دونیایی هەیانە.. ئاخر ژنی دونیا ئەگەر زۆریش مێردەکەی خۆش بوێ، هەوڵ ئەدا ئەم خۆشویستنەی دەرنەخا، وا ئەزانێ ئەگەر دەری بخا قەدرو قیمەتی لای شووەکەی نامێنێ، بەڵام ئەوان ـ هاوسەرانی بەهەشت ـ (عرب)ن، ئەو شتانە لەلایان نامێنێ، هەرکام چەنێ هاوسەرەکەی خۆی خۆش ئەوێ، بەو جۆرە بۆی دەرئەبڕێ،

خۆشەویستی خۆی بۆی رۆشن نەکاتەوە. هەمووشیان هاوساڵن، لەیەك عومردان، بۆ ئەوەی کە کەس دڵی لە خۆی دانەمێنێ، کە هاوسەری ئەو عومری زیاترەو پیرترە لەهی کەسێکی‌تر!.

﴿لِّأَصْحَابِ الْيَمِينِ﴾ : ئەوانەش بۆ (یاب‌حصأ نیمیلا)ن. بۆ موسوڵمانانی پلە دووەمی بەهەشت.

﴿ثُلَّةٌ مِّنَ الْأَوَّلِينَ وَثُلَّةٌ مِّنَ الْآخِرِينَ﴾ : ئەوانەش زۆرێکن لە ئوممەتە پێشووەکانو، زۆرێکیش لە ئوممەتە دوایەکان. چونکە موسوڵمانی پلە دووەم بوون ئاسانترە، لەبەرئەوە زۆرتر ئەبن لە موسوڵمانانی دەرەجە یەك، دەرەجە یەکەکان ئەوانە بوون کە ژمارەیان کەمتر بوو. سەبارەت بە دەستەی سێیەمیش دەفەرموێ:

﴿وَأَصْحَابُ الشِّمَالِ مَا أَصْحَابُ الشِّمَالِ﴾ : ئەوانەی کە تاقمی دەسە چەپن.. ئەوانەی کە ئەهلی شوومیو دووری لەبەرەکەت و بەختیاریو خۆش بەختین! (هەروا کەلای خەڵك باوە دەستی راست بە نیشانەی بەرەکەتو خۆش بەختی ئەزانن‌و، دەستی چەپ بە پێچەوانەوە، بە نیشانەی شوومیو دووری لە بەرەکەت ئەزانن) چین ئەوانە؟ وەزعیان چۆنە؟ ئەبێ تووشی چی بن؟ چ سەرەنجامێکیان ئەبێ؟!ئەفەرموێ:

﴿فِي سَمُومٍ وَحَمِيمٍ. وَظِلٍّ مِّن يَحْمُومٍ. لَّا بَارِدٍ وَلَا كَرِيمٍ﴾ : ئەوانە وان لەناو بایەکدا هێجگار گەرمەو لێیان ئەداتو، بەو کونە وردانەی

پێستی بەدەنیانا نەچێتە ناوەوەو ئەیان سوتێنێ. هەروەها لـەناو نـاوێکی زۆر داخو کوڵاودوان. لە سێبەرێکدان، چ سـێبەرێك؟ سـێبەرێك کـە دوکەڵێکی زۆر داخو زۆر ڕەشی هەیە، ڕەنگێکی جوانی نیـە کـە لـە پـەنایا پشـوویەك بـدرێ.. بـۆ؟ بۆچـی ئـەوە پاداشـتیانە؟! ئاخرلـەبـەر ئەوەی :

﴿إِنَّهُمْ كَانُوا قَبْلَ ذَلِكَ مُتْرَفِينَ﴾ : چـونکە ئـەوان لـەوەو پـێش خۆشگوزەران بوون. (خۆشگوزەرانی غەفلەت ئەوەیە کە ئینسان لـە نیعمەتو ئیمکاناتێ خوا داویەتی، وا ئیستیفادەی لێ نەکات کە خـۆی پێ ئیصلاح بکا، خۆی پێ ببا بـەرەو کـەماڵو تـەواوبوون. بـۆ ئـەوە ئیستیفادە نەکات کە مەسئولیەتو ئەرکی بەندایەتی خۆی ئـەنجام بـدا، بەڵکو ئەو نیعمەتو ئیماکاناتە خۆی بوونە هەدەف لەلایو، هەمیشـە خەریکی لەزەت بردنو رابواردن بێ..). بەڵێ لەوەو پێش لە دونیـادا خۆشگوزەران بوون. جا کەسێك کـە خۆشـگوزەرانوغافڵ بـوو ئـیتر تووشی هەرچی گومراییو لەرێ لادانە ئەبێ.. بۆیە :

﴿وَكَانُوا يُصِرُّونَ عَلَى الْحِنْثِ الْعَظِيمِ﴾ : هەمیشـە سووربوون لەسەر ئەنجامدانی گوناهە گەورەکە، کام گونـاهی گـەورە؟ ئـەوەی وا ئیتر لەوە گونـاهی گـەورەتر نیـە. بـەجۆرێ هـەر کـە وتـت گوناهـە گەورەکە، دیارە کە چیە. گوناهی (شـەریك بۆ خـوا قـەراردان). ئـەوە کە ئینسان فەرمانڕەوایەکیترو فەریادڕەسێکیتر لـەژیانیا قبـوڵ بکـا،

ئەوەی ئینسان وابزانێ کەمێ تریش ئەتوانێ سوودێکی پێبگەیەنێ، یاکۆسپێ لەسەر ڕێی لاببا، یا دەسەلاتی ببێ بەسەریا، یا ئەتوانێ لەسەرەنجامیا دەستی هەبێ. ئائەوەیە گوناهە گەورەکە. ئەوانە تووشی ئەو گوناهە بوون، هەر لەسەری ئەچوون، وازیان لێ نەئەهێنا، دوای ئەوەش کە بۆیان روون کرایەوە هەر لەسەری ئەچوون. جگە لەوەش :

﴿وَكَانُوا يَقُولُونَ أَئِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَاباً وَعِظَاماً أَئِنَّا لَمَبْعُوثُونَ. أَوَ آبَاؤُنَا الْأَوَّلُونَ﴾ :

جگە لەوە باوەڕیشیان بە قیامەت نەبوو، ئەیان وت : چۆن؟ ئایا کاتێ مردین‌و بووین بە خاکو بووین بە ئێسقان، بەراستی زیندوو ئەکرێینەوەو لەقەبرەکانمان ڕائەپەڕێنرێین؟ چۆن ئەکرێ شتی وا؟ چۆن ئەکرێ ئینسان بمرێ‌و ببێ بە خاکو ببێ بە ئێسقان، دوایی زیندوو بکرێتەوە؟! هەروەها ئەیان ووت : لەوەش دوورتر ئایا باوباپیرە پێشووەکانمان ، ئەوانەی هەر ناسارو نیشانەشیان نەماوە، ئایا ئەوانیش هەر زیندوو ئەبنەوە؟!

﴿قُلْ إِنَّ الْأَوَّلِينَ وَالْآخِرِينَ. لَمَجْمُوعُونَ إِلَى مِيقَاتِ يَوْمٍ مَّعْلُومٍ. ثُمَّ إِنَّكُمْ أَيُّهَا الضَّالُّونَ الْمُكَذِّبُونَ. لَآكِلُونَ مِن شَجَرٍ مِّن زَقُّومٍ. فَمَالِؤُونَ مِنْهَا الْبُطُونَ. فَشَارِبُونَ عَلَيْهِ مِنَ الْحَمِيمِ. فَشَارِبُونَ شُرْبَ الْهِيمِ. هَذَا نُزُلُهُمْ يَوْمَ الدِّينِ﴾ :

بلّێ پێیان : بەڵێ بێ گومـان پێشـووان ـ ئەوانەی‌کـە لـەوەوپێش بوونو ئەوانەش بـە دوایانـدا دێـن ـ هـەموویان کـۆکراوەن، حەتمـەن کۆئەکرێنەوە بۆ ڕۆژێکی تایبەت کە دیاری کراوە، ڕۆژێکـە زانـراوە، هـەموو لـەو ڕۆژەدا جـەم ئەکرێنـەوە. جـا دوای ئـەوە، ئێـوە- ئـەی ئەوانەی کە گومڕا بوونو لاتان داوە لەڕێگای بەندەیی خـواو تووشـی هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوا بوون!، ئەی ئەوانەی کە زیندووبونەوەی دوای مردنو موحاکەمەو موحاسەبە بەدرۆ ئەخەنـەوە!- ئالـەو کاتـەدا ئێـوە ئیشتان هەر ئەوەیە لە درەختێك بخۆن کە ناوی (زقوم)ە. ئەوەنـدەی لێ بخۆن تا سکتان پڕ کەن. جا دوای ئەوە لەبەر گەرمای ئەو خۆراکـەتان دەس بکەن بەئاو خواردنەوە، بەڵام چ ئاوێ؟ ئاوی کوڵاوی زۆر داغ، کە هەر ئەخۆنەوەو ئەخۆنەوە بەسەریا. هـەروەك وشـترێك کـە دەردی تینوێتی گرتبێ، ئاواتـان لێ بـێ کـە هـەر بخـۆن و بخۆنـەوەو تێـری لێ نـەخۆن، ئائـەوە سـەرەنجامی گومڕاییەکەتانـەو بـاوەڕ نەکردنتانـە بـە زیندووبونەوەی دوای مردن. ئەوە شتێکە ئامادەکراوە بۆیـان، کـە لـە ڕۆژی جەزادانو سزادانەوە، بەوە میوانداری‌یان لێ ئەکرێنو پێشـوازی ئەکرێن.

جا دوای ئـەوە چـەند بەڵگـەو نیشـانەیەك - لەوانەی‌لـەوەوپێش ئیشارەیەکمان بۆ کردن - بـەیان ئـەکرێ، بـۆ ئـەوەی باشـتر ڕوشـن

بکریتەوە کە ئەم شتەی وا باس کرا حەتمی‌یەو، حەتمەن ئـەو رۆژە دیتـە پێشـەوەو، هەرکەس ـ بەو جۆرە کە باس کرا ـ ئەگا بە جەزای خۆی.

لـە ئاخری سورەتەکەوە شتێکی تریش بەیان ئـەکا، دوای ئـەوە ئـەو نیشـانانە ئەهێنێتـەوەو رۆشـنی ئەکاتەوەکـە حەتمـەن ئـەو رۆژە دێـت، ئەفەرموێ :

﴿أَفَبِهَذَا الْحَدِيثِ أَنتُم مُّدْهِنُونَ. وَتَجْعَلُونَ رِزْقَكُمْ أَنَّكُمْ تُكَذِّبُونَ﴾؟، ئایا ئەو باسـە، ئـەو قسـەیە کـە کـرا بۆتـان (رۆژێـك دێتـە پێشـەوەو رووداوێکی ئاوا روو ئەداو هەرکەس ئاوا ئەگا بە جەزای خۆی)، ئێـوە ئەو روداوە هەروا شل ئەگرنو بێ‌موبالات لەگەڵی رووبەروو ئـەبن؟ هەموو رزقو رۆزیتان لێرەدا بووە بەوەی کە بڵێن ئەوە درۆیـەو شـتی ئاوا نابێ، رۆژی ئاوا نایەتە پێشـەوە؟! هەرئەوەتان بووە بە نسـیب؟ هـەر ئەوە بەشتان بووە؟ هیچ شتی تر نیە؟ هەرماوەتەوە ئـەوەی کـە بـە درۆ بخەنەوەو (تکذیب) بکەنو بڕوا نەکەن بەو شتە کە باس ئەکرێ؟

جا ئەگەر وایە ـ رۆژێکی وا نیەو ئێـوە ئێنسـان مەسـئول نیـە ـ فـەرموون مەهێڵن مردن ـ بەپێی بەرنامەیەك کە ئێمە دامـان نـاوە ـ بـێ.. ئـاخر ئەگەر قیامەت نەبوایە؟ خـوای گـەورە بـۆ مردنـی خـەڵکی بەرنامـەی دائەنەنا. ئەو کاتە کارەکان هەرمەمە ئەبوون، ئیتر رێکوپێکی‌یەك لـەکارا نەئەبوو. مردن بێ‌بەرنامە ئەبوو. جا کە بێ‌بەرنامـە نـەبوو، ئـیتر ئـەکرا خەڵك نـەهێڵن لەوکاتـەدا مـردن دێـت بەسـەر وەختیانـەوە، بگـرنو

ئەیانتوانی بیخەنە دواوە. بەلاّم لەبەرئەوەی ئینسان مەسئولەو، ئەبێ بانگ بکرێتە دادگای خواو، پرسیاری لێ بکرێ، کە چی کردوەو چی نەکردووە؟ لەبەرئەوە ئەم ژیانی دونیایە بۆ تاقیکردنەوەیە، تاقیکردنەوەش دیاری نەکرێ لە کەی تا کەی بێت، دیاری نەکرێ‌کەی ژیانی ئەم ئینسانە ئەبێ دوایی پێ بێ و ئیتر بەسی بێ. ئەوەتا کاتی پێدراوە کام لەم دوو رێیە ئەیەوێ، هەڵی بژێرێ‌و پیایا بڕوا، ئازادبێ. دوای ئەوە کە تاقیکردنەوەی تەواو بوو، ئەوەندە کە پێویستە ، کاتی پێدرا، ئیتر لەکاتێکی دیاری کراودا ئەبێ بڕواو گیانی بکێشرێ تا بگا بە پاداشت‌و سزای خۆی.

دەی ئەگەر قیامەت نەبوایەو مەسئولیەت نەبوایە ، دیاربوو ئێوە ئەتانتوانی دەخاڵەت بکەن لە مەرگداو، نەیەڵن لەو کاتەدا کە مەرگ دێت بەسەر وەختەوە، بمرن. بەلاّم لەبەرئەوەی مەسئولیەت هەیە، مردنیش بە بەرنامەیە، بۆیە هەرچەند پێتان ناخۆش بێ، هەرچەنە هەوڵو تەقەلا بدەن، ناتوانن مردن لەوکاتەی وادێت بەسەر وەختەوە، بخەنە دواوە.

﴿فَلَوْلَا إِذَا بَلَغَتِ الْحُلْقُومَ. وَأَنتُمْ حِينَئِذٍ تَنظُرُونَ. وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنكُمْ وَلَكِن لَّا تُبْصِرُونَ . فَلَوْلَا إِن كُنتُمْ غَيْرَ مَدِينِينَ. تَرْجِعُونَهَا إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ﴾ :

دەی ئەگەر مسئولیەتو قیامەتو لێپرسینەوە نیە، بۆچی کاتێک گیان ئەگاتە (گەروو)، هەر لەوکاتەدا ـ ئێوە خەریکن ئەڕوانن بۆ کابرا کە لە سەرەمەرگایە، ئێمەش نزیکترین لە ئێوە بەو، بەڵام ئێوە نابینن – بۆچی کە ئەبینن خۆشەویستەکەتان خەریکە ئەمرێ، گیانی ناگێڕنەوە؟! بۆ رێ ناگرن لە دەرچوونی گیانی؟! ئەگەر راست ئەکەن مردن نیەو، لێپرسینەوەو قیامەت نیەو، مردن بە بەرنامە نیەو، هەرەمەیە.. بەڵێ ئەوەی کە ناتوانن رێگر بن لە مردن، لەبەرئەوەیە کاتی دیاری کراو هەیە بۆ مردن! هەرکەس لەکاتی دیاری کراوی خۆیدا ئەبێ بمرێ، بڕواو بگاتەوە بەجەزای خۆی .

﴿فَأَمَّا إِن كَانَ مِنَ الْمُقَرَّبِينَ. فَرَوْحٌ وَرَيْحَانٌ وَجَنَّةُ نَعِيمٍ﴾ : جا ئەوەی ئەمرێ ئەگەر لە (مقربين)و نزیکخراوەکانە – ئەوانەی ناوێکیتریان (سابقين) بوو، ئەوانەی نزیکخراوەی بارەگای خوان، لە موسوڵمانانی دەرەجە یەك – ئەوە ئاەمەیە جەزاکەی : هەر لە قیامەتاو دوای زیندووبوونەوە، بەڵکو هەرلەوکاتەوە کە ئەمرێ (روح) ی بۆ هەیە، واتە : لە ئیسراحەتێکایە کە هیچ ناخۆشیو ماندووبوونو نارەحەتیەك تووشی نابێ، ئەوە یەك، دووەم (رَيْحان)ی بۆ هەیە، واتە: لە حاڵەتێکی خۆشایە، لە وەزعێکدا کە رەیحان چۆن بۆنی خۆشە ئاوەها ئەویش بۆنی خۆشە. (وجَنَّةُ نَعيم):هەروەها باخێك کە پڕە لە نیعمەتی خۆش خۆش.. ئەوشتانەی بۆ هەیە ، هەر لەکاتی مردنەوە تا

رۆژی قیامەت. ئەمە غەیری ئەوبەهەشتە ئەسڵییەیە کە لـە دوایـدا هـەموو بـڕواداران ئەچـنە نـاوی. ئـەم باخچـەیە هـەر بـە مـردن ئـەو بڕوادارانە ـ لە پێشەنگە نزیکخراوەکان ـ ئەچنە ناوی‌و تیایدا ئـەبن تـا رۆژی دوایی. هەروەك لەوەوپێش وتمان لەسەرەمەرگا ـ پێش مـردن ـ ئیحترام گرتن‌و رێز لێنان بۆ بڕوادارە و، ئیهانەت کردنو ئەزیەتیش بۆ بێ‌باوەڕان.

﴿وَأَمَّا إِن كَانَ مِنَ أَصْحَابِ الْيَمِينِ. فَسَـلَامٌ لَّـكَ مِـنْ أَصْـحَابِ الْيَمِينِ﴾:

ئەگەر ئەو کەسەی‌گیانی دەرئەچێ لە (أصحاب اليمين)ە، واتـە لـە موسوڵمانانی پلە دووەمە، ئەوە ئەوەئەوەرانەی‌گیانی ئەکێشن سـەلامی پێ‌ئەگەیـەنن لـە براکانیـەوە، ئەوانـەی کـە لـە ئاسـتی (ـصٔبـاحـ اليمين)دان‌و لەوەوپێش چوون ، چونکە ئەوان ئـەزانن لـەوێ خەبـەرو دەنـگـو بـاس چیە. هـەر سـەلامەت‌و رزگاریـەو، دەردی سـەرو ئەشکەنجەو ئازار نیە. ئەڵێن : بەو برایەمان کـە قـەرارە بێـت بۆلامـان، سەلام و دوعای خێری ئێمەی پێ‌بگەیەنن، خوا سەلامەتی کا .

﴿وَأَمَّا إِن كَانَ مِنَ الْمُكَذِّبِينَ الضَّـالِّينَ. فَنُزُلٌ مِّنْ حَمِـيمٍ. وَتَصْـلِيَةُ جَحِيمٍ ﴾ : ئەگـەر لەوانـەش بـوو کـە بڕوایـان نیـە بـەوەی زینـدوو ئەبنەوە، ئەوە دوای مردن موحاسەبەو موحاکەمەیان ئـەکرێ. ئەوانـەی وا گومڕا بوون‌و لە ڕێگای بەندەیی خوا لایانـداوەو تووشـی شـەرێك

قەراردان بوون بۆ خوا، ئەگەر لەو کەسانەیە ئەوا شتێك كە بۆی ئامادە کراوەو میوانداری پێبکرێ، ناوێکی کولاَوی زۆرداخە، دوایش بیخەنە ناو ئاگرێکی زۆر سەختو هەلگیرساو تا بیسووتێنێ، نەك لە قیامەتا هەر لەو کاتەوە کە گیانی دەرئەچێ. هەرلەولەحزەیەوە ئینسانی کافر سزاوئەشکەنجەی دەست پێئەکا تا رۆژی قیامەت. لە رۆژی قیامەتیشا خوا ئەفەرموێ : عەزابوسزایئەوکەسە تا ئێستا هیچ نەبووە! ئادەی ئێستا بیخەنە ناو سەخترین عەزابوئەشکەنجەوە!

وتمان ئەگەر ئینسان ئیمانو باوەڕی بە قیامەت نەبوو، ناتوانێت بەندەی خوا بێت، ناتوانێ ئەوەی خوا فەرمویەتی ئەنجامی بدات. هەروەها ئەگەر ئیمان بە قیامەت لەدلَیدا دامەزرا بوو ئەوە حەتمەن ئەتوانێ ڕێگای بەندەیی خوا بگرێ.

وتیشمان ئیمان ئەوەیە لە دلَیا بەجۆرێك دامەزرا بێ نەکرێ لێی جیابێتەوە، ئەکرێ لە دلَی دەربچێ، ئیمان بە قیامەت ئەوەیە : ئینسان بەجۆرێ هەست بە مەسئولیەت بکا کە ئەگەر هاتو گوناهی کرد زۆری پێئەچێ خۆی بۆ خۆی مەحکەمەو دادگایەك دروست بکا، هەروەکو دادگای قیامەت مەحکەمەی خۆی بکا ، پێش ئەوەی لەوێ موحاکەمەی بکرێ، چونکە لەوێ جێگای پەشیمان بونەوەو تەوبە نیە.

لەمەش زیاتر ئیمان بە ئاخیرەت دەرەجەی تریشی هەیە: ئەویش ئەوەیە ئینسان لەو کاتەدا کە خەریکە گوناه ئەنجام بدا، بیری قیامەت

ئەكاتەوەو، دەستی لیّ نەكێشیّ و تەواوی ناكا. لەوەش زیاتر دەرەجەی تریش هەیە كە هەر ناهێلێ توشی گوناهەكە ببێت. ئەمە زۆر گرنگەو ئەبێ گرنگی پێبدرێ. ئیمان بە قیامەت ئەوەیە ئینسان لە گوناهو كردەوەی ناپەسەند بگێڕێتەوە، یا ئەهێلێ ئەنجامی بدا. یا ئەگەر ئەنجامی دا زوو هەلی ئێ بۆ ئەوەی تەوبە بكاو پەشیمان ببێتەوە.

## تەفسیری سورەی (الماعون)

ئەگەر كەسێ كردبوی بەكارو پیشەو بەرنامەی خۆی، كە گوناهی گەورەو كرداری ناپەسەند ئەنجام بدا، ئەوە ئەگەرچی نوێژیش بكا، ئیمانی بە قیامەت نیە، ئەوەتا خوا ئەفەرموێ :

﴿أَرَأَيْتَ الَّذِي يُكَذِّبُ بِالدِّينِ﴾ : ئەرێ بینیت ئەوەی كە باوەڕی بە رۆژی جەزا نیەو ئەلێ درۆیەو نیە؟ ئەگەر دیوتە پێم بلێ كە بیروڕات لەبارەیەوە چیە؟ چۆن باسی ئەكەی بۆم؟ چۆن وەصفی ئەكەی بۆم؟ كێیە ئەوكەسەی باوەڕی بە رۆژی (دین) ـ رۆژی جەزا ـ نیە؟ ئەگەریش ئەت دیوەو ئەت زانیوە، گوێ ڕاگرە با من باسی بكەم بۆت : تەنها ئەوكەسە نیە كە بلێ : قیامەت نیەو زیندوبونەوەی دوای مردن نیە، ئەگەر تەنها ئەوە بوایە زۆركەم بوون ئەوانەی كە ئیمانیان بە قیامەت نیە.

بەڵێ کافر بوون بە قیامەتو باوەڕپێنەکردنی تەنها ئەوە نیە ئینسان بڵێ قیامەت نیەو ئینسان زیندوو نابێتەوە! نەخێر. هەیە ئەڵێ قیامەت هەیەو ئینسان زیندوو ئەبێتەوە، موحاکەمەو موحاسەبەیەکیش هەیە، بەهەشتو جەهەنەمیش هەیە، نوێژیش ئەکا، لەگەڵ ئەوەشدا ئیمانی نیەو، خوا لێی قبوڵ ناکا.چۆن؟

﴿فَذَٰلِكَ الَّذِي يَدُعُّ الْيَتِيمَ﴾ : ئەگەر ئەتەوێ بزانی کێیە کە باوەڕی بە ڕۆژی جەزا نیە، ئەوە ئەوکەسەیە کە زۆر بە توندوتیژی لەگەڵ هەتیو ڕووبەڕوو ئەبێتەوەو بە زبری موعامەلەی لەگەڵ ئەکا. ئەو هەتیوەی وا بێدەسەڵاتەو نیازی بەوە هەیە پشتیوانی لێ بکرێ، کۆمەکی بکرێ، دیفاع لە حەقی بکرێ، ئەو زۆر بە توندوتیژیو بەدرەفتاریەوە موعامەلەی ئەکا.

﴿وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ الْمِسْكِينِ﴾ : هەروەها کەسیش هان نادا بۆ ئەوەی خۆراکێ بدا بەهەژاێکو تەشویقی کەس ناکا بۆ ئەو کارە. جا هەرکەس ئەو دووشتەی هەبوو: ئەهلی بەزەییو میهرەبانی نەبوو لەگەڵ هەتیو، دڵی بۆ هەژارومسکینیش نەسوتا، ئەوە ئیتر درۆ ئەکا کە ئەڵێ موسوڵمانم. بۆیە ئەگەر نوێژیش بکات درۆ ئەکا..

﴿فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ﴾ : دەی وای بۆ ئەو نوێژکەرانە، ئەو نوێژکەرانەی کە ئائەو کارانە ئەکەن.

﴿الَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ﴾ : ئەوانەی نوێژ ئەکەن، بەلام لـە نوێژەکەیانو حەقیقەتو رۆحی نوێژەکەیان غافلن. لەبیریان نیە ئینسان کاتێ نوێژ ئەکاو ئەپارێتەوە لە خوا کە کۆمەکی بکا، بۆ ئەوەیە بەندەیی بۆ خوا بکا، دەی بەندەییش بەشێکی ئەوەیە ئینسان دیفـاع لـە حـەقی هەتیو بکا، بەشێکی ئەوەیە بیری بە هەژارانەوە بێ، بـەزەیی بێتـەوە بـە خەلکا، لایەك لە بەندەیی ئەوەیە ئینسان لەگەلّ خوای خۆی بەو جۆرە بـێ کـە لێـی داواکـردووە. ئەولاکـەی تریشـی ئەوەیـە لەگـەلّ مەخلوقەکانی خوا بە بـەزەییو بـەرەحمو میهرەبانی‌یـەوە بجولێتـەوە ـ دەی ئەو کەسـە کە نوێژ ئەکا بەلام ئاوا لەگەلّ هـەتیوو هـەژار مامەلـە ئەکا، ئەوە لە حەقیقەتی ئەو نوێژەی کە ئەیکا غافلـە، ئـیتر نوێژەکـەی دەرد ناخوا، نوێژەکەی حەقیقەتی نیەو روحی نیە، ئەمێنێتـەوە روالـەتی زاهیری.

﴿الَّذِينَ هُمْ يُرَاؤُونَ﴾ : ئەوانەی وا ریا ئەکەن، خـۆ ئـەنوێنن، هـەر هەدەفیان ئەوەیە لە نوێژەکەیاندا خۆیان بە نوێژکەر بناسێنن بە خـەلّك، خەلّك بلێن نوێژ ئەکەن، هەر ئەوەندەیان بەسە ، نوێژەکەیان بـۆ ئـەوە نیە کە بەراستی لە خوا بپارێنەوە کۆمەکیان بکات، بۆ ئەوەی بەنـدەی خوابن، عیبادەتی خوا بکەن. چـونکە ئەگـەر وابوایـە لەگـەلّ هـەتیوو هەژار ئاوا رەفتاریان نەئەکرد. دیارە هەدەفیان هەر ئەوەیـە خـەلّك بـە نوێژکەریان بناسنو بەس. هەر لەبەر ئەوەشە :

﴿وَيَمْنَعُونَ الْمَاعُونَ﴾ : رێ لە خێر دەگرن. ئاخر بڕیار وایە کە ئەو نیعمەت وئیمکاناتەی خوا قەراری داوە هەمیشە لە جولـە دابن‌و، لەملا بۆ ئەولا بڕۆنو، لەدەستی ئەم بڕۆن بۆ دەستی ئەوو، لەدەستی ئەو بڕۆن بۆ دەستی ئەوو، کەسانیتر ئیستیفادەیان لێ بکەنو کەلکیان لێ وەرگرن، ئەو نیعمەتانە قەرارە لە هیچ کوێیەك حەپس نەکرێن‌و کەس مەنعی خەلکیان لێ نەکا.. ئەو مەنعیان ئەکات‌و ناهێلێ کەلکیان لێ وەربگیرێ‌و ئیستیفادەیان لێ بکرێ. ئاوا کەسێك ئیمانی بە رۆژی جەزا نیە؟ ئەگەر ئیمانی بە رۆژی جەزا بووایە، ئیحساسی مەسئولیەت نەی‌ئەهێشت وا بکات و بەوجۆرە بێت.

هەروەك لەوەوپێش بە کورتی باسمان کرد، هەر ئینحراف‌و گومڕایی‌یەك لە رێگەی بەندەیی روو ئەدا، لەبەرئەوەیە ئینسان ئیمانی بە ئاخیرەت و رۆژی جەزا نیە، چونکە ئەگەر ئینسان هەمیشە لە بیری بێ کە دادگایەك هەیەو موحاسەبەیەك هەیەو بەهەشت‌و جەهەنەمێك هەنو، دلی دامەزراو بێ لەسەر ئەمەو تەسلیمی ئەوە بووبێ، ئیتر دوای ئەوە چۆن گوناهکاری‌و نافەرمانی خوا ئەکاتە کارو پیشەی خۆی‌و، غافل ئەبێ‌و دوور ئەبێ لە ئیحساسی مەسئولیەت‌و وەزیفەی ژیانی خۆی؟! هەر ئینسانێکتان دی گومڕا بوو و لە رێی بەندەیی لای دابوو و تووشی گوناهو نافەرمانی بوو و، کردبووی بەکارو پیشەی خۆی بزانن ئەوە ئیمانی بە دوارۆژ نیە.

هەر ئینسانێکیش تووشی گوناهو نافەرمانی ئەبوو، بۆ ماوەیەك دوای ئەوە دەستی لێ ئەکێشا، لەوکاتەدا کە خەریکە تووشی نافەرمانیەکە ئەبێ لەقیامەت غافڵەو ئیمانەکەی ئەو ئیمانە نیە کە بە دەردی ئەوکاتە بخوا. تەنها لەکاتێکا ئیمانەکەی ڕێکوپێك ئەبێتەوە کە بیری قیامەت ئەکاتەوەو تەوبە ئەکاو دەست ئەکێشێ لەو گوناهانە کە کردوونی.

زۆر ڕۆشنە بەو جۆرە کە باس کرا، کاتێك ئاوەها سەرەنجامێك چاوەڕوانی ئینسانە ، بەهەشتێکی ئاواو جەهەنەمێکی ئاواو، دادگاو موحاسەبەو موحاکەمەیەکی ئاوا لەسەر ڕێەتی، ئاکرێ ئینسان بڕوای ئابەوە بێتو، دوور لە ئیحساسی مەسئولیەت بێ وبێ موبالات و سست بێو باش ئەنجامی وەزیفەی بەندایەتی نەدا، پێویستە لەسەری هەوڵ بدات بۆ ئەوەی ئیمان بە دوارۆژ بەهێز بکاو، لەخۆی وردبێتەوە کە حەتمەن ئیمانی بە دوارۆژی لاوازە، بۆیە هەست بە مەسئولیەتی باش نیە. بۆیە ئەرکی سەرشانیەتی لەوتەمەڵیە دەربچێ تا ئیمان بە ئاخیرەتەکەی ڕێکوپێك بێو، ئەو کەموکورتیەی لێ دەربکا.

# بەشی سێیەم

## تیشکێك لەسەر چەمکە ئیمانییەکان

- مانای ڕاستەقینەی (عبادة) و (استعانة)
- مانای (رب) و پەروەرشیاریی خوا
- مانای (إله) و فریادڕەسی و فەرمانڕەوایی خوا .
- چۆنیەتی جێبەجێکردنی بەرنامەی خوا
- مانای تەواوی (إستعانه) و داوای یارمەتی لە خوا
- حەقیقەت و مانای (توکل) و پشت بە خوا بەستن
- پلەی پیاوچاکان و حەقیقەتی ڕێزلێ گرتنیان
- دەربارەی(وەسیلە) لە نێوان عەبدەکان و خوای گەورەدا
- دەربارەی غەیب زانین
- پوختەیەك دەربارەی شەفاعەت
- چۆنیەتی دوعاکردن و لەخوا پاڕانەوە

## مانای راستەقینەی (عبادە)و (إستعانە):

ئەگەر ئینسان ئیمانی بە قیامەت وا جێگیر بوو، کە ئیحساس بە مەسئولیەت هەموو گیانی داگیرکرد، ئەو کاتە زۆر ئاسان لەگەڵ خوای خۆی پەیمانی بەندایەتی ئەبەستێ‌و، قەولی پێ‌ئەدا کە لە هەموو ژیانیدا فەرمانبەرداری ئەوبێت. بۆیە لە سورەی فاتیحەدا لەدوای ﴿مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ﴾ ئەفەرموێ : ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ﴾ رێنماییمان ئەکا بۆ ئەوەی ئائەوە بڵێین، لەکاتێکا ئینسان گەیشت بە ئیمان بە ئاخیرەت ـ بەو جۆرەی رۆشن کرایەوە ـ ئامادەیە بۆ ئەوەی ببێتە بەندەی راستەقینەی خوا، ئالەو کاتەدا پەیمانی بەندەیی لەگەڵ خوای موتەعال ئەبەستێ.

عیبادەت یانی ئەوە ئینسان لە ژیانیا بۆ ئەوەی بچێ بەرەو کەماڵ، بۆ ئەوەی خۆی ئیصلاح بکا، لە ئیعمەتەکان و ئیماکاناتێ کە خوا داویەتی، بەجۆرێ کەڵك وەرگرێ کە خوا خۆی فەرمویەتی. عیبادەت یانی ئەوە، کە لە پێشا بەدرێژی باسمان کرد.

بەڵام هەرجۆرە ئیستیفادە کردنێك لەو ئیعمەت‌و ئیمکاناتە نایگەیەنێ بەوە، ئەبێ بەپێی فەرمانی خوا ئیستیفادە بکا لێیان ، بۆ ئەوەی بەرەو کەماڵ بچێت و ئیصلاح ببێت، ئائەوە ئەبێتە عیبادەت. لێرەشدا رۆشن ئەبێتەوە کە خوا ئەفەرموێ : (جن و إنس)م هەر بۆئەوە خەلق کردووە کە عیبادەتم بکەن، عیبادەت شتێك نیە سوود بە

خوا بگەیەنێ، یا ئەگەر نەکرا زیان بەو بگاو کاری ئەو پەکی بکەوێ. ئەوە کە ئەفەرموێ ئینسانم هەربۆئەوە خەلق کردووە کە عیبادەتم بکەن، مانای ئەوەیە ئینسان بۆ ئەوەی بەرەو کەماڵ بڕوا، بۆ ئەوەی ئیصلاح بێ. بۆ ئەوەی بێ بە ئینسان.. پێویستی هەیەکە بەرنامەیەکی بێ‌و بەپێی ئەو بەرنامەیە بەهرە بیا لە نیعمەتەکانی خواو لەو ئیمکاناتەی لە دەسڕەسیدا قەرار دراون. جا ئەفەرموێ : ئەو بەرنامەیە هەر لای خۆمە، کەسی تر ناتوانێ بەرنامەی ئاوا دابنێ.

کەوابو عیبادەت هەر بۆ ئینسان خۆیەتی، سوودی هەر بۆ خۆیەتی، ئەگەر بیکا خۆی بەهرە ئەبا، ئەگەر نەیکا خۆی تووشی زیان ئەبێ.

جا کاتێ ئینسان بڕیاریدا لەسەر ئەوە کە لە ژیانیدا لە کەڵك وەرگرتن لەهەر نیعمەتێك لە نیعمەتەکان، تەنها بەفەرمانی خوا بجولێتەوەو، لە هیچ گۆشەیەکی ژیانیدا ئامادە نەبێ کە فەرمانبەرداری لەغەیری خوا بکا، قانون و بەرنامەی غەیری خوا بەکاربێنێ بۆ کەڵك وەرگرتن لەو ئیمکاناتو نیعمەتانە، ئەبێ ڕوو بکاتە خاوەنەکەی خۆی و داوای کۆمەکی لێ بکا، چونکە ئەزانێ کە ناتوانێ یەك هەنگاویش هەڵگرێ بەبێ ئەوەی ئەو کۆمەکی بکا. ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾ ئەمەیە.

جا کە گەشتینە سەرئەم باسە، با کەمێ زیاتر مانای ئەم دوو وشەیە ڕۆشن بکەینەوە.

(عبادە و إستعانە):

﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ﴾ باسی فەرمانبەرداری وئیتاعەتی ئینسانە لە خوای گەورە لە هەموو ژیانیدا.

﴿وإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾ باسی (توکل) لەسەر خوایە، بەپشتو پەنا زانینیەتی، داوای کۆمەك لێکردنی لەژیاندا، بۆ ئەوەی فەرمانبەرداری وعیبادەت وا بێ کە خۆی لە ئینسانی داوا کردووە.

جا بۆ ئەوە ئەم باسە رۆشن بێ، ئەبێ ئەم چەند شتە لەپێش چاو بنێو سەرنج بدرێن :

یەکەم : خوای گەورە دروستکاری ئاسمانەکانو زەویو هەموو شتێکە کە تیایاندایەو، شتێك نیە ئەو دروستی نەکردبێ. لەبارەی خواوە، ئینسان لەسەرەتاوە ئەبێ ئەوەی لارۆشن بێ کە هەرئەو بەدیهێنەری هەموو دروستکراوەکانە. تا ئێرە هەموو خەلکی وەك یەکن، تەنانەت ئەوانەش کە شەریکیان بۆ خوا قەرارداوە، دوای ئەوەی حەقیان بۆ رۆشن بۆتەوە و هەرماونەتەوە لەسەر شەریك بۆ خوا قەراردانوکافر بوون ، ئەوانیش باوەڕیان بووە کە غەیری خوا کەسی تر بەدیهێنەر نیە.

لە قورئاندا زۆر ئایەت هەن باسی ئەوە ئەکەن ئەوخەلکەی پێش هاتنە خوارەوەی قورئان بوون و، لە زەمانی پێغەمبەرەکانی تردا (علیهم صلوات الله وبرکاته) ژیاون، پێغەمبەران بۆ رێنمایی و هیدایەتی ئەوان

هاتوون، لەدوای ئەوە کە دەعوەتەکەیان قبوڵ نەکردوە و، هەر لەسەر گومرایی خۆیان ماونەتەوە، خوای گەورە لەناوی بردوون. ئەوانیش زانیویانە هەر خوا بەدیهێنەرەوکەسی تر نیە. تا دەگاتە فیرعەون ـ کەمەشهورە لافی خوایەتی لێداوە ـ خوای گەورە باس ئەکا کە ئەویش عەقیدەی وابووە کە هەر خوا خالقە.

بە کورتی هیچ میللەتێك ـ لەوانەی قورئان باسیان دەکات ـ تیایاندا نەبووە ئەوە نەزانێ کە هەر خوا بەدیهێنەرو خالقە. وەك ئەفەرموێ : ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ﴾ ، ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ﴾. ئەگەر لێیان بپرسی : کێ ئێوەی خەلق کردووە؟ کێ دروستی کردوون؟ ئەڵێن (الله). ئەگەر لێیان بپرسی : کێ ئاسمانەکانو زەوی خەلق کردووە و، خۆر و مانگی کردۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆی و بە فرمانی خۆی ئەیانگەڕێنێت؟ ئەڵێن: (الله).. غەیری ئەوانەش ئایەتی تر زۆر هەن لە قورئاندا کە ئەو باسە ئەکەن ئەگەر کەسێ یان کەسانێ بووبن لە ڕابردوودا عەقیدەیان وا نەبووبێ کە خوا خالقە، ئەوە ئەوەندەکەم بوون کە قورئان باسیان ناکاو، هیچ ناوێکیان لێ نابات.

لەبەرئەوە لە قورئاندا ـ غەیری باسی ئەوانەی زانیویانە خوا خالقەو دروستکەری ئاسمانەکانو زەویو ئەوشتانەیە کە تیایاندایە ـ هیچێکی تر نابینی. ئەمەیەك.

دووەم : دوای ئەوە ئەبێ ئینسانی موسوڵمان باوەڕی بێ بەوەی کە هەر خوایە ئەتوانێ هەر شتێ بکاو، غەیری ئەو هیچ شتی ترو هیچ کەسی تر ناتوانێ یەك کاریش ئەنجام بدا. بەمانای ئەوەی کە مەخلوقەکان هەرکام سەبەب و وەسیلەیەکن، خوای گەورە خەلقی کردوون بۆ ئەوە ی بەهەرکامیان ئیش وکارێ بکرێ. بۆنمونە : ئەگەر ئاگر ئەسوتێنێ، ئەوە لە حەقیقەتا خوایە کە ئەسوتێنێ، ئاگر تەنها سەبەبێکە خوا دایناوە بۆ سووتاندنی ئەو شتانەی کە ئەسوتێن. ئەگەر ئاگر بوو بەڵام ئەو نەیویست کە شتێ بسوتێنێ، ئاگر ناتوانێ لەخۆیەوە شت بسوتێنێ، هەروەك لە قورئانا باسی ئەکا لەکاتێکدا پێغەمبەری خوا ئیبراهیم (علیه الصلاة والسلام) کافرەکان خستیانە ناو ئاگر، لەجیاتی ئەوەی بسوتێ یان تەنانەت گەرمای بێ، فێنکی بووەوە و ئاگرەکە سارد بووەوە، هیچ تەئسیرێکی تێنەکرد، لەبەرئەوە لەڕاستیدا ئاگر نیە کە ئەسوتێنێ ، خوایە ئەسوتێنێ، دەی هەر کاتێك ویستی ئەسوتێنێ، ئاگر لەگەڵ ئاو هیچ فەرقی نابێ.

خوای گەورە بەرنامەی وا داناوە بۆ ئەوەی شتێك بکا، سەبەبێك دێنێ، خۆیشی بەهۆی ئەو شتە بێ، ئەبێ. ئەگەر سەبەبەکە نەبوو، یان سەبەبەکەی بوو، بەڵام ئەو نەیویست، ئەوە ئەو شتە ڕوونادا.

ئەوەش ئەبێ بزانین ئەگەر هاتوو سەبەبی شتێك هەبوو وەك ئاگر، خواش ویستی ئەو شتە بێ، ئەوە حەتمەن سووتاندن ئەبێتو هیچێکی تر

پێویست نیە. هەر سەببە کە پێویستەو ئیرادەو ویستی خوا، ئەگەر هاتو سەبەب بوو، ئەویش ویستی ، حەقەن ئەوە ئەو شتە روو ئەداو نیاز بەشتێکی سێیەم نیە. جا لە دوایدا ـ لەباسی داوای کۆمەك کردن لە خوا ـ دووبارە ئەچینەوە سەر ئەم باسە.

سێیەم : شتێکی‌ترکە ئەبێ موسوڵمان بڕوای پێ بێ، ئەوەیە کە هەر خوا خاوەنی ئاسمانەکانو زەوی‌و ئینسانو غەیری ئینسانە. مانای ئەمە ئەوەیە بۆ ئەوەی دروستکراوێك بڕوا بەرەو کەماڵ و بەرەو تەواوبوون، هەر خوایە ئیمکاناتی بۆ رێك ئەخا ، هەر ئەوە ئەتوانێ کۆسپ‌وگرفت لە رێگایدا لابەرێ. هەروەك چۆن جوتیارێك ـ بە زاهیر ـ کە زەراعەتێ ئەکا، هەموو ئیمکاناتێ کە لازمە بۆ ئەو زەراعەتە سازو ئامادەی ئەکا- لە زەوی وئاوو لەمەوادی غەزایی و غەیری ئەمانە - ئەگەر هاتو ئافەتێك یا بەڵایەکیش هاتە سەر رێی زەراعەتەکەی هەوڵ ئەدا بۆ ئەوەی لای ببا.

جا کە وتمان ـ بە زاهیر ـ لەبەرئەوەی ئەو جوتیارەش هەر سەببێکە، لەحەقیقەتا ئەوە خوای گەورەیە کە ئەو ئیمکاناتە ئامادەو ساز ئەکا، ئەوکۆسپەو گرفتانەش لەسەر رێگەی لا ئەبا. جا هەروەك چۆن ئەو جوتیارە ئاوا ئەکا، خوای گەورە ـ وللهِ المَثَلُ الأعْلى ـ بۆ هەر مەخلوقێك، بۆ ئەوەی بڕوا بەرەو کەماڵ و بگاتە ئەو سنورەی خوا بۆی داناوە، چی پێویستە لە ئیمکاناتو نیعمەتەکان، ئامادەی

کردوومو ئامادەی ئەکاو، چ کۆسپێك دێتە سەر رێی لای ئەباو نایهێلێ.

## مانای (رب) و پەروەرشیاریی خوا

هەروەها مانای خاوەن بوونی خوا ئەوەیە کە دەسەڵاتی هەیە بەسەر ئینسانو غەیری ئینسانداو، چارەنووس تەنها لە دەستی ئەودایە، هەم ئێستای مەخلوقات لەدەست خوادایە، هەم عاقیبەتیشیان.

جا کاتێ ئینسان ئیمانی بەوە هێنا تەنها خوای گەورە ئیمکاناتو پێویستیەکانی بۆ ئامادە ئەکا، تەنها ئەویشە کۆسپەکان لەسەر رێی لائەباو، دەسەڵاتی هەیە بەسەریەوەو، سەرەنجامی دیاری ئەکا، ئەوە ئیمانی هێناوە بەوەی خوا خاوەنیەتی. بەعەرەبی خوای گەورە بووەتە (ربّ) بۆی، ئەمەش لەزۆرێك لە ئایەتەکاندا باس کراوە، زۆرێك لە ئایەتو سورەتەکانی قورئان باسی ئەوە ئەکەن ئەم شتانە هەر لە دەست خوادان، هەر ئەوە (ربّ)و، غەیری ئەو ئینسان خاوەنێکیتری نیە. هەروەك بەیانی ئەوە ئەکەن کە هەم (ربّ)ی ئینسانە، خاوەنی ئینسانە، هەم خاوەنی ئاسمانەکانو زەویو هەموو ئەو شتانەیە لە بەینیاندایە.

## مانای (إله) و فریادڕەس و فەرمانڕەوایی خوا

دوای ئەوە ئینسان گەیشتە ئێرە، جا کـاتێ ئەوەیـە بڕیـار بـدا لـە ژیانیـدا تـەنها هـەر خـوا فـەرمانڕەوای بـێ، هـەر لـەو ئیتاعـەت و فەرمانبەرداری بکا، تەنها داوای کۆمەك لەو بکا.

ئەگەر وای لێ هات ئەوە مەعنای (لا إله إلا الله)ی بۆ خۆی بـەدی هێناوە. (لا إله إلا الله) مانای ئەوەیە : بێجگە خوا فەرمانڕەوای تر نیـە، بێجگە لەو فەریادڕەسی تر نیە. قورئـان باسـی ئـەوەش ئـەکا ئەوانـەی شەریکیان بۆ خوا قەرارداوەوکافر بوونو دوژمنی خوا بوون، لەو دوو شتەی پێشوودا، (دووەمو سێیەم) هەروەك موسوڵمان بوون، باوەڕیـان بووە هەر خوایە ئەتوانێ هەر شتێ بکا، باوەڕیشیان بەوە بووە هەر ئەوە خـاوەن ، بـەمانای ئـەوە هـەر ئـەوە ئیمکانـاتو نیعمـەت ئـەدا بـە مەخلوقەکانی، هەر ئەویشە هـەر کۆسـپێك لەسـەر ڕێ لائـەباو، لای بـردووە، هـەر ئـەوە دەسـەڵاتی هەیـە بەسـەر مەخلوقەکانیـەوەو، سـەرەنجامیان لەدەسـتیایەتی. هـیچ کـام لـەو کافرانـەی قورئـان سەرگوزەشتیان باس ئەکا، وانەبوون وا بـزانن غـەیری خـوا کەسـێکی تریش ئەتوانێ ئەوانە بکا. تەنانەت فیرعـەونو نـەمرودیش کـە قورئـان باسی حاڵیان ئەکا ئەوەیان لێ ڕۆشن بووە کە هەر خوایە ئەتوانێ ئا ئەو شتانە بکا.

ئەوەش کە مەشهورە ئەڵێن فیرعەون ئیددیعای خوایی کردووە، ئەوە بەمەعنای ئەوەیە ئیددیعای کردووەکە ئەو فەرمانڕەوایە، وڵاتی میسر هەر بەدەست ئەوەوەیە، ئەبێ هەر قانونو بەرنامەی ئەوی تێدا ئیجرا بێ.. نەك ئەوە کە وای زانیبێ دروستکەرو خالقی خەڵکە، یا ئەتوانێ ئیمکاناتو نیعمەت بۆ خەڵکی دروست بکا، یاکۆسپەکان لەسەر ڕێیان لاببا، یا سەرەنجامیان بەدەست ئەو بێت و ئەو دیاری بکا.

جا لێرەدا بەجێیە پرسیارێك بکرێ وبوترێ : ئەگەر ئەو کافرانە لێیان ڕۆشن بووەو باوەڕیان بووە بەوەی هەر خوا خالقە، هەر خوایە هەرشتێ ئەتوانێ بکا، هەر خوایە کە خاوەنە ، ئیتر گومڕاییان لە چیا بوو؟ ئیتر بۆ لایان داوە؟ خوای گەورە بۆچی پێغەمبەری ناردووە بۆیان کە دەعوەتیان بکا بۆ ڕێگای خۆی؟ مەگەر ڕێگای ئەو چیە؟

لە قورئاندا ئەوەش باس کراوە کە ئەو کافرانە زیاتر لەوەش شتی تریان بووە، باس ئەکا کە کافرەکانی زەمانی هاتنە خوارەوەی قورئان نوێژیان کردووە، حەجیان کردووە، لە فەرموودەی صەحیحا هەیە کە ڕۆژوویان گرتووە. هەروەها لە ئوممەتە پێشووەکانیش زۆرێك بوون عیبادەتیان بۆ خوای گەورە ئەنجام داوە. بەلاّم لەگەڵ ئەوەدا ئەفەرموێ : ئەوانەی گومڕا بوون، ئێمە پێغەمبەرانمان ناردووە بۆ ئەوەی دەعوەتیان بکەن تا بێنەوە سەر ڕێگای بەندایەتی و عیبادەتی خوا .

جا بەجێیە ئەم پرسیارە بكرێ : ئەگەر ئەو شتانەیان بووە، ئاوا عەقیدەو باوەڕیان بە خوا بووە، ئیتر بۆ گومڕا بوون؟! كەسێ بزانێ هەر خوا خالقە، هەر خوایە هەرشتێ ئەتوانێ بكا، هەرخوایە خاوەنەو ئەتوانێ ئیمكانات ئامادە بكاو كۆسپو مانع لەسەر رێ لا ببا، دەسەڵاتی بەسەر مەخلوقەكانیەوە بێت، سەرەنجامیان لەدەست ئەوایێ، كەسێ نوێژ بكا، رۆژوو بگرێ، حەج بكا، ئەزر بكاو، شتانی تریش غەیری ئەمانە، ئیتر بۆ گومڕایە؟ بۆ لەڕێ لای داوەو ئاموسوڵمانە ؟ بۆ پێویستی هەیە بەوە كە پێغەمبەری بۆ بنێردرێو دەعوەتی بكا بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ لای خوا؟ مەگەر ئەو پێغەمبەرانە چییان فەرمووە وا خەڵكەكە بوون بە دوژمنیان و لەگەڵیان بەشەڕ هاتون و، حازر نەبوون بكەونە شوێنیان و، ئاوا كە ئەوان بۆیان باس ئەكەن عیبادەتو بەندەیی خوا بكەن؟مەگەر عیبادەت غەیری ئەو شتانەیە؟ بەڵێ ئەو پرسیارانە بەجێن و ئەگەر كەسێك جوابی ئەو پرسیارانە نەزانێو، باش لای روون نەبن، ناتوانێ بەندەی خوابێ، ناتوانێ بەو جۆرەی كە لێی داوا كراوە عیبادەت و بەندەیی خوا بكا. وەلامی ئەو پرسیارانەش ئەوەیە : هەروەك وتمان قورئان لە زۆرێك لە ئایەت و سورەتەكانیا باسی كردووەكە ئەو خەڵكە ئاوا بوون، ئەوە جێی گومان نیە، ئینسانێك جارێك بەدەركو فەهمەوە قورئان بخوێنێتەوە ئەوەی لێ رۆشنە كە ئەو عەقیدە و بیروبڕوایە هەبووە.

بەڵام گومڕاییان لەوەدا بووە کە لە ژیانیاندا ـ دوای ئەوە هەر خوایان بە خالق و خاوەنی خۆیان زانیوەو، هەندێ عیبادەتو بەندەییان بۆ کردووە ـ فەرمانڕەوای تر غەیری خوایشیان بووە، لە ژیانی خێزانیدا، لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، لە ئابووریاندا، لە سیاسەتیاندا، لە هەندێ شتی تری ژیانیاندا، ئیتاعەت و فەرمانبەرداری‌یان لە قانونی غەیری خوا کردووە،( فەرمانڕەوا) ی تریان هەبووە کە بە فەرمانی خوا حکومەتیان نەکردووە بەسەریانەوە. ئەوانیش قبوڵیان کردووە غەیری خوا و، غەیری قانون و بەرنامەی خوا، حاکم بێ بەسەریاندا. خوا ئەفەرموێ : ئەوانە ـ بەو کارانە ـ ئیددیعای خواییان کردووە، ئەوە یەکێکە لە گومڕاییەکانیان..

ئەوی تریشیان ئەوە بووە کە لە ژیانیاندا جگە لە خوا (فەریادڕەس) ی تریان بووە، ئەگەر چی هەر خوایان بە خاوەنی خۆیان زانیوە، بەڵام وتویانە ئێمە راستەوخۆ دەستمان بەخوای گەورە ناگا، ڕوو ڕەشین، گوناهکارین، ناتوانین لەرێی خۆمانەوە لەگەڵ خوا پەیوەندی بکەین ، جا با تکاکارو واسیتەو وەسیلە بێ لەبەینی ئێمەو خوادا تا ئێمە لەو بپارێنەوەو، ئەویش لە خوا بپارێتەوە بۆمانو داوای کۆمەکمان بۆ بکا.

ئائەم دوو شتە بوون کە خەڵك تووشی بوون و، پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) بۆ راستکردنەوەی هاتوون.

## چۆنیەتی جێبەجێکردنی بەرنامەی خوا

ئەگەر بمانەوێ بە کورتی سەرگوزەشتی تەواوی پێغەمبەرانی خواو تەواوی موسوڵمانەکانی تەئریخ‌و تەواوی کافرو نا موسوڵمانەکان بەیان بکەین، ئەڵێین :

دوای ئەوە کە خەڵکی تووشی ئەو جۆرە بیروبڕوایانە بوون، تووشی ئەو دوو گومڕاییە بوون: (غەیری خوا فەرمانڕەوای تریان قبوڵ کرد.هەروەها غەیری خوا فریادڕەسی تریان بڕیار دا)، خوای گەورە بەمە رازی نەبوو، پێغەمبەرەکانی یەك لەدوای یەك نارد بۆ ئەوەی بۆ خەڵکی رۆشن کەنەوە کە ئەبێ لە ژیاندا فەرمانبەرداریی هەر لە خوا بکەن. هەر ئەو فەرمانڕەواو حاکمیان بێ. تەنها داوای کۆمەکیش لەو بکەن و هەر ئەو فریادڕەسیان بێ. ناردنی بۆئەمە،خەڵکەکەش ئەمە بەلایانەوە زۆرگران بوو. هەروەها حاکم و دەسەڵاتدارەکان ـ ئەوانەی خۆیان کردبوو بە فریادڕەس‌و خۆیان وا ناساند بوو بە خەڵك کە ئەتوانن لای خوا شتێکیان بۆ بکەن، ئەوانەیان کە خۆیان خۆیانیان ناو نابوو فریادڕەسی خەڵك‌و، بە درۆ و بەناحەق خۆیانیان کردبوو بە واسیتەو وەسیلە لەبەینی خەڵك‌و خوادا ـ ئەوانە ئەوەیان بەلاوە گران بوو، حازر نەبوون ئەو هەموو دەسەڵات‌و مەقام‌و سەروەت‌وماڵەی کە لەو ڕێگەیەوە دەستیان کەوتبوو دەستی لێ بەردەن، بۆیە دوژمنایەتییان کرد لەگەڵ پێغەمبەرەکانی خواو لەگەڵ

بانگکردن بۆ ڕێگەی خوا، لەسەر بەرنامەی کوفرو دووریی لەبەندەیی خوا هەرمانەوە، خواش لەبەینی بردن، چونکە ئەگەر ئینسـان فـەرمانی غەیری خوا قبوڵ بکاو تووشی شەریك قەرارداان بۆ خوا بێ، ئیتر خوا هیچی لێ قبوڵ ناکا. ئایەتی زۆر لەم بارەیـەوە لـە قورئانـدا هـەن. بـۆ نموونە ئەفەرموێ : ﴿أَمْ لَهُمْ شُرَكَاء شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّهُ﴾، ئەم شەریکانە چی‌یان کردووە؟ خۆ ئەیان وتووە ئەمانە خـالقن، یا ئەمانە خاوەنیانن، یا رازقن و، یا سەرەنجامیان لەدەستیاندایە.. نەخێر، وایـان نـەزانیوە، بـەڵام ئەوانـە هـاتوون بەرنامـەو قانونێکیـان بـۆ دامەزراندوون، کە خوا ئیزنی پێ‌نەداوەو پێـی رازی نـەبووە کـە ئـاوا کردویانن بە شەریك. ئەوە کە قبوڵـیان کردووە کەسێك لە مەخلوقاتی خوا، یا بەندەکانی خوا، بێـت بەرنامـەو قانونیـان بـۆ دابنـێ ، قـانونی غەیری خوا حوکم بکا بەسەریاندا.. ئا ئەوە شەریك قەراردانە بۆ خوا، کەسانێك کە لەبەینی ئەبردوون، وبەستوویەتی بەهانەیان بۆ نەهێڵێ، لـە پێشا کەسێکیان بۆ بنێرێ تا هیدایەتیان بداو، ڕێیان بۆ ڕۆشن بکاتـەوە، ئەگەر نەهاتنەوە سەر ڕێی بەندەیی خـوا، جـا ئەوکاتـە ئـیتر بەتـەواوی لەبەینیان ئەبات.

لەئایەتێکی تردا ئەفـەرموێ : ﴿إِنِ الْحُكْمُ إِلاَّ لِلّهِ أَمَرَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ﴾ : حوکمو فەرمانڕەوایی، قانون دانـان، بـەقانون حـوکم کـردن، هەر شایەنی خوایە، هەر ئەوە حاکم و فەرمانڕەوایە، ئەوە فەرمانی داوە

بێجگە خۆی بەندەیی و فەرمانبەرداریی بۆ کەسیتر نەکرێ، ئیتاعەت لە قانونو فەرمانی کەسی تر نەکرێ.

﴿ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَعْلَمُونَ﴾ : ئائەوە ڕێورەوشتی ملکەچ کردنو ئیتاعەت و فەرمانبەرداریيە، کە ڕێكو پێکەو هیچ کەموکوڕی تیا نیە، بەڵام زۆربەی خەڵکی نازانن، زۆرتری خەڵکی وا ئەزانن ئەگەر هەر ئەوەندەی خوایان بە خالقی خۆیان زانیو بەخاوەنی خۆیان زانیو نوێژیان کردو ڕۆژوویەکیان گرت ، ئیتر قەی ناکا ئەگەر ئیتاعەت و فەرمانبەرداری لەغەیری خوا بکەن.

بەڵێ، خوای گەورە تەنها یەك شێوە بەندایەتی قبوڵ ئەکا ، کە بەپێی قورئان و ژیاننامەی پێغەمبەر بێ (ﷺ). چۆن یارانی دەست پەروەردەی پێغەمبەری خوا (خوا لێیان ڕازی بێ) ژیانیان بەسەربرد، ئەبێ ئاوابێ. ئەوان چۆن بەرنامەی خوایان جێبەجێ و پیادەکرد، ئەبێ ئاوەها بێت.

دوای ئەوەش لە هەر زەمانێکدا ئەوانەی وا زاناو پسپۆرو (مجتهد)ن، بەیەکەوە هەر شتێك باس ئەکەن ومەشوەرەت و راوێژ ئەکەن، بەچی ئەگەن، چ ئەتیجەیەك ئەگرن، لەسەر چی ڕێك ئەکەون، ئەبێ موسڵمان لەوەیش ئیتاعەت بکا. موسوڵمان لەو سێ شتە ئەگەر ئیتاعەتی کرد، یانی فەرمانبەرداریی کردووە، ئیتاعەتی لەخوا

کردووەو، خوای گەورە بەوە رازیە. ئەگەر شوێنی ئەوانە نەکەوت، ئەوا لە رێگەی بەندەیی لای داوە.

خۆ ئەگەر زەمانێك وابوو ـ وەك ئێستا ـ کە رێك نەکەوت زانا موسوڵمانەکان یەك بگرن و بەیەکەوە دینی خوا بۆ خەڵك رۆشن بکەنەوە، ئەوە لەبەر ناچاری قەی ناکا ئینسان بکەوێتە شوێن فەرمودەی یەکێك لە ئیمامە پێشەواکان، تا ئەوەندەی وەزعەکە بگۆڕێتەو، رێك کەوێ کە زاناو موسوڵمان و(مجتهد)و(متخصص)ەکان یەك بگرنەوە، ئەوان ئیدارەی کاروباری کۆمەڵ بگرنەوە دەست، حکومەتی ئیسلامی بێننەوە سەرکار ، قانونو بەرنامەی خوا بێننەوە ناو خەڵك، دەست بکەن بە ئیجرا کردنو پیادەکردنی‌و، لەناوخۆیانا کەسێك هەڵبژێرن، کە هەروەکو رەئیس جمهورێکە، دوای ئەوەی ئەوان قانونو بەرنامە لە کتێبی خواو لە سونەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەردێنن، بیدەنە دەست ئەو، ئەویش ئیجرای بکا لەناو خەڵکدا.. هەروەك چۆن لە زەمانی پێغەمبەری خواو یارانی‌و خولەفای راشیدیندا وابوو، قانونو بەرنامەی کۆمەڵ قورئان و ئەو رێورەوشتەی پێغەمبەری خواو یارانی بوو کە دایان نابوو، دوای ئەوە هەرشتێ رووی ئەدا، ئەوانەیان کە پسپۆر و (مجتهد)و زانابوون کۆ ئەبوونەوەو رێك ئەکەوتن لەسەر شتێ، ئیتر خەڵکی‌تر واجب بوو لەسەریان ئیتاعەت بکەن لەوشتە.

**(سابقین)ی (أولین) و شوێن کەوتوانیان :**

لێرەشدا با ئەوە باس بکەین کە خوا لە قورئاندا باسی ئەوەی کردووە، ئەگەر ئینسان هەروەك ئەبێ بکەوێتە شوێن قورئان، ئەگەر وا بکەوێتە شوێن پێغەمبەری خواو یارانی دەستپەروەردەی‌ئەوو بەو رێیەدا بڕوا کە ئەوان پیایدا رۆیشتوون، ئەوە خوا رازی ئەبێ، ئەگەر نا خوای گەورە رازی نابێ.

جا کە دەڵێین یارانی دەست پەروەردە، مەبەست ئەوانەن قورئان ناویان ئەنێ (سابقین)ی (أولین)و، ئەوانەی بە چاکی بە شوێن ئەواندا چوون. (سابقین) واتە : ئەوانەی پێشڕەو بوون‌و پێش کەسانی‌تر کەوتوون. ئەوانەی لە رێگای بەندەییدا وەستانیان نەبووەو، تووشی لادان نەبوون، تووشی ئەنجامدانی کردەوەی ناشایستە وگوناهی گەورە نەبوون، هەمیشە لەحەرەکەت و رۆشتنا بوون بەرەو خوای گەورە. ئەوە مەعنای (سابقین)ە (أولین)یش : مەبەست ئەوەیە پێش لە خەڵکی تر موسوڵمان بوون. ئەو موسوڵمانانەی پێش لە کۆچ کردن بۆ مەدینە بڕوایان هێنا، ئەو موسوڵمانانەی مەدینەش کە پێش لەوەی پێغەمبەری خواو یارانی کۆچ کەن بۆ ئەوێ، موسوڵمان بوون. ئەوانە (سابقین)ی (أولین)ن. هەرکەسی تریش لەدواییدا موسوڵمان بووبێ و بە شوێن ئەواندا چووبێ، ئەوانیش ئەوانەن قورئان وەسفیان ئەکا بە : ﴿وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُم بِإِحْسَانٍ﴾ وەك لەئایەتی سەدی سورەتی تەوبەدا

باسیان ئەکا. خوا دەرهەقیان ئەفەرموێ : لەوسێ دەستەیە رازی بووە، بەهەشتی بۆ ئامادەکردوون، هەموو نازو نیعمەتەکانی بەهەشتی بۆ داناون : ئەوانەی کۆچیان کرد بۆ مەدینە، ئەوانەی لە (أنصار)و یاریدەدەرانیش بوون، لە مەدینەدا بوونو کۆمەکی (مهاجرین)یان کرد، ئەوانەش دوایی بە شوێن ئەواندا چوون، ئەوانەی دەست پێشخەر بوونو لەرێگای بەندەییدا نەوەستانو، پێش لە خەلکی تر موسولمان بوون، رچەیان شکاندو رێیان رۆشن کردەوە بۆ خەلك.

جا بەپێی ئەو باسەکە ئەفەرموێ : خوا لەو سێ دەستەیە رازی بووە، ئەگەر کەسێك بە شوێن ئەواندا چوو، لە ژیانیدا رێورەوشتی ئەوانی کرد بە بەرنامەی خۆی، ئەوە خوا لێی رازی ئەبێ. ئەگەر نا گومڕایەو لای داوەو خوای گەورە لێی قبوڵ ناکا. ئەمە زۆر گرنگەو ئەبێ موسلمانان لێی بەئاگا بن. ئەبێ بزانن کە صەحابە ویارانی پێغەمبەری خوا وەك خەلکی تری عادی نین، رەزامەندی و لێخۆشبوونی خوا لەرێگای شوێنکەوتنی ئەوانەوە دەستی ئێمە ئەکەوێ.

جا ئەگەر کەسێ شوێنکەوتووی ئەوان ئەبێ ئەوە ئەزانو گومڕایە، ئەگەر دینی بۆ رۆشن ئەکرابووەوە، ئەوە نیازی بەوە هەیە بۆی روون بکرێتەوە، ئەگەریش خۆی زانیبووی قورئان چی باس کردووە، زانی بووی چەندە ئایەت هەن لە قورئاندا بۆ باسی ئانەمە ـ کە تەنها لەرێی

شـوێنکەوتنی ئەوانـەوە ئیمـان رەزامەنـدی خـواو بەهەشـتی دەسـت نەکەوێ‌و لـە عەزابی جەهەنەم رزگار نەبێ ـ ئەگەر ئەوەی زانـی بـوو، دوای ئەوە هەر خەریکی ئیهانەت کردن و قسـە وتـن بـوو پێـان، لـە جیاتی ئەوەی شوێنیان کەوێ، خـەریکی دوژمنایـەتی بـوو لەگـەڵیان، ئەوە دیارە ئەبێ شك لە ئیمانیا بکرێ.

بەهـەرحاڵ تاکاتـێ پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) وەفـاتی کـرد ولـە دنیـا دەرچوو، بەرنامە ئاوابوو، قورئان قانونی کۆمەڵ بوو، پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) شتەکانی باس ئەکرد بۆ خەڵك . ئەو شتانەی کەسی‌تر نەیئـەزانین ئەو رۆشنی ئەکردنەوە، لـەو شتانەیشـا کـە روویـان ئـەدا– وەك ئـەو مەسـەلانەی پەیوەندیان بە (جەنگ)و(صولح)ەوە بوو، یان پەیوەنـدییان بە ئابوری‌و سیاسەتەوە بوو، یا غەیری ئەوانـە– خـۆی بـانگی ئـەکردە (مجتهد)و (متخصـص)ەکـان لـەناو یارانیـدا ـ ئەوانـەیان کـە خـاوەنی راوبۆچـوون بـوون ـ ئـەوانیش لەخزمەتیـدا دائەنیشـان و بەیەکـەوە مەشـوەرەتیان ئـەکردو ئەگەیشـتن بـە نەتیجەیـەك و رێـك ئەکـەوتن لەسەری.. ئەوەش ئەبوو بە قانون و فەرمانێ کە ئەبوایە موسوڵمانەکان ئیتاعەتیان لێ بکردایە.

دوای ئەوەی ئەوکۆچی دوایی کرد، بەرنامە هەر بـەو جـۆرە بـوو، تەنها ئەوە بوو ئەو لە ناویاندا نەبوو. جا دوای ئەو بۆ ئەوەی کەسـێك بیێت قانون و بەرنامەکان ئیجرا بکاو جیبـەجێیان بکـا، ئـەو (مجتهـد)و

پسپۆرانە لەناو سەحابەدا ـ ئەوانەی ئەیانتوانی بەرنامەو قانونی خوا لە قورئان دەربهێنن‌و ڕۆشنی بکەنەوە بۆ خەڵك ـ هەڵسان یەکێکیان لەناو خۆیانا کە بە باشترینی خۆیانیان ئەزانی (ئەبوبەکری صدیق)یان ـ خوا لەو ولەوانی‌تریش ڕازی بێ ـ هەڵبژارد بە عینوانی خەلیفە تا نوێنەری ئەوان بێ لە ئیجرا کردن‌و پیادەکردنی فەرمان‌و قانونی خوای گەورەدا. دوای ئەو (عومەری فاروق)، دوای ئەو (عوسمانی ذي النورين)، دوای ئەو (عەلی کوری ئەبو تالیب)، دوای ئەو (حەسەنی کوری عەلی) ئەم پێنج نەفەرە، پێنج خەلیفەن ، پێیان ئەوترێ (الخلفاء الراشدون) کە یەك لە شوێنی یەك زاناو مجتهد بوون، (متخصص) بوون، موسوڵمانەکان لە یارانی پێغەمبەری خواو شوێنکەوتووانی ئەوان هەڵیان بژاردن، واجب بوو لەسەر موسوڵمانان ئیتاعەتیان لێ بکەن‌و شوێنیان بکەون. دوای ئەوان ئیتر ئەو بەرنامەیە تێك چوو، نیزامێکی تر هاتە سەرکارو، کەم کەم قانون‌و بەرنامەی خوای گەورە هەروا ڕۆژ بە ڕۆژ بێگانە تر ئەبووەوەو غەریب ئەبووەوە ، تا ئاوای لێ هات کە ئێستا ئەیبینین ، موسوڵمانان دوورن لە قانون‌و بەرنامەی خوا، لە جێی قانون‌و بەرنامەی ئەو قانون و بەرنامەی ئەورووپا و ئەمریکا و غەیری ئەوانە لەناو موسوڵماناندا ئیجرا ئەکرێ. دیارە واجبە لەسەر موسوڵمانان بە هەموو هێزو تواناییانەوە هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی جارێکی‌تر ئەوحکومەتە و ئەو وەزعیەتەی کە لەو کاتەدا بووە بێتەوە

سەر دەور. ئەوەی حوکم ئەکا لەناو کۆمەڵی موسوڵمانانندا بەرنامەی خواو قورئانو سوننەتی پێغەمبەری خوا بێ، زانا موسوڵمانەکان بەیەکەوە رێك بکەون لەسەر شتێکو، بیدەن بە کۆمەڵ تا ئیتاعەتی لێ بکەنو فەرمانبەرداری بن. بتوانن هەروەکو سەردەمی خولەفای راشدین خەلیفە لە خۆیان هەڵبژێرنو بتوانن بەتەواویی عیبادەتو ئیتاعەتی خوای گەورە بکەن.

ئەمە بە کورتی باسی فەرمانبەرداری‌کردنو ئیتاعەت کردن لە خوای گەورەو، قبوڵ کردنی ئەو بە عینوانی تەنها فەرمانڕەوا ، مانای (إِيَّاكَ نَعْبُدُ)بوو.

ئێستا کاتی ئەوەیە بەشی دووەم باس بکەین : ﴿وإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾ : داوای کۆمەك کردن لە خواو، کردنی ئەو بەتەنها فەریادڕەسو پشتیوان.

## مانای تەواوی (استعانە) و داوای یارمەتی لە خوا

وتمان هەرشتێك روونەدا لەم عالەمەدا تەنها خوا ئەنجامی ئەدا، هەر ئەوە ئەیکاو سەبەبێکی بۆ داناوە. کاتێ سەبەبەکە بوو، ئەویش ویستی ئەو شتە بێ، ئەبێت. ئەگەر سەبەبەکە نەبوو، یا سەبەبەکە بوو بەڵام ئەو نەیویست بێ، ئەوە ئەو شتە نابێ.

جا لەسەر ئەو ئەساسە، ئینسانێك كە بە ئاگایی و زانستەوە، ڕێگای ئیمانو بەندەیی خوای گرتبێ، ئەوە هیچ شتێك لە ژیانیدا ـ غەیری خوا ـ ناكا بە فریادڕەسو پەناو پشتیوانی خۆی، چونكە هەر شتێكی بوێ، بیەوێ شتێك بۆی ڕووبدا، یا بیەوێ تووشی هیچ زەرەرو زیانێك نەیەتو مەنفەعەتێكی دەست كەوێ، ئەوە هەوڵ ئەدا بۆ ئەوەی سەبەبی ئەو شتە بەكار بهێنێ، داواش بكا لە خوای (متعال) تا ئەو شتەی بۆ بكا، ئیتر تەواو بوو. یا ئەگەر بیەوێ لە نەخۆشی‌یەك ڕزگاری بێ، ئەچێ بە شوێن سەبەبەكەیا ـ بە شوێن سەبەبی شیفا لەو نەخۆشی‌یە ـ كە ئەو دەواو دەرمانە تایبەتەیە خوا بۆی داناوە، كاتێك دەواو دەرمانەكە بەكار ئەهێنێ، داوا ئەكا لە خوا شیفای پێ بدا، ئیتر شتێكی‌تر نیە لەو بەینەدا.

بە كورتی بەبێ ئەو دوو شتە (بەبێ سەبەبو، بەبێ ویستو ئیرادەی خوا) هیچ شتێ نابێ. ئەگەر ئەو دووانە بوون حەتمەن شتەكە ئەبێ.

## حەقیقەت و مانای (توكل) و پشت بە خوا بەستن

بە پێی ئەو باسە، واجبە لەسەر ئینسانی موسوڵمان كاتێ ویستی شتێك بكا سەبەبەكەی بەكاربێنێ، لەگەڵ ئەوەش كە سەبەبەكە بەكاردێنێ ئەبێ تەوەككول بكا لەسەر خوا، داوای كۆمەكی لێ بكا. بۆ

نمونە (نەخۆش) واجبە لەسەری بڕواتە لای پزیشکو دەواو دەرمانی لێ وەرگرێ، دوای ئەوە لەوکاتەدا دەرمانەکە بەکار دێنێ عەرز ئەکا : خوایە! ئەوا من واجب بوو لەسەرم بڕۆم دەواو دەرمان بێنمو بەکاری بهێنم، ئەوا بەکارم هێناو تەکلیفو وەزیفەی خۆم ئەنجام دا، جا خۆ ئەزانم ئەو دەرمانە خۆی شتێ ناکا، ئەگەر تۆ نەتەوێ چاك بیمەوە، جا لە تۆ داوا ئەکەم تەئسیر دابنێی لەو دەرمانەداو چاکم بکەیتەوە.

لەبەرئەوە موسوڵمان لە کاتێکا دەست ئەکات بە خواردن ئەڵێ : (بسم الله الرحمن الرحیم). لە بیریایەتی کە خواردن بۆ ئەوەیە خێرێکی دەس کەوێ، سودێکی پێبگا، نەخۆشیو لەبەین چوون لەسەر رێی هەلگیرێ، کۆسپ لەسەر رێی لابرێ.. دەی ئەزانێ ئەوانە هەر بەدەست خوان، بەڵام سەبەبێکی داناوە بۆ ئەوە کە (خۆراك)ە، خۆراکەکە ئەخوا، سەبەبەکە بەکار ئەهێنێ، جا تەوەککول ئەکا لەسەر خواو دوعا ئەکا، داوای لێ ئەکا ئەوکارەی بۆ بکا. لە (بسم الله الرحمن الرحیم) وتندا یادی ئەو خوایە ئەکا کە سوودگەیاندنو زیان لە کۆڵ کردنەوە هەر بەدەست ئەوە. ئەوەیە مەعنای (توکل) کە پێویستە ئینسانی موسوڵمان لێی حاڵی بێ.

(توکل) ئەوە نییە ئینسان تەرکی وەزیفە بکا، لە ئەدای ئەرکی بەندەییو عیبادەتو مەسئولیەت دەس بکێشێ، جا بڵێ : خوا

گەورەیەو خوا بۆم ئەکا.. نەخێر، خوا شتی وا ناکا، ئەبێ سەبەبی شتەکە بەکاربێنێ، جا داوا بکا لە خوا ئەو شتەی بۆ ئەنجام بدا.

بۆنموونە : ئەگەر ئینسان بیەوێ خوا لە ئاخیرەتا رەحمی پێبکا، لە گوناهەکانی ببورێو نەیخاتە جەهەننەم و، بیخاتە بەهەشتو لێی رازی بێ، ئەوە ئەبێ سەبەبی ئەو شتە بەکاربێنێ. ئەبێ سەرەتا لەرێی گومرایی بگەڕێتەوەو، دەس بکا بە حەرەکەت کردن لە رێگای ئیمانو عەمەلی سالحدا، جا دوعا بکاو بڵێ : خوایە! ئەوە من سەبەبەکەم بەکارهێنا، لە گومڕایی گەڕامەوە، ئەوە هاتمە سەر رێگای ئیمانو عەمەلی سالح، جا لە تۆش داوا ئەکەم لێم ببوری، رەحم پێبکەی ولە عەزاب رزگارم کەی، لە نیعمەتو خۆشبەختی بەشم بدەی.

کەوابوو لەبەرئەوەی هەر مەخلوقێك لە مەخلوقات، تەنها سەبەبەو خۆی بەخۆیەوە ناتوانێ هیچێك بکاو، هەرخوایە ئەتوانێ هەرشتێ بکا، لەبەرئەوە، ئینسان جێگای ئەوەی نیە کە هاوار لە غەیری خوا بکاو لەغەیری خوا داوای کۆمەك بکا، کەسی ترو شتیتر نیە ئینسان بتوانێ داوای کۆمەکی لێ بکا، بۆ نمونە ئەفەرموێ : ﴿قُلْ إِنَّمَا أَدْعُو رَبِّي وَلَا أُشْرِكُ بِهِ أَحَدًا﴾، ئەفەرموێ :

بڵێ: هەر لە خاوەنەکەم داوا ئەکەم کە شتێکم بۆ بکا، (دوعا کردن ئائەوەیە، ئینسان داوا بکا خوا سودێکی پێبگەیەنێ، یا لە زەرەرو زیانێ رزگاری بکا). هەر هاوار لای ئەو ئەبەم، هەر لەو

داوای کۆمەك نەکەم، کەسیتر ناکەم بە شەریکی ئەو لە هاوار لێکردندا. دەی ئەوە مانای ئەوەیە ئەگەر ئینسان هاواری کردە هەر شتێك غەیری خوا، ئەوە کردوویەتی بە شەریکی خوا..

رەنگە لێرەدا ئەو پرسیارە بکرێ : فەرقی ئەوە چیە کە ئینسان لەکەسێ داوا بکا لە چالێ دەری بێنێ، لەگەڵ ئەوەدا هاوار بکا لەیەکێ لەبەندە صالحەکانی خوا، یا لە روحی یەکێ لە پیاو صالحان کە بێت بە فریایەوەو کارێکی بۆ بکا، خۆ ئەمیش هەر سەبەبێکە؟!

رەنگە ئاوا گومانێك ببرێ و بوترێ : وەختێك من ئەڵێم : یا روحی فلان کەس لەبەندە صالحەکانی خوا! هەروەك ئەوەیە بڵێم بەو شەخسە لەو چاڵە دەرم بێنە. بۆ لەوێ گوناه نەبوو، بۆ لێرەدا گوناهو شەریك بۆ خوا قەراردانە؟!

جوابی ئەمە ئەوەیە : ئێمە بۆمان رۆشن بۆتەوەو خوا بۆی دیاری کردوین کە ئەوە سەبەبەو، خوایە کە کارە حەقیقیەکە دەکات ، بەڵام خوای گەورە روحی ئەو بەندە صالحەی نەکردووە بەسەبەبی ئەوە کە زەرەرو زیانێ لە کۆڵی ئینسان بێتەوە، یا سوودو مەنفەعەتێکی دەست کەوێ. بڕیاری نەداوە ئاوەها شتێ بکرێ. نە لە قورئانا باس کراوە، نە لە هیچ حەدیسێکا لەو حەدیسانەی کە صەحیحن باسی ئەوە نەکراوە هاوارکردنە غەیری خوا جایز بێت ، یا بە سەبەب بەکارهێنان بزانرێ،

بەڵكو زۆرێك ئایەتو فەرموودە هەن باسی ئەوە ئەكەن كە دروست نیە ئینسان هاوار بكاتە غەیری خواو داوای كۆمەكی لێ بكا.

ئەگەر كەسێك داوای كۆمەكی لە غەیری خوا كردو، هاواری بردە لای غەیری خواو غەیری ئەوی كرد بە فریادڕەسی خۆی - ئەگەر چی بەو جۆرە بێ كە بڵێ لای خوا داوای شتێكم بۆ بكە، واتە بیكا بە واسیتەو سەبەب لە بەینی خۆیو خوادا- ئەوە قورئان ئەفەرموێ : ئەوە شەریكی بۆخوا قەرارداوە. ئەڵبەتە ئەوە بەو مانایە نیە كەسانێك لە موسڵمانان ئێستا هاوار ئەكەنە غەیری خوا موشریكن. نەخێر، خەڵكی لەبەرئەوەی حەقیان بەتەواوی بۆ ڕۆشن نەبۆتەوە مەعزوورن. موسوڵمانان عوزریان هەیە، لەبەرئەوەی ئەم حەقە بە جوانی ڕوون نەكراوەتەوە بۆیان. بەم موسوڵمانانە ناوترێ موشریك. ناوترێ ئەمانە موسوڵمان نین.

بەڵام لەگەڵ ئەوەدا داوا ئەكەین لەهەر موسوڵمانێ كە دڵی بۆ خۆی ئەسووتێو، ئەیەوێ بەندەی ڕاستەقینەی خوابێ، بە زووترین كات بگەڕێتەوەو دەست بكێشێ لە هاواركردن لە غەیری خوا. چونكە لەدوای ئەوە كە ڕۆشن بووەوە بۆی دروست نیە هاوار بكاتە غەیری خوا، ئیتر بە شوێن ئەوەدا گوناهبار ئەبێ، خوا لێی قبوڵ ناكا. ئەگەر لەوەوپێش - پێش ئەوەی بۆی ڕوون بووبێتەوە - هاواری

کردبێتە غەیری خوا، خوا لێی توڕە نەبووبێ‌و غەزەبی لێ نەگرتبێ، دوای ئەوە کە بۆی مەعلوم بوو نیزّ لێی قبوڵ ناکا.

## پلەی پیاوچاکان وحەقیقەتی ڕێزلێگرتنیان

ئەمەش مانای ئەوە نیە بڵێین بەندە صالحەکانی خوا لە مەلائیکەو پێغەمبەران و دۆستانی خوا (علیهم صلوات الله وبرکاته) کەم قەدەر وقیمەتن و سوکایەتی‌یان پێ‌بکرێ، پەنا بەخوا.. کەسێك کە ئیمانی بەخواو ڕۆژی ئاخیرەت بێ، نە تەنها ناتوانێ کەمترین ئیهانەتێك بەیەکێك لەو بەندە صالحانەی خوا بکا ، نەتەنها ناتوانێ بەچاوی سووك تەماشای یەکێك لەوان بکا، بەڵکو تەنها لەکاتێکا ئیمانی هەیە و تەواوە،کە پێغەمبەرانی لەخۆی خۆشتر بوێ و، لە هەموو بەرنامەکانی ژیانیدا، پەیڕەوی ئەوان بێ‌و بەشوێن ئەواندا بڕوا، گیان‌و ماڵی لەڕێی سەرخستنی بەرنامەیەکدا کە ئەوان هێناویانە بەخت بکا.

ئەوەیە بەڕاستی ڕێزلێنان، ئینسان وا بیانناسێ کە خوا باسی کردوون، کە بەندەی خوابوون، فریادڕەس نەبوون، بۆ ئەوە نەهاتوون خەڵك هاواریان لێ بکا، بۆ ئەوە هاتوون بۆ خەڵکی ڕۆشن کەنەوە هەر خوا فریادڕەسە. ڕێزلێنانی ئەوان ئەوەیە ئینسان پەیڕەویان لێ بکا. بزانێ ئەگەر شوێن ئەوان نەکەوێ خوا ڕەحمی پێ‌ناکا. ئەوەیە ئیحتیرام،

نە ئەوەی بە ناهەق بیان کات بە فریادرەس ، یا شتێك بکا کـە خۆیـان بۆ لەبەین بردنی ئەو شتە هاتوون.

## دەربارەی (وەسیلە) لە نێوان عەبدەکان و خوای گەورەدا

زۆر کەس ئەڵێن ئێمە کاتێك هاوار ئەکەینە یەکێك لەو پیاوچـاکانە، خۆ وا نازانین خۆی لەخۆیەوە ئەتوانێ شتێك بکـا، ئـەزانین هەرخوایـە ئەتوانێ هەرشتێ بکا، بەلام ئێمە لەبەرئەوەی خۆمـان زۆر بـاش نـین - وەك هەنـدێ ئـەڵێن لەبەرئـەوەی گوناهبـارو ڕووڕەشـین نـاتوانین ڕاستەوخۆ لەگەڵ خوادا تەماس بگرین ولەگەڵ خۆی ڕازو نیاز بکەین - ناچارین یەکێك لەوان بکەین بە واسـیتەی خۆمـان، بـەهۆی ئـەوەوە نزیك بکەوینەوە لە خواو شتێکی لێ داوا بکەین. هەروەك چۆن ئەگـەر کەسێك بیەوێ بڕوا بـۆلای حاکمێـك بـۆی ڕێـك ناکـەوێ، مەگـەر پارتیو واسیتەیەك دەست بخا تا بە هۆی ئەوەوە بتوانێ بڕوا.

جوابی ئەمە ئەوەیە : ئەم قسەیە قسەی کەسێکە خوای ئەناسـی بـێ، خوایەك کە ئەفەرموێ :

﴿وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ﴾ واتە : من لە ڕەگی بنا مل لـە ئینسان نزیکترم. خوایەك ئەفەرموێ : هیچ شتێکی ئینسان نیـە لـە مـن پەنهانو پۆشراو بێ. خوایەك ئەفەرموێ : لەهەر خاتیرەو خەیاڵێك بـێ

بە دەروونی ئینساندا من خەبەردارم. خوایەك ئەهلی ناحەقكاری‌و كاری نابەجێ نیە ـ نعوذ باللە ـ چ نیازی هەیە بەوەی ئینسان كەسێ بكا بە واسیتە لەبەینی خۆی‌و ئەودا؟! خۆی لە هەموو كەس نزیكە. ئاگادارە لە ئەحوالی هەموو كەس، هەركەس بەڕاستی و بە ئیخلاص رووی تێبكاو هاواری لێ بكاو پەنای پێ ببا، حەتمەن دێت بە هاواریەوەو ئەوەی وا ئەیەوێت بۆی ئەكا، ئەگەر بەخێرومەسڵەحەتی بێ، ئەگەر بە خێرو مەسڵەحەتیش ئەبوو شتێكی تری بۆ ئەكا لەوە باشتر.

بە نیسبەت حاكمەكەوە لەبەرئەوەیە خەڵكی پارتی‌و واسیتە دروست ئەكەن، كە جاهیلەو نازانێ خەڵك لە چ وەزعێكا ئەژین‌و چیان لێ قەوماوە، نازانێ چی‌یان ئەوێ‌و گرفتاری چین، لەبەرئەوە ئەبێ واسیتەیەك دروست بكرێ‌و واسیتەیەك بێت یان گەیەنێتە لای ئەو حاكمە. بەڵام خوای موتەعال وا نیە! یا ئەو حاكمە ئەزانێ وەزعی ئەو خەڵكە چۆنە، بەڵام لەبەرئەوەی كە عەبدی هەواو هەوەسە، نایەوێت گیروگرفت‌و كۆسپی سەر رێی خەڵكی لابەرێ. تەنها لەكاتێكا ئەوە ئەكا كە واسیتەیەك بڕوا، لە ئاشناو نزیكەكانی خۆی و هەڵی ئێن بۆئەوەی ئەو كارە بكا. دەی خۆ خوا بەو جۆرە نیە.

ئەگەر ئینسانێك لە نوێژكردن حاڵی بووبێ، بەڕاستی ئیتر ناتوانێ شتێكی ئاوا بڵێ، بڵێ : من خۆم ناتوانم راستەوخۆ لەگەڵ خوا تەماس

بگرم، ئەبێ کەسێك یا واسیتەیەك دەست خەم تا ئەو نزیکم خاتەوە لـە خوا، چونکە نوێژکردن بـۆ ئەوەیـە ئینسـان لەگـەڵ خـوا راسـتەوخۆ تەماس بگرێو رازو نیازی لەگەڵ بکاو داوای شـتی لێ بکـا، غـەیری ئەوە شتێکی تر نیە. ئیتر چی ماوەتەوە؟! ئیتر چۆن کەسێك نـەتوانێ – ئەگەر لە نوێژ تۆزێك حاڵی بوو بێ– بڵێ : مـن نـاتوانم خـۆم لەگـەڵ خوا تەماس بگرم؟! مەگەر واسیتەو وەسیلەیەك لە خوا نزیکم کاتەوە.

لە سەرێکی ترەوە قورئان بەیانی کـردووە کـە وەسـیلە بـۆ نزیـك کەوتنەوە لە خـوا تـەنها (ئیمـانو عەمـەلی صـالحە)، بـاوەڕ کردنـەو کردەوەی چاك ئەنجام دانە. وەك لە ئاخرین ئایـەتی سـورەی (علـق)دا ئەفـەرموێ : ﴿وَاسْـــجُدْ وَاقْتَـــرِبْ﴾، کوڕنـووش ببـە بـۆ خـوا و ملکەچکردنو خۆکزکردنو خۆ نـزم گـرتن بکـە بۆخـوا و، ببـە بـە بەندەی راستەقینەی.. لەو رێیـەوە لـە خـوا نزیـك ببـەرەوەو بگـە بـە خزمەتی. هەروەها لە زۆرئایەتی تری قورئانا ئەمە بەیان کـراوە ئەگـەر کەسێك کەسێکی تر بکات بە واسیتە بۆ نزیك کەوتنەوە لە خوا، ئەوا کردوویەتی بە شەریك. بۆ نمونـە ئەفـەرموێ : کەسـانێك کـە غـەیری خوایان کردووە بە دۆستی خۆیان، کردوویـانن بـە فریـادڕەس و پـەنا وپشتیوانی خۆیان، کاتێك کە رەخنـەیان لێ ئـەگیرێو ئـەوترێ بـۆ وا ئەکـەن؟ جوابیـان ئەوەیـە کـە : ئێمـە ئەمانـەمان بۆیـە کـردووە بـە فەریادڕەسو پشـتیوانی خۆمان بۆ ئەوەی لە خوامان نزیکمان کەنەوەو،

هەر تەنها بۆ ئەوەیەو بۆ غـەیری ئـەوە نیـە. خـوا ئەفـەرموێ : ئەوانـە درۆزنن. ئەوانە دوای ئەوەی حـەقیان بـۆ رۆشـن ئەکرێتـەوەو دەلیـل ونیشانەکانیان بۆ بەیان ئەکرێ، کە غەیری خوا کەس فریـادڕەس نیـە، زۆر زۆر کافرن. خوای گەورە لە دوایدا حوکمو قەزاوەت ئەکا لـە بەینی ئەوانو بەندە موخلیصـەکانیدا، رۆشـنی ئەکاتـەوە کـێ راسـتی وتـورەو کـێ درۆی وتـووە، هەرکەسـیش ئەگەیـەنێ بـە جـەزاو بـە سـەرەنجامی خۆی.. ئەفەرموێ:

﴿أَلَا لِلَّهِ الدِّينُ الْخَالِصُ وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَى إِنَّ اللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِي مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ كَاذِبٌ كَفَّارٌ﴾ .

لە جێگای تردا ئەفەرموێ : ئەوانەی وا ملکەچ ئەکەن بۆ غـەیری خواو، پـەنا ئەبەنـە لای غـەیری خـوا، غـەیری زاتـی ئـەو ئەکـەن بـە فریادڕەسی خۆیانو بەندەو مەخلوقـەکانی خـوا ئەکـەن بـە پشـتیوانو پەناگای خۆیان، کاتێك کە رەخنەیان لێ ئەگیرێ، بۆچی ئـاوا ئەکـەن؟ ئەڵێن : خۆ ئێمە نەمانوتووە ئەمانە خۆیان سەربەخۆ شتێ ئەکەن، بەڵکو ئەمانەمان بە شەفیعو تکاکارو واسیتە لە بەینی خۆمـانو خـوادا قـەرار داوە. قورئان سـەبارەت بەوە ئەفەرموێ : ئائەوە شەریك قەراردانـە بـۆ خوا. خوای گەورە لەوە بەرییەو دوورە، خوا پاکو مونەززەهە، کەس

شەریکی نیە، شتی وای قەرار نەداوە، نە لە ئاسمانەکاندا نە لە زەویـدا، یەك نەفەری قەرارنەداوەکە ببێ بە واسیتەو وەسیلە، خوا ئەفەرموێ :

﴿وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللّهِ مَا لاَ يَضُرُّهُمْ وَلاَ يَنفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَـؤُلاء شُفَعَاؤُنَا عِندَ اللّهِ قُلْ أَتُنَبِّئُونَ اللّهَ بِمَا لاَ يَعْلَمُ فِي السَّمَاوَاتِ وَلاَ فِي الأَرْضِ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾.

## دەربارەی غەیب زانین

جگە ئەوەش کەسێك کە هاوار ئەکا لەیەکێ لە بەندە صاڵحەکانی خوا، لە پێغەمبەران ، یا لە مەلائیکە، یا لە دۆستانی خوا، لـە راسـتیدا تەنها لە کاتێکدا هاواری لێ ئـەکا کـە وا ئـەزانێ ئـەو کەسـە غـەیب ئەزانێ، وا ئەزانێ ئەو خەبەری هەیە کە ئەم چ حاڵەتێکی هەیەو ئەتوانێ بچێ بە هاواریـەوە، ئەمـەش شـتێکی نادروسـتەو گومڕاییـە، خـوا لـە زۆرێك لە ئایەتەکانی قورئاندا بەیانی کردووە کە غـەیری خـوا کـەس غەیب نازانێ، تەنها یەك شت لـە غـەیب هەیـە کـە خـەڵك ئـەیزانن، ئـەویش ئـەو بەرنامـەی رێنمـایی وهیدایەتەیـە کـە لـە کتێبەکانیـدا ناردوویەتی، لە قورئـانو تـەوراتو ئینجیـلو غـەیری ئەوانـەدا، وەك ئەفەرموێ:

﴿قُل لَّا يَعْلَمُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الْغَيْبَ إِلَّا اللَّهُ وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ﴾ : بڵێ : هەرچـی ئـەو کەسـانەی وان لـە ئاسمانـەکانو

زەویدا، بێجگە خوا، هیچ کەسیان غەیب نازانن . تەنانەت نازانن کەی خۆیان زیندوو ئەکرێنەوەو لە قەبرەکانیان رائەپەرێنرێن . هەروەها ئەفەرموێ :

﴿قُل لَّا يَعْلَمُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الْغَيْبَ إِلَّا اللَّهُ﴾ : لە جێی تری قورئانیشا ئەم باسە بە درێژی کراوە .

لەلایەکی ترەوە خوای گەورە بە پێغەمبەری خوا ئەفەرموێ : تۆ بۆیان باس بکە کە چیت؟ پێیان بڵێ کە غەیب نازانی، ئەگەر غەیبت بزانیایە زۆر شتی باشت بۆ خۆت دەست ئەخست، بەڵام لەبەرئەوەی تۆش هەروەك بەشەرێکی تری، زۆرێ شتی باشت لەدەست دەرئەچێ . تۆیش تووشی گیروگرفتو دەردیسەری ئەبی، ئەوە ئیشارەی ئەوەیە تۆش غەیب نازانی، تەنها شتێ ئەیزانی ئەو بەرنامەی هیدایەتەیە کە خوا داویەتی . ئەفەرموێ بە پێغەمبەر: تۆ بڵێ :

﴿وَلَوْ كُنتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لَاسْتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِيَ السُّوءُ إِنْ أَنَاْ إِلاَّ نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ :

بۆیان باس بکە کە تۆ تەنها ئەرکی ئاگادارکردنەوەت لەسەرە، لەگەڵ ئەرکی مژدە پێدان . ئاگادارکردنەوە بۆ ئەوانەی رێی بەندەیی شەیتان ئەگرنو نایەنەوە سەر رێگای بەندەیی خوا، مژدەدان بەوانەش رێگای بەندەیی خوا ئەگرنو بە ئیخلاصەوە عیبادەتو بەندەیی بۆ خوا

ئەکەن . تۆ تەنها ئەوەی، غەیب نازانی، غەیب تەنها خوای (متعال) خۆی ئەیزانیو کەسیتر نایزانیٚ .

جا لە کاتێکدا هیچ کام لەبەندە صالحەکانی خوا غەیب نازانن و، خەبەریان لە حالی کەسیتر نیە، نیتر چۆن دروستە هاوار بکری لێیانو، بکرێن بە فریادرەسو پەناگا؟!

دوای ئەوە قورئان ئاوا باسی کردووە کە کەس غەیب نازانی، ئیتر دەرئەکەویٚ هەرکەس ئیددیعای ئەوە بکا خۆی شتی ئەزانی، یا کەسێکی تر شتیٚ تری زانیوە، ئەمە بە هەڵەدا چووە، یا ئەگەر عەمەدەن بیلیٚ ئەوە درۆی کردووە، ئەو شتەی وا بەغەیب ناوی ئەبەن خەیاڵو گومان زیاتر هیچێکیتر نیە .. کەسێك خەیالی دیٚت بە دڵیدا، دوایی وا ریٚك دەکەویٚ ئەوشتە روو ئەدا، وا ئەزانن ئەمە غەیبی زانیوە ، لە حاڵێکا هەر خەیالێکە کەوتووەتە دڵیو گومانێکە وا ریٚك کەوتووە .

وەك چۆن کەسیٚ خەویٚ ئەبینیٚ، دوایی خەوەکەی دیٚتە دی، دەی خۆ ئەو لە کاتێکا خەوەکەی دیوە، لیٚی رۆشن نەبووە ئەو شتە روو ئەدا، دوایی کە شتەکە رووی دا، رۆشن ئەبێتەوە خەوەکە مەعنای ئەوە بووە .

هەروەها ئەگەر هاتو کەسیٚ شتیٚ لە دەمی دەرچوو، وتی ئەو شتە وائەبیٚ، دوایی شتەکە وابوو، وا رووی دا، ئەوە وە ئەبیٚ ئەو شەخسە ئەو شتەی زانی بیٚتو لیٚی رۆشن بوو بیٚ، بەڵکو هەروا خەیالیٚ

کەوتۆتە دڵی‌و وتویەتی، دوایش بە هەڵکەوت ئەو شتە وا رووی داوە، خەڵکیش وا ئەزانن ئەوە غەیبی زانیوە .

لەبەر ئەوەشە خوا ئەفەرموێ : ئەوانەی غەیری خوا دەکەن بە فریادرەسی خۆیان، هیچ دەلیل و بورهانێکیان نیە، چونکە فریادرەس ئەبێ خالق بێ، دروستکاری شت بێ . ئەبێ خاوەن‌و دەسەلاتدار بێ،،سوودو زیانی لەدەستا بێ، دەسەلاتی بەسەر ئینساندا هەبێ، سەرەنجامی ئینسان لەدەستیا بێ .. دیارە هیچ کەس غەیری خوا ئاوا نیە . کەسێ خالق نیە، خالقی هیچ شتێك نە لە ئاسمانو نە لە زەوی، هیچ کەس دەلیلی نیە بۆ ئەوەی کەسێکی‌تر غەیری خوا شایستەی ئەوەی هەیە هاواری لێ بکرێ . جا ئەفەرموێ : کەس لەوە گومڕاتر نی‌یە کە هاوار ئەکاتە کەسانێك لە خواری خواوە، کە تا رۆژی قیامەت جوابی نادەنەوە، نە تەنها جوابی نادەنەوە و نایەن بە هاواری‌یەوە، بەڵکو لە هاوار کردنەکەشی غافڵن، هەرخەبەریان نی‌یە کە هاواریان لێ ئەکا . ئەوەتا ئەفەرموێ :

﴿وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّن يَدْعُو مِن دُونِ اللَّهِ مَن لَّا يَسْتَجِيبُ لَهُ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ وَهُمْ عَن دُعَائِهِمْ غَافِلُونَ. وَإِذَا حُشِرَ النَّاسُ كَانُوا لَهُمْ أَعْدَاء وَكَانُوا بِعِبَادَتِهِمْ كَافِرِينَ﴾ :

لە رۆژی قیامەتا ئەوانەی وا هاواریان لێکراوە، ئەوانەی بەناحەق کراون بە فریادرەس، ئەوانەیان کە صاڵح بوونو بەندەی خوا بوون،

ئەبن بە دوژمنی هاواربەرەکان و، بێزاریی خویان دەرئەبڕن لەو کارانەی ئەوان کردویانن‌و، ئەڵێن: ئەصڵەن ئێمە رازی نەبووین، ناماقوڵیتان کردووە کە هاوارتان کردۆتە ئێمە. ئێمە حەزمان لەوە نەکردووە. دەعوەتی ئێوەمان نەکردووە بۆ ئەوەو رازی نەبوین بەوە. ئێستاش هیچ کاریکمان لەگەڵ ئێوە نیە، هیچ عەلاقەیەکمان بە ئێوەوە نیەو ناگەینە فریاتانو ناتوانین ئەصڵەن ئێوە لە خومان بزانین، لەبەرئەوەی ئێوە خیلافی ئەوەتان کردووە کە ئێمە دەعوەتمان بۆی کردووە!! ئێمە هاتووین بە خەڵك بگەیەنین کە هاوارکردنە غەیری خوا دروست نیەو شەریك بۆ خوا قەراردانە. کەچی ئێوە خیلافی ئەوەی وا ئێمە بۆی هاتووین کارتان کردووە . کەوابوو هیچ پەیوەندیو رابیتەیەك لەبەینی ئێمەو ئێوەدا نیە .

جا رەنگە هەندێ خەڵك وا بزانن ئەوەی وا قورئان لێرەدا بەیانی ئەکا و لەم ئایەتەدا ئەفەرموێ: نابێ هاوار بکرێتە غەیری خوا، ئەوانەی کە هاواریان لە غەیری خوا کردووە تووشی شەریك قەراردان بۆ خوا بوون، وابزانن مەبەست لەو ئایەتانە، (بتەکان) بووە کە موشریکەکان لەو سەردەمەدا هاواریان لێ کردوون .. بەلام ئەگەر ئینسان بە تۆزێ ئاگاییو ئینسافەوە سەیری قورئان بکا، هیچ دوودڵیو گومانیکی نامێنێ کە مەبەست تەنها ئەو بتانە نیە، زۆر زۆر رۆشن لە قورئاندا بەیان کراوە ئەوانەی وا هاواریان لێ کراوە بت نەبوون، تەنانەت ئەو

بتانەیش (یادبوود)و یادگاری و نەزەرگەو موجەسسەمەو شت بوون بۆ ئەو بەندە صالحە پێشـووانەی کـە ئـەوان هاواریـان لێ کـردوون. بـۆ نمونە : ئەو بتانەی موشریکەکانی قورەیش دروستیان کردبوون بـەناوی (لات و، مەنات و، عوززا)و غەیری ئەوانە، ئەو بتانـەیان بـۆ ئـەوە بـۆ خۆیان قەرار دابوو کە ئەیان وت : مەلائیکە رۆڵەی خوان . بە مەعنای ئەوە کە لای خوا نازیان ئەڕواو ئەتوانن تکایەك بـۆ ئێمـە بکـەن . جـا ئێمە دەستمان بە خۆیان ناگات، با موجەسـسەمەو یادگاریو نەزەرگـەو شتیان بۆ دابنێین، ئێمە ئەوانە ماچ ئەکەین، بەدەوریانا ئەگەڕێین، نـەزرو شـتی وا ئەبەینــە ســەریان، مەلائیکــەکانیش دڵیــان خــۆش ئــەبێو، خۆشەویستی ئێمە ئەکەوێتـە دڵیانـەوەو لای خـوا بۆمـان ئەپاڕێنـەوە!! شەریك بۆ خوا قەراردانیان بەو جۆرە بوو، نە ئەوەی کەوا بـزانن ئـەو بتانە خۆیان شـتێ ئەکـەن . کاتـێ نـاوی ئـەو بتـەیان نـابوو (عـوززا) مەبەستیان ئەوە بووکە (معاذ الله) خواکچێکی هەیـە، کـە یـەکێك لـە مەلائیکەکانەو ناوی عوززایـە، وەك خـۆی نـاوی (أعـز)ە! عەقیـدەیان وابووکە خۆی ئیسمی (أعـز)ی هەیـە (ئەمـە دروستیشـەو مەعناکـەی وایە)، بەڵام ئەیان وت : کچێکیشی هەیە ناوی عوززایـە . وەك چـۆن ئەوترێ بە پیاو (أكبر)و بە ژن (كبرى)، یـا (أصـغر)و (صـغرى)، نـاوا خوایش (أعز)ەو یەکێك لەو فریشتانەش کچیەتی و ناوی(عوززا)یە .

بەلاّم لە رۆژی قیامەتا ئەو بەندە صالّحانە (ئـەو فریشـتانە) بێـزاری خۆیان دەردەبڕنو، خۆیـان بێبـەری ئەکـەن لـەو گوناهـە گەورەیـەی ئەوان تووشی بوون .

ئەفەرموێ :

﴿ وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ وَمايَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللهِ فَيَقُولُ: أأنـتُمْ أضْـلَلْتُم عِبادي هؤلاءِ أمْ هُمْ ضَلُّوا السَّبيلَ؟ قالوا سُبْحانَكَ ماكانَ يَنْبَغي لنـا أنْ نَتَّخِذَ مِنْ دونِكَ مِنْ أولياءَ ﴾.

لێرەدا دیارە کە ئەو قسانە قسەی (بت)نین، بگرە قسـەی ئەوانـەش نین کە ناصالّحن، بەلاّم خەلّك بە پیاوچاكو صالّحیان زانیون. بـەلّکو ئەوە قسەی مەلائیکەیە، قسـەی پێغەمبـەرانی خوایـە، قسـەی ئەولیایـە (علیهم الصلاة والبركات).

با لێرەدا یەکێك لە فـەرموودەکانی ئیمـام عەبـدولقادری گـەیلانی (رحمه الله) ـ کە زۆر ستەمی لێکـراوە و نەناسـراوە ـ بگێڕینـەوە، کـە چۆن لەبارەی یەکتاپەرستییەوە قسە ئەکات :

لە وتارێکیدا کە لە حزووری زۆرێك لە خەلّکا لە بەغدا داویـەتی، ئەفەرموێ: (ئێوە پشتـو پەناتان بە دینارو درهـەمتانو بەدەسـەلاّتداران بەستووە، ئێوە مالّو سەروەتتان کردووە بە پشـتیوانی خۆتـان، مـەقامو شوهرەتتان کردووە بە یاریدەدەری خۆتـان، ئەموونـەوتان کـردووە بـە پشتگیری خۆتان). جا دوایی ئەفەرموێ : (كُلُّ مَـنْ إعْتَمَـدْتَ فَهُـوَ

إلآهُكَ)، هەركەس غەیری خوا پشتی پێ ببەستی و تەوەككولی لەسەر بكەی، بە پشتیوانی خۆتی بزانی، ئەوە كردووتە بە ئیلاهی خۆت . ئەوە كردووتە بە فەرمانڕەواو فریادڕەس و بەخاوەنی خۆت . ئەوە تووشی شەریك قەرار‌دان بۆ خوا بوویت . جا روویان تێئەكاو ئەفەرموێ: (یا مشركین‌بماب‌ەسلأ‌ب )، ئەی ئەوانەی وا سەببەكانتان كردووە بە شەریكی خوا! ئاخر بەندەی خوا سەببە بۆ كردەوەی خوا. خوا ئەیەوێ شتێ بكا بەندەیەكی‌كردوتە سەببی ئەوە . دەی ئێوە هەستاون ئەو سەببانەتان كردوون بە شەریكی خواو بە هاوتای ئەو..).

ئەو پێشەوایە هەمیشە خەریكی ئەوانە بوو، باسی ئەكرد بۆ خەڵك كە هەر خوا فەرمانڕەواو فریادڕەسە . هەروەها زۆرێكی‌تر لە پیاو ساڵحەكان كە ئێستا بە جۆرێكی‌تر ناسراون، وەك ئیمامی رەببانی (ـحمـه الله) كە ئەویش بانگخوازێك بوو بۆ لای رێگەی خوا، (داعیە)یەك بوو بۆ یەكتاپەرستی . بەڵام لە دوایدا بە جۆرێكی‌تر ناوی براوەو خەڵك وا ئەزانن شتێكی‌تر بووە .

لێرەدا ئەیڵێینەوە كە ئەوە مەعنای ئەوە نیە ئەم خەڵكەی وا ئێستا هاوار ئەكەنە غەیری خوا، ئەوە بە موشریك ناو ئەبرێن؟! نەخێر! ئێمە بە موسوڵمانان ناڵێین موشریك، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا دەڵێین كردەوەكە خۆی شیركە، بەڵام موسوڵمانان مەعزوورن، داوایان لێ ئەكەین ئەگەر

ئەیانەوێ خۆشبەختیی دونیاو ئاخیرەتیان دەس کەوێ، بێ‌ئەوەی هەل وفرسەت لەدەست بدەن، بگەڕێنەوە و دەست بکێشن لەو کارە، رووبکەنە بەرنامەی خوا، رووبکەنە قورئان‌و سونەتی پێغەمبەری خوا (علیه الصلاة والبركات).

شتێکی‌تریش لێرەدا باشە کە بوترێ ئەویش ئەوەیە : جارجار هەندێ لە موسوڵمانان لە کاتێکدا کە دوعا ئەکەن‌و هاوار ئەکەن، ئەڵێن : خوایە! لەبەرخاتری فلان شەخس، لەبەرخاتری فلان کەس لە پێغەمبەران یا لە ئەولیاو دۆستانت، ئەو شتەمان بۆ بکە . ئەمە شتێکە کە زانایان تیایدا ئیختیلافیان بووە، هەمویان ئەیان وتووە کە گوناهە؟! هەندێ وتوویانە گرفت نیە .. ئەمە شەریك قەراردان بۆ خوا نیە، وەك ئەوەی پێشوو نیە، وەك هاوارکردنە غەیری خوا نیە، بەلام لەگەڵ ئەوەدا شتێکە دوورە لە ئەدەبی دینی، ئەگەر ئینسانێ بیەوێ بە ئەدەبەوە دوعاو هاواری باتە لای خوا، حەق نیە ناوا شتێ بڵێ . چونکە نە لە قورئاندا شتی ناوا هەیە، نە لە حەدیسە صەحیحەکانا هەیە، نە لە بەرنامەی پیاوساڵحەکاندا شتی ناوا بووە.. لە قورئاندا بەیان کراوە کە ئینسان لە دوعا کردنیا هەر (یارب ، یارب!)و شتانی تری لەو بابەتانە بڵێ، ناوەکانی خوا بڵێ: (یارحیم ، یارحمان ، یا رزاق ، یاغفور ، یاودود ) یا شتانی تری لەم جۆرە . حەق نیە غەیری ئەوە شتێکی تر بڵێ .. ئینسان ئەبێ ئەوە بزانێ ئەو کەسەی وا پیاوی

صالحە، تەنها لە کاتێکا کەسێکی تر لە صەلاحەت و پیاو چاکییەکەی ئەو ئیستیفادە ئەکا کە شوێنی بکەوێت .. ئەگەر پێغەمبەری خوا بە باشترین بەندەی خوا ئەناسیو ئەزانی کە ئەو نزیکترین بەندەی خوا بووە، ئەبێ بزانی کە باشتربوونیو نزیك بوونی بۆ خۆیەتی، تەنها لەکاتێکا بۆ ئەم مەنفەعەتی هەیە کە ئەمیش شوێنی کەوێ، ئیمانی پێ بێنی، پەیڕەوی بێت . لەو کاتەدا سوودی دەس ئەکەوێ، ئەگەر نا خۆی باش نەبێ، هەزار ساڵ عومر بکاو هاوار بکاتە لای خوا کە لەبەرخاتری پێغەمبەر رەحمی پێبکا، رەحمی پێناکا . خوا بڕیاری ئاوای نەداوە .. بەڵام ئەگەر خۆی ئینسانی باش بوو، رێگای ئیمانو عەمەلی صالحی گرت، ئەوە هەم خوا رەحمی پێئەکا، هەم ئیجازە ئەدا بە پێغەمبەرو بە تێکڕای پێغەمبەرانو بەندە صالحەکانی، کە دوعای خێری بۆ بکەن ..

ئالەو کاتەدا خێروبەرەکەتو خۆشبەختی دەس ئەکەوێ . هەروەها ئەگەر ئینسان بەندەی صالحو پیاوی چاك بوو، لە دونیادا موسڵمانانی تر و بەندە صالحەکانی تر دوعای خێری بۆ ئەکەن . چونکە شتێکی باشە کە موسوڵمان بۆ موسوڵمان دوعای خێر بکا.. هەروەها لە قیامەتیشا خوا مۆڵەت ئەدا کە بەندە صالحەکان بۆ یەکتر دوعای خێر بکەن . تکا بۆ یەکتر بکەن . دوای ئەوە ڕوونی ئەکاتەوە هەرکەس

موستەحەقی چیە؟ هەر کەس جەزاو پاداشتی چۆنە؟ بەو جۆرە ئەوەی وا پێی ئەوترێ شەفاعەت لە قیامەتا، روونەدا..

## پوختەیەك دەربارەی شەفاعەت

لە پێشا ئەوە بڵێین کە شەفاعەت بە مەعنای ئەوەیە کەسێك یا شتێك ببێ بە پشتیوانو لایەنگری کەسێکیتر. ئینسانێ خۆی تەنها شتێکی پێ ناکرێو لاوازو بێدەسەلاتە، کەسێکیتر خۆی ئەداتە پاڵیو بەهێزی ئەکاو کۆمەکی ئەکاو ئەبێتە پشتیوانی، لەوحالەتە دا ئەوترێ: ئەو کەسەی تر بووە بە شەفیعی ئەم. ئەوە پێی ئەڵێن شەفاعەت..

ئەگەر کەسێ لەگەڵ کەسێکیتردا دوژمنایەتی بوو و خۆی بەتەنها چاری نەئەکرد و نەیئەتوانی خۆی لەدەست ئەزیەت و ئازاری رزگار بکا، کەسێکیتر هاتو خۆی دا یە پاڵیو کۆمەکی کرد، جا بەهۆی کۆمەککردنی ئەوەوە چاری دوژمنەکەی کرد و، توانی خۆی لەدەستی رزگاربکا.. ئەوە ئەوترێ: ئەوپشتیوانە، ئەوشەخسە سێیەمە، بووە بە شەفیعو شەفاعەتی ئەوی کردووەو تەنیدیکردووە.. جا ئەم شەفاعەتە هەم لە دونیادا هەیە، هەم لە قیامەتا، بەم جۆرەی کە ئێستا باسی ئەکەین:

ئەگەر ئینسانێك خۆراك نەخوا، دوای بەینێ ئەفەوتێ. ئەوە بەرنامەو قانونێکە خوا دایناوە.. دەی ئینسانێ بریار بدا خۆراك نەخوا،

بەینێکی پێ چوو مردن بەپێی فەرمانی خوا هێرشی بۆ ئەهێنێو لەبەینی ئەبا و، ڕووبەڕوو ئەبێ لەگەڵ ئەم بەڵاو موصیبەتە کە مردنە، جا بۆ ئەوەی ڕزگاری بێ، پەناو پشتیوانێکی ئەوێ،کەسێکی ئەوێ کە تەئیدی بکاو ڕزگاری بکا لەدەست مەرگ .. ئەمە چیە؟ ئەمە قانونێکی ترە کە خوا دایناوە، ئەویش ئەوەیە کە بڕوا خۆراك بخواو تەوەککول بکا لەسەر خواو داوای لێ بکا کە خوا تەئسیر لە خۆراکەکەدا دابنێ ..

ئەگەر چوو پەنای بردە بەرئەو قانونەی (خواردن)و، داوای تەئسیرکردن ، ئەوە ئەم قانونە خۆی ئەداتە پاڵیو شەفاعەتی ئەکا و ناهێڵێ قانونی مردنەکە لە بەینی بپا ..

یا ئەگەر کەسێ توشی گوناھ بوو، بەڕێی ناموسوڵمانیوئەنجامی کردەوەی ناپەسەندا چوو، ئەوە ئەکەوێتە بەر غەزەبی خواو خوالێی تورە ئەبێ و، موستەحەقی ئەوە ئەبێ کە خوا ئەشکەنجەی بدا، دەی بۆ ئەوەی لەوە ڕزگاری بێ، ڕێچارەی ئەوەیە پەنا بباتە بەر قانونێکیتری خوا، ئەویش ئەوەیە (تەوبە) بکا، بگەڕێتەوە، کردەوەی چاكو بیروبڕوای موسوڵمانانەی بێ .. لەکاتێکا ئەگەڕێتەوەو ئەکەوێتە سەر ڕێی ئیمانوعەمەلی صالح، قانونێکی تری خوا پشتیوانی ئەکاو لە عەزابی خوا ڕزگاری ئەکا، ئەویش قانونی ئەوەیە کە هەرکەس تەوبەی

کردوگەڕایەوە، ئەوە لە گوناهەکانی ئەبوریت، رەحمی پێ‌کا، بەزەیی دێتەوە پایدا..

کەوابوونەم قانونە ئەبێ بە شەفیعی، واتە شەفاعەتی بۆ ئەکا کە لەدەست قانونەکەی تر رزگاری بێ. قانونێکیان ئەیەوێ عەزابی بدا، بەڵام کە گەڕایەوەو تەوبەی کردو ئیمان و عەمەلی صالحی کرد بەکارو پیشەی خۆی، قانونەکەی تر کە لێبوردن‌و رەحمەت‌و بەزەیی‌یە، ئەبێ بە پشتیوانی‌و رزگاری ئەکا.. هەروەها لەهەر شتێکا، لەهەر کارو رووداوێکا، لەهەر وەزعیەتێکا دوو قانوون هەن لای خوای (متعال)، یەکێکیان هجوم ئەکاتە سەر ئینسان، وەك قانونی نەخۆشی لەکاتێکا کە تەندروستی‌و پاك‌و تەمیزی‌و ئەوانە ریعایەت نەکرێ، وەك قانونی تووشی سەرمابوون‌و لەبەین چوون لەسەرمادا لەکاتێکا کە سەبەبی خۆپاراستن لەسەرما بەکارنەهێنی‌و غەیری ئەوانە. لەهەر شتێکا دوو قانوون هەن یەکێکیان بەرەو ئەوە ئەڕوا ئینسان لەبەین ببا، ئەوی تریان ئەبێتە پشتیوان‌و پەنای ئینسان‌و ئەجاتی ئەدا.. ئینسان بۆ ئەوەی لە تیاچوون لە دونیاو لە قیامەتا رزگاری بێ، ئەبێ پەنا بباتە بەر ئەو قانونانەی خوا دایناون بۆ نەجاتی ئینسان‌و، ئەوانە بکا بە شەفیع‌و پشتیوانی خۆی.

ئاوا رۆشن ئەبێتەوە کە شەفاعەت هی ئەو قانونانەیە کە خوا دایناون، خۆی ئەفەرموێ :

﴿ لله الشَّفاعَةُ جَمِيعـا ﴾ : شـەفاعەت هـەمووی هـەر هـی خـوا خۆیەتی، خۆی بڕیاری داوه کە شتێك ببێتە پەناو پشتیوانی شتێکی‌تر. جا لە کاتێکا ئینسان لەڕێی نافەرمانی گەڕایەوەو تەوبـەی کـردو ڕێـی ئیمانو عەمەلی سالحی گرت، خوا ڕەحمی پێ ئـەکاو لێـی ئـەبورێ. لەو کاتەدا جێی خۆیەتی موسڵمانانی تریش دوعای خێری بۆ بکەن .. عـەرزی خـوا بکـەن : (خوایـە ئـەم شەخسـە لـە ڕێگـای گـومڕایی گەڕاوەتەوەو موستەحەقی ئەوەیە تۆ ڕەحمی پێبکەیتو بەزەییت پێـەوە بێتەوە پایداو لێی ببوریت، جا ئێمەش داوای ئەوە ئەکەین کە لێی ببوریـت)، ئەوە هەم لە دونیادا بەجێیە کە بکرێ، هەم لە قیامەتیشا خوای گـەورە ئیجازە ئەدا کە بەندە صالحەکانی، بۆ یەکتر ناوا دوعایەك بکەن ..

شەفاعەت بەم مانایە شتێکە قورئان بەیانی کردووە، لە زۆرێـك لـە حەدیسـەکانیشدا هەیە، کەسێك کە شایستەیی‌و لیاقەتی ئەوەی بێ خوا لێی خۆش بێ‌و لە گوناهەکانی چاوپۆشی بکـا، ئـەوە خـوا هـەم لـە دونیا، هەم لە قیامەتیشدا، ئیجازە ئەدا بە بەندە سالحەکانی دوعای بۆ بکەن، بە تایبەت ئیجازە ئەدا بە پێغەمبەران، بەتایبـەتی تـر بـە (محمـدی کوڕی عبداللە) خاتم النبیین ـ علیـە وعلـیهم صـلوات اللە وبرکاتـە ـ دوعای خێری بۆ بکەن، شەفاعەت بکەن بۆ بەنـدە صـالحەکانی، بـەو مانایە کە هەرکـەس موسـتەحەقی چیـە؟ لایـەق‌و سـزاواری چ جـۆرە جەزاو پاداشـتێکە؟ دوای ئـەوە کـە خـوا خـۆی بڕیـاری ئـەوە ئـەدا،

ئەوانیش دوعا بکەنو دڵسۆزیی خۆیانو دۆستایەتی خۆیان بۆ ئەو شەخسە دەربڕن .

جا بۆ ئەوەی کە باشتر ڕۆشن ببێتەوە پێویستە بڵێین:

جۆرێکیتر شەفاعەت هەیە کە قورئان فەرمویەتی : نیە، ئەگەر کەسێ بڕوای پێ بوو ئەوە شەریکی بۆ خوا قەرار داوە . لە قورئاندا ئایەتی زۆر باسی ئەوە ئەکەن ئەگەر کەسێ بڕوای بەو جۆرە شەفاعەتە بێ (ئەمەیان کە ئێستە بەیانی ئەکەین) ئەوە شەریکی بۆ خوا قەرارداوەو لە ڕەحمەتی خوا بێبەش ئەبێ .

لە دونیادا باوە کاتێ کەسانێك تووشی نافەرمانی حکومەتەکان ئەبن، لە قانونو بەرنامەی حکومەتەکان لائەدەنوسەرپێچی ئەکەن. کاتێ کە ئەکێشرێنە دادگا، بۆ ئەوەی تووشی سزا نەبن، بۆ ئەوەی خۆیان ڕزگار کەن، هەوڵ ئەدەن پارتییەك، یا وەکیل مودافیعێك. (محامی)یەك دەستخەنو، بە کۆمەکی ئەو خۆیان ڕزگار بکەن .

کەسێ تاوانبارو موجریمە، بەڵام بۆ ئەوەی ڕزگاری بێ، مەحامییەك پەیدا ئەکات بۆ خۆی کە بڕوا قازییەکە بخەڵەتێنێو بە بێتاوان دەری بکاو ڕزگاری بێ. یا ئەگەر قازییەکە ئەیزانی تاوانبارە، ئەچێ پارتییەك دەست ئەخاو هەوڵ ئەدا بە پوڵو پارە ڕزگاری کا لە سزاو موجازات. یا زۆرجار وا ئەبێ کە کەسێ بێگوناهـە، بەڵام قازییەکە نازانێو لەبەرئەوەی کە جاهیلە بە تاوانبارو موجریم دەری

نەکاوحوکمی زیندانی بۆ دەر ئەکا، جا ناچارە ئەو شەخسە بڕوا مەحامیو وەکیل دەست خات بۆ خۆی تا بۆ ئەو قازییە ڕۆشن کاتەوە کە ئەمە موجریم نیە .. یا قازییەکە ئەزانێ ئەم شەخسە موجریم نیە، بەڵام هەوەسو ئارەزوی وا حوکم ئەکا کە بە موجریم دەریکاو توشی سزاو موجازاتی بێنێ .. ئاڵەو کاتەدا ئەمیش پارتییەك دەس ئەخا کە بڕوا تکای بۆ بکا، ئەهێڵێ قازییەکە ئاوا حوکمێکی بۆ دەرکا.. ئەمە باوی دونیایەو لە دادگا دنیایییەکانداو لە حکومەتە جاهیلیەکانا ئاوا شتانێك هەن ..

جا لەبەر ئەوەی خەڵکی وائەزانن دادگای خواش شتی ئاوای تیادایە، قورئان لە زۆرێك لە ئایەتەکاندا باسیکردووە کە لە دادگای خوادا نە مەحامیو وەکیل مودافیع هەیە، نە پارتیو واسیتە . چونکە هیچ شتێك لە خوای گەورە پۆشراو نیە، وانیە تاوانبار بەبێ تاوان بزانێ، یا بەپێچەوانەوە . یا گوناهکار بەبێگوناهو بێ گوناه بە گوناهکار بزانێ . هەروەها ئەو تابیع و شوێنکەوتەی هەواو هەوەسیش نیە، ئەگەر زانی کەسێ گوناهکارە بەبێ گوناه دەری کا، یا زانی کەسێ بێگوناهە بە گوناهکار دەری کا.. هەرکەسیتریش لە مەلائیکە یا پێغەمبەران یا پیاوصاڵحەکان ئەگەر شتێ بزانێ ئەوە خوا پێی وتووەو بۆی بەیان کردووەو کەس لەخۆیەوە شتێ نازانێ..

کەوابوو ئەوێ جێگای ئەوە نیە کەسێ بڕوا (وەك لە دونیادا ئەکرێ) شتێ بۆ خوا ڕۆشن کاتەوە. یا ئەهێڵێ شتێ بکا ئەگونجاو بێ، خوا نە هیچێکی لێ شاراوەیە تا کەس بۆی روون بکاتەوە، نە ئەهلی هەواو هەوەسیشە تا (پەنا بە خوا) شتێکی نابەجێ بکا..

لەبەرئەوە ئەفەرموێ کە لە دادگای خوادا جێی پارتیبازیو وەکیل مودافیعیوئەو جۆرە شتانە نیە، هەرکەس بە کردەوەی خۆیەوە حازر ئەبێو خۆی بە تەنها ئەچێتە حزووری خوا، ئەوەتا ئەفەرموێ :

﴿ وَكُلُّهُمْ آتيه يَوْمَ القيامَة فَرْدا ﴾ : هەرکام لەوان ڕۆژی قیامەت خۆی بە تەنهایی دێتە حزووری خوا، بەو شتەوە خۆی ئەنجامی داوە، بە ئیمانو عەمەلی صالحی خۆیەوە، یا بە کوفروکردەوە خراپەکانیەوە، کەس لەگەڵ کەسیتردا نایەت، جا ئەفەرموێ : هیچ کەس لەسەر غەیری کردەوەی خۆیوغەیری ئەوەی خۆی هەوڵی بۆداوە، جەزاو پاداشتێکی دەست ناکەوێ . هەروەها هیچ کەسیش لەبەر گوناهکاریی کەسێکیتر موجازات ناکرێو سزای نادرێ، هەرکەس بە کردەوەی خۆیەوە حازر ئەبێ . ئەفەرموێ :

﴿ فاليَومَ لاتُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْئاً وَلاتُجْزون الاَ ماكُنْتُمْ تعْملون ﴾ : جا دوای ئەوە کە هەرکەس خۆی بەتەنها چووە دادگاو موحاکەمەکەی کراو دیاری کرا کە سەرەنجامی چیە؟ بەهەشتە، یان دۆزەخ؟ ئەگەر بەهەشتە لەکام پلەدایە، ئەگەر جەهەنەمە لەکام بەشیایەتی؟ دوای ئەوە

ئەوانـە دیـاری کـران، بەنـدە سـاڵحەکانی خـوا زانییـان هەرکـەس موستەحەقی چیە، ئـەو کاتـە خـوا ئیجـازە ئـەدا بـۆ هەرکـەس بـەپێی لیاقەتو شایستەیی خۆی دوعای خێر بکەن، خۆی ئەفـەرموێ : بـەبێ مۆڵەتو ئیجازەی ئەو کەس ناتوانێ قسە بکا، تەنانەت مەلائیکـەش - کە مەئموری خوان و خەڵکیی ئامادە ئەکەن بۆ دادگا - ناتوانن قسـە بکەن .. کەسیش ناتوانێ قسـەی نارێك بکا. ئەبێ قسەی رێك بکـرێ، قسەی رێکیش ئەوەیە کە بۆ کافر لەعنەت داوا بکرێ، بۆ بـڕواداریش پاداشتو جەزای باش داوا بکرێ، هـەرکام بـەپێی خـۆی .. کافرێـك لەعنەتی لێ ئەکرێ بە قەدەر ئـەوکوفرەی کـە هەیـەتی، بـڕوادارێکیش دوعـای خێـری بـۆ ئـەکرێ بـەپێی ئـەونیمانو عەمـەلی صـالحە کـە هەیەتی .. زیاتر لەوە نا ، کەمتر لەوەش نا ..

ئائەمە شەفاعەتێکە کە هەیەو خوا ئیجازەی ئـەدا، ئەوەکـەی تریـان ( ئەوە کە وتمان وەکیل مودافیعێك یا مەحامیەك بـێ، یـا پارتیەیـەك)، ئەوە شەفاعەتێکە کە قورئان نەفی کردووەو، هەرکەس عەقیـدەی پێـی بێ، شەریکی بۆ خوا قەرار داوەو گومڕا بـووەو لـە ڕێ دەرچـووە.. تەنها کەسێ ئەکەوێتـە بـەر شـەفاعەتی پێغەمبـەری خـواو بـاقی بەنـدە ساڵحەکان ،کە لەوە دووریی بگرێ، خۆی بڕیار ئـەدا کەسـێ ئەگاتـە فریای و دێ بە هانایەوە، خۆی خەریکی ئیمـانو عەمـەلی سـاڵح بـێ، خەریکی ئەدای مەسئولیـەت وئەرکی بەندەیی بێـت ، جا کـاتێ ئـەرکی

خۆی ئەدا کرد، ئەوەککول بکا لەسەر خواوئومێدی بێ خـوا رەحمـی پێ ئەکا، هەروەها بەندە ساڵحەکانی خوایش دوعای خێری بۆ ئەکـەن بێ ئەوەی خۆی لێیـان داوا بکـاو، بێئـەوەی خـۆی کەسـێ بکـا بـە تکاکاری خۆی .

بەڵام ئەگەر هەڵـەیکرد وگـومڕا بـوو، وای زانـی کەسـێ ئەبێتـە تکاکاری، بێ ئەوەیکردەوەیەکی چاکی بێ، بێ ئەوەی ئیمانوکـاری چاکی بێ، یا لە حاڵێکا ئیمـانو عەمـەلی سـاڵحی زۆرکەمـە کەسـێ ئەگاتە فریای، ئەوە گومڕا بووە، ئەوە تووشی هەڵە بووە .. مەشهوورە کە پێغەمبەری خوا بە فاتیمەی کچی فەرمووە : (ئەی فاتیمە ، خۆت لە بیری دوارۆژی خۆتا بـە . نـەڵێی مـن کچـی پێغەمبـەرمو، ئەگـەریش کردەوەی باشم نەبێ ئەو ئەگاتە فریامو شتێکم بۆ ئـەکا، ئـەوە بزانـەو دڵنیابە کە ئەگەر خۆت شتێك بۆ خۆت ئەکەی من ناتوانم هیچـت بـۆ بکەم). خوای گەورە ئەفەرموێ:

﴿ فَإِذا نُفِخَ فِي الصّورِ فَلا أَنْـسابَ بَيْنَهُمْ يَوْمَئذٍ ولايَتَـســاءلون ﴾.. کاتێك کە فووکرا بە شەیپورداو، فەرمان درا بە زیندووبونەوەو حـازر بوونی خەڵك بۆ دادگای خوا، ئیتر لـەو رۆژەدا نەسـەبەکان نـین لـە بەیناو نین لە ئارادا، هیچ کام لە نەسەب و بنەماڵـە -کـە لـە دونیـادا بوون- نین . کـەس لەکـەس ناپرسـێتەوە، کـەس لەکـەس شـت داوا ناکا .. یانی لەو رۆژەدا هەرکەس خـۆی تەنهایـە، نـاوتری : فاتیمـەی

کچی محمد .. ناوتریَ فلاَنە کەس کوڕی فلاَن بەندەی صالَحی خوا..
هەرکەس خۆی تەنهایە، بە ئیمانو عەمەلی سالَحی خۆیەوە حازر نەبێت، بەپێی ئیمانو عەمەلی صالَحی خۆی موحاکەمەو موحاسەبەی نەکری، خۆی موستەحەقی چیە، ئەوەی پیَ‌نەدریَ .. جا کاتێك جەزاو پاداشتی دیاری کرا، ئیجازە نەدریَ بە بەندە صالَحەکانی خوا کە دوعای خێری بۆ بکەن .

## چۆنیەتی دوعاکردنو لە خوا پاڕانەوە

ئەوەش ئەبیَ بزانین کە ئینسانی موسولَمان لە دوعای خێردا نابێ زیاتر لەوە کە خوا بڕیاری داوە داوا بکا.. بۆ نموونە : ئەگەر ئینسان ئەوەندە ئیمانوعەمەلی سالَحی بووکە لە پلەیەك لە پلەکانی بەهەشتا بووکەوا لە خوارەوە، لەبەرئەوە ئیمانو عەمەلی صالَحی کەمە، حەقی نیە داوای ئەوە بکا کە بڕواتە پلە بەرزەکان .. هەروەها لە دونیادا ئەگەر کەسێ خۆراکی نەخوارد جایز نیە داوا بکا لە خوا، کە تێری بکات . چونکە ئەگەر خۆراك نەخواو داوا بکا لە خوا تێری بکا، مانای ئەوەیە داوا ئەکا لە خوا،کە بەرنامەی خۆی تێك بدا. خوا قەراری داوە هیچ کەس تێر نەبێ مەگەر بە خواردنی خۆراك، دەی ئەگەر ئەو داوا بکا لە خوا کە بەبیَ ئەوەی خۆراکی خواردبیَ تێری

بکا، مەعنای ئەوەیە داوا ئەکا لەخوا ئەزمەو بەرنامەیەك کە ڕێکی خستووە تێکی بدات ..

هەروەها ئەگەر ئینسان ئیمانو عەمەلی سالحی نەبوو، داوای کرد لە خوا ڕەحمی پێبکا، یا کەسیتربۆی داوا کرد، ئەوە داوای کردووە خوا بەرنامەی خۆی تێك بدات . یا کەسێ شایانی شتێکی زۆرنیە ئەگەر داوا بکرێ کە ئەو شتە زۆرەی پێ بدرێ، ئەوە ناشەرعیەو نادروستە، هەرکەس تەنها ئەوەندە دروستە دوعای بۆ بکرێ کە خۆی حەقیەتی و خۆی شایانیەتی، چونکە خوا خۆی دیاری کردووە هەرکەس موستەحەقی چیەو چی و چەندەی دەست ئەکەوێ؟

بۆیە جائیزە موسوڵمانانیش بە پێی ئەوە بۆیەکتر دوعای خێر بکەن، بپاڕێنەوەو شەفاعەت بکەن بۆ یەکتر.. دیارە لەسەرووی هەموشیانەوە پێغەمبەری خوایە (علیه الصلاة تسا- کیراو)کە عەلاقەی بە هەموو بڕواداڕانەوە هەیە، لەگەڵ تێکڕای پێغەمبەران،کە دوعای خێریان بۆ ئەکەن، لە خوا ئەپاڕێنەوە کە بیانگەیەنێت بەوەی وا هەوڵیان بۆ داوەو سەبەبەکەیان بۆ بەکارهێناوە..

ئاخر ئەبێ ئەوە بزانین کە وەنەبێ ئەگەر ئینسان ئیمانوعەمەلی سالحی بوو، ئیز حەقەن ئەبێ دڵی تەخت بێو خوای لەبیر بچێتەوەو وابزانێ تەنها ئیمانو عەمەلە صالحەکە ئەیگەیەنێ بە خۆشبەختی . نا، نەخێر، هەروەك چۆن کەسێك خۆراك ئەخوا بەڵام دوای ئەوە

تەوەککول نەکا لەسەر خوا، بۆ ئەوەی کە تێربێ‌و، ئەزانێ خۆراك بەتەنیا تێری ناکا، هەروایش ئیمانو عەمەلی صالح سەبەبێکە ئینسان بەکاری ئەهێنێ، جا دوای ئەوە ئەبێ ئومێدی بەخوا بێت کە ئەسەر دائەنێت لەو ئیمانو عەمەلی سالحەدا. ئەمێ هیوای بێ کە رەحمی پێ‌ئەکا، لە گوناهی خۆش ئەبێ، جەزای باشی ئەداتەوە .. ئیمانو عەمەلی سالح سەبەبێکە، ئینسان کە ئیمانو عەمەلی سالحی بوو، جا دوای ئەوە ئەبێ تەوەککول بکا لەسەر خوا، داوا بکا : خوایە ئەوە من ئیمانو عەمەلی سالحم هەیە، جا تۆش تەئسیری تێدا دابنێ تا بگەم بە خۆشبەختی‌و، لە بەدبەختی رزگار ببم .. هەروەها بەندە سالحەکانی تریش ئەو دوعایەی بۆ ئەکەن : خوایە ئەم شەخسە ئیمانو عەمەلی سالحی هەیە، جا تۆش رەحمی پێ بکە .. ئاوا دوعای خێرئەکرێ‌و شەفاعەت ئەکرێ ..

ئەوەش بزانین کە لە قورئاندا زۆرێك دوعا هەن کە خوای گەورە بەیانی کردوون تا بڕوادارەکان ئەو دوعایانە بکەن، هەمووشیان بەو جۆرەن کە وتمان، هەمویان باسی ئەوە ئەکەن ئەمێ سەبەبەکە رێککەوتبێ‌و بەکارهێنرابێ، جا دوای ئەوە ئینسان حەقی هەیە دوعا بکا ، بلێ : خوایە، وامن ئەم سەبەبەم بۆ بەکارهێناوە، ئەوەم بۆ بکە یا دوعا بکا بۆ کەسێکی‌تر.

بۆئەوەش کە وتمان ئیمانو عەمەلی سالح تەنها سەبەبێکە، ئەبێ دوای ئەوە ئینسان تەوەککولی لەسەر خوابێ‌وئومێدی بەو بێت ، خوا ئەفەرموێ :

﴿ إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَاجَرُوا وَجَاهَدُوا فِي سَبِيلِ اللهِ أُولَئِكَ يَرْجُونَ رَحْمَةَ اللهِ ﴾ واتە : ئەوانەی ئیمانیان هێنا، ئەوانەش لەبەرخاتری خوا هەموو شتێکی خۆیانیان بەجێ‌هێشتو کۆچیان کردو، لەرێی خوادا بە هەموو هێزو توانایانەوە هەوڵیاندا، ئەوانە ئومێدیان هەیە بە رەحمەتی خوا. بەڵێ پاش ئەوە ئومێدیان هەیە بە رەحمەتی خوا، چونکە ئەو ئیمان و هیجرەتە، ئەوتێکۆشانە لەبەر خوا، خۆی سەبەبە (هەروەك خۆراکەکە وایە)، ئەمیش خۆی بەتەنها ئینسان ناگەیەنێت بە خۆشبەختی .. ئینسان ئەگەر پڕ بەم زەوی‌یە کردەوەی چاکی هەبێ، ئەبێ هەر ئومێدی بە خوا بێ، وا ئەزانێ کردەوە چاکەکەی – بە تەنها – ئەیباتە بەهەشت .

لە ریوایەتێکا هەیەکە پێغەمبەری خوا (علیەفلاصلا وتماکبرلا ) ئەفەرموێ: هیچ کەس تەنها بەکردەوەی چاکی خۆی ناچێتە بەهەشت . لەو کاتەدا یارانی عەرزی ئەکەن: (تەنانەت تۆیش؟!) ئەفەرموێ: (بەڵێ، تەنانەت منیش، مەگەر خوا رەحمم پێ‌بکاو بم خاتە بەر رەحمەتی خۆی). بەڵێ کردەوە سەبەبێکەو ئەگەر خوا نەیەوێ ئینسان خۆشبەخت بێ، کردەوە بە تەنها خۆشبەختی ناکا..

بە کورتی ئەوەی باسمان کرد ئەوە بوو کە : ئەبێ ئینسان ئیمانی بێ هەرخوا دروستکەری ئاسمانەکانو زەویو هەرچی‌یەك لـە بەینیاندایـە، هەرخوایـە ئـەتوانێ هـەر شـتێ بکـا، مەخلوقـەکان هـەموو سـەبەبن، هەرخۆیەتی شتیان پێ‌ئـەکا. هەرخوایـە خاوەنـەو هـەموو ئیمکانـاتو نیعمەتەکان رێك ئەخاو کۆسپو موشکیلەکان لەسـەر رێ لائـەبات . هەرخوایـە کـە (إلـه) واتـە فـەرمانڕەواو فەریادڕەسـە، غـەیری ئـەو فەرمانڕەواو فەریادڕەسی تر نیە . بەوجۆرە مەعنای ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّــاكَ نَسْتَعِين﴾ روّشن ئەبێتەوە، کە تیایدا ئینسـان پـەیمان ئەبەسـتێ لەگـەڵ خوای خۆی کە بەندەیی بۆ ئەو بکـا، هـەر داوای کۆمـەك لـەو بکـا، موخلیسـانە دوای ئـەوەی ئـەرکی خـۆی بـەجێ هێنـا، تـەوەککول لەسەرئەوئەکاو لێی ئەپاڕێتەوە کە کۆمەکی بکات بۆ ئەوەی وائەیـەوێ ئەنجامی بدا، تا بتوانێ ئـەنجامی بـدا. هـەروەها مانـای (لاالـهَ الاّ الله) رۆشن ئەبێتەوە کە یەعنی: هیچ فەرمانڕەواو فەریادڕەسـێك بێجگـە لـە (الله) نیە . .

ئائەمە وشەیەکە پێش لە هەموو وشەیەك بۆ ئینسانێك بیەوێ رێگای بەندەیی خوا بگرێ، ئەبێ مانای رۆشن بێ، بەبێ رۆشن بـوونی مانـای ئەمە، بەبێ تەسلیم بوون بە مانای ئەو وشەیە، ئینسان بەنـدەیی خـوای پێ‌ناکرێ .. زۆر بە داخەوە ئـەو کەلیمـە گەورەیـە ماناکـەی غـەریب بووەو داپۆشراوە لە زۆرێك لە موسوڵمانەکان .

# بەشی چوارەم

## پوختەیەك دەربارەی حیکمەتەکانی نوێژو ڕۆژو و زەکات

- پوختەیەك دەربارەی حەقیقەتی نوێژو حیکمەتەکانی
- مانای حەقیقی (اللّٰه أکبر)
- کورتەیەك لە مانای سورەتی (فاتیحە)
- مانای سورەتی (إخلاص)
- هەندێ لە حیکمەتی جوڵەو زیکرەکانی نوێژ
- کورتەیەك لە مانای (التحیات)
- حیکمەتی چەندبارەبونەوەی نوێژەکان لە شەوو ڕۆژدا
- حیکمەتی نوێژی ویتر لە شەودا
- پوختەیەك لە باسی زەکات
- پوختەیەك دەربارەی ڕۆژوو

## پوختەیەك دەربارەی حەقیقەتی نوێژ و حیكمەتەكانی

ئێستا جێی ئەوەیە باسی ئەوە بكەین كە گەورەترین كردەوەیەك ئینسانی موسوڵمان ئەبێ ئەنجامی بدا (نوێژە). لە پێشا وتمان كە عیبادەت‌و بەندەیی مانای ئەوەیە ئینسان لە ژیانیدا بۆ ئەوەی بەرەو پێگەیشتن بڕوا، بۆ ئەوەی ئیسلاحی خۆی بكا، ئەبێ بەپێی فەرمانی خوا لە نیعمەت‌و ئیمكاناتێ بۆی ئامادە كردووە ئیستیفادە بكا..

وتیشمان ئینسان كاتێ كە خۆی ناسی‌و زانی مەخلوقێكە ئامادەیی هەیە بۆ ئەوەی ئیسلاح ببێ‌و بچێ بەرەو تەواوبوون . هەروەها زانیشی كە ئاسمانەكان‌و زەوی‌وئەوەی تیایاندایە هەمووی نیعمەت‌و ئیمكاناتن، لەبەردەستیا دانراون، بۆ ئەوەی كەڵكیان لێ وەرگرێ بۆ ئەو كارە، واتە : خوا ئەناسێ بەوە كە (رحمن و رحـــيم)ە، میهرەبانە، هەمیشەش رەحم ئەكا بە بەندەكانی خۆی، ئەوەی كە پێویستیانە بۆیان ئامادە ئەكا، ئەوەی كۆسپ‌وگرفتیشە لەسەر ڕێیان لای ئەبا.. دیارە بێ‌هودە ئەم كارە ناكا، ئەوە كە ئینسانی دروست كردووە، بۆ ئەوەی بەرەو كەماڵ بڕوا، ئەو ئیمكاناتەشی لەبەردەستیا قەرارداوە، تەنها هەر ئەوە نیە، حەتمەن ڕۆژێكیشی داناوە بۆ ئەوەی لە ئینسان پرسیار بكا : كەچی كردووەو چی نەكردووە؟

كەوابوو خوای گەورە خاوەنی دوارۆژیشە، خاوەنی ڕۆژێكە ئینسان جەزای كردەوەی خۆی وەرئەگرێتەوە . كاتێك خوا ئاوا ناسرا كە

(رحمن) و(رحيم) و(مالك يوم الدين)ە، ئیتر دەروونی ئینسان ـ ئەو ئینسانەی ئاوا ئەیناسێ ـ پڕ ئەبێ لە (ئومێد)و لە (ترس) بەرامبەر خوای گەورە . ئەوەش هەلێ ئەنێ بۆ ئەوەی پەیمانی بەندەیی لەگەڵ خوا ببەستێ، بۆیە ئیتر ڕوودەکاتە خوای خۆی و دەڵێ: ﴿ إِيَّاكَ نَعْبُد ﴾ ..
دیارە لەبەرئەوەی کە ناتوانێ یەك هەنگاو بەبێ کۆمەکی ئەو هەڵگرێ، داوای کۆمەکیشی لێ ئەکا، پەنای پێئەباو هاواری لێ ئەکا، کە بێت بە هاواریەوەو کۆمەکی بکا، بۆ ئەوەی بتوانێ عیبادەتو بەندەیی بکا، بۆیە پاش ئەوە دەڵێ: ﴿ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِين ﴾.

جا لەبەرئەوەی ئینسان سەری لێ ئەشێوێ لە هاوار کردنو داوای کۆمەك کردنا، لەبەرئەوەی هەرکەس بە مەیلی خۆی ڕێگایەك بۆ خۆی هەڵئەبژێرێ، یەکێ بە هەڵسانەوە، یەکێ بە دانیشتن، یەکێ بە ڕاکردن، یەکێ بە خولان بەدەوری خۆیا، یەکێ بە مات بوون، یەکێ بە فاڵ کردن، هەرکەس بە جۆرێ دەست ئەکا بە هاوارکردنو داوای کۆمەك کردن، بۆ ئەوەی ئەوە ڕوونەدا، خوا خۆی بەرەحمەتی خۆی،باشترین چەشنی دوعاو پاڕانەوەو هاوارکردنی بۆ ئینسان دیاری‌کردووە، ڕۆشنی کردۆتەوە کە چ جۆرە هاوارکردنو دوعاکردنو پاڕانەوەیەك لە گشت جۆرەکانی‌تر باشترە، واجبی کردووە لەسەر ئینسان کە ئاوا بپاڕێتەوە، ئەو پاڕانەوەیە لە هەرچی دوعاو پاڕانەوەی ترە باشترە، ئەوەش نوێژە.

نوێژعەرەبیەکەی (صلاة)ە . (صلاة) بە مەعنای دوعـاو پاڕانەوەیـە، داوای شتی باشکردن، لە خواکۆمـەك خواسـتن، بـۆ ئەوەی‌کۆسـپو گرفت لەسەر ڕێ لاببا .

کاتێ ئینسـان بڕیار ئەدا ڕێگای بەندەی خوا، ڕێگای ئیمانو عەمەلی صالح، بگرێتە بەر، چارەی نیە غەیری ئەوەی لە خـوا داوای کۆمـەك بکا، جا خوا خۆی فەرموویەتی بـەو جـۆرە داوای کۆمـەکم لێ بکـەن (نوێژ بکەن).

جا لەبەرئەوەی بەندەیی‌و عیبادەت بە دوعاو پاڕانەوەیـە، لەبەرئـەوە یەکەم کردەوەیەك کەئینسـانی (مؤمن) ئەبێ ئەنجامی بـدا نوێـژە.. بۆیـە هەمیشە لە هـەموو کتێبـەکانی خـوای گـەورەدا، لـە زەمـانی هـەموو پێغەمبەرەکانی خوادا (علیهم صلوات الله وبرکاته)، نوێژ فەرزو واجب بووە لەسـەر موئمینەکان .

ئیتر لەهەر زەمانێکا چۆن بووە؟ ئەوە گـرنگ نیـە، بـەڵام ئەوەنـدە یەقینە قورئان باسی ئەکا کە لە هەموو دەورو زەمانێکـا نوێـژ هـەبووە، هـەر بـەو بۆنەیشـەوە لەسـەرەتای ئـەو زەمانـەوە کـە قورئـان هاتـە خوارەوە- هەر لە (مەککە)دا ، لەو ساڵانەی ئەوەڵـەوە – دەسـتوری نوێژکردنیش هاتە خوارەوەو فەرزکرا لەسەر پێغەمبەری خـواو لەسـەر [illegible]ـان کە نوێژ بکەن ..

ئەڵبەتە ئەبەو شێوەیە کە ئێستا هەیە، ئەمە دواتر وای لێهاتووە . بەڵام لە پێشا دوعاو پاڕانەوەو نوێژ بەچەند جەشنو شێوەیەك هەبووە، هەر لەسەرەتای دەعوەتو بانگ کردن بۆ ڕێگەی خواوە، پێغەمبەری خوا خەریکی نوێژو دوعاو پاڕانەوە بووە..

شتێکی زۆر روونە نوێژ ـ کە دوعایە ـ لازمەو پێویستە بەر لە هەر کردەوەو کارێکیتر ئەنجام بدرێ .. بەبێ نوێژ ئینسان ناتوانێ ڕێگای بەندەیی خوا بگرێ .

لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر موسوڵمان دوای ئەوەی ئیمانو باوەڕی دروست بوو ـ وەك باس کرا ـ، دوای ئەوە کە ئەیەوێ دەست بکات بە ئەنجام دانی کردەوە چاکەکان، پێویستە لەسەری پێش لە هەموو شت بزانێ نوێژ چیە؟ پاشان نوێژ بکا، هەر لە ئێستایشەوە بڵێین کە نوێژێك نوێژە ئینسان لێی حاڵی بێو بزانێ چی ئەکا؟ چی ئەڵێ؟ بەبێ لێحاڵی بوونو بەبێ دەرککردنی مانای نوێژ ، کەڵکی وای لێ نابێو ئیستیفادەی وای لێ ناکا، بەداخەوە ئەو کردەوە گەورەیە، ئەو شتە گرنگە زۆربەی موسوڵمانان بەبێ ئەوەی فەهمی ماناکەی بکەن، بەبێ ئەوەی بزانن چیە؟ ئەنجامی ئەدەن. بۆیە زۆر ئیستیفادەی ئەبووەو نیەتی .. کەسی وا هەیە هەشتا ساڵە نوێژ ئەکا بەڵام ئەخلاقو خورەوشتە ناڵەبارەکانی هەرماون، هەربەوەشەوە ئەمرێ .. کە ئەگەر

نوێژی بەدەرکێو فەهمەوە بکردایە، بیزانیایە چی ئەکا، حەتمەن ئـاوا نـە ئەبوو.. خوا ئەفەرموێ:

﴿ إنَّ الصَّلاةَ تَنْهى عَنِ الفَحْشاءِ وَالمُنْكَرِ ﴾ : بە دڵنیایی نوێژ ئینسان مـەنع ئـەکاو ئەیگێڕێتـەوە لەهەرشـتێ کـە ناپەسـەندەو مونکـەرو رەدکراوەیە .

دەی کەسـانێ کـە زۆر زۆر نوێـژ ئەکـەن‌و دوای ئـەوەیش هـەر کردەوەی ناپەسەند ئەنجام ئەدەن، دیارە ئەوە نوێژەکەیان نوێژ نەبووە . پێویستە لەسەر هەر موسـوڵمانێ کـە ئـەتوانێ، ئـەم راسـتی‌یە رۆشـن کاتەوە بۆ خەڵکی، مانای نوێژیان پێ‌بگەیەنێ، بۆیان باس بکا .

باس بکا کە (قیام)و وەستان لە حزووری خوادا بۆچی‌یە؟! (رکوع)و چەمینەوە بۆچی‌یە؟! (سجود)و کڕنووش بردن بۆچی‌یە؟! (دانیشتن) لە تەشەهوددا بۆچی‌یە؟! سورەتی فاتیحە بۆ ئـەخوێنرێ؟! مانـای چـی‌یە؟! (تحیات) بۆ ئەخوێنرێت‌ومانای چی‌یە؟! هەروەها هەر شتێکی‌تر کـە لـە نوێـژدا ئـەنجام ئـەدرێ، چـی‌یەو بۆچـی‌یە؟! فـەرزە لەسـەر هـەر موسوڵمانێکیش پێش لەهەر شتێکی‌تر هەوڵ بدا بۆ ئەوەی مانای نوێـژ فێربێ‌و بزانێ نوێژ چیە؟! بە زانینەوە نوێژ ئـەنجام بـدا.. ئەوانـەش کـە منالیان هەیەو ئەیانەوێ منالەکانیان فێری نوێژ بن، با ئەوە بـزانن کـە واجبە لەسەریان لە پێشا نوێژەکەیان پێ فێر بکـەن، مانـای نوێژەکـە،

حەقیقەتی نوێژەکە. جا ئەو کاتە پێیان بڵێن نوێژ بکەن، ئەگەر دوو ساڵیش فێری مانای نوێژەکە بووە بابکەوێتە دواوە ئەوسا نوێژبکا..

خوا ئەفەرموێ: لەکاتێکا حەواستان جەم نیەو هۆشتان بە خۆتانەوە نیە، نازانن ئەگەر نوێژ بکەن چی ئەڵێن، حەقتان نیە نزیکی نوێژ بکەونەوە:

﴿لاَ تَقْرَبُواْ الصَّلاَةَ وَأَنتُمْ سُكَارَى حَتَّىَ تَعْلَمُواْ مَا تَقُولُونَ﴾ .

عالمەکان لە تەفسیرەکانیانا باسیان کردووە : ئەمە بۆ ئەوەیە هەرکەسێك لە حاڵەتێکا بێ کە هۆشی بەلای نوێژەکەوەو بەلای ئەوشتانەوە لەمنوێژەکەیا ئەیانکا و ئەیانڵێ نەبێ، ئیجازەی نیە نزیکی نوێژ بکەوێتەوە .. چ کەسێ کە مەستی شەراب بێ، چ کەسێکیتر کە حەواسی جەم نەبێو هۆشی لەسەرخۆی نەبێ ..

هەرچۆنێك بێ تەنها لەکاتێکا جائیزەو دروستە ئینسان نزیکی نوێژ بکەوێتەوە، کە هۆشی بەخۆیەوە بێ، بزانێ چی ئەکاو چی ئەڵێ .

دیارەکەسێ مانای نوێژەکە نەزانێ لە مەستیش خراپترە ..

جا با باس لەوە بکەین کە حەقیقەتی ئەوشتانەی لە نوێژدا ئەنجام ئەدرێن چین و چۆنن؟ ئینسان ئەبێ بە چ حاڵێکەوە خەریکی نوێژکردن بێ ؟ ..

ئەوە بەرەبەیانە، فەجر بووە، نوێژی بەیانی هاتۆتە پێشەوە، قەرارە ئینسان بەوەی زانیبێت کە رۆژ دەستی پێکردووەو، لەخەو خەبەری

بووبێتەوە.. کە لەخەو خەبەری بووەوە ئەبێ بیری ئەوە بکاتەوە ئەوا ڕۆژێکی تر دەستی پێ کرد، ئەم ئینسانە کە بەندەی خوایە ئەبێ ئەمڕۆیش وەك ڕۆژانی تر بەندەیی بۆ خوا بکا، یا ئەگەر یەکەم ڕۆژی بەندەیی یە ئەبێ دەستی پێبکاو خەریکی عیبادەت وئیتاعەت و فەمانبەرداریی خوا بێ.. ئائەوە یەکەم شتێکە کە ئەبێ بێت بە دڵی ئینسانا کاتێك کە خەبەری ئەبێتەوە و لەخەو هەڵدەستێ.

دیارە ئەم بەندەیی و ئیتاعەتە بەبێ پاڕانەوەو دوعا ناکرێ، بۆیە ئەبێ بە شوێن ئەوەدا زوو لە بیری ئەوەدا بێ کە بڕوا لە خوا بپاڕێتەوە، دوعا بکا، نوێژ بکا، کە خوا کۆمەکی بکا بۆ ئەوەی بتوانێ بەندەیی بکا..

جا هەڵئەستێ و ئەڕوا.. بەڵام نەك هەروا بەشل وشێواوی، بەبێ ئامادەنەکردنی دیمەنی دەرەوەی، یان ئامادەیی دەروونی . نەخێر، ئەبێ بڕوا ئەگەر پیسەکی پێوەیە لای ببا، خۆی پاك کاتەوەو لیباسی جوان بکاتە بەری . جێیەك کە قەرارە بەسەریەوە نوێژ بکا پاك وتەمیز بێ، هەروەها چۆن ئینسان ئەڕواتە مەجلیسێك، نایەوێت لەو مەجلیسەدا ناموحتەرەم بێت و خەڵك بەچاوی سووك تەماشای بکەن، دەستێك ئەهێنێ بەسەروو ڕووی خۆیاو دەموچاوی ئەشواو، خۆی پاکوخاوێن ئەکا..

بۆ نوێژیش ئەبێ بڕوا دەموچاوی بشوا، دەستەکانی تا ئەنیشکی بشوا، دەستێ بکێشێ بەسەریا، سەری ئەگەر تۆزو شتی پێوەیە بەو دەست بەسەرا کێشانە پاکی بکاتەوە.. پێیەکانی تا قاپکی بشوا، دوای ئەوە بڕوا ڕووبکاتە ئەو ماڵەی خوای گەورە لە زەویدا قەرارو دەستوری داوە کە بینا بکرێ بۆی، ئەوە وەك پایتەختی خوای گەورەیە لەسەر زەوی، چونکە خوا حاکمو فەرمانڕەوای ئینسانە، ئەوەش پایتەختەکەیە، جا ئەگەر ئینسان ناتوانێ لەگەڵ خوای خۆیدا ڕووبەڕوو بێ ـ چونکە نایبینێو ئەو وەك حاکمێك لەحاکمانی بەشەری نیە ـ با ڕوو بکاتە ئەو ماڵە، ڕووبکاتە ئەو پایتەختە، هەر وەك چۆن ئەوانەی وا بەندەی حاکمەکانن ڕوونەکەنە پایتەختەکانیانو ئەیانکەنە قیبلەی دڵی خۆیان ..

با ئینسانێ کە بەندەی خوایە ڕووبکاتە پایتەختی خوای گەورە ـ کە کەعبەیەو وا لە مەککەدا ـ ڕوو بە ئەوێ بوەستێ . جا هەر کات کاتی نوێژ هاتە پێشەوەو خۆی ئامادە کرد، بەدەستو دەمو چاو شۆردنەکەی ـ بەدەست نوێژ گرتنی ـ وپاش پۆشاکی جوان وپاك کردنە بەریو، پاکبوونی لاشەو لیباسو جێی نوێژەکەی، ئەوجا ڕووی ئەکاتە کەعبەو ماڵەکەی خوا، بەو جۆرە هەم ڕووی دەرەوەیو هەم ناوەوەی ئامادە دەبێ بۆ ئەوەی دەست بکات بە نوێژ کردن .

## مانای حەقیقی (الله أكبر)

دیاره وەك لەمەوپێش باسمان كرد، گومڕایی‌و ئینحرافی زۆرێك لـە خەڵك ئەوەیە كە غەیری خوایان كردووە بە فەرمانڕەواو فەریادڕەسـی خۆیان ، ئەوەش كە ئەبێ بـە كۆسـپ لەسـەر رێـی ئینسـاناو نـاهێڵێ بەنـدەیی موخلێـسـانەی خـوا بكـا، ئـەو فـەرمانڕەواو دەسـەڵاتدارە زاڵمانەن . هەروەها ئەوانەی وا سەر لـە خـەڵك ئەشـێوێنن‌و، خۆیـان ئەكەن بە واسیتەو وەسیلە لەبەینی خەڵكو خـوادا، جـا بـۆ ئـەوە كـە ئینسـان لەدەست ئەوانە رزگاری ببـێ، ئـەبێ بـەیادی خـواوە دەسـت پێ‌بكا، بەسكاڵاو دوعاو نوێژكردن. چۆن؟ سەرەتا بیری ئەوە بكاتـەوە ئەم خەڵكەی واسەریان لێ شێواوە ئەچـن بەنـدەیی بـۆ ئـەو تـاغوت و حاكمـە زاڵمانـە ئەكـەن، ئەوانـەی سـەریان لێ شـێواندوون، ئەمانـە كردوویانن بە فەریادڕەسی خۆیـان، لەوانـەی وا درۆزنـن و بەناحـەق خۆیان ئەكەن بە واسیتە لەبەینی خەڵكو خوادا. بـیری ئـەوە بكاتـەوە خـەڵكی وا نـەزانن ئەمانـە دەسـەڵات و گەورەیی‌یـەكیان هەیـە بۆیـە كەوتوونەتە شوێنیان .

دەی ئەمیش كە رووی كردە خوا بـیری ئـەوە ئەكاتـەوە كـە خـوا گەورەترە لەوانە، گەورەترە لەهەرچی حاكم‌و دەسەڵاتدارە، گەورەترە لەهەركەسێك خەڵكی وا ئەزانن دەسەڵاتێكی هەیە ـ بە فەرزی ئەوەیش كەسێكی تر غەیری خـوا دەسـەڵاتی ببـێ ـ خـۆ خـوا دەسـەڵاتدارترو

گەورەترە، بیری ئەمە ئەکاتەوە، ئیتر ئەوان لەبەرچاوی ئەکەون، لەبەرچاوی ون ئەبن‌و هەر خوایە کە حازرەو رووی دڵی هەر لەو ئەبێ، هەموو شتێکی جێ‌هێشتووەو رووی کردۆتە خوا. جا ئیتر ئامادەیە بۆ ئەوەی نوێژ بکاو بپاڕێتەوە، وەك ئەفەرموێ: ﴿ وَذَكَرَ اسْمَ رَبِّهِ فَصَلَّى ﴾ بەیانی خۆشبەختی کەسێ ئەکا دوای ئەوە کە حەرەکەتی کردووە بەرەو کەماڵ‌و عەزمی گرتووە رێگای بەندەیی خوا بگرێ ئیمانی هێناوە، پاش ئەوە یادی خوا ئەکا، جا دەست دەکات بە دوعا کردن‌و پاڕانەوەو نوێژ کردن ، سەرەتا ئەڵێ : (الله أكبر)، بیری ئەوە ئەکاتەوە ئەبێ نوێژێك بکا (نوێژی فەرزی ئەو بەیانی‌یە وەك نموونە). ئەڵێ : (الله أكبر) خوا گەورەترە، ئەگەر حاکمێك، دەسەڵاتدارێك گەورە بێ، هەرچی بێت ، خۆ خوا گەورەترە .

کەوابوو هەر حاکم‌و دەسەڵاتدارێکی تر ئەبێ ون ببێت‌و لە دڵ دەرکرێ، چونکە وەختێ خوا گەورەترە ئەبێ ئینسان هەر رووی دڵی لەو بێت .

دوای ئەوە کە وتی: (الله أكبر) خوا گەورەترە، ئینجا دەست ئەکا بە دوعاو سکاڵا.. دیارە بۆ ئەوەی بەشێوەی باشتر دوعاو سکاڵا بکا، خوا خۆی چەند کەلیمەیەکی داناوە تا ئینسان بەوانە دوعا بکا، کە عیبارەتە لەو سورەی (فاتیحە)یەی مەشهورەو هەموو کەس خەبەری لێ هەیە، لە: ﴿ بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيم ﴾ تا ئەگاتە ﴿ غَيْرِ

المَغضوبِ عَلَيْهِمْ وَلا الضَّالِّين ﴾. ئائەوە گەورەترین دوعایەکە خۆی لە قورئانا ناردوویەتی بۆ ئەوەی بەندەکانی بەوە دوعا بکەنو پپارێنەوە وسکالاّ بکەن .. لەوەش گەورەتر ئینسان ناتوانیٚ دوعا بکا..

## کورتەیەك لە ماناى سورەتی (فاتیحە)

جا لەبەرئەوەی بە قورئان خوێندن دەست پیٚ‌ئەکا، پێش لەوە ئەبیٚ نوێژخوێن پەنا بە خوا بیا لەدەست هەر شەیتانوهەرکۆسپێك ، تا بتوانیٚ بە جوانی سکالاّو دوعاکەی بکا . کەسانێك کە خوێندەوارن شتی تر هەیە کە پێش لە ﴿ أَعُوذُ بِاللهِ مِنَ الشَّيطانِ الرَجيم ﴾ بیلێن کە سوونەتەو ئەگەر کەسێك ئەوەش نەلێت قەیناکا، بەلاّم ئەوە واجبە کە لە دلّەوە رووی کردبێتە خوا، هەروەك کەسێك ئەڕوا بۆ سەفەرێك ئیتر هەر بیری وا بەلای سەفەرەکە وە و، لەهەموو شتێکی‌ترلەماڵو لەمناڵولە هەمووکەس غافلە، چونکە ئەڕوا بۆسەفەر، نوێژخوێنیش ئەبیٚ ئاوا رووی هەرلە خوابیٚ، لە هەمووشتێکی‌تر روو وەرئەگێریٚ .
جا دەست پیٚ‌ئەکاو ئەلیٚ:

﴿ أَعُوذُ بِاللهِ مِنَ الشَّيطانِ الرَجيم ﴾ پەنا ئەبەم بە (الله) لە شەیتانێك کە لە رەحمەتی خوا دەرکراوەو دوورخراوەتەوە . جا لێرەدا مەبەست تەنها شەیتانە گەورەکە ـ واتە (إبلیس) ـ نیە . بەلّکو هەر مەخلوقێك موزاحیمی ئینسان بیٚ، نەهێلیٚ ئینسان بەندەیی خوا بکا، نەهێلیٚ

ئینسان بە جوانی دوعاو سکاڵاو نوێژ بکا لەلای خوا، ئەوە شەیتانەو دوورە لە رەحمەتی خوا. جا کاتێ ئینسان پەنا ئەبا بە خوا ئیتر نەجاتی ئەبێ لەدەست ئەوانە..

جا یەکێکە ئەم کەلیمانە ئەوترێن، ئەبێ لە مانەکەیان وردبینەوە، هەرکەسێ کە نوێژ ئەکاو هەر کەلیمەیەك لەمانە ئەڵێ ئەبێ مەعناکەی بێت بە دڵیا.. ﴿ أَعُوذُ بِاللهِ مِنَ الشَّيطَانِ الرَّجِيمِ ﴾ پەنا ئەبەم بە (الله) لەشەیتانێ کە لە رەحمەتی خوا دوور خراوەتەوە.

کاتێك ئەمەی وت مەعناکەی بێت بە دڵیا، جا ئەگەر نەیتوانی لەگەڵ وتنی کەلیمەکە مەعناکەی بێ بە دڵیا، دوای ئەوە تۆزێ بوەستێ‌و بیر لەمەعناکەی بکاتەوە. دوای ئەوە ئەڵێ :

﴿ بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ ﴾ بۆ ئەویش تۆزێ ئەوەستێ، مەعناکەی دێت بە دڵیا، جا ئەڕوات بۆ کەلیمەی دوایی .. هەروەها تا ئەوەندەی مەعنای کەلیمەکان لە دڵیدا جێگیر ئەبێ .. دوای ئەوە ئیترئەتوانێ هەرلەوکاتەداکەلیمەکە دێت بە زمانیا، مەعناکەیش بێت بە دڵیا .

بۆکەسێکیش ئیمامەت بکات، باشتر ئەوەیە لە جێی ئەوە (ئوعُـوذ باللهِ) بڵێ (نعوذ بالله) بڵێت، واتە : هەموومان پەنا ئەبەین بە (الله) لە شەیتانی رەجم کراو و دوورخراوە لەرەحمەتی خوا..

دوای ئەوە دەست ئەکا بە خوێندنی سورەی فاتیحە . دیارە ئینسـان هەرکارێك ئـەکا ئـەبێ بـە کۆمـەکی خـوا بیکـا، خوێنـدنی سـورەی فاتیحەیش کارێکە، ئەبێ ئینسـان بـە کۆمـەکی خـوا بیکـا، مەعلومـە ئینسان نە سوودێکی دەست ئەکـەوێ، نـە لـە زەرەرو زیانـێ نـەجاتی ئەبێ، ئەگەر خوا کۆمەکی نەکات..

جا کە ئەیەوێ لێرەدا سوودو نەفعێکی دەست کـەوێتو لـەزەرەرو زیان دوورکەوێتەوە، ئـەبێ لـە خـوا داوای کۆمـەك بکـا، بۆیـە ئـەبێ لەسەرەتاوە بڵێ :

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحيم : بـەناوی (الله)، میهرەبـانی بـە ڕەحـم، دەست ئەکەم بە خوێندنی ئەم سورەتە ..

پێشتر وتمان : (رحمان) یـانی ئـەوەی خـوا هـەموو زاتـی ڕەحمـەتو میهرەبانی‌یە .(رحیم)یش واتـە : هەمیشـە خـەریکی ڕەحمـەت کـردن وسوودگەیاندنە بە خەڵكو زەرەرو زیان لەسەر ڕێگایان لا دەبا .

جا کە ئـەڵێ ﴿ بِسْمِ اللهِ الـرَّحْمنِ الـرَّحيم ﴾ یـادی ئـەو خوایـە ئەکاتەوە کە هەرچی ڕەحمەتە لەلای ئەوەیە . هەرئەوە سوود ئەگەیەنێ ، هەر ئەوە زەرەر و زیان لا ئەبا .. جاکە ئەوەی وت، ئیتر ئومێد پەیدا ئەکا بەوەی لە خوێندنەوەی سورەتەکەدا ولە دوعاکردنەکەیدا سـودی دەست کەوێ ولەزەرەر و زیان ڕزگاری ببێ ، سـوودیش ئەوەیـە کـە

بگات بە خۆشبەختی، زەرەر و زیانیش ئەوەیە کە تووشی غەزەبی خـوا بیءو بەرەو گومڕایی بڕوا.

﴿ الحَمْدُ للهِ رَبِّ العالَمين ﴾ : ستایش و قەدردانی بـۆ خوایـەك کـە خاوەنی خەڵکە . بۆ ئەوە مانای (ستایشو قەدردانی) ڕۆشن بـێ ئـەبێ ئینسـان هەر خوا بەوە بزانێ کە ئـەتوانێ سـوود بگەیـەنێو هەرئـەویش زەرەرو زیان لانەبا، تەنها ئەو بـەو زاتـە بزانـێ کـە دەسـەڵاتی هەیـەو سەرەنجامی ئینسـان لـە دەستیایەتی، هەر ئومێدی بەو بێت، هـەر ترسـی لەو بێت، هەر فەرمانبەرداریی بۆ ئەو بکـا، هـەر داوای کۆمـەك لـەو بکا، ئا ئەمانە هـەمووی بەیەکـەوە ئەبێتـە سـتایشو قـەدردانی . دیـارە هەندێکی بە دڵە، هەندێکی بە زمانە، هەندێکیشی بـە ئـەعزای بەدەنـە، بەکردەوەیە، کە هەموو ژیانی ئینسـان ئەگرێتەوە . ستایشو قـەدردانیی بۆ (الله) لەبەرئەوەی کە خاوەنە، لەبەرئەوەی ئەو شـتانە لەدەسـتیایەتی ئەبێ قەدردانی لێ بکرێو، ئێمەش ئاوا بیناسین، ئـاوا بکـەین کـە لێـی داوا کردووین . جـا پاشـان خـوای گـەورە خـۆی ئـا ئەمـە ڕۆشـنتر ئەکاتەوەو ئەفەرموێ :

﴿ الرَّحْمنِ الرَّحيم ﴾ : میهرەبانی بـەرەحم . ئـەوەی هـەموو زاتـی رەحمەتە، هەر قازانجو سودێك تەنها بەدەس ئەوەو ئەو ئەیگەیەنێ، هـەر زیانو زەرەرێك لەدەس ئەودایەو، ئەوە کە لای ئەبا .

﴿ مالكِ يَوْمِ الدِّين ﴾ : داراو خاوەنی رۆژی جەزایە . دوای ئەوە کە هەرچی سوودە ئەیگەیەنێ‌و هەرچی زیانە لای ئەبا، دیارە رۆژێکیشی داناوە بۆ ئەوەی ئینسان زیندوو بکاتەوەو لێی بپرسێ‌و موحاکەمەو موحاسەبەی بکا، چۆن بووە بەپێی ئەوە جەزای بداتەوە . ئەگەر ئیمانو عەمەلی صالحی بووە جەزای خێر، ئەگەر کوفرو کردەوەی ناپەسەندیشی بووە ، جەزای شەڕی بداتەوە .

﴿ مالكِ يَوْمِ الدِّين ﴾ : خاوەنی رۆژی جەزا و پاداشت .

کاتێ کە گەیشتە ئێرەو دڵی پڕ بوو لە ئومێدو لە ترس، جا روو ئەکاتە خوا. ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە ئەبێ کاتێك ئینسان ئەم سورەتە ئەخوێنێتەوە ئیحساسی ئەوە بکات کە بەندە موخلیسەکانی تریش وان لەگەڵی، هەروەك ئەوەکە لە جەماعەتێکدا، لەگەڵ چەن نەفەری تردا ئەزانێ کە ژمارەیەك وان لە دەوری و پێکەوە خەریکی دوعاو سکاڵانو دەستە جەمعی خەریکن دوعا ئەکەن، هەروا ئەگەر خۆیشی تەنها بوو هەر لەبیری نەچێ کە بەندەی سالحی تریش هەن، ئەوانیش هەر خەریکی دوعاو پاڕانەوەن، وا هەست بکا کە وا لەگەڵ ئەوان . بۆیە لێرەیشا بەم چەشنە دوعاکە هاتووە کە ئێستا دەرئەکەوێ بۆمان، ئینسان خۆی تەنها نیە، لەگەڵ جەماعەتی بڕواداراندایە کە خەریکە سکاڵا ئەکاو ئەپاڕێتەوە .

﴿ إيّاكَ نَعْبُدُ وَإيّاكَ نَسْتَعين ﴾ : تەنها بۆ تۆ بەندەیی‌و فەرمانبەرداریی بێ غەلوغەش ئەکەین، تەنها لە تۆش داوای کۆمەك ئەکەین . ئەوە کورتەی مانای دووکەلیمەی (عبادە) و(استعانە)ە یە کە پێشتر بە باشی روون کرانەوە .

جا دوای ئەم شتانە کە بۆی رۆشن بوەوە ئەمە رێگای راستە ، لەگەڵ ئەو بەندە موخلیسانەی تر، روو ئەکاتە خوای گەورە و، بەیەکەوە هاوار ئەکەن لە خوا کە هیدایەتیان بداو رێنومایان بکا، بۆ ئەوەی بکەونە سەر رێگە راستەکە، یان ئەگەر وان لەسەری هیدایەتیان بدا بۆ ئەوەی هەنگاوەکانی تریشیان لەوەو دواتر هەر لەسەر رێگای راست بێ‌و لێی لانەدەن .

﴿ إهْدِنا الصِّراطَ المُسْتَقيم ﴾ : رێنماییمان بکە بۆ رێگە راستەکە . ئەو رێگەیەی ئینسان رەحەت پیادا ئەچێ . چونکە خوا ئینسانی ئامادە کردووە بۆ چوون بەو رێگەیەدا، رێگەکەش سازگارو موافیقە لەگەڵ ئینسانا، (مستقیم)ە، ئینسان ئەگەیەنێ بە مەبەست ، (دواتر باسی ئەکەین کە مەبەستەکە چی‌یە؟ ).

﴿ صِراطَ الّذينَ أنْعَمْتَ عَلَيْهم ﴾ : رێگای ئەوانەی خۆش بەخت کردن، نیعمەتی خۆتت رژان بەسەریاندا . لە ئایەتی تردا بەیان کراوە کە ئەوانە (پێغەمبەرانی خوا) و (راستگۆکانن)، یانی ئەوانەی هەموو گیانیان (صدق) و راستی بووە، بەراستی بەندەی خوا بوون، درۆ لە

کاریانا نەبووە، هەروەها (شەهیدەکان) یانی ئەوانەی هەموو ژیانیان شایەتی بووە بۆ ئەوەی هەر بەرنامەی خوا راستە . هەروەها (صالحەکان)، ئەوانەی ئەگەر چی لەدەرەجەی خوارترەوە بوون بەلاّم لەرێی ئیمانو عەمەلی صالحا بوون، ئەگەر جارجاریش تووشی گوناهێك بووبن گەراونەتەوەو پەشیمان بوونەتەوە .. ئەمانە خوای گەورە لە دونیا وئاخیرەتا خۆشبەختی کردوون ، لە دنیادا خۆشبەختی کردوون کە ژیانێکی بێداون دوور لە ترس‌و لە خەفەت، هەروەك لەمەوپێش بەیانمان کرد. لەبەینی مردن تا قیامەتیشا دیارە ئەو هەموو نیعمەتەی بۆ ئامادە کردوون، لە هەمووی زیاتر رەزامەندی‌و لێخۆشبونی خۆی .

﴿ غَيرِ المَغضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلا الضَالِّين ﴾ : نەك رێگای ئەوانە ی وا غەزەبیان لێ گیراوە . ئەوانەی وا رێیان بۆ رۆشن کرایەوە، بەلاّم نەکەوتنە سەری، نەیانویست بەندەی خوابن، جا غەزەبیان لێ گیرا. غەزەبی خواش ئەوەیە کە لە دنیادا ژیان تەنگ‌و تاڵ بێ، ئەگەر چی ئیمکانات بێ، ئەگەر چی نیعمەتی زۆر هەبن، بەلاّم دڵ پڕ بێ لە ترس‌و لە خەفەت، لە مردنیشەوە عەزاب‌و ئاگر دەست پێ بکا، لە قیامەتیشدا جەهەنەم بەو هەموو عەزابەوە، لە هەمووی زەحمەت تر تووڕەیی و غەزەبی خوا ﴿ غَيرِ المَغضُوبِ عَلَيْهِمْ ﴾ رێگە راستەکە غەیری رێگای ئەوانەیە غەزەبیان لێ گیرا. ﴿ وَلا الضَالِّين ﴾ غەیری

ڕێگای ئەوانەش کە گومڕا بوون، سەریان لێ شێوا، دوای ئەوەی بەرنامەی خوایان بۆ هات، حەقیان بۆ ڕۆشن بووەوە، لەبەر بێ موبالاتییان، لەبەرئەوەی ژیانی دنیایان ویست ، لایانداو غافڵ بوونو هیدایەتەکەیان لەبیر چووەوە سەریان لێ شێوا. دیارە ئەوانەیش هەربەرەو بەدبەختی ئەڕۆن .

جا کاتێ دوعاکەیان بەو جۆرە کرد، سورەی فاتیحە یان تەواو کرد، پاشان پێکەوەئەڵێن : (آمین) کە ئەم وشەیە لە قورئاندا نیە . ماناشی ئەوەیە : خوایە ، ئەو پاڕانەوەیەمان لێ وەرگرە .

ئەمە گەورەترین دوعایە کە ئینسان ئەیکا . واجبە لەسەری لە شەو و ڕۆژێکدا لای کەم حەڤدە جار ئەگەر لەسەفەرا نەبێت، ئەگەریش لە سەفەرا بێت کەمتر لەوە (لەسەفەرا لەجیاتی چوار ڕکات دوو ڕکات ئەخوێنرێت) – واتە بە قەدەر ڕکاتی نوێژە فەرزەکان – ئەبێ ئەم دوعایە بکا .

دوای ئەوە سورەیەکیتر لە قورئان ئەخوێنێ ، ئەویش بەم فکرەوە : دوای ئەوە بڕیاری دا کە بەندەی خوابێو داوای کرد لە خوا کۆمەکی بکا بۆ ئەوەی بتوانێ عیبادەت بکا، ئەبێ ڕووبکاتە کتێبەکەی خوا، بزانێ لەوێ ڕێگای بەندەیی چۆن بەیان کراوە . بەعزێکی لێ بخوێنێتەوە، تا شارەزا بێ لە ڕێگای بەندەییوبەو ڕێگایەدا بڕوات . بۆیە سوورەیەك لە قورئان ئەخوێنێتەوە، باشتر ئەوەیە لای کەم هەر

موسوڵمانێ دوو سورەتی لەبەر بێ، وەك سورەتی (قُلْ هُوَ اللَّهُ)و سورەتی (والعصر) كە لەهەر ڕەكعەتێكدا یەكێكیان بخوێنێ، ئەگەر لە دوو ڕكعەتیشدا هەر (قُلْ هُوَ اللَّهُ) بخوێنێ هەر دروستە ، بەڵام باشترە دوو سورەت بێ .

## مانای سورەی (إخلاص)

لەبەرئەوەی زۆركەس ئەو سورەتە ئەخوێننەوە، باش ئەوەیە ئەویش ماناكەین ئەفەرموێ :

﴿ قُلْ هُوَ اللهُ أحَدْ ﴾ بڵێ : حەقیقەتێك هەیە كە (الله) یەكتایە، هەرئەوەو لە خاوەنێتیدا كەسی ترنیە، هەر ئەوە فەرمان ڕەوایەو هەرئەوە فەریادڕەسەو، غەیری ئەوكەس ئەو دەسەڵاتەی نیە .

﴿ اللهُ الصَّمَدْ ﴾ : (الله) پڕ كەماڵە، هیچ ناتەواوی تیا نیە، بێ نیازە، فەرمانڕەواكانیتر پوچن، فەریادڕەسەكانی ترلە حەقیقەتدا فەریادڕەس نین . خوا لە هەموو صیفەتەكانیدا كەماڵی هەیە، هیچ جۆرە ناتەواوی وكەمیی تێدا نیە .

﴿ لَمْ یَلِدْ وَلَمْ یُولَدْ ﴾ : نە منالی لێ بووە، نەخۆی ڕوڵەی كەسێكەو لەكەسی تر بووە . نەك وەك فەرمانڕەوا نارەواكان، نەك وەك ئەو نافەریادڕەسانەی كە بە گومانی خەڵكی فەریادڕەسن، هەموویان هەم منالیان ئەبێت، هەم خۆیشیان منالی كەسیترن و

لەکەسی‌تر بوون، کەواتە نیازمەندن، چونکە لەوەوپێش نەبوون و لە دواییشدا لەبەین ئەچن و نامێنن ، مەگەر ژۆڵەکانیان ڕێگایان درێژە پێ‌بدەن.

﴿ وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُواً أَحَدٌ ﴾ : هیچ کەسێك هاوتای ئەونەبوو، هیچ فەرمانڕەوایەك و هیچ فەریادرەسێك نیەکە هاوشانو هاوتای ئەوبێت .

## هەندێ لە حیکمەتی جوڵەو زیکرەکانی نوێژ

دوای ئەوەکە نوێژخوێن سورەتێك یا چەند ئایەتێك لە قورئانی خوێندو، بەو جۆرە لە خزمەتی خوادا وەستا و، ئەوبەشە لە بەندەیی جێبەجێ کرد، بیر لەوە ئەکاتەوە کە ئەم رادەیە بەس نیە، خوا لەوەش گەورەترەو زیاتر لەوە ئەبێ بەندەیی بۆ بکرێ، بۆیە ئەڵێ : ( الله أكبر ) خوا لەوە گەورەترە، بۆیە زیاتر بەندەیی ئەکات، ئەچێتە ڕکوع ، دەس ئەنێتە سەر ئەژنۆ، سەری بەڕێزهێنانەوە دائەنەوێنی بۆخوا . جائەبێ بیری بێ لە کاتێکا بە پێوەیە ئەوە لە خزمەتی خوادا ڕاوەستاوە، ئێستایش ئەبێ ئەوە لە بیری بێ کە بۆڕێزلێنانی ئەو خەریکە سەری دائەنەوێنێ، جا لە وێشدا ئەڵێ :

(سبحان ربي العظيم): خاوەنەکەم دوورە و پاکە لەوەی هەر جۆرە ناتەواوییەکی بێ . دیارە بۆ کەسانێك کە خوێندەوارن شتی تریش

هەن ئەتوانن بیانخوێننو، شتی زیاتر بلێن و، لە ڕکوعا خێری زیاتریان دەس ئەکەوێ .

دوای ئەوە ئەم کارەشی کردو سەری دانەواند بۆ خوا، کاتی ئەوەیە تۆزێ ئیسراحەت بکا، دوای ئەوە بڕوا زیاترئیحترامی خوا بگرێ ، بۆیە هەڵئەسێتەوەو ئەڵێ :

(سمع الله لمن حمده): خوا قوبوڵی بکا، خواگوێڕاگرێ بۆئەوانەی حەمدی ئەکەن، ئەوانەی قەدرداني لێ ئەکەن وستایشی ئەکەن .(ربنا ولك الحمد): ئەی خاوەنەکەمان، حەمدوقەدردانیش تەنها بۆ تۆیە،- هەروەك بەیانمان کرد- چونکە تۆ دووری لە هەر عیبو ناتەواوییەك . جا ئەگەرئەوکەسە خوێندەوار بێ لێرەشدا شتی تریش هەیە کەبیڵێ .

دوای ئەوە کاتی ئەوەیە بیری ئەوە بکاتەوە ئەمەش بەس نیە . خوا گەورەترە لەوەش، ئەمیش ئەتوانێ لەوە زیاتر تەعزیمی بکاو بەندەیی بۆ بکا، بۆیە ئەڵێ :(الله أكبر) خوا گەورەترە لەمە، جا خۆی ئەخاتە زەوی، دەمو چاوی ئەنێتە سەر خاك ، هەروەك چۆن ئەوانەی کە بەندەی غەیری خوان، خۆیان ئەخەن بەسەر پێی خاوەن و ئاغاکانیانداو پێیان وخاکی بەر پێیان ماچ ئەکەن ، نوێژ خوێنیش ئاوا حاڵەتێکی ئەوێ کە خۆی بخاتە سەر زەوی و، دەمو چاوی-کە بە قیمەتترین ئەعزای بەدەنیەتی - بنێتە سەر خاك، تا خوا بەزەیی بێتەوە پێیدا، ڕەحمی پێ بکاوئەوەی وا ئەنجامی داوە لێی قبوڵ بکا .

دوای ئەوە بیری ئەوە ئەکاتەوە ئەگەر ناتوانێ زیاتر بەنـدەیی بکـا، خۆ ئەوە ئەتوانێ کە لـە سەر ئەم بەندەییەی‌کە پێی گەیشتوە پایەدار بـێ‌و بمێنێتەوەو درێژەی پێ بـدا. بۆیـە ئـەڵێ : (الله أکـبر) خـوا گـەورەترە لەوەی‌کە ئینسان هەر جارێـك ئاشـەوە بکـا و لەسـەری نـەڕوا.. بۆیـە جارێکی‌تر سەر ئەنێتەوە سەر زەوی، هەروەك جاری پێشوو، ئەم جـارە کە لەوەش بووە وە دوبارە ئـەڵێ : خـوا لـەوە گـەورەترە، تەنانـەت لەوەش گەورەترە کە ئینسان پایەداری بێ‌و هەرچی لە هێزو توانایدایـە بیکا، هەر خواش لەوە گەورەترە، وا ئەزانێ حەقی بەندەیی بۆخوا ئەدا کردووە . بۆیە هەڵئەسێتەوە ڕەکعەتێکی تریش هەر بەو جـۆرە ئـەنجام ئەدا .. دوای ئەوە ڕەکعەتی دووەمی ئەنجام دا، دائەنیشێ لە حـزووری خوادا، جا سوپاس ئەکا لە خوا، هەروەها لە چەند کەسێکی‌تر کەبوون بەهۆی ئەوەی بگاتە حزووری خواو ئائەم دوعاو سکالایە بکا، سـوپاس ئەکاو پاشان دوایەمین قسەو ڕازو نیازی خۆی ئەکا و ئەچێتەوە بۆ لای خەڵکی‌و نوێژەکەی تەواو ئەکا .

## کورتەیەك لە مانای (التحیات)

(التحيات لله) : هەموو ڕێزلێنانەکان، هەموو ئیحترام گرتنەکان، بۆ خوان .

(والصلوات) : هەموو نوێژو سکالاو دوعاکان، ئەوانیش هەر بۆ خوان، نەبێ هەر بۆ خوا بکرێن .

(والطيبات) : هەموو کردەوە پاكو خالیصەکان بۆ خوان، هەر نەبێ بۆ ئەو ئەنجام بدرێن .

جا ئەوەی کە ئەوترێ (التحيات لله) هەموو ڕێزلێنانو ئیحترامەکان، هەموو ( تەعزیمەکان ) بۆ خوان، ئەوانەن کە لە پێشا ئەنجام دراون، وەك(بە پێوە و بە حالەتی بەندەیی وەستان)، (ڕکوع بردن)، (سجود بردن)، (وتنی ئەو کەلیمانەی کە وتراون). هەروەها هەر جۆرە قەدردانییەکی‌ترکە ئینسان ئەتوانێ بیکا، جا ڕوونی ئەکاتەوە هەموو ئەوانە بۆخوان،کەسی‌تر نیە ئینسان ئەو تەعزیمانەی بۆ بکا جگە لە خوای گەورە .

بە جۆرێکی تریش ئەکرێ ئەو تەحیاتە بخوێنرێتەوە : (التحيات المباركات، والصلوات الطيبات لله)،کە زۆر لەگەڵ ئەوی ترفەرقی نیە، هەر کامیان بێ دروستە .

بەم جۆرە قەدردانی لە خوای ( متعال) ئەکا، کە تەوفیقی داوە بۆئەوەی بگاتە ئەم پلەیە . پاشان بیری ئەوە ئەکاتەوە ئەگەر پێغەمبەری

خوا ( محەممەدی کوری عبداللە ) (علیه الصلاة والبرکات) نەبوایە -کە بەرنامەی هیدایەتی لەلایەن خواوە وەرگرتو هێنای - خۆ ئەم رێی نە ئەکەوت لەم نیعمەتە گەورەیە . بۆیە سوپاسی زۆری ئەویش ئەکاو دوعای خێری بۆ ئەکا .

جا لەدڵی خۆیدا حازری ئەکا بۆئەوەی بەکوڵ دوعاکەی بۆبکا، وەك چۆن کەسێك باسی پیاوێکی ساڵح ئەکا ، جا لەناکاو ئەڵێ : ئەی خوا دەرەجەت بەرز کاتەوە، ئەی خوا رەحمەت پێ بکا، ئەی خوا بتبەخشێت .. لێرەدا یادی پێغەمبەری خوا ئەکاتەوە، بۆیە وەك لە بەرامبەریەوە بێ پێی ئەڵێ :

(السلام علیك أیها النبي ورحمة الله وبرکاته) : ئەی پێغەمبەری خوا، خوا سەلامەتت کا، خوا رزگارت کا لە هەر دەردو ئافاتێك کە دێتە رێی ئینسان ، لە بەرزەخا، لە بەینی مردن تا قیامەتا، هەروەها لەرۆژی قیامەتدا، ئەی خوا بتپارێزێ لە هەر ئافاتێك، خوا بەزەیی بێتەوە پیاتا و، ئەوەی خێرە بۆتی بکا، یاخوا خوا بەرەکەت و خێرە بەردەوامەکانی خۆی برژێنێ بەسەرتا .

دوای ئەوە بیری ئەوە ئەکاتەوە کە بەندە ساڵحەکانی خوایش چ ئەوانەی لەمەوپێش بوون و رێیان بۆ رۆشن کردۆتەوە، چ ئەوانەی ئێستا هەنو هاوکاری لەگەڵ ئەکەن بۆ بەندەیی، ئەوانیش حەقیان

بەسەریەوە هەیە، ئەبێ دوعای خێر بۆ ئەوانیش بکا لەگەڵ خۆی، بۆیە خۆیو ئەوانی تریش کە خەریکن نوێژ ئەکەن ئەڵێن :

(السلام علینا وعلی عباد الله الصالحین) : خوا ئێمەیشو بەندە ساڵحەکانیش ساڵم بکاو بمانپارێزێ لە هەر شتێ کە ئافاتەو زەرەرو زیانە لە دونیاو لە قیامەتیشدا.کاتێ ئەڵێ : (السلام علینا) خوا ئێمە ساڵم و رزگار کا، خۆیوئەوانەی ئێستا هەن لەسەر زەویدا ئەگرێتەوە، چ ئەوانەی لەبەرچاون، چ مەخلوقی تری وەك مەلائیکەو غەیری ئەوانیش .کاتێ ئەڵێ : (و علی عباد الله الصالحین) کەسانیترکە لەمەو پێش بوون و رێیان رۆشن کردۆتەوە ئەگرێتەوە . ئەوە سوپاس کردن لەو کەسانەی حەقیان بەسەریەوە هەیە .

جا دوای ئەوە باسی ئەو نیعمەتە گەورەیەو ئەو پلەوپایە بەرزە ئەکا کە پێی گەیشتوە و ئەڵێ: (أشهد أن لاإلە إلا الله) : مانای ئەوەیە دوای ئەوە خۆم بۆم رۆشن بۆتەوەو هیچ گومانو دوو دڵیم نەماوە، ئێستا بۆ خەڵکیش روون ئەکەمەوە کە بزانن : ( لا إله إلا الله) بزانن هیچ فەرمانڕەواو فەریاد رەسێك نیە بێجگە لە (الله).

(وأشهد أن محمدا رسول الله) : هەروەها شایەتی ئەدەمو ئەوەیشم لێ رۆشن بۆتەوەو ئیقراری پێ ئەکەم کە (محمد) فرستادە و نێرراوی خوایە .

جا باشتر ئەوەیە کە بڵێین : (وأشهد ان محمدا عبده ورسوله): شایەتی ئەدەم کە ـ محەمەد ـ بەندەو فرستادەی خوایە .. بەندەی خوایە، دیارە لەوپەڕی پلەی بەندەییدا بووە، لە هەموومان زیاتر بەندەیی بۆ خوا کردووە، هەروەها رەسوول و فرستادەی خوایە، ئەو ناردویەتی بۆئەوەی رێگای بەندەیی بۆ ئێمە رۆشن کاتەوە .

تائێرە سوپاسگوزاریی کردووە لەوانەی حەقیان بەسەریەوە هەیە، باسی ئەوەی کردووە کە گەیشتۆتە چ پلەیەکی بەرز.

ئێستا کاتی ئەوەیە دوا قسەی خۆی بکاودوای ئەوە بڕاوەتەوە بۆ لای خەڵك، جا ئاوا دەست پێ دەکات:

(اللهمَّ صَلِّ علي محمد وعلي آل محمد، كما صَلَّيْتَ علي إبــراهيمَ وعلي آلِ إبراهيم) یا (اللهم صلِّ علي محمد وعلي آل محمد كما صليت علي آل إبراهيم وعلي آل إبراهيم إنك حميد مجيد). یانی : خوایە رەحمەت، هاوڕێ لەگەڵ ئیحتیرامو رێزلێنان برژێنە بەسەر محمددا، هەروەها بەسەر لایەنگرانو پەیڕەوانی محمددا، ئەوانەیهەر وەك ئەوان رێیان رۆشن کردۆتەوەو بەرنامەی بەندەییان گەیاندۆتە خەڵك، مەردومیان هێناوەتە سەر رێگای بەندەیی خوا، هەروەك رەحمەتو رێز لێنانت رژاند بەسەر ئیبراهیم و پەیڕەوو دۆستانی ئیبراهیم دا، بە ڕاستی تۆ (حمید)ی، شایستەی ئەوەی قەدردانیت لێ بکرێ، هەروەها (مجید)ی، خێرو بەرەکەتت زۆر زۆرەو گەورەی .

(وبارِكْ علی محمد وعلی آل محمد كما بارَكْتَ علی إبرهيمَ ی‌ـــلعو آل ابراهيمَ إنك حميد مجيد) :

بەرەكـەت برژێنـە بەسـەر محمـدو لایـەنگرانی محمـددا، هـەروەك بەرەكەتت رژانـد بەسـەر ئیبراهیمو لایـەنگرانی ئیبراهیم دا، چـونكە بەڕاسـتی تـۆ شایسـتەی ئـەوەی قـەدردانیت لێ بكـرێ، تـۆ خێـرو بەرەكەتو گەورەیی زۆرت هەیە..

جاكە ئەمەی ووت، هەم دوعای خێری كردووە بۆ پێغەمبەری خوا، هەم بۆ ئەوانەی هاورێی ئەو بوون تا قیامـەت ، ئەوانـەی ڕێگایـان بـۆ خەڵك ڕۆشن كردۆتەوە..

دوای ئەوە ئەگەر زانی دوعای تـریش بكـا، ئـەوە خـۆ زۆر باشـە، دوعا بكا بـۆ خـۆیو هـەموو موسـوڵمانانیتر، ئەگـەر هـەر ئـەیتوانی لەبەرئـەوەی كـە نەخوێنـدەوارە ، یـەكێك لـەو دوعایانـەی كەلـە حەدیسـەكاندا بەیان كراون بكا، ئـەتوانێ كەلیمەیـەك یـا دوو كەلیمـە لای كەمەكەی لەبەر بكاو چەندجارێك بیانڵێتەوە، وەك ئەوەی بڵێت:

(اللهمَّ اغْفِرْ لَنا وارْحَمْنا) : خوایە لە گوناهەكانمان چاوپۆشی بكـەو ڕەحمان پێ بكە .

دوای ئەوە كە ئاخرین قسـە و ڕازو نیازی خۆی كرد، ئـیتر ئـەركی خۆی تەواو بووەو، كاتی ئەوەیە بگەڕێتـەوە بـۆ نـاو خـەڵك .. بۆیـە دوای ئەوە ئەبێ لابكاتەوە بەملاو بەولادا، جا لە كاتێكدا لادەكاتەوەو

لـە حـزوری خـوادا ئەگەڕێتـەوە ـ وەك ئـەوەی کەلـە سـەفەرێك ئەگەڕێتەوە ـ ئەبینێ خەلکی لەملاو لـەولاوە هـەن، ئەگـەریش کـەس نـەبوو خـۆ مەلائیکـە هـەن، خۆموسـولمانیتر لـە جیهـانیتر هـەن.. سـەلامیان لێ ئەکاو ئەحوالیان ئەپرسێ ، ئەلێ:

(السـلام علیکم ورحمه الله .. السـلام علـیکم ورحمـه الله) : خـوا سـەلامەتتان کات، خوا بتان پارێزێ لە هەرچی ئافاتو دەردو بەلایە .. خوا رەحمتان پێ بکاونەوەی خێرە بۆتانی بکات، (لەسـەفەر هاتۆتـەوەو ئەبێ سـەلامیان لێ بکا)..

دیارە عادەتەن کەسێك کە ئـەڕوا بـۆ سـەفەر بۆلایگەورەیـەك ، کاتێ هاتەوە خەلکی چاوەڕوانی ئـەوەن شـتێکیان بـۆ بهێنـێ، ئـەمیش ئەمەی بۆ هێناونەتەوە،(دوعای خێروسەلامەتیورەحمەتیخوایی).

## حیکمەتی چەند بارەبونەوەی نوێژەکان لە شەو و ڕۆژدا

بەو جۆرە دوعاو سکالاو پاڕانەوە بەباشترین شێوە ئـەنجام ئـەداو، ئامادەیی پەیدا ئەکا بۆئـەوەی دەسـت بکـا بـە جێبـەجێکردنی ئـەرکو بەندەیی لەدوای نوێژی بەیانی تا ئەگاتە نیوەڕۆ، بەلام لەو بەینەدا لەبەر ئەوەی ڕەنگە غەفلەت هاتبێ بەسەریا. یا گرفتو دەردیسـەری بۆ پەیدا بووبێ ، لەبەر ئەوەی هەمیشە ئینسان نیازی هەیە بەوەی خوا کۆمەکی

بکا، ئارادەیەکیش ناتەواوی و لاوازی رووی تێکردووە ، لەبەر ئەوە واجبە لە نیوەڕۆیشا نوێژێکی تر بکاو دوعاو سکالایەکی تر بکا ـ ئەمجارە زیاتر لە ڕەکعەتەکانی بەیانی ئەکا، چوار ڕەکعەت ئەکا، لە ڕەکعەتی دووەمەدا کاتێك کە تەحیاتەکەی گەیاندە ئەو جێگایەی هەموو ئەزانن، هەڵئەستێتەوەو ئەڵێ: ( الله أكبر) خوا گەورەترە لەوەی کە ئەمە بەس بێ بۆی، هەروا بڕۆمەو بەجێی بهێڵم، بۆیە دوو ڕەکعەتی تر ئەکا، پاشان تەواوی ئەکا، لا ئەکاتەوەو سەلام ئەکا لەملاولای خۆی .

هەروەها دوای ئەوە ماوەیەکی تری پێ چوو نیازی ئەبێ بەوە نوێژێکی تر بکا، لە بەشی دوایی ڕۆژدا، بۆئەوەی کارو چالاکی ئەو ڕۆژەی بە دوعاو سکالا دوایی پێ بێنێ، هەروەها لە سەرەتای شەویشدا نوێژی مەغریب ئەکا، پاشان لەکاتی خەوتنیشا نوێژی عیشا

بەو جۆرە کە ژیانی بە نوێژو دوعاو سکالا دەستی پێکرد، هەرواش بەدوعاو سکالاو نوێژ دوایی پێ بێنێ .

## حیکمەتی نوێژی ویتر لەشەودا

جا دوای ئەم پێنج نوێژە کە فەرزن‌و بەبێ ئانەمانە ئینسـان نـاتوانێ بەندەی خوابێ، پاش نوێژی خەوتنان نوێژێکی تریش هەیە کـە ئـەکرێ ڕەکعەتێك بێ، ئەکرێ سێ ڕەکعەت بێ، ئەکرێ پێـنج ڕەکعـەت بـێ، تا یانزە بێ بەشێوەی تاك، واتە : پێنج، حەوت، نۆ، یانزە..

ئەگەر ئەو نوێژەش بکات ئەوە زۆر باشـرە ، پێـی ئـەوترێ نوێـژی (وتر) یانی (تاك) چونکە ڕەکعەتەکانی تاکن، یـا یەکـە، یـا سـێیە، یـا زیاترە لەوە، جا ئەکرێ پێش لە خەوتن بیکا، ئەکرێ لە نیـوە شـەودا خەبەری بێتەوەو بیکا، ئەکرێ لە ئـاخری شـەویشـەوە یـا لـە پارشـێوا بیکا، چونکە نوێژێکی گەورەیـەو بـاش ئەوەیـە ئەگـەر ئینسـان نوێـژە سوننەتەکانی تر نەکا، بەلایەنی کەمەوە ئەم نوێژە بکا ..

ئاوا ڕۆشن بووەوە کە نوێژ سکاڵاو دوعایە، گـەورەترین‌وکاملترین شـێوەیە بـۆ سـکاڵاو دوعـاو پاڕانـەوە لـە خزمـەت‌وحزووری خـوای گەورەدا.

جا ئەگەرئینسـان ئەو پێنج نوێژە فەرزەی بەئاگایی و دەرك‌و فەهمەوە کرد، ئەوە خوای ( متعال ) قەولی پێ داوەکە هیدایـەتی بـداو تـەوفیقی بدا کە بە ڕێگای بەندەییدا بڕوا، ئەگەر ئەو نوێژانەی ئـاوا کـرد، ئـیتر هەمیشە دڵی لای خوایـە ولـە خـوا غافـڵ نـابێ، ئەگـەریش جارجـار غەفڵەتێك بێت بەسـەریا زۆرکەم ئەبێـتەو زوونەکەوێتـەوە بـیری خـواو

خۆی نەجات نەدا و نەگەڕێتەوە بۆلای خوا. کاتی وایش هەیە زیاتر لەم نوێژانە ئینسان لە هەندێ کاتا مەجبور ئەبێ دوعایەك بکا ئەوەش هەر دروستە .. کاتی وا هەیە ئینسان توشی بەڵایەك ئەبێ، تووشی خەتەرێك ئەبێ، هەرچەندکاتی نوێژیش نیە، دیارە ئەگەر بڕوا لەوکاتەدا بۆی بکرێ دوو ڕەکعەت نوێژ بکاو لەو نوێژەدا بپاڕێتەوە، ئەوە زۆر باشترە .. پێغەمبەر (علیه الصلوات والبرکات) هەر کاتێ تووشی گرفتو دەردەسەرییەك ببوایە لە نوێژدا دوعاو پاڕانەوەی ئەکرد لە لای خوا، ئەگەریش بۆی ڕێك نەکەوتایە نوێژ بکا، دەستی ئەکرد بە دوعا کردنو پاڕانەوە لەلای خوا، بەڵام ئەبێ بزانین کە نوێژگەورەترین دوعایە کە سودی زۆری لێ ئەکەین .

## پوختەیەك لە باسی (زەکات)

دووەمین کردەوەیەك کە ئینسانی موسوڵمان ئەبێ ئەنجامی بدات، زەکات دانە . لە زۆرێك ئایەتی قورئاندا ئەم باسە کراوە کە دووکردەوەی گەورە هەن حەتمەن ئەبێ ئینسان دوای ئیمان هێنان ئەنجامیان بدات ، یەکێکیان نوێژە بەو جۆرەی باسمان کرد، دووەمیان زەکاتە ..

زەکات بە مانای ئەوەیە ئینسان لەو سەروەتو ماڵەی هەیەتی، ئەوەی زیادە لە پێویستی خۆی، بیدا بەوانەی ئیحتیاجیان پێیەتی . ئاوا

کردەوەیەك ئەبێ بەهۆی ئەوەی بڕوا بەرەو کەماڵ و زیاد بکا، هەروەك چۆن گیایەك یا دارێك مەوادی غەزایی پێ درا زیاد ئەکاو بەرەو کەماڵ ئەڕوا.

مەعنای زەکات لە ئەصلا یانی زیادکردن و چوون بەرەو کەماڵ جا لەبەرئەوە کە بەخشینی ماڵ ئەبێ بەهۆی گەشەکردنی‌ئینسان، ناوی نراوە (زەکات). دیارە ئەوکارە بەستراوە بە ئیمانی ئینسان ولە خوا ترسانییەوە، چونکە ئینسان خۆی دەزانێ چ شتێکی لێ زیادە لەنیازی خۆی ، تا بیدا بەوانەی کە نیازیان پێیەتی . چونکە نابێ ئینسان خۆی دەست بکات بە خۆشگوزەرانی و ڕابواردن و بڵێ ئیتر هیچم لە خۆم زیاد نیە تا بیدەم بە خەلکی .. ئەبێ ژیانەکەی خۆی دوور بێت لە خۆشگوزەرانی و ڕابواردن، جا لەوکاتەدا شتی زۆری ئەبێ کە لە خۆی زیادئەبێ و، ئەبێ بیداتە ئەم و ئەو.

## پوختەیەك دەربارەی ڕۆژوو

لێرەدا ئیشارەیەکی کورتیش بکەین بە ڕۆژوو. حەقیقەتی ڕۆژوویش پێویستە ئینسانی موسوڵمان بیزانێت ئەویش ئەوەیە کە ئینسان لە ڕێگای بەندەیی‌دا ئەبێ ئەوەی خوا پێی خۆشە، ئەوە بکات، ئەوەی خوا پێی ناخۆشە نەیکات و لێی بەدوور بێت . جائەوە زۆر زەحمەتە ئینسان وای لێ بێ خوا چی پێ خۆشە ئەوە بکا و چی پێ ناخۆشە ئەوە

نەکا، واتە (تەقوا)ی ببێت، لەبەرئەوە خوای گەورە دەورەی داناوە بۆ ئینسان لەو دەورەیەدا بەشداری ئەکات و، لە فەجرەوە تاخۆر ئاوا بوون خۆی دوور ئەگرێ لەو شتانەی زۆر دڵی پێوەیەتی و ئیشتیهایەتی ، لەو شتانە دووری ئەکا ، تا فێری تەقوا ببێت، لەمانگەکانی تر و ڕۆژەکانی تردا لە خوا بترسێ، لەکاتێکدا خۆراکی هەیە ، خواردنەوەی هەیە ، ئەتوانێ لەگەڵ هاوسەریا نزیکی بکا، بەڵام لەبەر خاتری خوا، لەتەواوی ڕۆژدا خۆی دوور ئەگرێ لەوانە ، بەهەوەس و ئارەزوی خۆی کار ناکات .. جا کە مانگێك لەو دەورەیەدا کاریکرد فێری ئەوە ئەبێت لە مانگەکانی تریشدا لەوەی خوا مەنعی ئەکا دووری بکاو، ئەوەی کەخوا ئەمری پێ ئەکا ئەنجامی بدا. بەو جۆرە (متقی) بەرەو خۆشبەختی و سەعادەتی هەمیشەیی ئەڕوا..

جا ئەو دەورە یەك مانگییە بەشی یەك ساڵی ئەکا، دوایی کە ئەندازەیەك لاوازی ڕووی تێ کردەوە، دەورەکە دوبارە ئەبێتەوەو مانگێکیتر دێتە پێشەوە و ئەچێتەوە ناو دەورە و خۆی بەهێزئەکات بۆ یانزە مانگیتر.

# بەشی پێنجەم

## کورتە باسێك دەربارەی پایەکانی ئیمان

- کورتەباسێك دەربارەی فریشتەکان
- کورتەباسێك دەربارەی کتێبە ئاسمانیەکان
- کورتەباسێك دەربارەی پێغەمبەران (علیهم السلام)
- هەندێ لە صیفەتەکانی خوای پەروەردگار
- دەربارەی قەزاو قەدەر

## کورتە باسێك دەربارەی فریشتەکان

پێشتر وتمان خوای گەورە هەروەك خالق و دروستکەری ئەم جیهانەیە، هەرخۆی فەرمانڕەواشیەتی، خۆی دروستی کردوە، خۆیشی فەرمان ڕەوایی ئەکات. لەزۆرێك ئایەتی قورئاندا هاتووە کەئاسمانەکان و زەی وئەوەی لەبەینیاندایە لەشەش ڕۆژگارا دروستی کردوون، پاشان تەختی فەرمان ڕەوایی گرتە دەست و دەستی کرد بە ئیدارەکردنی کاروباری ئەم جیهانە .

جا هەروەك فەرمانڕەوا خۆی لە مەرکەزێکدایە و بەملاوبەولادا ناچێ، بۆ ئەوەی گەورەیی و فەرمانڕەوایەکەی بپارێزێ ، بۆ ئەوەی فەرمانەکانی بگەیەنێ بە هەموو لایەکدا، کەسانێك هەن بەدەوروبەریا، ئەو فەرمان دەرئەکا، ئەوانیش ئەیگەیەنن بەهەموو لایەکی وڵاتەکەیدا ، هەروا خوای گەورەش ـ وَلَهُ الْمَثَلُ الأعْلىـ جۆرێك مەخلوقی دروست کردووە بەناوی (مەلائیکە)، فەرمانەکانی ئەسپێرێ بەوان و ئەوانیش ئەیگەیەنن بە هەمولایەکدا. بەوجۆرە فەرمان ڕەوایەکەی تەحقیق ئەبێ و فەرمانەکانی لە هەموو لایەکدا حازر ئەبن .

کەلیمەی مەلائیکە خۆی بەمانای (پەیامبەران)دێت ، یانی ئەوانەی پەیام لەلایەك وەرئەگرن و ئەیبەن بۆ لایەکی تر. (ملائکە) بەهەمویان ئەوترێ ، بەیەکێکیان ئەوترێ (مەلەك). مەلەك یانی کەسێ پەیام لەلایەك ئەبات بۆ لایەکی تر. لە ئایەتدا باس کراوە کە خوا مەلائیکەی

کردوون بە فرستادە ،کەلیمەی (رسل) یانی فرستادە (نێرراو). باسی کردووە هەر کاتیَ بیەویَ فەرمان و ئەمریَ دەرکا بۆلایەك لەم جیهانەدا، ئەیسپێریَ بەیەکێك یا چەند ئەفەریك لەوفریشتانە ، ئەوانیش ئەیبەن و ئەیگەیەننە جێگای خۆی . بەو جۆرە فەرمان رەوایەکەی سەرئەگریَ و، جیهان بەو جۆرە ئیدارە ئەکا.

ئەو مەلائیکانە هەندیَ سیفاتیان هەیە کەقورئان باسیان ئەکا ، ئەبیَ ئینسان بیان زانیَ و باوەری پێیان بیَ ، بۆ نمونە : ئەوە کە لە فەرمانی خوا دەرناچن . هەرچییەك ئەو ئەفەرمویَ ئەوە ئەکەن ، غەیری ئەوە هیچی تر ناکەن . هەر پەیامێکیان پیَ درا بیَنت ئەیگەیەنن . بەندەی بەرێز و رێزلێنراوی خوای گەورەن ، کاریان هەمیشە بەندەیی و عیبادەت و طاعەت وفەرمان بەرداریيە لەفەرمانی خوا. لەکاتێکەوە خوا ئینسانی دروست کرد، دەستوری دا بەوان کە لەخزمەتی ئینساندا بن، ئەو شتانەی کە پێویستیەتی بۆی ئامادە بکەن ، یارمەتی بدەن تا بتوانیَ عیبادەت و بەندەیی خوا بکا، ئاسانکاریی بۆ ئینسان بکەن تا بیانوی نەمێنیَ ، بۆ هیچ شتێك دانەمێنیَ، نەلیَ ئیمکانیات لەبەر دەستمدا نەبوو، نەمتوانی بەندەیی بکەم .

ئەوانیش هەر لەو سەرەتایەوە قبولیان کرد، ئیتاعەتیان کرد، لەوکاتەوە وان لەخزمەتی ئینساندا، هەرشتێك پێویست بێت بۆ ئینسان ئامادەی ئەکەن ، یەکێك لەو شتانەی ملائیکە ئەیکا بۆ ئینسان ئەوەیە

کە هەردووکەسیان مەئموری یەك ئینسانن ، لەلای ڕاست و چەپی‌یەوە هاونیشنن، هەرشتیٚ کە ئەیکا ئەینوسن و یاداشتی ئەکەن، بۆئەوەی لەدوایـدا بـەپێی ئـەوە موحاسـەبەو موحاکەمـەی بکـریٚ لـەدادگای خوادا..

هەروەها یەکێکی ترلە ئەرك وکاری مەلائیکە ئەوەیە ئەگەر ئینسان ڕێی ئیمان و عەمەلی صالحی گرت، ئەوان کۆمـەکی ئەکـەن، بـەئیزنی خواتەئیدی ئەکەن . ئەگەر ئیمانی زۆر زۆر بەهێز بـوو، ئـەوان زۆرتـر پشتی ئەگرن ، تاڕادەیەك کە لەکاتی شەڕکردن لەگەڵ کافرەکاندا دێن بۆ پشتیوانی لیٚکردنی، ئـەوانیش دەســت ئەوەشـێنن، شـەڕئەکەن، لـە دوژمن ئەکوژن . هەروەك لە قورئاندا باس ئەکا لـە غـەزای (بـەدر)دا کاتیٚ بڕوادارەکان لە پلەیەکی بەرزی ئیمانـدا بـوون، (هـەزار ئەفـەر) لەمەلائیکە بە دەسـتوری خوای‌گـەورە هـاتن و، کۆمـەکی‌یان کـردن، دەستیان کرد بەلێدانی دوژمن .

هەروەها ئەگەر کەسێکیش ڕێی‌کوفرو ئەنجامـدانی‌کردەوەی خـراپ بگریٚتە بەر، خوای (متعال) شەیتانیٚ ئەکا بە مەئموری کە لەگەڵیایی بـۆ ئەوەی زیاتر بیبا بەرێی گومڕاییدا..

لە قیامەتیشدا ئەو مەلائیکە بەرێزانـە کـە بەنـدەی بـەرێزی خـوان، مـەئمورن و، وەزیفـەو مەسـئولیەتیان هەیـە ، خەڵکەکـە کۆئەکەنـەوە وحازریان ئەکەن لە دادگای خوادا . پاشان ئـەوان ئامـادەن بۆئـەوەی

رەئیسی دادگا، قازی دادگا ـ کە خوای گەورەیە ـ هەرفەرمانێك دەرئەکا ئەوان جێبەجێی بکەن .

بۆ نمونە : کاتێك ئەمر دەرئەکا بۆئەوەی موئمینەکان ببرێن بۆ بەهەشت و، کافرەکان ببرێن بۆ جەهەننەم، ئەوانن ئەیاندەنە پێش خۆیان و هەرکامێکیان دەبەن بۆ جێگای خۆی، چەند نەفەرێکیش لەوان مەئموری ئازاردانی کافرەکانن لە جەهەننەمدا، هەندێکی تریشیان مەئموری میوانداریی و پەزیرایی کردنن لە موئمینەکان لە بەهەشتدا.

## کورتە باسێك دەربارەی کتێبە ئاسمانیەکان

پێویستە موسوڵمان بڕوای بە کتێبەکانی خوا هەبێت ، هەروەك پێشتر بەکورتی ئیشارەیان بۆ کرا. ئەبێ ئیمانی بەوە بێت کە بۆ هەر ئومەتێك خوای (متعال) بەرنامەی هیدایەت و ڕێنمایی ناردووە، لەهەر جێ و زەمانێکا کە پێویست بووە، بۆئەوەی خەڵکی عەقیدەیان بەو جۆرە بێ کە خوای گەورە ئەیەوێ . بۆ ئەوەی ڕێ و ڕەوشتی ژیانیان وابێ کە خوا ئەیەوێ ، بۆئەوەی ڕێگای عەمەلی صالح بگرن، ئەو کتێبانەی ناردووە، کە هەموشیان یەك بەرنامە بوون، ئەویش ئەوەیە ئینسان بەندەی خوا بێت . هەروەك لەوەو پێش باسمان کرد.. فەرقێك کە بوویانە ئەوە بووە کە یەکێکی بەعەرەبی ناردووە ، یەکێ تر بە

عیبری ، یا بەکوردی، یا بەتورکی، یا بەفارسی، بەغیری ئەوانەش، [1] بۆ هەر ئوممەتێك بەزمانی خۆیان کتێبی ناردووە ، تا ئـەو خەڵکـە بکەونـە سەر رێی هیدایەت ، بۆیە ئوممەت نەبوە کە پێغەمبەری بۆ نەنێرریٚ

## کورتە باسێك دەربارەی پێغەمبەران (علیهم السلام)

هەروەها ئەبیٚ بڕوادارئیمانی بیٚ بە پێغەمبەران، بەهلـــیئاً )، یـانی : ئەوانـەی خەبـەری وەحـی و بەرنامـەی هیدایـەتیان لەلایـەن خـواوە بۆهاتووە . هەروەها بـە (مرسلین) یـا (ل‌ـــەر ) واتـە : ئەوانـەی خـوا ناردونی بۆئەوەی بەرنامەی هیدایەت بگەیەنن بەخەڵك و رێی بەندەیان بۆ رۆشن بکەنەوە . ئیمان هێنـان بـەوانیش ئەوەیـە بـاوەڕی بیـیٚ کـە پێغەمبەری خوا بوون، فرستادەی ئەو بوون ، ئەوەی وەریانگرتوە حەق بووە ، بەرنامەی هیدایەت بووە لەلایـەن خـواوە . شـتێك نـەبووە لـە لایەن شەیتانەوە بێت، یاخەیاڵی خۆیان بیٚ . ئەوانیش توشـی کـەمترین خەتاو هەڵە نەبوون، بەتایبەتی‌لەومەجالەدا کەئەو شـتەیان وەرگرتـوە ، یانی ئەو بەرنامەی هیدایەتە .

---

[1] مامۆستا ناصر بەرەحمەت بێ بەپشت بەستن بەئەو ئایەتی ﴿وَإِن مِّنْ أُمَّةٍ إِلَّا خلَا فِيهَا نَذِيرٌ﴾ و ئایەتی ﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوْمِهِ﴾ بڕوای شەواوی هەبوو بەوە کە هەموو نەتەوە رەسەنەکان بەزمانی خۆیان پەیامی ئاسمانیان بۆ هاتووە و پێغەمبەریان بووە.(دەزگای بەرهەم).

هەروەها ئەبێ باوەڕ و یەقینی بێ کە هەرچییەك پێیان دراوە بێ ئەوەی لێی زیاد و کەم کەن گەیاندویانە و تەبلیغیان کردووە .
هەروەها لە گەیاندنەکەشدا هیچ کەمتەرخەمییان نەکردوە .

جگە لەوەش ئەبێ باوەڕی بەوە بێ کە ئەوان ئیمام و پێشەوا و سەرمەشق بوون بۆئەو خەڵکەی لە زەمانی خۆیانا بوون، هەروەها بۆ هەر بەندەیەك بیەوێ ڕێگای بەندەیی خوا بگرێ تا ڕۆژی قیامەت . ئەوان کە بەرنامەی هیدایەتیان لەخوا وەرگرتوە وگەیاندویانە بەخەڵك، موکەللەف بوون خۆیان یەکەم کەسێك بن عەمەلی پێ بکەن ، واجب بوە لەسەریان بین بەپێشەواو بۆ خەڵکی ڕۆشن کەنەوە کەئەبێ چۆن ئیمان بێنن بەکتێبەکانی خوا و ئەبێ چی بکەنو چی نەکەن؟ جالەسەر مەشق و پێشەوایی‌یەکەیاندا بەباشترین شێوە پێشەوایی‌یان کردوە و ئەرکی بەندەیی خۆیانیان بەجێ هێناوە ، بەڵام لەبەر ئەوەی کە بەشەر بوون جارجار توشی هەڵە بوون، بەڵام عەمدی نەبووە، بە قەصد نەبووە، دوای ئەویش کە تووشی بوون خوا وەحی بۆ ناردونو بەیانی کردووە کە ئەوە هەڵەبووە، ئەبوایە ئاوا بوایەو وا نەبوایە، ڕۆشنی کردۆتەوە کەحەق کامەیە ، ئەوەی دروستە کامەیە، ئەوانیش زوو لە هەڵەی خۆیان دەستیان کێشاوە و هاتونەتەوە سەر ئەو شتەی خوا بەیانی کردوە .. هەڵبەتە هەڵەکانیش زۆر کەم بوون ، ئەوەش پێچەوانەی ئەوە نیە کە ئەوان پێغەمبەر بوون و ئەو دەرەجە بەرزانەیان

هەبووە .. یانی وا نەزانرێ کە نابێ کەسێك پێغەمبەر بێت لـە شـتێکا هەڵە بکا، چونکە هەرچییەك بێت بەشەرە ، حیکمەتیشـی تیـابووە کـە خوا بەو جۆرە بەخەڵکی نیشان داوە تـا بزانـرێ ئـەوانیش بەشـەرن، بۆئەوەی خەڵکی نەیانکـەن بەفەریادڕەسـی خۆیـان و توشـی شـەریك قەراردان بۆ خوا نەبن ..

لـەلایەکی تریشـەوە ئەم حاڵەتە خەتەری تیا نـەبووە، چـونکە دوای ئەوە کە توشی هەڵە و(اشتباه) بوون خوا وەحی بـۆ نـاردون، ڕۆشـنی کردۆتەوە کـە ئـەوەی دروسـتە شـتی تـرە و ئـەوە نیـە .. بـۆ نمونـە: مەسەلەیەك کە لە غەزوەی (بەدر)دا ڕووی دا، کاتێ پێغەمبەری خوا بە مەشوەرەتی هەندێ لـەیارانی ڕەئی لـەسەر ئەوە بـوو ئـەو کافرانـەی وا ئەسیر کرابوون، نەکوژرێن و، لە بەرانبەری فیدیە ئازادیان کـەن، کـە ئازادیان کـردن هەنـدێ ئایـەتی قورئـان نـازڵ بـوون، هەڕەشـەی زۆر توندیان تیا بوو، بەیانی ئەوە کرا کە نە دەبوو ئەو کارە بکرێ ، حـەق نەبوو وا بکەن، بەلای خواوە کارەکە زۆرکـارێکی گـەورە و نابـەجێ بووە، بەڵام ئێستا خوا لێیان نـەبووری و عـەزابیان نـادا، لـەبەرئـەوەی ئیجتیهادیان کردووە و، بەعەمدی نافەرمانی خوایان نەکردوە، لەڕووی هەڵەوە توشی ئەوکارە بوون، نەئەوەی بیانەوێ نافەرمانی خوا بکـەن .

ئەفەرموێ : ئەوا ئێستا چاوپۆشی ئەکەم ، عەفووتان ئەکەم ، بەڵام جارێکیتر ئاوا کارێك ئەکەن[١] ..

جالێرەدا شتێك زۆر پێویستە گرنگی پێ بدرێ و دیققەتی تیا بکرێ، ئەویش ئەوەیە کە ئیمان بە مەلائیکە و کتێبەکان و پێغەمبەران (علیهم الصلاة والبرکات) ئەوە نیە تەنها ئینسان بزانێ مەلائیکە هەن بەو جۆرە کە وتمان، کتێبەکان هەن، یا پێغەمبەران نێرراون ، بەوجۆرەی باس کرا، ئەوە تەنها زانستێکە و ئیمانی پێ تەواو نابێ . بۆ نمونە : ئیمان بە مەلائیکە ئەوەیە ئینسان بزانێ خوا فەرمانڕەوای ئەم جیهانەیە، فەرمانەکانی بەهۆی مەلائیکەوە ئەگەیەنێ بەهەموو لایەکی جیهاندا. هەروەها مەلائیکە خەریکن کردەوەکانی ئینسان تۆمار ئەکەن .. لە قیامەتیشدا مەئموری خوان بۆ ئامادەکردنی خەڵك لەدادگای خوادا. لە بەهەشت و جەهەنەمیشدا هەرکام مەئموریەتێکیان هەیە . جا ئەبێ ئینسان ئائەوانە بزانێ و تەسلیمی ئەوانە بێ، پاشان زیاتر ئیحساسی مەسئولیەت بکا لەبەرانبەری خواوە کەئەو هەموو نەزم و تەشکیلاتەی رێك خستوە بۆئەوەی ئینسان بەندەیی بکا.

---

[١] - مەبەستی مامۆستا ناصر ئەوەیە کە دەبوایە ئەو دیل و ئەسیرانە بکوژرانایە. چونکە ئایەتەکانی ٦٦- ٧١ الأنفال ئەوە ئاگەیەنن . گومانی زۆر بۆ ئەوە دەچێ کە بۆ هیچ پێغەمبەرێك بە دیل بگرێ تا تواناو دەسەلاتێکی ئەبێ و پێگەو هێزی مەیدانی ئەبێ. ئایەتی «ما کان لنبي أن یکون له أسری حتی یثخن في الأرض» ئەم راستیە هەڵدەگرێ . (دەزگای بەرهەم).

هەروەها ئیمان بە کتێبەکان ئەوە نیە ئینسان بزانێ ئەوانە کتێبی خوان . بەڵکو ئیمان ئەوەیە ئینسان تەسلیمیان بێ ، چی لەکتێبەکانیدا هەیە دوای ئەوە کە ئەیزانێ عەمەلی پێ بکا ، بەپێی ئەوانە بژی، ئەگەر نا زۆر باشیش بزانێ کەلەو کتێبانەدا چیهەیەو بزانێ کتێبی خوان ، بەڵام عەمەلیان پێ نەکا، ئەوە ئەو زانینە تەنیایە هیچ بەکەڵکی نایەت .

هەروەها ئیمان بەپێغەمبەرانی خوا (علیهم صلوات الله وبرکاته) ئەوەنیە ئینسان بزانێ ئەوانە پێغەمبەربوون ، یا تەنانەت ئەوەش نیە بڵێ: خۆشم ئەوێن و ئیحترامیان ئەگرم ، قەدەمیان ئەنێمە سەرچاوم و ئەو جۆرە شتانە .. نەخێر؟ ئیمان بەپێغەمبەران ئەوەیە دوای ئەوە ئینسان زانی ئەوان بەرنامەیان لەلایەن خواوە وەرگرتوە و هێناویانە و خۆیان بوون بەسەرمەشق و، ڕێیان ڕۆشن کردۆتەوە بۆ خەڵك، دوای ئەوە تەسلیمیئەوە بێ، لە ژیانیدا پەیڕەوی ئەوان بێ، تەنها شوێن ئەوان کەوێ ، پێشەواو ڕابەری ترغەیری پێغەمبەران قبوڵ نەکا، تەنانەت ئەگەر زانایەکی موئمین و لەخوا ترس ئەکا بەپێشەوا و ڕابەری خۆی، ئەبێ لەبەر ئەوە بێ کە بەشوێن پێغەمبەرانی خوادا ئەڕوا، لەبەرئەوەی شوێن کەوتووی ئەوانە ئەم شوێنی ئەکەوێ ، چونکە لە حەقیقەتدا تەنها لەوحاڵەتەدا شوێنی ئەوان کەوتووە..

کەوابوو ئیتر ناتوانێ شوێن قانون و بەرنامەی تر بکەوێ، ناتوانێ ئیتاعەت لەوحاکمانە بکات کە بە قانونی خۆیان و هەواو هەوەسی خۆیان حوکم ئەکەن. ئەگەرکەسێ ئیتاعەت و فەرمانداریی لەوحاکمانە

کرد و،کەوتە شوێن ئەو قانون و بەرنامانەی کە هەوەس و هەوای ئـەو حاکمانەن، ئەوە نـاتوانیٚ بلّـیٚ کـە مـن ئیمـانم هەیـە بـە پێغەمبـەران. ئەگەریش پێغەمبەرانی خۆش بویٚ و بزانـی کـە پێغەمبـەرن ، یـا بزانـیٚ ئەوکتێبانە کتێبی خوان بەکەڵکی نایەت و، خوای (متعـال) لێـی قبـوڵ ناکا .

## هەندیٚ لە سیفاتەکانی خوای پەروەردگار

شتێکی زۆر گرنگ هەیە بەبیٚ ئەوە ئینسان ناتوانیٚ بەندەی خـوابیٚ و عیبادەتی بکات، ئەوەش ئەبیٚ ڕۆشن بیٚ و، ئینسان بەتەواوی تەسلیمی بێت، تابتوانێت ڕێگای بەندەیی خوا بگرێت.. ئەویش ئەوەیە بزانیٚ کـە خوای (متعـال) لـە هـەموو شـتیٚ خەبـەرداره، هـەموو شـتیٚ ئـەزانیٚ، قودرەت و توانای هەیە بۆ ئەوە هەر شتیٚ بیەویٚ بیکـا و ئـەنجامی بـدا، هەرکاریٚ بیکا بەجێگەیەو دروستە، کاری نابەجیٚ و بیٚ هـوودە ناکـا. بۆیە لەسـەر ئـەو ئەساسـە پێش ئـەوەی ئـەم جیهانـە دروسـت بکـا، نەخشـەیەکی ڕژانـدوە بـۆ دروسـت کردنـی، هـەروەك چـۆن ئەگـەر لەجێگایـەکا بیانـەویٚ نەخۆشـخانەیەك دروسـت کـەن، لـە پێشـدا موهەندیسیٚ نەخشەو گەلاڵەی ئەرێژیٚ و دیاری ئەکا، دوایی میعمـارو وەستا وکرێکار دێنە سەری و بەوجۆرە کە نەخشەی بۆ ڕژاوە دروستی ئەکەن و نەخشەکە پیادە ئەکەن.. هەروەها خوای گـەورەش - وَلِلّــه

الْمَثَلُ الأَعْلَىَ- پێش ئەوە ئەم جیهانە دروست بکا، نەخشەی بۆ ڕژاند، دیاری کردکە چەند نەوع مەخلوقات دروست بکـا ، لەهەرنـەوعێك چەند فەرد بەدی بێنیّ و چەند شتیش خەلق بکا، هەروەها دیاری کـرد چەند ڕوداونەبیّ ڕوو‌بدات، چی ببیّ، چی نەبیّ؟ هەمرونەوەی کە نەبیّ دیاری کرد، ڕۆشنی کردەوە کە چی دێتە دی ، چیـنایەتە دی ، چـی نەبیّ، چی نـابیّ ؟ جـادوای ئـەوە دەسـتی کـرد بـە پـیادەکردنی ئـەو نەخشـەیە ..

خوای گەورە لە پێشا ناوی بەدی هێنـا، دوای ئـەوە ناوەکـەی‌کرد بە دووکـەڵ ، جـا لـە دوکەڵەکـە ئاسمانـەکان و زەوی و ئـەوەی لـە بەینیاندایـە دروسـت کـرد.. ئاسمـان و زەوی لـەدوو مەرحەلـە و ڕۆژگاردا، ئەو شتانەش کەوان لە زەویدا- لە گیا و دارو درەخت و خێرات و بەرەکاتیّ تیایدا هەن وکەژو کێوەکـان - ئەمانـەش لەچـوار مەرحەلەی تردا، لەچوار ڕۆژگاری تردا، هەمووی بووە شـەش ڕۆژ ، شەش ڕۆژی خوا کە هەر ڕۆژێکی زەمانێکی زۆر دوور و درێژە .

## دەربارەی قەزاو قەدەر

جـا هـەر لـەو نەخشـەو گەڵاڵەیـەدا ئـەوەی دیـاری کـردوە کـە مەخلوقێك دروست بکا، هـەم (عـیلم و زانسـت )ی ببـیّ و، خێـرو شەڕو، دروستو نادروست لەیـەك جیـا بکاتـەوە، واز لـەوی تریـان

بهێنیٚ، ئەو مەخلوقەش ئینسانە . بەڵام هەروەك لەپێشا وتمان خـوای گەورە باسی کردووە کە هەر خۆیەتی هەرشتێك ئەکا ، کارێك بکـریٚ هەر خوا ئەیکا، ئینسانیش هەروەك ئـاگر و بـەرد و دار و هەرشـتێکی تر، سەبەبێکە لە سەبەبەکانی خـوا، خـوا بـەهۆی ئـەوەوە هەنـدیٚ لـە کارەکانی ئەنجام ئەدا. بەڵام مانای ئەمەش ئەوە نیە ئینسان ئیرادەی نیە، یا هەروەکو ئاگر وایە و بیٚ ئیرادەیە، یا سەبەبێکەو خوا شتی پیٚ ئەکا بە بیٚ ئەوەی کەخۆی ئیرادەی ببیٚ .. نەخێر لەعەینی ئـەوە دا کەئینسـان سەبەبێکە لەسەبەبەکانی خوا، دارای (ئیرادە )شە، ئەتوانیٚ لە دوو ڕێگا یەکێکیان هەڵبژێریٚ و لەوی تریـان دەسـت بـەردار بـیٚ، بـۆی هەیـە ڕێگای خۆشبەختی یا بەدبەختی بۆخـۆی هەڵـبژێریٚ. وانیـە کـە خـوا زۆری لیٚ بکا ، بەزۆر بەرێگایەك لەو ڕێگایانەدا بیبا..

جا بۆئەوەی ئەمە ڕۆشـن ببێتـەوە، بـا یـەك دوو نمونـە بێنینـەوە و ڕوونی کەینەوە کە چۆن ئینسان هەم سەبەبە بۆ کارەکانی خـوا، هـەم ئیختیارو ئیرادەشی هەیە و بە ئیرادەی خۆیەتی‌کە ڕێگایەك هەڵئەبـژێریٚ : فەرز ئەکەین ڕۆژی قیامەتە ، خوای گەورە خـەڵکی بـانگ کردۆتـە دادگا ، یـەك نەفـەر کەکابرایـەکی بـە تفـەنگ کوشـتووە ڕاگرتـوە ، خەریکە مەحکەمەی ئەکا و پرسیاری لیٚ‌ئەکا کە بۆچی ئـەو کابرایـەت کوشت؟ ئەویش جواب ئەداتەوە کە من خۆم شتێکم نەکردوە، مەگـەر من سەبەبی کارەکانی تـۆ نـیم؟ منـیش وەك هـەر شـتێکی تـر مەگـەر

سەبەب نیم؟ تۆ ـ واتە خوای گەورە ـ کارت کردووە و من سەبەبی تۆبووم، ئیز من چ گوناهێکم هەیە؟ خوای گەورەش ئەفەرموێ : باشە تۆ سەبەبی کاری منی، بەلاّم شتێکی ترهەیە : خۆمن لەسەر ئەوە مەحکەمەت ناکەم کە کابرایەك کوژراوە، ئەوەتا کەسێکی تریش لەولاوەیە ئەفەرێکی کوشتوە، بەلاّم لەبەرئەوە کە قەسدو(تەصمیمی) نەبووە بیکوژێ مەحکەمەی ناکەم ، چونکە لە دەستی دەرچووە کەکوشتویەتی، بۆیە تۆلەسەرئەسلّی کوشتنەکە موحاکەمە ناکەم، لەسەر شتێکیتر موحاکەمەت ئەکەم، تۆ لەکاتێکدا پەنجەت نابووە سەر ماشەی تفەنگەکە ، خەریك بوو بیتەقێنی و بیدەی لەسەر دلّی کابرا و بیکوژی، نالەوکاتەدا ئەتزانی من چیم بریار داوە ؟ چیم تەقدیرکردووە کە تۆ بیکەی؟ ئەتزانی کە من نوسیومە ئەبێ تۆ ئەم شەخسە بکوژی؟ دیارە کابرا عەرز ئەکا : نەخێر، لەوکاتەدا ئیحتیمالی ئەوە هەبووە کەتۆ (مقدر)ت کردبێ من ئەو شەخسە بکوژم، ئیحتیمالی ئەوەش هەبوو کە (مقدر)ت نەکردبێ و قەرار وابێ کە من نەیکوژم . واتە پەنجا لە سەد ئیحتیمالی کوشتن بووە، پەنجا لە سەد ئیحتیمالی نەکوشتن، لەوکاتەدا من نەمئەزانی کەچی بریار دراوە . جا خواش ئەفەرموێ : ئەی کەی بۆت روون بوەوە؟ کابرا ئەلّێ : من تفەنگم تەقاند،کابرا کەوت و چوومە سەری ، تەماشام کرد سارد بۆتەوە، ئەو

کاتە من زانیم کە(مقدر) بووە و بڕیار بووە کە من ببم بەسەبەب بۆ کوشتنی ئەم شەخسە..

جا خوای (متعال) ئەفەرموێ : کەوابوو لە کاتێکدا وا تۆ خەریك بووی ئەو بکوژی، لەلات ڕۆشن نەبووە چی بڕیار دراوە و لە دواییدا مەعلوم بووە کە قەرار بووە تۆ بیکوژی، تازە تۆ کاری خۆتت کردبوو، تۆئەوەی وا لەدەستت هاتبوو ئەنجامت دابوو، ئیتر شتێك نەمابوو بۆ تۆکە بیکەیت؟ دەی من لەسەر ئائەوە موحاکەمەی تۆ ئەکەم ،کە لەوکاتەدا وا نەتئەزانی کە کوشتنو نەکوشتن کامیان بڕیار دراوە، کەچی تۆ کوشتنت هەڵبژارد بۆ خۆت، من ئەڵێم : بۆ لە دوو ئیحتیمال ، لەو خێر و شەڕە، تۆ شەڕەکەیانت بۆ خۆت هەڵبژارد؟ خۆ شەریعەت و بەرنامەو کتێبەکەی من حازر بوو، لەوکاتەدا بەرنامەی هیدایەت پێی ووتی کە : مەکوژە، لە جیاتی ئەوە کە کوشتنەکە هەڵبژێری، نەکوشتن هەڵبژێرە. پێشتر وترابوو: مەکوژە، دروست نیە .. تۆ بۆچی لە بەینی کوشتن و نەکوشتندا،کوشتنەکەت هەڵبژارد؟ من لەبەر ئەو هەڵبژاردنە تۆ موحاکەمە ئەکەم و تۆڵەت لێ ئەکەمەوە، تەنانەت ئەگەر دوای ئەوە کە تۆکوشتنت هەڵبژارد و تفەنگت تەقاند، نەشی کوشتایە، ئێستا هەر موحاکەمەم ئەکردی، چونکە تۆ ئەو نیەت وعەزمە و ئەو هەڵبژاردنەت لەدەست هات و ئەوەت ئەنجامدا..

بەم جۆرە ڕۆشن ئەبێتەوە کە ئینسان لە ڕێگای بەندەیی خوادا ئەوەی لەدەستی بێت ئەوەیە (تەصمیم) بگرێ کاری باش بکات، لە خراپە دوور بێت ، لەوکاتەدا کە نیەت دێنێ ڕۆشن نیە کە خوا چی دیاری کردوە .

کەوابوو ئینسان بۆخۆی موختارە و بەمەیلی خۆیەتی کە یەکێك لەو دوولایە هەڵئەبژێرێ . دوایی کە هەڵیبژارد ئەوکاتە ڕۆشن ئەبێتەوە خوا چی کردوە، ئەم تەکلیفی خۆی و مەسئولیەتی خۆی ئەنجام داوە، لەسەر ئەو تەکلیف و مەسئولیەتە خوا موحاکەمەی ئەکا، جەزاو پاداشت یا سزای ئەداتەوە..

پاشان ئەبێ ئەوەش بزانین مادام ئینسان بۆ بەندەیی دروست کراوە، ئەبێ هەمیشە بیری لای ئەوە بێت تەکلیفی چیە ، ئەبێ چی بکا و چی نەکا؟ چی خوا ئەفەرموێ بیکە ، ئەوە بکا . ئەوە مەکە، نەیکا . مانای ئەوەیە ئەوەی خێرە (تصمیم) بگرێ بۆی و هەڵیبژێرێ، ئەوەش کە شەڕە لێی دوور کەوێتەوە، ئەوەیلەدەستی ئەم بێت تەنها (تصمیم) گرتنەکەیە، بەلاّم بەئەنجام گەیشتنی خێرەکە یا شەڕەکە، ئەوە لەقودرەتی ئەما نیە و خوای گەورە ڕێکی دەخا.. دەی کاتێ وابوو ئیتر ئینسانی موسوڵمان نابێ بیری بەلای ئەوانەوە بێ کە چی ئەبێ و چی نابێ ، چی ڕوودەداو وچی ڕوونادا؟ ئەوە بسپێرێ بەخوای (متعال). ئەوهەر بیری بەلای ئەوەوە بێت کە ئەبێ چی بکا و چینەکا؟ کەسێك

کەرێگای بەندەیی خوا نەگریتە بەر، زۆرێك لەوگیروگرفت و دەردەسەرییە ـ لەوانەی کە دەردی سەر و گیروگرفتی زاهیرین ـ دێتە ڕێگای ..

ئەبێ ئینسانی موسوڵمان هەر بیری لای ئەوە بێت کە خوا تەکلیفی لێ کردووە ئیمان و عەمەلی صالحی ببێت، بەرێی خێرا بڕوا، لە کوفرو کردەوەی ناپەسەند، لە کاری شەڕ، دووریی بکا . ئەو خەریکی ئەرکی خۆی ئەبێ، جا ئیتر چی ئەبێ و چی نابێ، ئەوە بەدەست خوایە .. ئەگەر خوا قەراری دابوو خێری تووش بێت، نیعمەت و ئیمکاناتی دونیای دەست کەوێت، ئەوە دەستی ئەکەوێت، ئەگەر هەزارهەزار دوژمنی هەبێت . ئەگەر قەراریشی دابوو توشی دەردەسەری و چەرمەسەری و گیروگرفت ببێت، حەتمەن دێتە ڕێگەی، ئەگەر هەزار پشتیوانیشی هەبێت لە دونیادا. ئەگەر قەراری دابوو لەسەر دەستی دەستەڵاتدارێك بکوژرێ، حەتمەن ئەکوژرێ ئەگەر هەزار نۆکەریشی بۆ بکات . ئەگەر خوا قەراری دابوو بەدەستی کەس نەکوژرێ، هەزار دوژمنیشی بێ و بکەونە هەوڵ بۆ ئەوەی لە بەینی بەن، حەتمەن ناتوانن زیانو زەرەری پێ بگەیەنن‌و ناکوژرێ .. عومرو ڕزقو، خۆشیو، ناخۆشیو، ئیسراحەتو، دەردیسەرو، گیروگرفتو، خێرونیعمەتو، نەبوونی نیعمەت، ئەمانە هەموو لەدەست خوادان .. ئینسان ئەبێ هەر بیری لای ئەوە بێت چیبکا و چی نەکا؟ ئەوەی کەچی ئەبێ و چی

نابیّ؟ خۆشی ئەبیّ یا ناخۆشی؟ مردن ئەبیّ یان نا؟ لە دەست دەرچونی ماڵ و سەروەت ئەبیّ یان نا؟ هەرچییەك ئەبیّ و هەرچییەك نابیّ، ئەوانە هەمووی عەلاقەی لەگەڵیا نیە، حەق نیە بیریان لیّ بکاتەوە . ئەوانە بەدەست خوان، خوا بڕیاری دابیّ ببن، حەتمەن ئەبن ، بڕیاری دابیّ نەبن، نابن ئینسان ئەبیّ دڵی ڕەحەت بیّ، دڵی ئارام بگریّ ، ئەگەر ڕێگای بەندەیی خوا بگریّ، خەریکی ئەدای وەزیفەی بەندەیی بیّ ، ئەوەی بۆی دیاری کراوە حەتمەن پێی ئەگا، ئەوەش بۆی دیاری نەکراوە، بۆی قەرار نەدراوە ، هەزار جاریش لە ڕێگای بەندەیی لابدات دەستی ناکەوێت . ئەگەر شتێکت دەست کەوت ئەوە هی خۆت بووە، خوا هەر لە ئەوەڵەوە بڕیاری داوە و حەتمەن دەست ئەکەوێت .. ئەگەر شتێکیش لەدەست دەرچوو، ئەوە بزانە هەر قەرار ئەبووە هی تۆ بیّ، بۆیە لەدەست دەرئەچیّ، چونکە ئەگەر هی تۆ بوایە حەتمەن هی تۆ ئەبوو، ئەبوو بەنسیبت .. جا کەوایە ئیتر ئینسانی موئمین ئەبیّ لەوپەڕی دڵئارامی وهێمنیدا خەریکی ئەدای مەسئولیەت و بەندەیی بیّ ، بیری بەلای ئەوەوە ئەبیّ چی ئەبیّ و چی نابیّ و چۆن ئەبیّ و چۆن نابیّ، ئەوانە بسپێریّ بەخوا، تەوەککول بکا لەسەر خوا.. هەمیشە خەریکی ئەوە بێت کە ئیمانی زیاتر و زیاتر بکا ،کردەوەی چاك ئەنجام بدات ـ کە ئەمانە سەببی خۆش بەختین ـ دوای ئەوە، خوای گەورەش خێری دونیاو ئاخرەتی بۆ فەراهەم ئەکا.

ئەمە ئەوەیە پێی ئەوترێ ( قەزاو قەدەر)، پێویستە ئینسانی موسولمان ئیمانی پێی بێ، بەبێ ئائەمە ناتوانێ بەندەیی خوابکا . ئەگەر بیری بەلای ئەمەوە نەبێت و تەسلیم نەبوو بێت لە دلّیا، سەری لێ ئەشێوێت، لە جێی ئەوەی وەزیفەی بەندەیی بکا، لە جێی ئەوە عیبادەت بۆ خوا بکا، هەر لەبیری ئەوەدا ئەبێ چی ئەبێ و چی نابێ، عیبادەت و بەندەییەکەی لەدەست دەرئەچێ ، سەبەبی خۆشبەختی لەدەست ئەدا، هیچێکیش ناتوانێ بگۆڕێ ، چونکە خوای (متعال) هەر بڕیارێکی داوە هەر ئەوە ئەبێ وغەیری ئەوە نابێت ، جا لە ئاوا کاتێکدایە کە ئیتر ئینسان لە هیچ دەستەلاتدارێك ترسی نابێت ، ئەزانێ کە غەیری خوا کەسی تر ناتوانێ کەمترین زیان و زەرەرێکی پێ بگەێنێ ، هەروەها دلّنیا ئەبێ کە هیچ خێر و چاکەیەك لە دەستی کەسی تردا نیە، هەمووی هەر لە دەستی خوادایە ، هەر ئومێدی بەوە، ترسی هەر لەوە و ترسی لەغەیری ئەو نیە ، خەفەت و ناخۆشی ڕوو ناکاتە دلّی ئینسان ، بەدلّێکی ئارام و پڕ لە هێمنیەوە خەریکی جێبەجێکردنی ئەرکی بەندەیی ئەبێ ، ڕێی بەندەیی ئەگرێ ، ئەڕوا بەرەو خۆشبەختی و بەختیاری هەمیشەیی

# بەشی شەشەم

## هەندێ لە ئەرکە ڕەوشتیەکانی سەرشانی موسڵمان

- ئەو ڕەوشتە ناپەسەندانەی لە سورەتی (القلم) باسکراون: •سوێند خواردنی زۆر •سوکی و نزمی •شکاندنی کەسایەتی خەڵکی •قسە هێنان و بردن •ڕێگرتن لە خێرو چاکە •دەست درێژی •بەدڕەفتاری •توند تەبیعەتی •نامۆیی لە خەڵکی •سەرکەشی و لە خۆبایی بوون.
- ئەو ڕەوشتانەی لە سورەتی ( المعارج) باس کراون: •ڕاڕایی ئینسان •بەردەوامی لەنوێژ •بەخشینی ماڵ و دارایی •بڕوا بە دوارۆژ •لە سزای خوا ترسان •داوێن پاکی •دەست پاکی و سپاردە پارێزی •شایەتی دانی هەق.

- هەندێکی‌تر لە ڕەوشتە باشەکان:

•چاکە لەگەڵ دایك و باوك •بەخشینی مافی خزم و هەژار و لێ‌قەوماو •ماڵ بەفیڕۆ نەدان و میانڕەوی لە سەرفی ماڵ •بڕوا بە ڕۆزیدەری خوا •دوور کەوتنەوە لە داوێن پیسی •نزیك نەکەوتنەوە لە کوشتنی‌ناهەق •نزیك نەکەوتنەوە لە ماڵی هەتیوان •بەڵێن پارێزی و وەفاداری •دادخوازی لە کێشانەو پێوانەدا •دڵنیا بوون لە زانیاری •فیزنەکردن.

- ئامۆژگاریەکانی لوقمان بۆ کوڕەکەی:

•نوێژ •فەرمان بەچاکەو قەدەغەی خراپە •خۆڕاگری •لەخۆبایی نەبوون •خاکی بوون •دەنگ نزمی.

- بەشێ لە تەفسیری سورەی (الفرقان):

•یەواش بەزەویدا چوون •مامەڵەی چاك لەگەڵ نەفامان •شەوبێداری •ترس لەسزای دواڕۆژ •گەواهی نەدانی ناهەق •گوێ نەدان بەنەفامان •تێڕامان لە ئایەتەکانی خوا •دوعای خۆشویستنی هاوسەرو نەوە •دوعای بونە سەرمەشق.

- بەشێ لە تەفسیری سورەتی( الحجرات):

• فەرمانبەرداری خواو پێغەمبەری خوا (ﷺ) • ڕێزگرتن لە پێغەمبەرانی • بڕوانەکردن بە فاسقان • گاڵتە نەکردن بەیەکتر • ناوو ناتۆرە نەوتن • خۆلادان لە زۆرێ لە گومان • سیخوڕی نەکردن • غەیبەت نەکردن.

- پوختەیەك لە تەفسیری سورەتی (العصر)
- پوختەیەك لە ئەحکامی سورەتی(الاحزاب):

• هاوسەرانی ڕابەران و چۆنیەتی ڕەفتاریان • ئەحکامی ژنی بڕوادار لە هەڵس وکەوت و پۆشتەییدا.

- هەندێ لە ئەحکامی سورەتی( النور)
- گرنگی دوبارەکردنەوە لە پەروەردەکردندا

## هەندێ لە ئەرکە ڕەوشتیەکانی سەرشانی موسڵمان

دوای ئەوەی ئیمان و باوەڕی ئینسان بەم جۆرەی باسکرا دامەزرا و ئیمان لە دڵیا جێگیر بوو، ئیمان بەخوا، بە مەلائیکە، بەکتێبەکانی خوا، بەپێغەمبەران، بەڕۆژی قیامەت، دوای ئەوە عەزمی کردکە ڕێگای بەندەیی خوا و ئیمان و عەمەلی سالّح بگرێتە بەر لەژیانیدا، بڕیاری دا هەر لەو ئیتاعەت بکا، بەندەیی و عیبادەت هەر بۆ ئەو بکات ، داوای کۆمەکیشی لێ کرد ، بەتایبەت نوێژی کرد، لە خوا پاڕایەوەکۆمەکی بکا، بۆئەوەی بتوانێ ئەو پەیمانەی بباتە سەر... دوای ئەوانە زۆرێك لەتەکلیف ومەسئولیەتەکان ڕوونەکەنە ئینسانی موسوڵمان، کەلە قورئان و، لە حەدیسەکانی پێغەمبەری خواوکردەوەکانیدا (علیە الصلوات والبرکات) دیاری‌کراون و ڕۆشن کراونەتەوە،ئەبێ یەك لە دوای یەك ئەوانە بزانێ وئەنجامیان بدا، لەژیاندا بەڵێن بدا لەگەڵ ئەوانە بژی .

ئەبێ ئەوەش بزانین کە ئەو ئەرك و تەکلیفانە هەموو ژیانی ئینسان ئەگرنەوە ، مەسئەلەیەك، یا حالّەتێك لەژیانی ئینساندا نیە کە لە لایەن خواوە بەرنامەو قانونی بۆ نەهاتبێ ، شتێك نیە ئینسان بتوانێ لەوشتەدا لەغەیری خوا بەرنامە و یاسا وەرگرێ وئیطاعەت لە غەیری خوا بکا .

بۆیە پێویستە لێرەدا باسی چەند دەستورو حوکمێك بکەین کە لە قورئانا باس کراون . ئەو دەستورانەی زۆر پێویستن موسوڵمان بیانزانێ

وعەمەلیان پێ بکا، چونکە تەنها بەکارکردن بەوانەو شوێنکەوتنی فرمانی خوا لەوانەدا، ئینسان نەبێتە بەندەی خوا و ڕێگەی ئیمان و عەمەلی صالح نەگرێتەبەر. بەبێ ڕیعایەتی ئەوانە و، بێ کارکردن بەوانە، ناکرێ پێی بوترێ بەندەی خوا.

ئەوەش بزانین کە دینی خواو دەستور و فەرمانەکانی یەك دینە و یەك بەرنامەیە، ناکرێ ئینسان هەندێکی قبوڵ بکا وهەندێکی قبوڵ نەکا . ئەوانەی وا هەندێ لەفەرمان و دەستورەکانی خوا قبوڵ ئەکەن و هەندێکی تری قبوڵ ناکەن ، یا موبالاتی پێ ناکەن، خوا لێیان قبوڵ ناکات . ئەوانە بەندەی خوانین ، نابێ دڵ خۆشکەن بەوەی ئەگەن بەخۆشبەختی و بەختیاریی لە دونیا وئاخیرەتدا.

جا لە زۆرێك لە ئایەتەکانی قورئاندا ئەو دەستوور و فەرمانانە بەیان کراون . چەند دانەیەکیان لە چەندین ئایەتی قورئاندا باس کراون کە ئێمە باسیان ئەکەین تا بزانرێ ئەبێ چی بکرێ و ئەبێ چی نەکرێ ..

## ئەو ڕەوشتە ناپەسەندانەی لە سورەتی (القلم)دا باس کراون

لەسورەی (القلم) دا خوای گەورە دوای ئەوەی ڕێنمایی پێغەمبەرەکەی ئەکا بۆئەوەی هەر لەسەر ڕێی بەندەیی و تەبلیغ و گەیاندنی بەرنامەی خوا بمێنێتەوە، گوێ نەدا بەقسەی ئەم وئەو لە دوژمنانی خوا دڵی خۆش ئەکا و پێی ئەفەرموێ :( وَإِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظِيمٍ): بە ڕاستی تۆ خوو ڕەوشتێکی زۆرگەورەت هەیە، لەسەر خووڕەوشتێکی زۆر بەرزو دامەزراوی . دوای ئەوە بەیانی ئەو خووڕەوشتە ناپەسەندانە ئەکا کە دوژمنەکانی ئەوهەیانە ، لەو ڕەوشتانەی‌کە ئینسانی موسوڵمان ئەبێ هەوڵ بدا لێیان دوور بێت ، خۆ ئەگەر شتێ لەوانەی تێدا بێ ئەبێ بە زووترین کات تێ کۆشێ بۆئەوەی خۆی لێیان دوورخاتەوە..ئەفەرموێ:

(وَلَا تُطِعْ كُلَّ حَلَّافٍ مَّهِينٍ. هَمَّازٍ مَّشَّاءٍ بِنَمِيمٍ. مَّنَّاعٍ لِّلْخَيْرِ مُعْتَدٍ أَثِيمٍ. عُتُلٍّ بَعْدَ ذَلِكَ زَنِيمٍ . أَن كَانَ ذَا مَالٍ وَبَنِينَ. إِذَا تُتْلَى عَلَيْهِ آيَاتُنَا قَالَ أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ):

* یەکێك لەوانە(زۆرسوێندخواردن)ە، خوای گەورە وشەی ﴿ حَلَّافٍ ﴾ی بەکارهێناوە واتە ئەوکەسەی زۆرسوێندئەخوا.. زۆرسوێندخواردن نیشانەی ئەوەیە ئەو ئینسانە شەخسیەتی نیە، خۆشی بە خۆی ئەزانێ کە دارای شەخسیەت نیە ، دارای نرخ و ئیعتیبار نیە . لەبەرئەوە کە خۆی بڕوا بەخۆی ناکا، وائەزانێ خەڵکی تریش بڕوای

پێ ناکەن، هەرقسەیەك کە لە دەمی دەردێت لەگەڵ سوێندێکا لەدەمی دەردێت ..

جا کاتێك ئەوە لای خەڵك دەرکەوت و خەڵك وای ناسی، هەروا کەخۆی هەیە ، ئەوەی هەروا لێی ئەترسا هەر ئاوا دەرنەکەوێ ، تووشی ئەوە ئەبێت کە خەڵکی تریش ئەیزانن .

ئینسانێ شەخسیەتی هەبێ، قەدرو قیمەتی هەبێ، لە قسەکردنیا دەرنەکەوێ، پێش لە هەموو کەس خۆی بە خۆی بڕوا ئەکا، خۆی بە خۆی ئیعتیمادی هەیە، هەر ئەو بڕواو ئیعتیمادەی کە خۆی بەخۆی هەیەتی لای خەڵکیش مەقبوڵ ئەبێ ، خەڵکیش بڕوای پێ ئەکەن، ئیعتیمادی پێ ئەکەن، قبوڵ ئەکەن کە دارای شەخسیەتێکە، ئیتر نیازی نابێ بەوەی لەگەڵ هەر قسەیەکدا سوێند بخوا.. بەڵێ جارجار زۆرکەم ئینسان نیازی ئەبێ بەوەی بۆ ڕۆشنکردنەوەی شتێك سوێندێ بخوا، بەڵام ئینسانی موسڵمان زۆرکەم ئەوکارە ئەکا .

* یەکێکی ترلەو خووڕەوشتە پیسانە کە هەر لەپاڵ ئەوەدایە، (زیللەت وسوکی و نزمی)یە . نە بە مەعنای (تواضع) چونکە ئەوە صیفەتێکی باشە .

زیللەت ئەوەیە ئینسان لەبیری ئەوەدا نەبێت کە ئەگەر لەگەڵ خوادا بێ و پەیوەندی لەگەڵ ئەوبێ، سەربەرز و سەرفرازە . لەبەرئەوە کە دڵی خاڵی یە لە ئیمان، هەمیشە حازرە بۆ ئەم و ئەو سەردانەوێنێ،

گەردنی زیللەتیان بۆ شۆڕکا ، نۆکەریی بۆئەم و ئەوبکا، تا وای لیٚ دیٚت شەخسیەتی بۆ نامیٚنیٚ، شەخسیەتی لە ژیٚر پیٚی ئەمونەمودا لەدەسەلاٚتداران و زۆرداران ورد دەکریٚ، هەروەك ئەبینین زۆریٚك هەن لەوپەڕی زیللەت و سەر شۆڕیدان، بەجۆریٚك هەر دەستەلاٚتدار و زۆرداریٚك ئەوەی بیەویٚت پیٚیان ئەکات بەبیٚ ئەوەی کەمترین هەست بکەن بە شەخسیەت و نرخ وقەدرو قیمەت بۆ خۆیان، ئائەوە لەخووڕەوشتی ئیمانی موسولمان دوورە، موسولمان لە عەینی ئەوەداکە تەوازوعی هەیە، لەعەینی ئەوەدا کە (تکبر) ناکا و خۆی هەلناکیٚشیٚ بەسەر ئەم و ئەودا، لەعەینیئەوەدا ئیحساسی سەربەزری و عیززەت ئەکا- چونکە ئیمانی لە دلاٚیە، وائەزانیٚ کەسیٚك عەلاقەی بەخواوە بیٚ و لەگەلٚ خوادا بیٚ، سەربەرز و سەرفرازە، حازر نابیٚ بۆ غەیری خوا سەر دانەویٚنیٚ - (تواضع) یشی هەر بۆ بروادارو برایانی ئیمانیی خۆیەتی .

بەلاٚم نیسبەت بە کافرانی دوژمن، بەتایبەت نیسبەت بە حاکمانی زالم، هەرگیز قبولٚ ناکا سەری زیللەت و شۆڕی دانەویٚنیٚ . حازر نابیٚ کەمترین زیللەت و سەرشۆڕی لە خۆیدا نیشان بدا، بەلکو زۆر زۆر بەعیززەت و زۆر زۆر بەسەرفرازیەوە لەگەلیان مامەلە ئەکا ، خۆی لەوان بەرزتر ئەگریٚ ، هەرگیز ئیجازە بەخۆی نادا بۆ لەحزەیەکیش خۆی لەوان نزم تر بگریٚ ..

* یەکێکی ترلەوخووڕەوشتە خراپانە ئەوەیە هەمیشە کاری ئـەوەیێ شەخسیەتی خەڵکی ورد بکا، واتە ﴿هَمَّازٍ﴾ە ، بەهـەر جۆرێـك بـۆی ڕێك کەویێ هەوڵبدا بۆئەوەی شەخسیەتی خەڵکی بێ ئیعتیبـار و بێ نرخ و بێ قەدر و قیمەت بکات، لەبەر ئەوەی خۆی شەخسـیەتی نیـە، لەبەرئەوەی شەخسـیەتی خۆی وورد بـووە، حـەز ناکـا کەسـی تـریش ببینێ کە دارای شەخسبەتێك بێت . ئەو کەسە بە جۆرەها فێڵ وحیلـە ونەخشەو پیلان هەوڵ ئەدا بۆئـەوەی شەخسـیەتی کەسـانێ کـە دارای شەخسـیەتن ورد بکاو لە بەینیان ببات .

* دوای ئـەوە قورئـان خووڕەوشـتی ناپەسـەندی (قسـە هێنـان وقسەبردن) باس ئەکا.﴿مَشَّاءٍ بِنَمِيمٍ﴾ واتە : هەمیشە بەرنامەی ئەوەیـە قسەی ئەم ئەبات بۆئەو و، قسەی ئەو دێنێت بۆ ئەم ، بۆئەوەی کە لـە بەینیان بدات، فەسـاد بخاتـە بـەینی خەڵکـەوە ، کۆمـەڵ تێـك بـدات، بەجۆرێك کەس بڕوا و ئیعتیمادی بەکەسی تر نەمێنێ ..

* یەکێکی تر لەو خووڕەوشتە پیسانە ئەوەیە کە ئەفەرموێ : ﴿مَنَّاعٍ لِّلْخَيْرِ﴾، هەمیشە کاری ئەوەیە مەنع ئەکا لـەوەی خێـر بگـا بەوانـەی نیازیان پێیەتی، نیعمەت و ئیمکانات بگاتە دەست ئەوانەی موحتـاجن . ئەگەر سەروەتی هەیە مەنعی ئەکا، درێغی ئـەکا ، نایـدا بـەم وبـەو لـە نیازمەندان، ئەگەر کەسی تریش سەروەتی هەیە پێی ئـەڵێ و داوا ئـەکا

کە ئەیدا بەم و بەو، بەخشش نەکا، ئینفاق نەکا ، زەکات نەدا، هەروەك خۆی کە شێ نادا بەکەس .

* یەکێکی ترلەو ڕەوشتە پیسانە ئەوەیە کە ئەفەرموێ ﴿مُعْتَـــدٍ﴾، واتە : تەجاوزکارە (لادەرە)، لە سەرزەکانی بەندەیی و مەسئولیەت هەمیشە تێ ئەپەڕێ، حازر نیە لە هیچ کاتێکدا لە سنوری بەندەیی و عیبادەتی خوادا بمێنێتەوە، هەمیشە لە فکری ئەوەدایە لە ژێر باری مەسئولیەت دەرچێ..

* یەکێتریش لەو خووڕەوشتانە ئەوەیە کە ﴿أَثِـــیمٍ﴾ە . هەمیشە خەریکی ئەنجام دانی ئەوکارە ناپەسەندانەیە کە ئینسان لە چوون بەرەوکەماڵ و چوون بەرە و سەعادەت و خۆشبەختی، ئەگێڕنەوە و ئەیخەنە دواوە وناهێڵن بەرەو پێش بڕوا..

* ﴿عُتُلٍّ بَعْدَ ذَلِـــكَ﴾ ئەمەش یەکێکی ترە لەو خوو ڕەوشتە ناپەسەندانە . بەد ئەخلاق وتوند تەبیعەتە . کاری ئەوەیە هەرشتێك بەرە وخۆی بکێشێ ، فکری بەلای کەسێکی ترەوە نیە ، هەر شتێك ببێت تەنها بۆخۆی ئەیبات ، هەر خۆی لەبەر چاوە ..

* یەکێ تر لە و خوو ڕەوشتە ناپەسەندانە، ئەوەیە کە ئەفەرموێت : ﴿زَنِیمٍ﴾ە. یانی بەناحەق خۆی لکاندووە بەخەلکەوە و لە خەڵك نیە .. وەك حاکمە زاڵمەکان ، ئەوانە هەموو (زَنیم)ن، لەخەڵك نین، نە

لەگەڵ دەردوگرفتی خەلکدا بەشدارن، نە لەگەڵ خواست ونارەزووەکانی خەلکیدان . نە لە خۆشیی خەلکدا شەریکن ، نە لە ناخۆشیدا . ئەمەولیان ئەوەیە خەلکی بگەن بە خۆشبەختی، نە خۆماندوونەکەن بۆئەوەی خەلك لەدەردی سەر وگیروگرفت دوورخەنەوە .. خەلکیتر وان بەدەم یەکەوە، کۆمەك وهاوکاریی یەکتر ئەکەن لەسەر خێر ، هەولئەدەن بۆئەوەی شەڕ لەیەکتری دوور خەنەوە، بەزەیی و ڕەحمیان هەیە بۆ یەکتر، لە حدودی توانایی و قودرە تیانا هەوڵ ئەدەن بۆئەوەی چی باشە بیکەن بۆ یەکتر، چی خراپە دووری خەنەوە لەیەکتر ، بەلام ئەو حاکمە زالم و پیسانەو ، ئەوانەش کە وەك ئەوانن ، هیچ عەلاقەو ڕەبتیان بەخەلکەوە نیە، بەناحەق خۆیان لکاندوە بەخەلکەوە - هەروەك چۆن جارجار بەگەرووی بزن و شتەوە گۆشتێکی زیاد دەردێت ، کەلە ئەعزای ئەو بزنە نیە، ئەو گۆشتە زیادە کەشۆڕ ئەبێتەوە بەقەدیا و خۆی چەسپاندوە پێیەوە - (ئەوە مانای حەقیقی وشەی (زنیم) ە). هەروا ئەو حاکمە زالمانەش لە خەلك نین ، بێگانەن ، بە ناحەق خۆیان سەپاندوە بەسەر خەلکدا .. ئەوەش یەکێکە لە خووڕەشتە ناپەسەندەکان کەلە موسولمان دورە .. بەڕاستی ئینسانی موسولمان لەگەڵ ئینسانەکانە ، بەتەواوی هێزوتوانایەوە هەوڵ ئەدا بۆئەوەی چی خێرە و ئەوەی لە دەستی بێت لە خێر، بیگەیەنێت بە خەلکی، ئەوگیروگرفت وکۆسپانەی کە دێنە

ڕێگای خەڵك، لە سنوری تواناو قودرەتیدا، لە خەڵکی دووریان خاتەوە و لە خەڵکیان لادا.

* دوای ئەوانە ئەفەرموێ : ﴿أَن كَانَ ذَا مَالٍ وَبَنِينَ . إِذَا تُتْلَى عَلَيْهِ آيَاتُنَا قَالَ أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ﴾: لەبەرئەوەی دارای دارایی و ماڵە ، خاوەنی منداڵو داروودەستەیە، لەبەرئەوەی قودرەتی هەیە ، قودرەت لە ئیختیارییەتی، سەرکەش بووە، نافەرمان بووە، کەوتۆتە (ناسیغط) و یاخی بوون . لەجێی ئەوە کە شوکری ئەوشتانەی بکردایە ، ئەو نیعمەت وئیمکانات و قودرەتانەی لە ڕێگای بەندەیی خوادا بەکاربهێنایە، وای لێهاتوە کە کاتێ ئایەتەکانی ئێمەی بەسەردا دێت و لەشوێنێك ئەخوێنرێتەوە بە سەریدا ، بۆئەوەی عەقیدە و بیر و بڕوای بۆ ڕۆشن بکرێتەوە و حەقی بۆ دەرکەوێ ، لە جێی ئەوەی بڕوایان پێبکا و تەسلیم بێت، ئەڵێ : ئەمانە ئەفسانەکانی پێشینانن، ئەیان گێڕایەوە ، حەقیقەتیان نیە ، بەو جۆرە مامەڵە ئەکات لەگەڵ بەرنامەی هیدایەتی ئێمە ..

## ئەو ڕەوشتانەی لە سورەتی (المعارج) باسکراون

خوای گەورە لە سورەتی (المعارج)یشدا چەند خووڕەوشتێکی چاك و باشی موسڵمان بەرامبەر ئەو ڕەوشتە چەوتانە باس ئەکات . ئەفەرموێت :

﴿إِنَّ الْإِنسَانَ خُلِقَ هَلُوعاً، إِذَا مَسَّهُ الشَّرُّ جَزُوعاً، وَإِذَا مَسَّهُ الْخَيْرُ مَنُوعاً﴾: بەڕاستی ئینسان (بەگشتی)ئاوا دروست کراوە کە دەوامی لەسەر حاڵەتێك نیە، شەخسیەتی دامەزراوی نیە، هەرساتێ بەلایەکدایە، بە جۆرێ کاتێك توشی شەڕ وگیرگرفتێك بوو صەبروتاقەتی لەدەست ئەدا، دەست ئەکات بەهاوار و فریاد، بە ناشکوری کردن ، بەبێ تاقەتی کردن . کاتێك تووشی خێرێکیش ئەبێت ، نیعمەت و ئیمکاناتێك ئەکەوێتە دەستی، مەنع ئەکا لەوەی بگا بەوانەی کە موستەحەقن ، ئەیگێڕێتەوە، ناهێڵێ کەسی لێ بەشدار بێ وکەس کەلکی لێ وەرگرێ ..

شەخسیەتێکە ئیستیقامەتی تیا نیە، لەسەر یەك حاڵەت نیە، هەر جارە بەلایەکدائەکەوێ، هەرساتێ بەجۆرێکە . هەر لەبەرئەوەشە ئاتوانێ موسوڵمان بێت، چونکە کەسێ ئەتوانێ بڕوادار و موسوڵمان بێت کە شەخسیەتێکی دامەزراوی هەبێ ، لەسەر یەك حاڵ بمێنێتەوە، چونکە ئیمان هێنان گیروگرفتی زۆری بەشوێنا دێت لەلایەنی دوژمنانی دینەوە

ئەگەر شەخسیەتێکی ئارام و لەسەر خۆی نەبێ، ناتوانێ ڕێگای ئیمان بیڕێ و بڕواتە ئاخرین پلەی ڕێی ئیمان و عەمەلی صالح...

دوای ئەوە ئەفەرموێ: ﴿إِلَّا الْمُصَلِّينَ﴾ بێجگە نوێژ خوێنان، ئەوانەی وا بەڕاستی نوێژ ئەکەن، ئەوانە ئا لەو خووڕەوشتە بەدوورن، ئەوان ئەوەیان نیە .. شتێکی تریان هەیە، خوڕەوشت و سیفەتێکی تریان هەیە، لەبەرئەوەیە ئەوخووڕەوشتە ناپەسەندانەیان نیە، ئەتوانن(مـوئمین) بن و بگەن بەخۆشبەختی .

*﴿الَّذِينَ هُمْ عَلَى صَلَاتِهِمْ دَائِمُونَ﴾ : جا ئەو چەند خووڕەوشتە باشە بە نوێژ دەست پێکراوە، بەنوێژیش دوایی هاتووە . ئەوەش بەیانی ئەوەیە کە سەرەتاو کۆتایی کاری بڕوادار نوێژە، ئەگەر نوێژەکەی دروست بوو، ڕێکوپێك بوو، هەروەك لەسەرەتاوە بەیانمان کرد، ئەوە هەموو کارەکانی تریشی ڕێکوپێك ئەبن، ئەگەر نوێژەکەی نوێژ نەبوو، هیچی تری ڕێکوپێك نابێ و بەکەڵك نایەت ..

ئەوانەی هەمیشە خەریکی نوێژ کردنن، بەردەوامن لەسەری، ناهێڵن لە دەستیان دەرچێ، چونکە ئەزانن بەبێ نوێژ و سکاڵاو دوعا و پاڕانەوەی لای خوا هیچێکیان پێ ناکرێ ..

* ﴿وَالَّذِينَ فِي أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ مَّعْلُومٌ لِّلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ﴾ : ئەوانەی لەدارایی و ماڵەکانیان حەق و بەشێکی زانراو و دیاری کراو هەیە، هەم بۆئەوکەسەی ڕووی هەیە داوا بکا، بۆ گەدا و هەژارێك ڕووی

هەیە سوالّ بکا و لێیان داوا بکا .. هەم بۆ ئەوکەسەی لەگەلّ هەژاری و نەداریشا ڕووی نیە داوا بکاو مەحروم و بێبەش ئەمێنێتەوە ئەمان هەولّ ئەدەن ئەوانیش بدۆزنەوە و بەشی ئەوانیش بدەن، زەکاتیان پێ بدەن، ئەوەی کە خۆیان نیازیان پێی نیە لەماڵەکانیان ـ هەروەك لەپێشا ووتمان ـ ئەوەیان پێ ئەدەن .

* ﴿وَالَّذِينَ يُصَدِّقُونَ بِيَوْمِ الدِّينِ﴾ : ئەوانەی ئەزانن ڕۆژی پاداشت هەیە، باوەڕی پێ ئەکەن ، تەصدیقی ئەکەن، تەسلیمی ئەبن، هەست بە مەسئولیەت ئەکەن، بینا لەسەر ئەوەیە ڕێگای ئیمان و عەمەلی صالح ئەگرنە بەر، ئەوکارانەی باس کران جێبەجێ ئەکەن، وەك : نوێژ و زەکات وشتانی تریش کە لە دوایدا بەیان ئەکرێن.

* ﴿وَالَّذِينَ هُم مِّنْ عَذَابِ رَبِّهِم مُّشْفِقُونَ . إِنَّ عَذَابَ رَبِّهِمْ غَيْرُ مَأْمُونٍ﴾ : ئەوانەی لە ئەشکەنجە و عەزابێك -کەلە تەرەفی خاوەنەکەیانەوەیە - هەمیشە وان لە ترسا، ئەهمیەتی پێ ئەدەن و لێی ئەترسن . ئاخر چونکە عەزابی خاوەنەکەیان شتێك نیە ئینسان لێی ئەمین بێت و لێی نەترسێ و، ئیحساسی مەسئولیەت نەکا ، بیری بەلایەوە نەبێت ، بێ موبالات بێ ، ئەنجامی وەزیفەی بەندەیی نەکا . چونکە ئەگەر ئینسان ڕێگای بەندەیی خوا نەگرێ ـ دوای ئەوە کە حەقی بۆ ڕۆشن بۆوە ـ حەتمەن گرفتاری عەزابی خوائەبێ .. جائەوان

لەبەر ئەوەی گرفتاری ئەو عەزابە نەبن ، بەوجۆرە ئەهلی ئەنجام دانی کردەوە چاکەکانن .

* ﴿وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ. إِلَّا عَلَى أَزْوَاجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ﴾ : ئەوانەی حەیای خۆیان ئەپارێزن، نزیکی هیچ ژنێك ناکەونەوە . هەروەها ئەو ژنانەی نزیکی هیچ پیاوێك ناکەونەوە، پەیوەندیان لەگەڵ هیچ کەس نابێت مەگەر لەگەڵ هاوسەرەکانی خۆیان . یا پیاوەکان لەگەڵ کەنیزەکەکانی خۆیان، (زەمانێك بوو کەنیزەك هەبوون، ئەوانیش حوکمی ژنیان بووە بەهەندێ مەرجەوە)، تەنها لەگەڵ ئەوان عەلاقەیان هەیە، تەنها نزیکی لەگەڵ ئەوان ئەکەن، ئیتر خۆیان ئەپارێزن لەوەی لەگەڵ کەسێکیتر نزیکییان بێت .. هاوسەریش هەمومان ئەزانین کامەیەو چۆنە؟ ئەوەیە بەپێی شەریعەتی خوا حەڵاڵ بوبێ، غەیری ئەوئیتر ئینسانێك ئیمانی بە خوا بێت و، ڕێگای بەندەیی خاوەنی بەر نەدا، ناتوانێ لەگەڵ هیچ ژنێکیتر پەیوەندی ببێ، یا ژن لەگەڵ پیاوێکیتر.. بۆ نمونە ئینسانێك کە موسوڵمان بێت، ناتوانێ بۆ ماوەیەکی کەم لەگەڵ ژنێك بێت، وەك (صیغە کردن) یا وەك بەرنامەیەکی ناپەسەند کە لەناو ئەهلی سوننەتا هەیە کە ژنێك سێ تەڵاقی ئەکەوێ بەڵام بەدزیەوە بۆ شەوێك مارەی ئەبڕنو بۆ یەك شەو بەلای پیاوێکەوە ئەبێو دوایی دەستی لێ بەرئەدا،

ئەوەش ناشەرعی‌یە، ئەگەر ئینسانێك لە خوا بترسێ حەقی نیە شتی وابکا .

﴿فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ﴾ جا خوا ئەفەرموێ : ئەوانەی تەنها لەگەڵ هاوسەرەکانی خۆیان پەیوەندی‌یان هەیە ئەوانە هیچ سەرزەنشت ولۆمەیەکیان ناکرێ، حەقی خۆیانە .

﴿فَمَنِ ابْتَغَى وَرَاءَ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الْعَادُونَ﴾ : جا کاتێ ڕوون بۆوە ئینسان لەو مەجالەدا ئەبێ پەیوەندی لەگەڵ کێ بێ ، ئیتر هەرکەس هەوڵی ئەوە بدا لەوە تێپەڕێ، ئەوە لە سنور دەرچوە و بە تاوانبار ئەژمێررێ .

* ﴿وَالَّذِينَ هُمْ لِأَمَانَاتِهِمْ وَعَهْدِهِمْ رَاعُونَ﴾ : ئەوانەی هەمیشە ڕیعایەتی ئەمانەتەکان ئەکەن کە پێیان سپێرراوە، هەروەها ڕیعایەتی عەهدو پەیمانەکان ئەکەن کە لەگەڵیان بەستراوە . لە گەورەترین ئەمانەتەوە کە ئەمانەتی بەندەیی‌و مەسئولیەتێکە خوا بە ئینسانی سپاردووە، (کە پێی سپاردووە لە ژیانا تەنها گوێڕایەڵی فەرمانی ئەو بێ‌و تەنها ئەو بکا بە پشتیوان‌و فریادڕەس‌و کۆمەکی خۆی)، تا بچوکترین ئەمانەت لەو ئەمانەتانەی هی خەڵکەو لەلایانە ئەیپارێزن‌و ڕیعایەتی ئەکەن.. هەروەها لە گەورەترین عەهدو پەیمان کە عەهدو پەیمانی‌بەندەیی‌یە وەك ئەفەرموێ : ﴿أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَا بَنِي آدَمَ أَن لَّا تَعْبُدُوا الشَّيْطَانَ﴾ .

*﴿وَالَّذِينَ هُم بِشَهَادَاتِهِمْ قَائِمُونَ﴾ : ئەوانەی بە هەموو هێزو توانایانەوە ئەو شایەتیانەی لەسەریانە ئەیدەن و ریعایەتیان ئەکەن، بەجۆرێك کە خوای گەورە لێیان داوا ئەکا ، ئەرکی خۆیان بەجێ دێنن، لەگەورەترین شایەتیدان تا بچوکترینیان، گەورەترینیان شایەتی دانی عەبدە بەوەی غەیری خوا فەرمانڕەواو فریادڕەسێك نیە : (أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمدا عبده ورسوله). بەپێی ئەو شایەتیدانەو دوای ئەوە، موسوڵمان ئەبێ لە ژیانیا تەنها فەرمانبەرداری فەرمانی خوا بێ‌و لە فەرمانی کەسی‌تر پەیرەوی نەکا، ئەگەر جارێکیش توشی خەتاو کەچڕەوی بوو، نافەرمانیەکی کرد، زوو بگەڕێتەوەوتەوبە بکاو بێتەوە سەر رێگەی هەق . شایەتیدان بە پێغەمبەر بوونی محمدیش (صلوات الله وبركاته عليه)ئەوەیە : ئینسان لە ژیانیا پەیرەوی ئەوبێ . ئەو چۆن بەندەیی بۆ خواکردووە ئاوا بەندەیی بکا.. هەروەها هەر شایەتیدانێکی تریش کە لەسەر شانی ئینسان بێت ، واجبە لەسەری بەتەواوی وەزیفەی خۆی تیادا جێبەجێ بکا، لە شتێکا ئەزانی‌و ئەبێ شایەتی لەسەر بدا ، خیانەت نەکا .

* ﴿وَالَّذِينَ هُمْ عَلَى صَلَاتِهِمْ يُحَافِظُونَ﴾ : ئەوانەی بەردەوامن لەسەر نوێژەکانیان، پارێزگاریان لێ ئەکەن، نایەڵن لە هیچ لایەکەوە نوێژەکانیان توشی کەچ‌وکوڕی‌و ناتەواوی بن . هەم ریعایەتی رووی

دەرەوەی نوێژەکەیان ، هەم ناوەوەی نوێژەکەیان ئەکەن، هەرچیەك کە پێویستە لە نوێژەکانیاندا، لە دوعاو سکالاَکانیاندا، ریعایەتی ئەکەنو ئەنجامی ئەدەن ، بەجۆرێ کە نوێژەکانیش ئەبن بە ڕێگر لەوەی ئەوان توشی ئەنجامی کرداری ناپەسەند ببن، هەروەك ئەفەرموێ :
﴿إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاء وَالْمُنكَرِ﴾.
جا لەبەیانی پاداشتی ئەوانەدا ئەفەرموێ :﴿أُوْلَئِكَ فِي جَنَّاتٍ مُّكْرَمُونَ﴾ : ئەوانە وان لەناو باخانێکدا کە لەوێ ڕێزیان لێ ئەگیرێت یا ئەفەرموێ : ﴿الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ﴾: ئەوانەی لەناو نوێژو دوعاو سکالاَکانیاندا کزوگەردنکەچو بە (خشوع)ن بۆ خوای گەورە، ئەزانن هەموو بوونیان نیازمەندیەیە بە خوای خۆیان، ئەگەر ئەو سودو قازانجێکیان پێنەگەیەنێ، لە هیچ لایەك دەستیان ناکەوێ . ئەگەر ئەو زیانو زەرەرێکیان لێ دوور نەخاتەوە، هیچ شتێکیتر و هیچ کەسێکیتر ناتوانێ لێیان دوربخاتەوە . بۆیە کاتێ ئەپارێنەوەو سکالاَ ئەکەن هەموو گیانیان خۆ نزم گرتنە لە حزووری خوای خۆیاندا . ئەبێ ئینسان لە نوێژدا ناوابێ .

## هەندێکی تر لە ڕەوشتە باشەکان

لـە جێـی تـریش چـەند وانـەی تـر ، لـەو خوورەوشـتانەی ئـەبێ موسوڵمان بیبێ باس کراون، کە بە یەکتاپەرسـتیو (تەوحیـد) دەسـت پێنەکـەن (بـەوەش تـەواو نـەبن). لەئایـەتی (٢٣-٣٩) لـە سـورەتی (الأسراء)دا (١٥) ڕەوشت باس ئەکات ئەفەرموێ :

* (وَقَضَى رَبُّكَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ) : خوای گەورە بەیان ئـەکا کـە بڕیاری داوەو واجبی کردووە ئینسان لە ژیانیـا تـەنها فەرمانبـەرداری خوا بێ و بەندەیی و ئیتاعەت بۆ ئەو بکا.

دوای ئەوە گەورەترین حەقێك کـە بەسـەریەوە هەیـە دوای هـەقی خوای گەورە هەقی دایكو باوکە، بۆیە ئەفەرموێ :

* ﴿وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَاناً﴾ : فـەرمانی داوە ئینسـان لەگـەڵ بـاوكو دایکی بەباشی بجوڵێتەوەو بە باشی ڕەفتاریـان لەگـەڵ بکـا، بەتایبـەت لەکاتێکا زۆر نیازیان هەیە بەو، ئەفەرموێ:

﴿إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلاَهُمَا فَلاَ تَقُل لَّهُمَـا أُفٍّ وَلاَ تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلاً كَرِيماً ، وَاخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ الذُّلِّ مِنَ الرَّحْمَـةِ وَقُل رَّبِّ ارْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيراً﴾ : ئەگـەر هـاتوو یـەکێکیان یـا هەردوویان ئەوەندە مانەوە کە پیربوون، لای تۆ بوونو نیازیـان بـە تـۆ بوو، لای تۆ ژیانیان بەسەر ئـەبرد، ئـەوە هەرچـەند زەحمـەتیان بیێـتو

چاودێری لێکردنیانو بەخێوکردنیان زەحمەت بێو نارەحەتیت بۆ پێش بێنێ، بیرت بێ یەکجاریش نەڵێی :(ئاه.. هـ..)، نەڵێی:(ئۆف ..) قسەی توندوتیژیان لەگەڵ نەکەی، قسەیەك کە لە گەڵیان ئەکەی با پڕلە ڕێزونیحتیرام بێ و باش بێ، باڵی ڕەحمەتو بەزەیی‌و میهرەبانی و خۆ زەلیلگرتن ڕاخە بۆیان . چونکە نیازیان بەو ڕەحمەتو بەزەیی‌و میهرەبانی‌یە هەیە . هەروەها دوعای خێریان بۆ بکە، لە خوا بپاڕێرەوە کە بەزەیی بێتەوە پیایانداو ڕەحمیان پێ‌بکا . بڵێ: خوایە ، ڕەحم بکە بەوانو بەزەییت بێتەوە پیایاندا، هەروەك ئەوان کاتێك من مناڵ بووم ، بەخێویان کردم، لەپاداشتی ئەو پەروەردەیەی من ، تۆ ڕەحمیان پێ بکەو، جەزایان لەباتی من بدەرەوە .

﴿رَّبُّكُمْ أَعْلَمُ بِمَا فِي نُفُوسِكُمْ إِن تَكُونُواْ صَالِحِينَ فَإِنَّهُ كَانَ لِلأَوَّابِينَ غَفُوراً﴾ : خاوەنەکەتان زانایە بەوەی وا لە دەروونتاندایە، لە هەمووکەس زیاتر ئەزانێ چی لە دەروونتانایە، ئەگەر نیەتی باشتان هەبێ، ئەو لە هەمووکەس باشتر پێی ئەزانێ، جەزاو پاداشت بە پێی ئەوە ئەداتەوە . ئەگەر سالح بن . ئەگەرئەهلی‌کرداری چاکو شیاو و باش بن ئەوە دڵنیا بن جەزاو پاداشتان نافەوتێ، چونکە ئەوانەی هەمیشە ڕوو لە خوان، هەرکاتێ توشی لادانێ لەڕێگەی خوا ئەبن، بە زووترین کات ئەگەڕێنەوە، ئەوە خوا دەرهەقیان (غەفور)ە، هەرکاتێ

ئینسان تووشی لادانو نافەرمانییەك بوو، بە شەرتێك بگەڕێتەوە، لە گوناهی چاوپۆشی نەكا وئەمیەخشێ .

* ﴿وَآتِ ذَا الْقُرْبَى حَقَّهُ وَالْمِسْكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَلاَ تُبَذِّرْ تَبْذِيراً، إِنَّ الْمُبَذِّرِينَ كَانُواْ إِخْوَانَ الشَّيَاطِينِ وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِرَبِّهِ كَفُوراً﴾:

دوای ئەوە واجب ئەكا لەسەر ئینسان كە لەگەڵ هەندێكی ترلە بەندەكانی خوا، ئەوانەی زۆر نیازیان هەیە بەوەی لەگەڵیان چاكەكاریی بكرێ، لەگەڵیان چاك بێ‌وكاری باشیان لەگەڵ بكا، ئەفەرموێ : ئەوانەی خزمن، هەقیان هەیە بەسەرتەوە، هەقەكەیان بدە، ئیتر چ حەقی ئیحتیرامو ریزلێنان بێ، چ حەقی ماددی بێ، وەك ئەوەی نیازیان بەشتێك لە ماڵو سەروەتت بێت كە ئەبێت پێیان بدەی . هەروەها هەژاران هەقیان بەسەرتەوە هەیە، هەقەكەیان بدە . هەروەها ئەوانەی لەماڵو ماوای خۆیان دووركەوتوونەتەوەو، شتێكیان بەدەستەوە نەماوە، ئەوانەی غەریب كەوتوون، ئەوانیش هەقیان بەسەرتەوە هەیە، هەقەكەیان بدە، بەلاّم هۆشت بێ لە هەق ئەداكردنولە بەخشینا حەددێك هەیە، ئەبێ هەروەك لە بەخیلیو هەقی خەڵك ئەدان دووریی بكەی، هەروایش لەماڵو نیعمەت پژاندنو زابەكردنی ماڵو نیعمەت ، خۆت دوور بگری . هەمیشە حەدی ناوەراست بگرە، نە بە بەخیلی، بە دریغی كردنو نەدانی هەقی

خەڵك، نە بە زایەکردنی ماڵو بەپژاندنیو بەفیڕۆدانی، هیچ کام لەوانە نەکەی، ئەوەی ناوەڕاستە بیگرە، خوا ئەوەی خۆش ئەوێ، نەك ئەوەی ماڵو نیعمەتێ خوا پێی داوی ، بێ‌ئەوەی جێی خۆی بێ صەرفی بکەیو بیپژێنی، ئەوانەی وا ئەوە بەرنامەو خووڕەوشتیانە، برای شەیتانەکانن، دیارە شەیتان زۆر زۆر کافرە نیسبەت بە خاوەنەکەی خۆی، ئەگەر تۆش ئاوا بکەی وەك ئەوت لێ دێت .

* ﴿وَإِمَّا تُعْرِضَنَّ عَنْهُمُ ابْتِغَاء رَحْمَةٍ مِّن رَّبِّكَ تَرْجُوهَا فَقُل لَّهُمْ قَوْلاً مَّيْسُوراً﴾ : ئەگەر هاتوو جارێ یەکێ لەوانەی هەقی بەسەرتەوە هەیە، داوای هەقەکەی‌کردو ئەت بوو، رووت لێ هەڵکرد، لەبەرئەوەی ئێستا شتێکت نیە بیدەیتێ و، بەتەمای ئەوەی خاوەنەکەت رەحمێکت لەگەڵ بکاو، نیعمەتێکت پێ بدا، ئەوا تاکاتێ ئەو رەحمەتەت دەست نەکەوێ، تا هەقی ئەو هەقدارە بدەی، قسەیەکی باش‌وخۆش‌و رەحمەتی لەگەڵ بکە، بە قسەی خۆش قانعی بکە تاکاتێ ئەو نیعمەتەت ئەکەوێتە دەست .

* ﴿وَلاَ تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَى عُنُقِكَ وَلاَ تَبْسُطْهَا كُلَّ الْبَسْطِ فَتَقْعُدَ مَلُوماً مَّحْسُوراً﴾، ئەم ئایەتە مەنعی ئینسانی موسوڵمان ئەکا لەوەی کە بەخیل بێ، هەروەها مەنعی ئەکا لەوەی هەرچییەکی هەیە بەجارێ صەرفی بکاو بیبەخشێ . ئەفەرموێ : وەك کەسێ مەبە دەستی

بەکۆت‌و زنجیر بەسراوە بە ملیەوەو ناتوانێ هیچ بکا، دەستی بەسراوە لەوەی خێرێک بکا . وەك کەسێکیش مەبە بە تەواوی دەستی درێژکردۆتەوەو دەستی بڵاوکردۆتەوە، بەجۆرێ هەموو سەروەت‌و ماڵەکەت لە ماوەیەکی کەمدا لەدەس بدەی‌و هەمووی خەرج بکەیت، لە دوایدا داکەوی‌و سەرزەنشت بکرێی بەجۆرێ هەموو هێزو توانایی خۆتت لەدەست دابێ‌و هیچێکت نەمابێ .

﴿إِنَّ رَبَّكَ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَن يَشَاءُ وَيَقْدِرُ إِنَّهُ كَانَ بِعِبَادِهِ خَبِيراً بَصِيراً﴾، بەخیل نەبی ،کە (إنفاق) نەکەی و وابزانی ئەگەر هات‌و ئەوەت بەخشی ئیتر هیچت دەست ناکەوێتەوە، چونکە بەڕاستی خاوەنەکەت ئەگەر ویستی رزق‌و رۆزیی زۆر بەهەرکەس بدا، پێی ئەدا.. ویستیشی لەهەرکەسی بگرێتەوە ئەیگێڕێتەوە . هەروەها هەموو سەروەت‌و ماڵەکەشت بەجارێ خەرج نەکەی‌و ئەیدەی بەهەوبەو، وابزانی ئەگەر بێت‌و تۆ زیادە لەحەد (إنفاق) نەکەی‌و ماڵ خەرج نەکەی خەڵکی لە بەین ئەچن، چونکە خاوەنەکەت چاوی لە خەڵکییە، خەبەری لێیانەو ئاگادارە، ئەزانێ کێ نیازی بەچیەو کێ چ رزق‌و رۆزییەکی ئەوێ ،کەی پێی بدرێ پێی ئەدا، تۆ حەدی ناوەڕاست ریعایەت بکە، ئەملاوئەولا مەکە . دوایی ئەفەرموێ :

* ﴿وَلاَ تَقْتُلُواْ أَوْلادَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلاقٍ نَّحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُم إنَّ قَتْلَهُمْ كَانَ خِطْءاً كَبِيراً﴾ : منالەکانتان لە ترسی ئەوەی نەکو نەدار بکەونەو ماڵوداراییتان نەبێ خەرجی کەن بۆیان، مەکوژن . چونکە ئێمە ڕۆزیی ئەوان ئەدەین، هەروەها ڕۆزیی ئێوەیش ئەدەین، ئێوە ئیجازەی ئەوەتان نیە بیانکوژن، ڕزقو ڕۆزییەکیشمان بۆ ئەوان داناوە . بەڕاستی کوشتنیان لادانێکی گەورەیە لەڕێگەی بەندەیی .. ئەڵبەتە لەم زەمانەدا، ئائەمە ئەنجام نادرێ، بەڵام شتێکی نزیك بەمە ئەنجام ئەدرێ ئەویش ئەوەیە خەڵکی لەبەرئەوەی منالەکانیان بە حسابی خۆیان داهاتوویەکی ڕۆشنیان بێ، وەسیلەی ژیانیان دەسکەوێ، دەستیان لێ بەرئەدەن، لەتەربیەتو بەخێوکردنیاندا بەجۆرێ ئیسلام دەستور ئەدا هیچ هەوڵێکیان لەگەڵ نادەنو کەمتەرخەمی ئەکەن، لەجیاتی ئەوە هیدایەتیان بدەنو بیانخەنە سەر ڕێگای بەندەیی، تەنها هەوڵیان ئەوەیە بەرەو ئەوە بیانبەن مەعاشێکیان دەست کەوێ، بەرەو ئەوە بیانبەن وەسیلەی ژیانیان دەسکەوێ، هەر نابەوە کارێکیان لێ ئەکەن وەك ئەوەی کوژرابن وایان لێ دێت . ئەگەر ئینسان بیەوێ خوا لێی ڕازی بێ، واجبە لەسەری منالی بەجۆرێ پەروەردە بکا، ڕێگەی بەندەیی خوابگرێ . ئەڵبەتە ئەمە بە مەعنای ئەوەش نیە موسوڵمان کارناکاتو هەوڵ نادا، تەنها مانای ئەوەیە ئینسان لەسەریەتی بەندایەتیو عیبادەت بۆ خوای گەورە بکا . جا هەر لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەدا وەسیلەیەکیش بۆ

ژیانو رزقو رۆزی بەکاردێنێ، ئیز حەقی یە ئەوەی خوا کردویەتی بە رزقی پێی دەگات و لێی بەشدار ئەبێ .

* ﴿وَلاَ تَقْرَبُواْ الزِّنَى إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاء سَبِيلاً﴾: لە زینا نزیک مەکەونەوە، چونکە ئەو کردارە کردارێکی زۆر سوکو ناپەسەندە، رێگای ئەنجامدانی ئەو کردارە زۆر رێگایەکی پیسەو پێیدا مەڕۆن .

* ﴿وَلاَ تَقْتُلُواْ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللّهُ إِلاَّ بِالحَقِّ﴾ : کەسێک خوا کوشتنی حەرام کردووە مەیکوژن، مەگەر ئەوەی هەقێ بەسەریەوە بێ . کەسێکیش هەقی بەسەرەوەبێو مۆڵەتی کوشتنی هەیە ،کە کەسێکی تری بە ناهەق کوشتبێ، یا فەساد بخاتە رێ لەسەر زەویدا..(ئەوەش بەپێی بڕیار و لە دەزگای خۆیەوە جێبەجێ دەکرێ ) .

لەلایەکیترەوە قورئان خۆی باسی کردووە ئەو فەسادە چیە، رۆشنی کردۆتەوە تەنها لەو دوو حاڵەتەدا ئەکرێ ئینسان بکوژرێ، لە غەیری ئەوانەدا – واتە غەیری ئەوەی فەسادێکی کردبێ، هەروەک قورئان باسی ئەکا، یا قەتڵێکی کردبێ – جایز نیە بکوژرێ، ئەگەر چی کافریش بێ .

﴿وَمَن قُتِلَ مَظْلُوماً فَقَدْ جَعَلْنَا لِوَلِيِّهِ سُلْطَاناً فَلاَ يُسْرِف فِّي الْقَتْلِ إِنَّهُ كَانَ مَنْصُوراً﴾: بۆ ئەوەی بەرنامەیەک بێ بۆ تۆڵە سەندنەوە، لە کاتێکا

کەسێ کەسێکی ئەکوژرێ، خوای گەورە باس ئەکا فەرمانی تایەتیمان دەرکردووە بۆ تۆڵەسەندنەوە . ئەفەرموێ : لەکاتێکا کەسێکتان ئەکوژرێ ریعایەتی ئەوە بکەنو لەوە لامەدەن ، ئەگەر ریعایەتی ئەوە بکەن تۆڵەی خۆتان ئەسێنەوەو داخی دڵتان دەرئەچێ، هەقتان نیە زیادەڕەوی بکەنو، لەوە زیاتر برۆن، هەرکەس بە ناهەقوەمزڵومانە کوژرا، ئەوە بۆ ساحیب خوێنەکەی، بۆ سەرپەرشتەکەی، دەستەڵاتێکمان داناوە، هەقی ئەوەمان پێداوە قاتڵەکە بکوژێتەوە، جا با هەرئەوە بکاو زیادەڕەوی نەکا ،کەسیتر غەیری قاتڵەکە نەکوژێتەوە.. خۆ ئەگەر زیادەڕەوی نەکا، ئەگەر گوێ بەفەرمانی خوا بدا ، خوایش کۆمەکی ئەکا بۆ ئەوەی هەقی خۆی بسێنێتەوە (دیارە ئەوەش لە رێی قەزاوە ئەکرێ، نەك هەرکەس بۆ خۆی).

* ﴿وَلاَ تَقْرَبُواْ مَالَ الْيَتِيمِ إِلاَّ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ حَتَّى يَبْلُغَ أَشُدَّهُ﴾ : نزیکی ماڵی هەتیو مەکەونەوە، مەگەر بەشێوەیەك کە باشترین شێوە بێ . شێوەیەك لەوە شێوەی باشتر نەبێ بۆ نزیك کەوتنەوە لە ماڵی بێباوك . شێوەیەك کە زۆرترین مەسڵەحەتی تیابێ بۆ ئەو. تا کاتێ ئەگاتە سنورێك بەتەواوی خۆی ئەگرێ، ئەبێتە پیاوێ یا ژنێکی کامڵو وای لێ دێت خۆی ئەتوانێت دیفاع لەحەقی خۆی بکا، لە حاڵەتی هەتیوبونو لاوازی دەردەچێت .

* ﴿وَأَوْفُواْ بِالْعَهْدِ إِنَّ الْعَهْدَ كَانَ مَسْؤُولاً﴾ :هەروەها وەفا بكەن بە عەهدو پەیمان، ئەگەر پەیمان و عەهدێكتان لەگەڵ ئەبەسرێت ، تا سەر بیبەن ، چونكە پەیمانێك كە لەگەڵ ئینسان ئەبەسرێ حەتمەن لەدوایدا لەو ئینسانە پرسیار ئەكرێ لەسەری، ئایا وەفای پێ كردووەو بردوویەتیە سەر، یان نا؟ ئەگەر ئەیبردبووەتە سەر، حەتمەن تووشی سزایەك ئەبێ، مەگەر تۆبەی كردبێ :

* ﴿وَأَوْفُوا الْكَيْلَ إِذا كِلْتُمْ وَزِنُواْ بِالقِسْطَاسِ الْمُسْتَقِيمِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلاً﴾ : لەكاتێكدا شتێك بە كاسەمەنو شتیوا ئەپێون، بەتەواوی ریعایەتی ئەو پێوانە كردنە بكەن . ئەگەر بۆ خۆتان شتێ وەرئەگرن زیاترلە ئەندازە وەرمەگرن . ئەگەر حەقی كەسیتر لاتانە، كاڵێ ئەیدەنەوە كەمتر نەبێ لەوەی ئەبێ بیدەن .. كاتێك شتێ ئەكێشن‌و وەزنی ئەكەن، ئەویش با بە میزانێ بێ رێك‌وپێك بێ، كەم و زیادی تیا ئەبێ . ئائەوە باشترە، ئەوە سەرئەنجامی چاكترە بۆتان .

* ﴿وَلاَ تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولـئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْؤُولاً﴾: مەكەونە شوێن ئەوەی پێی نازانن‌و ئاگادار نین لێی . خوای (متعال) بۆیە هێزی بیستنی پێداون، بۆیە هێزی بینینی پێداون، بۆیە دڵی پێداون، كە بەكاریان بێنن بۆ زانین‌و شتیان پێبزانن، دوای ئەوە شتێكتان زانی، شوێنی كەونو ئەنجامی

بدەن .. لەسەر هەرکام لەوانە لە دوارۆژدا پرسیارتان لێ ئەکرێ ، پرسیار ئەکرێ چۆن سوودتان بینی لە گوێتانو هێزی بیستنتان؟ چۆن سوودتان بینی لە دڵتانو کەڵکتان لێ وەرگرت؟ ئەگەر بەو جۆرە خوا داواتان لێ ئەکا کەڵکتان لێ وەرنەگرتبێ‌و، بەکارتان نەهێنابێ بۆ ئەوەی کە شت بزانن جا عەمەلی پێ بکەن، ئەوە مەحکومن‌و خوا سزاتان ئەدا، تەنها لە کاتێکا لە ئەشکەنجەو ئەزیەت‌و ئازار رزگار ئەبن ، ئەو شتانەتان بەکارهێنابێ،کە خوایێ داون ، بۆئەوەی عیلم‌و زانستان دەست کەوێ، تا بە زانستەوە بجوڵێن‌و ژیانتان بەسەر بەرن .

کەوابوو پێویستە لەسەر ئینسان (بیستن)و( بینین)و (هێزی دڵ)ی بەکاربێنێ بۆ ئەوەی خوا بناسێ، چاك‌وخراپ لەیەك جیا بکاتەوە، دروست‌و نادروست و خێرو شەڕ بناسێ .. پاشان ئەوەی خێرە ، بیگرێ . ئەوەی شەڕە ، وازی لێ بێنێ‌و دەستی لێ بەردا.

* ﴿وَلاَ تَمْشِ فِي الأَرْضِ مَرَحاً إِنَّكَ لَن تَخْرِقَ الأَرْضَ وَلَن تَبْلُغَ الْجِبَالَ طُولاً﴾ : بە جۆرێ مەچۆ بەسەر زەویدا کە دڵ بە خۆت خۆش بکەی‌و وابزانی شتێکی.. بە تەکەببور و خۆ بە شت زانینەوە مەچۆ بەسەر زەویدا، چونکە خۆ هەرچییەك بی ناگەیتە ناستێ کە زەوی بدڕی، یا وەك کەژوکێوەکان قامەتت بەرزبێ‌و بگەیتە بەرزایی ئەوان! تۆ چیت؟ تەماشای خۆت بکە، بزانە چیت؟ خۆت بناسەو خۆت بە شتێك زیاتر لەوە کە هەیت، مەزانە !!

﴿كُلُّ ذَلِكَ كَانَ سَيِّئُهُ عِنْدَ رَبِّكَ مَكْرُوهـاً﴾ : هەموونەوانەی باس کران، ئەوەیان کە خراپە لای خاوەنەکەت ناپەسەندە، ئەو بەباشی نازانێ، دیارە هەرکەسێکیش بەندەی خوابێ ئەبێ ڕیعایەتی ئەوە ئەکا کە لەوخراپانە دووربێ بکا .(ذَلِكَ مِمَّا أَوْحَى إِلَيْكَ رَبُّكَ مِنَ الْحِكْمَةِ وَلاَ تَجْعَلْ مَعَ اللَّهِ إِلَهاً آخَرَ فَتُلْقَى فِي جَهَنَّمَ مَلُوماً مَّدْحُوراً) : ئەوانەی باس کران لەو حیکمەتەیە کە خاوەنەکەت بۆتی ناردووە، بەرنامەیەکە ئەگەر ڕیعایەتی بکەی ئەتوانی بەندەیی خوا بە جۆرێ بکەی نە تووشی لادان بەرەو لای زیادەڕەویو (إفـراط) ببی، نە تووشی لادان بەرەوکەمتەرخەمیو کەمکاریو (تفریط) ببی .. بۆ ئاخر جار پێت ئەڵێینەوە لەگەڵ خوادا فەرمانڕەواو فەریادڕەسی تر قەرار مەدە، لە ژیانتا پەیڕەوی لە فەرمانڕەوایتر مەکە، تەوەککول مەکە سەر کەسیتر غەیری خوا، داوای کۆمەك لە غەیری ئەو مەکە، تۆ کە خوات هەیە، تۆ کە (الله) فەرمانڕەواو فەریادڕەستە ، ئیتر کەسیتر بە فەرمانڕەواو فەریادڕەسی خۆت دامەنێ، تا بە سەرزەنشکراویو دەرکراوی لە ڕەحمەتی خوا نەخرێیتە دۆزەخ .

(بەم جۆرە ئەم چەند ڕەوشتەش بەبەکتاپەرستی دەستیان پێکراو بەوەش کۆتایی هات).

**ئامۆژگارییەکانی لوقمان بۆ کوڕەکەی :**

*لـە سـورەی لوقمانـدا هـاتووە، لوقمـان -کـە یـەکێ لەبەنـدە ساڵحەکانی خوایە- نەسیحەتی کوڕەکەی خۆی ئەکرد، نەسیحەتەکەی وا دەست پێکرد کە مەنعی کوڕەکەی کرد لەوەی شـەریك بـۆ خـوا قەراربدا، کەسی تر غەیری خوا بە فەرمانڕەوای خۆی یـا فەریادڕەسـی خۆی بزانێ . بەیانی ئەوە ئەکا کە هـاوەڵ بـۆ خـوا قـەراردان چـەندە گەورەیە .

*دوای ئەوە خوای (متعال) خۆی بەیانی ئەوە دەکـات : بـە شـوێن حـەقی خـوادا، حـەقی دایـكو بـاوکیش بەسـەر نیسـانەوەیە . ئـەبێ ریعایەتیان بکا، بەتایبەت دایك کە ڕەنجو زەحمەتی زۆری کێشـاوە، لـە (٣٠) مانگـدا لەگـەڵ منـاڵ، لای کـەم (٦) مـانگ بـارداریی، (٢) ساڵیش شیر پێدانو بەخێوکردن . خـوا ئەفـەرموێ : تەنانـەت ئەگـەر دایكو باوك فرمانیان بەتۆ دا کە شـەریکی بـۆ قـەرار بـدەیو لـەڕێی بەندەیی دەربچی، لەو حاڵەیشدا نەبێ هەر لەگەڵیان بەشێوەی پەسـەند ڕەفتار بکەی، بە گوێیان مەکە، فەرمانبەرداریyan لێ مەکە، لـە کاتێکـا فەرمانێ ئەدەن کە نافەرمانی خوای تیایەو گوناهە، بەباشـیو پەسـەندی لەگەڵیان ڕەفتار بکە، ئەوە کە دەستور ئەدەن شەریك بـۆ خـوا قـەرار

بدەی‌و لەرێی بەنـدەیی دەربچـی، ئـەوە نایێتـە بەهانـە کـە لەگـەڵیان بەدرەفتاریی بکەی .

*دوای ئەوە رۆژی قیامەت‌و مەسئولیەت‌و پرسینەوە ئەخاتەوە بـیر، تا هەست بە مەسئولیەت بکا.

*پاشـان فـەرمانی گـەورەترین کـردەوەی چـاك دەدا کـە نوێـژە، ئەفەرموێ: ﴿يَا بُنَيَّ أَقِمِ الصَّلَاةَ﴾، کورەکـەم! نوێـژ بەجێبێنـە . نوێـژ بکە . بەڵام کردنێ کە بە هیچ لایەکا کـورتی‌و ناتـەواویی نـەبێ، هـەم رووی دەرەوەی، هـەم نـاوەوەی . نوێـژێ (خشـوع)و خـۆکزکردن لەبـەردەم خـوای تێـدابێ . نوێـژێ کاتـێ ئەیکـەی هۆشـت بەلای کردەوەکانیەوە بێ، بەلای ئەو کەلیمانەوە بێ کە تیایدا هەیەو، بـە زبان ئەیڵێی . نوێژێ ئەو شتانەی فەرزو واجبە ریعایەتت کردبێ . ئـەو شتانەی شەرتن‌و ئەبێ بـبن وەك دەسـتنوێژو غـەیری ئەوانـە، ئەوانـەت ریعایـەت کردبـێ، هـەموو لایـەکی نوێژەکـەت نوێـژ بـێ، سـکاڵاو پاڕانەوەی راستەقینەی لای خوابێ .(ئەمە مانای ئیقامەی نوێژە) .

دوایئەوەکـە ئەودەسـتورەی پێئـەدا، دوای ئـەوە کـە کورەکـەی عەقیدەی پاك‌و دروسـت ئـەبێ‌و، ئـەبێ بـە ئـەهلی نوێـژکردن، بـەو جۆرەی باس کرا، دەسـتوری پێئەدا کە (ئەمر بە مەعروف‌و نـەهی لـە مونکەر)بکا، ئەفەرموێ :

* ﴿وَأْمُرْ بِالْمَعْرُوفِ وَانْهَ عَنِ الْمُنكَرِ﴾ : ئەگەر ديت كەسێ كردەوەيەكى پەسەندى تەرك كردووەو ئەنجامى نادا، ئەمرى پێ بكە كە ئەنجامى بدا. ئەگەر ديت كەسێ شتێكى ناپەسەند ئەنجام ئەدا نەهى لێ بكەو قەدەغەى بكە لە ئەنجام دانى . ديارە لەم مەيدانەدا گرفتارى زۆرو دەردى سەرىو ئەزيەتو ئازارت تووش ئەبێ، لەبەرئەوە ئەفەرموێ :

* ﴿وَاصْبِرْ عَلَى مَا أَصَابَكَ﴾ : صەبر بكە لەسەر ئەو شتەى تووشت ئەبێ . هەرشتێ كە تووشت ئەبێ لە مەيدانى (ئەمر بە مەعروفو نەهى لە مونكەر)و، بەيان كردنى رێگەى هەقا، سەبرى لەسەر بكە، شكست مەخۆو مەگەرێ دواوە. ﴿إِنَّ ذَلِكَ مِنْ عَزْمِ الْأُمُورِ﴾: بەراستى ئەوە كە ئينسان صەبر بكا لەسەر ئەوانە، ئەوە لەو شتانەيە كە زۆر گرنگن، ئەبێ ئينسان عەزمى بێ لەسەريان .

* ﴿وَلَا تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنَّاسِ وَلَا تَمْشِ فِي الْأَرْضِ مَرَحاً﴾ : وانەبى لەگەڵ خەڵكى كە بەكەميان بزانىو خۆت بە گەورەتر لەوان بگرى، بە جۆرێ لەكاتى ديدار لەگەڵيانو پێكەيشتنيانو قسە لەگەڵ كردنيان، ملت لاركەيتەوە لێيانو، خۆت لێيان لادەى بەلاى تردا، فيزت ئەهێنێت كە تەماشايان بكەىو، لەگەڵيان رووبەرووبى ..

هەروەها کاتێ ئەچی بەسەر زەویدا بە فیزو خۆبەشت زانینو دڵ بە خۆخۆشکردنەوە مەڕۆ. ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ﴾ : چونکە خوا خۆشی لە هیچ کەسێ نایەت کە خۆی بە شت ئەزانێ و فەخر ئەفرۆشێو ناز ئەکا بەسەر خەڵکا .

﴿وَاقْصِدْ فِي مَشْيِكَ﴾ : لە ڕێکردنتا، حەدی ناوەڕاست بگرە، نەپەلەو بەڕاکردن بڕۆ، نە هەر تەواویش لەسەرخۆ. ئەوەی کە ناوەراستە بیگرە، خوا خۆشی دێت لە ناوەڕاست گری، نە کەمکارێو نەزیادەڕەویی .

﴿وَاغْضُضْ مِن صَوْتِكَ﴾ : لەدەنگت کەم بکەرەوە، ئەگەر نیاز نی‌یە بەوەی دەنگت بەرزکەیتەوە، بەرزی مەکەوە. چەندە نیاز هەیە بە دەنگ بەرزکردنەوە هەرئەوەندە بەرزی بکەوە، چونکە : ﴿إِنَّ أَنكَرَ الْأَصْوَاتِ لَصَوْتُ الْحَمِيرِ﴾: ناخۆشترین دەنگەکان دەنگی گوێدرێژەکانە ،کە زۆر بەرزی دەکەنەوە، لەبەرئەو زۆربەرزکردنەوەیە زۆر زۆر ناخۆش ئەبێ، جا تۆ دەنگ بەرز مەکەرەوە تا ئەو ناخۆشی‌یە بۆ دەنگت پەیدا نەبێ .

## بەشێ لە تەفسیری سورەی (الفرقان)

لە سورەتی (فرقان)یشدا هەندێ شتی تر بەیان ئەکا، ئەوانەیان تا ئێستا باس نەکراون ئەمانەن: ئەفەرموێ :

• ﴿وَعِبَادُ الرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْناً﴾: بەندە راستەقینەکانی خوای رەحمان، ئەو کەسانەن کاتێ ئەڕۆن بەسەر زەویدا بە تەوازوعەوە ئەڕۆن، خۆیان زل ناگرن، خۆیان گەورەتر لە خەلکی ترناگرن . ئەڵبەتە ئەمە بەمەعنای خۆ زەلیل گرتن لەبەردەست ناموسڵمانانو دەسەلاّتدارانیدا نیە، موسوڵمان عیززەتی هەیە، سەربەرزە، خۆی بۆکەس کز ناکا، سەری خۆی بۆ کەس دانانەوێنێ، بۆ غەیری خوا کزی نانوێنێ، بەلاّم کاتێ هاتوچۆ ئەکاو ئەڕوا بەملاولاداو ڕووبەڕوو ئەبێتەوە لەگەڵ خەلکی، ئیهانەتیان پێناکا، بەکەمیان نازانێ، خۆی لەوان زیاتر ناگرێ ..

• ﴿وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلَاماً﴾ : ئەوانەشن کاتێ نەزانەکان قسەیان لەگەڵ ئەکەن بە نەزانینەوە ، ئەیانەوێ تووشی پێکدادانو شەڕ و هەرایان بکەن، سەلامیان لێ ئەکەن، دوعای سەلامەتیو خێریان بۆ ئەکەن، خۆیان لە دەستیان ڕزگار ئەکەن و، جەنگیان لەگەڵ ناکەن .

• ﴿وَالَّذِينَ يَبِيتُونَ لِرَبِّهِمْ سُجَّداً وَقِيَاماً﴾ : هەروەها بەندەکانی خوا ئەوانەن کەلە شەودا بۆ خاوەنەکەیان (بۆخوای گەورە) کڕنوش ئەبەن،

سەری بەندەیی لەسەر زەوی دەنێن . لەکاتی بەندەیی کردن بۆ خـوا و سکالاّ و ڕاز و نیازدا هەڵدەسن و(قیام) ئەکەن . لەشەودا نوێژ ئەکـەن، لەنوێژەکانیانا لەخزمەتی خوای خۆیانا ڕائەوەسـتن . هـەروەها سـەری بەندەیی ئەنێنە سەر خاك . جا لای‌کەمی شەو هەستان نوێژی مـەغریب وعیشایە، لای تەواویشـی (نوێـژی ویـتر)ە،کەئـەویش لای زۆرەکـەی (١١ ) ڕەکعەتەو لای کەمی ڕەکعەتێکە و ئەگەر سـێش بێت باشترە .

* ﴿وَالَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا اصْرِفْ عَنَّا عَذَابَ جَهَنَّمَ إِنَّ عَذَابَهَا كَـانَ غَرَاماً. إِنَّهَا سَاءَتْ مُسْتَقَرّاً وَمُقَامـاً ﴾ : ئـەو بەندانـەی خـوا لەگـەڵ ئەوەی کەئەو هەموو ئەرکانە جێبەجێ ئەکـەن، وائـازانن ئـەو کـردەوە چـاکانە حەتمـەن ڕزگاریـان ئەکـەن لەعـەزاب، چـونکە ئەوانـە تـەنها سەبەبێکن ، ئەگەر خوا نەیەوێ ئەو سەبەبانە خۆیان هـیچ ناکـەن، جـا لەبەرئەوە ڕوو ئەکەنە خاوەنەکەی خۆیان و هـاوار ئەکـەن کـە: ئـەی خاوەنەکەمان، عەزابی جەهەنـەممان لێ لادە . وا ئەکەوێتـە دڵیـان وەك ئـەوەی عـەزابی جەهەنـەم خەریکـە بـەرەو ڕوویـان دێ، مەگـەر خاوەنەکەیان ـ خوای‌گەورە ـ لێیان لادا..

جەهەنەم جێگایەکە زۆر ناخۆشە، جێگای قـەرارگرتنی نـاخۆش و، جێ مانەوەیەکی ناخۆشە. قەرارگەیەکە ئینسـان بەڕاسـتی قـەراری تیـا ناگرێو تیایا دانامەزرێ..

* دوای ئەوە باسی ئەوە ئەکا کە لەمەوپێش ڕۆشن کرایەوە، ئینسان لەخەرجکردنی ماڵ و لەئینفاقا ئەبێ حەدی ناوەڕاست بگرێ ، نە زیادەڕەویی، نەکەمکاریی، بەشوێن ئەوانەدا چەند شتیتر ئەفەرموێ : یەکێکیان شەریك بۆ خوا قەرار دانە، یەکێکیان کوشتنی ناهەقە، یەکێکیان زینایە ، جا ئەفەرموێ : ئەگەر کەسێ ئەمانە بکا حەتمەن بۆ هەمیشە لەئاگری جەهەنەمدا ئەمێنێتەوە، مەگەرتەوبەی کردبێ و بەزوویی گەڕابێتەوە و ئیمان و عەمەلی سالحی کردبێت بەکارو پیشەی خۆی .

* ﴿وَالَّذِينَ لَا يَشْهَدُونَ الزُّورَ﴾ : ئەوانەی شایەتی درۆ نادەن، لەگەورەترین شت تا بچوکترین شت، شایەتی نادەن بەوەی کە کەسیتر غەیری خوا ئەکرێ فەرمانڕەوا یا فەریادڕەس بێ .. هەروەها هیچ شایەتییەکی درۆ نادەن .

* ﴿وَإِذَا مَرُّوا بِاللَّغْوِ مَرُّوا كِرَامًا﴾ هەروەها کە ئەڕۆن بەلای شتێکی بێهودەدا بەشێوەی ئەوانەی کە بەرێزن بەو شێوەیە خۆیانی لێ لائەدەن و ناچن بەدەم ئەو شتە بێ هودانەوە و خۆیان خەریك ناکەن پێیانەوە ..

* ﴿وَالَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ لَمْ يَخِرُّوا عَلَيْهَا صُمًّا وَعُمْيَانًا﴾ : وەسفێکی تری بەندەکانی خوا ئەوەیە کاتێك ئایەت و نیشانە و

دەلیلەکانی خاوەنەکەیان بیریان خرایەوە ، هەروا کەرو کوێر خۆ ناخەن بەملیانا و دیققەتیان تیا نادەن ، سەرنجیان نادەن ، بیریان لێ ئەکەنەوە تا زیاتر و زیاتر خوایان پێ بناسێنن ، تا زیاتر هەست بەمەسئولیەت بکەن و وەزیفەی بەندەیی خۆیان بناسن .

* ﴿وَالَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَاجِنَا وَذُرِّيَّاتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ﴾ : هەروەها ئەوانە دوای ئەوەی خۆیان ئیصلاح کرد وئەوکارە باشانەیان ئەنجام داو لەوکارە خراپانە دووری‌یان گرت، نۆبەی ئەوەیە خەریکی ئیصلاحی ژن و منالّیان بن . جا هەرچی هەولّی خۆیانە ئەیدەن، پاشان لەبەرئەوەی ئەوان تەنها ڕێنمایی‌کردنیان لەسەرەو نەزانن هیدایەت بەدەست خوایە، هاوار ئەکەنە لای خوای‌خاوەنیان و ئەلّێن : ئەی خاوەنەکەمان، لە ژن و منالّەکانمان چی‌ئەبێ بەمایەی فێنکی چاوماندو خۆشی دلّمان، ئەوەمان بۆ قەرار بدە . خوایە ژن و منالّەکانمان تەوفیق بدە کەئیصلاح ببنو، ڕێگای بەندەیی بگرن، تا ئێمەش دلّمان خۆش بێ و چاومان فێنك بێتەوە ..

*دوای ئەوەی هەولّی خۆیان دا بۆ ئیصلاحی منالّەکانیان، جا نۆرەی ئەوەیە بکەونە فکری ڕێنمایی کردنو هیدایەتی خەلّکی‌تر، ئەوانەی ئامادەییان هەیە بۆئەوەی لە خوا بترسن و تەقوایان هەبێ، عەرزی خوا ئەکەن ﴿وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا﴾ : خوایە ، بمانکە

بەپێشەواو ئیمام بۆئەوانەی تەقواو لەخوا ترسانیان هەیە، تا ئێمەش ببین بەرێ ڕوونکەرەوە و سەرمەشق بۆیان .

﴿أُوْلَئِكَ يُجْزَوْنَ الْغُرْفَةَ بِمَا صَبَرُوا وَيُلَقَّوْنَ فِيهَا تَحِيَّةً وَسَلَاماً. خَالِدِينَ فِيهَا حَسُنَتْ مُسْتَقَرّاً وَمُقَاماً﴾ : ئەوانەی کە ئاوان، جەزا و پاداشتیان پێ ئەدرێتەوە، لەبەهەشتا ژووری باڵە خانەی چەند نهۆمیان پێئەدرێ، لەبەرئەوەی صەبریان گرت وتەحەمولی گیروگرفت و ڕەنج و زەحمەتیان کرد ، تا ئەو خووڕەوشتە باشانەیان بۆ خۆیان بەدەست هێنا و، لەو خووڕەوشتە خراپانە دووریان گرت و، دامەزران لەسەر ئەوە .. ئەوانە کاتێ ئەرۆنە بەهەشت بە ڕێزو تەعزیمەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئەکرێ ، دوعای خێریان بۆ ئەکرێ و سەلامەتیان پێ ئەدرێ ، کەبۆ هەمیشە لەناو ئەوەدا ئەمێننەوە ، لەجێگایەکدا کە باشترین جێگایە بۆ دامەزران و مانەوە و نیشتەجێ بوون .

## بەشێک لە تەفسیری سورەتی (الحجرات)

لە سورەی (الحجرات)یشدا چەند شتێکیتر– لەوانەی ئەبێ ئینسانی موئمین ڕیعایەتیان بکاو هۆشی پێیانە وەبێ – بەیان کراون ، بەم تەرتیبە :

لەپێشا ئەوانەی ئیمانیان هێناوە پێیان ئەفەرموێ : هۆشتان بەخۆتانەوە بێ، نەکەونە پێش خواو پێغەمبەرەکەی . پێشکەوتن ئەوەیە ئینسان شتێ ئەنجام بدا پێش لەوەی بزانێ فەرمانی خوا لەو بارەیەوە چی ئەبێ، پێش لەوەی بزانێ خوا فەرمویەتی چۆنی ئەنجام بدا . ئینسانێ بیەوێ بەندەیی خوا بکا، هەرگیز کاری وا ناکا، هەمیشە ماتڵ ئەبێ و چاوەڕوان ئەبێ خوا و پێغەمبەری خوا پێشکەون و ڕێگە ڕۆشن کەنەوە، ئەنجا بەشوێن ئەواندا ئەڕوا، یانی هەمیشە ماتڵی ئەوەئەبێ دەستورو فەرمان لەلایەن خواوە بێت و ڕێگای بۆ ڕۆشن بکاتەوە ، جادوای ئەوە ئەکەوێتە حەرەکەت و ئەو شتە کە ئەیەوێ ئەنجامی ئەدا.

* بەشوێن ئەوەدا ڕێنمایی موسوڵمانان ئەکا بۆئەوەی ئیحترامی پێغەمبەری خوا بگرن، ئەو پێغەمبەرەی خەبەری هیدایەت و دینی خوای بۆ هێناون و، ڕێی بەندەیی بۆیان ڕۆشن کردۆتەوە ، ئەبێ لەگەڵ ئەودا بە ئیحترام و ڕێزەوە هەڵس وکەوتیان هەبێ، دەنگیان لەدەنگی ئەو

بەرزترنەکەنەوە، هەروەك بە دەنگی بەرز لەگەڵ خەڵکی تر قسە ئەکەن لەگەڵ ئەو قسە نەکەن .. ئەوە ئەبێتە سەبەبی ئەوەی کردارە باشەکانیان زایە بن و لەبەین بچن .. جا وەسف و سەنای ئەوانە ئەکا کە دەنگیان نزم ئەکەنەوە و بەدەنگی هێواش لە حزوری ئەودا قسە ئەکەن، ئەوانە ئەهلی تەقواو لە خوا ترسانن، بۆیە وەعدی ئەوەیان پێ ئەدا کە لەگوناهەکانیان خۆش بێ، ئەجرو پاداشتی گەورەیان بداتەوە، سەرزەنشی ئەوانەش ئەکا کە ڕیعایەتی ئەو ئەدەبو ئیحترامە ناکەن . کاتێ پێغەمبەری خوا لە یەکێ لە ژوورەکانی خۆیدایە، هەر لەدەرەوە بانگی ئەکەن ، ئەزیەتی ئەکەن ، نایەڵن بەرنامەیەك کە خۆی دایناوە بۆکارو چالاکی خۆی ، ڕیعایەتی بکا ـ حەتمەن پێغەمبەری خوا بێ‌کارو بێ بەرنامە لەو ژوورانەی ماڵی خۆیدا نامێنێتەوە ، هەرکاتێ کە لەوێ ئیش و کاری ئەما خۆی دێتە دەرەوە ـ جا خوا ئەفەرموێ : ئەگەر صەبریان بکردایە تا بهاتایەتە دەرەوە، ئەوە باشتربوو..

جا پێویستە ئەوە بزانین ئەمە تایبەتی پێغەمبەری خوا نیە، بەڵکو لەهەر زەمانێکدا هەرکەسێ ڕێبەر و ڕێنیشاندەری خەڵکی بێ بۆ ڕێگای بەندەیی خواو بە ڕاستی ڕێبەرو سەرمەشق بێت ، ئەبێ ئاوەها ئیحتیرام و ئەدەبێك لەگەڵی ڕیعایەت بکرێ .

* دوای ئەوە بە موسوڵمانەکان ئەفەرموێ کە : ئەبێ پەیوەندی وعەلاقەتان لەگەڵ ناموسەڵمان بەم جۆرە بێت : ئەگەر(فاسق)ێك هاتو

خەبەرێکی گرنگی بۆ هێنان ، بێ تەحقیق لێی قەبوڵ نەکەن، چونکە ئەگەر بێ تەحقیق لێی وەرگرن، لەبەرئەوەی کە(فاسق)ەو لەسنووری بەندەیی خوا دەرچووە، ئەوە ڕەنگە درۆی کردبێ، ئەگەر ئێوە خەبەرەکەی لێ قبوڵ کەن و ئیشێك بکەن ، بەهۆی ئەو خەبەرەوە ڕەنگە تووشی گوناهێك ببن ، زەرەرێ بە تایەفەیەك و گەلێك بگەیەن، پاشان لەدواییدا پەشیمان ببنەوە کە ئەزانکاریتان کردوە و ئیشێکتان کردوە ئەئەبوایە بتانکردایە .

*دوای ئەوە چەند ئایەتیتر هەن .. بەشوێنیانا باس لەوە ئەکا کە برواداران لەناو خۆیانا ئەبێ ڕەفتاریان چۆن بێت، لەگەڵ یەکا چۆن هەڵسن ودانیشن . بە تایبەتی کاتێ وان بەیەکەوە، ئەفەرموێ:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَسْخَرْ قَومٌ مِّن قَوْمٍ عَسَى أَن يَكُونُوا خَيْراً مِّنْهُمْ وَلَا نِسَاء مِّن نِّسَاء عَسَى أَن يَكُنَّ خَيْراً مِّنْهُنَّ﴾ : بانگ ئەکاتە ئەوانەی ئیمانیان هێناوە، ئەفەرموێ :

هیچ قەومێکتان گاڵتە بەقەومێکی تر نەکات و، خۆی لەوی تر زیاتر نەگرێ، وا ئەبێ کە لەبەرئەوەی خۆی بەزیاتر ئەگرێ ، گەمە و گاڵتە بەوی تر بکا، چونکە ڕەنگە ئەوان باشتر بن لەلای خوا. هەروەها هیچ کام لەژنەکان گاڵتە بەهیچ کامیتر لەخۆیان نەکەن، چونکە ڕەنگە ئەمان لەوان باشتر بن لەلای خوا.

* ﴿وَلَا تَلْمِزُوا أَنفُسَكُمْ﴾ : هەروەها بەزبان دڵی یەکتر برینـدار مەکەن . قسەی ناخۆش بەیەکتر مەڵێن،کە دڵـی یەکتری پـێ زامـدار بکەن .

* ﴿وَلَا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ﴾ : هەروەها لەقەب و نـاوی نـاخۆش بەیەکترەوە مەنێن، بەجۆرێ کەیەکتر بکەن بە شوهرەو لـەناو خەڵکـدا بەناو و ناتۆرەی ناخۆش مەشهوری بکەن .

* ﴿بِئْسَ الِاسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الْإِيمَانِ﴾: چونکە زۆرناخۆشـە ئینسـان دوای ئەوە ئیمان بوو بە ناو بۆیەو ناوی نرا ئـەهلی ئیمـانو بـڕوادار، دوای ئەوە (فاسق بوون) بیێتە نازناوی . (فسوق) واتە : دەرچـون لـە سنوری بەندەیی خوا. زۆر ناخۆشە ئینسان لەپێشا پێی بلـێن (مۆمـە) دوایی پێی بلێن (فاسق).

﴿وَمَن لَّمْ يَتُبْ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾ : ئەوانەی تەوبە نەکەنو لەم شتانە دەسـتبەردار نـەبن، ئـەوە سـتەمکارن، ئەگـەر توشـی عـەزابو ئەشکەنجە هاتن خۆیـان سـتەمیان لـەخۆیان کـردوە، خـوا زوڵمـی لێ نەکردوون. ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەوسـێ شـتە : (گاڵتـە کـردن بـە خەڵك لەبەرئەوەی ئینسـان خۆی بەزیاتر بگـرێو ئـەوان بەژێردەسـتی خۆی بزانێ . هەروەها بەزبان برینـدارکردنی دڵـی خـەڵك و قسـەی خـراپ لەگـەڵ خـەڵك کـردنو ئەزیـەت کردنـی خـەڵك بەقسـەی

ناخۆش . پاشان لەقەبی خراپ بەخەڵکەوە نان)، ئەم سێ شتە گوناهی گەورەن، ئەگەر ئینسان لەسەریان بڕواو دەستبەرداریان نەبێت لێیان ، ئەوە لەسنووری بەندەیی خوا دەرچووەو حەقەن تووشی عەزابی خوا ئەبێ‌و پێی ئەفەرموێ : ئیتر دوای ئەوە کەخوا بەیانی کردوەو ڕێگای ڕۆشن کردۆتەوە ، هیچ جێگای گلەیی نیە، ئەو شەخسە خۆی زوڵم‌و ناهەقی بەخۆی ئەکا .

* دوای ئەوە چەند فەرمانێك دەرئەکات بۆ موسوڵمانان تا ڕیعایەتی بکەن . لەکاتێکدا کە لەلای یەکدا نین، لەپشتی سەری یەکتر شتێك کە لایەقی موسوڵمان نیە نەیلێن . ئەفەرموێ :

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيراً مِّنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ وَلَا تَجَسَّسُوا وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضاً أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَن يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتاً فَكَرِهْتُمُوهُ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَّحِيمٌ﴾. بانگ ئەکاتە ئەوانەی ئیمانیان هێناوە، ئەفەرموێ : لەگومان بردن ، زۆر دووربی بگرن . لە(وائەزانم‌و وائەزانم) واز بێنن، بەبێ ئەوەی شتێکتان لێ ڕۆشن بێ، چونکە هەندێ لەگومانەکان گوناهن و ئینسان لە چوون بەرەو خۆشبەختی دوائەخەن .کەوابوو زۆر خۆتان دوور بخەنەوە لەوگومانانە، نەکو لەوانە بن کە لە چوون بەرەو خۆشبەختی وسەعادەت دواتان بخات .

* هەروەها (تجسس) مەکەن . ئەگەر هاتوو گومانێکتان کەوتە دڵ نیسبەت بە موسوڵمانێ مەگەڕێن بە شوێنیدا، بۆئەوەی کە بزانن چیە و چی نیە . خۆ ئەگەر هاتوو زانیتان بە عەیبێکی برایەکی دینیتان ، یان ئەگەر کەمتەرخەمی و نافەرمانیتان کرد و ( تجسس ) تان کرد و تەحقیقتان کرد، یا بەهەر ڕێگەیەك بوو خەبەردار بوون لەوەی کە برایەکی دینیتان عەیبێکی هەیە، ئەوە باهەر خۆتان پێی بزانن و لە پشتی سەر ناوی لای کەسی تر مەبەن ، با کەسی تر پێی نەزانێ . چونکە جاسوسی کردن و گەڕان بەشوێن عەیبی موسەڵمانانندا ، هەروەها ناوی موسڵمان بەخراپ بردن لای ئەم و ئەو، وەك ئەوەیە یەکێ گۆشتی برای مردووی خۆی بخوات، دەی ئایا پێی خۆشە کەسێ لەمێوە گۆشتی براکەی -لەکاتێکا مردووە- بخوا؟ دیارە پێی خۆش نیە .. کەواتە دەی ئەویشتان پێ ناخۆش بێت ، ئەوانەی پێتان وترا میانکەن، لێیان دووری بکەن .﴿ اتَّقُوا اللَّهَ ﴾ : خۆتان لەنارازیکردنی خوا پارێزن . شتێ مەکەن گرفتاری دەستی خوا وعەزابی خوابن .﴿ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَّحِيمٌ﴾ : ئەوە بزانن خوا زۆر تۆبە قبوڵ ئەکات ، زۆر بەڕەحم و میهرەبانە ، ئەگەر بگەڕێنەوە بۆلای و دەست بکێشن لەوکارانە، حەتمەن گەڕانەوەتان لێ قبوڵ ئەکا ، ڕەحمتان پێ ئەکا، ئەو کارە باشانەی لە دوای ئەو تەوبەیە ئەیکەن لێتان وەرئەگرێ و جەزای باشی ئەوانەتان ئەداتەوە .

* دوایئەوەش باسی ئەوە ئەکات کە خەڵکی – چ ژنان، چ پیاوان ، لە هەر تایفەیەك ، یا هەر قەبیلەیەك، یا هەرگەل و هۆزێك بن– تەنها یەیەك شت لای خوا نرخ و ئیحترامتان هەیە ، ئەویش تەقوا و لە خوا ترسانە .. هەر کەس تەقواو لە خوا ترسانی بوو، لای خوا بەرێز و موحتەرەمە . هەر کەسێ نەیبوو، لای خوا رێزی نیە ، ئەوانەی تەقوایان هەیە هەرکامێکیان زۆرتری بوو ئەوەیان بەرێزو موحتەرەم ترە لای خوا، ئیتر هیچێکی تر، غەیری تەقوا و لەخوا ترسان لایخوا رێز و ئیحترام و نرخ بە ئینسان نادا.

## پوختەیەك لە تەفسیری سورەتی (العصر)

لەدوای ئەمانە بەجێیە سورەی (عصر) – کە سورەتێکی کورتە ، بەڵام سورەتێکی زۆر گەورەیە– بخوێنینەوەو ماناکەی باس بکەین ، کە ئەگەر ئینسان تەنها ریعایەتی ئەم سورەتە بکات – هەروەك ئیمامی شافعی ئەفەرموێ – بەسە‌یەتی بۆ ژیانی، بۆئەوەی بیگەیەنێ بە خۆشبەختی . ئەفەرموێ :

﴿وَالْعَصْرِ. إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ. إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ ﴾ .

واتــە : قەســەم بەزەمانــە، ( ئــەو زەمانەی‌کــە وەك ئاوێنەیەکــە ، خۆشبەختی و بەدبەختی و سەرەنجامی خۆشی‌و سەرەنجامی ناخۆشی تێدا دەردەکەوێ . هەروا کە ئەزانین زەمانەو تەئریخ خۆی دەری ئەخا کــێ گەیشت بەخۆشبەختی وکێ گەیشت بە بەدبەختی)، قەسەم بەو زەمانە، هــەر ئینســانێ وا لــەزیانکاری و زەرەرمەندیــدا، (نــە تــەنها ســودێکی دەســت نەکەوتوە، بگرە سەرمایەشی لە دەست داوە) بێجگە ئەوانــەی حەقیان ناسی و تەسلیمی بورن ، ئەوانەی کردەوە چــاکەکانیان ئــەنجام دا، ئەوانەی بەیەکتر (توصیە)وئامۆژگــاری و ســفارشــیان کردکــە ڕێــی حەق بگرن وصەبریشی لەسەر بکەن[1].

[1] – لە کۆتایی ئەم بەرهەمەیدا مامۆستا ناصر جارێکی تر سورەتی العصر واتا ئەکات. سەیری دوایەتی بکە (دەزگای بەرهەم).

## پوختەیەك لە ئەحكامی سورەتی (الأحزاب)

هەندێكی تر لە خوورِەوشت وكردارە باش و خراپەكان لە چەند ئایەتێكی‌تروچەند سورەتێكی تری قورئاندا، ناویان براوە، پێویستە ئەوانیش باس بكرێن .

لەسورەی ئەحزابدا فەرمانێ ئەدرێ بە پێغەمبەری خوا كە پێوستە موسڵمانان بیزانن، بەتایبەتی ئەو كەسەی خەریكی دەعوەت كردنە بۆ رێگەی خوا، ئەبێ بیزانێ .. چونكە لە قۆناغێكی دەعوەتەكەیدا ئەگا بەوشتە، ئەویش هاوسەری كەسێكە كە كاری دەعوەت كردنە لە رێی خوادا، خەڵكی تریش هەر باشە بیزانن، تا تێ بگەن كە مەسئولیەتی ئەوكەسانەی خەریكی دەعوەتكردن و بانگ كردنن بۆ رێگای خوا چیە ، مەسئولیەتی خێزان و خانەوادەی ئەوان چۆنە . ئەفەرموێ :

﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ إِن كُنتُنَّ تُرِدْنَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَزِينَتَهَا فَتَعَالَيْنَ أُمَتِّعْكُنَّ وَأُسَرِّحْكُنَّ سَرَاحاً جَمِيلاً. وَإِن كُنتُنَّ تُرِدْنَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالدَّارَ الْآخِرَةَ فَإِنَّ اللَّهَ أَعَدَّ لِلْمُحْسِنَاتِ مِنكُنَّ أَجْراً عَظِيماً﴾ .

هەموو ئەزانن لەكاتێكدا پێغەمبەری خوا دەستی كرد بە بانگ كردن بۆ رێگای خوا، دەستەڵاتدارو حاكمە زاڵم و ، تاغوتەكان و داروودەستەیان، دژی وەستان ودەستیان كرد بە دوژمنایەتی لەگەڵی و، هەرچیەك لە دەستیان هات دریغیان نەكرد، هەوڵیان دا بۆئەوەی نەهێڵن ئەو دەعوەتە سەركەوێ .. لە ئەنجامدا چارەیەك نەبوو غەیری

ئەوەی پێغەمبەری خوا لەگەڵ یارانی کۆچ بکەن و، شاری مەککە بەجێ بهێڵن و، بڕۆن بۆ جێگەیەکی تر، تا لەوێ بتوانن مەسئولیەت و وەزیفەی بەندەیی خۆیان جێبەجێ بکەن و، ئەوەی لەسەریانە ئەنجامی بدەن .. بۆیەکۆچیان کرد بۆ مەدینە ،کافرەکانیش هەر وازیان نەهێنا ، چەندین جار لەشکریان کێشا، هوجومیان بردە سەر موسوڵمانەکان، شەڕیان لەگەڵ کردن، بەڵکو بتوانن ئەو دەعوەتە، ئەو بانگ کردنە بۆ ڕێگای خوا، لەبەین بەرن و خۆیان ڕزگارکەن لەدەستی.. جا هەرجارە دەستەیەك لەکافرەکان ئەچون بۆ شەڕ کردن، حزب حزب و دەستە دەستە ، تا دوای ئەوەی چەند جار شکستیان خوارد و نەگەیشتن بە ئامانج و ئارەزوی خۆیان و، بۆیان دەرکەوت ئەگەر حزب حزب و دەستە دەستە بڕۆن هیچیان پێ ناکرێ، کەوابوو با هەمور حزبەکان و هەمور دەستە و گرۆهەکان بەیەکەوە بڕۆنە شەڕی موسوڵمانەکان، تا لەبەینیان بەرن .. ئەوەبوو جەنگی ( ئەحزاب ) (گەلەکۆمەی هەمور حزبەکان) ڕوی دا کە هەمور حیزب‌و گرۆهەکان بوون بەیەك بۆلێدانی موسوڵمانەکان . جا لەبەرئەوەی خوای(متعال) هەرگیز نیزن نادات بەکافرەکان کە کارێ بکەن بەندەیی و عیبادەتی خوا لەسەر زەوی هەڵبگیرێ و، زەمینە ئەمێنێ بۆ ئەنجامدانی، موسوڵمانەکانیش دەسەڵاتێکی وایان نەبورکە دیفاع بکەن لەخۆیان و ، لەگەڵ ئەو هەمور دوژمنانە بە شەڕ بێن ، بۆیە خوای (متعال) ڕاستەوخۆ یارمەتی

دان وکۆمەکی کردن ونەجاتی دان ، بە لەشکرێك کە موسوڵمانەکانیش نەیاندی، بە لەشکرێك کە خوێ نەزانی ئەفرادی چەند بوو، حیزبەکان وگرۆکافرەکانی شکست دا، ئەو شکست دانە بوو بەهۆی ئەوە جارێکی ترکافرەکان لەبیری ئەوەدا نەبن لە رێگای جەنگ کردن لەگەڵ موسوڵمانەکانەوە بڕۆن بەگژی ئیسلامدا .. دوای ئەوە وتیان ئیتر جارێکی تر بۆئەوە ناشێ بەشەڕبێین لەگەڵ موسوڵمانەکان ، باشتر ئەوەیە لەرێگایەکی ترەوە بڕۆین ، شتێکی تر بکەین بۆ لەبەین بردنی ئیسلام . ئەوەبوو دەستیان دایە هوجوم کردنە سەر موسوڵمانان، لە مەیدانی ئەخلاق و خووڕەوشتا، پیلان و نەخشەیان کێشا بۆئەوەی کار بکەنە سەر خێزانە موسوڵمانەکان، کاری بکەن موسوڵمانان لەرێی خوڕەوشتی جوان و ئەخلاقی ئیسلامی لابەن ، گومڕایان بکەن، لەو رێگایەوە دەستی خۆیان بوەشێنن و، ئیسلام لەبەین ببەن . جالەبەر ئەوە بوو لە دوای ئەو غەزوەیە (دوای جەنگی ئەحزاب) خوای گەورە ئەم سورەتەی ناردکە تیایدا موسوڵمانان ئاگادار ئەکاتەوە لەوەی خەتەرێکی زۆرگەورە ڕووی تێ کردوون، کە ئەگەر سەنگەری خۆیان مەحکەم نەکەنەوە، ئەگەر لە خوڕەوشتە خراپەکان بەتەواوی خۆیان بەدوور نەگرن ، ئەوەی خوڕەوشتی باش و جوانە مەحکەم نەیگرن ، بەتەواوی نەبن بەئەهلی ئەخلاقی ئیسلامی و خوڕەوشتی جوانی پەسەند کراوی لای

دەرەوەی نوێژەکەیان ، هەم ناوەوەی نوێژەکەیان ئەکەن، هەرچیەك کە پێویستە لە نوێژەکانیاندا، لە دوعاو سکاڵاکانیاندا، ڕیعایەتی ئەکەنو ئەنجامی ئەدەن ، بەجۆرێ کە نوێژەکانیش ئەبن بە ڕێگر لەوەی ئەوان توشی ئەنجامی کرداری ناپەسەند بن، هەروەك ئەفەرموێ :

﴿إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاء وَالْمُنكَرِ﴾.

جا لەبەمیانی پاداشتی ئەوانەدا ئەفەرموێ :﴿أُوْلَئِكَ فِي جَنَّاتٍ مُّكْرَمُونَ﴾ : ئەوانە وان لەناو باخانێکدا کە لەوێ ڕێزیان لێ ئەگیرێت یا ئەفەرموێ : ﴿الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ﴾: ئەوانەی لەناو نوێژو دوعاو سکاڵاکانیاندا کزوگەردنکەچو بە (خشوع)ن بۆ خوای گەورە، ئەزانن هەموو بوونیان نیازمەندیە بە خوای خۆیان، ئەگەر ئەو سودو قازانجێکیان پێ‌نەگەیەنێ، لە هیچ لایەك دەستیان ناکەوێ . ئەگەر ئەو زیانو زەرەرێکیان لێ دوور نەخاتەوە، هیچ شتێکیتر و هیچ کەسێکیتر ناتوانێ لێیان دوربخاتەوە . بۆیە کاتێ ئەپاڕێنەوەو سکاڵا ئەکەن هەموو گیانیان خۆ نزم گرتنە لە حزووری خوای خۆیاندا . ئەبێ ئینسان لە نوێژدا ئاوابێ .

## هەندێکی تر لە ڕەوشتە باشەکان

لـە جێـی تـریش چـەند وانـەی تـر ، لـەو خوورەوشـتانەی ئـەبێ موسوڵمان بیبێ باس کراون، کە بە یەکتاپەرسـتیو (تەوحیـد) دەسـت پێئەکـەن (بـەوەش تـەواو ئـەبن). لەئایـەتی (٢٣-٣٩) لـە سـورەتی (الأسراء)دا (١٥) ڕەوشت باس ئەکات ئەفەرموێ :

* (وَقَضَى رَبُّكَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ) : خوای گەورە بەیان ئـەکا کـە بڕیاری داوەو واجبی کردووە ئینسان لە ژیانیـا تـەنها فەرمانبـەرداری خوا بێ و بەندەیی و ئیتاعەت بۆ ئەو بکا.

دوای ئەوە گەورەترین حەقێك کـە بەسـەریەوە هەیـە دوای هـەقی خوای گەورە هەقی دایكو باوکە، بۆیە ئەفەرموێ :

* ﴿وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَاناً﴾ : فـەرمانی داوە ئینسـان لەگـەڵ بـاوكو دایكی بەباشی بجوڵێتەوەو بە باشی ڕەفتاریـان لـەگـەڵ بکـا، بەتایبـەت لەکاتێکا زۆر نیازیان هەیە بەو، ئەفەرموێ:

﴿إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلاَهُمَا فَلاَ تَقُل لَّهُمَـا أُفٍّ وَلاَ تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلاً كَرِيماً ، وَاخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ الذُّلِّ مِنَ الرَّحْمَـةِ وَقُل رَّبِّ ارْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيراً﴾ : ئەگـەر هـاتوو یـەکێکیان یـا هەردوویان ئەوەندە مانەوە کە پیربوون، لای تۆ بوونو نیازیـان بـە تـۆ بوو، لای تۆ ژیانیان بەسەر ئـەبرد، ئـەوە هەرچـەند زەحمـەتیان بێـتو

چاودێری لێکردنیانو بەخێوکردنیان زەحمەت بێو نارەحەتیت بۆ پێش بێنێ، بیرت بێ یەکجاریش نەڵێی :(ئاه.. هـ..)، نەڵێی:(ئۆف ..) قسەی توندوتیژیان لەگەڵ نەکەی، قسەیەك کە لە گەڵیان نەکەی با پڕلە ڕێزوئیحتیرام بێ و باش بێ، باڵی ڕەحمەتو بەزەیی‌و میهرەبانی و خۆ زەلیلگرتن ڕاخە بۆیان . چونکە نیازیان بەو ڕەحمەتو بەزەیی‌و میهرەبانی‌یە هەیە . هەروەها دوعای خێریان بۆ بکە، لە خوا بپاڕێرەوە کە بەزەیی بێتەوە پیایانداو ڕەحمیان پێبکا . بڵێ: خوایە ، ڕەحم بکە بەوانو بەزەییت بێتەوە پیایاندا، هەروەك ئەوان کاتێك من مناڵ بووم ، بەخێویان کردم، لەپاداشتی ئەو پەروەردەیەی من ، تۆ ڕەحمیان پێ بکەو، جەزایان لەباتی من بدەرەوە .

﴿رَّبُّكُمْ أَعْلَمُ بِمَا فِي نُفُوسِكُمْ إِن تَكُونُواْ صَالِحِينَ فَإِنَّهُ كَانَ لِلأَوَّابِينَ غَفُوراً﴾ : خاوەنەکەتان زانایە بەوەی وا لە دەرونتاندایە، لە هەمووکەس زیاتر ئەزانێ چی لە دەرونتانایە، ئەگەر نیەتی باشتان هەبێ، ئەو لە هەمووکەس باشتر پێی ئەزانێ، جەزاو پاداشت بە پێی ئەوە ئەداتەوە . ئەگەر ساڵح بن . ئەگەرئەعلی‌کرداری چاکو شیاو و باش بن ئەوە دڵنیا بن جەزاو پاداشتتان نافەوتێ، چونکە ئەوانەی هەمیشە ڕوو لە خوان، هەرکاتێ توشی لادانێ لەرێگەی خوا ئەبن، بە زووترین کات ئەگەڕێنەوە، ئەوە خوا دەرهەقیان (غەفور)ە، هەرکاتێ

ئینسان تووشی لادانو نافەرمانییەك بوو، بە شەرتێك بگەڕێتەوە، لە گوناهی چاوپۆشی ئەكا وئەیبەخشێ .

* ﴿وَآتِ ذَا الْقُرْبَى حَقَّهُ وَالْمِسْكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَلاَ تُبَذِّرْ تَبْذِيراً، إِنَّ الْمُبَذِّرِينَ كَانُواْ إِخْوَانَ الشَّيَاطِينِ وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِرَبِّهِ كَفُوراً﴾:

دوای ئەوە واجب ئەكا لەسەر ئینسان كە لەگەڵ هەندێكی ترلە بەندەكانی خوا، ئەوانەی زۆر نیازیان هەیە بەوەی لەگەڵیان چاكەكاریی بكرێ، لەگەڵیان چاك بێوكاری باشیان لەگەڵ بكا، ئەفەرموێ : ئەوانەی خزمن، هەقیان هەیە بەسەرتەوە، هەقەكەیان بدە، ئیتر چ حەقی ئیحتیرامو ڕێزلێنان بێ، چ حەقی ماددی بێ، وەك ئەوەی نیازیان بەشتێك لە ماڵو سەروەتت بێت كە ئەبێت پێیان بدەی . هەروەها هەژاران هەقیان بەسەرتەوە هەیە، هەقەكەیان بدە . هەروەها ئەوانەی لەماڵو ماوای خۆیان دووركەوتوونەتەوەو، شتێكیان بەدەستەوە نەماوە، ئەوانەی غەریب كەوتوون، ئەوانیش هەقیان بەسەرتەوە هەیە، هەقەكەیان بدە، بەڵام هۆشت بێ لە هەق ئەداكردنولە بەخشینا حەددێك هەیە، ئەبێ هەروەك لە بەخیلیو هەقی خەڵك نەدان دووریی بكەی، هەروەها لەماڵو نیعمەت پژاندنو زایەكردنی ماڵو نیعمەت ، خۆت دوور بگری . هەمیشە حەدی ناوەڕاست بگرە، نە بە بەخیلی، بە درێغی كردنو نەدانی هەقی

خەڵك، نە بە زایەکردنی ماڵو بەپڕاندیو بەفیڕۆدانی، هیچ کام لەوانە نەکەی، ئەوەی ناوەڕاستە بیگرە، خوا ئەوەی خۆش ئەوێ، نەك ئەوەی ماڵو نیعمەتێ خوا پێی داوی ، بێ ئەوەی جێی خۆی بێ صەرفی بکەیو بیپڕژێنی، ئەوانەی وا ئەوە بەرنامەو خووڕەوشتیانە، برای شەیتانەکانن، دیارە شەیتان زۆر زۆر کافرە نیسبەت بە خاوەنەکەی خۆی، ئەگەر تۆش ئاوا بکەی وەك ئەوت لێ دێت .

* ﴿وَإِمَّا تُعْرِضَنَّ عَنْهُمُ ابْتِغَاء رَحْمَةٍ مِّن رَّبِّكَ تَرْجُوهَا فَقُل لَّهُمْ قَوْلاً مَّيْسُوراً﴾ : ئەگەر هاتوو جارێ یەکێ لەوانەی هەقی بەسەرتەوە هەیە، داوای هەقەکەی کردو نەت بوو، رووت لێ هەڵکرد، لەبەر ئەوەی ئێستا شتێکت نیە بیدەیتێ و، بەتەمای ئەوەی خاوەنەکەت رەحمێکت لەگەڵ بکاو، نیعمەتێکت پێ بدا، ئەوا تاکاتێ ئەو رەحمەتەت دەست نەکەوێ، تا هەقی ئەو هەقدارە بدەی، قسەیەکی باشوخۆشو رەحمێ لەگەڵ بکە، بە قسەی خۆش قانعی بکە تاکاتێ ئەو نیعمەتەت نەکەوێتە دەست .

* ﴿وَلاَ تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَى عُنُقِكَ وَلاَ تَبْسُطْهَا كُلَّ الْبَسْطِ فَتَقْعُدَ مَلُوماً مَّحْسُوراً﴾، ئەم ئایەتە مەنعی ئینسانی موسوڵمان ئەکا لەوەی کە بەخیل بێ، هەروەها مەنعی ئەکا لەوەی هەرچییەکی هەیە بەجارێ صەرفی بکاو بیبەخشێ . ئەفەرموێ : وەك کەسێ مەبە دەستی

بەکۆت‌و زنجیر بەستراوە بە ملیەوەو ناتوانێ هیچ بکا، دەستی بەستراوە لەوەی خێرێك بکا . وەك کەسێکیش مەبە بە تەواوی دەستی درێژکردۆتەوەو دەستی بلاوکردۆتەوە، بەجۆرێ هەموو سەروەت‌و ماڵەکەت لە ماوەیەکی کەمدا لەدەس بدەی‌و هەمووی خەرج بکەیت، لە دوایدا داکەوی‌و سەرزەنشت بکرێی بەجۆرێ هەموو هێزو توانایی خۆت لەدەست دابێ‌و هیچێکت نەمابێ .

﴿إِنَّ رَبَّكَ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَن يَشَاءُ وَيَقْدِرُ إِنَّهُ كَانَ بِعِبَادِهِ خَبِيراً بَصِيراً﴾، بەخیل نەبی ،کە (إنفاق) نەکەی و وابزانی ئەگەر هات‌و ئەوەت بەخشی ئیتر هیچت دەست ناکەوێتەوە، چونکە بەراستی خاوەنەکەت ئەگەر ویستی رزق‌و رۆزیی زۆر بەهەرکەس بدا، پێی ئەدا.. ویستیشی لەهەرکەسی بگرێتەوە ئەیگێڕێتەوە . هەروەها هەموو سەروەت‌و ماڵەکەشت بەجارێ خەرج نەکەی‌و نەیدەی بەم‌وبەو، وابزانی ئەگەر بێت‌و تۆ زیادە لەحەد (إنفاق) نەکەی‌و ماڵ خەرج نەکەی خەلکی لە بەین ئەچن، چونکە خاوەنەکەت چاوی لە خەلکی‌یە، خەبەری لێیانەو ئاگادارە، ئەزانێ کێ نیازی بەچیەو کێ چ رزق‌و رۆزییەکی ئەوێ ،کەی پێی بدرێ پێی ئەدا، تۆ حەدی ناوەراست ریعایەت بکە، ئەملاوئەولا مەکە . دوایی ئەفەرموێ :

* ﴿وَلاَ تَقْتُلُواْ أَوْلادَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلاقٍ نَّحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُم إنَّ قَتْلَهُمْ كَانَ خِطْءاً كَبِيراً﴾ : منالەکانتان لە ترسی ئەوەی نەکو نەدار بکەونو ماڵوداراییتان نەبێ خەرجی کەن بۆیان، مەکوژن . چونکە ئێمە ڕۆزیی ئەوان ئەدەین، هەروەها ڕۆزیی ئێوەش ئەدەین، ئێوە ئیجازەی ئەوەتان نیە بیانکوژن، رزقو ڕۆزییەکیشمان بۆ ئەوان داناوە . بەراستی کوشتنیان لادانێکی گەورەیە لەرێگەی بەندەیی .. ئەڵبەتە لەم زەمانەدا، ئائەمە ئەنجام نادرێ، بەڵام شتێکی نزیك بەمە ئەنجام ئەدرێ ئەویش ئەوەیە خەڵکی لەبەرئەوەی منالەکانیان بە حسابی خۆیان داهاتوویەکی ڕۆشنیان بێ، وەسیلەی ژیانیان دەسکەوێ، دەستیان لێ بەرئەدەن، لەتەربیەتو بەخێوکردنیاندا بەجۆرێ ئیسلام دەستور ئەدا هیچ هەوڵێکیان لەگەڵ نادەنو کەمتەرخەمی ئەکەن، لەجیاتی ئەوە هیدایەتیان بدەنو بیانخەنە سەر رێگای بەندەیی، تەنها هەوڵیان ئەوەیە بەرەو ئەوە بیانبەن مەعاشێکیان دەست کەوێ، بەرەو ئەوە بیانبەن وەسیلەی ژیانیان دەسکەوێ، هەر ئابەوە کارێکیان لێ ئەکەن وەك ئەوەیکوژرابن وایان لێ دێت . ئەگەر ئینسان بیەوێ خوا لێی رازی بێ، واجبە لەسەری منالی بەجۆرێ پەروەردە بکا، رێگەی بەندەیی خوابگرێ . ئەڵبەتە ئەمە بە مەعنای ئەوەش نیە موسوڵمان کارناکاتو هەوڵ نادا، تەنها مانای ئەوەیە ئینسان لەسەریەتی بەندایەتیو عیبادەت بۆ خوای گەورە بکا . جا هەر لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەدا وەسیلەیەکیش بۆ

ژیانو رزقو ڕۆزی بەکاردێنێ، نیز حەتمی‌یە ئەوەی خوا کردویەتی بە رزقی پێی دەگات و لێی بەشدار ئەبێ .

* ﴿وَلاَ تَقْرَبُواْ الزِّنَى إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاء سَبِيلاً﴾: لە زینا نزیک مەکەونەوە، چونکە ئەوکردارە کردارێکی زۆر سوکو ناپەسەندە، ڕێگای ئەنجامدانی ئەوکردارە زۆر ڕێگایەکی پیسەو پێیدا مەڕۆن .

* ﴿وَلاَ تَقْتُلُواْ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللّهُ إِلاَّ بِالحَقِّ﴾ : کەسێك خوا کوشتنی حەرام کردووە مەیکوژن، مەگەر ئەوەی هەقێ بەسەریەوە بێ . کەسێکیش هەقی بەسەرەوەیەو مۆڵەتی کوشتنی هەیە ،کە کەسێکی تری بە ناهەق کوشتبێ، یا فەساد بخاتە ڕێ لەسەر زەویدا..(ئەوەش بەپێی بڕیار و لە دەزگای خۆیەوە جێبەجێ دەکرێ ) .

لەلایەکی‌ترەوە قورئان خۆی باسی کردووە ئەو فەسادە چیە، ڕۆشنی کردۆتەوە تەنها لەو دوو حاڵەتەدا ئەکرێ ئینسان بکوژرێ، لە غەیری ئەوانەدا – واتە غەیری ئەوەی فەسادێکی کردبێ، هەروەك قورئان باسی ئەکا، یا قەتلێکی کردبێ – جایز نیە بکوژرێ، ئەگەر چی کافریش بێ .

﴿وَمَن قُتِلَ مَظْلُوماً فَقَدْ جَعَلْنَا لِوَلِيِّهِ سُلْطَاناً فَلاَ يُسْرِف فِّي الْقَتْلِ إِنَّهُ كَانَ مَنْصُوراً﴾: بۆ ئەوەی بەرنامەیەك بێ بۆ تۆڵە سەندنەوە، لە کاتێکا

کەسێ کەسێکی ئەکوژرێ، خوای گەورە باس ئەکا فەرمانی تایبەتیمان دەرکردووە بۆ تۆڵەسەندنەوە . ئەفەرموێ : لەکاتێکا کەسێکتان ئەکوژرێ ریعایەتی ئەوە بکەنو لەوە لامەدەن ، ئەگەر ریعایەتی ئەوە بکەن تۆڵەی خۆتان ئەسێننەوەو داخی دڵتان دەرئەچێ، هەقتان نیە زیادەڕەوی بکەنو، لەوە زیاتر بڕۆن، هەرکەس بە ناهەق‌وەمەزڵومانە کوژرا، ئەوە بۆ ساحیب خوێنەکەی، بۆ سەرپەرشتەکەی، دەستەڵاتێکمان داناوە، هەقی ئەوەمان پێداوە قاتڵەکە بکوژێتەوە، جا با هەرئەوە بکاو زیادەڕەوی نەکا ،کەسیتر غەیری قاتڵەکە نەکوژێتەوە.. خۆ ئەگەر زیادەڕەوی نەکا، ئەگەر گوێ بەفەرمانی خوا بدا ، خوایش کۆمەکی ئەکا بۆ ئەوەی هەقی خۆی بسێنێتەوە (دیارە ئەوەش لە ڕێی قەزاوە ئەکرێ، نەك هەرکەس بۆ خۆی).

* ﴿وَلاَ تَقْرَبُواْ مَالَ الْيَتِيمِ إِلاَّ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ حَتَّى يَبْلُغَ أَشُدَّهُ﴾ : نزیکی ماڵی هەتیو مەکەونەوە، مەگەر بەشێوەیەك کە باشترین شێوە بێ . شێوەیەك لەوە شێوەی باشتر نەبێ بۆ نزیك کەوتنەوە لە ماڵی بێباوك . شێوەیەك کە زۆرترین مەسڵەحەتی تیابێ بۆ ئەو. تا کاتێ ئەگاتە سنورێك بەتەواوی خۆی ئەگرێ، ئەبێتە پیاوێ یا ژنێکی کامڵ‌و وای لێ دێت خۆی ئەتوانێت دیفاع لەحەقی خۆی بکا، لە حاڵەتی هەتیوبونو لاوازی دەردەچێت .

* ﴿وَأَوْفُواْ بِالْعَهْدِ إِنَّ الْعَهْدَ كَانَ مَسْؤُولاً﴾ :هەروەها وەفا بکەن بە عەهدو پەیمان، ئەگەر پەیمان و عەهدێکتان لەگەڵ ئەبەسترێت ، تا سەر ببەن ، چونکە پەیمانێك کە لەگەڵ ئینسان ئەبەسترێ حەتمەن لەدوایدا لەو ئینسانە پرسیار ئەکرێ لەسەری، ئایا وەفای پێ کردووەو بردوویەتیە سەر، یان نا؟ ئەگەر نەیبردبووەتە سەر، حەتمەن تووشی سزایەك ئەبێ، مەگەر تۆبەی کردبێ ؛

* ﴿وَأَوْفُوا الْكَيْلَ إِذا كِلْتُمْ وَزِنُواْ بِالقِسْطَاسِ الْمُسْتَقِيمِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلاً ﴾ : لەکاتێکدا شتێك بە کاسەمەنو شتیوا ئەپێون، بەتەواوی ریعایەتی ئەو پێوانە کردنە بکەن . ئەگەر بۆ خۆتان شتێ وەرئەگرن زیاترلە ئەندازە وەرمەگرن . ئەگەر حەقی کەسیتر لاتانە، کاتێ ئەیدەنەوە کەمتر نەبێ لەوەی ئەیبێ بیدەن .. کاتێك شتێ ئەکێشنو وەزنی ئەکەن، ئەویش با بە میزانێ بێ رێکوپێك بێ، کەم و زیادی تیا نەبێ . ئائەوە باشترە، ئەوە سەرەنجامی چاکترە بۆتان .

* ﴿وَلاَ تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولـئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْؤُولاً﴾: مەکەونە شوێن ئەوەی پێی نازانن‌و ئاگادار نین لێی . خوای (متعال) بۆیە هێزی بیستنی پێداون، بۆیە هێزی بینینی پێداون، بۆیە دڵی پێداون، کە بەکاریان بێنن بۆ زانین‌و شتیان پێبزانن، دوای ئەوە شتێکتان زانی، شوێنیکەون‌و ئەنجامی

بدەن .. لەسەر هەرکام لەوانە لـە دوارۆژدا پرسـیارتان لیٚ ئـەکریٚ ، پرسیار ئەکریٚ چۆن سوودتان بینی لە گویٚتانو هیٚزی بیستنتان؟ چـۆن سوودتان بینی لە دلتانو کەلکتان لیٚ وەرگرت؟ ئەگەر بەو جۆرە خوا داواتان لیٚ ئەکا کەلکتان لیٚ وەرنەگرتبیٚو، بەکارتان نەهیٚنابیٚ بۆ ئەوەی کە شت بزانن جا عەمەلی پیٚ بکـەن، ئـەوە مـەحکومنو خـوا سـزاتان ئەدا، تەنها لە کاتیٚکا لە ئەشکەنجەو ئەزیەتو ئازار رزگار ئـەبن ، ئـەو شتانەتان بەکارهیٚنابیٚ،کە خـوایێ داون ، بۆئـەوەی عـیلمو زانسـتان دەست کەویٚ، تا بە زانستەوە بجولیٚنو ژیانتان بەسـەر بەرن .

کەوابوو پیٚویستە لەسەر ئینسـان (بیسـتن)و( بینین)و (هیـٚزی دل)ی بەکاربیٚنیٚ بۆ ئەوەی خوا بناسـیٚ، چـاکوخراپ لەیـەك جیـا بکاتـەوە، دروستو نادروست و خیٚرو شـەڕ بناسـیٚ .. پاشـان ئـەوەی خیٚـرە ، بیگریٚ . ئەوەی شەڕە ، وازی لیٚ بیٚنیٚو دەستی لیٚ بەردا.

* ﴿وَلاَ تَمْشِ فِي الأَرْضِ مَرَحاً إِنَّكَ لَن تَخْرِقَ الأَرْضَ وَلَـن تَبْلُـغَ الْجِبَالَ طُولاً﴾ : بە جۆریٚ مەچۆ بەسەر زەویدا کە دلّ بە خۆت خۆش بکەیو وابزانی شتیٚکی.. بە تەکەببور و خۆ بـە شـت زانینـەوە مەچـۆ بەسەر زەویدا، چونکە خۆ هەرچـیـەك بـی ناگەیتـە ناسـتیٚ کـە زەوی بدڕی، یا وەك کەژوکیٚوەکان قامەت بەرزبیٚو بگەیتە بـەرزایی ئـەوان! تۆ چیت؟ تەماشای خۆت بکە، بزانە چیت؟ خـۆت بناسـەو خـۆت بـە شتیٚك زیاتر لەوە کە هەیت، مەزانە !!

﴿كُلُّ ذَلِكَ كَانَ سَيِّئُهُ عِنْدَ رَبِّكَ مَكْرُوهــاً﴾ : هەموونەوانــەی بــاس کران، ئەوەیان کە خراپــە لای خاوەنەکــەت ناپەســەندە، نــەو بەباشــی نازانێ، دیارە هەرکەسێکیش بەندەی خوابێ ئەبێ ریعایــەتی نــەوە نــەکا کە لەوخراپانە دووریی بکا .(ذَلِكَ مِمَّا أَوْحَى إِلَيْكَ رَبُّكَ مِنَ الْحِكْمَــةِ وَلاَ تَجْعَلْ مَعَ اللّهِ إِلَهاً آخَرَ فَتُلْقَى فِي جَهَنَّمَ مَلُوماً مَّدْحُوراً) : ئەوانــەی باس کران لەو حیکمەتەیە کە خاوەنەکەت بۆتی ناردووە، بەرنامەیەکــە ئەگەر ریعایەتی بکەی ئەتوانی بەندەیی خوا بە جۆرێ بکەی نە تووشــی لادان بــەرەو لای زیــادەڕەویو (إفــــراط) ببــی، نــە تووشــی لادان بەرەوکەمتەرخەمیو کەمکاریو (تفریط) ببــی .. بــۆ نــاخر جــار پێــت ئەڵێینەوە لەگەڵ خوادا فەرمانڕەواو فەریادڕەسی تــر قــەرار مــەدە، لــە ژیانتا پەیڕەوی لە فەرمانڕەوایتر مەکە، تەوەککول مەکە سەر کەسیتر غەیری خوا، داوای کۆمەك لە غەیری ئەو مەکە، تۆ کە خــوات هەیــە، تۆ کە (الله) فەرمانڕەواو فەریادڕەستە ، نیز کەســیتر بــە فــەرمانڕەواو فەریادڕەسی خۆت دامەنێ، تــا بــە سەرزەنشــکراویو دەرکــراوی لــە رەحمەتی خوا نەخرێیتە دۆزەخ .

(بەم جۆرە ئەم چــەند ڕەوشــتەش بەیەکتاپەرســتی دەســتیان پێکــراو بەوەش کۆتایی هات).

**ئامۆژگارییەکانی لوقمان بۆ کوڕەکەی :**

*لە سورەی لوقماندا هاتووە، لوقمان -کە یەکێ لەبەندە ساڵحەکانی خوایە- نەسیحەتی کوڕەکەی خۆی ئەکرد، نەسیحەتەکەی وا دەست پێکرد کە مەنعی کوڕەکەی کرد لەوەی شەریك بۆ خوا قەراربدا، کەسی تر غەیری خوا بە فەرمانڕەوای خۆی یا فەریادڕەسی خۆی بزانێ . بەیانی ئەوە ئەکا کە هاوەڵ بۆ خوا قەراردان چەندە گەورەیە .

*دوای ئەوە خوای (متعال) خۆی بەیانی ئەوە دەکات : بە شوێن حەقی خوادا، حەقی دایكو باوکیش بەسەر ئینسانەوەیە . ئەبێ ریعایەتیان بکا، بەتایبەت دایك کە رەنجو زەحمەتی زۆری کێشاوە، لە (٣٠) مانگدا لەگەڵ مناڵ، لای کەم (٦) مانگ بارداریی، (٢) ساڵیش شیر پێدانو بەخێوکردن . خوا ئەفەرموێ : تەنانەت ئەگەر دایكو باوك فرمانیان بەتۆ دا کە شەریکی بۆ قەرار بدەیو لەرێی بەندەیی دەربچی، لەو حاڵەیشدا ئەبێ هەر لەگەڵیان بەشێوەی پەسەند رەفتار بکەی، بە گوێیان مەکە، فەرمانبەرداری‌یان لێ مەکە، لە کاتێکا فەرمانێ ئەدەن کە نافەرمانی خوای تیایەو گوناهە، بەباشیو پەسەندی لەگەڵیان رەفتار بکە، ئەوە کە دەستور ئەدەن شەریك بۆ خوا قەرار

بدەی‌و لەرێی بەنـدەیی دەربچـی، ئـەوە نایێتـە بەھانـە کـە لەگـەڵیان بەدرەفتاری بکەی .

*دوای ئەوە رۆژی قیامەت‌و مەسئولیەت‌و پرسینەوە ئەخاتەوە بیر، تا ھەست بە مەسئولیەت بکا.

*پاشـان فـەرمانی گـەورەترین کـردەوەی چـاك دەدا کـە نوێـژە، ئەفەرموێ: ﴿يَا بُنَيَّ أَقِمِ الصَّلَاةَ﴾، کورەکـەم! نوێـژ بەجێبێنـە . نوێـژ بکە . بەڵام کردنێ کە بە ھیچ لایەکا کـورتی‌و ناتـەواوی نـەبێ، ھـەم رووی دەرەوەی، ھـەم نـاوەوەی . نوێـژێ (خشـوع)و خـۆکزکردن لەبـەردەم خـوای تێـدابێ . نوێـژێ کاتـێ ئەیکـەی ھۆشـت بەلای‌کردەوەکانیەوە بێ، بەلای ئەو کەلیمانەوە بێ‌کە تیایدا ھەیەو، بـە زبان ئەیلێی . نوێژێ ئەو شتانەی فەرزو واجبە ریعایەتت کردبێ . ئـەو شتانەی شەرتن‌و ئەبێ بـبن وەك دەسـتنوێژو غـەیری ئەوانـە، ئەوانـەت ریعایـەت کردبـێ، ھـەموو لایـەکی نوێژەکـەت نوێـژ بـێ، سـکاڵاو پارانەوەی راستەقینەی لای خوابێ .(ئەمە مانای ئیقامەی نوێژە) .

دوای‌ئەوەکـە ئەودەسـتورەی پێـەدا، دوای ئـەوە کـە کورەکـەی عەقیدەی پاك‌و دروسـت ئـەبێ‌و، ئـەبێ بـە ئـەھلی نوێـژکردن، بـەو جۆرەی باس کرا، دەستوری پێ‌ئەدا کە (ئەمر بە مەعروف‌و نـەھی لـە مونکەر)بکا، ئەفەرموێ :

* ﴿وَأْمُرْ بِالْمَعْرُوفِ وَانْهَ عَنِ الْمُنكَرِ ﴾ : ئەگەر دیت کەسێ کردەوەیەکی پەسەندی تەرك کردووەو ئەنجامی نادا، ئەمری پێ بکە کە ئەنجامی بدا. ئەگەر دیت کەسێ شتێکی ناپەسەند ئەنجام ئەدا نەهی لێ بکەو قەدەغەی بکە لە ئەنجام دانی . دیارە لەم مەیدانەدا گرفتاری زۆرو دەردی سەری و ئەزیەتو ئازارت تووش ئەبێ، لەبەرئەوە ئەفەرموێ :

* ﴿وَاصْبِرْ عَلَى مَا أَصَابَكَ﴾ : صەبر بکە لەسەر ئەو شتەی تووشت ئەبێ . هەرشتێ کە تووشت ئەبێ لە مەیدانی (ئەمر بە مەعروفو نەهی لە مونکەر)و، بەیان کردنی ڕێگەی هەقا، سەبری لەسەر بکە، شکست مەخۆو مەگەرێ دواوە. ﴿إِنَّ ذَلِكَ مِنْ عَزْمِ الْأُمُورِ﴾: بەڕاستی ئەوە کە ئینسان صەبر بکا لەسەر ئەوانە، ئەوە لەو شتانەیە کە زۆر گرنگن، ئەبێ ئینسان عەزمی بێ لەسەریان .

* ﴿وَلَا تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنَّاسِ وَلَا تَمْشِ فِي الْأَرْضِ مَرَحاً﴾ : وانەبێ لەگەڵ خەڵکی کە بەکەمیان بزانیو خۆت بە گەورەتر لەوان بگری، بە جۆرێ لەکاتی دیدار لەگەڵیانو پێگەیشتنیانو قسە لەگەڵ کردنیان، ملت لارکەیتەوە لێیانو، خۆت لێیان لادەی بەلای تردا، فیزت ئەهێنێت کە تەماشایان بکەیو، لەگەڵیان ڕووبەڕووبی ..

هەروەها کاتێ ئەچی بەسەر زەویدا بە فیزو خۆبەشت زانینو دڵ بە خۆخۆشکردنەوە مەڕۆ. ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ﴾ : چونکە خوا خۆشی لە هیچ کەسێ نایەت کە خۆی بە شت ئەزانێ و فەخر ئەفرۆشێو ناز ئەکا بەسەر خەڵکا .

﴿وَاقْصِدْ فِي مَشْيِكَ﴾ : لە ڕێکردنتا، حەدی ناوەڕاست بگرە، نەپەلەو بەڕاکردن بڕۆ، نە هەر تەواویش لەسەرخۆ. ئەوەی کە ناوەراستە بیگرە، خوا خۆشی دێت لە ناوەڕاست گری، نە کەمکاریو نەزیادەڕەویی .

﴿وَاغْضُضْ مِن صَوْتِكَ﴾ : لەدەنگت کەم بکەرەوە، ئەگەر نیاز نیە بەوەی دەنگت بەرزکەیتەوە، بەرزی مەکەوە. چەندە نیاز هەیە بە دەنگ بەرزکردنەوە هەرئەوەندە بەرزی بکەوە، چونکە : ﴿إِنَّ أَنكَرَ الْأَصْوَاتِ لَصَوْتُ الْحَمِيرِ﴾: ناخۆشترین دەنگەکان دەنگی گوێدرێژەکانە ،کە زۆر بەرزی دەکەنەوە، لەبەرئەو زۆربەرزکردنەوەیە زۆر زۆر ناخۆش ئەبێ، جا تۆ دەنگ بەرز مەکەرەوە تا ئەو ناخۆشیە بۆ دەنگت پەیدا نەبێ .

## بەشێ لە تەفسیری سورەی (الفرقان)

لە سورەتی (فرقان)یشدا هەندێ شتی تر بەیان ئەکا، ئەوانەیان تا ئێستا باس نەکراون ئەمانەن: ئەفەرموێ :

* ﴿وَعِبَادُ الرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْناً﴾: بەندە ڕاستەقینەکانی خوای ڕەحمان، ئەو کەسانەن کاتێ ئەڕۆن بەسەر زەویدا بە تەوازوعەوە ئەڕۆن، خۆیان زل ناگرن، خۆیان گەورەتر لە خەڵکی ترناگرن . ئەڵبەتە ئەمە بەمەعنای خۆ زەلیل گرتن لەبەردەست ناموسڵمانانو دەسەڵاتداراندا نیە، موسوڵمان عیززەتی هەیە، سەربەرزە، خۆی بۆکەس کز ناکا، سەری خۆی بۆ کەس دانانەوێنێ، بۆ غەیری خوا کزی نانوێنێ، بەڵام کاتێ هاتوچۆ ئەکاو ئەڕوا بەملاولاداو ڕووبەڕوو ئەبێتەوە لەگەڵ خەڵکی، ئیهانەتیان پێناکا، بەکەمیان نازانێ، خۆی لەوان زیاتر ناگرێ ..

* ﴿وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلَاماً﴾ : ئەوانەش کاتێ نەزانەکان قسەیان لەگەڵ ئەکەن بە نەزانینەوە ، ئەیانەوێ تووشی پێکداداو شەڕ و هەرایان بکەن، سەلامیان لێ ئەکەن، دوعای سەلامەتیو خێریان بۆ ئەکەن، خۆیان لە دەستیان ڕزگار ئەکەن و، جەنگیان لەگەڵ ناکەن .

* ﴿وَالَّذِينَ يَبِيتُونَ لِرَبِّهِمْ سُجَّداً وَقِيَاماً﴾ : هەروەها بەندەکانی خوا ئەوانەن کەلە شەودا بۆ خاوەنەکەیان (بۆخوای گەورە) کڕنوش ئەبەن،

سەری بەندەیی لەسەر زەوی دەنێن . لەکاتی بەندەیی کردن بۆ خوا و سکالاّ و ڕاز و نیازدا هەڵدەستن و(قیام) ئەکەن . لەشەودا نوێژ ئەکەن، لەنوێژەکانیانا لەخزمەتی خوای خۆیانا ڕائەوەستن . هەروەها سەری بەندەیی ئەنێنە سەر خاك . جا لای کەمی شەو هەستان نوێژی مەغریب وعیشایە، لای تەواویشی (نوێژی ویتر)ە،کەئەویش لای زۆرەکەی (١١ ) ڕەکعەتەو لای کەمی ڕەکعەتێکە و ئەگەر سێیش بێت باشترە .

* ﴿وَالَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا اصْرِفْ عَنَّا عَذَابَ جَهَنَّمَ إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَاماً. إِنَّهَا سَاءتْ مُسْتَقَرّاً وَمُقَاماً ﴾ : ئەو بەندانەی خوا لەگەڵ ئەوەی کەئەو هەموو ئەرکانە جێبەجێ ئەکەن، وائەزانن ئەو کردەوە چاکانە حەتمەن ڕزگاریان ئەکەن لەعەزاب، چونکە ئەوانە تەنها سەبەبێکن ، ئەگەر خوا نەیەوێ ئەو سەبەبانە خۆیان هیچ ناکەن، جا لەبەرئەوە ڕوو ئەکەنە خاوەنەکەی خۆیان و هاوار ئەکەن کە: ئەی خاوەنەکەمان، عەزابی جەهەنەممان لێ لادە . وا ئەکەوێتە دڵیان وەك ئەوەی عەزابی جەهەنەم خەریکە بەرەو ڕوویان دێ، مەگەر خاوەنەکەیان ـ خوای گەورە ـ لێیان لادا..

جەهەنەم جێگایەکە زۆر ناخۆشە، جێگای قەرارگرتنی ناخۆش و، جێ مانەوەیەکی ناخۆشە. قەرارگەیەکە نیسان بەڕاستی قەراری تیا ناگرێو تیایا دانامەزرێ..

* دوای ئەوە باسی ئەوە ئەکا کە لەمەوپێش ڕوشن کرایەوە، ئینسان لەخەرجکردنی ماڵ و لەئینفاقا ئەبێ حەدی ناوەڕاست بگرێ، نە زیادەڕەویی، نەکەمکاریی، بەشوێن ئەوانەدا چەند شتیتر ئەفەرموێ: یەکێکیان شەریك بۆ خوا قەرار دانە، یەکێکیان کوشتنی ناهەقە، یەکێکیان زینایە، جا ئەفەرموێ: ئەگەر کەسێ ئەمانە بکا حەتمەن بۆ هەمیشە لەئاگری جەهەنەمدا ئەمێنێتەوە، مەگەرتەوبەی کردبێ و بەزوویی گەڕابێتەوە و ئیمان و عەمەلی سالحی کردبێت بەکارو پیشەی خۆی .

* ﴿وَالَّذِينَ لَا يَشْهَدُونَ الزُّورَ﴾ : ئەوانەی شایەتی درۆ نادەن، لەگەورەترین شت تا بچوکترین شت، شایەتی نادەن بەوەی کە کەسیتر غەیری خوا ئەکرێ فەرمانڕەوا یا فەریادڕەس بێ .. هەروەها هیچ شایەتییەکی درۆ نادەن .

* ﴿وَإِذَا مَرُّوا بِاللَّغْوِ مَرُّوا كِرَامًا﴾ هەروەها کە ئەڕۆن بەلای شتێکی بێهودەدا بەشێوەی ئەوانەی کە بەرێزن بەو شێوەیە خۆیانی لێ لائەدەن و ناچن بەدەم ئەو شتە بێ هودانەوە و خۆیان خەریك ناکەن پێیانەوە ..

* ﴿وَالَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ لَمْ يَخِرُّوا عَلَيْهَا صُمًّا وَعُمْيَانًا﴾ : وەسفێکی تری بەندەکانی خوا ئەوەیە کاتێك ئایەت و نیشانە و

دەلیلەکانی خاوەنەکەیان بیریان خرایەوە ، هەروا کەرو کوێر خۆ ناخەن بەملیانا و دیققەتیان تیا نەدەن ، سەرنجیان نەدەن ، بیریان لێ نەکەنەوە تا زیاتر و زیاتر خوایان پێ بناسێنن ، تا زیاتر هەست بەمەسئولیەت بکەن و وەزیفەی بەندەیی خۆیان بناسن .

* ﴿وَالَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَاجِنَا وَذُرِّيَّاتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ﴾ : هەروەها ئەوانە دوای ئەوەی خۆیان ئیصلاح کرد وئەوکارە باشانەیان ئەنجام داو لەوکارە خراپانە دووریان گرت، تۆبەی ئەوەیە خەریکی ئیصلاحی ژن و منالّیان بن . جا هەرچی هەولّی خۆیانە ئەیدەن، پاشان لەبەرئەوەی ئەوان تەنها ڕێنمایی‌کردنیان لەسەرەو ئەزانن هیدایەت بەدەست خوایە، هاوار ئەکەنە لای خوای‌خاوەنیان و ئەڵێن : ئەی خاوەنەکەمان، لە ژن و منالّەکانمان چی‌ئەبێ بەمایەی فێنکی چاومانو خۆشی دڵمان، ئەوەمان بۆ قەرار بدە . خوایە ژن و منالّەکانمان تەوفیق بدە کەئیصلاح ببنو، ڕێگای بەندەیی بگرن، تا ئێمەش دڵمان خۆش بێ و چاومان فێنك بێتەوە ..

*دوای ئەوەی هەولّی خۆیان دا بۆ ئیصلاحی منالّەکانیان، جا نۆرەی ئەوەیە بکەونە فکری ڕێنمایی کردنو هیدایەتی خەلّکی‌تر، ئەوانەی ئامادەییان هەیە بۆئەوەی لە خوا بترسن و تەقوایان هەبێ، عەرزی خوا ئەکەن ﴿وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا﴾ : خوایە ، بمانکە

بەپێشەواو ئیمام بۆئەوانەی تەقواو لەخوا ترسانیان هەیە، تا ئێمەش ببین بەرێ ڕوونکەرەوە و سەرمەشق بۆیان .

﴿أُوْلَئِكَ يُجْزَوْنَ الْغُرْفَةَ بِمَا صَبَرُوا وَيُلَقَّوْنَ فِيهَا تَحِيَّةً وَسَلَاماً. خَالِدِينَ فِيهَا حَسُنَتْ مُسْتَقَرّاً وَمُقَاماً﴾ : ئەوانەی کە ئاوان، جەزا و پاداشتیان پێ ئەدرێتەوە، لەبەهەشتا ژووری باڵە خانەی چەند نهۆمیان پێ‌ئەدرێ، لەبەرئەوەی صەبریان گرت وتەحەمولی گیروگرفت و ڕەنج و زەحمەتیان کرد ، تا ئەو خووڕەوشتە باشانەیان بۆ خۆیان بەدەست هێنا و، لەو خووڕەوشتە خراپانە دووریان گرت و، دامەزران لەسەر ئەوە .. ئەوانە کاتێ ئەرۆنە بەهەشت بە ڕێزو تەعزیمەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئەکرێ ، دوعای خێریان بۆ ئەکرێ و سەلامەتیان پێ ئەدرێ ، کەبۆ هەمیشە لەناو ئەوەدا ئەمێننەوە ، لەجێگایەکدا کە باشترین جێگایە بۆ دامەزران و مانەوە و نیشتەجێ بوون .

## بەشێك لە تەفسیری سورەتی (الحجرات)

لە سورەی (الحجـرات)یشدا چەند شتێکی‌تر- لەوانەی ئەبێ ئینسانی موئمین ڕیعایەتیان بکاو هۆشی پێیانە وەبێ - بەیان کراون ، بەم تەرتیبە :

لەپێشا ئەوانەی ئیمانیان هێناوە پێیان ئەفەرموێ : هۆشتان بەخۆتانەوە بێ، نەکەونە پێش خواو پێغەمبەرەکەی . پێشکەوتن ئەوەیە ئینسان شتێ ئەنجام بدا پێش لەوەی بزانێ فەرمانی خوا لەو بارەیەوە چی ئەبێ، پێش لەوەی بزانێ خوا فەرمویەتی چۆنی ئەنجام بدا . ئینسانێ بیەوێ بەندەیی خوا بکا، هەرگیز کاری وا ناکا، هەمیشە ماتڵ ئەبێ و چاوەڕوان ئەبێ خوا و پێغەمبەری خوا پێشکەون و ڕێگە ڕۆشن کەنەوە، ئەنجا بەشوێن ئەواندا ئەڕوا، یانی هەمیشە ماتڵی ئەوەئەبێ دەستورو فەرمان لەلایەن خواوە بێت و ڕێگای بۆ ڕۆشن بکاتەوە ، جادوای ئەوە ئەکەوێتە حەرەکەت و ئەو شتە کە ئەیەوێ ئەنجامی ئەدا.

* بەشوێن ئەوەدا ڕێنمایی موسوڵمانان ئەکا بۆئەوەی ئیحترامی پێغەمبەری خوا بگرن، ئەو پێغەمبەرەی خەبەری هیدایەت و دینی خوای بۆ هێناون و، ڕێی بەندەیی بۆیان ڕۆشن کردۆتەوە ، ئەبێ لەگەڵ ئەودا بە ئیحترام و ڕێزەوە هەڵس وکەوتیان هەبێ، دەنگیان لەدەنگی ئەو

بەرزتریان نەکەنەوە، هەروەك بە دەنگی بەرز لەگەڵ خەڵکی تر قسە ئەکەن لەگەڵ ئەو قسە نەکەن .. ئەوە نەبێتە سەبەبی ئەوەی کردارە باشەکانیان زایە بن و لەبەین بچن .. جا وەسف و سەنای ئەوانە ئەکا کە دەنگیان نزم ئەکەنەوە و بەدەنگی هێواش لە حزووری ئەودا قسە ئەکەن، ئەوانە ئەهلی تەقواو لە خوا ترسانن، بۆیە وەعدی ئەوەیان پێ ئەدا کە لەگوناهەکانیان خۆش بێ، ئەجرو پاداشتی گەورەیان بداتەوە، سەرزەنشتی ئەوانەش ئەکا کە ڕیعایەتی ئەو ئەدەبو ئیحترامە ناکەن . کاتێ پێغەمبەری خوا لە یەکێ لە ژوورەکانی خۆیدایە، هەر لەدەرەوە بانگی ئەکەن ، ئەزیەتی ئەکەن ، نایەڵن بەرنامەیەك کە خۆی دایناوە بۆکارو چالاکی خۆی ، ڕیعایەتی بکا ـ حەتمەن پێغەمبەری خوا بێکارو بێ بەرنامە لەو ژوورانەی ماڵی خۆیدا نامێنێتەوە ، هەرکاتێ کە لەوێ ئیش و کاری نەما خۆی دێتە دەرەوە ـ جا خوا ئەفەرموێ : ئەگەر صەبریان بکردایە تا بهاتایەتە دەرەوە، ئەوە باشتربوو..

جا پێویستە ئەوە بزانین ئەمە تایبەتی پێغەمبەری خوا نیە، بەڵکو لەهەر زەمانێکدا هەرکەسێ ڕێبەر و ڕێنیشاندەری خەڵکی بێ بۆ ڕێگای بەندەیی خواو بە ڕاستی ڕێبەرو سەرمەشق بێت ، ئەبێ ئاوەها ئیحتیرام و ئەدەبێك لەگەڵی ڕیعایەت بکرێ .

* دوای ئەوە بە موسوڵمانەکان ئەفەرموێ کە : ئەبێ پەیوەندی وعەلاقەتان لەگەڵ ناموسڵمان بەم جۆرە بێت : ئەگەر(فاسق)ێك هاتو

خەبەرێکی گرنگی بۆ هێنان ، بێ تەحقیق لێی قەبوڵ نەکەن، چونکە ئەگەر بێ تەحقیق لێی وەرگرن، لەبەرئەوەی کە(فاسق)ەو لەسنوری بەندەیی خوا دەرچووە، ئەوە ڕەنگە درۆی کردبێ، ئەگەر ئێوە خەبەرەکەی لێ قبوڵ کەن و ئیشێك بکەن ، بەهۆی ئەو خەبەرەوە ڕەنگە تووشی گوناهێك بن ، زەرەرێ بە تایەفەیەك و گەلێك بگەیەنن، پاشان لەدوایدا پەشیمان ببنەوە کە ئەزانکاریتان کردوە و ئیشێکتان کردوە نەئەبوایە بتانکردایە .

*دوای ئەوە چەند ئایەتیتر هەن .. بەشوێنیانا باس لەوە ئەکا کە برواداران لەناو خۆیانا ئەبێ ڕەفتاریان چۆن بێت، لەگەڵ یەکا چۆن هەڵسن ودانیشن . بە ئایەتی کاتێ وان بەیەکەوە، ئەفەرموێ:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَسْخَرْ قَومٌ مِّن قَوْمٍ عَسَى أَن يَكُونُوا خَيْراً مِّنْهُمْ وَلَا نِسَاء مِّن نِّسَاء عَسَى أَن يَكُنَّ خَيْراً مِّنْهُنَّ﴾ : بانگ ئەکاتە ئەوانەی ئیمانیان هێناوە، ئەفەرموێ :

هیچ قەومێکتان گاڵتە بەقەومێکی تر نەکات و، خۆی لەوی تر زیاتر نەگرێ، وا ئەبێ کە لەبەرئەوەی خۆی بەزیاتر ئەگرێ ، گەمە و گاڵتە بەوی تر بکا، چونکە ڕەنگە ئەوان باشتر بن لەلای خوا. هەروەها هیچ کام لەژنەکان گاڵتە بەهیچ کامیتر لەخۆیان نەکەن، چونکە ڕەنگە ئەمان لەوان باشتر بن لەلای خوا.

* ﴿وَلَا تَلْمِزُوا أَنفُسَكُمْ﴾ : هەروەها بەزبان دڵی یەکتر بریندار مەکەن . قسەی ناخۆش بەیەکتر مەڵێن،کە دڵی یەکتری پێ زامدار بکەن .

* ﴿وَلَا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ﴾ : هەروەها لەقەب و ناوی ناخۆش بەیەکترەوە مەنێن، بەجۆرێ کەیەکتر بکەن بە شوهرەو لەناو خەڵکدا بەناو و ناتۆرەی ناخۆش مەشهوری بکەن .

* ﴿بِئْسَ الِاسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الْإِيمَانِ﴾: چونکە زۆرناخۆشە ئینسان دوای ئەوە ئیمان بوو بە ناو بۆی‌و ناوی نرا ئەهلی ئیمان‌و بڕوادار، دوای ئەوە (فاسق بوون) بیێتە نازناوی . (فسوق) واتە : دەرچون لە سنوری بەندەیی خوا. زۆر ناخۆشە ئینسان لەپێشا پێی بڵێن (بەمۆمن) دوایی پێی بڵێن (فاسق).

﴿وَمَن لَّمْ يَتُبْ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾ : ئەوانەی تەوبە نەکەن‌و لەم شتانە دەستبەردار نەبن، ئەوە ستەمکارن، ئەگەر توشی عەزاب‌و ئەشکەنجە هاتن خۆیان ستەمیان لەخۆیان کردوە، خوا زوڵمی لێ نەکردوون. ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەوسێ شتە : (گاڵتە کردن بە خەڵك لەبەرئەوەی ئینسان خۆی بەزیاتر بگرێ‌و ئەوان بەژێردەستی خۆی بزانێ . هەروەها بەزبان بریندارکردنی دڵی خەڵك و قسەی خراپ لەگەڵ خەڵك کردن‌و ئەزیەت کردنی خەڵك بەقسەی

ناخۆش . پاشان لەقەبی خراپ بەخەڵکەوە نان)، ئەم سێ شتە گوناهی گەورەن، ئەگەر ئینسان لەسەریان بڕواو دەستبەرداریان نەبێت لێیان ، ئەوە لەسنوری بەندەیی خوا دەرچووەو حەقەن تووشی عەزابی خوا ئەبی و پێی ئەفەرموێ : ئیتر دوای ئەوە کەخوا بەیانی کردوەو ڕێگای ڕۆشن کردۆتەوە ، هیچ جێگای گلەیی نیە، ئەو شەخسە خۆی زوڵمو ناهەقی بەخۆی ئەکا .

* دوای ئەوە چەند فەرمانێك دەرئەکات بۆ موسوڵمانان تا ڕیعایەتی بکەن . لەکاتێکدا کە لەلای یەکدا نین، لەپشتی سەری یەکو شتێك کە لایەقی موسوڵمان نیە نەیڵێن . ئەفەرموێ :

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيراً مِّنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ وَلَا تَجَسَّسُوا وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضاً أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَن يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتاً فَكَرِهْتُمُوهُ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَّحِيمٌ﴾. بانگ ئەکاتە ئەوانەی ئیمانیان هێناوە، ئەفەرموێ : لەگومان بردن ، زۆر دووریی بگرن . لە(وائەزانمو وائەزانم) واز بێنن، بەبێ ئەوەی شتێکتان لێ ڕۆشن بێ، چونکە هەندێ لەگومانەکان گوناهن و ئینسان لە چوون بەرەو خۆشبەختی دوائەخەن .کەوابوو زۆر خۆتان دوور بخەنەوە لەوگومانانە، نەکو لەوانە بن کە لە چوون بەرەو خۆشبەختی وسەعادەت دواتان بخات .

* هەروەها (تجسس) مەکەن . ئەگەر هاتووگومانێکتان کەوتە دڵ نیسبەت بە موسوڵمانێ مەگەڕێن بە شوێنیدا، بۆئەوەی کە بزانن چیە و چی نیە . خۆ ئەگەر هاتوو زانیتان بە عەیبێکی برایەکی دینیتان ، یان ئەگەرکەمتەرخەمی و نافەرمانیتان کرد و ( تجسس ) تان کرد و تەحقیقتان کرد، یا بەهەر ڕێگەیەك بوو خەبەردار بوون لەوەی کە برایەکی دینیتان عەیبێکی هەیە، ئەوە باهەر خۆتان پێی بزانن و لە پشتی سەر ناوی لای کەسی تر مەبەن ، با کەسی تر پێی نەزانێ . چونکە جاسوسی کردن و گەڕان بەشوێن عەیبی موسەڵمانانندا ، هەروەها ناوی موسڵمان بەخراپ بردن لای ئەم و ئەو، وەك ئەوەیە یەکێ گۆشتی برای مردووی خۆی بخوات، دەی ئایا پێی خۆشە کەسێ لەئێوە گۆشتی براکەی -لەکاتێکا مردووە- بخوا؟ دیارە پێی خۆش نیە .. کەواتە دەی ئەویشتان پێ ناخۆش بێت ، ئەوانەی پێتان وترا مەیانکەن، لێیان دووری بکەن .﴿ اتَّقُوا اللَّهَ ﴾ : خۆتان لەنارازیکردنی خوا بپارێزن . شتێ مەکەن گرفتاری دەستی خوا وعەزابی خوابن .﴿ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَّحِيمٌ﴾ : ئەوە بزانن خوا زۆر تۆبە قبوڵ ئەکات ، زۆر بەڕەحم و میهرەبانە ، ئەگەر بگەڕێنەوە بۆلای و دەست بکێشن لەوکارانە، حەتمەن گەڕانەوەتان لێ قبوڵ ئەکا ، ڕەحمتان پێ ئەکا، ئەو کارە باشانەی لە دوای ئەو تەوبەیە ئەیکەن لێتان وەرئەگرێ و جەزای باشی ئەوانەتان ئەداتەوە .

* دوایئەوەش باسی ئەوە ئەکات کە خەڵکی - چ ژنان، چ پیاوان ، لە هەر تایفەیەك ، یا هەر قەبیلەیەك، یا هەرگەل و هۆزێك بن- تەنها بەیەك شت لای خوا نرخ و ئیحترامتان هەیە ، ئەویش تەقوا و لە خوا ترسانە .. هەر کەس تەقواو لە خوا ترسانی بوو، لای خوا بەرێز و موحتەرەمە . هەر کەسیٚ نەیبوو، لای خوا رێزی نیە ، ئەوانەی تەقوایان هەیە هەرکامێکیان زۆرتری بوو ئەوەیان بەرێزو موحتەرەم ترە لای خوا، ئیتر هیچێکی تر، غەیری تەقوا و لەخوا ترسان لایخوا رێز و ئیحترام و نرخ بە ئینسان نادا.

## پوختەیەك لە تەفسیری سورەتی (العصر)

لەدوای ئەمانە بەجێیە سورەی (عصر) - کە سورەتێکی کورتە ، بەڵام سورەتێکی زۆر گەورەیە- بخوێنینەوەو ماناکەی باس بکەین ، کە ئەگەر ئینسان تەنها ڕیعایەتی ئەم سورەتە بکات - هەروەك ئیمامی شافعی ئەفەرمویٚ - بەسیەتی بۆ ژیانی، بۆئەوەی بیگەیەنیٚ بە خۆشبەختی . ئەفەرمویٚ :

﴿وَالْعَصْرِ. إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ. إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ ﴾ .

واتــە : قەســـەم بەزەمانــە، ( ئــەو زەمانەی کــە وەك ئاوێنەیەکــە ، خۆشبەختی و بەدبەختی و سەرەنجامی خۆشیو سەرەنجامی ناخۆشی تێدا دەردەکەوێ . هەروا کە ئەزانین زەمانەو تەئریخ خۆی دەری ئەخا کــێ گەیشت بەخۆشبەختی وکێ گەیشت بە بەدبەختی)، قەسەم بەو زەمانە، هــەر ئینســانێ وا لــەزیانکاری و زەرەرمەندیــدا، (نــە تــەنها ســودێکی دەست نەکەوتوە، بگرە سەرمایەشی لە دەست داوە) بێجگە ئەوانــەی حەقیان ناسی و تەسلیمی بوون ، ئەوانەی کردەوە چاکەکانیان ئــەنجام دا، ئەوانەی بەیەکتر (توصیە)وئاموژگــاری و سفارشــیان کردکــە رێــی حەق بگرن وصەبریشی لەسەر بکەن[1].

[1] - لە کۆتایی ئەم بەرهەمەمدا مامۆستا ناصر جارێکی تر سورەتی العصر واتا لەکات. سەیری دوابەش بکە (دەزگای بەرهەم).

## پوختەیەك لە ئەحكامی سورەتی (الأحزاب)

هەندێكی تر لە خووڕەوشت وكردارە باش و خراپەكان لە چەند ئایەتێكی‌ترو‌چەند سورەتێكی تری قورئاندا، ناویان براوە، پێویستە ئەوانیش باس بكرێن .

لەسورەی ئەحزابدا فەرمانێ ئەدرێ بە پێغەمبەری خوا كە پێوستە موسڵمانان بیزانن، بەتایبەتی ئەو كەسەی خەریكی دەعوەت كردنە بۆ ڕێگەی خوا، ئەبێ بیزانێ .. چونكە لە قۆناغێكی دەعوەتەكەیدا ئەگا بەوشتە، ئەویش هاوسەری كەسێكە كە كاری دەعوەت كردنە لە ڕێی خوادا، خەڵكی تریش هەر باشە بیزانن، تا تێ بگەن كە مەسئولیەتی ئەوكەسانەی خەریكی دەعوەتكردن و بانگ كردنن بۆ ڕێگای خوا چیە ، مەسئولیەتی خێزان و خانەوادەی ئەوان چۆنە . ئەفەرموێ :

﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ إِن كُنتُنَّ تُرِدْنَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَزِينَتَهَا فَتَعَالَيْنَ أُمَتِّعْكُنَّ وَأُسَرِّحْكُنَّ سَرَاحاً جَمِيلاً. وَإِن كُنتُنَّ تُرِدْنَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالدَّارَ الْآخِرَةَ فَإِنَّ اللَّهَ أَعَدَّ لِلْمُحْسِنَاتِ مِنكُنَّ أَجْراً عَظِيماً﴾ .

هەموو ئەزانن لەكاتێكدا پێغەمبەری خوا دەستی كرد بە بانگ كردن بۆ ڕێگای خوا، دەستەڵاتدارو حاكمە زاڵم و ، تاغوتەكان و دارودەستەیان، دژی وەستان ودەستیان كرد بە دوژمنایەتی لەگەڵی و، هەرچیەك لە دەستیان هات دریغیان نەكرد، هەوڵیان دا بۆئەوەی نەهێڵن ئەو دەعوەتە سەركەوێ .. لە ئەنجامدا چارەیەك نەبوو غەیری

ئەوەی پێغەمبەری خوا لەگەڵ یارانی کۆچ بکەن و، شاری مەککە بەجێ بهێڵن و، بڕۆن بۆ جێگەیەکی تر، تا لەوێ بتوانن مەسئولیەت و وەزیفەی بەندەیی خۆیان جێبەجێ بکەن و، ئەوەی لەسەریانە ئەنجامی بدەن .. بۆیە کۆچیان کرد بۆ مەدینە ،کافرەکانیش هەر وازیان نەهێنا ، چەندین جار لەشکریان کێشا، هوجومیان بردە سەر موسوڵمانەکان، شەڕیان لەگەڵ کردن، بەڵکو بتوانن ئەو دەعوەتە، ئەو بانگ کردنە بۆ ڕێگای خوا، لەبەین بەرن و خۆیان ڕزگارکەن لەدەستی.. جا هەرجارە دەستەیەك لەکافرەکان ئەچون بۆ شەڕ کردن، حزب حزب و دەستە دەستە ، تا دوای ئەوەی چەند جار شکستیان خوارد و نەگەیشتن بە ئامانج و ئارەزوی خۆیان و، بۆیان دەرکەوت ئەگەر حزب حزب و دەستە دەستە بڕۆن هیچیان پێ ناکرێ، کەوابوو با هەموو حزبەکان و هەموو دەستە و گرۆهەکان بەیەکەوە بڕۆنە شەڕی موسوڵمانەکان، تا لەبەینیان بەرن .. ئەوەبوو جەنگی ( ئەحزاب ) (گەلەکۆمەی هەموو حزبەکان) ڕوی دا کە هەموو حیزبو گرۆهەکان بوون بەیەك بۆلێدانی موسوڵمانەکان . جا لەبەرئەوەی خوای(تعالى) هەرگیز ئیزن نادات بەکافرەکان کە کارێ بکەن بەندەیی و عیبادەتی خوا لەسەر زەوی هەڵبگیرێ و، زەمینە نەمێنێ بۆ ئەنجامدانی، موسوڵمانەکانیش دەسەلاتێکی وایان نەبوو کە دیفاع بکەن لەخۆیان و ، لەگەڵ ئەو هەموو دوژمنانە بە شەڕ بێن ، بۆیە خوای (تعالى) ڕاستەوخۆ یارمەتی

دان وكۆمـــەكی كـــردن ونـــەجاتی دان ، بـــە لەشـــكرێك كـــە موسوڵمانەكانیش نەیاندی، بە لەشكرێك كـە خـۆی ئـەزانێ ئـەفرادی چەند بوو، حیزبەكان وگرۆكافرەكانی شكست دا، ئەو شكست دانـە بوو بەهۆی ئەوە جارێكی تركافرەكان لەبیری ئەوەدا نەبن لـە رێگـای جەنگ كردن لەگـەڵ موسـوڵمانەكانەوە بـڕۆن بەگـژی ئیسـلامدا .. دوای ئەوە وتیان ئـیتر جـارێكی تـر بۆنـەوە ناشـێ بەشـەڕبێین لەگـەڵ موسوڵمانەكان ، باشتر ئەوەیە لەرێگایەكی ترەوە بـڕۆین ، شـتێكی تـر بكەین بۆ لەبەین بردنی ئیسلام . ئەوەبوو دەستیان دایە هوجوم كردنـە سـەر موسـوڵمانان، لـە مەیـدانی ئـەخلاق و خووڕەوشـتـا، پـیلان و نەخشەیان كێشا بۆئەوەی كـار بكەنـە سـەر خێزانـە موسـوڵمانەكان، كـارێ بكـەن موسـوڵمانان لـەرێی خوڕەوشـتی جـوان و ئـەخلاقی ئیسلامی لابـەن ، گومڕایـان بكـەن، لـەو رێگایـەوە دەسـتی خۆیـان بوەشێنن و، ئیسلام لەبەین ببەن . جالەبـەر ئـەوە بـوو لـە دوای ئـەو غەزوەیە (دوای جەنگی ئەحزاب) خوای گەورە ئەم سورەتەی ناردكـە تیایدا موسـوڵمانان ئاگادار ئەكاتـەوە لـەوەی خەتـەرێكی زۆرگـەورە ڕووی تێ كردوون، كە ئەگەر سەنگەری خۆیان مەحكـەم نەكەنـەوە، ئەگەر لە خوڕەوشتە خراپـەكان بەتـەواوی خۆیـان بـەدوور نـەگرن ، ئەوەی خوڕەوشتی باش و جوانە مەحكـەم نـەیگرن ، بەتـەواوی نـەبن بەئەهلی ئەخلاقی ئیسلامی و خوڕەوشتی جوانی پەسـەند كـراوی لای

خوا، حەتمەن لەم شەڕەدا شکست ئەخۆن و، کافرەکان ئەگەن بەئاواتەو ئارەزوی خۆیان ..

جا لەبەرئەوەیە لەم سورەتەدا زۆرێك لەوفەرمان و دەستورانەی پێویستن بۆئەوەی موسولمانان بەریعایەت کردن و بەکارهێنانیان، ڕێگای ئیمان وعەمەلی صالح باشتر و زیاتر بگرنە بەر، زۆرێك لەو دەستورانە هاتوون ، کە بەم جۆرە دەست پێ دەکا:

* سەرەتا لەبەرئەوەی خانەوادەو خێزانی ڕەهبەرو پێشەوا زۆرتر لەخەتەردایە ، ئەگەر هوجومێك ببرێتە سەرئەو و دەستێك بوەشێنرێت لەو، ئیتر هوجوم بردنە سەر کۆمەڵی موسولمانان و زیان گەیاندن بەوان، زۆر ئاسان ئەبێت، لەوێوە دەست پێ ئەکات . ئەفەرمووێ :

ئەی پێغەمبەر، ئەی ئەوکەسەی خەبەری هیدایەت و ڕێنومایی بۆ ڕێگای بەندەییت لەخوا وەرگرتووە، بڵێ بە هاوسەرەکانت، ئەوانەی قەرارە هاوسەری تۆ بن، شایەنی و لیاقەتی ئەوەیان بێت کە لەلای تۆ بن ، پێیان بڵێ : ئەگەر ژیانی دونیا – ئەو ژیانەی زوو دێت ، بەلام هەروا کە زوو دێت زووش ئەڕوات و لەبەین ئەچێ – ئەگەر ژیانی دونیا و زینەت وئارایشتی دونیاتان ئەوێ، وەرن تا هەندێ لەو ماڵو مەتاعەی کە هەمە، پێتانی بدەم و، دەستتان لێ بەردەم و، بەشێوەیەکی جوان دەست بەردارتان ببم ، ئێوەش بڕۆن ولە هەرکوێ ئەوەی ئەتانەوێ و دەستتان ئەکەوێ، بڕۆن بۆ ئەوێ . چونکە خوا منی بۆ

ئەوە دروست نەکردوە خەریکی ئامادەکردنی زینەت ومالّ و مەتاع بۆ چەند ژنێك بم، مەسئولیەتی من و ئەرك و واجبی من زۆرگەورەترە لەوەی عومرم هەرلەوەدا سەرف بکەم، ئەگەر ئەوەتان ئەوێ، ئەوە لای من دەست ناکەوێ، وەرن تا بەو شێوەیە لەیەك جیا ببنەوە .. خۆ ئەگەر خواو پێغەمبەرەکەی و ماڵی ئەو دونیاشتان ئەوێ، ئەگەر قیامەت و بەهەشتتان ئەوێ، ئەوە مەسئولیەت و وەزیفەتان لەسەر شان دائەنرێ، داواتان لێ ئەکرێ کە کارە چاکەکان بە پێی تواناییتان ئەنجام بدەن، چونکە ئەگەر لەوانە بن کە ئەهلی ئەنجامدانی کارە باشەکانن، ئەوە خوای میهرەبان ئەجر و پاداشتێکی زۆرگەورەی بۆ ئامادە کردوون ..

کاتێ ئەم دوو ئایەتە نازڵ بوون ، پێغەمبەری خوا هاوسەرەکانی کۆکردەوەو ئەم شتەی باس کرد لەگەڵیان، ئەوانیش وتیان : ئێمە خواو پێغەمبەری خواو ماڵی دوایی و قیامەتمان ئەوێ . ژیانی دونیا و زینەت و ئارایشت و زیوەری دنیامان ناوێ .. بەو جۆرە ڕۆشنیان کردەوە و سەلماندیان کە لیاقەت و شایستەیی ئەوەیان هەیە کە هاوسەری ئەو بن .

* دوای ئەوە هاوسەرانی پێغەمبەر (صلوات اللـه وبركاتـه عليه )ئەمەیان دەرخست ولەو تاقیکردنەوەیەدا ناجح بوون ، دوای

ئەوە چەند دەستورو فەرمانێکی تر لای خوای گەورەوە هاتن ، لەو فەرمانانەدا ئەفەرموێ : ئێستا کە ئێوە دامەزراون لەسەر ئامەو، سەلماندتان کەلیاقەتو شایستەیی ئەوەتان هەیە ژنی پێغەمبەربن، چەند شتێك هەیە ئەبێ ریعایەتیان بکەن . هەندێ خوورەوشتی ناپەسەند هەن، ئەبێ خۆ دوور بگرن لێیان، هەندێ خوورەوشتی جوانیش هەن، حەتمەن ئەبێ ئەوانەتان تێدا بێ .

﴿يَا نِسَاءَ النَّبِيِّ مَن يَأْتِ مِنكُنَّ بِفَاحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ يُضَاعَفْ لَهَا الْعَذَابُ ضِعْفَيْنِ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيراً﴾ .

با پێش ئەوەی مانای ئەم ئایەتە بەیان بکەم، ئەوە بلێم کە هەروەك لە پێشدا ئیشارەمان کرد، هەرکەسێکی تریش کاری دەعوەت کردن بکا بۆ ریگای خوا، ئەگەر زەمانێك وەك ئەو زەمانەی وا جەنگی ئەحزاب رووی دا، بێتە پێشەوە، واجب ئەبێ لەسەری کە لەگەڵ هاوسەری، یا هاوسەرانی، ئەم شتە باس بکا، بە جدیەتیشەوە لێیان داوا بکا، تا مەوقیفی خۆیان روون بکەنەوە، رووونی بکەنەوە کە چیان ئەوێ و چیان ناوێ . ئەگەر دنیایان ویست دەستیان لێ بەردا بەو شێوەیە کە بەیان کرا، ئەگەر خواو پێغەمبەرو قیامەتیشیان ویست ، ئەوە ئەبێ خۆ حازرکەن بۆ ئەوەی ئەو فەرمانو دەستورانەی کە دووایی بۆیان باس ئەکرێن ریعایەت بکەن و هۆشیان بەوانەوە بێت ،

ئەوەی خوا ئەفەرموێ کە بیکەن، بیکەن . ئەوەش کە ئەفەرموێ خۆی لێ دوور بگرن، لێی دوورکەونەوە .

ئەفەرموێ : ئەی ژنانی پێغەمبەر، هەرکام لە ئێوەکردارێکی ناپەسەند-کە دیاربێت و ئەنجامدانی نیشانەی ئەوە بێت ئەوئەنجامدەرە ئینسانێك نیە ئەهلی عیبادەتو بەندەیی خوا بێ- هەرکام لە ئێوە کردارێکی وای ئەنجامداو، خەلکی پێیان زانی و بۆیان دەرکەوت ئەوە ئینسانێکی صالح نیە، کەسێکە ئەهلی ئەنجامدانیکاری نزمە، ئەوە ئەشکەنجەیەك کە بۆی قەرار دەدرێ، دوو بەرابەری عەزاب وئەشکەنجەیەکە بۆ ژنانی تر ئەنجام ئەدرێ، لەبەرئەوەی کرداری ناپەسەندی ئەو، هەم گوناهێکە بۆخۆی، هەم ئەبێتە هۆی ئەوەی ژنانی تریش چەندان کرداری ناپەسەند ئەنجام بدەن، چونکە ئەبێتە سەرمەشقێکی خراپ بۆ ژنانیتر، ئەوان بیانووئەگرنو ئەڵێن : کاتێ خێزانی پێغەمبەری خواو هاوسەرانی رەهبەر ئاوابن، ئیتر ئێمە بۆچی خۆمان ئەخەینە زەحمەت . لەبەر ئەوە حەقی خۆیەتی ئەگەر یەکێ لەئێوە شتێکی ئاوای کرد، دوو بەرابەر عەزابو ئە شکەنجەی بدرێ، ئەوە زۆرئاسانە بۆ خوا. ئەوەش کە ئێوە ژنی پێغەمبەری ئەون نابێتە رێگر، وەك دەڵێن روو دەربایسییەك نیە، نافەرموێ لەبەرئەوەی ژنی پێغەمبەرنو هاوسەری رەهبەرن ، قەیناکا چاوپۆشی ئەکەم . نەخێر،

بەلکو لەبەرئەوەی ژنـی پێغەمبـەرنو هاوسـەری رەهبـەرن، ئـەبێ لـە هەموو ژنێکی تر پاکتر بن ، شێوەی ژیانیان جوانتربێ لەهەر ژنێکیتر.

بەکورتی لەجێی ئەوەی بەپێی ئەو بەرنامەیەی خوا کـە بـۆ جـەزاو سزای ژنەکانی تر هەیە، سزایان بدات - واتـە هـەر بەقـەد گوناهەکـە جەزاو سزا بداتەوە- دوو بەرابەر جەزاو سزا ئەداتەوە .

﴿وَمَن يَقْنُتْ مِنكُنَّ لِلَّهِ وَرَسُولِهِ وَتَعْمَلْ صَالِحاً نُّؤْتِهَا أَجْرَهَا مَـرَّتَيْنِ وَأَعْتَدْنَا لَهَـا رِزْقـاً كَرِيمـاً﴾ : هـەرکام لـەئێوە بـەردەوام و بـە دڵ فەرمانبەرداری خواو پێغەمبەری خوا بێ وکردەوەی چـاك ئـەنجام بـدا، ئەوە دووجار پاداشتی دەدەینـەوە، یەکـەم : لەبـەر ئـەوەی کـردەوەی چاکی ئەنجام داوەو ئیتاعـەتو فەرمانبـەرداریی کـردووە . دووەمـیش لەبەرئەوەی بووە بە سەرمەشقی باش بۆ ژنانی تـر. هەرکـەس ئاوابـێ، رزقو رۆزییەکی زۆر باشمان بۆ ئامادە کردووە لە قیامەتدا.

﴿يَا نِسَاءَ النَّبِيِّ لَسْتُنَّ كَأَحَدٍ مِّنَ النِّسَاءِ إِنِ اتَّقَيْـتُنَّ﴾ : ئـەی ژنـانی پێغەمبەر! ئەی ژنانی ئـەو کەسـەی خەبـەری هیدایـەت و ڕێنمـایی بـۆ ڕێگای بەندەیی هێناوە بۆ خەلك و، ڕێنمایی خەلك دەکـات بۆئـەوەی بەندەیی و عیبادەت بۆ خوا بکەن! ئەگەر لەخوا بترسن و تەقواتان بێ، وەك هیچ ژنێکی تر لە ژنان نین، چونکە ئەگەر ژنێکیتر لەخوا بترسـێ تەنها بۆ خۆیەتی، بەلام ئەگەر ئێوە لە خوا بترسن ئەبن بە سەرمەشق بۆ ژنانی تر، بۆ خانەوادەکانیتر، ئەبن بەسەبەبی ئەوەی زۆرێك خانەوادەو

زۆرێـــك لـــە ژنـــان لـــە خانەوادەكانـــدا بكەونـــە ســـەر رێـــی بەندەیی ..كەوابوو:

﴿فَلَا تَخْضَعْنَ بِالْقَوْلِ فَيَطْمَعَ الَّذِي فِي قَلْبِهِ مَــرَضٌ وَقُلْــنَ قَــوْلًا مَّعْرُوفًا﴾ . واتە : لە كاتێكدا كە قسە دەكەن بەنەرمی و بەنازەوە قسـە مەكەن، تا ئەوكەسەی نەخۆشی لارو چەوتی رەوشتی هەیە، ئـەوەی وا نەخۆشی نەخلاق لە دڵیایەتی، خەتەرەو تەماعی خراپ نەكەوێتە دڵی . بۆیە با قسەیەك كە ئەیكەن قسەی پەسەند بـێ، شـێوەی قســەكردنەكە باوابێ لە نەرمیو، لە بەنازەوە قســەكردن دوور بــێ . بـا قســەكەیش مانایەكی پەسەندی بیێ، شتێكی تیا نەبێت كەسێ بەرەو لای گــومڕایی و لەرێی خوا دەرچوون بكێشێ .

﴿وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ﴾ : لە ماڵەكانتاندا دامەزرێن، با ســەنگین بــێو ویقارتان بیێ، با سەنگینیتان بكەوێتە ناو ماڵەكانتان، چونكە قەرار وایە ژن جێگای ئەسڵی فەعالیەتو كـارو كۆشـشو هەوڵـدانی خانـەوادە بێـت، ناومـاڵ بێـت . چـوونە دەری لـەناوماڵ تـەنها ئـەبێ لـەكاتی زەرورەتا بێ، بەئەندازەی پێویستی زیاتر نەبێ .

﴿وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى﴾ : كـاتێكیش لەبـەر پێویـستیو زەرورەتێك چوونە دەرەوە، خۆتان مەڕازێننەوە ، خۆتان وەك بورجێك، وەك قەسرێك یا كۆشكێك دەرمەخەن، وەك چۆن بورجو قەسرێك لـە دوورەوە دیـارە و خـەڵك ســەرنجی ئـەدەن، وا مەكـەن ئـاوا خۆتـان

برازێننەوەو خەڵکی بۆتان بڕوانن . وەك چۆن ئەوانەی لـە جاهیلیـەتی پێشوودا ئەچوونە دەرەوە، خۆیان ئەڕازاندەوە، ئەوانە لەرێگای بەندەیی خوا دوور بورن و غافڵ بورن ، لایان دابوو.. بەشێوەی ئەوان خۆتـان مەڕازێننەوە . جا دووایش بـەیان نـەکرێت کـە ئـەبێ ژنـی موسـڵمان لەکاتێکا کەئەچێتە دەرەوە، یالەکاتێکا کە نامـەحرەمێك لـەماڵیا بـێ، ئەبێ چۆن بێ (لەبەشی ئەحکامی پۆشتەیدا باسی ئەکەین).

﴿وَأَقِمْنَ الصَّلَاةَ﴾ : نوێـژەکانتان بـە رێـكو پێکـی ئـەنجام بـدەن . سکاڵاو دوعاتان بەرێكو پێکی بکەن، تا خواکۆمەکتان بکا بۆ ئـەوەی رێگەی بەندەیی بگرن .

﴿وَآتِينَ الزَّكَاةَ﴾ : هەروەها لـەسەروەتو دارایی‌یـەك کـە هەتانـە ، ئەوەی وا زیاترە لە پێویستی و نیازی خۆتان، ببەخشن، تا ببێتە مایـەی گەشەکردنتان و، چوونتان بەرەو کەماڵ .

﴿وَأَطِعْنَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ﴾ : هەروەها فەرمانبەرداری و ئیتاعەت بکەن لە خواو پێغەمبەرەکەی .

پاشان دەفەرموێ: وا مەزانن ئەم دەسـتورانەی ئەیـدەین بـە ئێـوە ، سوودو ئەفعێ بە ئێمە دەگەیەنێ. نەخێر، هەمووی هەربۆخۆتانە :

﴿إِنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنكُمُ الرِّجْسَ أَهْـلَ الْبَيْـتِ وَيُطَهِّـرَكُمْ تَطْهِيراً﴾: خوا کە ئەو دەستورانە بە ئێوە ئەدات، تەنها ئەیـەوێ پیـسی جاهیلیـەت لەسەر ئێوە لا باو، دووری خاتەوە لێتان، ئەی ئەهلی ماڵی

پێغەمبەر! ئەی ژنانی پێغەمبەری خوا! نابێ ئێوە ئەو پیسی جاهیلیەتانە پێوە بێ . خوا ئەیەوێ بەڕاستی پاکتان کاتەوە، لەهەرچی خووڕەوشتی جاهیلی و ناپەسەندە . وەك ئەوەی بەنازەوە قسە بکەن . وەك ئەوەی ویقارو سەنگینیتان نەبێو لە ماڵەکانتانا دانەمەزرێنو هەمیشە لەملاولەولا بن . وەك ئەوەی کاتێ ئەڕۆنە دەرەوە خۆتان بڕازێننەوە، غەیری ئەوانە لە خووڕەوشتی ناپەسەندیتر.

*﴿وَاذْكُرْنَ مَا يُتْلَى فِي بُيُوتِكُنَّ مِنْ آيَاتِ اللَّهِ وَالْحِكْمَةِ﴾ : با ئەوەی لەماڵەکانتانا یەك لە شوێن یەك ئەخوێنرێتەوە بۆ هیدایەتو ڕێنماییتان، لەئایەتەکانی خوای (متعال)و نیشانە و دەلیلەکان، هەمیشە لە یادتان بێت، ئەو ئایەتانەی ڕێگای بەندەیی ڕۆشن ئەکەنەوە ، دەری دەخەن هەر خوایە فەرمانڕەواو فەریادڕەس، هەروەها ڕۆشنی ئەکەنەوە کە دوارۆژێك هەیە و ئینسان تیایدا موحاسەبە و موحاکەمەی ئەکرێ . دەری دەخەن بۆ ئینسان کە مەسئولەو بەندەی خوایە، ئەبێ ڕێگای بەندەیی بگرێ . ئەو ڕێ و ڕەوشەی دامەزراوە بۆ ئەوەی کە بەندەیی خوا بکەن، بێ ئەوەی بەرەوکەمکاری (تقصیر)و (طیرفة)، یابەرەو زیادەڕەویی (إفراط) و لەحەد دەرچوون بڕۆن .. ئائەوانە یادبکەنەوەو هەمیشە لەبیریاندا بن .

﴿إِنَّ اللَّهَ كَانَ لَطِيفاً خَبِيراً﴾ : ئەوەش ئەبێ بزانرێت گومان لەوەدا نیە کە خوای گەورە (لطیف) واتە : ناسك بینە، ئەوەی زۆر زۆر پەنهان و پۆشراو بێ ئەو پێی ئەزانێ . هەروەها (خبیر)ە، هەمیشە گوزارشت و خەبەری پێ ئەدرێ ، لەو ڕێگایەشەوە خەبەردار ئەبێ لەهەرچیەك کە ڕوونەدا، لەهەرکردارێك لەلایەن ئێوەوە دەبێت، واتە خۆی (لطیف)ە، ئاگای لە هەموو شت هەیە، (خبیر)یشە، واتە : هەمیشە خۆی خەبەری هەیە ( خەبەردارە ).

* ﴿ إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ ، وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ ، وَالْقَانِتِينَ وَالْقَانِتَاتِ ، وَالصَّادِقِينَ وَالصَّادِقَاتِ ، وَالصَّابِرِينَ وَالصَّابِرَاتِ ، وَالْخَاشِعِينَ وَالْخَاشِعَاتِ ، وَالْمُتَصَدِّقِينَ وَالْمُتَصَدِّقَاتِ، وَالصَّائِمِينَ وَالصَّائِمَاتِ ،وَالْحَافِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَالْحَافِظَاتِ،وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتِ ،أَعَدَّ اللَّهُ لَهُمْ مَغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا ﴾ :

ئەو پیاو و ژنانەی ئەهلی ئەو ڕەوشتانە بن ، ئەوانەیان کردبێت بەکارویشەو بەرنامەیان ، خوا ئەفەرموێ : ئەوە پاداشتێکی زۆر گەورەمان بۆ ئامادەکردوون، لە کەموکورتیوگوناهەکانیان ئەبورین وچاوپۆشی ئەکەین، بۆکردەوە باشەکانیشیان ئەجر و پاداشتێ گەورە قەرار ئەدەین . ئەوانەش ئەوکەسانەن کە :

یەکەم : خۆیان ڕزگار ئەکەن و خۆ ئەپارێزن لە بەندایەتی غەیری خوا. هەوڵ ئەدەن تەنها ڕوویان لە خوابێ . خۆ لائەدەن لەوەی

غەیری خوا بکەن بە خاوەنی خۆیان ، بە فەرمانڕەواو فەریادڕەسی خۆیان، نافەرمانیو سەرپێچی لە فەرمانی خوا ناکەن .

دووەم : ئەو کەسانە هەوڵ ئەدەن ئەوحەقەی ناسیویانە (بەرنامەی هیدایەتو ڕێنمایی خوای گەورە) بەتەواوی تەسلیمی بنو بەڕاستی بزانن و لەسەری دامەزرێن .

سێیەم : هەمیشە و بەردەوام – نەك ڕۆژە تا ڕۆژێ ، یا ساتە تا ساتێ– بەردەوام و بەدڵ –نە بەمەجبوری – لە هەوڵدان کە فەرمانبەرداروو گوێڕایەڵی فەرمانی خوابن .

چوارەم : هەوڵ ئەدەن ڕاستگۆ بن لەوەدا کە دەڵێن، بەندەی خوابنو موسوڵمان بن، ڕاست بکەن لەوەداو بە کردەوە بیسەلمێنن کە ڕاستە موسوڵمانن . پاشان هەوڵ ئەدەن ئەهلی صەبر بن، چونکە بەندەیی گیروگرفتو دەردیسەر دێنێ بۆ ئینسان .. بڕواداران کە لەگەڵ گیروگرفتو دەردی سەردا ڕووبەڕوو دەبن، ئەبێ صەبر بکەن، لەڕێگای بەندەیی دەرنەچن ولا نەدەن .

پێنجەم : پاشان (خشوع) و خۆکزگرتن و خۆنزمگرتن لەبەرابەری خواوەو، بەتەواوی تەسلیم بوون بە خوا، صیفەتێکی تریانە . ئەبێ کەمترین سەرپێچی و نافەرمانی لێیان ڕوو نەدات .

شەشەم : هەروەها ئەبێ لەماڵو سەروەتو دارایی‌یەك کە هەیانە ، ئەوەندەی لەڕێی خوادا خەرج کەن تا بیسەلمێنن ڕاستیان کردووە

لەوەدا کە لافی ئیمانیان لێ داوە و وتویانە ئێمە بڕواداریـن . ئەبێ سەدەقە بدەن، صەدەقە یەعنی ئەوەی موسولمان بیسەلمێنێ ئەهلی ڕاستبێژیو صیدقە، ڕاست نەکا کە ئەلێ من موسلمانم، چونکە ئەگەر ئینسان سەدەقەی نەبێ، ئەگەر ماڵ و سەروەتی خۆی ـ ئەوەی کە زیاترە لە پێویستی خۆیەتی ـ لەڕێی خوا خەرجی نەکا، ئەوە دەردەکەوێ درۆی کردووە لەوەدا کە وتویەتی من (مؤمن)م .. تەنها لە کاتێکدا دەرئەکەوێ کە ڕاستی وتووە و ئەهلی (صدق)و ڕاستی‌یە ئەوەی وا ئەبێ خەرجی بکا لەڕێی خوادا خەرجی بکاو سەرفی کا .

حەوتەم : دوای ئەوە ئەبێ ئەوکەسانە ئەهلی ڕۆژووگرتن بن، هەروەك لە پێشا ئیشارەمان کرد.. ئەو دەورەیەی خوای (متعال) دایناوە بۆ پەروەدەکردنی بەندە، بڕۆنە ناوی، ڕۆژوو بگرن، تەمرین بکەن بۆ ئەوەی هەرچیەك خوا پێی خۆشە هەرئەوەیان پێ خۆش بێ، هەرچی‌یەکیش خوا پێی ناخۆشە ئەوانیش ئەوەیان پێ‌ناخۆش بێ‌و لێی دووربکەونەوە .

هەشتەم : دوای ئەوە ئەبێ پیاوان خۆیان لە غەیری ژنان وهاوسەرەکانیان، هەروەها ژنانیش خۆیان لە غەیری شووەکانیان بپارێزن، تەنها پەیوەندییان لەگەڵ هاوسەرەکانی خۆیان بێ‌و بەس، خۆیان لە حەرام دوور خەنەوە .

نۆیەم : پاشان ئەبێ هەمیشە لە یادی خوادا بن . زۆر زۆر لە بیری خوادا بن، بەو جۆرە کە هەمیشە خەریکی جێبەجێکردنی ئەرکی بەندەیی بن، بەدڵ دوای ئەوە بە زمان، پاشان بە کردەوە، زیکرو یادی خوا بکەنو بیسەلمێنن خوایان لە بیردایە و لە بیریان نەچۆتەوە.

## پوختەیەك لە ئەحکامی پۆشتەیی ئافرەت

*یەکێکی ترلەوفەرمانو دەستورانەی لە سورەتی ئەحزابدا هاتووە بەشێکە لە حوکمەکانی پۆشتەیی، کە دەفەرموێ :

﴿ يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ قُلْ لأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِنْ جَلاَبِيبِهِنَّ، ذَلِكَ أَدْنَى أَنْ يُعْرَفْنَ فَلاَ يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا ﴾ .

دوای ئەو تەصمیمەی کافران گرتبوویان و، مونافیقەکان بلاّوەیان کردبوو بەناو شاری مەدینەداو، لەسەر هەموو کوچەو کۆلانێکا راوەستان بۆ ئەزیەت دانی ژنانی بڕوادار، خەتەرێکی زۆر گەورە خەریك بوو ڕووی کردبووە خانەوادە و ژنە موسوڵمانەکان، لەبەرئەوە خوای (متعال) ئەم فەرمان و دەستورە ئەنێرێ بۆ ژنانی موسڵمان تا ریعایەتی بکەن . تا مونافیقەکان ئەزیەتیان نەکەن، چونکە ئەگەر ئەمان ریعایەتی ئەم فەرمانە بکەن کە لێرەدا باس کراوە

مونافیقەکان ئەیان ناسن، ئەزانن ئەمانە ئەهلی ئیمانن، ئیتر زاتیان نیە و ناوێرن لێیان نزیك کەونەوە، جورئەتی ئەوە ناکەن ئەزیەتیان بکەن . بەو جۆرە رزگار ئەبن لە ئەزیەتو ئازاری ئەو مونافیقانە .

ئەفەرموێ : ئەی پێغەمبەر! بلّێ بە هاوسەرەکانت پێش لە هەموو کەس، (چونکە ئەبێ لەوێوە، لە مالّی رەهبەرەوە دەست پێبکرێ)، بلّێ بە کچەکانت،( چونکە لە پێشا هاوسەرەکە واجب دەبێ لەسەری کە ریعایەتی ئەو شتانە بکات، دوایی کچەکان گەورە دەبنو، تەکلیفو واجبو مەسئولیەت روودەکاتە ئەوان)، دوای ئەوە بە ژنانی موسولّمانان، پێیان بلّێ : کاتێ لەمالّ دەرِۆنە دەرەوە کراسە شۆڕەکانیان بکەنە بەرو شۆڕیان بکەنەوە بەقەد خۆیانا، تا لاشەیان داپۆشێ، چونکە ئەوە دەبێ بەهۆی ئەوەی بناسرێن، ئەوە باشترین رێگایە بۆ ئەوەی بناسرێنو، لە دەرەوە بزانرێ ئەمانە بڕوادارنو ئەهلی ئەو جۆرە کارانە نین، ئیتر ئەزیەتیان نەکرێ لەلایەن مونافیقانەوە، جا دەفەرموێ: خوا (غفور) و (رحیم)ە ، ئەگەر لەوەو پێش ئەمەیان نەکردووەو تووشی ئەو کردارە ناپەسەندە بوون، خوا لێیان ئەبورێ، لە گوناهیان چاوپۆشی ئەکا . هەروەها رەحیمە، ئەگەر لەمەولا ئەم دەستورو فەرمانە بەکار بێننو عەمەلی پێبکەن، لێیان وەرئەگرێو بەبەزەیی خۆی پاداشتو جەزای باشیان دەداتەوە. لێرەدا واجب کراوە لەسەر ژنی موسولّمان لەکاتێکا لەمالّ دەڕواتە دەرەوە، یا

ئەگەر لەماڵا بوو بەڵام نامەحرەمێك لەوێ بوو، كراسی شۆڕ بكاتە بەری ، لە ملی تا سەر ئەنگوستی پێكانی داپۆشێ، بەجۆرێ هیچ كوێی بەدەرەوە نەبێ، بێجگە لەدەستەكانی ، هەروەك چۆن لە نوێژا خۆی دادەپۆشێ .( جا بەشی سەروەمل با بمێنێتەوە بۆ دوایی چونكە لە ئایەتێكی تردا بەیان كراوە) . دەبێ كراسێك لەبەربكا ئەوەندە شۆڕ بێت هەموو بەدەنی داپۆشێت .

هەروەها كراسێكی وایش نەبێ زۆر پڕ لە زرقەو برق و ڕەنگی جوان بێت، ببێتە هۆی ئەوەی خەڵكی سەرنجی بدەن، وەك ئەوەی كراسی لەبەرا نەبێت، كراسێك بێ وەك ئەوتری مافولانە بێت، بەجۆرێك داپۆشێ، دەریخا ئەم ژنە ژنێكی موحتەرەمە . ژنێك نیە ئەهلی ئەو جۆرە كارانە بێ كە تەماعی تێ بكرێ و ئەزیەتی بكرێ .

كەوابوو تا ئێرەی واجب كراوە لەسەر ژنێك كە ئیمانی هەبێ كراسێك نابەو جۆرە كە وتمان بكاتە بەری، هەر ئەم كراسە كوردییە بەشێوەیەك كەلەمەو پێش باوبووە، نەك ئەوكراسەی ئێستا لە هەندێ لە شارەكانی كوردستاندا ئەدورێت ،كە زۆر نالەبارە . دەبێ جۆرێ نەبێ حەجمی بەدەن دەرخا.

هەروەها كراسەكە نابێ تەنك بێ ، چونكە ئەگەر كراس یا هەر جلو لیباسێكی تر تەنك بوو، بەجۆرێ حەجمی بەدەنی دەردەخست، ئەوە هەروەك نەبوونی پۆشاك وایە . دەبێ كراسەكە وابێ حەجمی

بەدەنی دەرنەخا . خۆ ئەگەر بەشێوەیەك بوو ـ بۆ نموونە ـ لەسەر سنگیا حەجمی بەدەنی دەردەخست، ئەوە چارەی ئەوەیە سەرپۆشەکەی ئەوەندە گەورە بێ سەرسنگی داپۆشێ و ئەو بەشەش بە دەرەوە نەبێ ، وا نەبێ سەرنجی نامەحرەم رابکێشێ .

جا بۆ ئەوەی باسی پۆشتەیی تەواو بێ ، دوو ئایەتی تریش لە سورەتی (نور)داهەن، دەفەرموێ: ﴿ قُلْ لِلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ ،وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ،ذَلِكَ أَزْكَى لَهُمْ ، إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ ﴾ . بە پێغەمبەری خوا ـ هەروەها هەرکەسێك كە خەریكی دەعوەت كردنە بۆ رێگای خوا ـ دەفەرموێ :

بڵێ بە پیاوە ئیماندارەکان لە تەماشاکردنەکانیان کەم کەنەوە . هەمیشە خەریکی سەیرکردنی ئەمونەونەبن . سەیرکردنێ لەبەر شوێنکەوتنی هەواو هەوەس بێ . پێیان بڵێ: با لەوکارە دووریی بکەن، هۆشیان بەخۆیانەوە بێت لەو جۆرە سەیرکردنانەیان نەبێ، تەنها لەکاتێکا ئیجازەیان هەیە بڕوانن کە زەرورەتێك یا سەبەبێك هەبێت بۆ ئەو ڕوانینە، وەك ئەوەی ئینسانێکی موسوڵمان خەریکە شتێك لە دین فێری ژنی موسوڵمان ئەکا، بۆ ئەوەی باش تێی بگەیەنێ، جارجار بڕوانێ بۆی، تا ئەو هۆشی بەلایەوە بێ، بزانێ چی بۆ ئەڵێ . چونکە ئەگەر جارجارێ بۆی ئەڕوانێ ئەوی‌تر تێ ناگا، دیارە لەو ڕوانینەشیا دەبێ پاکدامەن بێت، دوور بێ لەهەرجۆرە خەیاڵو مەبەستێك کە

ناخۆشە وحەق نیە لە دڵی موسوڵماندا بێت . یا وەك ئەوەی كە پزیشك لەكاتی چارەسەردا ناچارە بڕوانێ بۆ ژنی نامەحرەم ، هەروەها شتانێكی تر لەو بابەتە .

هەروەها دەفەرموێ : پێیان بڵێ شەرمگا و حەیایان بپارێزن . لە ڕێگای ناشەرعی‌یەوە تووشی ئەوە نەبەن كە خوا پێی ناخۆشە . دیارە ئەوە زیاتر دەبێ بەسەببی ئەوەی بەرەو كامڵ بوون بڕۆن و زیاد بكەن . بیشزانن حەتمەن خوا ئاگادارە لەوەی ئەنجامی ئەدەن، خەبەری هەیە چی دەكەن و چی ناكەن . جا با هۆشیان بەخۆیانەوە بێ ، بزانن خوا لەسەر ئەوەی ئەنجامی دەدەن، موحاسەبەو موحاكەمەیان دەكا .

﴿ وَقُلْ لِلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ ،وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ ﴾ : هەروەها بڵێ بە ژنە بە ئیمانەكان، ئەوانەی بەڕاستی ئیمانیان دامەزراوە و ڕاست ئەكەن كە موسوڵمانن، پێیان بڵێ: ئەوانیش هەروەك پیاوانی بە ئیمان لە دیدو ڕوانینەكانیان كەم بكەنەوە . هەر بەوجۆرە بۆ پیاوان وترا ئەمانیش شەرمگا و حەیایان بپارێزن . خۆیان بپارێزن لەوەی لەو ڕێگایەوە تووشی ناشەرعی بن .. دیارە تەنها لەكاتێكا ئەو پاراستنە دەبێت كە لە ڕوانینەكانیانا هۆشیان بەخۆیانەوە بێ‌و سەیری ئەمو ئەو نەكەن، چونكە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی نزیك كەونەوە لەكاری حەرامو تووشی كاری زۆر ناپەسەند بن .

﴿ وَلاَ يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلاَّ مَا ظَهَرَ مِنْهَا ﴾ : بـا زینەتـەکانیان، خشـڵو ئارایشـەکانیان دەرنەخـەن، مەگـەر ئـەوەی خـۆی دەرکـەوێ . لـە ئایەتەکەی ترا فەرمووی: کاتێك کە ئەڕۆنە دەرەوە خۆیان نەڕازێننەوە، لێرە دەفەرموێ : زینەتو ئارایشتەکانیان دەرنەخـەن، مەگـەر ئـەوەی خۆی لەخۆیەوە دەرکەوتبێ ..

دیارە ئەو زینـەتو ئارایشـەی بەقـەد ژنـەوە دەبێـت دوو جـۆرە : بەشێکی وایە بێئەوەی ژنەکە خۆی بخاتـە زەحمـەت، بێئـەوەی هـەوڵ بدات بۆ دەرخسـتنی، دەردەکـەوێت، وەك ئەنگوسـتیلەیەك لەدەسـتا بێت، وەك ڕەنگێك بەقەد دەستیەوە بێت، وەك کلەیەك کە لـە چـاودا بێت، وەك هەر زینەتێکی‌تر کە بەقەد دەموچاوەوە بێت، ئەوە لەخۆیـەوە دەردەکەوێت، ئەگەر ژنی موسوڵمان خۆیشـی بـۆ نەخاتـە زەحمـەت و هەوڵی بۆ نەدا، هەردەردەکەوێ . بـەڵام زینـەت و ئارایشـێ کـە لـە غەیری ئەو دوو جێگایەدا بێت بەجۆرێکە ڕەحەت دائەپۆشرێ . ئەگەر ژن خۆی قەسدی نەبێ دەری بخا، دەرناکەوێ . کەوابوو لەسـەر ژنـی موسـوڵمان واجبـە کـە لای نامەحرەمـدا بـەوجۆرە بـێ، تـەنها ئـەو زینەتوئارایشەی لەخۆیەوە، بێئەوەی خۆی قەسدی بێ دەردەکەوێ، تەنها ئەوە دەرخاو غەیری ئەوە جائیز نیيە دەری خا . جا لەو ڕەنگو شتەش کە بەقەد دەسـتو دەمو چـاوەوەیە هەنـدێکی هـەر جـایز نیـە دەرکەوێ . بۆ نمونە : ژنێ دەیەوێ بەیانی بڕوا بـۆ بـازاڕ، زەرووڕەتـەو

نەبێ بڕوا، یا لەماڵ بڕواتە دەر بۆ جێگایەك، ئەوە ئیتر جایز نیە ئەو شەوە لەو ڕەنگو شتە بدا لە خۆی و خۆی برازێنێتەوە، چونکە نەزانێ بۆ بەهانی بەجوانی نەمێنێتەوە و خەڵك سەرنجیان ڕا ئەکێشرێ بۆی، بەلام ئەگەر پێش لەوە قەسدی چوون بۆ بازاڕ بکا، شتێ لەوانەی دابێ لەخۆیەو، زۆرێکی لەبەین چووبێ هەر ئەسەرو نیشانەیەکی مابێ، دوواییش ناچار بێ بڕواتە دەرەوە، ئەوە قەی ناکاو، پێویست نیە خۆی بۆ بخاتە زەحمەت ..

بە کورتی ، ئەوەی خۆی قەسدی بێ لە دەرخستنیا و خۆی بیەوێ دەرکەوێ، بە خۆ ڕازاندنەوە دەری بخا، ئەوە لەگەڵ ئیمان جۆر دەرنایەت‌و، ژنێك بڕوای بێت بەخوا، ناتوانێ شتی ئاوا بکا .

﴿ وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ ﴾ : با سەرپۆشەکانیان وابدەن بەسەریانا کە سەرو ملیان داپۆشێ و بەخەکانیشیان بگرێتەوە . لە ئایەتەکەی تردا ـ لە سورەتی ئەحزابدا ـ بەیانی کرد دەبێ ژنی موسوڵمان لەکاتێکا لەماڵ دەچێتە دەرەوە، یا کاتێك لای نامەحرەمێکە ، دەبێ کراسێکی شۆڕ بکاتە بەری، لێرەیش باسی ئەوە دەکا واجبە لەسەر ژنانی موسوڵمان کە سەرپۆش وابدەن بەسەریاندا کە سەروملیان هەموو داپۆشێ . کەوابوو تەنها دەمێنێتەوە دەموچاو و دەست تا مەچەکی دەست، تەنها ئەو دووانە دەمێننەوە کە بەدەرەوە بن، هەروەك لە نوێژدا ژنی موسوڵمان دەوەستێ . یەکێك لە

حیکمەتەکانی ئەوەی کە ژنی موسوڵمان لە نوێژدا ئاوا لــە حـزووری خوا دەبێت ئەوەیە کە فێر ببێ کە دوایی لەناو کۆمەڵیشدا هـەروابێ . بۆ ئەوەیە فێربێ لەهەرکاتێکی تریشدا کە نامەحرەم هەیە هـەر ئاوابـێ، تـەنها دەسـتەکان و دەموچـاوی بـەدەرەوە دەبـن‌و ئەنـدامانی‌تری داپۆشـراون، سـەر داپۆشـراوە، مـل داپۆشـراوە، بـەدەن هـەمووی داپۆشراوە، قاچی داپۆشراوە، هەتا دەبێ گۆرەویشی لە پێدا بێـت تـا پێی بەدەرەوە نەبن، گۆرەویەکانیش دەبێ تەنك نەبن کە ڕەنگی پێـستی لەژێر گۆرەویەکانەوە دیار بن .

﴿ وَلاَ يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلاَّ لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ أَوْ آبَـاءِ بُعُـولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَائِهِنَّ أَوْ أَبْنَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي أَخَوَاتِهِنَّ أَوْ نِسَائِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ أَوِ التَّابِعِينَ غَيْرِ أُوْلِي الإِرْبَةِ مِنَ الرِّجَالِ أَوِ الطِّفْلِ الَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا عَلَى عَوْرَاتِ النِّسَاءِ ﴾ :

لەم بەشە لـە ئایەتەکانـدا کەسـانێك نـاو دەبـرێن کـە مـەحرەمن، دەفەرموێ : قەیناکا ئەگەر ئافرەتی موسوڵمان زینەت‌وئارایشتەکەی بۆ ئەوانــە دەرخـا، ئـەو بەشـەی وا لــە پێشـا فـەرمووی لەخۆیـەوە دەردەکەوێ، ئەوە بۆ هەمووکەس دروستە دەریبکەوێ، بەڵام ئەوەی وا فەرمووی حەق نیە دەری خەن، دەفەرموێ بـۆ هەنـدێ کـەس قـەیناکا زینەت وئارایشەکەیان دەرخەن ، بۆ ئەم چەند کەسە : بۆ مێردەکانیان، بۆ باوکەکانیان، بۆ باوکی مێردەکانیان (خەزووریان)، بـۆ کوڕەکانیـان،

بۆ کوڕی مێردەکانیان ئەگەر لە ژنی تر بێ ـ واتە کۆڵەبەسیان ـ، بۆ براکانیان، بۆ برازاکانیان، بۆ خوشکەزاکانیان، بۆ ژنەکانیان، (واتە : ژنانی موسوڵمان لەگەڵ هەندێ لە ژنەکان پەیوەندی و عیلاقەی تایبەتیان هەیە، زۆر بەیەکەوە دەبن، لەگەڵ ژنانی تر، بەوجۆرە نین، هەر ژنێ چەند ژنێ هەن کە زۆر لەگەڵی دەبن و هاتوچۆو هەڵسوکەوتیان بەیەکەوە زۆر دەبێ، یەکتر دەناسن، بڕواو ئیعتیمادیان بەیەکتر هەیە، ناترسن لەیەکتر، ناترسن لەوەی ئەمیان قسەی ئەویان لای کەسێك بکا کە نامەحرەمە بۆی، ئەوی تر قسەی ئەم لای کەسێك بکا کە نامەحرەمە بۆی . ئەو ژنانە کە زۆر لەگەڵ یەك هەن و یەکتر دەناسن و بڕوایان بەیەك هەیە، ئەوە قەیناکا ئەگەر زینەت و ئارایشیان بۆ یەکتر دەرخەن، بەڵام غەیری ئەوانە ژنانیتر، چ ژنانێ کە نا موسوڵمانن، چ ژنانێ کە نایانناسن، نازانن چۆنن و ئەخلاق و ڕەوشتیان چۆنە، ئەوە دروست نیە لای ئەوانیش خۆیان دەرخەن، ئەو ژنانە هەروەك پیاو نامەحرەمن، دروست نیە غەیری دەموچاو و دەستەکانی هیچ کونی تری بۆ دەرخا، ئەمە دەستورێکە زۆر غەریب و نەناسراوە لەناو موسوڵماناندا)..

پاشان ئەوە بەیان ئەکا لە زەمەنێکا کە عەبدو کەنیزەك هەن، بۆ ئەوانیش قەیناکا، چونکە زۆر نزیکن و زۆر عیلاقەیان هەیە بەیەکەوە، (ئێستا ئەوانە نین و زۆر لەسەری ناڕۆین).

دوای ئەوە دەفەرموێ : ئەو پیاوانەی وا تابیعی ئەهلی ئەو ماڵەن، وەك خزمەتكاروكارگەرو مزور لەوماڵەدا، لەبەرئەوەی كە تابعن، لەبەرئەوەی بوون بە پەیرەوی ئەهلی ئەو ماڵە، تەماع ناكەنە ئەو ژنانەی كە لەو ماڵەدا هەن، ئیجازە بەخۆیان نادەن بە چاوی خیانەتەوە بۆیان بڕوانن. دیارە ئەوانەش دەبێ گەیشتبنە حەددێك نیاز بە ژن لە دڵیانا نەمابێ. تەماعی ئەوەیان نەبێ، وەك دەوترێ: دڵیان مردبێ، بیریان بەلای ژنەوە نەبێ ، ئەوانەش قەیناكا زینەتو ئارایشی ژنە موسوڵمانەكان لەلایانا دەركەوێ، هەروەك چۆن لای باوكو براكانیان دەردەكەوێ.

پاشان دەفەرموێ : ئەو منالانەش هێشتا منالن‌و ئاگاییان پەیدا نەكردووە بەسەر ئەو شتانەی ژن هەیانەو نابێ نامەحرەم ئاگایی بەسەریانا پەیدا بكا، هێشتا وایان لێ نەهاتووە خەبەرداربن لەو جۆرە مەسەلانە، هێشتا وایان لێ نەهاتووە سەرنجی ئەو شتانە بدەن كە دروست نیە ژن بۆ نامەحرەم دەریان خا، واتە : ئاوەزی ئەوەیان نەكرتووە كە بیرلەو شتانە بكەنەوە ، وەك منالی شەش حەوت ساڵو هەشت ساڵ، ئەوانەش قەیناكا ژنان زینەتو ئارایشیان لە لایان دەربكەوێ . بەلام ئەگەر گەورەتربوون، وایان لێ هات كەوتنە فیكری ئەو جۆرە شتانە، خەبەریان پەیداكرد لەو جۆرە شتانە، ئەوە ئیتر وەك پیاوی گەورە نامەحرەم دەبن ..

جا بۆ ئەوانە فەرموویەتی قەیناکا زینەت و ئارایشیان بۆ دەرخرێ . مانای ئەوەیە – بۆ نمونە –کچ قەیناکا لای باوکیا بەتەواوی سەرپۆشەکەی نەدا بەسەریا، یا لای برایدا قەیناکا با دەستی بەتەواوی دانەپۆشێ، یاکەمێ لە مەچەکی بەدەرەوە بێ، جێی بازن و شت بەدەرەوەبێ، یا قەیناکا با گۆرەوی لە پێدا نەبێ وکەمێ لە قاچی بە دەرەوە بێ ، یا ملی میقداری بەدەرەوە بێ، یاکەمێ لە سینگی بەدەرەوە بێ .. ئاوا لەو سنورەو لەو جێیانەدا کە زینەت و ئارایشیان تێدایە ، قەینا بەدەرەوە بن ، بەلام ئەگەر لای باوک و برایا بەتەواوی سەر ڕووت کا، یا سینگ ڕووت کا، یا قاچ و قولی ڕووت کا، ئەوە ئەگەر بۆ باوکەکە ، یا بۆ براکە، یا بۆ کەسی‌تر لەوانەی باس کران، نەبێتە هۆی ئەوە خۆی سەرنجیان ڕاکێشێ و، شتێك نیسبەت بەو لە دڵیانا پەیدا نەبێ، خۆ هیچ نەبێ ئەبکاتە فیکری ژنانی‌تر، بەتایبەت برایەك کە گەنجە، یا برازاو خوشکەزایەك کە گەنج و جوانن، ئەوانە لە کاتێکا خزمەکەی خۆیان، مەحرەمەکەی بەو جۆرە دەبینن، هیچ نەبێ ئەکەونە فیکری ژنی بێگانە، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوە بەرەو گومڕایی و لادان بڕۆن. بۆیە لای ئەو مەحرەمانەش نابێ لە دەرخستنی زینەت و جوانیدا زیادەڕەویی بکرێ .

ئەڵبەتە ئەوەیش بڵێین کە بۆ مێردەکانیان زیاتر لەمەش جائیزە، بۆ مێرد هیچ مەنعێك نیە، هەرجۆرکە مێرد داوا بکا لە ژنەکەی کە خۆی بۆ دەرخا، دەبێ خۆی بۆ دەرخا، هیچ مەنعێك لەوکارەدا نیە .

﴿ وَلاَ يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِنْ زِينَتِهِنَّ ﴾ : هەروەها با ژنان پێیان نەدەن بە زەویدا کە ئەگەر خرخاڵێ، شتێ، لە پێیاندا بوو زرنگەی بێ‌و خەڵك بزانێ شتێك لە پێیاندایە . ئاخر قەرارە هەروەك وتمان کراسەکە ئەوەندە شۆڕ بێ پێیانی داپۆشیبێ، ئەوەیشی بەدەرەوەیە گۆرەوی داپۆشیبێ، پێی هەر بەدەرەوە نەبێ، جا ئەگەر شتێك لە خشڵ لە پێیاندا بوو حەق نیە وەختێ ئەرۆن بە رێدا توند پێ بکوتن بەزەویدا، یان لەقە بدەن لە شتێ زرنگەی بێ‌و ئەو شتەی دایانپۆشیوە خەڵك پێی بزانن، چونکە وەك ئەوەیە دەریان خستبێ . جا ئەو پێڵاوە پاژنە بەرزانەی ئێستا هەن شتێکی لەو بابەتەن، کاتێ ئەرۆن بە رێدا و تەقەیان دێت، سەرنجی پیاو بۆ لای خۆیان رادەکێشن، ژنێك موسوڵمان بێت حەق نیە لەوانە بکاتە پێی، یا حاڵەتی وای لێ دەرکەوێ .

﴿ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴾ : دیارە هیچ بڕوادارێك بێبەش نەبووە لەوانەی ئێستا بەیان کراون، لەوانەی مەنعیان لێ کراوە .. هەرکەسێك کەم یا زۆر تووشی ئەو شتانە بووە، بۆیە خوا دەفەرموێ : ئەی ئیماندارەکان! هەمووتان بە گشتی

بگەڕێنەوە بۆلای خوا، تەوبە بکەن، تا ئەوە بین بەهۆی ئـەوەی بـەرەو ڕزگاریو خۆشبەختی بڕۆن، ئەگـەر نـا، ئەگـەر وانـەبن خۆشـبەختیو ڕزگاریتان دەست ناکەویو، گرفتاری سزای خوا دەبن ..

* یەکێ تر لەو کردەوە نا شەرعیانەی لێرەدا دەبێ باسی بکـرێ – کە ناشەرعیترو مەترسیدارترە لە سەیرکردنی نامـەحرەم – خـەلوەت کردنە لەگەڵ نامەحرەم، ئەوەی کە ژنێك لـەگەڵ پیاوێکی نامەحرەم لە جێگایەك بێ کە کەسی تر لەوێ نەبێ، کەسێك کە جێی بڕواو متمانـە بێ، وەك مەحرەمی خۆی، وەك برای ، وەك مێردی، وەك باوکی، وەك ژنێك دارای ئیحترام بێ، بەتایبـەت خـەلوەت کـردن لـەگـەڵ خزمـی مێرد، وەك خەلوەت کردن لەگەڵ هێـوەر، یـا لـەگـەڵ ئەوانـەی لـەو بابەتەن، ئەوە خەتەری زۆر زۆرترە، بۆیە پێغەمبـەری خـوا کاتـێ لێـی دەپرسن : مەگەر لەگەڵ ئەوانیش هەر جـائیز نیـە خـەلوەت بکـرێ ؟ دەفەرموێ : ئەوە ئیتر مەرگە . زۆر خەتەری زیاترە لە حاڵەتەکانیتر.

* چەند فـەرمانیتر لەوانـەی پێویسـتە ئینسـانی موسـوڵمان لـەناو خێزانوکۆمەڵدا لەبەرچاوی بێو، ڕیعایەتیان بکاو، عەمـەلیان پێبکـا، ئەمانەن :

هەرلە سورەی (نور)دا فەرمانێ هاتووە بـۆ ئـەوەی ئینسـان بـە بـێ ئیزنو مۆڵەت نەچێتە ماڵی کەس . ماڵـێ خـەلکی تیـا بـێ تـەنها لـە

کاتێکا نەیێ بچێ کە ئیزنیان لێ وەرگرێ، نەتەنها ئەوە بەڵکو دەبێ بشزانێ ئایا پێیان ناخۆش نیە کە نەچێ؟ ئایا نابێ بەسەبەبی نارەحەتی‌یان؟ ئایا ئامادەن بۆ ئەوەی میوانداریی‌و پێشوازی لێ بکەن؟ کاتێکیش ئەچێ دەبێ بەسەلامەوە بڕواتە ماڵەکە، سەلامیان لێ بکا.. سەلام دوعای خێرکردنە . کاتێ ئینسان دەڵێ : (السلام علیکم) یانی خوا بتان پارێزێ لەهەرچییەك کە ناخۆشەو، لەهەر ئافەت‌و بەڵایەك . ئەم سەلام کردنە مانای ئەوەی تیایە ئێوە دڵتان ڕەحەت بێ، لەلایەن منەوە تووشی هیچ ئافەت‌و دەردو بەڵاو ناخۆشییەك نابن . من قەسدی ئەوەم نیە هیچ زیانێکتان پێ بگەیەنم، چونکە ئەگەر قەسدی ئەوەم بوایە دوعای خێرم بۆ نەدەکردن‌و ئەم دەوت : (السلام علیکم).

دەفەرموێ : ﴿ يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لاَ تَدْخُلُوا بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّى تَسْتَأْنِسُوا وَتُسَلِّمُوا عَلَى أَهْلِهَا، ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴾ : بانگ دەکاتە ئەوانەی ئیمانیان هێناوە و دەفەرموێ: مەچنە ماڵانی‌تر، ماڵانی غەیری خۆتان، هەر ماڵێکی‌ترکەکەسی تری تیایە، (تەنانەت ئەگەر ماڵەکە هی خۆی بێ بەڵام دابێتی بە کرێ و کرێنشینی تیابێ، ئەوەیش هەر ئیجازە نیە هەروا بڕواتە ناوی) ، ماڵێ کەسی تری تیایە مەچنە ناوی، تا کاتێك ئیزن وەرگرن لە ساحێب ماڵەکەو بزانن پێیان خۆشە . جا تەنها ئیجازە وەرگرتنەکە بەس نیە، نەبێ بشزانن ئایا ئەگەر بڕۆن ئامادەن بۆ ئەوەی میوانداریی و پێشوازیتان لێ بکەن، نارەحەت

نابن بەچوونی ئێوە، پێیان ناخۆش نیە برۆن؟! ئەو کاتە بـڕۆن .. پاشـان لەکاتێکا دەڕۆنە ماڵەکە سەلامیان لێ بکەن، بەسـەلام کـردن دوعـای خێریان بۆ بکەن، تا دەرکەوێ چوونی ئێوە بۆ ئەوێ ئەوەی تیا نیە کـە کەمترین زەرەرو زیانیان پێ بگات، ئائەوە باشترە بۆتـان لـەوەی بـەبێ ئیزن، یـا بـە ئیـزن وەرگرتنێـك هـەر ڕواڵـەتیو زاهـیری بـێ و، لـە حەقیقەتدا ئیزن وەرگرتن نەبێو ساحێب ماڵەکە پێی ناخۆش بێ و حەز نەکا بڕۆن . یا بڕۆن ،بەڵام سەلام نەکەنو، ئەو دوعـای خێرەیـان بـۆ نەکەن .. پاشان خوا دەفەرموێ : ئـەوەتان بـۆ بـەیان دەکـەین بـەڵکو بیربکەنەوە، بزانن ئەمە باشە، ئەمە جوانـە، ئەگـەر وانەکـەن ناخۆشـە، خووڕەوشـتێکی خراپە، حەق نیە ئاوا خووڕەوشتێ لـەناو موسـوڵمانان وکۆمەڵی ئیسلامیدا بێ ..

کەواتە لەسەر هەر موسوڵمانێك واجبە کاتێ دەیەوێ بڕوا بۆمـاڵی کەسێك ، بزانێ ئەوەڵەکە پێـی خۆشـە، ئیجـازە دەدا، ئامادەیـە، حـەز دەکا بۆ ئەوەی بڕواتە لای؟ کاتێکیش چوو سەلامیان لێ بکا . جا ئـیتر ئەوە بەشێوەی جۆرجۆر دەکرێ ئینسان پێـی بزانـێ، ئـەکرێ ئینسـان بڕواتە بەر دەرگاکەو بدا لە دەرگاو ئیـزن وەرگـرێ، جـا لـەکاتێکـدا ئیجازەی دەدەن دەتوانێ سەیر بکا بزانێ لەبەر ڕوودەربایسیو شـەرمو حەیا ئیجازەیان داوە، یا بەدڵ ئیجازەیان داوە و پێیان خۆشە کـە بـڕوا؟ ئەگەر زانی ڕوویان نیە جوابی بکەن ، یا پێیـان خـۆش نیـە لەوکاتـەدا

بڕوا، ئەوە دروست نیە بڕوا، دەبێ حەتمەن بگەڕێتەوە، بەڵام ئەگەر زانی پێیان خۆشە، ئامادەن بۆ ئەوەی بڕواتە ماڵەوە، ئەوە بڕواو سەلام بکاو دانیشێ ..

بەجۆرێکی تریش دەبێ، وەك ئەمڕۆکە تەلەفون هەیە، ئەوە باشترین ڕێگەیە ئەگەر دەست کەوێ بۆ ئینسان، لە پێشدا بە تەلەفونی خەبەریان پێ بدا کە ئایا ئامادەن بۆ ئەوەی لە فلان سەعاتدا بڕوا بۆ ماڵیان؟ یا ئەگەرلەو سەعاتەدا ئامادەنین، لە چ سەعاتێکی تردا گونجاوە؟ وەختیان لێ وەرگرێ ، دیاری بکا لە چ وەختێکا دەڕوا. دوای ئەوە لەو کاتەدا بڕوا.. دیارە دەبێ بە ئەندازەیەك دانیشێ کە نابێت بەهۆی نارەحەتییان .

پاشان دەفەرموێ: ﴿ فَإِنْ لَمْ تَجِدُوا فِيهَا أَحَدًا فَلَا تَدْخُلُوهَا حَتَّى يُؤْذَنَ لَكُمْ ﴾:

ئەگەر کەستان دەست نەکەوت لەو ماڵانەدا، یا کەس لەوێ نەبوو، یا هەبوو بەڵام وەڵامی نەدایەوە، یا ئێوە کەستان نەدی لەوێ، لەو حاڵانەدا ئەوە مەچنە ناو ماڵەکان، حەقتان نیە لەخۆتانەوە بڕۆنە ماڵەوە، تاکاتێ کە ئیزنتان پێ بدرێ، وەك ئەوەی کەسێك خۆی لەبازارە، یا لە دوکانە، یا لە باخدایە، لە جێگایەکدایە، کاتێ میوان دەڕوا بۆ ماڵەکەی، خەبەر دەزانێ کە میوانێ چاوەڕێیە، کەس دەنێرێ پێی دەڵێ : بڕۆ بە میوانەکە بڵێ : بڕواتە ماڵەوە، تا خۆم دێمەوە ..

ئەوە جائیزەو دروستە، بەلاّم ئەگەر کەسی نەدی لەماڵەوە، کەسی دەست نەکەوت و ئیجازەشی نەدرابوو بڕواتە ماڵەوە، ئەوە حەقی نیە کە بڕواو دەبێ بگەڕێتەوە .

﴿ وَإِنْ قِيلَ لَكُمُ ارْجِعُوا فَارْجِعُوا ﴾ : ئەگەر پێتان وترا بگەڕێنەوە، ئێستا کات نیەو ئامادەنین بۆ ئەوەی میوانداری بکەین، یا ئیش وکاری ترمان هەیە، یا بە هەرجۆرێکی تر پێتان وترا بگەڕێنەوە، ئەوە بگەڕێنەوە . ﴿ هُوَ أَزْكَى لَكُمْ ﴾: چونکە ئەوە ـ ئەو گەڕانەوەیە ـ کردارێکە زیاتر خێرو بەرەکەتی تیایە بۆ ئێوە. ﴿ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ ﴾ : هەرچییەك ئێوە ئەنجامی دەدەن، خوا بەوە زانایە. دەزانێ چی ئەکەن و چاوی لێتانەو چاودێریتان ئەکا . ئەگەر پێچەوانەی فەرمانی ئەو بجوڵێنەوە، دیارە لە دەست سزای ئەو دەرناچن . هەروەك ئەگەر فەرمانبەرداریتان لەوکرد، حەتمەن جەزای خێرتان دەست دەکەوێ .. ئەمە بە نیسبەت ماڵێکەوە کە دانیشتووی تیا بێت، بەلاّم هەندێ بیناو ساختمان هەن کە عمومینو کەسی تایبەتیان تێدا نیە، وەك : هوتێل یا قوتابخانەو مەدرەسە، یا کاروان سەرا، یا سینەما ، یا هەر بیناو ساختمانێکی تری لەو بابەتە، ئەوانە دەستورێکی تریان بۆهەیە، دەفەرموێ :

﴿ لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَدْخُلُوا بُيُوتًاغَيْرَمَسْكُونَةٍ فِيهَا مَتَاعٌ لَكُمْ ﴾ : نابێ بە گوناح بەسەرتانەوەو لادان لەرێگە نیە، کە بڕۆنە

ناوئەو ماڵانەی جێی تایبەتی کەس نین، بە شەرتێ کارێکتان بێ لەوێ و شتێکتان پێویست بێ .. ئەگەر کەسێك کاری بە موسافرخانەوهوتێلێك، یا مەدرەسەیەك، یا کاروانسەرایەك، یا نەخۆشخانەیەك، یاهەر شوێنێکی تری لەوبابەتە هەبوو، دەتوانێ بێ پرس بڕوا، ئەڵبەتە ئەو شوێنانەش ئەگەر ئیزنی نەدەن دیارە دەبێ ریعایەت بکا، (وەك ئەو شوێنانەی (استعلامات) وپرسگەی تێدایە ).

بەڵام ئەوەش بزانن لێرەشدا هەر دەبێ خواتان لە بیردا بێ، چونکە ڕەنگە کسانێ ئیمانیان دانەمەزراوە ئەوە بکەن بە بەهانەو بڕۆنە ئەو ماڵە (عمومی)یانە، بەبەهانەی ئەوەکە شتێکیان لەوێیە، بەڵام ئەگەر لەکاتێکا بڕۆن مەسەلەن نامەحرەمێك لەوێیە بۆ ئەوەی بگەن بەو نامەحرەمەو شتێکی ناشەرعی تووش بێن، ئەوە دەفەرموێ:

﴿ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا تَكْتُمُونَ ﴾ : خوا دەزانێ چ شتێ دەرئەخەن و چ شتێ دەشارنەوە . ئەگەر هاتوو کەسێکتان وای دەرخست لەبەر ئیش و کارێ دەڕواتە ئەو شوێنە، بەڵام لە دڵیدا ئەوە هەبووکە لەوێ لەگەڵ نامەحرەمێك رووبەروو بێ و تووشی نامەحرەمێك بێ، ئەوە خوا بەوە دەزانێ و لەسەر ئەوە سزاو موحاکەمەی هەیە، چونکە خوا دەزانێ ئەو کەسە شتێ دەشارێتەوەو شتێکی تر دەردەخا. ئەڵبەتە ئەگەر لە میوانخانەدا کەسێ ژوورێکی بۆخۆی گرت، ئیتر تا کاتێ وەختەکەی تەواو دەبێ ئەو ژوورە هی

ئەوە، مەسکەنو مەئوای ئەوەو کەسی تر بەبێ ئیجازە ناتوانێ بڕواتە ماڵەوە.. بۆیە ئەوەی وتمان جائیزە بڕواتە موسافیرخانەوە، بەشێوەی گشتی بوو، بۆ ناو ئەسڵی موسافیر خانەکە بوو، نەك ئەوەی بڕواتە ژوورەکانی ئەهو ئەو.

* ئێستا حوکمێکی‌ترو فەرمانو دەستورێکی تر لە لایەن خواوە باس دەکرێ، کە بەداخەوە هەر تەواو غەریبە و ڕەنگە زۆربەی موسوڵمانان هەر نەشیان بیستبێ، ئەویش ئەمەیە کەلەناو خێزانو خانەوادەدا هاتوچۆی منالان بۆ ژوورو هۆدەی دایکو باوك ، هەروا بێ بەرنامەو بێ‌دەستور نابێ، دەبێ ڕیعایەتی نەزمو بەرنامەو تەرتیبێك بکرێ ، کەبەم جۆرە دەبێ :

منالێ کەوا هێشتا نەگەیشتوەتە حەددێك بتوانێ خۆی سەربەخۆو بەتەنهایی و بێ‌یاریدانی دایکو باوك خۆراك بخوا، یا بڕواتە دەست بەئاوو خۆی پاك بکاتەوە، منالێك تا حدودی پێنج ساڵ و شەش ساڵ بێ، ئەوە دیارە هەمیشە لای باوکو دایکییەتی‌و نیازی هەیە بەوان و، شەوو ڕۆژ لای ئەوانە، خۆراك لای ئەوان دەخوا، شەویش لای ئەوان دەبێت ، بەڵام منالێك گەیشتە ئەو حەددەی بتوانێ بۆ خۆی خۆراك بخوا بۆخۆی خۆی پاك بکاتەوە، بتوانێ بڕواتە دەست بەئاو، ئەو شتانەی پێویستن ئەنجامیان بدا بۆخۆی ، سەربەخۆ بیانکا، نیازی نەمایێ

هەمیشە دایكو باوكی بەدەمیەوە بن، وەك منالّی حەوت سالّو زیاترلەوە تا دەگاتە حدودی ١٢ سالّو ١٣ سالّ، بۆ ئەوانە خوا دەفەرموێ : ئیجازەی نیە، دروست نیەوحەق نیە هەمیشە لە ژووری تایبەتی دایكو باوكا بێ . بۆیە سێ‌كاتی دیاری كردووە كە لەو سێ كاتەدا دەبێ ئەو منالاّنە لە ژووری تردا بن، غەیری ژووری دایكو باوكیان، لە ژووری خۆیاندا بن ، ئەگەر پێویستیو نیازیان هەبوو بەوەی بڕۆنە لای دایكو باوكیان دەبێ ئیزن وەرگرن جا بڕۆنە ژوورەكەیان، دەبێ لەدەرگا بدەن و ئیجازەیان بدرێ، جا دەرگا بكەنەوە و بڕۆن، ئەگەر شتێكیان ئەوێ هەڵی‌گرن و بڕۆنە دەرەوە، ئەمە بۆ ئەومنالاّنە كە سەربەخۆ بوون و، هەمیشە ئیحتیاجیان نیە بە باوكو دایك، تا سنوری ١٢و ١٣ سالّ، تاكاتێ هێشتا كوڕن و ئارەزوی ئەوەیان بۆ پەیدا نەبووە فیكری ژنو ئەو شتانەی كە پەیوەندی بە ژنانەوە هەیە، بكەن. هێشتا ئەوە نەكەوتۆتە دلّیان كە مەیل پەیدا بكەن بەرەو لای ژنان . یا كچن‌و، هێشتا نەگەیشتونەتە حالّەتێك دلّیان حەز بكا بەوەی لەگەلّ كوڕان سەروكاریان بێت و لەگەلّیان بن .. لەوەولایش، لەكاتێكەوە ئاوەزیان بۆ پەیدا بوو، لەكاتێكەوە وایان لێ هات حەز بكەن لە جینسەكەی تر، كوڕان حەز بكەن لە كچان، كچانیش حەز بكەن لە كوڕان، لەو كاتە بەولاوە ئیتر دەبێ

هەروەك پیاوی گەورەو وەك ژنی گەورە رەفتار بکەن، دەبێ هەمیشە بە ئیجازەوە بڕۆنە ژووری دایكو باوك .

بۆ زیاتر ڕوون بوونەوە پێویستە بڵێین : ژن و پیاوێك لە ماڵێکدان، منالێکیان هەیە یەك ساڵە، یا دوو ساڵە، یا سێ ساڵو چوار ساڵە، یان پێنجو شەشە، ئەوە هەمیشە دیارە بەلایانەوەیە، واجب نیە لە ژووری تردا بێ، بەڵکو لەکاتێکدا کە زۆر منداڵە هەر دەبێ لەو ژوورەدا بێ کە خۆیان هەنو دەبێ هەمیشە بەلایانەوە بێ و بەدەمیەوە بن .. بەڵام ژنو پیاوێك کە منالێکیان هەیە بووە بە حەوت ساڵ، یا هەشتو نۆ تا دوانزە ساڵ ، ئەوە لەو سێ وەختەدا کە ئێستا باسیان ئەکەین ئەبێ لە ژووری تردا بێ ، ئەبێ بە بێ ئیجازە نەیەتە ژووری دایکو باوکی .

**کاتی یەکەم** : لەکاتی پشووی نیوەڕۆدا ، کاتێ دایكو باوك بەپێی قاعیدە و عورف لەحاڵەتی ئیسراحەتدان، جل و بەرگیان لابردووە . عادەتەن دەبێ حاڵەتێکیان بێت وەك حاڵەتی کەسێك کە دەخەوێت، ئەوەش حەقی هەر ئینسانێکە، هەر موسوڵمانێك دەبێ ئەوەی لە بیر بێ، ڕیعایەتی حەقی خەڵك بکا، لەوجۆرە وەختانەدا موزاحیمی کەس نەبێ، چونکە قەرارە لەکاتی نیوەڕۆدا، لەبەینی نێوەڕۆو عەسرا، ئینسان ئیستراحەت بکا . ئیتر ئەوە بەپێی عورفو عادەت و بەرنامەی ئەو کۆمەڵگەیە، یا سەعاتێ یا سەعات و نیوێ، یا دوو سەعات ، یا تا چەندێك کە عادەتو عورفی ئەو کۆمەڵە وایە، قەرار وایە ئەو دایكو

باوکە لەحالەتی ئیسراحەتدا بن، ئەو جلو لیباسەی لە دەرەوە دەیکەنە بەریان لەبەریانا نەبێ، ئامادەیی ئەوەیان نەبێ کەسێك وا ئـاوەزی هەیـە بۆیان بڕوانێ. دەی لەوکاتـەدا منالـەکانیان ئەوانـەی حـەوت سـاڵ و بەرەو ژوورن ، حەق نیە بەبێ ئیجازە بڕۆنە ماڵـەوە، ئەگـەر پێویسـت بوو بڕۆن دەبێ بدەن لە دەرگـا، کاتـێ بـاوكو دایـك ئیجازەیـان دا، بڕۆنو ئەگەر شتێکیان هەیە هەڵی گرن و زوو بڕۆنە دەرەوە بۆ ژوورو ئۆتاقی تایبەتی خۆیان .. ئەوە یەکێك لە وەختەکان .

وەختێکی تریان ـ کـاتی دووەم ـ دوای نوێـژی عیشـایە تـا کـاتی خەوتن . کە نوێژی عیشا کـرا، ئیـتر دەبـێ ئەومناڵانـە بڕۆنـە ژووری تایبەتی خۆیان، حەقیان نیە بڕۆنە ئەو ژوورەی دایكو باوکیان لەوێیـە، ئەگەر شتێکیان دەویست دەبێ ئیجازە بگرن، تەقە بدەن لـەدەرگا، بـە ئیجازەوە بڕۆنوئەو شتەی دەیانەوێ هەڵی بگرنو زوو بچـنە دەرەوە . دیارە دەبێ لەو ژوورەی خۆشیاندا بخەون، ئیجازەیان نیـە لای دایـكو باوکیان بخەون ، مەگەر لەکاتێکا کە زەرورەت هەبێ، لەسەفەردا یا لە جێیەکا دوو ژوور دەست نەکەوێ، لەکاتێکدا وەزعیـەتێکی نـاوا بێتـە پێشەوە، رێك نەکەوێ لە ژووری ترا بن ، ئەوە بۆ ماوەیەکی کەم، بـۆ زەرورەت، قەی ناکا، بەڵام قاعیدەو بەرنامەی ئەسـڵی ئاوایـە کـە لـە ژوورو ئۆتاقی جیادابنو لەوێ بخەون .

کاتی سێیەم : لە هەڵسانی دوای خەوە لە بەیانیاندا، تا کاتێ نوێژی بەیانی دەکرێ، تا کاتێ دایکو باوك نوێژی بەیانی دەکەن، ئەو منالآنە ئیجازەیان نیە بڕۆنە ژووری دایکو باوك ، ئەگەر شتێکیان دەویست دەبێ بدەن لەدەرگاو ئیجازە وەربگرن، کاتێ ئیجازەیان دان، بڕۆنە ماڵەوەو ئەو شتەی دەیانەوێ هەڵی گرنو بێنە دەرەوە .

کەوابوو لەکاتی ئەسراحەتی نیوەڕۆدا، لەدوای نوێژی عیشا تا خەوتن، هەروەها لەخەوتنیشا تا دەگاتە بەیانیو تاکاتێ نوێژی بەیانی دەکرێ، لەکاتێکەوە کە مەسەلەی جنسی و بیر لە ژن کردنو بیر لە پیاوکردن ئەکەوێتە دڵیان، لەوکاتەوە هەروەك وتمان ئەوانە وەك ژن و پیاوی گەورەن و دەبێ بە ئیجازەوە بڕۆنە ژووری دایکو باوك، دەبێ ژووری تایبەتی خۆیانیان هەبێ، جا ئەگەر بۆ شتێك ئیحتیاجیان هەبوو، چ لەو سێ کاتەدا، چ لە هەرکاتێکی تردا، وەك بێگانەیەك دەبێ بدەن لە دەرگا، ئیجازە بگرن ، بڕۆنە ماڵەوە .. دیارە کاتێ دەچنە ماڵەوە دەبێ سەلامیش بکەن . ئەوەشیان دەبێ فێر بکەن .

ئەم بەرنامەیە هەروا کە ڕۆشنە داوای ئەوە دەکا ئینسانی موسوڵمان دەبێ زیاتر لەیەك هۆدە و ژووری بێ، ناکرێ کە موسڵمانێ تەنها یەك ژووری بێ، مەگەر لەکاتێکدا زەرورەتێك بێتو بۆی نەکرێ و ڕێك نەکەوێ، ئەگەر نا ئەسڵ ئەوەیە کە حەتمەن زیاتر لە ژوورێکی بێ .. لەبەرئەوە زۆرجار ئینسان بێ میوان نابێ،

بۆیە موسوڵمان نابێ لە سێ ژوور و ئۆتاق کەمتری بێ، ئەڵبەتە ئەگەر منالی حەوت ساڵ بەرەو ژووری نەبوو دەکرێ دوو ژووری بێ، ئەگەر کاتێ میوانێ هات لە ژوورەکەی تردا بێ، بەڵام ئەگەر منالی لە حەوت ساڵ بەرەو ژووری هەبوو، ئەوە حەقەن دەبێ ژوورێك بۆ خۆی و ژنەکەی هەبێ، ژوورێ بۆ منالەکانی، ژوورێکیشی بۆ میوان . تازە ئەگەر منالەکانی تەنها کوڕ نەبوون یا تەنها کچ نەبوون، بەڵکو کوڕو کچ بوون، ئەویش هەر داوای ئەوە دەکا ژووری زیاتری بێت، تا کوڕان لە ژوورێکدا بخەون، کچانیش لە ژوورێکی‌تردا، چونکە ئەوەش زۆر نابەجێ‌وخەتەرە کە براو خوشك لەو عومرەدا بەیەکەوە بخەون، لەیەك ژووردا بن، چونکە ئەگەر براوخوشك نیسبەت بەیەکو شتێك نەکەوێتە دڵیان، ئەو بەیەکەوە بوونە هەڵیان دەنێ زیاتر بیر بکەنەوە لە نامەحرەمەو بێگانەکان، هەر ئەوە کەم کەم ئەیانکێشێ بۆ ئەوەی تووشی لادان لە ڕێگەو گومڕایی ببن .. کەوابوو ئەگەر ئینسانی موسڵمان دەسەڵاتی هەبوو لای کەم حەقی ئەوەیە چوار ژوور یا سێ ژووری هەبێت، ژوورێ بۆ خۆی، ژوورێ بۆ منالەکانی لە حەوت ساڵ بەرەو ژوور، بۆ کوڕان بەجیا، بۆ کچان بەجیا، ژوورێکیش بۆ میوان .. دیارە وەختێ واش دەبێت کە میوانیش ژنو پیاو دەبن، ئەوە لەوکاتەدا بە ناچاریی ڕەنگە منالەکانیان شەوێ دوو شەولای خۆیان

بخەوێتن، تا میوانەکان لـەوێن . ئـەوە حاڵـەتی زەرورەتـەو ناچـارییە و قەیناکا، بەڵام ئەسڵ ئەوەیە بەوجۆرە بێ کە باسمان کرد..

بەداخەوە ئەم دەستورە هەروەك وتمان نەناسراوە و غەریبە ، ڕەنگـە لای زۆرێ لـە موسـڵمانان هـەر نەبیسـرابێ ، بۆیـە زۆرێـك لـە موسوڵمانان بێ موبالات بوون بەمـە، لـە کاتێکیشـدا مـاڵ دروسـت کردن زۆر سـادە بـوو، کۆمەڵی ئیسلامیی ئەگەر چـی زۆر شـتی تریـان هەروا بە تەقلیـد و شـوێنکەوتنی پێشـینان ریعایـەت کـردووە، بـەڵام خەبەریان لەمە نەبووە، لەکاتێکدا توانیویانە زیاترلەیەك ژوور دروسـت بکەن، وەك ئەمڕۆ نەبووە کە خەرجی زۆر بێو زۆری تێ بچێ، چونکە بۆیان بەیان نەکراوە . ئەوەتا خەڵکی بەو جۆرە هاتوون کە ئێستاش لە دێهاتا کاتێ وا هەیە ژنو پیاو وکوڕوکچو میـوان هـەموی بەیەکـەوە لەیەك ژووردا دەخـەوەن، کـە ئەمـە زۆر زۆر نـا شـەرعیەو شـتێکی حەرامە بۆ ئینسـانی موسـوڵمان دوروسـت نیـە .. ئـەم بەرنامەیـە دەبـێ ئەوانەی موسڵمانو ئیمانیـان دامـەزراوە بـەو شـتانەی لەمـەو پـێش وتومانن ، ریعایەتی بکەن، بیکەن بەباووعادەت ، بیکەن بە رەسمو یاسـا لەنێو کۆمەڵـدا ،کـە ئـەو وەزعیـەتو حاڵەتـە نالەبارەیکـە هەیـە ، بەتایبەت لەدێهاتەکانا لەبەین بچێ، خـەڵك زیـاتر ئاشـنا بـبنو نزیـك بکەونەوە خوو بگرن بە ئادابو رسومی دینیەوە..

جا با ڕاستەوخۆ بچینە خزمەت ئایەتەکان :

دەفەرموێ : ﴿ يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ﴾ بانگ دەکاتە ئەوانەی ئیمانیان هێناوە، ئەگەر ئیمانتان هێناوە، ئەگەر ئیمانەکەتان ڕاستە ، دەبێ ئائەمە بکەن : ﴿ لِيَسْتَأْذِنكُمُ الَّذِينَ مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ وَالَّذِينَ لَمْ يَبْلُغُوا الْحُلُمَ مِنكُمْ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ ﴾ .. لێرەدا باسی عەبدو کەنیزەکیش کراوە کە لە قەدیمدا هەبوون، ئەوانیش حوکمیان هەروەك حوکمی‌ئەومنالانەیە لەبەینی حەوت تا دوازدە سالیدان، دەفەرموێ : ئەوانەی لە لاتانن لەو عەبدو کەنیزەکانە ، هەروەها ئەو منالانەتان کە هێشتا نەگەیشتوونەتە حالەتێك حەز بکەن بە جنسی تر، یانی کچان حەز بکەن بە کوڕان، یان کوڕان حەز بکەن لەکچان، هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەوحالەتەی دڵیان بەیەکەوە بێت‌و حەز بکەن لەوجۆرە شتانە، بۆ نمونە نەگەیشتوونەتە ١٣ ساڵ‌و ١٤ ساڵ ، ئەوانە با سێ جار لەشەوو ڕۆژدا ئەگەر ویستیان بێنە ژوورەکەتان، با بەئیجازە بێن :

١-﴿ مِن قَبْلِ صَلَاةِ الْفَجْرِ ﴾ : پێش نوێژی بەیانی .

٢- ﴿وَحِينَ تَضَعُونَ ثِيَابَكُم مِّنَ الظَّهِيرَةِ﴾ : کاتێ لیباسەکانتان لا دەبەن و ئیسراحەت دەکەن لەکاتی نیوەڕۆدا.

٣-﴿ وَمِن بَعْدِ صَلَاةِ الْعِشَاءِ ﴾ : هەروەها دوای نوێژی عیشا . ﴿ ثَلَاثُ عَوْرَاتٍ لَّكُمْ ﴾ : ئەو سێ کاتە ، دەبێ خەڵك تیایاندا نەیەن بەسەرتاندا، چونکە ئێوە ئامادەی ئەوە نین و حالەتێکتان هەیە دەبێ لە خەڵك شاراوە و پۆشیدە بن .. بەلام دوای ئەو سێ وەختە

دەفەرموێ : ﴿ لَيْسَ عَلَيْكُمْ وَلاَ عَلَيْهِمْ جُنَاحٌ بَعْدَهُنَّ ، طَوَّافُونَ عَلَيْكُمْ، بَعْضُكُمْ عَلَى بَعْضٍ ﴾: غەیری ئەو سێ کاتە ئیتر قەیدی نیە وگوناح نیە ، لادان لەرێ نیە ئەگەر بەبێ ئیجازەش ئەو منالآنە بێنە ناوتان. ئەوانە هاتوچۆتان دەکەن و تێکەڵی یەکترن .

﴿ كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ الآيَاتِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴾ : بەوجۆرە خوا ئایەت و فەرمانەکانی، بۆ ئێوە بەیان دەکاو رۆشیان دەکاتەوە . خوا زانایەو هەرکارێ دەیکا بەجێ دەیکاو دەزانێ هەر ئەوە مەسلەحەتە، هەر ئەوە بەجێیە، لەبەرئەوەیە ئەو قانون و بەرنامەیەی ناردووە کە بەجێیەوغەیری ئەوە نابەجێیەو، ئینسان بەرەو ناخۆشی و بەرەو فەسادو لەبەین چوون دەکێشێ، لەبەین چوونی مەعنەویەت و روحو ئەخلاق و خورەوشتی جوان .

﴿ وَإِذَا بَلَغَ الأَطْفَالُ مِنكُمْ الْحُلُمَ فَلْيَسْتَأْذِنُوا كَمَا اسْتَأْذَنَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ ﴾: کاتێ منالەکانتان گەیشتنە حالەتێك حەز بکەن لە جنسیتر، کور حەز بکا لە کچ وکچ حەز بکا لە کور، لە دەوری١٣و ١٤ ساڵ بەولاوە، باهەروەك ئەوانەی پێش ئەوان بوون، وەك پیاوی گەورە و ژنی گەورە، هەمیشە ئیجازە بگرنو بە ئیزنەوە بێنە ژوورەکانتانەوە، ﴿ كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴾ : خوا بەو جۆرە ئایەتەکانو فەرمانە رێ رۆشنکەرەوەکانی بۆ ئێوە دەردەخا، ئەو زانا و کار بەجێیە .

* پاش ئەمانە حوکمێکی تر بەیان دەکا، فەرمانێکیتر دەردەکاو دەفەرموێ : لەموەوپێش وتوومانە ژنان چۆن خۆیان داپۆشن، چۆن کراس بکەنە بەر، چۆن سەرپۆش و ڕووسەری بدەن بەسەرو ملیاندا، ئێستا لێرەدا دەفەرموێ : ئەگەر ژن زۆر پیر بوو، گەیشتە حالەتێك ئیتر بەتەمای شووکردن نەبوو، نیشتەجێی ماڵ بوو بوو، وای لێهاتبوو ئیتر لەهاتوچۆ و کارو فەعالیەت کەوتبوو، ئەوە قەیناکا، پێویست ناکا وەك ژنەکانی تر خۆی داپۆشێ . قەیناکا وەك ئەوان سەرپۆشەکەی نەدا بەسەرومليا، قەیناکا وەك ئەوان کراسی شۆڕ ــ بەوجۆرەی لە پێشدا بەیان کرا ـ نەکاتە بەری، ئەکرێ تۆزێ کەمتر لەوان خۆی داپۆشێ . هەڵبەتە ئەبەو مانایە زیادە ڕەوی بکا ، بەڵام واجب و پێویست نیە، وەك ئەوانی تر بەتەواوی خۆی داپۆشێ . جا دەفەرموێ : دەتوانێ وانەکا، بەڵام ئەگەر ئەویش جوان خۆی داپۆشێ وەك ژنەکانی تر، ئەوە خۆ باشترە بۆی :

﴿ وَالْقَوَاعِدُ مِنَ النِّسَاءِ اللاَتِي لاَ يَرْجُونَ نِكَاحًا فَلَيْسَ عَلَيْهِنَّ جُنَاحٌ أَنْ يَضَعْنَ ثِيَابَهُنَّ غَيْرَ مُتَبَرِّجَاتٍ بِزِينَةٍ ﴾ : ئەو ژنانەی نیشتەجێن، ئەوانەی لەماڵدا ماونەتەوەو بەتەمای شووکردن نین، ئەوە قەیناکا، لادان لەڕێو گوناح نیە بۆیان کە وەك ژنانی ترخۆیان دانەپۆشن ، بەشەرتێ خۆیان نەڕازێننەوەو، خۆیان ئارایش نەکەن، بەجۆرێ کە خەڵك بۆیان بڕوانن . ﴿ وَأَنْ يَسْتَعْفِفْنَ خَيْرٌ لَهُنَّ ﴾: خۆ ئەگەر خۆیان

داپۆشن و وەك ژنەكانی تر بكەن ئەوە باشترە بۆیـان . ﴿ وَاللَّهُ سَـمِيعٌ عَلِيمٌ ﴾ : خوا بیسەر و زانایە، ئەبیستێ كە هەركەس چی دەڵێ، بەمێی ئەوەش كە دەیلێ موحاكەمە دەكاو سـزای دەدا. دەشـزانێ هەركـەس نیەت و ڕەفتاری چیە ..

* دوای ئەوە فەرمانێكیتر دەرئەكا، ئەویش ئەوەیە هەنـدێ كـەس هەن لەناو كۆمەڵـدا پێیـان نـاكرێ خۆیـان وەسـیلەی ژیـانی خۆیـان كەسب بكەن، توانایی ئەوەیان نیە كار بكەن، ئەوانە بۆ ئـەوەی بتـوانن بژین و ژیانیان بەمنە سەر، حەقیان بەسەر هەموو كەسەوە هەیـە، ئەوانـە دەتوانن بە ئیزن و ئیجازەوە بڕۆنە ماڵی ئەم و ئەو، لـە خۆراكێـك كـە هەیە لەو ماڵانەدا بخۆن، ئەسڵ و قاعیدە و قانون بۆ ئەوان ئەوەیە كە لە ماڵی هـەموو كـەس ـ ئەڵبەتـە غـەیری مـاڵی هـەتیو ـ بخـۆن ، بـڕۆن بەشداربن، چونكە ئەگەر وانەبێ لەبەین دەچن، خۆیـان نـاتوانن ژیـانی خۆیان تەئمین بكەن و وەسیلەی ژیانی خۆیان بەدەست بێنن . جاكەسێ بە ئاشكرا ئەوانە مەنع بكاو بڵێ من ئیجازەم نیە لەشتی من بخۆن، ئەوە لەوكاتەدا دەبێ خۆ دوور بگرن و نەڕۆن، مەگەر زەروور بێت ، واتـە : ئەگەر لەو شـتە نـەخۆن تووشـی زیـان بـبن، لەوكاتـەدا ئەگـەر چـی مەنعیشیان بكرێت هەر حەقیان هەیەو دەتوانن بیخۆن .

ئەوانە ئەم چەند کەسەن : ئەوەی نابینا بێ، ئەوەی شەل بێ، ئەوەی نەخۆش بێ، ئەمانە زۆربەیان ناتوانن کەسب و کاربکەن . ئەمانە دەبێ لەکاتێکدا بڕۆن بۆ ماڵان کە بزانن خاوەنەکانیان پێیان ناخۆش نیە، جا کە چوون حەقیان هەیە خۆراك بخۆن .

* هەروەها بۆ ئەوەی پەیوەندی و رابیتەی ناو خزمان لەگەڵ یەکتردا مەحکەم تربێت و زیاتر بەیەکەوە بن و زیاتر نزیك بن لەیەك، خوای گەورە قانونێکی دامەزراندووە ، چەند کەسی ناو بردوونو دەفەرموێ : ئینسان دەتوانێ بڕواتە ئەو ماڵانەو لەو ماڵانە خۆراك بخوا، لەگەڵ ئەو ماڵانە نابێ وەك بێگانە رەفتار بکا، ئاخر قانونو قاعیدەیەك هەیە بۆ ئەوەی ئینسان ئیجازەی نیە لەماڵی بێگانەدا شتێ بخوا، مەگەر خۆی ئیزنی دابێ، خۆی ئاشکرا وتبێتی ئیجازەم هەیە بخۆیت، یا دەعوەتی کردبێت، یا بەجۆرێك گەیاندبێتی کە ئیجازەم هەیە بخۆیت، ئالەو کاتەدا حەقی هەیەو ئیجازەی هەیە. کەس ئیجازەی نیە لە سەروەت و ماڵی کەس ئیستیفادە بکا، بەڵام بۆ ئەم فرمانە کە ئێستا ناویان ئەبا قانون پێچەوانەی ئەوەیە . قانون ئەوەیە بێ ئیجازە دەتوانێ شت بخوا، مەگەر خۆی مەنعی کردبێ و وتبێتی حەقت نیە بخۆی، لەوکاتەدا ناتوانێ بخوا.. ئەوکەس و خزمانەش ئەمانەن: ماڵی باوك، ماڵی دایك، ماڵی برا، ماڵی خوشك، ماڵی مام، ماڵی پور (خوشکی باوك)، ماڵی خاڵ، ماڵی پور (خوشکی دایك)، هەروەها ئەو ماڵانەی

کلیلیان لەدەستی ئەودایە، وەك ئەوەی کەسێك هاوسێی چوو بێت بۆ سەفەرو کلیلی ماڵەکەی دابێتە لای ئەوو، وتبێتی چاودێری لێ بکەو، لەوێ بخەوەو، سەری لێ بدە، ئەویش دەتوانێ ئەگەر شتێ لەماڵەکەدا هەیە، یا خۆراکێ هەیە، لێی بخوا، چونکە ئەوان ئیعتیمادیان پێ کردووە و کلیلیان داوەتە دەستی، مەگەر مەنعی بکەن و بڵێن حەقت نیە بخۆیت، هەروەها ماڵی دۆستێك کە بەراستی دۆست بێت .

ئالەم چەند ماڵەدا ئینسان بۆ ئەوەی ئیحساسی بێگانە بوون نەکا، بۆ ئەوەی هەست نەکات بەوەی کە جیایە لێیان، بۆ ئەوەی زیاتر لەیەك نزیك بن و خۆیان جیا لە یەکتر نەزانن ، قاعیدە ئەوەیە کاتێ چووە ئەو ماڵانە ماتڵ نەبێ تا ئیجازەی ئاشکرای پێ بدەن، بەدەم بڵێن : دەی ئەو شتە بخۆ، تەنانەت دەتوانێ خۆی بڕواتە سەر ئەو خۆراکە، مەسەلەن بڕواتە سەر یەخچاڵو و سەلاجەکە و شتێ دەربێنێ و بیخوا، یا لەکاتێکدا سفرە ڕادەخەن و خۆراکێ دادەنێن ئەتوانێ لەوخۆراکە بخوا، مەگەر بزانێ کە پێیان ناخۆشەو ئیجازەیان نیە . ئەگەر زانی پێیان ناخۆشەو ئیجازەیان نیە ئەوە نەیخوا، بەڵام ئەگەر شتێك دەرنەکەوت و نەیانوت حەقت نیە بخۆی، ئەوە ئیتر دەتوانێ بخوا، ئەگەرچی ئەشیان وتبێ . .

ئەوەش قاعیدەیەکی زۆرگرنگە بۆ ئەوەی ئەم خزمانە زیاترلە یەکتر نزیك بن، چونکە ئەگەرکەسێ حەقی نەبێ لەوماڵانە – بۆ نمونە – شتێ

بخوا تا ئیجازەی بدەن، ئیتر وای لێ دێت هەست بەوە بکا کە بێگانەیە ..

دەفەرموێ: ﴿ لَيْسَ عَلَى الأَعْمَى حَرَجٌ ، وَلاَ عَلَى الأَعْرَجِ حَرَجٌ ، وَلاَ عَلَى الْمَرِيضِ حَرَجٌ، وَلاَ عَلَى أَنفُسِكُمْ ، أَنْ تَأْكُلُوا مِنْ بُيُوتِكُمْ ، أَوْ بُيُوتِ آبَائِكُمْ ، أَوْ بُيُوتِ أُمَّهَاتِكُمْ ، أَوْ بُيُوتِ إِخْوَانِكُمْ ، أَوْ بُيُوتِ أَخَوَاتِكُمْ ،أَوْ بُيُوتِ أَعْمَامِكُمْ ، أَوْ بُيُوتِ عَمَّاتِكُمْ ،أَوْ بُيُوتِ أَخْوَالِكُمْ،أَوْ بُيُوتِ خَالاَتِكُمْ ، أَوْ مَا مَلَكْتُمْ مَفَاتِحَهُ ، أَوْ صَدِيقِكُمْ ﴾ واتە : قەیناکا، مەنعیان ناکرێ ئەوانەی کە نابینان، ئەوانەی شەلن، ئەوانەی نەخۆشن، قەدەغەیان لێ ناکرێ لە هەر ماڵێك خۆراك بخۆن، چونکە نیازیان دەبێ بەوە، ئەگەر ناوا نەبێ رەنگە تووشی زەرەرو زیان بن . هەروەها ئێوەش خۆتان قەیناکاو مەنع نیە لەو چەند ماڵەدا خۆراك بخۆن . هەروەها مەنع نیە لەماڵی خۆتان شت بخۆن، یا لەماڵی باوکەکانتان، یا دایکەکانتان، یا ئەوانەی لە پێشدا ناومان بردن ﴿ لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَأْكُلُوا جَمِيعًا أَوْ أَشْتَاتًا ﴾: جاکاتێکیش لەگەڵ یەکێ لەوانە کۆبوونەوە و چوونە یەکێك لەو ماڵانە، لەگەڵ باوك، لەگەڵ دایك، لەگەڵ برا، لەگەڵ خوشكو غەیری ئەوانە کە لێرە ناوبران، دروستە بەیەکەوە دانیشن شت بخۆن، هەروەها دروستە جیاجیا، هەرکام لەکاتێکا، یا هەرکام لەلایەکەوە .

﴿ فَإِذَا دَخَلْتُمْ بُيُوتًا فَسَلِّمُوا عَلَى أَنفُسِكُمْ ، تَحِيَّةً مِنْ عِنْدِ اللَّهِ مُبَارَكَةً طَيِّبَةً ﴾ : جا کاتێ چوونە ئەو ماڵانەوە، سەلام بکەن لەسەر خۆتان، دوعای خێر بکەن بۆ خۆتان . ئەگەر چوونە ماڵێکەوە کەسی تیا نەبوو، دوعای خێرو سەلام لەسەر خۆتان دەکەن . سەلام کردن لەوان هەروەك سەلام کردنە لە خۆتان، سەلام لە خۆتان بکەن، دوعای خێر بۆ خۆتان بکەن، چونکە ئەو سەلامو دوعای خێرە رێزلێنانێکە و خێرێکە لەتەرەفی خواوە قەرار دراوەو بەرەکەتی تیایە، خێری تیایە، شتێکی پاك و جوانە .

﴿ كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ الآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴾ : بەو جۆرە خوا نایەت و فەرمانە رێ رۆشنکەرەوەکانی بۆ ئێوە روون دەکاتەوەو دەریان دەخات، بەڵکو ئێوە ئەوانە ببیستن‌و وەریان گرن، لەبیرتان بێ و لە بیرتان نەچنەوە و بەکاریان بهێنن‌و، بەپێی ئەوانە عەمەل بکەن .

* دوای ئەوە شتێکی تریش هەیە زۆرگرنگەو دەبێ مولاحەزە بکرێ – کە بەداخەوە زۆرکەس تووشی دەبن‌و وادەزانن شتێکی چکۆلەیەو سزای لەسەر نیە – دەبێ باس بکرێ، ئەویش ئەوەیە کە کەسێ نیسبەتی زیناکردن لەکەسێکی تر بدات، لە ژنێك کە پاك داوێنە، توشی زیناوکاری ناشەرعی نەبووە ، بە ژنێکی پاك داوەن ناسراوە، وەك چۆن کەسێ لەناو قەڵایەکدا بێ، بەوجۆرە وا لەناو قەڵای پاك

دامەنیدا، کەسێ ئەو ژنە تاوانبار بکا بەوەی زینای کردووە، ئەوە تووشی گوناهێکی (کەبیرە)، گوناهێکی زۆرگەورە بووە، ئەگەر تەوبە نەکاو لەسەری بڕوات تا ئاخر، خوا لە ئایەتێکی تر هەر لەو سورەتەدا دەفەرموێ : ئەوکەسە لە دونیاو قیامەتا دەکەوێتە بەر لەعنەتی خواو عەزابێکی گەورەی بۆ هەیە، حەتمەن ئەگا بە جەزای خۆی و، هیچ شتێك نابێتە مانع لەوەی بگا بەوجەزایە . دەفەرموێ :

﴿ إِنَّ الَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ الْغَافِلَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ لُعِنُوا فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾ : ئەوانەی تۆمەتی زینا و ئەوکارە نامەشروعە دەدەن لەو ژنانەی پاك دامەنن و وان لە قەڵای پاك دامەنیدا و، بێ ئاگان لەو جۆرە ئیش و کارانە، ئەسڵەن بیریان بەلای ئەو کردارە ناپەسەندەوە نیە ، بڕواداران و ڕێی حەقیان ناسیوەو تەسلیمی بوون، لەسەری دامەزراون، کەسێك ئەوان (متهم) بکاو بڵێ تووشی زینا بوون، لە دنیاو لە ئاخیرەتا لەعنەتی لێ دەکرێ، دەکەوێتە بەر غەزەبی خواوعەزابێکی گەورەی بۆ هەیە .

﴿ يَوْمَ تَشْهَدُ عَلَيْهِمْ أَلْسِنَتُهُمْ وَأَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴾ : لە ڕۆژێکدا کە زمان و دەست‌وپێکانیان شایەتی دەدەن لەسەریان کە چییان کردووە .

﴿ يَوْمَئِذٍ يُوَفِّيهِمُ اللَّهُ دِينَهُمُ الْحَقَّ، وَيَعْلَمُونَ أَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ الْمُبِينُ ﴾: ئەو ڕۆژە خوا جەزاکەیان بەتەواوی ئەداتەوە، جەزایەك کە

بەجێیەو دروستەو دەبێ بدرێتەوە. ئەو رۆژە دەزانن کە خوا حەقەو دروستە و ڕوونکەرەوەی هەرشتێکە، بەهەرکردەوەیەك جەزای موناسبی خۆی دەداتەوە، شتێك بێ جەزاو پاداشت ناهێڵێتەوە، ئەوە جەزای قیامەتی ئەوتۆمەت دانەیە..

بەڵام بە نیسبەت دنیاوە، دەفەرموێ : ئەوانەی کە توهمەتی زینا دەدەن لەو ژنە پاك داوێنانە ، دەبێ چوار شایەت بهێنن، چوار شایەتی موسوڵمانی ڕێکو پێك بهێنن‌و شایەتی بدەن، چوار پیاو بهێنن کە ئەوکارەیان دیوەو بەتەواوی چاویان لێوە بووە کە ئەو کارە ئەنجام بووە .. ئەگەر چوار شایەتیان نەهێنا ئەوا هەشتا دار، یا هەشتا شەلاقیان لێ بدەن، دوای ئەوەش هەرگیز شایەتی تریان لێ قبوڵ مەکەن، مەحرومیان بکەن لەو نرخ و ئیعتیبارەی کە هەر موسوڵمانێ دەبێ لە کۆمەڵی ئیسلامیدا ببێ . نیز دوای ئەوە دادگای ئیسلامی ئیعلام دەکا کە ئەو شەخصە بەهیچ جۆر و لە هیچ شتێکا شایەتی لێ قبوڵ ناکرێ، ئینسانێکی نارێکو نادروستە، بۆ ئەوە ناشێ کە بگیرێ بە شایەت لە هیچ شتێکا.. دوای ئەوە دەفەرموێ : ئائەوانە لە حدودی بەندەیی خوا دەرچوون، لە دینداری خاریج بوون، مەگەر ئەوانەیان دوای ئەوکارە تەوبەیان کردبێ، دوای ئەو فەسادە، ئەو وەزعیەتە خراپەی باریان هێناوە و بوون بەسەبەبی لەکەدارکردنی شەرەف‌و نرخ‌و ڕێزی ژنێکی پاك داوێن . ئەوانە ئازاوەیان خستۆتە ناو خێزان‌و

خانەوادەیەك، یا چەندەها خانەوادە، دەبێ ئەو كەسانە ئەو فەسادو ئاژاوەیە هەڵگرن، بڕۆن ئیعتیراف بكەن بەوەی درۆیان كردووە، هیچیان بەو ژنە پاك داوێنەوە نەدیوە، كارێك بكەن نەسری ئەوكارە ناڵەبارو ناپەسندە ، ئەو بوختانەیان لەبەین بچێت، لە جێی ئەو فەسادەی كردوویانە ئیسلاحێك بكەن، لەو كاتەدا خوای گەورە (غفور)و (رحیم)ە ، لە گوناهەكانیان ئەبورێ و چاوپۆشی دەكا، ئەو تەوبە وئیسلاحەی لە دوایدا ئەیكەن، لێیان قبوڵ دەكا، جا ئایەتەكە دەفەرموێ:

﴿ وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً ، وَلاَ تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَدًا،وَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ . إِلاَّ الَّذِينَ تَابُوا مِنْ بَعْدِ ذَلِكَ وَأَصْلَحُوا ،فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾: ئەڵبەتە شەلاق لێدان و فەلاقەكردنەكە، یا قبوڵ نەكردنی شایەتیەكە، لەكاتێكا دەبێ كە حكومەتی ئیسلامی ڕاستەقینە هەبێت، ئەوە لەسەر حوكمی ئیسلامی ڕاستەقینەیە،كە ئەوە جێبەجێ بكات، بەڵام لەكاتێكا حكومەتی ئیسلامی نیە ئەو دوو شتە ئیجرا ناكرێ .

جا ئەگەر كەسێك ئیمانی بەخوا بێت، لە ڕۆژی قیامەت بترسێ، دیارە شتی وا ناكا و نیسبەتی زینا و تۆمەتی زینا، لە ژنی پاك داوێن نادا، ئەگەر جارێكیش تووشی ئەوە بوو، حەتمەن ئەگەر ئیمانی بێ، ئەوە تەوبە دەكاو پەشیمان دەبێتەوە، ئەگەڕێتەوە و ئیعتیراف دەكا بەو

ناهەقی‌یە، بەو درۆ وتنە، هەولیش دەدا بۆ ئەوەی لە جێی ئەوکارە فاسیدو نابارە کە کردوویەتی، کاری باش بکا، ئیسلاح بکا، ئابڕوی ئەو ژنە بسێنێتەوە کە موتەهەمی کردووە ..

ئەمانە چەند حوکمو فەرمانێك بوون لەلایەن خوای گەورەوە بۆ هەر ئینسانێك بیەوێ ڕێگای بەندەیی خوا بگرێ، پێویستە موسڵمان بیانزانێ و ڕیعایەتیان بکا، بەبێ ڕیعایەتی ئەمانەو زۆرێکی تر لەو فەرمانو حوکمانەی‌لە قورئانو سوونەتی پێغەمبەری خوادا هەن، ئینسان ناتوانێ بەندەی خوا بێ .. هەڵبەتە زۆرێکی تریش هەن، تەنها ئەمانە نین، بەڵام ئەگەر ئینسان ڕیعایەتی ئەمانە بکا کە باس کران، زۆر شتی ئەنجام داوە، دەکرێ بۆ ئەوانەی تریش لەوکەسانەی بەڕاستی زانان و لە قورئان و سونەتی پێغەمبەری خوا ئاگادارن، پرسیار بکاو زیاتر ڕێگای بەندەیی خوا بناسێ ، زیاتر ببێ بە ئەهلی (تعهد) و، ئەوەی خوا دایناوە ڕیعایەتی بکا، تا خۆشبەختی دنیاو ئاخیرەتی دەست بکەوێ .

## گرنگیی دووبارە کردنەوە لە پەروەردەکردندا

شتێك هەیە زۆر پێویستە گرنگیی پێ بدرێ ، ئەویش ئەوەیە تەنها لەکاتێکدا ئەنجامدانی هەرکردەوەیەکی چاك و دووریی گرتن لە کردەوەی خراپ سوودی هەیە بۆی، کە ئیمان دامەزراو بێ، ئەنجامدانی ئەوکردەوە چاکە، یا دووریی گرتن لەوکردەوە خراپە، لە دەروونی ئینسانەکەدا جێگیر بووبێ ، لە دڵیەوە هەڵقوڵێ .. ئەگەر وانەبێ هیچ سوود و فائیدەیەکی بۆ نیە .. جا بۆ ئەوەی ڕۆشن بێتەوە با نمونەیەك بێنینەوە :

ئەگەر منالێك ئەلفـو بێی پێ بلێن، بەلام یەك دوو جارێ پێی بلێن، ئەویش یەك دوو جارێ بیخوێنێتەوەو دوایی لەبیری بچێتەوە، ئەوە پێی ناوترێ کە خوێندەوارە و ئەلفـو بێ دەزانێ . ئەوکەسە تەنها لە کاتێکا دەبێتە خوێندەوارکە ئەو ئەلفـو بێیە زۆر بۆی خوێنرابێتەوە، ئەویش خۆی دوایی زۆر دەوری‌کردبێتەوە و زۆر پیایدا چووبێتەوە، بە جۆرێك کە لە دڵیدا جێگیر بووبێ و ئیتر هەرگیز لەبیری نەچێتەوە ، هەرکاتێ بیەوێ بیخوێنێتەوە بتوانێ و ڕەوانی بێت ، ئالەوکاتەدا ئەوترێ ئەوکەسە خوێندەوارە ..

هەروەك لەمەو پێش وتومانە : ئەگەر پیاوێکی خوێندەوار نەخوێندەوارێك دابنێ و یەك کتێبیشی پێ بخوێنێتەوە، لەبەرئەوەی هەرلەوکاتەدا دەتوانێ ئەو شتانە بخوێنێتەوە، دوایی ئیتر نازانێ یەك

لاپەڕەش بخوێنیتەوە. ئەوە پێی ناوتری خوێندەوار، چونکە لە دڵیا جێگیر نەبووەو دانەمەزراوە لەسەرئەوە، شتێك بووە هاتووە بە دەمیا و تەواو بووە.. بەهەمان جۆر کردەوەی چاکیش تەنها لەکاتێکا سوودی هەیە بۆ ئینسان کە لە دڵیا ڕیشەی داکوتابێ ولەسەری دامەزرابێ . ئیمانی وا دامەزرا بێ هەرکاتێ بیەوێ ئەو کردەوە چاکە ئەنجام بدا، وانەبێ کە لەدەستی دەرچێت، واتە لە هەندێ کاتا ئەنجامی بدا، بەلاَم لە دڵیدا ڕیشەی دانەکوتابێ.. کردەوەی خراپیش هەروایە، لە کاتێکدا ئینسان لەدەستی ئەویش ڕزگاری دەبێ، کە بەڕاستی لە دڵی دەری هێنابێ، نەك لە دڵیا مابێ و تەصمیم و عەزمی لەسەر ئەوە بێت و بیەوێت ئەو کردەوەیە ئەنجام بدا، بەلاَم لە ڕوالَەت و زاهیردا لێی دوورکەوێتەوە .. ئەگەر ـ بۆ نمونە ـ ئینسانێ قەسدی لەسەر ئەوە بوو عارەق بخواتەوە، ئەگەرلە زاهیریشدا بۆی ڕێك نەکەوێ بیخواتەوە، ئەوە هەرخەریکە دەیخواتەوە!! لای خوا بە عارەقخۆر حسێب دەکرێ . هەروەك چۆن ئەگەر ئینسان قەسدی ئەوەبوو کە خێر وئیحسان بکا، لە ڕێی خوادا زەکات بدا، ئەگەر ماڵ و سەروەتیشی نەبوو، هەروەك ئەوەیە زەکات بدا لە ڕێی خوادا.. ئەوە زۆرگرنگە کە ئینسان ئیمان ئاوا لە دڵیا دامەزرێ تا ببێتە سەرچاوەی کردەوەی چاك و، دووریی کردن لەکردەوەی خراپ .. بەلاَم ئەگەر ئیمانەکە لە دڵیدا دانەمەزرا بوو، ئەگەر کردەوەی چاکیشی کرد ئەوە بە هیچ

حسێب ناکرێ. ئەگەر کردەوەی خراپیشی ئەنجام نەدا، بەڵام لەبەرئەوەی لە دڵنیایەتی کە بیکاو قەسدیەتی لەسەری ، هەر بە خراپکار لای خوا ئەنوسرێ..

لەبەرئەوە پێویستە موسوڵمان چەند جار بگەڕێتەوە بۆ ئەو باسانەی لەمەوپێش کراون، بەتایبەت گوێ بدا بەو باسانەی لەبارەی ئاخیرەت و بەهەشت و جەهەننەم و دادگای خواوە لەمەوپێش کراون. زۆر لەسەر ئەوانە بهێنێتەوە، بەڵکو خوای (متعال) تەوفیقی بدا و ئیمان لە دڵیا جێگیر بێ، وای لێ بێت بێتە ئەهلی کردەوەی چاك . وای لێ بێت هەروەك چۆن خوێندەوارەکە هەرکات ویستی کتێب بخوێنێتەوە دەتوانێ بخوێنێتەوە، ئەویش هەرکات ویستی کردەوەی چاك ئەنجام بدات، ئەنجامی بدات، کردەوە خراپەکانیش ریشەیان لە دڵی هەڵکەنرێ، یا ئەسڵەن هەر کردەوەی خراپ ئەنجام نەدات، یا ئەگەر جارێ لەدەستی دەرچوو ئەنجامی دا، بە زووترین کات بگەڕێتەوەو تەوبە بکاو بڕواتەوە بۆلای خوای خۆی و، داوای لێبوردنی لێ بکا، داوای لێ بکا ئەو تەوبەو ئەوکردەوە چاکانەی دوای تەوبەکەی ئەیکا قبوڵ بکا ..

## کۆتایی

لەکۆتاییدا ئەوە دەخەینەوە بیر کە پێشتر وتمان :

ئەگەر ئینسان مانای سورەتی (العصر) بزانێ و بەراستی ڕیعایەتی بکا، ئەگا بە خۆشبەختی دونیاو ئاخیرەت .. ئەیخەمەوە بیرو دەڵێم : هەر موسڵمانێك دەتوانێ لەبەری بکات با لەبەری بکات ، هەروەك چۆن سورەی (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ)یان لەبەر کردووە، ئەوانەی ئەخوێنەوارنو لە نوێژدا ئەیخوێنن با ئەمەش لەبەر بکەن، بەلاَم بەماناکەیەوە . لەو دوورکاتە نوێژەدا کە دوای سورەی فاتیحە سورەی تر ئەخوێنن، با ئەم سورەتە لەیەکێك لە ڕکاتەکانا بیخوێنن، (قُلْ هُوَ اللَّهُ)یش لەو ڕکاتەکەی تردا .. دیارە دەبێ بەماناکەیەوە بیخوێنن، هۆشیان بەلای ماناکەیەوە بێت، با تەفسیر لە دڵیاندا بکاو، کەم کەم وایان لێ بێ کە دڵیان دامەزرێ لەسەر ئەوەی ئەو سورەتە چییان لێ داوا دەکاو، بەوجۆرە بن کە دەفەرموێ :

﴿ وَالْعَصْرِ(١) إِنَّ الإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ(٢) إِلاَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ(٣) ﴾:

قەسەم بە زەمانە! ئەو زەمانەی ئینسان ئەگەر باش سەرنجی بدات دەزانێ هەرکەس عاقیبەتی چۆنە . عاقیبەتی ئیمانو عەمەلی صالح چیە، عاقیبەتی کوفرو خراپکاریش چیە، هەر زەمانەی خۆی دەری دەخا، هەرکەس ئەتیجەی چی بووەو بەچی گەیوە و چ سەرەنجامێکی

دەست کەوتووە! قسەم بەزەمانە! بێگومان و بە ڕاستی ئینسان ـ هەر ئینسانێ ـ وا لە خەسارەتو زیانکاریدا، نە تەنها سوودی دەست نەکەوتووە لە ژیانی دونیاداو لە تیجارەتی ژیانی دونیادا، بەڵکو سەرمایەکەشی لەدەست دەرچووە، خۆیشی لەدەست داوە، مەگەر ئەوانەی ئیمانیان هێنا، ئەوانەی ڕێی بەندەیی خوایان ناسیو تەسلیمی بوون و، لەسەری دامەزران، ئەوانەی کردەوە چاکەکانیان ئەنجام دا، وەك ئەو کردەوانەی لەمەوپێش باس کران، ئەوانەی بەیەکتر وەصیەت دەکەن، بەیەکتر سفارش دەکەن، لەیەکتر داوا دەکەن کەلەسەر حەق بن، لەسەر بەرنامەی دروستی خوابن، لەسەر بەرنامەی ئیمانو عەمەلی صالح بن، هەروەها ئەوانەی کە وەصیەت بەیەکتر دەکەن، نەصیحەتی یەکتر دەکەن کەلەسەر ڕێی بەندایەتی صەبر بکەنو خۆڕاگر بن .

# پێڕست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ۳ | پێشەکی چاپی دووەم |
| ٥ | پێشەکی چاپی یەکەم |
| ۸ | پوختەیەك لە کەسێتی م.ناصری سوبحانی |
| ۱۳ | سەبارەت بەم بەرهەمە |
| ۱۷ | **بەشی یەکەم** چۆنیەتی بەندایەتی بۆ خواو مانای ڕاستەقینەی ئیسلام |
| ۱۸ | بەندەیی، یا بەندایەتی بۆ خوا یانی چی؟ |
| ۲٥ | واتای ڕاستەقینەی ئیسلام |
| ۳۰ | واتای تەواوی بەندایەتی |
| ۳٥ | هۆی گومڕایی ئینسان |
| ٤۰ | خۆشبەختی و بەدبەختی ڕاستەقینە |
| ٥۰ | ژیانی بەرزەخ |
| ٥۹ | واتای( پەروەردەکردن) و چۆنیەتیەکەی |
| ٦٦ | ئافەت و گرفتەکانی سەر ڕێی هیدایەت |
| ۷۰ | واتای ڕەحمەت و پەروەرشیاری خوا |

| | |
|---|---|
| **بەشی دووەم**<br>**بڕوا بەڕۆژی دوایی و، چەمکێ لە بەڵگەی بونیو ڕوداوەکانی** | ٧٢ |
| پرسینەوەی دوارۆژ | ٧٣ |
| پلەکانی بڕوا بە دوارۆژ | ٧٦ |
| پوختەیەك لە تەفسیری سورەتی ( التكاثر) | ٨٠ |
| پوختەیەك لە تەفسیری سورەتی ( الزلزلة) | ٨٥ |
| پوختەیەك لە تەفسیری سورەتی ( القارعة) | ٩٠ |
| پوختەیەك لە تەفسیری سورەتی ( الانفطار) | ٩٤ |
| قۆناغەکانی هاتنی قیامەت و شەپورەکان | ١٠٠ |
| گۆشەیەك لە بەڵگەکانی زیندوبونەوە | ١١١ |
| هەندێ لە بەڵگەو نیشانەکانی ڕۆژی دوایی | ١١٥ |
| پوختەیەك لە تەفسیری سورەتی ( قاف) | ١١٨ |
| بەشێك لە تەفسیری سورەتی (الحاقة) | ١٤٠ |
| بەشێك لە تەفسیری سورەتی (الواقعة) | ١٤٨ |
| تەفسیری سورەتی (الماعون) | ١٦٧ |

| | |
|---|---|
| **بەشی سێیەم**<br>**تیشکێك لەسەر چەمکە ئیمانییەکان** | ١٧٢ |
| مانای ڕاستەقینەی (عبادة) و (استعانة) | ١٧٣ |
| مانای (رب) و پەروەرشیاریی خوا | ١٧٩ |
| مانای (إله) و فریادڕەسیو فەرمانڕەوایی خوا | ١٨٠ |
| چۆنیەتی جێبەجێکردنی بەرنامەی خوا | ١٨٤ |
| مانای تەواوی (إستعانه) و داوای یارمەتی لە خوا | ١٩٢ |
| حەقیقەت و مانای (توکل) و پشت بە خوا بەستن | ١٩٣ |
| پلەی پیاوچاکان و حەقیقەتی ڕێزلێ گرتنیان | ١٩٨ |
| دەربارەی(وەسیلە) لە نێوان عەبدەکان و خوای گەورەدا | ١٩٩ |
| دەربارەی غەیب زانین | ٢٠٣ |
| پوختەیەك دەربارەی شەفاعەت | ٢١٣ |
| چۆنیەتی دوعاکردن و لەخوا پاڕانەوە | ٢٢٢ |
| **بەشی چوارەم**<br>**پوختەیەك دەربارەی حیکمەتەکانی نوێژو ڕۆژو و زەکات** | ٢٢٧ |
| پوختەیەك دەربارەی حەقیقەتی نوێژو حیکمەتەکانی | ٢٢٨ |
| مانای حەقیقی (الله أکبر) | ٢٣٦ |
| کورتەیەك لە مانای سورەتی (فاتیحە) | ٢٣٨ |

| | |
|---|---|
| مانای سورەتی (إخلاص) | ٢٤٦ |
| هەندێ لە حیکمەتی جولەو زیکرەکانی نوێژ | ٢٤٧ |
| کورتەیەك لە مانای (التحیات) | ٢٥٠ |
| حیکمەتی چەندبارەبونەوەی نوێژەکان لە شەوو ڕۆژدا | ٢٥٥ |
| حیکمەتی نوێژی ویتر لە شەودا | ٢٥٧ |
| پوختەیەك لە باسی زەکات | ٢٥٨ |
| پوختەیەك دەربارەی ڕۆژوو | ٢٥٩ |
| **بەشی پێنجەم**<br>**کورتە باسێك دەربارەی پایەکانی ئیمان** | ٢٦١ |
| کورتەباسێك دەربارەی فریشتەکان | ٢٦٢ |
| کورتەباسێك دەربارەی کتێبە ئاسمانیەکان | ٢٦٥ |
| کورتەباسێك دەربارەی پێغەمبەران (علیهم السلام) | ٢٦٦ |
| هەندێ لە صیفەتەکانی خوای پەروەردگار | ٢٧١ |
| دەربارەی قەزاو قەدەر | ٢٧٢ |
| **بەشی شەشەم**<br>**هەندێ لە ئەرکە ڕەوشتیەکانی سەرشانی موسڵمان** | ٢٨٠ |
| ئەو ڕەوشتە ناپەسەندانەی لە سورەتی (القلم) باسکراون | ٢٨٥ |
| ئەو ڕەوشتانەی لە سورەتی ( المعارج) باس کراون | ٢٩٢ |

| | |
|---|---|
| هەندێکی‌تر لە ڕەوشتە باشەکان | ٢٩٩ |
| بەشێ لە تەفسیری سورەی (الفرقان) | ٣١٤ |
| بەشێ لە تەفسیری سورەتی( الحجرات) | ٣١٩ |
| پوختەیەك لە تەفسیری سورەتی (العصر) | ٣٢٥ |
| پوختەیەك لە ئەحکامی سورەتی(الاحزاب) | ٣٢٧ |
| پوختەیەك لە ئەحکامی پۆشتەیی ئافرەت | ٣٤١ |
| گرنگی دوبارەکردنەوە لە پەروەردەکردندا | ٣٧٨ |
| کۆتایی | ٣٨١ |
| پێرست | ٣٨٣ |

# پوختەی چەند پەرەگرافێك لەم كتێبە :

*هەمومان دەزانین خوای گەورە بۆ بەندەیی ( عیبادەت )
خەلقی كردووین ، بەندەییش بەوە ئەكرێ ئینسان پەیڕەوی
بەرنامەیەك بێ كەخوا بۆی داناوە . ئەو بەرنامەیەی
لە كتێبەكەیدا ناردویەتی ، واتە : قورئان

* ( بەندەیی بۆ خوا ئەوەیە لە ژیانتا بەجۆرێك بیت كە خوا لێت داوا دەكا ... )
* ( ئەبێ ئینسان ئەوە بزانێ كە لە ژیانیا نیازمەندە بەخوایەك كە خاوەنیەتی ..

*دەبێ بزانێ بۆ هەر هەنگاوێك هەڵی دەگرێ لەژیاندا " نیازی بەخوا هەیە ، كە
دەبێ شتانێكی لەلایەن خواوە بۆ ئامادە بكرێ ، هەروەها كۆسپ وگرفتی سەر
ڕێیشی بۆ لابەرێ.. ) (.. جا كاتێ ئەمەی زانی نەتیجە ئەوە دەبێ كە هەمو گیانی پڕ
بێ لە ئومێد و مەیل و ڕەغبەت بۆ لای خوا .. )
* ( دوای ئەوە ئەبێ ئینسان بیری ئەوەش بكاتەوە كە خوای گەورە هیچ شتێك بەبێ
حیكمەت ئەنجام نادات و، كاری بێ هودە ناكات ، بەتایبەتی لەگەڵ ئینساندا ،
پاشان ئەوەش ئەبێ بزانێ كە خوا خاوەنی ڕۆژێكە كەتیایدا لە ئینسان ئەپرسێتەوە
و ئەیكێشێتە دادگا و لێی داوا دەكا : كە لە ژیانی دونیادا چی كردووە و چی
نەكردووە ؟
* جا ئەگەر بەجۆرێ ژیانی بەسەر بردبێت كە خوا لێی داواكردووە ، ئەوە پاداشتێكی
ئەدرێتەوە ، گونجاو لەگەڵ ئەو ژیانەی بەسەری بردووە .. ئەگەر بەجۆرێكی تر
ژیانی بەسەر بردبێ ، سزایەكی ئەدرێ گونجاو لەگەڵ ئەو ژیانە..
* جا كاتێ ئینسان ئەمانەی زانی ، ئەگەر كەمێك دڵی بۆ خۆی بسوتێ و، بەتەواوی
لە غەفڵەتدا نەبێ ، ئەوە هەم ئومێد وهیوا ،هەم ترس و لەرز ، هەموو گیانی
داگیرئەكاو ،كارێ ئەكا سەر شۆڕی ئەو ڕۆژە نەبێ و ، خۆشبەختی هەمیشەیی
دەست كەوێ ...
لێرەوە ئینسان پەیمانی بەندەیی بۆ خوا و شوێن كەوتنی پەیامەكەی ئەبەستێ .. )

ناصری سوبحانی

dazgayberham@yahoo.com